تیۆر کولتور ڕاڤەکردن

# ڕەهەند

١٩٩٧/٢

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

بابەتی ژمارە: شەڕی ناوخۆی کوردستان
(بەشی دووەم)

# ڕەهەند

## تیۆر کولتور ڕاڤەکردن

ڕەهەند: لە لایەن (نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاودەکرێتەوە

بەڕێوەبەری گۆڤار: هیوا قادر

دەستەی نووسەران:

ئاراس فەتاح
بەرزان فەرەج
ڕێبین ئەحمەد هەردی
مەریوان وریا قانع
بەختیار عەلی
ڕێبوار سیوەیلی
فاروق ڕەفیق
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

ڕەهەند: گۆڤارێکی وەرزییە، قەبارەی هەر ژمارەیەکی نزیکەی (٢٠٠) لاپەرەیە. نرخی هەر ژمارەیەک (٧٠) کرۆنی سوێدییە، لەکاتی ژمارەی تایبەتیشدا لە (٥٠٪) نرخی گۆڤارەکە زیاد دەکات.

ئەو بابەتانەی کە لە (ڕەهەند)دا بڵاودەکرێنەوە، بە تەنها دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانن.

ناونیشانی نێوەندی بڵاوکردنەوە:
RAHAND
C/D ARAS WALLI
IDHOLMS VÄGEN 7
127 47 SKÄRHOLMEN
STOCKHOLM

پەیوەندی بانکی: ژمارەی پۆستگیرۆ: 5 - 22 23 411

گرافیکی بەرەگ: ئولریکا بۆرینسکی

## لەم ژمارەیەدا:


هەڵوێستە.......................................................... (٣)

لەم ژمارەیەدا:..................................................... (٦)

وێنەو تراژیدیا: بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا لە مێزگردێکدا ..... (٨)

فاروق رەفیق: ناسیۆنالیزم - کوردایەتی، " بەرەو پارادایمی نوێ"........... (٦٠)

گۆران بابا عەلی: ژیان.. مەرگی خودپەرستی .............................. (٨٢)

مەریوان وریا: هاوکێشەکانی دەسەڵات، سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما .................. (٩٧)

بەرزان فەرەج: شەڕی ناوخۆی کوردستان: مەرگی چەمکەکان، خوێندنەوەی
تراژیدیایەکی تایبەت لە شکستی کشتدا ...................................... (١١٧)

شەماڵ عومەر: " میتافیگۆر"و "دەسەڵاتی ڕەش". هەوڵدانێک بۆ "
سیناریۆ کێشانی " تابلۆ.................................................. (١٥١)

بەختیار عەلی: ماکس ڤێبەر و دۆزینەوەی " بەهەشتی وون" ...................... (١٧٧)

هەڵکەوت عەبدوڵڵا: سۆسیۆلۆژیای سیاسی، سیاسەت و دەوڵەت، جۆلیان فرۆند ..... (١٩٥)

ڕێبوار سیوەیلی: نموونەی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ: هەوڵدانێ بۆ ئاشنایی
لەگەڵ پیر بۆردیۆدا ......................................................... (٢٠٩)

ڕەهەند: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (نصر حامد ابو زید)دا ،
ئامادەکردنی: مەریوان وریا .................................................. (٢٢٧)

چەند لاپەرەیەکی ڕەش لەوەهمی دیموکراسییەتدا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی،
ئامادەکردنی: بەرزان فەرەج ................................................... (٢٣٧)

# هەڵوێستە

لەم چرکەساتەداو لەپاش ڕووداوەکانی ئەمساڵەوە، هەستدەکەین ئێمە بەتەنها لەبەردەم جەستەیەکی سیاسیدا نین کە لەسەر دەستی حیزبەکان دەکوژرێت، جەستەیەک کە لە خەونی سیاسییەوە بوو بە وەهم، ئەو خەونە بەوەهمبووەی کە پێیدەگوترا (ئەزموونی دیموکراسی و حکومەتە ساواکەی کوردستان و هیوای بەنموونەیکردنی بۆ عێراق و، بگرە سەرانسەری ناوچەکەش)، بەڵکو ئێمە لە بەردەم چرکەساتێکی مێژوویی ترسناکداین کە نەک بەتەنها یادەوەری مرۆڤی کوردی قرتاندووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا تیرۆری هەموو لێپرسراوێتییەکی سیاسیش دەگەیەنێت، کە دەبایە بەناو سیاسەتمەدارانی کورد دەرهەق بە کۆمەڵگا و تاکەکان هەیانبایە.

کاتێک کە لە ناو سیاسەتدا زمانی دیالۆگ ونده‌بێت، ئەوا کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەوێتە ناو کایەی شەڕ و ڕووبەرێکی ترسناک لە وەحشەتگەری و تێکشکاندن بەرهەمدەهێنێت. جەنگ کۆمەڵگای کوردی فڕێدایە ناو چەندین دەمارگیری گروپی و حیزبی و ناوچەییەوە. ئالێرەدا ئەو خوێنڕشتن و کوشتار و وێرانکردنەی کە لە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆی کوردستاندا ڕوویداو ڕوودەدات، بەتەنها تراژیدیایەکی ئەفسوناوی نیە بۆ خەونەکانمان، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی ترسناک لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورددا جێدەهێڵێت، ڕەهەندێک کە تێکشکاندن لە دیاردەیەکی کاتی و مێژووییەوە دەگۆڕێتە سەر هەقیقەتێکی هەتاهەتایی ناو مێژووی ئێمە کە نائومێدی لە نسکۆیەکی مەوزوعی تێپەڕەوە دەگۆڕێتە سەر سیمایەکی تایبەتی و خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی کاراکتەری کوردی، کە بە جووتەش ئەم بوونەوەرە گەمارۆدراوەی کورد دەگۆڕنە سەر کەسێکی شەڕانگێز، چونکی بێهیوایی هەمیشە دیاردەیەکی ترسناکی جەنگە.

دیارە سیاسییەکان کاتێ هێندە شەیدای جەنگبن، بەجۆرێک کە لە پێناویا مرۆڤ و کۆمەڵگا و نەتەوە بکەن بە قوربان، لەم حاڵەتەدا جەنگ دەبێتە بوونەوەرێکی ئەمری ناو کۆمەڵگا. ئەم کارەساتە مرۆییەش لە خۆدووبارەبەرهەمهێنانەوەی بەردەوامدایە، چونکی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە کوردستاندا شەکەتی سیاسەتی چەندین ساڵەی ڕژێمی بەعسن و ئێستاش لە پاڵ تێکشکاوی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، خەڵکی ماندووی شەڕی چەندین ساڵەی ناوخۆی کوردستانیشن؛ ئەمەش، بۆ خۆی زەمینەی لەباری بۆ حیزبە شەڕخوازەکان ڕەخساندووە، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگایە مرۆڤی جەنگاوەر دروستبکەن و کۆمەڵگایەکی نائارام بەرهەمبهێنن. چونکی ئەگەر شەڕی ڕزگاریخوایی گەلی ئێمە بەرهەمی توانای مرۆڤی کورد بووبێت لەسەر خەوبینین، ئەوا شەڕی ناوخۆ بەرهەمی ئیفلیجبوونی ئەو مرۆڤەیە لە خەوبینین، ئەگەر شەڕی ڕزگاریخوازی جەنگاوەرێکی بە ئەخلاقیاتی ئومێدەوە دروستکردبێت، ئەوا شەڕی ناوخۆ مرۆڤێکی هێناوەتە مەیدان بە ئەخلاقیاتی نائومێدییەوە، مرۆڤیش کە بەبێ هیوایەکی تایبەت شەڕیکرد، کوێر و نابینا و ناعەقڵانییە کە دەلالەتەکەشی لە دابەزینی نرخی مرۆڤی ئێمەدا دەردەکەوێت لە مرۆڤی پێشمەرگەوە بۆ مرۆڤی پیاوکوژ... تا هیچ هێزێک ناتوانێت سیمای ئەم ساتەی مێژووی ئێمە جوان بکات، کە تیایدا کورد لە میللەتێکی ئازادیخوازەوە بووەتە چەند خێڵێکی درندە کە بەبێ شەرم بەبەرچاوی جیهانەوە لەسەر مەیتی یەکتر هەڵدەپەڕن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی باشوور و بەشداریکردنی یان پەلکێشکردنی سوپاکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان بۆ ناو ململانێی کوردی - کوردی، جارێکی دی نەخشەی هەوکێشە

سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکەی ئاڵوگۆڕپێکرد، ئاشکراشە سیاسییە کوردەکان لەناو ئەم سیناریۆ جیاوازانەدا نەوەکو سیاسەتی سەربەخۆ و نەتەوایەتییان نیە، بەڵکو جگە لە ڕۆڵی داشێکی بێئیرادە و بێدید هیچی دیکە نین. (داشڕۆل)ی ئەم سیاسەتمەدارانە سیاسەتی کوردی کردۆتە شانۆیەکی تاریک؛ شانۆی ئەو قەرەقۆزە چکۆلانانەی پەنجەی کەسانێک بێ ڕۆح دەست و قاچە نایلۆنی و بێئیرادەکانیان دەجوڵێنێت.

بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و ململانێی باڵادەستێتییان لەسەر لاشەی مرۆڤی کورد و جەستەی کوردستاندا پیادەدەکرێت و هێزە کوردییەکانیش بوونەتە بەشێک لە گەمە و ململانێی سیاسی و ئەمنی ئەو دەوڵەتانە و لەژوور ئەمانیشەوە ڕۆڵی ئەندازیارانی سیاسیی ئەمریکی و ئەورووپی و ڕووسی و ململانێی باڵادەستێتییان لە ناوچەکە، وەکو بکەری ڕاستەقینە لەولاوە بوەستێت.

شەڕی ناوخۆی کوردستان تا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی نامەسئولانە لەلایەن دوو هێزە سیاسییە گەورەکەی کوردستانەوە بەردەوامیی پێدەدرێت و زەنگە ترسناکەکانیشی بەتەنها لە تەحالوفاتی سەربازی یان سیاسی ئەم دوو هێزە لەگەڵ دەوڵەتە تۆتالیتێرەکانی ناوچەکەدا خۆی بەرجەستەناکات، کە نموونە درێژەکەی هاوکاری هێزەکانی سوپای بەعس بوو لەگەڵ پارتیدا و پاشان بەگۆڕەپانکردنی کوردستان بوو بۆ (جەنگی لەبری) نێوان عێراق و ئێران، دەرئەنجامەکانیشی دووبارە بە کوشتن و وێرانکردن و پاشان ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی کورد لەترسی ئەزموونە تاڵەکانیان لەگەڵ ڕژێمدا، کۆتاییپێهات، بەڵکو لەپشت ئەم کردارانەشەوە هەرەسێکی ئەخلاقی بەدیدەکرێت کە وونکردن و لەدەستدانی هەموو لێپرسراوێتییە سیاسییەکانی لەخۆگرتووە.

گەر لە هەموو جەنگێکدا ئەو گوتەیە ڕاستبێت کە دەڵێت: یەکەم قوربانی جەنگ ڕاستییە، ئەوا لە کوردستان هەموو ڕۆژێک ئەو ڕاستییە دەکوژرێت کە مرۆڤی کورد بۆ وەدەستهێنانی شوناسێکی مرۆییانە و جێپێیەک لەنێو جیهانی سبەیدا، خەباتی لە پێناودادەکرد. بە دروستی دەزانین لێرەدا هەمان پرسیاری (ئەدۆرنۆ) بکەینەوە: ئایا هیوا بێهیوا دەکرێت؟

بەڵێ ئێمە گەلێ جار دەستخەرۆی هیواکانمان بووین و هیواکانمان بێهیوا کران، بەڵام ئێمە جگە لە کوردبوون شوناسێکی تری سەر ئەم زەوییەمان نیە؛ ئەم شوناسەش، شوناسی مرۆڤگەلێکە کە لە دووی دابینکردنی هەلومەرجی ژیانێکی مرۆڤانە و پاشەڕۆژێکی دادپەروەرانە و ڕووناکدان، بەشداریکردن لە دروستکردنی ئەو زەمینەیەش ویستی ئێمەیە. بۆیە خۆبەستنەوەمان بەو شوناسە، بە خۆبەستنەوە دەزانین بە خەونی پاشەڕۆژی جوانترەوە بۆ مرۆڤ بە گشتی. هەر لێرەوە بۆ ئەوەی هیوا بێهیوا نەبێت، دەبێت چەندە سیاسەتمەدارەکانمان لە خوڵقاندنی درێژیدا وەستابن، ئێمەش ئەوەندە لە خوڵقاندنی ئومێددا وەستابین؛ دیارە هیچ شتێکیش وەک (داهێنان) هیوا داناگیرسێنێت.

(ڕەهەند)یش پڕۆژەی خەونی ڕۆشنبیریی بەرینی کەسانێکە کە بە هیواوە چاویان بڕیوەتە ئاییندە. ئەگەر خەونی ئاییندە نەبێت، ئەوا دەبێت هەر زوو تەسلیمی ئەو هەقیقەتە کوشندانە بین کە دووبارەبوونەوەی خۆیان لەناو پانتایی مێژووی کوردستاندا سەقامگیرکردووە و بێهوودەیی بەرهەمدەهێنن. بۆیە ئێمە خۆشحاڵین کە (ڕەهەند) لەناو گەمارۆی گرفتەکاندا و سەباری هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتنە بەردەمی، شوناسی خۆی بەم دنیای کولتوری کوردییە پرخەونە ناساند، ئەگەرچی لەسەر زەوییەکی بوومەلەرزاویش بوویێت.

لەدایکبوونی (ڕەهەند) بێگرفت نەبوو؛ هەرچییەبێت ئێمە نیگەرانین کە وەکو ئومێدەواربووین، (ڕەهەند) لەکاتی خۆیدا چاوی بە دنیا هەڵنەهێنا، دیارە ئەمەش بەدەر نیە لە پێشبینی ئەو

کێشانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم هەر پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، چ لە کوردستان و چ لە تاراوگەدا، لە سەرووی هەموویشیانەوە گرفتی دارایی و بەچاپگەیاندن و کارە تەکنیکییەکان و بڵاوکردنەوە و ساغکردنەوە کە دیارە (رەهەند) سەرباری هەوڵی بەنەمەک و هاوکاری دڵسۆزانەی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی تاراوگە، کێشە ناوبراوەکانی لە هەر بڵاوکراوەیەکی دی گەورەترن، چونکی (رەهەند) سەرەڕای گرفتی تەنسیقی کارکردنەکانی لەگەڵ ناوەوەی وڵاتدا، پەرتەوازەیی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی لە تاراوگەشدا، کاری ڕاستەوخۆ زاڵبوونی بەسەر کۆسپەکاندا گرانترکرد و بۆیە هەر قۆناغێکی چاپ و ڕێکخستنی کەوتە وڵاتێکەوە و بەجۆرێک کە (رەهەند) لە ئێستادا ئاوێنەیەکە و هەقیقەتی ژیانی کولتوریمان و ژیانی ڕۆشنبیران نیشاندەدات. دەشێت بگوترێت، ئێمە نەک هەر خۆمان بەسەر مەنفاکاندا پەرشوبڵاوبووینەتەوە و بێنیشتمان ماینەوە، بەڵکو (رەهەند)یش بێنیشتمان لەدایکبوو. ئیدی لێرەوە هەڵە و کەموکورتییەکانیش سەرچاوەدەگرن. بۆیە (رەهەند)یش وێرای هەوڵ و تەقەلای گەورە، بێبەرینەبوو لە برێ هەڵەی چاپ و هەندێ نارێکی ڕێنووس و هەڵەی هونەری، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان چەندە پابەندی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەن، دەکرێ ئەوەندەش چاوەڕوانی لێبووردن و چاوپۆشییان لێبکەین؛ کە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ بەردەوامێتیمان، چ لە تاراوگە و چ لە کوردستان؛ ئەمەش پاش بەدەستهێنانی ئەو پێشوازییە دڵخۆشکەرەی بەتایبەت لەلایەن خوێنەرانی ناوەوەی کوردستانەوە لێیکرا.

ئەم ژمارەیەی (رەهەند)یش دەکرێت بە بەردەوامێتییەکی هەمان ڕەوتی ژمارەی پێشوو دابنرێت. جارێکی دی ئەم ژمارەیەمان بۆ بابەتی (شەڕی ناوخۆی کوردستان) تەرخانکرد، نەک بەتەنها لەبەرئەوەی کە لە ژمارەی یەکەمدا هەندێ لە بابەتەکان لەبەر هۆی نەبوونی جێگا و هەندێکی تریان لەبەر دواکەوتنیان لەکاتی خۆیدا، بڵاوکردنەوەیان کەوتە ئەم ژمارەیەوە، بەڵکو بەداخەوە لەکاتی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤارەکە و خۆئامادەکردن بۆ ژمارەی دوو، شەڕی ناوخۆی کوردستان نەک هەر نەتوانرا بە ئاگربەستێتی بمێنێتەوە، بەڵکو گەورەبوونی ڕووبەری شەڕەکە هەڕەشەی گەورەتری بۆ کوردستان و ناوچەکە دروستکرد.

دیارە وەستان لەسەر ئەم دۆخە کارەساتاوییە و لێکۆڵینەوەی میکانیزمە ناوەکییەکانی کە بەو جۆرە فۆرمی بە سیاسەتی کوردی بەخشی و، دەرئەنجامە سەختەکانی بۆ سەر مرۆڤ و کۆمەڵگا، جارێکی دی دەبنەوە بابەتی ئەم ژمارەیەمان و لە داهاتووشدا ڕاڤەکردن و مشتومڕی زانستییانەی زۆرتر و بەرفراوانتر لەخۆدەگرێت.

وا (رەهەند) ژمارەی دووەمی دەخاتە بەردەستی ئێوە... وەکو درێژکراوەیەکی نومێد، وەکو بەشێک لە جەستەی ئەو هیوایانەی کە دەبێت پێکەوە هەوڵبدەین کە چیدی تەنها هیوا نەبن. بۆ بەردەوامیدان بەم پرۆژە ڕۆشنبیرییەشمان، خوازیاری کۆمەک و بەشداریتانین.

لەم ژمارەیەدا:

**وێنەو تراژیدیا: بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح و مەریوان وریا لە مێزگردێکدا.**

مێزگردێکی سێقۆڵییە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی شوناسی کوردیی و وێنەی کورد لە ناو کولتورەکانی دەرەوەدا، هەروەها دانوستانێکە سەبارەت کێشەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانداو، بەسەرکردنەوەیەکی کۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەشە کە لە کۆتایی ئابی (٩٦) وە گۆڕەپانی سیاسییان لە کوردستاندا داگیرکردووە. کۆی دانیشتنەکەش هەوڵدانێکە بۆ گرێدانەوەی وێنەکانی کورد بە تراژیدیاکەیەوە.

**ناسیۆنالیزم/کوردایەتی: «بەرەو پارادایمی نوێ». نووسینی: فاروق رەفیق**

پرسیاری فاروق لەم ووتارەدا ئەوە نیە کە ناسیۆنالیزم چیە؟، بەڵکو ناسیۆنالیزم چ جۆرە پارادایمێکە؟... بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، فاروق سەرەتا مانای پارادایم لە فەلسەفەی «تۆماس کوهن»دا ڕووندەکاتەوەو، ئەوسا چەمکی پارادایم دەگوێزێتەوە بۆ بواری فەلسەفەی سیاسیەت. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی شوێنی گووتاری ناسیۆنالیزمی لە نێو گووتارە فەلسەفی و سیاسییەکانداو، بەتایبەت پەیوەندی گووتاری ناسیۆنالیزم بە «درشتەڕامیاری» و «ووردەڕامیاری»یەوە لە ڕێگەی چەمکەکانی، وەکو دەسەڵات و داستانی گەورەو فەلسەفەی ستراتیژی و فەلسەفەی تاکتیکی. فاروق لەو باوەڕەدایە کە ناسیۆنالیزم بە پێداگرتنی لەسەر هەندێ چەمکی گەردوونی، پەیوەندییە دەسەڵاتییەکانی هەرێم و تاکەکانی کۆمەڵ لەیادناکات، نموونەش بۆ ئەم جۆرە دنیابینییە، کوردایەتییە.

**ژیان... مەرگی خودپەرستی. نووسینی: گۆران باباعەلی**

گۆران لەم نووسینەدا پێیوایە، گەر لە چەمکی «شەڕی براکوژی» یان «ناوخۆ» لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالی پوخت و فەنەتیکانەوە بڕوانین، ڕەنگە ئاسۆکانی تێڕوانینمان تەسکبکاتەوەو بەرەو خودپەرستیمان بەرێت. ئەو دەڵێت: «لە ڕاستیدا هەموو جەنگێک شەڕی براکوژییە؛ گەر هەموو مرۆڤەکان وەک برای یەک سەیربکەین، نەک وەک گورگی یەکدی». هەربۆیەش دەبێت پرسیاری سەرەکیمان ئەوەبێت کە بۆچی مرۆڤ شەڕدەکات؟! سادەترین وەڵام و دەرئەنجامی هەموو تێڕوانینەکانیش لە «دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا» کۆدەبێتەوە.

**کێشەکانی دەسەڵات. سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما. نووسینی: مەریوان وریا**

جێگرتنەوەی جەلاد بە سایکۆلۆژیست ئەو پرۆسەیەیە کە تەعبیر لە گواستنەوەی دەسەڵات دەکات لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ، یاخود لە کۆمەڵگای تەقلیدییەوە بۆ مۆدێرن. «فۆکۆ» لەچەند کارێکی گرنگیدا ئارکیۆلۆژیای ئەم گواستنەوەیەمان نیشاندەدات، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو هیچ وەهمێکی هیومانیستییەوە. «بۆردیۆ» هەنگاوێ زیاتر دەچێتەپێش و ئەوەمان نیشادەدات کە کارکردنی دەسەڵاتی مۆدێرن لە کارکردن لەسەر جەستەوە پەڕیوەتەوە بۆ کارکردن لەسەر هەبیتوس، واتە بۆ کارکردن لەسەر پێکهاتەی ڕۆحی و بونیادی سایکۆلۆژی ئینسان. بەڵام لەو کۆمەڵگایانەدا کە هێشتا پێیەکیان لەناو دنیای تەقلیدییەتدایەو پێیەکەی دیکەیان لەناو مۆدێرنیزمدایە، دەسەڵات لە یەککاتدا زۆر پەرگیرانە هەم لەسەر جەستەو هەم لەسەر هەبیتوس کاردەکات. لەسەر جەستە تا ئەندازەی وێرانکردنی و لەسەر هەبیتوس تا ڕادەی بەعوسابیکردنی تاکەکان و گروپەکان. لەسەرێکی دیکەشەوە کێشەی ناسیۆنالیزم لە دنیای ئێمەدا تا ئێستاش لەسەر بەموتڵەقکردنی حیزب لەبەرامبەر هەموو ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کاردەکات. ئەمەش وادەکات هەیمەنەی حیزب لە فۆرمی داگیرکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی موتڵەقی سەرۆکدا دەرکەوێت. بەمجۆرە دەسەڵات لە کۆمەڵگاکانی لەبابەتی کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەبێتە تێکەڵێکی کوشندە لە سزاو کۆنترۆڵ و کاریزما. ئەمەش ترسناکترین شێوەی دەسەڵاتە لە دنیای هاوچەرخدا.

**شەڕی ناوخۆی کوردستان: مەرگی چەمکەکان، خوێندنەوەی تراژیدیایەکی تایبەت لە شکستی گشتدا. نووسینی: بەرزان فەرەج**

لێکۆڵینەوەکەی بەرزان فەرەج هێندەی خوێندنەوەیەکی فیکری و سیاسییانەی شەڕی ناوخۆی کوردستانە، ئەوەندەش شیکردنەوەیەکی فیکرییانەی تراژیدیایەکیشە کە لە واقیعی کوردستاندا ڕوودەدات بەڵام لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی و بەراووردکارییە، ئەویش بە خوێندنەوەی شەڕی ناوخۆی کوردستان، وەک دەرئەنجامێکی سروشتی ناو هەر کۆمەڵگایەکی نێو جیهانی سێ یان ڕۆژهەڵات، کە لەبنەڕەتدا خۆی هەڵگری بونیادەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پراکتیککردنی ئەو چەمکە فیکری و سیاسییانە نیە کە بەرهەمهێنراوی مێژوویی کۆمەڵگای ڕۆژئاوان. لێرەوە لێکۆڵینەوەکە شکستی کوردی لە سیستەمی پێکەوەژیانی کۆیی و یان دروستکردنی سیستەمێکی دەسەڵاتی شێوەدەوڵەت و دیموکراسیەتدا، لەپاڵ شکستی هەموو ئەزموونە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕیزدەکات؛ لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو هۆکارە تایبەتییانەی کە شەڕی ناوخۆی کورد، وەکو شکستی تایبەت لە گشتدا جیادەکاتەوە.

**«میتا ـ فیگور» و «دەسەڵاتی ڕەش»: هەوڵدانێک بۆ «سیناریۆ ـ کێشانی» تابلۆ. نووسینی: شەماڵ عومەر**

شەماڵ عومەر لە میتا ـ فیگور» و « دەسەڵاتی ڕەش»دا هەوڵدەدات سیناریۆیەک بۆ مانای (بوون)ی تابلۆیەک بکێشێت و کۆی جەستەی تابلۆکە و بارستە فیگوری و ڕەنگییەکانی هەڵدەوەشێنێتەوەو لە سکونی ئەوەی کە دەبینرێت، وەکو بابەتێک یا جەستەیەکی ڕەنگی یان خوێنێک، دەکۆڵێتەوەو، ژیان و مەرگی تابلۆکە لە کردەی «بەئەنتەلەکردن» و بینینی ڕووتدا، دەکات بە جێگای مشتومڕی بابەتەکەی و لە پشت ئەمانەشەوە، مانا ئیرۆتییەکان و دەسەڵاتی ڕەنگ لە ناو بونیادی تابلۆکەدا دەبن بە ڕووبەری ئەو نهێنییانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا لێیاندەدوێت. شەماڵ بۆ پراکتیککردنی میتۆدەکەی لە ڕاڤەکردن، تابلۆیەکی «دارۆ»ی هونەرمەند کە بە ناوی (ماسیگرەمردووەکە)وەیە، هەڵبژاردووەو، کردوویەتی بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی.

**ماکس ڤێبەر و دۆزینەوەی «بەهەشتی وون». نووسینی: بەختیار عەلی**

کە ئادەم لە بەهەشت دەکرێتە دەرێ، تاکە سەرمایەی کە لە بەهەشتەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، (زانین)ە، بەڵام بۆ نیشتەجێبوون لە زەوی، بەتەنها زانین بەس نیە، بەڵکو کاریش پێویست. لەم تێڕوانینەوە کار دەلالەتێکی ئایینی وەردەگرێت، هەر لەم دیدەشەوە کالفنی و پاکژخوازەکان سەیری کاریان کردووە. «ماکس ڤێبەر»یش عەقلانییەتی سەرمایەدارێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ مانا ئایینییەکانی کارکردن، بەڵام پێشیوایە کە لە قۆناغێکدا سەرمایەدارێتی چیتر پێویستی بەو پاساودانە ئایینییە نامێنێت. پرسیاری ئەم ووتارە لە ڤێبەر گەڕانەوەیە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئەو خۆی زۆر لەسەری دەدوێت؛ پرسیاری ئەوەی، ئایا ئێمە لە ڕیزی هەڵبژاردنەکاندایین یان نەفرەتلێکراوەکان؟ نووسەر پێیوایە، پەیوەندی سەرمایەو ئایین تا ئەمڕۆ بەو کەناڵەدا تێئەپەڕێ و وە هەر ئەو کەناڵە خۆشی لەپشت فەلسەفەی ئایینەوەیە بۆ کار. بێدەنگی ڤێبەریش لە هەندێ ڕەگوڕیشە ئایینییەکانی دیکەی سەرمایە، هەوڵدانە بۆ بێدەنگبوون لە چەمکە ناعەقلانییەکانی سیستەمێک کە لای ڤێبەر بەرجەستەکەری عەقلانییەتە.

**نموونەی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ: هەوڵدانێ بۆ ئاشنایی لەگەڵ پیر بۆردیۆدا. نووسینی: ڕێبوار سیوەیلی**

گوتاری سۆسیۆلۆژی هاوچەرخ و مەودا تیۆری و پراکتیکییەکانی زانستی سۆسیۆلۆژیا، لەسەر دەستی «پیر بۆردیۆ»؛ گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهاتووە. ڕێبوار سیوەیلی بە گەڕانەوەی بۆ هەندێ کێشەی ناوەکی سۆسیۆلۆژیا، لێرەشەوە بۆ یەکێ لە کێشە هەرە گرنگەکانی فیکری خۆرئاوا، هەوڵدەدات هەنگاوێکی هێمن بنێت بۆ چوونە ناو دنیای سۆسیۆلۆژی بۆردیۆوە. ڕێبوار بە پشتبەستنی بە دەقی بۆردیۆ خۆی، گەرەکیە پێناسەی ئەو پانتاییە زانستییەو کێشەکانی بکات کە لە دوائەنجامدا دەشێت بە ڕەوتی سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆیان ناوبەرین: سۆسیۆلۆژیایەک هەم ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە مێژووی خۆیی و هەم جەختیش لەسەر ئەو پەیوەندییە دەکاتەوە کە بەو مێژووەیەوە دەبەستێ.

# وێنەو تراژیدیا

## مێزگردێک لە نێوان (بەختیار عەلی، ئاراس فەتاح و مەریوان ووریا)دا

بەختیار عەلی: سەرەتا دەمەوێ بڵێم، زۆر ئەستەمە لە کێشەی ئەمڕۆی کورد تێبگەین، بەبێ تێگەیشتنێکی قوڵ لەو گۆشە نیگا جیاوازانەی کوردی پێخوێنراوەتەوە. تراژیدیای «کورد» بەشێکی زۆری هەڵقوڵاوی ئەو حاڵەتەیە کە کورد بەردەوام «قوربانی» جۆرە وێنەیەکی تایبەتییە کە هەردەم بە مەبەستی ئایدۆلۆژی جیاوازجیاواز بەرهەمهێنراوە. ناکرێت تراژیدیای کورد دابڕێ لەو وێنەیەی کە کورد لە جیهاندا هەیەتی، وێنەیەک بەشە جیاوازجیاوازەکان و سەرچاوە جیاوازەکانی سەرجەم لەوەدا یەکدەگرنەوە کە قۆناغ لەدوای قۆناغ دەبنەوە هەوێنی نوێکردنەوەی «تراژیدیای کورد»... بەڕای من بەرلەوەی لەسەر کێشە سیاسیەکانی ئەمێستاکێ قسەبکەین، زۆر پێویستە وەکو سەرەتا بڕوانینە ئەو جۆرە سەیرکردنە جیاوازانەی کە تا ئەمڕۆ «کورد»یان وەکو بابەتێکی خوێندنەوەو بابەتێکی تەفسیر بەکارهێناوە.. واتە سەیری ئەو سەیرکردنانە بکەینەوە کە کۆڕەی ئەمڕۆ نیە، لەوانەیە کۆنترین سەیرکردن (ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ وێنەی کوردی لای مێژوونووسە عەرەب و ئیسلامییەکان) سەیرکردنی خۆرهەڵاتناسەکان بێت کە ئێستا بایەخێکی ستراتیژی هەیە، چونکی وا هەستدەکەم ئەمجۆرە سەیرکردنە تا ئەمێستاش لە خۆرئاوا بەرهەمدەهێنرێتەوە. بەڵام پێویستە بڵێم کە ئەم بینینە، بینینێکە، هەر دەبێت لە چوارچێوەی گشتی «خۆرهەڵاتناسی» "الاستشراق"دا حسابی بۆ بکەین و لە ڕووی مەنهەجییەوە هەموو کەموکورتیەکانی «خۆرهەڵاتناسی» دەگرێتەخۆی؛ واتا سەیرکردنی خۆرئاوا بۆ «کورد» جیانیە لەسەیرکردنی بۆ دەرەوەی خۆی و هەر لەو بازنەیەدا دەگیرسێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئامادەیی کەم تازۆری کێشەی «کورد»، وەکو بەشێک لە کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سیاسەتی خۆرئاوادا، وادەکات خوێندنەوەی دیدی خۆرهەڵاتناسی بۆ کورد بایەخێکی گرنگی هەبێت، بە تایبەت هەموو دەزانین کتێبەکەی «ئەدوارد سەعید» (کە هەڵبەت ئەمڕۆ بووەتە کتێبێکی کلاسیکی لەو بوارەدا) وایکرد شەڕی نێوان دیدی خۆرهەڵاتناسان (کە دیدی خۆرئاوایە بۆ دەرەوەی خۆی) و دیدی خۆرهەڵات کە ناچارە بۆ وێنەیەکی دی بگەڕێت، گەرمترین شەڕی ڕۆشنبیری و فیکری ئێستاکێ بێت، کە ئاشکراشە وونبوونی هەموو خوێندنەوەیەکی جیدی کوردییانە (چونکە ئاشکرایە ڕۆشنبیری کوردی سورە لەسەر سیاسەتی بە لێشاو زبڵ بەرهەمهێنان...) بۆ دیدی خۆرهەڵاتناسان، کەلێنێکی گرنگی کردۆتە هەموو هەڵوێستەکانمان بەرامبەر خۆرئاوا. تێنەگەیشتن لە جەوهەری خۆرهەڵاتناسی، تێنەگەیشتنە لە دیدی خۆرئاوا بۆ دەرەوە. ئەو قەیرانە سیاسیەی ئەمڕۆش جودانیە لەو گرفتە سەیرانەی سیاسەتی کورد بەرامبەر بە خۆرئاوا خۆی تێدەگلێنێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانەی ئێستا، گرنگە لەوە تێبگەین خۆرئاوا چۆن کوردی بینیوە. (دەکرێ لە دووتوێیدا کەمێک لە دیدی کورد بۆ خۆرئاوا بدوێین)، دیدی خۆرهەڵاتناسان بۆ کورد مێژوویەکی دوورودرێژ لە وێنەی جەنگاوەرێکی ڕمبەدەست یان چەکبەدەست تێنەپەڕاندووەو، پێشمەوایە تا ئەمڕۆ (کورد) و (خۆرئاوا) پێکەوە هەمان وێنە

بەرهەمدەهێننەوە؛ وێنەی کۆمەڵێ جەنگاوەر کە توانایان نییە پێکەوە بژین و لەگەڵ جیهانیشدا بژین... هەڵبەت ئەمە لەگەڵ کۆمەڵێ لقوپۆپی زۆر چڕی دیکەدا.

ئاراس فەتاح: گەر خۆرهەڵاتناسی چەمکێک بێت لە سیستەمی فیکری ڕۆژئاوایی کە دیدی ئەو بەرامبەر بە ئەوی دی «الاخر» بەرجەستەدەکا؛ کەواتە دەبێت بە جۆرێک لە خوێندنەوەی لەقەڵەمبدەین کە پابەندە بە ئامادەبوونی کۆلۆنیالیانەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات، ئەوجا ئەم ئامادەبوونە هەر سیفەتێکی بەخۆیەوە گرتبێ، (سیفەتی ئەفسەرێک یان لێکۆڵەرەوەیەک یان بازرگانێک) بەگشتی مانای بوونی کردەی بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییەک بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی نیشاندەدات. بەرامبەر بەم کردەی بیرکردنەوەیەی ڕۆژئاوا، ناکردەیی ڕۆژهەڵات دەبینین، یاخود باشتروایە بڵێین ئامادەنەبوونی ڕۆژهەڵات لە وێنەکێشانی خۆیدا دەبینین. گەر ئامادەبوونی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات بە هەیمەنەتی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا پابەندبێت، ئەوا ئامادەنەبوونی ڕۆژهەڵات بۆ خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی جۆرێک لە قبووڵکردنی ئەو هەیمەنەتە دەگەیەنێت و، تەنانەت لە هەوڵدانی لاساییکردنەوەی مۆدێلەکەیەتی. وابزانم پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێ بەگشتی خۆی لە لاساییکردنەوە و "خۆگەیاندن" بە پلە و ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژئاوادا دەبینێتەوەو، پرۆگرامی ڕێکخراوە سیاسییەکان و دەوڵەتییەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست، هەرهەمووییان لە پیشەسازیکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا چەقدەبەستێ و، ئەمەش لە بە نموونەییکردنی ڕۆژئاوادا. بەڵام ئێمە لێرەدا لەمەڕ قسەکردنین لەسەر وێنەی کورد؛ بۆیە من وای دەبینم کە کوردیش لەو پۆلێنکردن و خانەبەندییەی کە ڕۆژهەڵاتناسیتی بەرهەمیهێناوە، بەدەرنییە. واتا کوردیش دەچێتە ناو هاوکێشەی وێنە بۆکێشراوە دروستکراوەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات. گەر کوردیش بەشێکی ئەو فەنتازیایەی ڕۆژئاوا بێت کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا باسیلێوەکراوە، ئەوا ئەویش لە کۆی ئەو دیدە گشتییەی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات بەدەرنابێت. هەر لە چیرۆکە موغامەرەتئامێزەکانی «کارل مای»ەوە بگرە بە تێپەڕبوون بەسەر دیدی ئەدیبێکی گەورەی وەکو «گۆێتە» کە باس لە میللەتانێ دەکا کە لە "پشت تورکیا"وەن و، هەردەم لە "حاڵەتی جەنگ و بەسەریەکداکێشان"دان، ئەمانەش لای هیگڵ بە "میللەتە سروشتییەکان" ناودەبرێن کە هێشتا (عەقڵ) تیایدا نەبۆتە سیستەم، تەنانەت لای «مارکس»یش کە فەلسەفەکەی بۆخۆی چرکەساتی داماڵینی وێنەی ڕۆژئاوایە لەناو خودی خۆی، بەڵام کەچی لە سەردەمانێکی بیرکردنەوەیدا، بێبەری نییە لە دیدی ڕۆژنامەگەرێتی بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە گەڵاڵەبوونی ڕای سەقەتیش، وەکی ئەوەی کە پرۆسەی کۆلۆنیالیزم لە جیهانی سێدا بە "پرۆسەیەکی پێشکەوتووخواز" دەبینێت، چونکی "بۆخۆی تێکشێنەری بنەما تەقلیدی و پاتریارکییەکانی ڕۆژهەڵات دەگەیەنێت"؛ تا دەگاتە هەموو ئەو فەرهەنگانەی کە ووشەی «کورد»ی تیادا پێناسەکراوە، وەکی گەلێکی شەڕکەر وێنای بۆکراوە، ئەمەش شانبەشانی ئاماژەی خێرا بۆ موسڵمانێتی کوردو دابەشبوونی بەسەر چەندین دەوڵەتداو لە پاڵ هەندێ چاوتروکاندنێ بەسەر نرخە کۆمەڵایەتییەکانی ناو "کۆمەڵگای عەشایەری" کوردستان، وەکی «شەرەف» و «کەرامەت» و «میواندۆستی» و هتد کە لە سیستەمی کولتوری کوردیدا ئامادەن.

بەکورتی ئێمە بەرامبەر بە جۆرێک لە سیستەمی مەعریفی نین، هێندەی ڕووبەڕووی جۆرێک لە پێناسە دەبینەوە کە پتر وەصفن بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ کە لە دۆخێکی کولتوری تایبەتدا دەژین، زمانێکی تایبەتیان هەیە، لە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراودا نیشتەجێن و، ئەمانەش هەمووی لەپاڵ هەندێ سیفاتی کۆمەڵایەتی تر. ئەمەش مانای کۆکردنەوەی هەموو ئەو ڕاڤەکردنانە دەگەیەنێت بۆ نزمترین ئاستی مەعریفی کە وەصفکردنە. هەرچی پەیوەندی بە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و کولتورییەکانەوە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی کۆلۆنیالیزم وەکی پرۆسەیەک کە (اختراق)ی تەواوی بونیادەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستانی کردووەو پاشان پرۆسەی پۆست کۆلۆنیالیزم کە چ فشارێکی دەوڵەتییانەی گەورەبوو و گەورەیە بۆ سەر تاک و کۆمەڵگای کوردو کوردستان، هەر هەمووی لە کایەی فەرامۆشکردندان. واتە دەکرێ ئێمە باس لە دوو چەمک و دوو دید لە گرووپی مرۆییانە بکەین کە ڕۆژهەڵاتناسیتی گەرەکێتی بە ئێمەی بناسێنێت؛ مرۆڤگەلێک کە بەتەنها ئیمانیان هەیەو باوەڕ بە شتێ دەکەن، ئەمەش قەدەری ئەوان دیاریدەکات، کە مەبەست لە ڕۆژهەڵاتە (جیهانی سێ)، وە مرۆڤگەلێک کە بیردەکەنەوەو

سیستەمێکی لۆژیکیی دیدیان دیاریدەکات، کە لێرە مەبەست لە ڕۆژئاوایە، واتە "بیرکردنەوەیەکی وەحشیگەرییانە" بەرامبەر بە "بیرکردنەوەیەکی زانستییانە" ئەو وێنەیەیە کە ڕۆژهالاتناسێتی بەرهەمیدەهێنێ و لە هەناوی خۆیدا خۆرئاواگەرێتی (Eurozentrismus) و لە پالیشیدا ڕەگەزپەرستی (ڕاسیزم) بەرهەمدەهێنێ و پەروەردەیدەکات.

مەریوان وریا : من ئەمەوێ سەرنجتان بۆ یەک خالّ ڕاکێشم. من هەموو ئەو ڕەخنانەم لەسەر دیدی ڕۆژهەلاتناسی قبوولّە کە دیدێکی خۆرئاوایی کەموکورتە. لەم دیدەدا خۆرئاوا خۆی دەخوێنێتەوە، نەک میللەتەکانی دی، ئەو وێنانە ئەبینێ کە لە وێنەکانی خۆی ناچێت. واتە خۆرهەلاتناسی لە جەوهەردا شوناسێ یان وێنەیەک دەستنیشان ئەکات کە دیووی ئەودیووی نێگەتیڤی شوناسی خۆیەتی. ئەمانە هەمووی ڕاستن ،بەلام با ئەوەش لەیادنەکەین کە خۆرهەلاتناسی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جولاندنەوەی ناسیۆنالیستی کورد هەبووە. لەگەلّ خۆرهەلاتناسیدا قسە لەوەکراوە کە زمانی کوردی، مێژووی کوردی، دنیای کوردی، ئافرەتی کوردی، کارەکتەری کوردی، لە هی گەلانی دەوروبەری جیاوازە. "هەست بە جیاوازیکردن"، واتە هەست بە دیتنی خود، وەک بوونەوەرێکی جیاواز لەوانی دی. ئەمە هەستێکە کە گووتاری خۆرهەلاتناسی لە دنیای ئێمەدا بەهێزی ئەکات و پەرەیپێئەدات. وەک ئاشکراشە، ئەم هەستە، بەردی بناغەی هەموو جولانەوەیەکی ناسیۆنالیستییە. لەگەلّ خۆرهەلاتناسیدا باس لە نەخشەی کوردستان ئەکرێت، پانتاییەکەی دەستنیشانئەکرێت و ناوچە جیاجیاکانی نیشانئەدرێت. ئەم شتانەش بەسەر یەکەوە هەستکردن بە نەخشە لای ئینسانی کورد دروستئەکات. کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ قولّکردنەوەی هەست بە ئینیما بۆ زمانێک و زەویەک و ناوچەیەک.

لەوانەش گرنگتر مەسەلەی ژمارەیە، یان فەنتازیای ژمارەیە، ئاماری سەرژمێری دانیشتوان لەگەلّ دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمدا دروستئەبێ، ڕۆژهەلاتناسەکانن باس لە سەرجەمی ژمارەی کورد بەسەریەکەوە ئەکەن. باس لەوەئەکەن کە لەودیوو سنووری گوندە دابڕاوو شارە داخراوەکانی ناو کوردستاندا، کوردی دی و شاری دی و ژمارەی دی، خەلّک ئەژێت. ئەم هەستکرن بە ژمارەیە، فاکتەرێکی دیکەی گرنگی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمە. بەمانایەکی دی خۆرهەلاتناسی بەهەموو لایەنە سلبیەکانییەوە، ئەو زەمینە دەرونی و مەعریفی و فەنتازییەی خولقاندووە کە یارمەتیدەری ئەوەبووە، کورد خۆی لە دیدی خۆیەوە وەک نەتەوە، فەنتازیابکات. لێرەوە پێموایە کە گووتاری خۆرهەلاتناسی کاریگەری قوولّی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیی هەبووە. دیارە ئەمەش دیاردەیەک نییە تایبەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی، بەلّکو دیاردەیەکە پەیوەندی بە دروستبوون و سەرهەلّدانی ناسیۆنالیزم خۆیەوە هەیە، چ لەناو ڕۆژئاوا خۆیدا، چ لەدەرەوەی ڕۆژئاواش. دیالەکتیکی ناسیۆنالیزم و ئورێنتالیزم، دیالەکتیکی فەنتازیاکردنی گروپەکانە، بۆخۆیان و بۆ ئەوانی دی، وەک «نەتەوەی جیاواز». ئەم گووتارە یارمەتیدەری ئەوە بووە کە کورد خۆی وەک گروهێک گەورەتر لە قەبیلە ببینێ و کوردستان ببێتە جوگرافیایەکی خەیالّی گەورەتر لە خەیالّی جوگرافی قەبیلە. ژمارەی دانیشتوانی ئەم جوگرافیا خەیالّیە ئەکاتە ژمارەیەکی گەورەتر لە ژمارەی فەنتازیاکراوەکانی قەبیلە. بە کورتی خۆرهەلاتناسی پێی ووتین: ئێوە قەبیلەنین، بەلّکو نەتەوەن.

بەختیار عەلی: بەلام ئایا تۆ پێتوایە کە گووتاری «خۆرهەلاتناسی» بەوجۆرە چووبێتە هۆشمەندی مرۆڤی کوردییەوە؟ لە ڕاستیدا من گومانم بەرامبەر ئەوە هەیە. چونکە بەو پێیەبێت، دەبێت ناسیۆنالیزمی کوردی داهێنانێکی خۆرئاواییانە بێت، لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی دیاردەیەکی مێژووکردو واقیعکردە.

مەریوان وریا : ئەلّبەتە ڕۆژهەلّاتناسی ئەچۆتە ناو هۆشمەندی یەکە یەکەی ئینسانی کوردەوە، دانەبەزیوەتە ئاستەکانی خوارەوە و ناو هەناوی کۆمەلّگا، بەلام بێگومان ئەم گووتارە زۆر بەقوولّی دابەزیوەتە ناو هوشیاری نوخبە سیاسییەکانی کورد. ناو هوشیاری ئەو نوخبەیەی کە هەلّگری گووتاری ناسیۆنالیزمە. دواجار ناسیۆنالیزم خۆی پرۆژەی نوخبەیە. دیدی نوخبەیەکەو بەسەرجەمی کۆمەلّگا ئەبەخشرێت. هوشیارییەکە لە سەرەوەڕا بەرەوخوارەوە دادەبەزێت.

ناسیۆنالیزم فەنتازیای گروهێکەو ئەکرێ بە فەنتازیای نەتەوە، خەونێکی دیاریکراوەو سنوردارەو گەورە ئەکرێت. لە دنیادا هیچ بزاوتێکی ناسیۆنالیستی نییە دەستکردنی نوخبە نەبووبێ.

بەڵام پرسیاری ئێمە لێرەدا پرسیاری مەنهەجە: ئایا خوێندنەوەی خۆرهەڵاتناسییانە ئەتوانێت جیهان پێبڵێت؟ دیارە منیش وەک ئێوە گومان لە توانای مەعریفییەکانی ئەو خوێندنەوەیە ئەکەم. نەک هەر گومان ئەکەم، بەڵکو پێشم وایە زۆرجار ئەو خوێندنەوانە خۆیان ئەبنە ڕێگر لەبەردەم فرسەتی خوێندنەوەی نوێداو، ڕۆڵی کۆسپێکی ئەبیستیمۆلۆژی و مێژوویی و سایکۆلۆژی ئەبینن. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا هەمیشە ناوە بیانییەکان کاریگەریەکی سیحریان هەبووەو، خەڵکی وولاتی ئێمە زیاتر گوێیان لەوانەگرتووە.

بەختیار عەلی: ئێمە لێرەدا باس لە قەیرانێک دەکەین کە قەیرانی خوێندنەوەیە، وە باس لە ئیفلیجبوونی خوێندنەوە خۆرهەڵاتناسییەکان دەیەکن، مەبەستم لە تێنەگەیشتنە لەو گۆڕانکارییانەی لەم سەدەیەدا ڕویداوە، واتە پچڕانی هەموو پەیوەندییەک لە نێوان واقیعی کوردی و خوێندنەوەی خۆرهەڵاتناسەکاندا، تا ڕادەیەک کە خیتابی خۆرهەڵاتناسی ئیدی توانای ئامێنێت شتێک زیادبکات بۆ ئەو شتانەی پێشووتری و لە بازنەی خوێندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیا گیردەخوات.

هەروەها خاڵێکی پرمەترسیتر ئەوەیە، کە دیدی خۆرهەڵاتناسی لە خۆرئاواوە هەڵدەقوڵێت، خۆرئاواش لە دیدی ئێمەدا، وەکو مەڵبەندی «حەقیقەت» و مەڵبەندی «ڕەخنە» ناسراوە، هەڵبەتە هەر سەیرکردنێ کە لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی «حەقیقەتەوە هەڵبقوڵێت، مەترسی گەورەی هەیە، چونکی دواجار هەڵدەگەڕێتەوەو دەبێت بە بەشێک لە دیدی خۆمان بۆ خۆمان. ئەمەش یەکێکە لە مەترسییە جەوهەرییەکانی خوێندنەوەی «خۆرهەڵاتناسی»... من پێموایە ئێمە دەبێت لەم خاڵەوە سەیری خۆرهەڵاتناسی بکەین.

ئاراس فەتاح: مەبەستمە بە زمانێکی تەهەکومی پرسیارێک بهاوێژمە ناو ئەم گفتو گۆیەوەو بپرسم: ئایا ئێمە خۆمان خۆمان دۆزییەوە یاخود ڕۆژهەڵاتناسەکان؟ ئێمە بەرهەمی جەغدی خودی خۆمانین لە ناو مێژووی ناوچەکەو جیهان، یاخود دەرەنجامی وێناکردن و فەنتازیاکانی ڕۆژهەڵاتناسەکانین؟!

هەڵەیەکی مەنهەجی و فیکری گەورەیە گەر ئێمە دوو کایەی ناسیۆنالیزم و خۆرهەڵاتناسی لەیەکتری جیانەکەینەوە. بەڵێ ڕاستە خۆرهەڵاتناسی وەکو کایەیەکی زانست لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە سودی لێوەرگیراوەو بەکارهێنراوە، بەڵام خۆرهەڵاتناسی ناتوانێت بە تەنها ببێتە خیتابی ناسیۆنالیزم. ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم پێویستی بە زانستی مێژوو و زمان و ئەنترۆپۆلۆگیاو سایکۆلۆژیا هەیە، تەنانەت لە حاڵەتە ترسناکەکانیدا پەنایبردۆتە بەر بیۆلۆگیاش بۆ بە دەرخستنی ڕەسەنایەتی خۆی، بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە کردە سیاسییەکانی ببەخشێت.

ڕۆژئاوا لەڕێگای ڕۆژهەڵاتناسییەوە گەرەکی بووە لە دیدی خۆیەوە لە میللەتانی تر بکۆڵێتەوە، ئەوسا ئەم "زانستە "چەندە لەپاشاندا دەگەڕێتەوە ناو کایەی دارشتنی سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات، ئەوەندەش لەناو کایەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم لەلایەن میللەتگەلێکی وەکو کوردەوە سودی لێوەرگیراوە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز؛ ڕۆژئاوا لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتناسییەوە بە ئێمە دەڵێت: من ئێوەم دۆزییەوە! هەر ئەم دیدە کۆلۆنیالییەشە کە دواجار دەبێتەوە بە دیدی ئایدۆلۆژیستەکانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی وەکی عارەب (بۆ نموونە لای بەعسییەکان) کە کورد بە دۆزینەوەیەکی (بدعە) ڕۆژئاواییانە دەزانن، ڕۆشنبیرانی کوردیش کە پەنا دەبەنە بەر ڕۆرهەڵاتناسی، وەکی زانستێک لە ناو زانستەکانی دی بۆ سەلماندنی بوونی کولتوری و نەتەوەیی خۆیان بەکاریدەهێنن.

ڕاستی ئەوەیە کە پرۆسەی خۆناساندن بە جیهان لای کورد، لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە کەڵاڵەکراوەو، پشتنەستورێتی ئەمانیش بە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیتی زۆر لە ئامادەبوونی فیکری و سیاسی و مێژوویی خۆیان گەورەتر بوو، دیارە ئەمەش لاوێتی بیری ناسیۆنالیزم لەناو کۆمەڵگای کوردستان نیشاندەدات کە شانبەشانی ئەو گروپە خوێندەوارە نوێیەی ناو کۆمەڵگای کوردستان پەیدادەبێت. ناوی ئەو خۆرهەڵاتناسانەی کە مێژوونووسانی کورد لەڕێگایانەوە

کوردیان پێخوێندۆتەوە، گەلێک لە ئیجتیهادی خۆیی پترترە. دیارە لێرەوە ئێمە دەبێت لە قووڵایی کێشەی خوێندن و نووسین بگەین، کە چەندە ئاست و ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ڕوویەرێکی بچووکەوە دەگوێزێتەوە بۆ ڕوویەرێکی فراوانتر، بەجۆرێک کە دەشێت بگووترێت بە پەیدابوونی یەکەم کوردی خوێنەوار، کە زمانی کوردیی وەکی زمانی نووسین بەکارهێناو، لەپاڵیشیدا توانی بە زمانانی تر بخوێنێتەوە یا بنووسێت، بیرۆچکەی ناسیۆنالیزمیش لە کوردستاندا چرۆکەدەکات (ئەڵبەتە ئەم پرۆسەیە زۆر لەوە گەورەترە کە لێرەدا باسیدەکەین). ئەوکات دەکرێت بگوترێت، ئەو وێنەیەی کە ڕۆژهەڵاتناسان بۆ کوردیان بەرهەمهێناوە، کورد یان ڕۆشنبیرانی کورد بە ڕاشکاوییەوە دووبارە بەرهەمیانهێناوەتەوە.

مەریوان ووریا: خیتابی خۆرهەڵاتناسی لای کورد خیتابی دانپیانانە، کورد لە خۆرهەڵاتناسان زانستی نەویستووە، بەڵکو دانپیانانێکی سیاسی ویستووە. ڕاستی و دروستی بۆچوونەکانی نەویستووە، بەڵکو وێنەیەکی ویستووە، وێنەیەک لە نێو کۆی وێنەکانی دیکەدا. ڕاستتر بڵێم وێنەیەک لە پاڵ وێنەکانی دیکەدا.

ئاراس فەتاح: هێندەی دانپیانانی خۆرهەڵاتناسی، دانپیانانێکی کولتوری (ثقافی) بووە، ئەوەندە دانپیانانی سیاسی نەبووە. ئەڵبەتە ئەمەش چۆتە ناو خیتابی کورد خۆیەوە. ئەو داوا لە دەرەوەی خۆی دەکات، وەکو ئەوەی خۆی هەیە ببینرێت؛ واتە بەتەنێ لایەنە ئیتنۆلۆگی و ئەنترۆپۆلوگیەکەی.

مەریوان ووریا: هەڵبەتە دانپیانانێکی کولتوری وەکو میللەتێ، وەک بوونەوەرێکی جیاواز. بەلام ڕای من ئەوەیە کە خیتابی خۆرهەڵاتناسان، ئەگەرچی هەڵگری هەموو خوێندنەوە هەڵەکانی خۆرئاوایە بۆ دەرەوەی خۆی، هەڵگری هەموو وەهمەکانیشیەتی، بەلام بەدەر لەوە دەبێ بشزانین کە لە هەندێ کاریگەری ئیجابی بەدەرنەبووە، دەشێت لە هەندێ سوچ و پەنادا هەندێ بۆچوونی باش ببینینەوە کە دەکرێ درێژەی پێبدرێت و پەرەی پێبدرێت. واتە مەبەستمە بڵێم دەشێ هەندێ تێزەی خۆرهەڵاتناسییانە وەک سەرەتا یان گریمانەیەک قبووڵبکەین و خودی تێزەکە قوڵترو چڕ بکەینەوە. بە کورتی مامەڵەیەکی کراوەتر لەگەڵ گوتاری خۆرهەڵاتناساندا بکەین.

بەختیار عەلی: ئەگەر خیتابی خۆرهەڵاتناسی بایەخێکی هەبێت لەوەوە دێت کە کورد لە دەوروبەری خۆیەوە، ئەفیکردنێکی تەواو ئەفیکراوەو لە هیچ لایەنێکەوە دانی پیادانەنراوە، بەلام ئەو خیتابە هاتووەو بەشێکی لەو ئەفیکردنە ڕەتکردۆتەوە، لێرەوە ئیشکالیەتەکە لەوەدایە کە «خۆرهەڵاتناسی»، خوێندنەوەیەکی سەقەت بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی کورد دەکات. بەلام ئەگەرچی خوێندنەوەکەش سەقەتە لە دووتوێیدا دانپیانانێکی ڕاستەوخۆی ئەو بونیادەی تیایە. هەر لێرەوە مێژوونوسێکی کورد، کوردێکی کوردناس، دەگەڕێتەوە بۆ «مینۆرسکی» بۆئەوەی بیسەلمێنێ کورد هەیە... ئەم حاڵەش ئەفیکردنی بەرامبەر خولقاندوێتی، چونکە کە بەرامبەر تۆی بەو شێوەیە ئەفیکرد، تۆ ناچایت شاهیدێک لە دەرەوە بهێنێت، بۆ ئەوەی بۆ خۆت بۆ بەرامبەر بسەلمێنێ کە هەیت. «خیتابی خۆرهەڵاتناسی» ڕۆڵی ئەو شاهیدە دەبینێت کە لە ڕێگایەوە دەیسەلمێنێت بوونەوەرێکە لە دەرەوە دەبینرێت ... (وا لە خۆت بکەیت کە بوونەوەرێکی بینراویت) ئەمە سەنتەری هەوڵێکی بێووچانی کورد بووە، بەلام خودی ئەم بوونەوەرە بینراوە چیە و پێکهاتەی چیە؟ خۆرئاوا نەیتوانیوە ئەم لایەنە بخوێنێتەوەو لە خوێندنەوەی خوونەریت و فۆلکلۆرو شێوەی ژیان تێنەپەڕیوەو هەرگیز نەگەیشتۆتە ئاستێکی سۆسیۆلۆژی ئەوتۆ کە لە ناوەوە هێزە بزوێنەرەکان و ململانێ نوێکان و سیستمی کاری خیتابە سیاسی و کلوتوریەکان ببینێت. لێرەوە من پێموایە چەندە ئەستەمە مرۆڤێک تەنها لە ڕێگەی شوناسنامەی «ئەحوال مەدەنی»یەوە بناسیت، هێندەش ئەستەمە لە ڕێگای ئەو خیتابەوە لە کورد تێبگەیت.

ئاراس فەتاح: لەگەڵ ئەوەشدا پشتبەستنی کورد بە خیتابی خۆرهەڵاتناسان بەردەوامبووە. لە

سەرەتای ئەم سەدەیەوە، کاتێک بەشێک لە نوخبەی ڕۆشنبیرانی کورد دەکەوێتە تەراوگە، هەموو چالاکییە کولتوری، سیاسی و ڕاگەیاندنەکەی کە لە ئەوروپاودا پیادەیدەکردو، مەبەستی سەرەکی کە کاری بۆ دەکرد، ئەوەبوو بڵێن؛ ئێمەش میللەتێکین هەین و، چەند ملیۆنێکین و مێژوو و زمان و خاکێکی تایبەت بە خۆمان هەیەو، هەوڵیشدەدەین سەرنج و سۆزی خۆرئاوا بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاکێشین، تاوەکو وەکی بوونێکی سەربەخۆ دانمان پیابنێت. لێرەوە کورد تا ئەمڕۆش هەموو چالاکییەکانی لەسەر ئەو تەزمە دەڕوات کە تایبەتمەندێتییەکانی خۆی بە جیهانی دەرەوە بگەیەنێت. ئالێرەدا خیتابێک لەدایکدەبێت کە مەبەستمە بە «خیتابی خۆجیاکردنەوەیە» ناونووسیبکەم... خۆجیاکردنەوە لەوی دی (الاخر)، هەستکردن بەوەی کە جیایت، شتێکی تری و هتد...

خیتابی خۆجیاکردنەوە لە ساتەوەختی قەیرانی نێونەتەوەیی، دەشێت بەبەرجەستەکردنی بۆ بوونێکی سیاسی (بۆ نموونە لەشێوەی دەوڵەتدا) نرخدانەکەی هێندە گەورە نەبێت (نموونەی پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کۆتاییهاتن بە جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەم یاخود تەنانەت پاش جەنگی کەنداوی دووەم و، هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی سۆڤیەتیش، بەرجەستەی ئەم ڕایە دەکەن)، وەک لە ساتەوەختی سەقامگیربوونی سیستەمێکی سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، وەکو ئەم چرکەساتەی کە ئێستا کوردی تیادادەژی، (بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کورد لەدەرەوەی ئەو ڕووداوانەبووبێت، دیارە ئەمە گفتوگۆی تایبەتی گەرەکە) هەربۆیە هەموو جۆرێک لە وێنەدروستکردن، بە پێویست لەهەناوی خۆیدا خیتابی خۆجیاکردنەوەی کولتوری و زۆرجاریش سیاسی هەڵدەگرێت، ئەمەش لۆژیکی ناسیۆنالیزمە و میللەتانی دەوروبەرمان پێش کورد گەیشتوونەتە ئەم ڕاستییەو، ڕێکەوتیش نییە کە هەمان "مناڵێتی" خۆیان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەبیننەوە. ئەوەی من لێرەدا گەرەکمە بیڵێم ئەوەیە کە کورد تا ئەمڕۆش هەر لە پرۆسەی خۆناساندندایە بە جیهان، پرسیارەکەش لە ئێستادا لەوەدایە؛ ئایا چیدی کورد پێویستی بەو خۆناساندنە ماوە؟ ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە ئەمڕۆ واقیعێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسین و هەین و، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا وەکو سێیەمین گەلی گرنگ لەو ناوچەیەدا ئامادەین، ئایا ئیتر خیتابی خۆرهەڵاتناسگەرا بەو جۆرەی کە هەیە، پەیامەکەی کۆتاییپێتنایەت، ئایا دەکرێت باس لە قۆناغی "پۆست خۆرهەڵاتناسی" یاخود کۆتاییهاتن بە خیتابی ڕۆژهەڵاتناسی بکەین؟ گەر وەڵامەکە لە ڕووی تیۆرییەوە بە ئەرێ بدرێتەوە، دەکرێت لە چ جۆرە خیتابێک بدوێین کە دەبێت بەرهەمبهێنرێت و چەمکی خۆناساندن و وەسف و گێڕانەوەی تێپەڕاندبێت؟

لە ئێستادا، وادێتەبەرچاو کە «کورد» بۆ جەغدکردن لەسەر بوونی خۆی (تاکید الذات) هیچ پرۆژەیەکی نوێی پێنەبێت، بەڵکو بەردەوامە لە خۆفڕێدانە ناو جیهانەوە لە وێنەی (قوربانییەک)و، دەیەوێت ڕووی بەئینسانیکردنی کێشەکەی بکاتە کایەیەک بۆئەوەی دەستکەوتی سیاسی تیادا وەچنگبهێنێت و، سۆزی ڕای گشتی بەجۆری نیشاندانی لاشەی قوربانییەکانی، بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، وە لەوێوەشەوە مەسەلەکەی وەکی کێشەیەکی سیاسی پێشنیاربکات. بەکارهێنانی خیتابی خۆرهەڵاتناسی (بەختیار) گووتی، وەکو پێویستییەک بەرامبەر ئەو فشارە زۆرەی کە بۆی هاتووە، پێویست و ڕەوا بووە، بەڵام تێپەڕاندنی خیتابی وەسفکردن و خۆلاواندنەوە و نیشاندانی وێنەی تراژیدی خۆ، دەشێت لەم چرکەساتەدا لە هەموو کاتێکی تر بووبێتە پێویستییەکی تیۆری زینگەیی بۆ جەغدکردن لەسەر خود. هەرلێرەشەوە خیتابێکی ڕەخنەگر بەرامبەر بە ڕۆمانتیزەکردنی مێژووی کوردو خەباتی کوردو بەپیرۆزکرتنی سەرۆکە میتۆلۆژییەکانی کوردو هتد... لەم فۆرمەی کە تائێستا لەخۆیگرتووە، پرۆژەی خوێندنەوەیەکی گەورەی تری گەرەکە، کە چیدی ئەرکی خۆرهەڵاتناسەکان نیە.

مەریوان وریا: ئەوەی تۆ ئاماژەت بۆ کرد ڕاستە، کورد زۆر لەسەر تەوەری بە ئینسانیکردنی مەسەلەکەی کاری کردووە، وەکو چۆن (کاک بەختیار) لە ووتارێکیا باس لەو حاڵەتە دەکات، حاڵەتی بەرهەمهێنانی وێنەی قوربانی و نیشاندانی ئەو وێنەیە بە دنیا. واتە نیشاندانی خۆی وەک ئینسانێکی بریندار، وەک بوونەوەرێک کە گرفتی گەورەی هەیە، هەر لە پەیداکردنی پزیشک تاوەکو بۆ بوونی قەوارەیەکی سیاسی. دیارە ئەمەش بۆخۆی مانای لە ئارادابوونی چەند ئاستێکی

جیاوازە. لە قوربانییەوە بگرە بۆ جەنگاوەر، لە بوونەوەرێک کە بەرەوە شاخەکان هەڵدێت بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی ، بۆ بوونەوەرێک لەو شاخانەدا بۆ ئازادی ئەجەنگێ. لێرەوە کارکردن لەسەر بە ئینسانیکردنی مەسەلەکە، ڕوویەکی گرنگی کارکردنە بۆ گشتیەتی ئەم مەسەلەیە. زەحمەتە بتوانین ڕووە ئینسانیەکانی مەسەلەی کورد لە ڕووە سیاسیەکانی جیاکەینەوە. دواتر هەر ئەو وێنە ئینسانییانەن کە دەشێ لە هەلوومەرجێکی دیاریکراودا ببنە وێنەی سیاسی..

ئەگەر خیتابی خۆرهەڵاتناسی بتوانێت (تا ئەمڕۆش) لایەنە ئینسانییەکانی کێشەی کورد دەربخات، من پێموایە ئەمە کارێکی گرنگە، بەڵام ئەمە مەنهەجی خوێندنەوە نیە، واتە دەکرێ خیتابی خۆرهەڵاتناسەکان لایەنی سیاسی پۆزەتیڤی هەبێت، بەڵام دەرەنجامە مەعریفییەکانی هیچ نادەن بەدەستەوە.

بەختیار عەلی: من وەکو ململانێیەک دەیبینم لە نێوان ئەوەی «بینراوبیت» و «نەبینراوبیت»، کورد لە هەوڵێکی بێوچاندایە بۆ ئەوەی ببێتە کائینێکی «بینراو»، ئەم هەوڵەش بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ هەولەکانی سەرەتای یەکناسین لەگەڵ خۆرئاوادا، بەڵکو تا ئەمڕۆ درێژ دەبێتەوە، وەکو میکانیزمێکی کاریگەر کاردەکات. هەولبدەیت خۆرئاوا بتبینێ خەسڵەتی قۆناغی سەرەتا نیە، بەڵکو خۆی میکانیزمێکە. هەر ئەو میکانیزمەش وادەکات خیتابێکی دی بەرهەمنەیەت، واتە ئەگەر لە هاوکێشەی «بینراو/نەبینراوە» وە سەیربکەین، تێدەگەین هاوکێشەکە هەندێک جەبری تایبەتی جلەویدەکات، جەبرێک کە دەشێت تەنها گەلە پەراوێزەکانی جیهان بە خۆرئاواوە ببەستێتەوە، وە ئەمەش کێشەیەک نیە کە ڕووبەڕووی گەلانی گەورە ببێتەوە کە بونیان لە مەترسیدانیە، وەکو «عەرەب» و «فارس» و «تورک». ئەمجۆرە پەیوەندیە، پەیوەندییەکی تایبەتمەندە کە خیتابی خۆرهەڵاتناسی میقاتی دەکات و، تەنها دەکرێت لەگەڵ گەلێکی وەکو کورددا بەرقەراربکرێت، کە هەموو ساتێ لەبەردەم مەترسی «فەنابوون»دایە، کە هەڵبەت لەم سیستمە گلۆبالیەیی ئێستادا، کە کەوتیتە حاڵەتێکەوە خۆرئاوا یان جیهان بەگشتی نەتبینێت، ئەمە بۆخۆی سەرەتای ئەو فەنابوونەیە. لێرەوە ئەو ساتانەی کە (کورد) لەبەردەم ویژدانی جیهاندا دەبێتە (بینراو) بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە لای کورد خۆی ... لە دوای «ڕەوە بەکۆمەڵەکە»، کورد هێندە یادەوەری ئەو لایەنەی پاراستووە کە (ڕەو)، ساتێکە تیایدا کورد دوای قۆناغێکی درێژی نەبینران و بیرچوونەوە، دەبێتە کائینێکی بینراو و چاوی جیهان دەیخوێنێتەوە، لایەنە سیاسی و ستراتیژییەکانی ئەو کارەساتەی نەپاراستووە. «کورد» بۆ ماوەیەکی درێژیش دوای ڕەو تووشی نەشوەی بینین دەبێت، بە ئەندازەیەک ئیتر دەکەوێتە ئەو وەهمەوە، کە بووبێت بە کائینێکی بینراو لە چاوی خۆرئاوادا، واتە بووبێت بە ڕەگەزێکی گرنگ لە گەمە سیاسیەکانی خۆرئاوادا. ڕەنگە «مام جەلال» لە هەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد زیاتر تووشی ئەم نەشوەی بینینە بووبێت. ئەگەر ووتارو وێنەکانی زۆر لە سیاسییە کوردییەکان شیبکەینەوەو لەو کەشبینیە ناواقیعیەی دوای ڕاپەڕین و لە زەردەخەنەی پانی سیاسییەکان لە بەردەم کامیراکاندا بکۆڵینەوە، بە ئاشکرا ئەو نەشوەیە دەخوێنینەوە... بێگومان «نەشوەی بینین»، بەشێکی ترسناکی نا عەقڵانییەتی سیاسی ئێمەیە کە تا ئەو دەقیقەیە لەسەر ڕێکەوتنی نهێنی و چاوپێکەوتنی ئیستخباراتییانەو گفتوگۆی نهێنی ژێر پەردە ڕاهاتووە. ئەگەر لێرەدا کەمێ لە بابەتەکە لانەدەم، دەڵێم گەر بەراوردێک لە نێوان «مەسعود بەرزانی» و «جەلال تالەبانی»دا بکەین بەئاشکرا دەبینین کە لە ساتێکدا مام جەلال دەبێتە کووشتەی ئەو نەشوەیە، «مەسعود بەرزانی» تا ئێستا سەر بە کولتوورە دێرینەکەی سیاسەتی نهێنیبازییە، بۆیە ئەو لە دوای ڕاپەڕینەوە، بە نهێنی، هەمیشە پشتوپەنای ئیقلیمی دروستدەکات... هۆکەی چیە؟

لەوانەیە زیاتر سایکۆلۆژیای «بەرزانی» ئەوەمان پێبڵێت کە کەسێکی گۆشەگیرەو، لە دەرکەوتن دەترسێت لە بەردەم ڕووناکیەکاندا ... بەهەرحاڵ نامەوێ پەلەبکەم، بەڵام لەو خاڵەدا هەستدەکەم «سایکۆلۆژیا» و پێکهاتەی سایکۆلۆژی ئەوە دەستنیشاندەکات، دەشبێت ئیدی گرێ سایکۆلۆژییەکانی ناو سیاسەتی کوردو سەرکردە کوردەکان ببینین.

بەڵام مەترسی ئەوەی ببیتەوە بە نەبینراو، ببیتە بەشێکی فەرامۆشکراو لە جیهانێکی فەرامۆشکاراودا ترسێکی کراوەبووە لە بەردەم کورددا، ئەم نەشوەی بینین و فۆبیای نەبینینەش ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای «خۆرهەڵاتناسیە» لەسەر هۆشمەندی کورد ... لە ئێستادا کاتێک

کورد تووشی تراژیدیایەکی نوێ دەبێتەوە، خۆرئاوا بە پێچەوانەی سەرەتای ئەوەدەکان، سیاسەتی بە «بینراوکردنی» کورد ناگرێتە بەر، لەمڕۆدا لەبەردەم ئەم تراژیدیا تازەیەی کە دوای داگیرکردنی بەعس بۆ هەولێر بەرقەراردەبێت، خۆرئاوا ڕووبەرێکی تایبەتی بینین بۆ کورد تەرخانناکات؛ هەر لێرەشەوە سەرلەنوێ «فۆبیای نەبینین» و هێرشکردنە سەر چاوی خیانەتکاری خۆرئاوا دەبێتە بالۆرەی سەرەکی سیاسییە کوردەکان، چونکە کورد هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر پنتی «بینین»، ئەوەش تەفسیری ئەخلاقیاتی کورد دەکات لە خۆرئاوا، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە «خۆرئاوا» خۆی ئەم گەمەیە دەباتەبەڕێوە، خۆی ئەو کاتانە دیاریدەکات کە تۆ تیایدا «دەبینرێیت» و ئەو کاتانەش دیاریدەکات کە تۆ تیایدا «نابینرێیت». ئەم هاوکێشەیەش بەردەوامەو هەردوولا، چ کوردو چ خۆرئاوا لای خۆیانەوە بەرهەمیدەهێننەوە،ە تا ئەوساتەی کورد، لە کائینێکی بینراوەوە دەبێتە کائینێکی قسەکەر، واتە دەبێتە یەکێ لەبری ئەوەی چاوی دونیا بدوێنێ، عەقڵ و لۆژیک هۆشمەندانە دەدوێنێت... ئەم گۆڕانەش پرۆسەیەکی گەورەیە کە هەڵبەت بابەتی دانیشتنەکەمان نییە.

ئاراس فەتاح: جەوهەری مەسەلەکە لای من ئەوەیە کە ڕۆژئاوا جۆرێک لە ئێتیکی سیاسەت بەرهەمدەهێنێت کە تیایدا هەموو جیهانی دەرەوەی خۆی بە ئێوەندێتی خۆیەوە دەپارێزێت و، ئەوانی دیش دەکات بە تەوەرێک لە خۆی. چرکەساتی بەتەوەرکردنی دەرەوەی خۆی، کوشندەترین میکانیزمی لە سیاسەت و ئابووری پێکهێناوەو جۆرێک لە سایکۆلۆژییەتی نزمایەتی لەلای مرۆڤی نا ـ ئەورووپی دروستکردووە، ئەوەی کە «فرانز فانون» دروستانە ناوی لێدەنێ "گرێی هەستبەخۆنزمزانین". دەشێ یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی هەمیشە خۆدووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژئاوا بۆخۆی، ئەو ناکۆکی و ململانێیانەو قەیرانانەبێت کە ڕۆژئاوا تیایدا دەژی و، لە هەماکاتیشدا میکانیزمی خۆلێیرزگاربوونی خۆی لەسەر بنیاتدەنێت. ڕۆژئاوا ئەو ژیارەیە کە لەسەر لاشەی (١٠٠) ملیۆن دانیشتوانی "ڕەسەنی" ئەمەریکا، ژیاری ئەمەریکی نوێی دروستکرد؛ ئەمەش لە دووتوێی پرۆسەی کۆلۆنیالیزمدا، ڕۆژئاوا ئەو ژیارەیە کە دوو جەنگی جیهانی بەرهەمهێنا و لە دووتوێیدا ملیۆنەها مرۆڤ بوون بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی، ڕۆژئاوا ئەو ژیارەیە کە هۆلۆکۆستی (کوشتنی بەکۆمەڵکوژی جوو) بەرهەمهێنا، کە بۆ یەکێکی وەکو «ئەدۆرنۆ» مانای کۆتییهاتنی سەردەمی ڕۆشەنگەری دەگەیەنێت، ڕۆژئاوا ئەو ژیارەیە کە بەردەوام یەک هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت، ئەویش ئونیڤێرزالیزمی وێنەی خۆیەتی و لەدەرەوەی ئەو وێنەیەش هیچ وێنەیەکی تر قبوڵناکات. بەڵام بەرامبەر بەوەش ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوای بالاترین کایەکانی زانست و هونەرو تەکنیکە، ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوای ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و چەندان ڕێڕەوی فەلسەفی و هونەری و ئەدەبیشە. گەر ئەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکەلێکی وەکو یونسکۆ، بە چرکەساتی بە دەزگاکردنی هیومانی فیکرو بەرژەوەندی ڕۆژئاوای ببینین، ئەوە ئەم دەستکەوتانە بێبەری نین لەلایەنی پۆزەتیڤیی لە جیهاندا، چونکی ئەم دەزگایانە بۆخۆیان هەندێ نرخی تێدا ترنجێنراوە کە دەشێ میللەتێکی وەکو کورد بەناو لۆژیکی ڕۆژئاوا خۆیدا ڕەخنە لە ساختمانی ئێتیکی سیاسی و ئەخلاقی بگرێت. گەر لەسەر ئاستی مافی مرۆڤ بیگرێت، ئەوە میللەتێکت هەیە کە لە قووڵترین کێشەی بێبەریبوون لە مافە سادەکانی مرۆڤ دەژی، گەر لەسەر ئاستی کولتوری ـ ئێتنی بیگرێت، ئەوە کورد یەکێکە لە گەورەترین ئێتنییەکانی جیهان کە بێبەشکراوە لە مومارەسەکردنی ئەو مافە سروشتییە، گەر لەسەر ئاستی سیاسی ـ دەوڵەتیدا بڕوانینە کێشەی کورد، ئەوا ئاشکرایە کە میللەتێکی (پتر یا کەمتر) (٢٠) ملیۆنیت هەیە کە لە ئیشکالیەتی نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا دەژی، گەر لەسەر ئاستی ئاینییدا سەیریکەیت، ژمارەیەکی زۆر گرووپی ئایینی و ئایینزات (مذهب) لە کوردستان هەیە کە هەر هەمووی لە چەوساندنەوەیەکی قووڵی بێبەریبوون لە مافی مومارەسەکردنی سرووتەکانی (طقوس) دینییدا دەژین...

بەڵام وا پێدەچێت ئیشکالیەتی گەورەی مەسەلەی کورد لە خیتابە کولتوری ـ قطرییەکەیدا بێت. کورد بۆخۆی هەمیشە کێشەکەی خستۆتە ناو ڕووبەری ناوچەیی و لە پانتایی جیهانییەکەی وەدەریهێناوە. دەشێ شەڕی بێمانای نێوان دوو ڕێکخراوە گەورە کوردییەکەو بوونیان بە کەرەسەی پیادەکردنی سیاسەتی بالادەستێتی (هەیمەنەت) هێزە ناوچەییەکان و بەکارهێنانیان لە ململانێ ناوچەکەییەکاندا، دوا نموونە نەبێت لە مێژووی خەباتی چەکداری کوردستاندا. ئالێرەوەیە

کە کورد دەبێت بە لاشەیەکی سیاسی لە ناوچەکەداو هەرجارەی دەوڵەتێک لەسەر مێزی بەژەوەندی نەتەوەیی خۆیدا دەیشواتەوەو وێنەکەی لەسەر ڕووبەری سیاسەتی نەتەوەیی دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالەکانی ناوچەکەدا، لە بەناوخۆییکردن و بەناوچەییکردندا بۆ جیهانی دەرەوە، دەسڕڕێتەوە. خیتابی سیاسی کورد گێلانە بێت یان لە خوێندنەوەی هەڵەوە بێت، بەشێوەیەکی زۆر ناکتیڤانە لەم کایەیەدا کاردەکات و، مستەکوڵەی کوژەر لە خەوەکانی خۆی دەهاوێژێ. لە دووتوویێی ئەم ڕاستییەوە گەیشتنی هەواڵی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا بەردەوام لە شێوەی لاشەدایەو، لە خیتابێکی ترازیدیایەو، ئامادەنەبوونی کورد وەکی وویستێکی (ئیرادە) کۆیی ڕەخنەگر لە بەرامبەر بەهاکانی ڕۆژئاوا بۆ دەرەوەی خۆی، دەشێ یەکێک بێت لەو میکانیزمانەی کە ڕۆژئاواش لە دروستکردنی وێنەی ئێمەدا بەرهەمیهێناوە.

بەختیار عەلی: بەڵام پێموایە عەقڵی خۆرئاوا لە ئێستادا بە چەمکەکانی ڕۆشنگەری و بەپرۆتۆکۆلەکانی نەتەوە یەککگرتوەکان کارناکات. ئێستا «میدیا» هەموو شتەکان لە خۆرئاوادا دیاریدەکات، میدیاش دەتوانێت تۆ بکات بە کەسێکی لەبیرکراو... لێرەوە سەرجەمی یارییەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆرئاوا خۆیدایە، تا ئەو ساتەی کورد وەکو قەوارەیەکی شارستانی کاریگەر خۆیدەسەلمێنێت.

مەریوان ووریا: نا لەم خاڵەوە، یان لەم دەروازەیەوە من پێموایە کە خیتابی خۆرهەڵاتناسی بایەخی خۆی وونکردووە؛ خۆرئاوا گوێ لە دەنگدانەوەکانی خۆیدەگرێت، سەیری ئەو سێبەرانە دەکات کە خۆی دروستیدەکات، لەو نەخشانە ڕادەمێنێت کە خۆی دورستیدەکات. بەڵێ خۆرئاوا، خۆرئاوای ڕۆشنگەری نییە، خۆرئاوای کانت و ڕۆسۆ نییە، بەڵکو خۆرئاوای کۆمپانیا گەورەکانە. بەڵام دەنگی خۆرهەڵاتناسانە هەیە کە هەر درێژکراوەی ڕۆشنگەرییە، چونکە خۆرهەڵاتناسی بەشێکی پرۆژەی ڕۆشنگەرییەو درێژکراوەی ئەو پرۆژەیەیە، بۆیە من پێموایە خیتابی ڕۆژهەڵاتناسی تا ئەم ساتە دەکرێت لە ئاستێ لە ئاستەکاندا قازانجی سیاسی بە کورد بگەیەنێت، دەکرێت ببێتە هۆی بیرخرانەوەی ئەم کێشەیە، چونکە لە ئێستادا یادوەری مرۆڤایەتی بۆتە یادوەریەکی کورتبڕ، کوشتنەکان و کارەساتەکان زۆر زوو لەبیردەچنەوە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر خیتابی خۆرهەڵاتناسی تەنها کاری ئەوەش بێت لە ئاستی میدیادا ترازیدیاکان وەبیربهێنێتەوە، ئەمە بۆخۆی کارێکی پۆزەتیڤە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە ئەو ڕەخنانە لە خۆرهەڵاتناسی، وەکو خیتابێکی پڕ لە حوکمی پێشینەو پڕ لە سنووری تایبەتی، ڕەخنەی ڕاست نین. با ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە خۆرهەڵاتناسەکان تا ئێستاش کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەوڵەتەکانیان. ئەوە «برنارد لویس»ە پێشنیاری تایبەت پێشکەش بە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکی ئەکات سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و «سامۆئیل هنتگتون»ە خەتە گشتیەکانی گەشەکردنی خواروی ئاسیاو چین دەخاتە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

ئاراس فەتاح: کە من باس لە پرۆتۆکۆلەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان یان یۆنسکۆ دەکەم، مەبەستمە بڵێم کە خیتابی خۆرهەڵاتناسی دەچێتەوە ناو ئەو پرۆتۆکۆلانەشەوە. «لیڤی شتراوس» یەکێکە لە دانەرانی پرۆتۆکۆلەکانی یونسکۆ، هەڵبەت ئەمە بۆ خۆرئاوا لە پێناوی داڕشتنی بەندێکدایە کە لە ڕێگایەوە لە مافە کولتورییەکانی ئێتنیە جیاوازەکان هەڵوێست وەردەگرێت، ئەو ئێتنیانەی کە لەناو دەوڵەتە ناسیۆناڵە گەورە یان بچووکەکاندا دەژین و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەسیمیلەدەکرێن، دەچەوسێنەوە یان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەیادکراون، هەڵبەتە خۆرئاوا ئەم جۆرە دەزگایانەی لەدوای فاشیزم بەرهەمهێنا، چونکی فاشیزم بە پلەی یەکەم گەورەترین کارەساتی مرۆیی و فیکری و شارستانی بووە بۆ خودی خۆرئاوا خۆی. ئاشکرایە کە خۆرئاوا لە نێوان پرنسیپی قازانج و پێوەرە ئێتیکییەکانی لە ئیشکالییەتێکی هەمیشەگیدا دەژی. لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لە تەلەفیزیۆنی ئەڵمانی، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ یەکێک لە لێپرسراوانی کۆمپانیایەک کرد، کە کەرەسەی دروستکردنی (ئەڵمان گووتەنی) "چێشتخانەی ژەهر"یان بۆ عێراق ناردبوو؛ ئەو لە وەڵامی ئەوەی کە بۆ کەرەسەی گازدروستکردنیان بۆ سەدام

ناردووه، گووتی: "بۆ ئێمە بازاڕ پێش ئەخلاق دێت"!. گومانی تێدا نیە کە لەناو ئەم لۆژیکەدا شەڕی ئەخلاقی شتێکی بێمانایە، بەڵکو من لە ناو ئەو بەهایانە دەدوێم کە خۆرئاوا بە بەرهەمی خۆی دەزانێت و، ئەمڕۆش بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی هەموو خیتابە سیاسی و فیکری و مەعریفییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا؛ بۆ نموونە: مافی مرۆڤ، ئاشتی، دیموکراسی... هتد. ڕاستە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لەپێش ئەم پرینسیپانەوەیە کە ڕۆژئاوا شانازییان پێوەدەکات، بەڵام بەدیوی ئەودیویشدا، بە گشتی بڕوانین، کورد تاوەکو ئەمڕۆش چالاکییەکانی لە پێشکەشکردنی فۆلکلۆرو هەڵپەرکێ تێنەپەڕیوە.

بەختیار عەلی: بەڵام دەبێت لە میکانیزمی ئەو کارنەکردنە تێبگەین، (مەریوان) باس لە توانای خۆرهەڵاتناسی دەکات لە ناساندن یان وەبیرهێنانەوەدا، یان (کاک ئاراس) باسی لە بێتوانایی کورد دەکات لەوەی خۆرئاوا لەگەڵ نرخە هیومانی و ئەخلاقیەکانی خۆیدا ڕووبەڕوو بکرێتەوە، من حەزدەکەم دوا سەرنجی خۆم لەسەر هۆکانی ئەو بێتوانایییە کۆبکەمەوە.

خۆرهەڵاتناسان لە دیدی خۆرئاواوە وێنەیەک بۆ کورد بەرهەمدەهێنن، کوردیش خۆی وێنەیەک بۆ خۆی بەرهەمدەهێنێت، لەم حاڵەدا (کورد) و خۆرهەڵاتناسان یەکدەگرنەوە، بەڵام لەوەدا لە یەکدی جیادەبنەوە کە (کورد) کاتێک دەیەوێت وێنەیەکی تایبەتی خۆی بداتە خۆرئاوا، یان ڕاستر بڵێم وێنەیەکی خۆی پێشکەش بە خۆرئاوا بکات، بەر میکانیزمی بەرهەمهێنان و کارکردنی وێنە دەکەوێت لە خۆرئاوادا، چونکە (کورد) لە سیستەمی بەرهەمهێنان و کارکردنی وێنە نازانێت لە خۆرئاوادا، کە یەکێک لە هەرە سیستەمە ئاڵۆزو کۆنتۆڵکراو و ئاراستەکراوەکانی ناو کولتوری خۆرئاوا، بە ئەندازەیەک ئەوە سیستەمی بەرهەمهێنانی وێنەیەکە سیستەمی بەرهەمهێنانی حەقیقەت لە خۆرئاوادا دیاریدەکات ... ئەوەی دەبێتە وێنە، دەشبێتە حەقیقەت. (کورد) لێرەوە نووشوستییەکی ستراتیژی هێناوە کە کەناڵەکانی گەیاندنی وێنە بدۆزێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بیناکردنی وێنەیەک کە سیحری ئەو وێنانەی هەبێت کە کار لە عەقڵی خۆرئاوا بکات کە عەقڵێکی بە وێنە گەمارۆدراوەو لە توانای کورددا نەبووە، هۆکانیشی ئاشکرایەو کەمێک قسەمان لەسەر کرد، ئەمە جگە لەوەی ئەناتومیکردنی «تشریح» ئەو وێنەیەی کە دەدرێتە خۆرئاوا، نەک هەر لە فەلەکی کورد دا نەبووە، بەڵکو پێکەنیناوییە باسی سیاسەتی بەرهەمهێنانی وێنە بکەین بۆ خۆرئاوا، چونکە سیاسەتی کوردی هەمیشە سیاسەتێکی لەوە گەمژەتربووە ئاوڕ لە کێشە گەورەکان بداتەوە، جا چجا مەسەلە ووردو گرنگەکان، لێرەوە مردنی قاسملۆ وێنەیەکە، مردنی شەرەفکەندی لە ویژدانی ئەڵمانیادا وێنەیەکی دیکەیە، بەڵام پ.ک.ک وێنەیەکی ترە، مەسعود بەرزانی وێنەیەکە، جەلال تاڵەبانیش شتێکی دیکەیە، لە پاڵیشیا هەندێ وێنەی لاوەکی و تێپەڕ هەیە... بەڵام ئەمانە هەمووی پێکەوەو لەو فەوزا سیاسییەدا کە کوردیش تێیکەوتووە، ڕێگرە لەوەی کە هیچ سیمای وێنەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ کوردو تا خۆرئاوا (ئەگەر بشیەوێت) مامەڵەی لەگەڵبکات... وەکو لەوەوبەر ئاماژەم بۆکرد، ئەگەر خیتابی خۆرهەڵاتناسی کاری ئەوەبێت کە بمانکاتە «بینراو»، لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی پرۆسەیەکی کۆنکرێتی بەرهەمهێنانی وێنەی جیاجیادا، ئەم لایەنە پۆزەتیڤە وەکو لایەنێکی تێپەڕو ڕاگوزەر دەمێنێتەوە، چونکە لەدوای هەموو نمایشێک پەردە دادانەوە هەیە، وێنەی کوردی لە خۆرئاوا دەبێت لە سروشتە نمایشییەکەی دەرچێت، بەڵام لەم ئاستە نزمەی هوشیاری سیاسی و کولتوورییەدا کە کورد تیا دەژی، ئەوە ئەستەمە. بەودیویشدا خیتابی خۆرهەڵاتناسان، یان ئەو وێنەیەی کە خۆرئاوا بەدەر لە تێڕوانینی کوردی بۆ کوردی دروستدەکات هەر هەمان قەیرانی هەیە، چونکە ئەو خیتابەش توانای نیە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئێمە بگەیەنێت، چونکە لە دیدی جیهانێکی دیپەوە سەیری ئێمە دەکات، وە ئەم دیدەش ناتوانێ ئێمە بە قوڵی بخوێنێتەوەو تەنیا ڕووکەشی دیاردەکان دەبینێت. دوبرێە دەڵێت: «شارستانی ئەمڕۆی خۆرئاوا شارستانیی وێنەیە» خۆرئاواش وێنەیەک دەداتە کورد کە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی نیە، ڕاستە دواجار دەبێت دڵخۆش بین کە وێنەیەکمان هەیە، ئەم دڵخۆشیەش چلەپۆپەی تراژیدیاکەیە، چونکە بچڕانی تصورکردنی یەکتر لەگەڵ خۆرئاوادا تراژیدیایەکی گەورەیە. خۆرئاوا دەلالەتی وێنەکانی ئێمەی بۆ تەفسیرناکرێت، سیستمی تەفسیرکردنی سیاسیە کوردییەکانیش وێنەو ئاماژەکانی خۆرئاوایان بۆ تەفسیر ناکرێت، لە نێوان ئێمەو خۆرئاوادا قەیرانێکی سیمۆتیکی هەیە کە هیچ لایەک لە ئاماژەکانی ئەوی دی ناگات... لێرەوە خۆرئاوا کاتێ

خۆی وێنەی ئێمە دادەڕێژێت یان ئێمە ئاماژە بۆ وێنەیەک دەکەین، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەستخەرۆی وەهمێکە کە هەڵبەت وەهمێکی سیاسییەو خۆرئاوا دەیپارێزێت، بەشێکیشی وەهمێکە کە دەرەنجامی وونبوونی سیستمێکی تەفسیری دەلالەتەکانە لە نێوان ئێمەو خۆرئاوادا؛ بۆیە دیالۆگی کوردو خۆرئاوا، دیالۆگی کەرۆڵەکانە. ئەم ڕووداوەی دوایش ڕوویەکی سیمۆتیکی زۆر سەیری هەیە لە تەفسیرنەکردنی ئاماژەکانی یەکتردا.

مەریوان وریا: لەڕاستیدا ئەگەر قسەکردن لەسەر پەیوەندی کورد بە خۆرئاواو ئیشکالییەتەکانی خۆرهەڵاتناسی و پەیوەندی ئەو ئیشکالیەتە لەسەر تراژیدیاکانی کورد، کاتێکی زۆر دەبات و میحوەری زۆر گەورەتری دەوێت... بەتایبەت من دوو وێنەی دیکە دەبینم کە پێویستە زیاتر قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئەو دوو وێنەیەش بەشدارن لە دروستکردنی تراژیدیاکاندا. مەبەستم لەو دوو وێنەیەش وێنەی گەلانی دراوسێن لەگەڵ وێنەی ئیسلامدا بۆ کورد.
ئەو تراژیدیایەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدات پابەندی ڕەگوریشە قوڵەکانی ئەو تصورەیە کە ناسیۆنالستەکانی دراوسێ و، هەڵبەت ئایینیش، پێکەوە بەردەوام بەرهەمی دەهێنێتەوە. لێرەوە حەزدەکەم بێمە سەر وێنەی دووهەمی باسەکەمان کە وێنەی کوردە لەلای گەلانی دراوسێ. وێنەی کورد لەلای ئەمان وێنەی «چەتە»یە، واتە هەر هەمان ئەو وێنەیەیە کە خۆرهەڵاتناسەکان بەرهەمیانهێناوە، بەڵام بە دیوە سلبییەکەیدا، کورد لای خۆرهەڵاتناسەکان جەنگاوەرێکی چاونەترسە، بەڵام ئەم جەنگاوەرە لای دراوسێکانمان ئەبێتە کەسێکی شەڕکەر، شەڕکەر دژ بە هەموو شتێ؛ دژ بە مۆدێرنیزم، دژ بە دەوڵەت، دژ بە باجدان، دژ بە ڕێکخستنی تازە، دژ بە هەموو ئەو ئایدۆلۆژیاو پرۆژەو نەخشانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەرهەمهاتووە. واتە سیفەتەکانی کورد لای ئەوان هەر هەمان سیفەتی خۆرهەڵاتناسەکانە، بەڵام بە زیادکردنی زنجیرەیەک سیفەتی نێگەتیڤتر. بۆ نموونە سەرەکیترین وێنەی کورد لە زەینی مرۆڤی عێراقیدا، بەوجۆرەی ڕژێمی عێراق پێیدەبەخشێت، یاخود لە زەینی «سەدام حسێن»دا، بە پلەی یەکەم بریتیە لە پیاوکوژێک، ئەو پیاوەی لەودیوو سنوورەکانەوە ئەنێردرێت بۆ کوشتنی سەربازە عێراقییەکان. بە پلەی دووهەم بوونەوەرێکی فۆلکلۆرییە، پیاوێکە نایەوێ بێتە ناو دنیای مۆدێرنەوە، ڕێگرێکە لەبەردەم هەموو هەوڵێکی ڕاستەقینەی مۆدەرنیزەدا، لە ڕاستیدا بە فۆلکلۆرکردنی کورد سیاسەتێکی داڕێژراوبوو لە عێراقدا لە دروستکردنی «تیپی هەڵپەرکێی ڕەشید»ەوە تا ئەوەی سەدام بە جلێکی کوردی ئێجگار کەلەپوریەوە لە میهرەجانی «مەربەد» لە هەشتاکاندا، هاتە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکان.
وێنەی ئایەتوڵا خومەینیش بۆ کورد وێنەی کافرو دژی ئینقلابە، وێنەی کوفرێکی گەرۆکە بەناو مێژوودا. ئەم وێنەیە ڕەگە قووڵەکانی لەناو کەلەپوری ئیسلامی خۆیدایەو، خومەینی لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا چاپێکی نوێی دەکاتەوە.
لە تورکیاشدا، وێنەی کورد وێنەی پیاوێکی شاخاوییە، بە هەموو ماناو دەلالەتێکی سلبی. لە شوێنی یاخیبوون و «تیرۆر»ەوە، بۆ سومبلی ئەنتی ـ مۆدێرن و سومبلی پاشکەوتەیی.
ئەم سێ وێنەیە، لەڕاستیدا زیاتر تەعبیرن لە خودی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئێرانی و تورکی، تا لە واقیعێکی بەرجەستەی کوردیی. ئەم وێنانە زیاتر باس لە عەقڵییەت و پێکهاتەی ئەم ناسیۆنالیزمانە و تێڕوانینیان بۆ نەخشەو کێشە سیاسییەکان ئەکات، تا باس لە کورد. هەر سێ ناسیۆنالیزمەکە پێویستیان بە خوڵقاندنی ئەو وێنانە هەبووە. ئەو وێنانە ئەو پانتاییەن کە ئەو ناسیۆنالیزمانە، لە ڕێیانەوە شووناس یاخود کەسایەتییان بەخۆیانداوە.
وێنەی کوردیی، هەمیشە بەهانەهێنانەوەیەک بووە بۆ فەشەلی ئەو ناسیۆنالیزمانە، ئەو خاڵەبووە ئەو ناسیۆنالیزمانە کەوتنەکانی خۆیان پێتەفسیرکردووەو، هەرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیان پێداپۆشیوە. بەکورتی ئەم وێنانە چەندە هەڵەو نائینسانین، بەڵام بەهەمان ڕادەش پێویستن.

بەختیار عەلی: ڕەنگە خۆرئاوا بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە هەندێ ساتدا وێنەی «قوربانی» لە کورددا ببینێتەوە، ئەگەرچی لە هەموو کاتێکیشدا ویژدانی خۆی پێوە سەرقاڵنەکردووە، بەڵام گەلانی دراوسێ، ڕژێمەکان و بەشێکی زۆری خەڵکە سادەکانیش، کورد وەکو «پیاوکوژ» و

«بەکرێگیراو» سەیردەکەن، لێرەوەهەتا ڕۆشنبیرانی عەرەبیش لەمساتەداو لە ڕابوردوشدا (ژمارەیەکی بچوکی لێدەرچێت کە شایەنی باس نیە) باس لە قوربانیبوونی کورد ناکەن، دوای ڕووداوەکان ئێمە هەموومان زۆربەی ئەو ووتارانەمان خوێندەوە کە بە لێشاو لە ڕۆژنامەگەری عەرەبیدا لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە، بەڵام کەمیان باس لە کورد دەکەن، وەکو گەلێک کە مەسەلەیەکی هەیە، بەردەوام باس لە پیوەندی حەفتاکانی بەرزانی و ئیسرائیل دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کولتوری ڕقەی کە عەرەب بەرامبەر ئیسرائیل هەیەتی بگوازرێتەوە بۆ کورد، ئەمە لە کاتێکدا دەزانین پەیوەندی کورد بە ئیسرائیلەوە لە ئاستێکی هێندە سنورداردا بووە کە شەرمە ناوی بنێین پەیوەندی، بەتایبەت لە ساتێکدا کۆی ڕژێمە عەرەبیەکان و «ڕاف»یش لەگەڵیاندا گلاونەتە ئەو گەمە نایەکسانەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا ... بۆیە مەسەلەکە لەوەوە نایەت کە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا خۆی چیە؟ حەرامە یان حەڵاڵە؟، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گوناهبارکردنی کورد بەهەر نرخێک بووە، نووسینەکانی «کەنعان مەکیە» و «حازم صاغیە»ی لێدەرکەم، ئەوەی لەم دواییەدا خوێندمانەوە خۆخافڵکردنی ڕۆشنبیرە عەرەبیەکان دەسەلمێنێت لە مامەڵەکردندا لەگەڵ کورددا، وەکو کێشەیەکی ئینسانی و سیاسی، هیچ نووسەرێکی عەرەب باسی وێرانکردنی کوردستان و وێرانکردنی پێکهاتەی ڕۆحی و دەروونی و ئەخلاقی کورد ناکات کە بەدەستی فاشیزم لە عێراقدا ئەنجامدراوە. بۆیە دیالۆگ لەگەڵ ئەو عەقڵیەتەشدا زۆر زەحمەتە. ئەوەی لە کوردستان ڕوویداو ڕوودەدات مرۆڤی عەرەب و ڕۆشنبیرانی عەرەب لێیبەرپرسیارن، ئێمە وەکو کۆمەڵێ ڕۆشنبیری کورد، دەبێت تەواو پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە بەبێ دارشتنی پرۆژەیەکی لێبوردنی سەرتاسەر کە لە ڕێگایەوە ویژدانی عەرەبی هەوڵبدات خۆی لە کەلەپورو پاشماوەی فاشیزم پاکبکاتەوە دیالۆگ ئەستەمە. ئەستەمە تۆ لە «ئەنفال» بێدەنگ بوو‌بیت و من بە ویژدانێکی ئاسوودەوە باس لە دیالۆگی فیکری و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەم لەگەڵتا... ئەمەیان بێمانایە. «دیالۆگ» لەدوای پرۆژەی پاکبوونەوەی ویژدانی عەرەبی دەستی و عەرەبی دێت لە تاوانەکانی فاشیزم، ئەویش تەنها کاتێک مومکینە کە ڕۆشنبیری عەرەبی دان بە تاوانەکەدا بنێت و مەلەفەکانی بخاتەڕوو و، ئەو عەقڵ و ویژدانە دەستەجەمعیەش بخاتە بەر دادگا کە بەرهەمیهێناوە. بەبێ ئەوە هیچ پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان کوردو عەرەبدا ناخوڵقێت، من وەک کوردێ پەیوەندیم بەوەوەنیە مەسعود بەرزانی یان جەلال تاڵەبانی ئەنفال لەبیردەکەن یان نایکەن، بەڵام من وەک مرۆڤێ هەڵوێست بەرامبەر بەو کەلەپورەی فاشیەت بە جەوهەریترین هەڵوێست دەزانم لەم ساتەدا.

مەریوان ووریا : لە دەرەوەی تۆمەتی تاوانبارکردندا شتێکی ئەوتۆ نیە بکرێ باسی بکەین، لەراستیدا ئەمەش پەیوەندی بە فەزای ناسیۆنالستی عەرەبیەوە هەیە. ناسیۆنالیزم بریتیە لە حیکایەتێکی ئەفسانەیی کە پڕیەتی لە دوژمنی وەهمی. بەدبەختانە کورد یەکێکە لەو دوژمنە وەهمیانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە بەدرێژایی ئەم سەدەیە دروستیکردوە. ئەگەر بوونی مەترسیەکی دەرەکی و مەترسیەکی ناوەکی بەشێکی دانەبڕاوبێت لە هەموو گووتارێکی ناسیۆنالیزمی، ئەوا کورد ئەو بوونەوەرە بووە و ئەم ڕۆڵەی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ناسیۆنالیزمەکانی دیکەش بینیوە. کورد لە ناوەوەڕا ئەو بونەوەرە عاسی و شێوێنەرە بووە کە «ڕیزەکانی گەل» و «یەکێتی خاکی وولات» و «خەریتەی سیاسی» خستۆتە بەر هەڕەشەوە. لە ئاستی دەرەکیشدا بە بەستنی پەیمان و هاریکاریکردنی دوژمنان «ئەمنی نەتەوەیی» تووشی مەترسی گەورە کردوە. ئەم وێنە ئەفسانەییە کە درۆیەکی مێژوویی گەورەیە، لەلایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، وەک «هەقیقەت» پێشنیار کراوە. ئەم «هەقیقەتەش» لە غیابی ئاکارو هەڵسوکەوت و تێڕوانین و مامەڵەی کورد خۆیدا بەرهەمهاتووە. واتە (کورد) بیویستایەو نەیویستایە ئەو ناسیۆنالیزمانە، وەک ناچارییەکی تیۆریی و مێژووییش، ئەو وێنەیەیان هەر پێدەبەخشی. دیارە ئیعترافکردنی کورد بەو وێنەیەو قبوڵکردنی مانای ئیمزاکردنی پلانی لەناوبردون و فەوتاندنی دەگەیەنێت. بەهەمان شێوە ئیمزانەکردن و نەسەلماندنی، مانای جەنگ و وێرانکردن و دواجار ئەنفال و جینۆساید. لێرەوە، کورد، یان ڕاستر بڵێم وێنەی کورد بەوشێوەیەی لەلایەن ناسیۆنالیزمی گەلانی دراوسێیەوە بەرهەمهاتووە، هەر لە سەرەتاوە وێنەیەکی ئیشکالییەو هەڵگری پرۆژەی فەناکردنە، چ بە قبوڵکردن و چ بە پەرچدانەوەی. وێنەیەکە کە بەسەر دوو دیووی یەک جەهەنمدا دەڕوانێ. یەک ژەهرە لە دوو شووشەی جیاوازدا. کێشەی هەرە گەورەش لەوەدایە، ئەم

وێنەیە لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتانەوە قبوڵکراوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەڕادەیەکی زۆریش ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیوە لە بەرهەمهێنانیدا. من لە ڕۆشنبیرانی عێراقی و عەرەبیدا کەسی وام لەیادنییە لە دەرەوەی ئەو وێنەیەدا، یاخود وێنەی کەمەکێ ئەهوەنتر، بەڵام بەهەمان گریمانەوە وێنەیەکی دیکەیان بۆ کورد هەبێ. لە ڕاستیدا سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە دنیای عەرەبیدا، تا ئەم ساتەی ئێستاشمان سیاسەتێکی ناسیۆنالیستییە. من پێشم وایە لەپاڵ ئەم شەپۆلە نوێیەی بووژاندنەوەی ناسیۆنالیزم لە ئاستی دنیادا، ئەو سیاسەتە هەر بەردەوام دەبێ، بەردەوامی ئەمەش مانای بەردەوامی ئەو وێنەیەی باسمکرد. لێرەوە ڕەخنە لەوە فەزا ناسیۆنالیستییە عەرەبییە، کە ڕۆشنبیری عەرەبی کەم تا زۆر نووقمە لەناویدا، و تێکشکان و ئاشکراکردنی ڕەگەزە ئەفسانەییەکانی ئەو وێنەیەو بونیادەکەی کارێکی گرنگەو دەبێ لە ئایندەدا گرنگی زیاتری پێبدرێت. چونکە ئەو وێنەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤی ئێمە.

بەختیار عەلی: ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم ساتەوەختەدا بە قەیرانێکی سەختدا دەڕوات، هەر لێرەوە لە ئێستادا هەستکردن بە گریمانەی «پیلان» لەلای ناسیۆنالیستەکان چەندین جار لە ڕابردوو گەورەتر بووە، ناسیۆنالستە عەرەبەکان ئێستا بۆ یەکێ دەگەڕێن کە گوناهەکانی بخەنەپاڵ. خیتابی ناسیۆنالیزمی عەرەبیش هەمیشە وا سەیری کوردی کردووە کە ئەو پیلانەی دژی ئەو لە کایەدایە، کورد دەبیات بەڕێوە... نووسینێکی «غەسان الامام»م خوێندەوە، عێراق بە باڵۆنێک دەشوبهێنێت کە لەناو ئەم باڵۆنەدا نارنجۆکێکی کاتی هەیە کە هەڵبەت کوردە .. ئەمەیە وێنەی کورد لای ڕۆشنبیری عارەب؛ نارنجۆکێک لەناو باڵۆنێکدا.

ئاراس فەتاح: من پێموایە کە دەوڵەتە قطرییە عارەبییەکان لە قەیرانێکی ڕەوایەتی قووڵی مێژوویدا دەژین، قەیرانێک کە هەموو جەستەی کۆمەڵگاو دەزگا دەوڵەتییەکان و پەیوەندی نێوانیانی تەنیوە. لە دوای جەنگی کەنداوی دووەمەوە جارێکی دی پرسیاری ڕەوایەتی سیاسی - دەوڵەتییانەی دەوڵەتگەلێکی قطری وەکی عێراق کەوتە ژێر مشتومڕەوە. هەمان کێشەی مەلیک «فیصل» کە لەگەڵ بە کۆمەڵگاکردنی جەستەی دەوڵەتییانەی کۆلۆنیالی عێراقیدا هەیبوو (کە دەوڵەت و حکومەتێکی بێ "گەل"ی هەبوو)و، یەکەمین کەسیش بوو بەو جۆرەش باسی لێوەبکات، لەلای «سەدام حوسەین» و سیستەمی بەعسیزم، ئەو کێشەیەی مەلیک فەیصەل، بە جۆرێکی بنبڕانە چارەسەردەکرێت، ئەویش بە سەقامگیرکردنی دڕندانەترین و تۆتالیتاریترین سیستەمی پۆست کۆلۆنیالی، نەک بەتەنها عەرەبی، بەڵکو لە جیهانی سێدا نموونەی دەگمەنە.
ئالێرەدا ناسیۆنالیزمی عارەبی دەبێتە پرۆژەیەک کە لەناو سنووری دژ بە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، هەموو ڕەهەندە پێشکەوتووخوازەکانی خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێتە پرۆژەیەکی شۆڤێنی و تۆتالیتێر. یەکێک لەو کیانە کۆمەڵایەتییانەی کە دەبێت باجی ئەم پرۆسەی داپڵۆسینانە بدات، بریتی بوون لەو ئێتنیانەی کە لەناو جەستەی کۆلۆنیال بەجێماوی دەوڵەتی عەرەبیدا دەژین. کوردیش یەکێک بووە لەو کیانانەی کە هەمیشە وەکی جەستەیەکی نامۆ - ترسناک لەناو لەشی عەرەبیدا تەماشاکراوە. هەموو پرۆتێستێک (معارضە)و ڕاپەڕینێکیش بە کردەیەکی دەرەکی مۆرکراو و، لەوێشەوە پسوڵەی ڕەوایەتی بۆ چەپاندنی دۆزراوەتەوە. واتە کورد لەو ساتەوەختەدا بەوێنادەکرێت، کاتێک کە لەناوچوونی وێنەی خۆی لەناو وێنەی عەرەبیدا پێقبوڵ بێت؛ ئەو ساتەوەختەش دەبێتە بەشێکی وێنەی دوژمن، کاتێک کەباس لە ڕەوایەتی مێژووییانەی وێنەی خۆی بکات.
هەڵبەتە گەر ئێمە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان لەپێش چاو بگرین لە چاوپێکەوتنەکەی کە لەگەڵ «برزان التكريتي» لە ڕۆژنامەی «الحياة»دا کراوە، جارێکی دی بەتەواوەتی بەرجەستەی ئەو دیدەی سەرەوە دەکات. لە کاتێکدا کە گەڕانەوەی (پ.د.ک) بۆ بەغداو داوای یارمەتی بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بە گەڕانەوەی برابچکۆلەی خۆیان بۆ ناو پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عێراقی دەبینێت و، بە کردەیەکی نیشتمانپەروەرانەی لە قەڵەمدەدات و لەوێشەوە پسوڵەی «قبوڵکردن»ی وەکی «ابن الضال»ی پێدەدرێت، گومانی تێدانییە کە ئەمەش بە

ئەسیمیلەکردنی بوونی کورد خۆی لەناو جەستەی عێراقیدا کۆتاییپێدێت. واتە ناسیۆنالیزمی عارەبی کاتێک کوردی پێهەرس دەکرێت، کە کورد وەکی ئێتنیەکی هەرسکراو لەناو جەستەی دەوڵەت و کۆمەڵگای عارەبیدا ئامادەبێت.

مەریوان ووریا: ئەمە ڕاستە، بەڵام کورد بە درێژایی ئەم سەدەیە مەحکوم بووە وێنەی خۆی دورستبکات، چونکە هەموو ئەو پرۆژانەی دروستبوون، پرۆژەی تواندنەوەبوون؛ لەسەرەتادا پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، دواتر بۆتە پرۆژەی پان عەرەبیزم. لەبەر ئەوەی حەتمیەتی بەرهەمهێنانی وێنە لای کورد، حەتمیەتێکی حەیاتی بووە. پەتێک بووە بە ژیانیەوە گرێدراوە ... بەڵام ئەمە لایەنێکی ئەو حەتمیەتەیە لایەنەکەی دی ئەوەیە کە باسمانکرد؛ «وێنەی خۆرهەڵاتناسەکانە»، ئەوان پێش کورد لەسەرەتاوە وێنەیەکیان بۆ کورد بەرهەمهێنابوو و هەرچۆنێک بوویێت کورد ئەو وێنەیەی کردۆتە بەرخۆی. دواتر ئەو کۆمەڵە شاعیرە یۆتۆپیەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دێن، ئەوانیش کلێشەی هەندێ وێنە دادەڕێژن بۆ نموونە: ئەحمەد موختار هێلی ئاسن دەباتە شاخی هەورامان، یان قانیع لە چلەکان و پەنجاکاندا سۆسیالیزم دروستدەکات، هەروەها ئایدۆلۆژیستەکانی کوردیش وێنەیەکی تایبەتی دروستدەکەن... واتە پرۆسەی دروستبوونی وێنەیەکی تایبەتی و جیاواز بۆ کورد بەدەر لە وێنەی هاوولاتی ناو دەوڵەتی قطری پرۆسەیەکی حەتمی بووەو، فەرهەنگی ئێمە بەشێکە لە مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتی، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەم وێنەیە یەکسەر ڕووی تەقیوەتەوە بە تەفسیری میللەتی باڵادەستدا، کە هەڵبەت ئەو میللەتانەش لەو ساتەدا پێویستیان بە وێنەیەک هەبووە، چونکە خیتابی باڵادەست لای ئەوانیش خیتابێکی ناسیۆنالیستی یان پان ناسیۆنالیستی بووە، بۆ نموونە: بۆ عەرەب کوردو ئیسرائیل دوو وێنەی باشبوون کە لە پاڵیا ناسیۆنالیزمی عەرەبی پەرەی بەخۆیداوەو خۆی گەورەکردووەو لە هەمان کاتیشدا شەرعیەتی بەخشیوەتە سیاسەتی نوخبەیەک لە نوخبەکان. ڕۆشنبیری عەرەبیش دەکەوێتە ناو ئەم گەمەیەو دواجار تەبەنای هەڵوێستی جەلادانەی نوخبە دەستەڵاتدارەکان دەکات. ئەگەر شتەکانیش کورتبکەمەوە دەڵێم : ئەگەر «خۆرهەڵاتناسی» و «کورد» دوو وێنەیان بەرهەمهێنابێت لەیەکدی تێنەگەیشتبن «وەکو کاک بەختیار ووتی»، کوردو دراوسێکانی دوو وێنەیان دروستکردووە کە یەکتریان تێکشکاندووە. پەیوەندییەکە لە ئاستی کوردو خۆرهەڵاتناسیا، پەیوەندی دوو کەڕو لاڵە، بەڵام لەگەڵ دراوسێکاندا دەبێتە پەیوەندی جەلادێک و قوربانیەک.

بەختیار عەلی: کارەساتەکەش لەوەدایە کە ڕۆشنبیرانی عەرەب هەمان هەڵوێستی جەلادەکانیان هەیە، ڕەمزە پیرۆزەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی، دەبێتە ڕەمزی پیرۆز بۆ ڕۆشنبیرە عەرەبەکانیش. بەڵام ئاشکرایە کە ئایدۆلۆژیای شۆڤێنی عەرەبی توانای ڕەمزی زۆر گەورەی نیە، لێرەوە تەنها سنوورەکانی خۆی گۆڕیوە بۆ سنووری موبارەک، ڕۆشنبیرانی عەرەبیش لەمسەری چەپەوە بۆ ئەوسەری ڕاست بەشداریدەکەن لە پرۆسەی پیرۆزاندنی ئەو سنوورانەدا، ئەگەر چی بەسەر جومجومەکانی کەلێکی تردا تێدەپەڕێت... ئاشکراشە کە پیرۆزاندنی سنوورەکانی عێراق یەک مانای هەیە ئەویش وێرانکردنی مرۆڤی کوردو پاشەڕۆژی ئەو مرۆڤەیە، چونکە ئەو سنوورانە تەنها بە ناو خاکی کورددا درێژ نەبۆتەوە، بەڵکو بەسەر مێژووی کوردو داهاتووشیدا کشاوە. لەم ئاستەشدا ڕۆشنبیری عەرەب خیتابی ناسیۆنالیزمی عەرەبی نەخوێندۆتەوە، بۆیە ناتوانێت لایەنە وەحشیگەرییەکانی ئەو خیتابە ببینێت. هەرئەمەشە وادەکات دیالۆگ لەگەڵ ڕۆشنبیرانی عەرەبیدا مومکن نەبێت، تا هەڵوێستی خۆیان لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەوجۆرەی کە هەیە ڕوونەکەنەوە.

ئاراس فەتاح: هەرچا «جورج قرم» دەڵێت، ڕۆشنبیری عارەبی ئەمڕۆ بەرگری لە «سکون» و «نەگۆڕان» دەکات، نەوەکو لە گەشەکردن و گۆڕان. نەگۆڕان و سکونییەت بووەتە خیتابێکی ئایدۆلۆژی بۆ ڕۆشنبیرانی عەرەب.

ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی عارەب بە بەرەی فەندەمێنتالەکەی و بەرە عەلمانیەکەشیەوە، لە چەپەوە بۆ ڕاست، زیاتر بەرگری لە دۆخی (القائم) دەکەن کە ئێستا لە قەیراندایە. بەرگری لەو سنوورانە دەکەن، وەکی سنووری سەدیمی، چونکی بریندارکردنی ئەو سنوورانە، وەکی بریندارکردنی جەستەی ناسیۆنی عارەب و لەوێشەوە بریندارکردنی هەستی ناسیۆنالیستی عارەبی دەبینن. ئەم

کێشەیە وەکو چۆن ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە، لە جەوهەردا هەمان کێشەیە کە ڕووبەڕووی گەلی خوارووی سوودان و بەربەریەکان و قیبتییەکان و... هتد بووەتەوە کە هەموویان لەناو دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عارەبیدا لە کێشەی کولتوری ـ سیاسی قووڵدا دەژین.

لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرانی عارەبی لەوە دەترسن قسە لەسەر ئەم کێشانە بکەن، چونکە ئەمانە هەمووی لێدانی زەنگی ترسناکی دابەشبوونی جیهانی عارەبی لەناو خۆی هەڵگرتووە؛ جیهانێک کە هیچ چارەسەرێکی هیومانی یاخود شارستانی ئەو کێشانەی پێنیە، جیهانێک کە ناهاوئاهەنگێتی خۆی لەسەر لاشەی ئەو میللەتانە تەبادەکات. ئالێرەوەیە کە ڕۆشنبیرانی عارەبی بەوپەڕی هۆشیارییەوە بەشدارن لە هەموو ئەو کارەساتە مرۆییانەی کە سیستمە عارەبییەکان لە ناو جەستەی ناعارەبیدا پیادەیدەکەن.

من لێرەدا کێشەکە بەتەنها لەوەدانابینم کە ڕەخنە لە پراکتیکی سیاسیی سیستەمێکی وەکی بەعسیزم بگیرێت، بەڵکو کۆی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عارەبی و بەرهەمەکەی، کە لە دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عارەبیدا بەرجەستەدەبێت، پێویستە بخرێتە ژێر پرسیاری ڕەوایەتی ـ سیاسییەوە. ڕۆشنبیرانیش لێرەدا لەپێش هەموو کەسێکەوە ڕووبەڕووی لێپرسراوێتییەک دەبنەوە، کاتێک کە هۆشمەندانە بێدەنگبوونیان وەکی خیتابێک هەڵبژاردووە، گەر نەڵێین بڵندگۆی پاڵەوانیتی سەرۆکە دیسپۆتە «مستبد» عارەبییەکان بوون، چونکی ئەو کەلەپوورەی کە ئەم سیستەمانە، ئەوە بەدوای ئەوە دەیگوێزنەوە، بەرهەمهێنەری عەقڵی ڕۆشنبیران و نوخبەکانی تری ناو کۆمەڵگای عارەبین. ئێمە هەموومان هەڵوێستە شۆڤێنییەکانی ڕۆشنبیرە گەورەکانی عەرەبمان لەیادە بە درێژایی تەمەنی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان، تا دەگاتە ئەنفال و جەنگی کەنداوی دووەم.

بۆیە من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو دیدەدام کە پرۆژەی دیالۆگی کوردو عارەب، کاتێک دەتوانێت زەمینەی هەبێت کە ڕۆشنبیرانی عارەبی بە پرۆژەیەکی جەریئانەی لێبووردنخوازییەوە، کە ئەڵبەتە نرخێکی شارستانی گەورەی دەبێت لە ناو مێژووی کەلەپوری ڕۆشنبیری و سیاسەتدا، ڕەخنە لە زەبروزەنگی سیاسی، کولتوری، کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی سیستەمی فیکریی عارەبی و بەرهەمەکانیان و، لەپشت ئەمانەشەوە پراکتیکی سیاسییەکەی کە لە ڕێگای دەوڵەتە عارەبیەکانەوە پیادەدەکرێن، بگرن و، چیدی لەناو فەنتازیای بەرژەوەندی دەوڵەتی ناسیۆنی عارەبی، میللەتانی ناعارەبی بە خولقێنەری ئەمەریکاو ئیمپریالیزم و زایۆنیزم نەبینن. ڕاستە، ئەمڕۆ ئەمەریکا لە ناوچەکەداو، لە دووتوێی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی، جۆرێک لە سیاسەتی بە ئینسانکردنی مەسەلەی کورد بەکاردەهێنێت، بەڵام گێلێتی و گەمژەییەکی گەورەیە بگووترێت؛ هێندەی مەسەلەی فەلەستین چووەتە ستراتیژی ئەمریکییەوە، بە هەمان پلەش مەسەلەی کورد چووەتە ستراتیژییەوە!

مەریوان وریا: ئەوەی ئەمەریکا بۆ کوردی کردووە ناچێتە ئاستی چارەسەرێکی سیاسییەوە، بەلام ئەمەریکا شتی گەورە بۆ هەموو ڕژێمە عارەبییەکان دەکات. ئەوەی ئەمەریکا بۆ میسر یا سعودی یان ئوردونی دەکات، بەراوردناکرێت لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا بۆ کوردی دەکات؛ ئەمە لە ساتێکدا کە بەرگریکردن لەو سیستمانە بۆتە بەشێکی هوشیاری ناسیۆنالیستی لای ڕۆشنبیرانی عارەب، کە ئەمەش مانای بەرگریکردن دەگرێتەوە لە ئەمەریکا خۆی. هەر لێرەوە ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەی عارەب لە ناکۆکیەکی قوڵدا دەژین و تا ئەم ساتەش دەرکیان بەو ناکۆکیانەی خۆیان نەکردووە. پێموایە ئەوەش پەیوەندی بە جوڵاندنەوەی ناسیۆنالیستی عارەبی خۆیەوە هەیە کە وەک هەر بزاوتێکی ناسیۆنالیستی دیکە، جوڵاندنەوەیەکە لەسەر ناکۆکی دروستبووە، بەڕادەیەک دەکرێت بڵێین جوڵاندنەوەی ناسیۆنالیستی کاتێک دروستدەبێت کە ناکۆکیەکان نەبینێت و چاو لە ئەفسانەکانی خۆی بپۆشێت .. من پێموایە کە ڕۆشنبیرانی عەرەب تا ئەمڕۆ دیلی ئەو ئەفسانانەن کە ناسیۆنالیزمی عارەب دروستیکردووە.

ئاراس فەتاح: لە ڕاستیا کێشەکە نەبوونی یاخود وونبونی «غیابی» دیالۆگە لە نێوان «عەرەب» و «کورد» دا، بە مانایەکی تر، دەکرێت بڵێین؛ «کورد» هەمیشە بەدوای دیالۆگدا گەڕاوە چ لە

ئاستی کولتوریدا بێت یان ئاستی سیاسی... گەر تەماشای ئەدەبی کوردی بکەین لایەکی گەورەی تایبەتە بە ئەدەبی هاوکاری خەباتی گەلانی عارەبی و گەلانی چەوساوەی دی لە جیهاندا، وە ئامادەیی بەردەوامی حیزبە کوردییەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا، بۆخۆی ئامادەگییەکی ئاشکرایە لە دیالۆگخواستی و ڕەتکردنەوەی چارەسەری زەبروزەنگییانەی کێشەی کورد. دیارە ئێمە لەبەرامبەر دیاردەیەکی سەیرداین لە بێماناکردنی، نەک بەتەنها خەباتی ڕەوای میللەتێک، بەڵکو بێماناکردنی بوونی میللەتێک کە هەموو ڕۆشنبیریی عارەبی قانگداوە (ئەڵبەتە ئەمە نەتەوەکانی تری وەکی تورک و فارسیش دەگرێتەوە). گەرهەندێ هەڵوێستی پەرەوازەش لەملاو لەولا هەبووبێ، ئەوا هەندێکیان هەر زوو لێی پەشیمانبوونەتەوە.

بەدەر لە هەموو حیساباتێک کە جەنگ دەبات بەڕێوە، کاتێک دەوڵەتە مەرکەزییەکان ئامادەیی بۆ گفتوگۆ دەردەبڕن، ئەمە هەرگیز لە بڕوایەکی شارستانی و قەناعەتێکی قوڵەوە نەهاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، هێندەی نیشانەی لاوازییەکی سەربازی یان سیاسی یاخود بونیادی بووە؛ ئەمە جگە لەوەی، هەرکاتێ کورد وویستبێتی وێنەی خۆی دروستبکات، لە تەفسیری ئەواندا بۆتە جوداخوازو تێرۆریست یان بەکرێگیراو. من وای دەبینم کە لە پشت هەموو سیاسییەکی نەتەوە سەردەستەکانەوە سەربازێک وەستاوەو نەخشەی ستراتیژی لەناوبردنی میللەتێک دەکێشێت کە چ لە ڕووی چەندایەتیەوە یا لە ڕووی چۆنایەتییەوە ئامادەبوونی ئەو بۆ جەنگ لە هاوکێشەیەکی ناتەبادا دەژی بەرامبەر بە میللەتی سەردەست و ئەوان باوەڕی قووڵیان بەوەش هەیە کە لەوەشدا سەرکەوتوودەبن، لەتەنشت ئەمانیشەوە شاعیرێک دانیشتووەو ئافەرینیان لێدەکات، ڕۆشنبیرێکیش لەسەر مێزەکەی داستانی پاڵەوانێتییان دەنووسێتەوە.

دیارە نموونەی ئەفریقای باشوور، بەدەر لە خەباتی دوورو درێژو بە ئینتەرناسیۆنالیبوونی کێشەکە، چ (ئەی، ئێن، سی،) بە سەرکردایەتی سەرۆکێکی دووربینی وەکی ماندێلا و چ سەرکردە "سپیپێستەکان" گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە نە "ڕەشپێستەکان" دەتوانن دەوڵەت بڕوخێنن وە نە "سپیپێستەکان" دەتوانن زۆربایەتی "ڕەشپێستەکان" لەناوبەرن، بۆیە چەندە لۆژیکی چارەسەرکردنەکەش سانا دێتەبەرچاو، ئەوەندەش پرۆسەیەکی دوورودرێژی دروستبوونی باوەڕی شارستانیشی لەپشتە. ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیریی عارەبی تاوەکو ئەمڕۆ لە دووفاقەییەکی زۆر ترسناکدا دەژی؛ لەلایەک هەڵوێستی پێشکەوتووخوازانەی بەرامبەر بڕێک کێشەی جیهانی هەیە و لە لایەکی دییەوە هەڵوێستێکی شۆڤێنییانەی بەرامبەر «کێشە ناوەکییەکانی» ناو دەوڵەتە عارەبییەکان هەیە. ئەمەش بە تەک و تەنها پاپوکێتی کەلەپوری عارەبی نیشاندەدات و بێبەریبوونی ئەو کولتورەش لە لێپرسراوێتی ئونیڤێرسالی.

مەریوان وریا: من هاوڕێ عەرەبەکانم لە زانکۆ بۆیان باسکردووم کە بەر لە هاتنیان بۆ کوردستان پێیان گووتوون مەچن بۆ «شیمال»، چونکە حەتمەن لەوێ دەتانخۆن ... بەڵام لەوەگەڕێ من نموونەیەکی ترت بۆ بهێنمەوە، من لە ئەمستردام «صادق جلال العظم»م بینی، کابرا بۆتە بەشێک لە ڕژێمی سوری و دەڵێت: «من ئەو سیستەمەی کە ئێستا لە سوریا هەیە قبوڵمە»، من لێمپرسی: لەبەرچی؟ ئەو گووتی «لەبەرئەوەی دژی ئیسرائیلە». گووتم: ئەی باشە ملیۆنێک کورد لە سوریا هەیە کە بە هاووڵاتی پلە دووش حیسابناکرێن، تۆ ئەمە نابینیت؟! ئەمە وێنەیەکی زەقی هەڵوێستی ڕۆشنبیری عەرەبە کە واقیعەکەی خۆی نابینێت و، یەک وێنەی لە دیدی خۆیدا هەڵگرتووە کە هەمان وێنەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. ئەمەش بۆتە زەمینە بۆ وەرگرتنی کۆمەڵێ هەڵوێستی هەڵە لە کۆی کێشەکان.

ئاراس فەتاح: بەڵام دواجار لە ئێستادا «کورد» کێشەیەکە بۆ ئەو دەوڵەتانەو بۆ ئەو کولتورانە، لە ڕێگای کوردیشەوە شەرعیەتی ئەو دەوڵەتانە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا گرنگە بیکەین، ئەوەیە: باشە بەرامبەر بەو هەڵوێستانە، ڕۆشنبیرو سیاسیی کورد چیکردووە؟

کارەساتە لە کاتێکدا ئێمە دەبینین، کە ئەو تاوانە جەنگییانەی کە بەرامبەر کورد کراوە وەکو میللەتێک، نەچووبێتە ناو هۆشمەندی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردەوە، چ لەدەستدانێکی هەستە بۆ بەهای بوون، لەکاتێکدا هەموو ئەو دۆکومێنتانەی کە لە دوای ڕزگارکردنی کوردستان

وەچنگکەوتن، ئەمڕۆ لە ئەمریکاو وولاتە ڕۆژئاواییەکانی تردا خۆیاندەبیننەوە، ئەوسا گەر فرۆشرابێتیشن، ئەوە بۆخۆی دەچێتە ڕیزی تاوانێکەوە. ساغنەکردنەوەو ئارشیڤنەکردن و بڵاونەکردنەوەی ئەو دۆکومێنتانە بارێکی ئەخلاقی گەورەن بە سەر شانی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانەوە. من بڕواناکەم کە توانای مرۆیی و هونەری و مادی کێشەی سەرەکی بێت (کە ئەمانە دەشێت هەنەدێکیان لە ڕاستی دوورنەبن)، بەڵکو لەپشتی ئەمانەشەوە چەپاندنی هەندێ ڕاستی ترسناک خۆیشاردۆتەوە، ڕاستیگەلێکی وەکو هاتنەڕیزی بەلێشاوی ئەو تاوانبارە جەنگییانە لەپاش ڕاپەڕین بۆ ناو هێزە سیاسییە کوردییەکانەوەو، نەک بە تەنها داڵدەدانیان لەناو خۆیاندا، بەڵکو بەخشینی یان وەرگرتنی هەندێ لێپرسراوێتی گەورەش تیایاندا. کۆمەڵگایەکی لەو جۆرە ڕێکخراو لەڕووی سیاسییەوە کە جەلادو قوربانی لەتەنیشت یەکدا داڵدەدەدات، مانای بوونی پرنسیپی "تەساموح" ناگەیەنێت، بەڵکو مانای هەستنەکردنە بە مێژوو، بێبەهایی مرۆڤ، بێباکی بەرامبەر بە چارەنووسی تاک و کۆمەڵگا. دەشێت لە کاتی ڕەوەکەشدا زۆر بە بەرجەستەیی ئەو دەلالەتە قوڵانەی بێمانایبوونی مردنی مرۆڤمان لەبەردەستدابێت، لەکاتێکدا بڕێک خەریکی گۆشتبرژاندن دەبن و لەتەنیشتیانیشەوە کەسانێ لەبرسا دەمرن.

ئەمە بەتەنها سیاسییەکان نەبوون، بەڵکو ڕۆشنبیرانی کورد بەگشتی لەناو هەمان زەلکاودا مەلەیان دەکرد و زاراوەی پاکانەگەرایانەیان بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە دەدۆزییەوە، وەکو "ئاشتبوونەوەی گشتی" یان "گەڕانەوەی فریوخواردووەکان بۆناو ڕیزەکانی نیشتمانپەروەران"!

«کەنعان مەکیە» لە دەمی «مەحمود عوسمان»ەوە دەگێڕێتەوە کاتێک کە وەفدی کوردان لە پاش تێکشکانی ڕاپەڕین دەچنەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ وەفدێکی گفتوگۆلەگەڵکەردا دادەنیشن، کە یەکێکیان دڕێوترین (تاوانباری جەنگ)ی دوای جەنگی جیهانی دووەمە، ئەویش: «عەلی حەسەن مەجید»ە. لەکاتی لێپرسینەوەی چارەنووسی پتر لە دووسەد هەزار ئەنفالکراودا، «عەلی کیمیاوی» ناڕەحەتدەبێت و دەقیڕێنێت «ئەم موبالەغە گەورەیە چییە؟ ژمارەی هەموویان لە سەدهەزار تێپەڕناکات"!!!

من لێرەدا کارم بەسەر ئەوەوە نییە هەستی ئەو وەفدە گفتوگۆکەرەی کوردستان چی بووەو پەرچەکرداریان چۆن بووە؟ بەڵکو گرفتەکەی من لەوەدایە، چەندە ڕێکخراوە کوردییەکان ئاگاداری هێرشی ئەنفالەکان بوون و چەندەیان کرد لە دژی، ئەوەندەش کۆمەڵانی خەڵکیان لە ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانە ئاگادارکردۆتەوەو بێبەهایانەش ئاکردەبوون بەرامبەر بەو "پاڵەوانانەی" کە پێشئەوەی بێنە ڕیزیانەوە "مەدالیای شەرەف و ئازایەتییان" سەدامییان وەردەگرت. دیارە تەنها چەندان خوێندنەوەی بەرفراوان (لەشێوەی پڕۆژەدا) دەتوانێت دۆکومێنت و دیراسەی هێرشی ئەنفالەکان بکات، ئەمەش بەتەنها کاری ڕۆشنبیران و مێژوونووسان نیە، بەڵکو سیاسییەکانی کوردیش دەبێت مەوزوعی و جەریئانە بەشداربن.

لە ڕاستیا ئاشکرایە کە زۆر لە نوخبەکانی کورد لەگەمەی خۆبەبرابچووکزانیندا ژیاون، بۆ نموونە: لە ئەدەبدا گۆرانی شاعیر عارەب بە "برا گەورەی چاوڕەش" لە قەڵەمدەدات. یاخود یەکێ لە حیزبە کوردییەکان کۆنفرانسێکی خۆی ناودەنێت «قودس»... ئەمە بۆخۆی چوونە پێشەوەیەکی شەرمنانەیە بۆ ئەوەی خۆی بکاتە برا بچوکێکی ڕژێم یا بزوتنەوە عارەبییەکان، یاخود کەرکوک لە ململانێی هەڵبژاردندا، دەبێتە قودسی کوردستان. بە گشتی ڕۆشنبیری کورد ڕەخنەیەکی جیدی لە پڕۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەرامبەر بە کێشەکەی نەگرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کە دیالۆگێکیش لەگەڵ دەوڵەتەکاندا کراوە، هەمیشە ئەو لەسەر ئاستێکی دیبلۆماسی ڕووتدا بووەو هیچ هەستێک بەلێپرسراوێتی مێژوویی بەرامبەر بە مافەکانی کورد لە پشت ئەو دیالۆگانەوە نەبووە. لە خۆرئاوا نموونەمان زۆرە بۆ لە جۆرە کێشانە تا ئەمڕۆ لە نێوان ئەڵمان و چیکدا کێشەیەکی نەتەوەیی و کولتوری قووڵ هەیە لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵواسراوانەی کە لە دەرەنجامەکانی نازیزم و ڕووخانی نازیزم لە دوای جەنگی جیهانی دووەمدا کەوتەوە. مەبەستمە بڵێم خۆرئاوا لەناو خۆیدا تا ئێستاش لە کێشەیەکی شارستانیدا دەژی بەرامبەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئێتیکی سیاسەت. لای عارەبەکان بێدەنگییەکی ترسناک هەیە لەئاست هەموو ئەو وەحشیەتگەرێتییەی کە سیستەمێکی وەکو بەعسیزم لە کوردستاندا پیادەیکردەوە پیادەیدەکات، یاخود یاخود بەرامبەر سیاسەتە شۆڤێنیەکانی بەعسی سوری... کە دەڵێم (بێماناکردن) دەبێتە

جۆرێک لە خیتابی سیاسی بەرامبەر بە مرۆڤی کورد و کوردستان، مانای ئەوەیە ئەو پراکتیکە سیاسییانە لە هەموو دەلالەتە سیاسی و مرۆڤانەکانی خۆی دەرکراوەو کورت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەعس بەتەنها هەڵەیەکی سیاسی کردووە بەرامبەر بە کورد، بەڵام من وای دەبینم کە ئەمە بەتەنها هەڵەی سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی نییە، هێندەی جەوهەری کولتورێکە و جەوهەری پرۆژە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستییەکەیەتی.

جێگای رێزلێگرتنە کە یەکێکی وەکو «کانعان مەکیە» پرۆژەی تابوکردنی یان قەدەغەکردنی جەنگ بۆ لەشکری عێراقی پێشکەشدەکات، بە جۆرێک کە ببێتە بەشێکی دەستوری دەوڵەتی عێراق، لەشکری عێراقی، لەشکرێکە کە مێژوویەکی پڕ لە بەربەرییەتی لە کوردستان و ناوچەکەدا نووسیوەتەوە، جا بۆیە من ئەو پێشنیارە، سەرباری ئەوەی کە نەغمەیەکی یوتۆپی هەیە و دوورە لە کولتوری سیاسی عارەبی، بە پێشنیارێکی زۆر ڕاست و جەرێئو مرۆڤدۆستانەی دەبینم. لە کاتێکدا موچڕکەم پیادێت، کە ڕستەی هەندێک لە سەرۆکە کوردییەکان لەمێستادا دێتەوە یادم، کە دەیانگووت ئێمە لە پشتەوە خەنجەری ژاراوی لە لەشکری نیشتمانی عێراقی نادەین!

بەختیار عەلی: بەرهەمهێنانی هەموو وێنەیەکی ڕاستەقینەی کورد لەلایەن ڕۆشنبیرانی عەرەبەوە یەک مانای هەیە: ئەویش قورسکردنی ویژدانی عەرەبیە بە گوناهە ڕاستەقینەکانی خۆی، بەڵام ڕۆشنبیری عەرەب ئەمڕۆ جورئەتی نییە کە ویژدانی عەرەب بەو گوناهانە قورسبکات، ویژدانی عەرەبیش ئەمڕۆ توانای نییە ئاوێنەیەک دابنێت و سەیری گوناهەکانی خۆی بکات. بەهانەکەشی ئەوەیە کە خۆی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا قوربانییە. لێرەوە مافی ئەوە بە خۆی دەدات کە جەلادبێت بەرامبەر بە من!... لێرەوە ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەو ناکۆکییەیان بۆ ناشکێت کە ناکۆکی هەستکردنیانە بە قوربانیبوون لە بەرامبەر ئیسرائیل و بێدەنگیانە بەرامبەر بە جەلادبوون بەرامبەر بە کورد... ئەمە ناکۆکییەکی قووڵە کە ڕۆشنبیری عەرەب جورئەتی نییە تەماشای بکات.

مەریوان وریا: بێدەنگبوونی هەموو ئەو ڕۆشنبیرە عێراقییانەی لەم چوار پێنج ساڵەدا ڕایانکردۆتە دەرەوە، دەرهەق بەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد کراوە، بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو جورئەتنەکردنەیە.. بەتایبەت ئەوان لە ناوەوەو لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تاوانانە بوون.

ئاراس فەتاح: دەگمەنن ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بەبێ شەرمی ناسیۆنالیستانە دەڵێن "شەرم لەوەدەکەین کە عێراقین". «کەنعان مەکیە»، یا «هادی علوی»م بەتەنها دێتەوە یاد، بەڵام وەکو پێشتر ووترا «مەکیە» لە دیدێکی هیومانی گەورەوە سەیری شتەکان دەکات و، دەشێت یەکێک بێت لە نموونە دەگمەنەکانی ناو ڕۆشنبیریی عارەبی.

بەختیار عەلی: ئێمەدەبێت «مەکیە» جیابکەینەوە، «مەکیە» لەناو ئەو کولتورە هیومانیەی خۆرئاواوە قسەدەکات و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لەو کولتورەدا هەیە، ئەگەرچی ئەویش لە ئاستی سیاسیدا بە ئاشکرا ناگوازێتەوە بۆ سەلماندنی هەموو مافەکانی «قوربانی».. کە ئەمە ئەرکی ئەو شێوە خیتابەنیە کە «مەکیە»ش پێیدەنووسێت و ئەو جۆرە سەلماندنەش لە سیاقی کارەکانی ئەودا نایێتە پرسیار، بەهەرحاڵ ئەمە ئەرکی تاکەکەسێ نیە، ئەرکی هەموو ئەو سیستمی جیهانبینییە کە ڕۆشنبیری عەرەبی بەرهەمی دەهێنێت... ئەمڕۆ ئەو سیستەمە جیهانبینییە بەهیچ جۆرێ لە پەیوەندی خۆیدا بە کوردەوە پەیوەندی «جەلاد» و «قوربانی» نابینێتەوە، دیدی ئەو جیهانبینییە لە ئاستی ئەو پەیوەندییەدا تەواو کوێرە.

ئاراس فەتاح: کورد وەکو قەوارەیەک کە هەیەو خاوەنی بوونێکی مێژوویی خۆیەتی، تەماشانەکراوە، لەبەرئەوە هەردەم وەکو شتێکی نامۆ و لەشێکی نەگونجاو لەناو ئەو قەوارانەی تردا سەیرکراوە، بۆیە هەر کاتێ گەر وویستبێتی دەنگێکی بگاتە ئەو جیهانەی دەرەوەی خۆی، دەرەنجامەکەی بە سزادان کۆتایی هاتووە، سزادانەکەش هەمیشە سزادانێکی کۆمەڵایەتی گەورەبووە. کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە بنەوە هەڵتەکاندووە، نموونەش: کوردستانی عێراقە (پاشان تورکیا) کە گومان دەکەم بڵێم کۆمەڵگایەکی کوردی، بەمانای کۆمەڵگایەکی جێگیر لە

کوردستانی باشوور هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەعس سزایەکی کولتوری و کۆمەڵایەتی و لە پشتیشەوە شارستانی مەزنی کوردی داوەو، ستراتیژیشی بە لەناوبردنی فیزیکی مرۆڤی کورد دوایبهاتووە...

مەریوان ووریا: گەمەی نێوان کوردو سیستەمەکان لەوە دەرچووە کە لە گەمەی «کۆیلە» و «ئاغا»ی هیگلی بچێت، بەڵکو بووە بە گەمەی «قازی» و «تاوانبار» و ئەمەش گەمەیەکی زۆر ترسناکە، چونکە تۆ تیایدا هیچ شوناسێک وەرناگریت و ژیان لە چاوەڕوانی حوکمێکدا ئەبەیتەسەر.

بەختیار عەلی: ڕاستە، کورد لە هەموو ساتەکاندا کابرایەکە کە لێیدەبوردرێت، کە کورد قەبوڵدەکرێت بە چەمکی لێبوردن قەبوڵدەکرێت لەمساتەدا باوەڕناکەم بوونەوەرێکی لە کورد کافکاویتر لە زەویدا هەبێت، بوونەوەرێکە کە گوناهبارە، کە لە بەردەم دادگایەکدایەو لە دەهلیزەکانیدا بێهوودە بەدوای بەڵگەنامەی بێهگوناهی خۆیدا دەگەڕێت، ئەم لوژیکەش سەدام حسێن داینەڕشتووە، بەڵکو کۆی خیتابی ناسیۆنالی عەرەبی و زەمینە کولتورییەکەی دایڕشتووە.

مەریوان ووریا: بەڵام با ئەفسانەکانی ناو ڕۆشنبیری عەرەبیش لەیادنەکەین، ڕۆشنبیری عەرەبی کۆمەڵێ ئەفسانەی هەیە، لەوانە یەکێتی عەرەب و عەرەبێتی هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی عەرەب دەژین، یان دروستکردنی ئەو وێنە شەیتانییە بۆ خۆرئاوا، یان جیانەکردنەوەی کۆمەڵێ ئاستی جیاجیاو دیتنی واقیعی عەرەبی وەک واقیعێکی یەک ئاست. چەندین ساڵە قسە لەسەر پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەکرێت، بە بێئەوەی ئەم پرۆژەیە بوونی هەبێت، هەلوەسەیەکی ناسیۆنالیستی هەیە لە غیابی واقیعێکی ناسیۆنالیستیدا، کۆمەڵێ دەوڵەتی پۆست کۆلونیال لە دنیای عەرەبیدا هەیە کە بەبێ هیچ شەرعیەت و زەمینەیەک دروستکراون، خودی ئەم دەوڵەتانە کراون بە پرۆژەی ناسیۆنالیستی، ئەو هەموو وەهمەش لە شێوەی حەقیقەتدا خراوەتەڕوو، ڕاستییەکانی دیش بەپێی دوورونزیکیان لەو وەهمانەوە پێوانەکراون و مامەڵەیان لەگەڵکراوە.

بەختیار عەلی: هەر ڕۆشنبیرییەک ئەگەر خیتابێکی هیومانی بەرهەمنەهێنێت، ئەوا خیتابێکی ناسیۆنالیستی ڕوو لە فاشیزم دروستدەکات، ئەمە بە درێژایی مێژووش وابووەو مێژووی ئەوروپاش شاهیدێکی باشە بۆ خوێندنەوەی ئەو حاڵەتە. ڕۆشنبیریی عەرەبیش تا ئەم ساتەوەختە خیتابێکی هیومانی بەرهەمنەهێناوە، ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیشکالیەتی زۆری بەرهەمهێناوە، بەڵام«ئازادی» و «مرۆڤ» بزرێک و نادیارێکی سەرەکییە لە ڕۆشنبیریی عەرەبیا، لێرەشەوە بە دڵنیاییەوە هەڵوێست لە کورد بە تەواوی وەکو مرۆڤ لەو ڕۆشنبیریانەدا بزرە... چونکە هەڵوێست لە «مرۆڤ» بە گشتی بزرە، پێشموایە «ئیسلام» ڕۆڵێکی گرنگی بینیبێت لەو سەرنگوونکردنەوەی مرۆڤدا لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا.

مەریوان ووریا: لێرەوە حەزدەکەم فرسەت بقۆزینەوەو بگوازینەوە بۆ ئاستی سێهەمی ئەو وێنانە کە دەبێت لەسەری بدوێین کە هەڵوێستی ئیسلامە، یان وێنەی ئیسلامە بۆ کورد کە هەڵبەت کاریگەری ئەم وێنەیەش لەسەر تراژیدیای کورد کەمترنییە لەو دوو وێنەیەی خۆرئاواو گەلانی دراوسێ بۆ ئێمەی دروستنەکەن. مێژوونووسە ئیسلامییەکان کوردیان وەکو ئەوەی دێوو درنجەکان پێناسەکردووە کە هەڵبەت ئەمە بۆخۆی دەبێت ئاشکرابێت، چ جۆرە وێنەیەک لە مخیالی موسڵمانانی تردا بۆ کورد دروستدەکات، بەڵام لەمە بترازێت ئیسلام وەکو دینێکی ئەنترناسیونال کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، لە سنووریدا نەبووە پرۆژەیەکی تایبەتی پێشکەش بە کورد بکات، چونکە لە ئاست ئەم مەیلە ئەنترناسیونالەدا گروهە چکۆلەکان و کەمایەتی چکۆلەکان ناتوانن بەرگری لە مەوقعیەتی سیاسی و کەلتوری خۆیان بکەن بەرامبەر بەو گروهە گەورانەی ئیسلام وەکو ئایدۆلۆژیا هەڵدەبژێرن. مێژووی ئیسلامیش زۆر شتمان دەربارەی ئەو گروهانە پێدەڵێت کە

لەناوچوون و کوژاونەتەوە، ئیسلامی هاوچەرخیش لە ئەزموونی ئێرانیەوە تا ئەزموونی ئەرەبەکان، و بەتێپەڕین بە ئەزموونی هەموو حیزبە ئیسلامییە عێراقییەکان، هەر هەموویان لەسەر ئەو خاڵە تەبان کە «کورد برایەکی موسڵمانە» و ئیتر لە پشت ئەم ڕستەیەوە هەموو مافەکانی کورد وونە. لەناو وێنەکانی ئیسلامدا بۆ کورد هەموو ئەو وێنانەی دیکەش ئامادەیە کە بزاوتە ناسیۆنالستەکانی بۆ کورد بەرهەمیانهێناون، چارەسەرەکانی حیزبە ئیسلامیەکان بۆ کێشەی کورد لە چارەسەری بەعس ڕادیکالتر نیە، بەڵکو هەمان خیتابەکانی بەعسە بە شێوەی جیاواز دەیڵێنەوە، ئیتر ئەمە ئەگەر پەیوەندی بە ئیسلام خۆیەوە نەبێت وەک دین، مانای ئەوە نیە کە خیتابی ئیسلامی باڵادەست لە ناوچەکەدا بەوجۆرە نیەو ئەو نیازەی هەڵنەگرتووە. بەڵام هەرچی سەبارەت بە حیزبە ئیسلامییە کوردەکانە، من هەستناکەم ئەم گروهانە، گروهی کوردی سەربەخۆبن و هەریەکەیان لە سەرچاوەیەکی تایبەتییەوە پاڵپشتدەکرێن، هەندێکیان لەتەک ئەریەکاندان و هەندێکیان لەتەک ئێران و هەندێکیان لەتەک سعودیەدان .. واتە بزاوتێکی ئیسلامی کوردی سەربەخۆ نیە، تا هەڵوێستی سیاسی وەکو گروهێکی سەربەخۆ بخوێنینەوە. بەکورتی وێنەکانی ئیسلام بۆ کورد، لە وێنەی ناسیۆنالیزمەکان جیانییە، وە لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ژێرخانی ئەو وێنە ناسیۆنالستانەیە.

بەختیار عەلی: خیتابی دینی لە ناوچەکەدا لە ڕووی سیاسییەوە لە خیتابی ناسیۆنالستەکان جیانەبۆتەوە، «خومەینی» کەمتر ناسیۆنالست نەبووە لە «شا»، مێژووی «ئەریەکان» بۆخۆی شاهیدێکی ئەو حاڵەتەیە. کابرا ڕەگوڕیشەکانی دەچێتەوە سەر گروهی «گورگەبۆرەکان»، کە گروهێکی ناسیۆنالی ڕاستڕەو و فاشییە، لەگەڵ هاتنیشیا قۆناغێکی تازەی پیلانگێران دژ بەکورد دەستیپێکرد، هاتنی کەمێک لە هاتنی «کەمال ئەتاتورک» دەچێت، کورد لە سەرکەوتنی هەردووکیاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە... بەڵام دەرەنجامەکەشی لە هەردوو حاڵەتەکەدا زۆر دراماتیکیە، بەهەرحاڵ «ئەریەکان» ئیسلام دەکات بە چەقێک لە چەقەکانی پان تورکیزم و هەروەکو چۆن خومەینی ئیسلامی کردە چەکی ناسیۆنالیزمی فارسی، ئیسلام بەرگی نوێی بزاوتە ناسیۆنالەکانە و باڵێکی تازەی ناسیۆنالیزمە لەو ناوچەیەدا بۆ خۆی. بڕوانە ئەو دۆخەی کە لە فەلەستین دوای «ئۆسلۆ» دروستبووە. ئەمڕۆ گروهە دینیەکان هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی جۆشدەدەن، لە کاتی شەڕی کەنداویشدا «سەدام» ویستی ئیسلام وەکو چەکێکی ناسیۆنالیستی بەکاربهێنێت. بە مانایەکی تر ئیسلام ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیایەکی دینی ڕووت نیە، بەڵکو ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە هەموو ناسیۆنالیستەکانی ناوچەکە دوای هەرەسی هەموو خیتابە تەقلیدی و مۆدێرنیستەکان لەبەریانکردووە. واتە دیدی ئیسلام پچڕانێکی تیانیە لەگەڵ دیدی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی لە خۆرهەڵاتدا، ئیسلام پاشەکشەی ناسیۆمالیزمە لە مۆدێرنیزم، نەوەکو بزاوتێکی جیابێت و لەدەرەوەی ڕۆحی ناسیۆنالیزم دروستبوبێت، بەمانایەکی تر ئەوەی کە بیەوێت ئیسلام لە دەرەوەی بزاوتی ناسیۆنالیزم بخوێنێتەوە، بەهەڵەیەکی گەورەدا دەچێت و دەکەوێتەوە ناو هەمان گەمەوە کە ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئیسلامەوە تێیبپەڕێنن. ئیسلامی سیاسی ئێستا ئایین نیە، بەڵکو باڵێکە لە باڵەکانی ناسیۆنالیزم و دەرەنجامی ئەو ناکۆکی و کێشەو گۆڕانکارییە چوونیەکانەیە، کە باڵە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی ڕابردودا بەسەریداهاتووە... لێرەوە شوێنی مرۆڤی کورد لە دیدی ئیسلامیدا جیاوازیەکی نیە لە شوێنی ئەم مرۆڤە لە دیدی سیستمێکی ناسیۆنالی عەرەبی یا تورکی یا فارسیدا.

واتە ئەوەی کە پێیدەگوترێت ئەنترناسیونالیزمی ئیسلامی، تەنیا پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوە بچووکەکانە لەناو گەورەکاندا، نەوەکو کاڵبوونەوەی ڕۆحی ناسیۆنالیزمی ئەو گەلە باڵادەستانە؛ واتە ناسیۆنالیزمە کە ئیسلام دەبات بە ڕێوە، نەوەکو ئیسلام ناسیۆنالیزم ببات بەڕێوە.

ئاراس فەتاح: من وای بۆدەچم بەدەر لە کاریگەرییە دەرەکییەکان، واتە ئەو کاریگەریانەی دوای شۆڕشی ئێران و جەنگی ئەفغانستان لەم کۆتاییەشدا حکومەتی ئەریەکان، دروستبووە، یان کاریگەری بزاوتە ئیسلامییەکانی دی، وەکو «وەهابیەکان»، کە ئەڵبەت بە کۆمەکی مادی و لوجستی گەورە جوڵانەوە ئیسلامییە کوردییەکانیان پاڵپشتکردووە؛ بەدەر لەوە کۆمەڵگای کورد، وەکو کۆمەڵگایەک کە نوخبەی تایبەتی خۆی هەبووە، ئەم نوخبانە هەڵگری جۆرە خیتابێکی

ناسیۆنالیزمی بوون، بەڵام لاوازی ئەم خیتابەو تێکشکاندنی و نووشوستی لەوەی کە ببێتە خیتابێکی دەستەجەمعی سیاسی، دەلاقەیەک بووە کە ئیسلامییەکان لێوەی بێنە ژوورێ و بە خیتابێکی تازەوە کاربکەن و هەوڵبدەن ئەو دەلاقەیە بگرن، ئەمە جگە لەو زەخمە ڕۆحییەی ئیسلام هەیەتی بەخۆی و چارەسەرە غەیبیانییەکانییەوە بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەییەکان، کە هەڵبەت ئەم لایەنە لای مرۆڤی سادەی کورد لەپێش شتە گەورەکانەوەیە، بێگومانیش کۆکردنەوەی ئەو جۆرە خەڵکانەش مەبەستی سەرەکی ئیسلامییەکان بووە، کاتێک کە هاتوون و لە مەیدانی سیاسەتدا کاریانکردووە، بە مانایەکی تر مزگەوت و دەرەوەی مزگەوتیش ئامانجیان بووە. لەخۆڕا نیە حیزبە ئیسلامییە کوردییەکان ناوی «کوردستان» یاخود «کورد»یان بە خۆیانەوە لکاندووە. گەر ئێمە هەر ناوەکان شیتەڵبکەین، دەشێت لە بەرامبەر ئەواندا بەرگری لە ئیسلام بکرێت، وەکی ئاینێکی شمولی، چونکی ئیسلام وەکو ئاین، خیتابێکی ناسیۆنالیی پێنیە، بەڵام ئیسلام لەوکاتەدا دەبێتە خیتابێکی ناسیۆنال کە دەوڵەتی ناسیۆنال هەیەو، کاتێک ئیسلام لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالدا کاردەکات، بە ناچاری دەبێتە خیتابێکی ناسیۆنالی. ڕاستە تەفسیری گشتی پێیە، ئایدۆلۆژیایەکی ئەخلاقئامێزانەی گشتی پێیە، بەڵام لە ئاستی سیاسیدا لە کایەی سیاسەتی ناسیۆنالدا کاردەکات.

مەریوان وریا: پرسیار ئەوەیە ئایا ئیسلام دەکرێت ببێتە ڕێنوماکەرێکی ناسیۆنالستانە بۆ کورد؟

بەختیار عەلی: هەرگیز، ئیسلام کە لە ئاستی ناوچەکەدا نوێنەری ناسیۆنالستە باڵادەستەکانەو بەشێکە لە بزاوتی ناسیۆنالیستی، ئەبۆتە ئیسلامێک بۆ کورد، بەڵکو ئیسلامێکە لە کورددا، ئەمەش دوو حاڵەتی تەواو جیاوازە. ئیسلامی سیاسی کە لە هەناوی گەلێکی ژێردەستداو بەیاریدەی ناسیۆنالیستە باڵادەستەکان دەچێنرێت، وەکو ئەڵتەرناتیڤی پرۆژەی ناسیۆنالیستی دەخرێتەڕوو. مێژووی بزوتنەوە ئیسلامییەکان شاهیدی ئەوەیە کە ئەو بزوتنەوانە پێش ئەو دەستێوەردانە سیاسییە بەرفراوانە کە لە واقیعی ساڵانی هەشتاکاندا پیادەکراوە، بوونیان نەبووە، لە ساڵانی هەشتادا کۆمەڵگای کوردی دەکەوێتە بەر گەردەلوولێکی سامناک کە چەندەها گۆڕانکاری سەیر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، واقیعی کوردی دەبێتە واقیعێکی ئەتککراو، لێرەوە ئەو دەلاقانەی (کاک ئاراس تۆ باستکرد) لەوە دەردەچێت دەلاقەبێت و وەکو پێکهات و بونیاد لەناو جەرگەی ئەو کۆمەڵگایەدا سەوزدەکرێت، بۆ نموونە سەوزکردنی جاش لە بونیادی کۆمەڵایەتیا دەگاتە ئەندازەیەک، دەبێتە ڕەهەندێکی ئۆرگانی کە ڕاپەڕین بەرامبەری هیچی بۆناکرێت و بە پێچەوانەوە هەندێ لە حیزبەکان هەوڵدەدەن لەناو خۆیاندا سەوزیبکەنەوە. ناشتنی نوخبەی نامۆ یەکێکە لە ستراتیژە گشتییەکانی عێراق و ئێران لە ساڵانی هەشتاکاندا، چاندنی «ئیسلامییەکان» یەکێکە لە هەرە ئۆرگانیزترین ئەو پرۆسەی چاندنە... ئیسلامییەکان بەرهەمی ئەو باهۆزی چاندنی نوخبەیەن، پێشتر جوڵاندنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی کەسایەتی ئاینی سەرکردایەتیان کردووە، بەڵام هەرگیز ئەو جوڵاندنەوەیە «ئاین» یان دەوڵەتی «ئاینی» ئامانجی نەبووە. ئیسلام بڕوای دینی سەرکردەکان بووە، بەڵام قەناعەتی ئایدۆلۆژی بزاوتەکان نەبووە، لێرەوە لەدایکبوونی ئیسلامییەکان لەگەرمەی ساڵانی ئاوەژووبوونەوەو تێکشکاندن و دەستێوەردانی بونیادی کوردیاو بەردەوامیش لەو جێگایانەدا کە سنووریان بە سنوری ئێرانەوەیە، ئەوە دەسەلمێنێت کە جوڵاندنەوەیەک نین، ببنە ڕابەر یان ڕێنومایەکەر بۆ بزاوتی ناسیۆنالی کوردی، بەڵکو لە بنەڕەتدا درێژکردنەوەی ئیسلامی بزاوتە ناسیۆنالەکانی دیکەن لە جەستەی ناسیۆنالیزمی کوردیا، بەبڕوای من بەبێ ئەو پاڵپشتە گەورەیەی دەرەوە توانای مانەوەی بزاوتە ئیسلامییەکان زیاتر نەدەبوو (لە قۆناغی یەکەم و قۆناغی سەرەتای ڕاپەڕیندا، لە توانای مانەوەی «حسک» یان «پاسۆک» یان ئەو شتە کۆمیدییەی ناوی «پارتی گەل» بوو)، بەڵام دواتر کە ئیسلام وەکو دین زەمینەیەکی ئامادەی هەیە لە کوردستان و ئیسلامی سیاسی بەجۆرێ خۆی ڕەنگدەکات کە بە ئاسانی لە ئیسلامی دینی جیاناکرێتەوە. ئەمەش هەر پابەندی شاردنەوەی ئەو ڕەگوریشانەیە کە ئیسلامی کوردیی تیایدا هەوڵدەدات خۆی وەکو درێژکراوەیەکی ناسیۆنالیزمی

باڵادەست نیشاننەدات و ڕیشەکانی خۆی وونبکات... بەڵام خۆجێکردنەوەی ئەو گروپانە لەناو ئەو فەزا ڕۆحییە بەتاڵ و ئەو فەزا دەروونییە خاڵی و ئەو فەزا سیاسییە پڕ هەرەسەدا، شتێکی ئێجگار سروشتییە، بەڵام ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئیسلامییەکان بەشداریکەرێکی گرنگن لەپاڵ «پارتی» و «یەکێتی»دا لە خوڵقاندنی ئەو هەرەسە ناسیۆنالییەدا، ئەوان ڕۆڵێکی کوشندەیان هەبوو لەپاڵ ئەوانی دیکەدا، لە پاڵنان بە کوردستانەوە بۆ ئامێزی شەڕی ناوخۆ.. لێرەوە قسەکردن لەسەر ئیسلام، وەکو ئەلتەرناتیڤێ بۆ ئەم بزاوتە ناسیۆنالیانەی ئێستا، یان وەکو گروهێ کە ئامانجی ناسیۆنالیستی هەبێت، وەهمێکی تاڵە، چونکە تا ئەمڕۆ ئیسلام لە کوردستان درێژکراوەی سیاسەتی ناسیۆناڵە بەڵادەستەکانە، ئەم جگە لە وەزیفەی کۆمەڵایەتی و کۆنزەرفەتیڤەکانی لە ناو کۆمەڵگای کوردیا، من پێموایە لە ئیسلامی نەتەوە باڵادەستەکاندا، ئیسلام وەکو ڕیشەی کۆمەڵایەتی و، ئیسلام وەکو سیاسەت پەیوەندییەکی ئۆرگانیان هەیە، لە تورکیا ئیسلام لە ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێت و دەبێتە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام لە کوردستان نوخبەیەکی سیاسی چێنراوە، بۆ ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێت، بەڵام لەو حاڵەتەشدا کە ئەو ڕیشە کۆمەڵایەتییە دەدۆزێتەوە، مانای ئەوەنییە کە وەکو نوخبەی سیاسی سروشتە دەرەکی و نامۆکەی خۆی دەدۆڕێنێ.

ئاراس فەتاح: ئیسلامییەکان لە شەڕی ناوخۆی کوردستان سوودێکی گەورەیان بینی. ئەوان خەونیان بەوەوە دەبینی وەکی هێزێکی ناوەڕاست، لە نێوان ئەو دوو هێزەدا (کە هەردووکیان باس لە شەرعیەتی ڕابەڕایەتیکردنی خۆیان بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالی کوردی دەکەن) وەکو خەتێکی سێهەم بێنە مەیدان، بەڵام لەوەدا بیانەوێت یان بتوانن ئیرادەی ناسیۆنالی کوردی بەرجەستەبکەن، لێرەدا تووشی تێکشکاندنێکی سیاسی دەبن، چونکە زۆربەی گروپە دینییەکان لەگەڵ خۆیاندا ئەو دوالیزمەیان هێناوە دوالیزمی «ئەنتەرناسیۆنالیزم/ ناسیۆنالیزم» ئیتر لە ئەفغانستانەوە بیگرە تا جەزائیرو گروپە کوردییەکانیش بێبەرینین لەو دوالیزمە، جا چەمکە ئەنتەرناسیۆنالیەکەی خۆی لەو ئاستە تەحویلییەدا دەبینێتەوە کە باسکرا، واتە ئیسلامییەکان تا لەڕووی داراییەوە بەهێزبن لە کۆمەڵگایەکی داوەشاودا، توانای کارکردن و گەشەیان زیاتردەبێت، ئەوان لەناو ڤاکیومێکی (فراغ) سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن. ئەوەشی کە دواجار شتەکان حەسمدەکات ئەوەیە تا چ ڕادەیەک لایەنەکانی تر دەتوانن شەرعیەتێ ببەخشنەوە بە خیتابی ناسیۆنالی (کە هەڵبەت لەم ساتەدا زۆر سەختە باسی بەخشینەوەی شەرعیەت بکەین!)... وەکی تر ئەوان دەمێننەوەو بەهێزیش دەبن؛ مانەوەو بەهێزبوونیشیان تا ڕادەیەکی زۆر ملکەچی ئەو چەمکە ئەنترناسیۆناڵە ئیسلامییەیە کە هەڵیانگرتووەو، ملکەچی ئەو پەیوەندییە دەرەکیانەیە کە وەکو هێزێکی سیاسی پاڵپشتیاندەکات و لەکۆتاییشدا ملکەچی کەوتنی مانای سیاسەتی نەتەوەییە لە کوردستان.

بەختیار عەلی: ئیسلامییەکان دەمێننەوەو بەهێزدەبن، لەبەر ئەوەی ئیسلامییەکان لەناو کارەساتدا گەورەدەبن و لە کوردستان کارەسات هەیە، ئیسلامییەکان لە فەزای بەتاڵی ئایدۆلۆژیادا گەورەدەبن و لە ئێستادا ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیست بەرەو هەرەسێکی گەورە ڕۆیشتووەو ئایدۆلۆژیاکانی دیش وەکو «مارکسیزم» هێندە بچوک و لاوازو بێکاریگەرن کە لە حوکمی نەبووندان. ئەمە جگە لەو پاڵپشتە دارایی و سەربازی و مانەوەی سیاسییە گەورەیەی دەرەوە، وە لە جگە لە تەشەنەسەندنی بزاوتێکی ئیسلامی سەرتاسەر.لە جیهانی ئیسلامیا (ئەگەرچی ئێستا دەردەکەوێت مەترسییەکەی لەوە کەمترە کە چەند ساڵێک پێشتر پێشبینی دەکرا، بەڵام حاڵەتێکەو تا ئێستا هەیە)... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزاوتی ئیسلامی بزاوتێکی کوردی نیە، بەڵکو بزاوتێکە لە کوردستان، مەبەستی سەرەکی ئەم بزاوتەش گۆڕینی وێنەی کوردە بۆ وێنەی موسڵمان، واتە سڕینەوەی سیمای کوردیە لە وێنەی کورداو گەورەکردنی سیمای موسڵمانە لای مرۆڤی کورد، کە هەڵبەت ئەمە ڕاستەوخۆ جارێکی تر کورد دەگێڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی لە چەرخی هەژدەو نۆزدەدا هەبووە کە تیایدا «کورد» وێنەی خۆی وەکو موسڵمانێک لەلا گرنگتر بووە لە وێنەی خۆی وەکو کوردێک، لێرەوە ئەگەر قوڵتر بڕوانین دەبینین بزوتنەوە ئیسلامییەکان ترسناکترین هەوڵن بۆ تێکشکاندنی هەموو دەلالەتەکانی هەوڵ و خەباتی کورد لەم

سەدەیەداو بیناکردنەوەی وێنەی کوردی موسڵمان لە چوارچێوەی خەلافەتێکی ئیسلامیدا کە هەڵبەت ناوەندەکەی لە جێگایەکی ترە... لەگەڵ گروپە ئیسلامیەکانیشدا گرفت گرفتی «وێنە»یە، بیناکردنەوەی وێنەی کورد وەکی لە چەرخی هەژدەو نۆزدەدا هەیە ئەوەیە جەوهەری پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، ئەربەکان خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەیە، خامنەئی خەونی خەلافەتی عەباسی، ئیسلامی کوردیش خەونی گێڕانەوەی کورد بۆ موسڵمانێکی قەڵەمڕەوی خەلافەت، هەموو بزوتنەوە ئیسلامییەکانیش، یەک دەلالەتیان هەیە (کە پابەندە بە جەوهەری قسەکانمانەوە کە لەسەر میحوەری «وێنە» گردەخوات) ئەویش ئەوەیە، هەموو هەوڵەکانی دروستکردنی وێنەیەک کە کورد لە ئاستی کۆیلەو قوربانییەوە بگوازێتە ئاستی مرۆڤێکی ئازاد، جگە لە خەونێ زیاتر نەبووە. گێڕانەوەی مرۆڤی کورد بۆ قەڵەمڕەوی خەلافەتە دینییەکان، ئەوە دەسەلمێنێت، کە چەرخی بیست بۆ ئێمە تەنها چەرخی خەونێک بووە، لە سەرەتاوە بینیومانەو لە کۆتاییەکەیدا لە خەوهەڵدەستین و خۆمان لە هەمان حاڵەتی پێش خەون بینینەکە دەبینینەوە. واتە ئەگەر خۆرهەڵاتناسی وێنەیەکی هەڵەی بەخشیبێتە کورد، ناسیونالیستەکانی تر وێنەیەکی ناشیرین و دزێویان بەخشیبێتە کورد، ئیسلامییەکان خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو هەوڵەدا دەهێنن و خودی بەخشینی وێنەو پڕۆسەی دروستکردنی وێنە لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنن، چونکە کورد جگە لە موسڵمانێک زیاتر هیچی ترنیە.

مەریوان ووریا: لەڕاستیا من بیر لە شتێکی دیکەش دەکەمەوە، ئەگەر سەیری سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ناسیۆنالی کورد بکەین، دەبینین لە ساتەوەختێکدا دێت کە خیتابی «پان ئیسلامیزم» لەم ناوچەیەدا دەمرێت، بەڵکو گرفتی ئەو بزوتنەوەیە ئەوەیە کە زۆر درەنگ وازی لە خیتابی «پان ئیسلامیزم» هێناوە، بۆ نموونە شێخ مەحمود کابرایەکی دابەشبووە لە نێوان ئینتمایدا بۆ ئیسلامی سیاسی و ئینتمایدا بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی... ئەمە دەریدەخات کە ناسیۆنالیزمی کورد لە دابڕاندا لەگەڵ خیتابی پان ئیسلامیزم دروستبووە، ئەمە جگە لەوەی گەورەترین ڕەمزی بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردی کە نەورۆزو ئاگرە ڕەمزێکی زۆر نا ئیسلامییە... بۆیە بزوتنەوەی ناسیۆنالی کورد ڕەنگە بزوتنەوەیەک بێت، نەتوانێت ئیسلام قبوڵبکات.

بەختیار عەلی: هەڵبەت ئەگەر ووردتریش بڕوانیت، دەبینیت باڵی هاوچەرخی ئەم بزوتنەوەیە لەم سەدەیەدا ڕۆشنبیرانی کورد خوڵقاندوویانە، مارکسیزم ڕۆڵێکی باڵادەستی بینیوە لە داڕشتنی خیتابەکانیا توێژێکی کۆمەلایەتی گەورەشی لە پشتبووە کە خەونی عەلمانی هەبووەو مافەکانی کوردیش هەردەم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عەلمانیدا پێشبینیکراوە، بە ڕادەیەک کە «مەلایەکی» وەکو «مەلا مستەفا» نەیتوانیوە دروشمی دیموکراسیەت بگۆڕێتە سەر دروشمێکی دینی، بەڵام دەبێت ووریاش بین کە «دین» لە ژێرەوە وەکو پێکهێنەرێکی سایکۆلۆژی و نەستیانە کاریکردووەو لە هەندێ ئاستدا دەرەنجامی ترسناکی هەبووە، وەکو من لە «کۆمەڵگای پرسە»دا ئاماژەم بۆ چەمکێکی کردووە.

ئاراس فەتاح: من لەو باوەڕەدام خیتابی ئیسلامی لە کوردستان لە ساتی ململانێدا کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکاندا نەبووە، هێندەی کێشەی لەگەڵ حیزبە «عەلمانیەکانی» کوردستاندا هەبووە. ئەمە لەلایەکەوە... لەلایەکی دییەوە کە مۆبیلکردنی عەقڵانی کۆمەڵگا تووشی تێکشکاندن ببێت، مۆبیلکردنی ڕۆحی وەلامەکەیەتی؛ کە حیزبە کوردییەکان نەیانتوانی کۆمەڵگای کوردی بە جۆرێکی عەقڵانی مۆبیلبکەن (وەکو لە ئەزموونی پەرلەماندا دەشێت تێبینی بکەین)، ئەوا مۆبیلکردنی دینی کریمانەیەکی کراوەیە. ئەمە جگە لەوەی حیزبە کوردییەکان کۆمەڵگای کوردیان فڕێدایە ناو دەمارگیری و تایەفەگەری و عەسەبیاتی جیاجیاو بچووکبچووکەوە، کە دین خۆی لەو جۆرە ژینگەیەدا دەژی، پەروەردەدەبێت و ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیە.

هەروەها حیزبە کوردییەکان چەمکی نەتەوەیان بە جۆرێک فۆرمەلەکردووە کە تیایدا نەتەوە هیچ شوناسنامەیەک هەڵناگرێت. کورد نەتەوەیەکە بەبێ کاراکتەرێکی ئاشکراو دیار کە هەڵبەت ئەمە کار بۆ ئیسلامییەکان ئاسانتر دەکات، تا پڕۆژەیەکی سیاسی و کولتوریی و ناوکۆییەکی ڕۆحی

KURD ARSHIV

دیکە پێشنیاربکەن و لەناو خەڵکدا کاریپێبکەن. لەم بەبنەشدا حیزبە کوردییەکان بۆ نموونە یەکێتی کە ژمارەیەکی باش ڕۆشنبیرانی شار لەناو ڕیزەکانیا بووە، لە ئاست هەموو مەترسییەکاندا بێدەنگبوون و بەبێ ڕەخنە دیاردە ترسناکەکان بەجێهێڵراوەو، تەنها دیوی تەکتیکیانەی مەسەلەکانیان بینیوە. بەخواستی تەکتیکی یاخود بە فشاری ئێران گرووپە ئیسلامییەکان هەمیشە لەلایەن یەکێتییەوە ڕێگەیان پێدراوە لە ناوچەی یەکێتیدا چالاکبن، ئەمەش لەپێناوی بەکارهێنانیاندا لە هاوکێشە ناوچەیی و ناوەکییەکاندا (بۆ خۆشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران یاخود بۆ لاوازکردنی کێشی سیاسی و ڕێکخراوەیی پارتی)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانە ئەوەیە، کە یەکێتی هەمیشە لە کۆتایی گەمەکەیدا کێشەیەکی ستراتیژی بۆخۆی دروستکردووە؛ نموونەی سەرەتای هەشتاکان و سەرەتای ساڵانی نەوەد بەرجەستەی ئەو گەمە هەڵەیەی یەکێتی دەکەن کە لە پاشاندا بە هەندێ تەنازولاتی سیاسی کۆتاییپێدێت، وەکو ئەوەی لەدوای جەنگی یەکێتی و بزوتنەوەدا بینیمان. بە دیوی پارتیشدا، دیارە هێندەی پارتی لە ئیسلام نزیکە باوەڕناکەم گروهە ئیسلامییەکان لێوەی نزیکبن. سەرکردایەتی بارزانی شەرعیەتی خۆی لە بنوبنەچە ئایینیەکەیەوە وەرگرتووەو، لەوێشەوە گەشەی بۆ ڕەوایەتی نەتەوەیی کردووە، بەڵام ئیسلامییەکان ئەوەیان بەوجۆرە بۆ نەڕەخساوە. لەبەرئەوە هێندە یەکێتی شوێنگەی لەبەر مەترسیدایە، پارتی بەحوکمی ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی شوێنگەی خۆی لەمەترسیدا نابینێتەوە. بە گشتی من ڕاموایە نەخستنەڕووی کێشەی ئیسلام، وەکو کێشەیەکی سیاسی لە ناو کۆمەڵگای کوردیداو دەستلێنەدانی، کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی دروستکردووەو لە داهاتووشدا گرفتی گەورەتر دروستدەکات.

بەختیار عەلی: ئەمانە هەمووی ڕاستە، بەڵام ئیسلام وەزیفەی دیکەشی هەیە لە واقیعی کوردیدا، کورد بە خەونی مۆدێرنیزەکردنەوە دێتە ناو ئەم سەدەیەوە، ئەو خەونە لە حەفتاو هەشتاکاندا ئاسۆی نوێ دەدۆزێتەوە، لەمساڵانەدا ئاسۆی خەیاڵ و ئاسۆکانی ڕۆشنبیری کوردی گەورەتردەبن، «ڕوانگە» ڕاچڵەکاندنێکی مۆدێرنانەی واقیعێکی زۆر خەوتو و ئارامە. مرۆڤی کورد لەم قۆناغەدا پتر بەسەر دەرەوەدا دەکرێتەوە، ژمارەی خوێندەوارەکانی گەورەتردەبن، زانکۆکانی عێراق پڕدەبێت لە هەزاران هەزار قوتابی کوردو، ئیدی وێنەی مرۆڤێکی نوێ لە ئاسۆکانەوە دەردەکەوێت، کە دەکرێت هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەربن. ئاشکراشە ئەم توێژە خوێنەوارە تا بینەقاقای لە خەونی ئازادی و کرانەوەدا نوقمبووە... لەم ساتەدایە کە ئیسلام، وەکو پەرچە هێزێک دێتە مەیدان، کە هەموو هێزە کۆنزێرڤەتیڤەکانی ناوچەکە پێویستیانە بۆ خاوکردنەوەی ئەو ماشینە تازەیە کە خەونی لێدەتکێت (بەڵام هەڵبەت ئاڕاستەکەرێکی عەقڵانی نیە)... واقیعی کوردیش خۆی واقیعێکە پڕ لە توێژو تاقمی تاسەر ئێسقان کۆنزەرڤاتیڤ کە لە قازانجیدایە ماشێنی ئەو خەونە تازانە ڕابگرێت، بەر لەوەی هیچی لێ سەوزببێت. ئەمانە تا ئەمڕۆ، هەموو یاریدەدەری باشی ئیسلامن بۆ کوشتنی ئەو خەونە مۆدێرنخوازە... ئەگەر لە ئێستاشدا سەیربکەین، دەبینین ئیسلامییەکان هێندەی گرفتیان لەگەڵ ڕۆشنبیری کورددا هەیە، ئەوەندە گرفتیان لەگەڵ دەوڵەتدا نیە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەوان هەموو قورسایی خۆیان خستۆتە سەر بێدەنگکردن و تۆقاندنی ڕۆشنبیری کوردی... ئەمەش بە ئاشکرا وەزیفە ستراتیژییەکانیان دەردەخات.

مەریوان وریا: کۆمەڵێ ئاماژەی سەیریش لە بەردەستماندایە؛ بۆ نموونە گۆڕینی یا قەدەغەکردنی سروودە نەتەوەییەکان. گۆڕینی ووشەی کورد بە ووشەی ئیسلام لە سروودی «ئەی ڕەقیب»دا. دەمەوێ بڵێم ئیسلامییەکان دەیانەوێ دەست بۆ یادوەری و فەنتازیای نەتەوەیی ببەن و بەتاڵیکەنەوە لەمانا ناسیۆنالی و نادینیەکانی. لەڕاستیدا ئەم کارەی ئیسلامی سیاسی دەبێ لە چوارچێوەی ئەو پەلامارە تێکدەرانەدا ببینین کە حیزبە کوردییەکانی تریش بردیانە سەر یادوەری و فەنتازیای نەتەوەیی. بەڵام جیاوازییەکان لەوەدایە، ئیسلامییەکان فەنتازیای نەتەوەیی ئێمە ئەگۆڕنە سەر فەنتازیایەکی ئیسلامی و بەمەش شوناسی ئێمە بەرەو مەترسی فەوتان و وونبونێکی سەرتاسەری ئەبەن. لەکاتێکدا حیزبەکانی دیکە، شووناسی ئێمە لە شووناسێکی نەتەوەییەوە ئەکەنە شووناسێکی حیزبی، سوومبولە نەتەوەییەکان ئەگۆڕنە سەر سوومبلی حیزبی. هەردوو

پرۆسەکە بەرادمیەکی قووڵ ترسناکن. ئەگەر حیزبەکانی دیکە، نەتەوە تەرجەمەکەن بۆ کۆمەڵێ گروهی لە نەتەوە بچوکتر؛ نەتەوە بگۆڕن بە خێڵ، یان بە حیزب یان بە ناوچە، ئەوا ئیسلامییەکان نەتەوە لە گروهێکی گەورەتر لە نەتەوەدا، سەرزەمینێکی بان ـ نەتەوەییدا ووندەکەن. من پێم وایە ئەم دوو پرۆسەیە لە جەوهەردا یەک بونیادیان هەیە، وە هەردووکیان لەیەک فەشەلەوە دێن، فەشەلی بوون بە نەتەوە. لە ڕاستیدا تەنها ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەم دوو شێوە جیاوازە، دۆزینەوەی ستراتیژێکی نەتەوەییە کە بتوانێت سنووری هەردوو پرۆسەکە دابخات. واتە لەسەرێکەوە ڕێگربێت لە پرۆسەی بچووککردنەوەی نەتەوە بۆ حیزب، یان خێڵ، یان ناوچە، لەسەرێکی دیکەشەوە ڕێگربێت لە کرانەوەی سنورەکانی نەتەوە بەڕووی دنیای دەرەوەدا تا سنووری وونبوون. من کە ئەمە ئەڵێم، من لە ئاخما پێم وانییە کە ناسیۆنالیزم چارەسەری کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانە، چجای چارەسەری کێشە وجودی و فەلسەفی و ڕۆحیەکانی ئینسان. بەلام تەواو باوەڕیشم وایە کە هەموو پرۆژەیەکی هیومانی لەودیوو سنورەکانی ناسیۆنالیزمەوە دەستپێدەکات. بەبێ چارەسەری کێشەی ناسیۆنالیزم، ڕەنگە مەحاڵ بێت هیچ کێشەیەکی دیکە چارەسەربکرێت. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەو پێشبینیە ڕاستەی کە مارکسیزم لە ئاستی تیۆریدا دەرکیپێکردبوو، بەلام لە پراکتیکدا کوشتبووی.

ئاراس فەتاح: ئێمە، لەم چرکەساتەدا، هێندەی کێشەیەکی کولتوری و سیاسی و یاساییمان لەگەڵ دەوڵەتان و گەلانی دراوسێدا هەیە، هێندە کێشەمان لەگەڵ ئیسلامدا، وەکی بڕوایەکی ئاینی ناو کۆمەلگاکەمان نەبووە و نیە، بەلام لەو چرکەساتەی کە ئیسلام دەبێتە کایەیەکی سیاسی و دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیاو بەبوونیشی بە ئایدۆلۆژیا، کایە تەقلیدیەکانی خۆی کە مەراسیمی خۆی تێداسازدەکات، وەکو مزگەوت، دەبێتە شانە سەرەکییەکانی پێکهاتنی حیزب، ئەمەش یەکێکە لە وویستە سەدیمییەکانی ئایدۆلۆژیا. حیزبی ئیسلامی سیاسیش پێکهاتەیەکە کە داگیرکردنی کۆمەلگاو تواندنەوەی وێنەی کۆمەڵگا لەناو لەشی ئایدۆلۆژی خۆیدا دەبێتە مەرامی. ئیسلامیش بەپێزترین زەمینەی بەوێناکردنی سیاسی لەبەردەستدایە، چونکی کۆمەڵگا باوەڕێکی ئایینی هەیەو ئیسلامی سیاسیش لەسەر وێنەی خۆی دایدەڕێژێتەوەو، ستراتیژیشی گۆڕینی کۆمەڵگایە بۆ مزگەوتێکی گەورە.

گەر بەووردی لە خیتابی سیاسی ئیسلام بڕوانین، دەبینن وێنەی سەرەکی بۆ دوژمن لەناو کایەی «کافر»دا بەرجەستە ئەبێت. ئەمەش بۆخۆی دابەشکردن و خانەبەندییەکی نوێ لە دیدی مرۆڤی کورد بۆ داگیرکەر دروستدەکات. واتە ئیسلامی سیاسی ڕووبەڕووی هاوکێشەی «کافر ـ ئیماندار»ـان دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لای ئەوان بەعس کافرە، ئەوەکو بەرهەمی کولتورێکی ناسیۆنالیزمانەی شۆڤینیانەی عارەبی لە ساتەوەختی مۆدێرنیزمدا. ئەم وێناکردنەی بەعس بەم جۆرە، شێوەیەک لە پاکانەی کولتوریانەیە بۆ بەعس، وەکو سیستەمێک. ئەڵبەتە بەرامبەرەکەشی ئێران یاخود لە ئێستادا حکومەتی ئیسلامی لە تورکیامان هەیە، وەک دەوڵەتگەلێکی حکومەت ئیسلامی. وێنەی کافر بۆ کۆمەڵگا لە سادەیی خۆیدا بە نەعلەتکردنێکی مەعریفەو میکانیزمی کارکردنی سیاسەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. بەکورتی لەناو تەرحی ئیسلامی سیاسیدا چەمکی داگیرکەرو ئازادیخواز دەسڕێتەوەو، لێلکردنێکی دیدی مرۆڤ، وەکو لای هەموو ئایدۆلۆژییەکانی دی دەبینرێت.

بەلام کاتێک حیزبە کوردییەکان بەردەوام چوونەتە ناو ڕێکەوتنی تەکتیکی سیاسی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانداو تەنانەت پاکتی مەیدانیشیان لەگەڵدا کردوونەتەوە، هەرگیز بیریان لەو مەترسییە نەکردۆتەوە کە ئیسلامی سیاسی چ کولتورێکی سیاسی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. دەشێ ناونانی وەزارەتی کاروباری ئایینی بە وەزارەتی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردیدا لە باشووری کوردستان لە چرکەساتی یەکەمدا هیچ ترسێکی لای ڕۆشنبیرو سیاسی کوردی نەخستبێتەوە، نەک بەتەنها لە ئاستی فەرامۆشکردنی بوونی ئێتنی و ئایینی تر لە کوردستاندا، کە ئەمەش مانای چەوسانەوەیان دەگەیەنێت، بەڵکو لە زەمینەخۆشکردن بۆ کردەی سیاسی گەورەتر، ئەمەش بەدانی حەقیبەی وەزاری ئەو وەزارەتەیش بە ئیسلامیەکان، بەبێ دەرچوونیان لە هەڵبژاردنەکەدا، بەرجەستەبوو. لە کوردستانی باکووریش لەم کۆتاییەدا «نۆجەلان» لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژنامەی

«الحياە» چیدی پ.ک.ک وەکی حیزبێکی خەت پانی گەلیی دەشوبهێنێ کە ئیسلامییەکانیش لەپاڵ هەموو ڕێرەوەکانی تر جێگایان تێدا دەبێتەوەو، دروستکردنی حیزبێکی ئیسلامی کوردستانی کە وابزانم بە "یەکێتی دیندارانی کوردستان" بەناوبانگەو پاشانیش دەنگدانی بڕێکی زۆری کورد بۆ حیزبی «ڕەفاە» و پاکانەکردنێکی ناوەکییانەی پ.ک.ک بۆ ئەمەش بەناوی تێکشکاندنی یەکێتی بەرەی کەمالیستی لەناو دەزگای دەوڵەتی تورکی، ئەو هەڵە ستراتیژییە ترسناک و گەورانەیە کە بوونەتە بەشێ لە ستراتیژی ڕێکخراوە گەورەکانی کورستان (بەگشتی)... لەکاتێکدا وەکو تەکتیکی سیاسی بە ڕایگشتی دەفرۆشرێت.

بەختیار عەلی: ئەمە لەبەرئەوەی ئەوان ئەو ڕاستیە نابینن کە ململانێی سەرەکی کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کورد لەگەڵ داگیرکەراندایەو ستراتیژی سیاسی ئیسلامییەکان هێنانەوەی ململانێکەیە بۆ ناوەوەی کۆمەڵگای کوردی خۆی.

ئاراس فەتاح: ئەمە جگە لەوەی کە کارکردن بە هاوکێشەی «کافر - موسڵمان» مانای دابڕاندنی کوردە لە دەرەوەو لە خۆرئاواو، چەقاندنێتی لەو ژینگە ئیقلیمییەدا، چونکە لەم تێڕوانینەوە خۆرئاوا کافرە، بەلام دەوڵەتە ئیقلیمییەکان موسڵمانن.

مەریوان وریا: گرفتێکی دیکە کە من لە ئێستادا دەیبینم و زۆر ترسناکیش دێتە بەرچاوم، ئەوەیە هەموو زیابوونێکی و کەڵەکەبوونێکی دین، لە ئێستادا دەبێتەوە بە بەشێک لە سەرمایەی ڕەمزی نوخبەی تەقلیدی و ئەمەش داواجار دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم هەر گۆڕانێکی فیکری و کۆمەڵایەتیدا. دەرەنجامەکانیشی لە ئێستاوە زۆر ئاشکرایە، کوشتنی ژمارەیەکی زۆرترو زۆرتری ئافرەتان لەم چوارپێنج ساڵەی دوایدا، گەرانەوەی زۆر ڕەفتاری سەرکوتکەرانەو زۆر جۆرە سانسۆری دەمکوتکەرانە، نیشانەی ئاشکران بۆ بازدانەوەی ئەخلاقیاتی ئەو نوخبانە بۆ جێگایەک کە تیایدا ڕۆڵی سەرکردەو ڕابەر ببینن.

بەختیار عەلی: هەڵبەت ئەمە ڕاستە، کۆمەڵگای ئێمەش وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی دیکەی ئەو ناوچەیە سیستمێکی سانسۆرو سیستمێکی سەرکوتکردنی زۆر قوڵ و کاریگەر تیایدا کاردەکات، ئیسلام وەکو دین ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەو سیستمی سانسۆرەدا، ئیسلامی سیاسیش کە دێت لە ڕووی سیاسیشەوە بناغەیەکی قایم بۆ ئەو سیستمی ساتسۆرو سەرکوتکردنە دادەڕێژێت، من وادەبینم لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەو حیزبانە بەحوکمی پەیوەندییان بە خۆرئاواو ترسیان لەو سانسۆرەی کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ خوڵقاندبوویان و لەبەر ئەو هەموو وەعدە دیموکراسییە درۆیەی بە خەڵکیان دابوو، نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی ئاشکرا پارێزگاری ئەو سیستمی سانسۆرە بکەن، لێرەوە جێگاکردنەوەی ئیسلامییەکان پرۆسەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی کۆی سیستمی سانسۆرو چاودێری لە کۆمەڵگای ئێمەدا... بەبێ گروهێکی ئیسلامی کە لە ڕووی سیاسیشەوە قبوڵکرابێت، پاراستنی کۆمەڵگای کوردی لە خەونەکانی مۆدێرنخوازی، پرۆسەیەکی ئەستەم بوو. ئیسلامییەکان لە دوای ڕاپەڕین گرفتێکی کوشندەی سیستمی سەرکوتکردن و سانسۆریان ڕاستکردەوە، ئەگەر ڕاستیش بێت ئیسلامییەکان لەگەڵ پارتیداو بەپەیوەندی لەگەڵ تورکیاو عێراقدا دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست، مانای وایە، ئەو سیستمی سانسۆرە گوروتینێکی ترسناک بەخۆیەوە دەبینێت و ئەوان دەگەنە جێگایەک کە ئیدی خۆیان جڵەوی کۆی سیستمەکە دەکەن.

ئاراس فەتاح: دیارە ئایین بۆخۆی سیستەمێکی ئەخلاقی تایبەت بەخۆی هەیەو کۆمەڵگاش لەسەر ئەو بناغەیە دەنرخێنێ، ئەمەش لەزۆرکاتدا پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بووە. ترسناکی ئەم نرخاندنە لە ڕووی سیاسییەوە لەوەدایە کە ئیسلامی سیاسی، وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی وا هەڵسوکەوتدەکات، وەکی ئەوەی لەسەرووی دەوڵەت و دەزگاکانییەوە کاربکات و مافی ئیلاهی سزادانی ئەندامە چەواشەبووەکانی و (مفسدین فی الارض)ی ناو کۆمەڵگای پێبێت. بۆ نموونە لە ڕێگای ئەفرەتلێکردنی ڕۆشنبیرێک و دەرکردنی «فەتوا»ش جۆرێک لە دادگایکردنی خوداوەندانە

نیشاندەدات کە لەسەرووی دەزگای دەوڵەتییەوە خۆی بەکۆمەڵگا دەناسێنێ.

ئەم سیستەمە ئەخلاقییەی کە ئیسلامی سیاسی ئیشیپێدەکات، دەشێ لەسەردەمێک لە سەردەمەکان، بەتایبەت گەر داکەوتنێکی سەرتاپاگیری کۆمەلایەتی ـ سیاسی ـ ئابووری و لە پشتی ئەمانەشەوە کەوتنەوەی کێشەی ئەخلاقی و سایکۆلۆژی بۆ تاکەکان و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا لە ئارادابێت، ببێت بە بەشێکی دەزگای چاودێریکەری ئەخلاقییانەی کۆمەڵگاو جۆرێک لە وەزیفە وەردەگرێ کە کۆمەڵگای مەدەنی بەرامبەر بە دەوڵەت پێیهەڵدەستێ. ئەم پرۆسەیە هەروەکو کاک بەختیار پەنجەی بۆ راکێشا، شێوەیەک لە سانسۆر بۆ سەر رێکخراوەکان و دەزگاکانیان لە ناو کۆمەڵگا دروستدەکات. ئەم حاڵەتەش لە کوردستانێکی وێرانی پێش «٩١» و ماندوو داوەشاوی دوای «٩١» و دروستبوونی جۆرێک لە فەزای سیاسی کە ئیسلامییەکان بە حوکمی ئەو هێزە مادی و مەعنەوییەی کە لە پشتیانەوە کاردەکات، توانیان بەم وەزیفەیە هەڵسن. دروستکردنی خەستەخانەو مزگەوت و چارەسەرکردنی گیروگرفتە رۆژانەییەکان و و یارمەتیدانی خەڵکی نەخۆش و هەژار، وە بەخۆرایی و دروستکردنی چەندان دەزگای کۆمەلایەتی و خێرخواهی تر، ئەمانە هەمووی رووبەرێکی گەورەبوون کە ئیسلامییەکان تیایدا بە هێمنی لەسەر ئاستی سیاسی پروپاگەندەی خۆیان بۆ دەکرد. حیزبە کوردییەکان لە کاتێکدا «لەگەڵ یەکتر» سەرقاڵی ململانێی دەسەلات و باڵادەستێتی سیاسی بوون، کێشەکانی کۆمەڵگایان فەرامۆشکردبوو؛ ئەو کایە فەرامۆشکراوانەش شوێنی کارکردنی ئیسلامییەکان بوون، ئەمەش بۆخۆی بەهێزکردنی وەلائەتە، لەلای ئەو مرۆڤانەی کە لەلایەن حیزبە گەورەکانەوە فەرامۆشکراون و نابینرێن.

ئەم کردەیە ترسناکییەکەی بە تەنێ لەوەدانییە کە هەزاران سەرپۆشی رەش بەسەر سەری ئافرەتانی کورددا دەدات، بەڵکو چارشێوەیەکی رەشی گەورەش بۆ سەر عەقڵ لە کۆمەڵگادا دروستدەکات.

بەختیار عەلی: هەستدەکەم لێرەوە میحوەری قسەکانمان بگوازینەوە بۆ باسکردنی راستەوخۆو بێپرتووشی ئەو رووداوانەی ئەمرۆ روودەدەن. بۆ خوێندنەوەی ئەو تراژیدیا گەورەیەی کە لە کوردستان روودەدات، چونکێ داتاشینی ئەو هەموو وێنە ترسناکە کە دواجار «کورد» لە شێوە ئینسانییەکەی دەکاتەدەرێ، حەتمەن کۆمەڵگایەکی پڕ لە ترس و توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت... با بگوازینەوە بۆ قسەکردن لەسەر خودی تراژیدیای ئێستاکە، واتا بپرسین «ئێستا» چیە؟

ئاراس فەتاح: دەشێت هەمووومان لەسەر ئەوە رێکبێین کە ئەمرۆ پاش داگیرکردنەوەی هەولێر، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەڵقیەکی نوێی لە نوشوستی بە زنجیرەی تێکشکاندنەوە، لە مێژووی خۆی بەست. ئەوەی لەم تاقیکردنەوەیەدا نوێیە یەک شتە؛ بێمانکردنی خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتێکەو لەدەستدانی هەموو لێپرسراوێتییەکە کە سیاسەت دەبێت بەرامبەر مرۆڤ و مێژووی خەباتی مرۆڤ بۆ ئازادی هەیبێت. دەمەوێ لێرەوە پەنجە بۆ ئێتیکی سیاسەت لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا راکێشم؛ بۆچی کورد هێندە بەرامبەر بەخۆی درندەیە؟ بۆ بۆگەیشتن بە ئامانجە تەسکەکانی، بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناوچەیی و حیزبی و گروهی و تائیفییەکەی، هێندە شێوازی درندانە دەگرێتەبەر کە هەڵبەت هەموو ئەم ئامانجانەش لە چاوچێوەیەکی زۆر تەسکی هۆشمەندیا دەژین و ناکرێت لەگەڵیا باس لە ئامانجی ناسیۆنالیانەی گەورە بکرێت... کەچی بەدیوەکەی دیکەدا، لە شەرو ململانێیدا لەگەڵ دوژمنەکانیا بە رۆحێکی ئەخلاقییانە دەجەنگێت، ئەگەرچی بەردەوام درندەیی دوژمنەکەی لەبەرچاوە؟ واتە هێندەی سیاسەتی کوردی جەنگێکی ئەخلاقی لەگەڵ دوژمنەکەیدا دەکات، بە هەمان ئەندازە جەنگێکی نائەخلاقییانە دژی یەکدی بەرپا دەکات... بۆ ئەمەش نەک تەنها کولتوری سیاسی بەعسیان لەو جەنگانەدا خستۆتەوە کار، بەڵکو هەڵوێستی درندانەتریش دەبینین کە ئەمە بۆخۆی درندەیی ئەو کولتورە سیاسییە کوردییەش دەردەخات کە ئێستا هەیە. من وای بۆدەچم ئەو رێکەوتنە سیاسییەی «پدک» لەگەڵ بەغدادا ریشەکانی دەگەرێتەوە بۆ درندەیی خودی ئەو کولتورە سیاسییەی کە گروهە کوردییەکان لەناویەکدا بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، رەنگە یەکێ لە ریشەی هۆکارەکانی بگەرێتەوە بۆ توندوتیژی کولتوری کۆچەرێتی و خێڵ و پەیوەندییەکانی ناو سیستەمی خێڵەکی، بەلام دیارە ئەمە هەموو

شتێک نیە، بۆ من ئەم ڕێکەوتنە دڕندەییەکە دژ بە مێژووی مرۆڤی کوردو، تەنانەت پرۆسەی دیموکراسییەت لە ناوچەکەشدا، کە لە برێکی زۆریا خودی «پدک»ش دەگرێتەوە.

«ئێستا» ئەو چرکەساتەیە کە پارتی پرۆژەی لێبووردنخوازی پێشکەش بە بەعس دەکات و ئەنفال و هەڵەبجە و بادینان دەکاتە هەڵەیەکی ناچێزی بەعسیزم و بە یارمەتیە سەبازییەکەی بۆ داگیرکردنی هەولێر سارێژیدەکات، «ئێستا» ئەو چرکەساتەیە کە هەموو قوربانییەکانی خەباتی چەکداری کوردستان تیایدا بەدوای مانایەکدا دەگەڕێن بۆ شەهیدبوونیان، بەڵام بێهوودەیی سیاسەتی کوردی جارێکی دی دەیانکوژێتەوە، ئێستا لەوە گەورەترە کە بتوانرێت پاکانە بکرێت و لەوەش بچووکترە کە بەدوای پاکانەدا بگەڕێت. لەئێستادا ئێمە دوو فۆرم لە بێدەنگیمان هەیە، بێدەنگی تاوانبارێکە بەرامبەر بە تاوانەکەی وە بێدەنگبوونی قوربانییەکە بەرامبەر بە تاوانی جەلادەکەی. گەر بێدەگبوونی یەکەم لە دەرئەنجامی هەستی قوڵی شەرم یا بێمانایکردن یاخود چەپاندنەوە هاتبێت، ئەوا بێدەگبوونی قوربانی لە دەرئەنجامی شۆکەوە (صدمە) دێت، ڕاستە کە ئێمە لە ڕووی تیۆرییەوە گریمانەی ئەوەمان لەبەردەستدابوو کە ئەم یا ئەو هەر دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێم، بەڵام کەس ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە کە لەم فۆرمە توندڕەوەدا، لە بۆچوونی کەسدا نەبووە. بۆیە پارتی دەبێت ماوەیەک بێدەنگبێت، ئەو بێدەنگییە چەندە کورت و شەرمنانەیش بێت، دەلالەتی قورسایی ئەو بڕیارەیە کە پارتی لە مێژووی خۆیدا داویەتی، قوربانییەکانیش لەسەرەتادا بێدەنگبوون، بێدەنگییەک کە پێویستی بە تێرامانی زۆرترو قوڵتر هەیە. بە بۆچوونی من گرنگ لێرەدا بەتەنها ئەوە نییە کە پارتی بێچەندوچۆن تاوانباربکرێت، چونکی ئەوە چیدی حوکمێکەو پارتی بەهەموو پاکانە زەلیلییەکانییەوە، خۆی بۆ خۆی دەرکردووە، بەڵکو ئەوەی من لێرەدا بە ترسێکی پەنهانی دەزانم، ئەو هەستەیە کە لەدوای ئەم کردە سیاسییەوە هەموو شتەکان بێماناەدەکات و چیدی وویستی مرۆڤ بۆ ئازادی لە بایەخێکی ژینگەییەوە دەگۆڕێتە سەر گەمەیەکی سیاسی بۆز.

مەریوان ووریا: لە ڕاستیا ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە «ئێستا چیە»؟ من پێموایە سەرەکیترین سیفەتی ئەم ساتەوەختەی ئێستامان «دۆڕاندنی هەستکردنە بە مێژوو، وە دواجار مامەڵەکردنە لەگەڵ مێژوودا وەک ڕووداوێک و بەس، ئەمەش دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان: پچڕانی هەموو پەیوەندییەکە بەیادەوەرییەوە و دووەمیان: پچڕانی هەموو پەیوەندییەکە بە داهاتووشەوە، واتە لێرەدا شێوەیەک لە «هەنوکەیی» هەیە کە لە گرتنی وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەچێت کە ساتەوەختێکی دیاریکراوی پێدەگرێت و، دایدەبڕێت لە هەموو سیاقە کۆنەکان کە تائەمڕۆ هێناوێتی و هەڵبەت لەو سیاقانەش کە دەیداتەوە بە داهاتوو. من پێموایە تەماشاکردنی مێژوو بەمشێوەیە، بە دڵنیاییەوە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت... ئەم خیبراندن و تێڕوانینە بۆ مێژوو، تەفسیری ئەوەدەکات بۆچی «پدک» دەچێتەوە تەک «بەعس». لەم تێڕوانینەدا هەموو مێژوو کورتدەبێتەوە بۆ ئەو ڕووداوەی کە بە «ڕزگارکردنی هەولێر» ناونووسیدەکەن. ئەم تێڕوانینە فۆتۆگرافییە، هەموو مێژووی کوردو مێژووی ناوچەکەو تەنانەت مێژووی خودی حیزبەکەشیان لەگەڵ بەعسدا، لەبیردەکات و گرتنەوەی هەولێر ئەبێ بەسەرەتاو کۆتایی مێژوو. ئەبێ بەو ساتەوەختی ئیعترافە بەخود کە لە پلەی (کەماڵ) نزیکئەبێتەوە. جۆرێک لە سۆفیزم و دەرچوون لە زات، بەبێ فرسەتی گەڕاندنەوە بۆ ناو جەستە. ئەمە گەر لە ئەزموونی سۆفیزمدا مەرگ بهێنێت، مەرگێکی فەردی، ئەوا لە ئەزموونی حیزبێکی سیاسیدا مەرگێکی جەماعی دەسەپێنێ.

کردن یان گۆڕینی مێژوو بە هوروژمە بەردەوام و جووڵە ئەبەدییەکانییەوە بە «ڕوداوێک» وە تەنها ڕوداوێک. مانای قرتاندنی هەموو ئەو پەیوەندییانەی بە یادەوەری خۆتەوە گرێتدەدات، ئەو یادەوەریانەی کە شوناسی خۆتت دەدەنێ و جەوهەری تۆ وەک بوونەوەرێک دیاریدەکەن. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی سەرسوڕهێنەرە. لەکاتێکدا حیزب ئامادەیەو بەردەوامیش ئیشئەکات بۆ ئەوەی یادەوەری نەتەوە بکات بە یادەوەری حیزب و، هەموو فەنتازیای کۆمەڵایەتی بکاتە فەنتازیای حیزب، لە هەمانکاتدا ئامادەیە تەواو بە پێچەوانەوە، مێژوو وەک ڕووداوێک تەماشابکات، وەک ساتەوەختێکی بێیادەوەری و بێفەنتازیا. بەمەش حیزب نەک ئینتحاری خۆی پیادەئەکات بەتەنیا، بەڵکو ئینتحاری نەتەوەش ئەسەپێنێ.

لێرەوە من پێموایە ئەم قەیرانە چەند قەیرانێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە، بەهەمان ئەندازە قەیرانێکی فەلسەفیشە. قەیرانی چۆنیەتی تێگەیشتنە لە مێژوو، چۆنیەتی خێبراندن و مامەڵەکردنە لە گەڵیدا. قەیرانی: چۆن تەماشای مێژوو ئەکەیت و چ پرۆژەیەکت بۆی هەیە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو موفاجەئەکانیدا ئەکەیت؟ چۆن ئەیخەیتە ژێر دەسەڵاتی ئیرادەی خۆتەوە؟ بێگومان کە تۆ لە بنچینەوە سەیرکردنێکی هەڵە، سەیری مێژووتکرد، هەڵوێستەکانی دیکەت دەبێتە کۆمەڵێ ڕەفتار کە دەشێت لە ساتێکدا لە ساتەکانیشدا ئیجابی بکەوێتەوە. بەڵام لە ڕاستیداو لە گشتیەتی خۆیدا هیچ شتێ ناداتبەدەستەوە، چونکە وەک ووتم ئەڕەهەندێکی هەیە گرێیداتەوە بە پاشەڕۆژ، ئەڕەهەندێکی هەیە گرێیبداتەوە بە ڕابردووەوە. بۆیە ڕەفتاری پارتی جگە لەوەی ئەمانی هەستکردنە بە مێژوو لەهەمان کاتیشدا وونکردن و لەدەستدانی هەموو حیسێکی سیاسی و ئەخلاقیشە، چونکە لەدەستدانی هەموو حیسێکە بە واقیع.

وەک ووتم ئەم پرۆسەیە هەم خودکوژیی حیزبەو هەم خودکوژیی نەتەوەش. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە خودکوژیی ئەو هێز یان گروهە کۆمەڵایەتییەشە، کە ئەم دیدە ئەسەپێنێ. خودکوژیی حیزب و نەتەوە، بۆ ئەم هێزە خودکوژیی دوو فۆرمن کە تا ئەم ساتە کاریپێکردون. بەڵام بۆ لەمەولای چیدی نایەوێ هیچ یەکێ لەو دوو فۆرمەی هەبێ. قرتاندنی یادەوەری هەوڵدانی ئەم گروهەیە بۆ ڕزگاربوون لە ڕابردوو. ڕزگاربوون لە کۆی سومبول و ڕەمزە کۆنەکان ـ چونکە ئەمە تاقە ڕێگەیەکە بۆ ڕزگاربوون هەم لە فۆرمی ئێستایی بوونی و هەم لە ئاییندەیەکیش کە بشێ درێژکراوەی ڕابردوو ئێستا بێت. بە کورتی ڕووداوی «هەولێر»، ساتەوەختێکی گرنگە کە تیایدا گروهێک ئەیەوێ هەم ئینتحار بە حیزب و هەم ئینتحار بە نەتەوە بکات. تا چەند ئەم گروهە ئەمەی بۆ ئەچێتەسەرو تا چەند ئەم گروهە دیدی خۆی، تەماشای خۆی بۆ مێژوو، ئەکاتە دیدی هەمووان، یان لانیکەم دیدی گروهە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی کوردستان؛ مەبەستم خوێندەواران و نوخبە تازەکانی کوردستانە، ئەمەیان پرسیارێکی کارەیە.

به بۆچوونی من، پارتی ئێستا بە تەواوی لە ژێر کاریگەری ئەو گروهەدایە کە باسمکرد. مانەوەشی وەک حیزبێکی سیاسی پابەستی ڕزگاربوونیەتی لەو گروهەی هەڵگری ئەم دیدەیە، کە بێگومان ئەو گروهەیە کە پارتی بەڕێوەئەبات و سیاسەتەکانی دەستنیشانئەکات. بەبێ گەڕانەوەی هەستکردن بە مێژوو بۆ ناو دەمارەکانی حیزب، دیارە ئەم هەستە ڕۆژگارێکی درێژە لەناو پارتیدا وونە، مەحاڵە پارتی بتوانێ خودی خۆشی وەک حیزبێکی سیاسی پێبپارێزرێت.

بەختیار عەلی: پارتی وەکو حیزبێک کە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی کۆنکرێتی نەبوو، ئەو تەقلیدەی بۆ جوڵاندنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دروستکردوە، کە جوڵاندنەوەیەکی بێ ئایدۆلۆژیا بێت. نەبوونی ئایدۆلۆژیا واتا نەبوونی فەلسەفەیەک بۆ مێژوو، هەستنەکردن بە مێژوو لە هەستنەکردنەوە بە کۆی جیهان دێت... لە تەفسیرنەکردنی جیهانەوە دێت. «پدک» سەیرترین جەستەی سیاسیە کە مێژووی ئێمە بەرهەمیهێنابێت، حیزبێکە نەیتوانیوە هیچ ڕۆشنبیرێ یا نیمچە ڕۆشنبیرێ بەرهەمبهێنێت کە هەڵوێستەکانی بۆ بفەلسەفێنێ یان بۆی تیۆریزەبکات. تۆ بەر لەوەی هەست بە مێژوو بکەیت، دەبێت ئایدۆلۆژیایەک یا چەکێکی تیۆریت بەرهەمهێنابێ کە کەرەستەکانی خوڵقاندنی ئەو هەستەت بداتەدەست. هەستکردن بە مێژوو دروستنابێت کە تۆ هەستەوەری دەرککردن بە مێژووت نەبێت ئەویش ڕۆشنبیری بەرهەمهێنە بۆ خیتابێک کە پرۆسەی «هەیمەنەت» لە کۆمەڵگادا بۆ مەیسەربکات. هەر بوونەوەرێکیش هەستی بە مێژوو نەبوو، واتا توانای عەقڵانیکردنی ڕەفتاری خۆی و توانای عەقڵانیکردنی پەیوەندی خۆی نیە بە جیهانەوە. لە ڕاستیا لێرەدا قسە لەسەر پەیوەندی «حیزب» و «ڕۆشنبیر» ناکەم چونکە بە درێژیی لە مەعریفەو دەسەڵاتدا قسەم لەسەر کردووە، بەڵام حەزدەکەم کەمەکێ تێبینی لەسەر پەیوەندی ئایدۆلۆژیا و حیزبێکی وەکو «پدک» بخەمەڕوو: لە سەرەتای دروستبوونی پارتی یان ڕاستتروایە بڵێم لەگەڵ سەرکردایەتیکردنی «بەرزانیدا» بۆ پارتی ئەم حیزبە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکانێکدا کردووە کە پێویستیان بە هیچ فەلسەفاندنێکی سیاسەت نەبووە، ئەو زۆرایەتییەی، ئەوانەی لە ڕیزەکانی شۆڕشی کورددا چەکداربوون، ئەو جوتیارانەبوون کە ووشەی «کورد» بەسبووە بۆ ئەوەی بجەنگن لێرەوە پارتی مامەڵەی لەگەڵ عەقیدەیەکدا کردووە، کە پێیوابووە ئەم عەقیدەیە ئەشێت ئالۆزکردنی

جیهان بەئایدۆلۆژیا زیانی لێبدات و بیتەکێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بڕوانین ساڵانی گەشەی پارتی و سەرهەڵدانی شۆڕش و گەورەبوونی لەسەرەتای شەستەکاندا لە بەراورد بە قۆناغەکانی دیکە، دە ساڵێکی ڕۆشنبیری تاریکە، لە نێوان مردنی گۆران و ڕاچەنینی ڕوانگەدا شەستەکان ڕوداوێکی ڕۆشنبیری تیانیە سەرنجمان ڕابکێشێت... ئەم سڕبوونەی کە دواتر تورەیی و نەهلستییەتی «ڕوانگە» دەخوڵقێنێت، هاوشانی بەرزبوونەوەی شۆڕشە، ئەمە بۆخۆی لای من هەمیشە سەیر کەوتۆتەوە، چونکە شۆڕشەکان هەردەم زەخمێکی داهێنان و فیکر لەتەک خۆیاندا دەهێنن، بەڵام شۆڕشی ساڵانی شەست ئیفلیجییەکی ئەوتۆ دەهێنێت، کە تا ئەمڕۆش هەموو شەپۆلەکانی تورەیی و داهێنانی فیکری بەجۆرێک لە جۆرەکان وەکو پەرچەکردارێکی عەقڵ دێتە بەرچاوم، لە کاتێکدا بەر ئەو بەردی ئیفلیجیە دەکەون. واتە ئەو قاعیدەیەی پارتی شەڕی پێکردووە، قاعیدەیەکە دەبێت جیهانی لێنەشێوێنی و جیهانی بۆ تەفسیرنەکەیتەوەو جیهانی پێتەفسیرنەکەیتەوە. حەتمەن ئەمە مانای ئەوە نیە، کە مرۆڤی سادەی کورد یا جوتیاری کورد، لە خودی خۆیدا توانای تازەبوونەوەی پێنیە، نا، هەرگیز، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانیم. بەڵکو ئەم تەفسیرە، تەفسیری ئەو پیاوە بێتەفسیرانەن کە بەو جۆرە تەماشای مرۆڤی کوردیان کردووەو، تا ئەمڕۆش هەر بەوجۆرە تەماشاینەکەن. بەڵام تەفسیرنەکردنی جیهان و نەخوێندنەوەی مێژوو نەدیتنی گۆڕانکارییەکانی ،هەمیشە بەئاسانی تێناپەڕێت، ئەشێت بتوانیت چەند پێشمەرگەیەک بەبێ تەفسیرێک بۆ مێژوو، بۆ هەندێ دروشمی زۆر سەرەتایی ڕابگریت، بەڵام خۆ ناتوانیت جیهان و خودی مێژوو لە ژێر دەستی خۆتا ڕابگریت... هەر حیزبێکیش دیدێکی دارێژراوی نەبێت ناچارە هەموو گەمەی بوونی خۆی لەسەر ئاستی یاریکردن و هاوسەنگی ڕاگرتنی هێزەکان ڕابگرێت. ئەوەی ووزەو شیمانەو گریمانەو ئەگەرەکانی مێژوو نەتەقێنێتەوە، بەکاریاننەهێنێت ناچارە هێزێکی بەدەر لە هیچ سیاقێکی ناوەکی مێژوو خۆی بخاتەگەڕ، ناچارە بەردەوام هێز لەدەرەوەی خۆی قەرزبکات. مێژوو هەمیشە کۆمەڵێ ئەگەر دەخاتە بەردەستت، بەڵام کە تۆ دیدی مێژوو بینینت نەبوو، لەو پیاوە نابینایە دەچیت کە نابینایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باندێکی ڕەش کە خۆی لەسەر چاوی خۆی بەستوێتی، دەگەڕێتەوە بۆ تەمێک کە خۆی بەسەر دیدی خۆیدا کێشاوێتی؛ لێرەوە ناچارە دەستی خۆی بداتە ئەوانی دی. ئەوەی کە لە پارتیا دەبینرێت، سیاسەتی هەمیشەیی ڕێکەوتنە لەگەڵ یەکێکدا لە دەرەوە... ئەوەی (مەریوان ) تۆ ووتت سەبارەت بە «وونکردنی هەست بە مێژوو»، خاڵێکی زۆر جەوهەرییە، چونکە مەسەلەکە هەر مەسەلەی وونکردنی یادەوەری یان وونکردنی هەست نیە بە ئاراستەو لایەنەکان، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ هەستت بە مێژوو ئەما مانای ناتوانیت لەناو مێژوودا بجوڵێیتەوە... ناتوانیت بە ناو مێژوودا بڕۆیت... ناتوانیت لەناو ئەو میللەتانەدا کە هەستیان بە مێژووی ئێستاو ڕابردویان بە ئەندازەیەکی زۆر نەخۆشانە ناوساوە بڕۆیت، لێرەوە دەبێت دەستێک هەبێت بەناو مێژوودا بتبات، دەبێت هێزێکی دیکە هەبێت بتگێڕێت، لێرەشدا ئەو کاتنەی کە هەستی بە مێژوو سفرە، پێیوایە لەناو مێژووی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بەڵام ئەمە وەهمە، چونکە ئەوەی دەستتدەگرێت بەناو مێژوودا بتبات، لەناو دووتوێی مێژووی خۆیدا دەتجوڵێنێتەوە، هەر لێرەوە کە ئەو دەستت لێبەردەدات تووشی ئیفلیجیەکی تەواوەتی دەبیت. سەیری ئاشبەتاڵ بکە، چیە جگە لە ساتێکی ئیفلیجی کشتی کە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە تەفسیری نیە، ئەوەنەبێت کە پارتی لەوساتەدا حیزبێکە لەناو مێژووی خۆیدا ناسوڕێتەوە کە دەشگەڕێتەوە ناو مێژووی خۆی یان ڕووبەڕووی ئەو مێژووە دەبێتەوە، سەد دەرسەد تووشی ئیفلیجبوونێکی لە ناکاو باتێۆلۆژی دەبێت، چونکە نازانێت چۆن بەناو ئەو مێژووەدا بڕوات کە نایبینێت و هەستیپێناکات. واتە ئەوەی کە من دەمەوێت زیادیبکەم ئەوەیە کە سیاسەتی پەیماندروستکردن لەگەڵ دەرەوەدا کە بەشێوەیەکی سەیر بە مێژووی (پدک)وە گرێدراوە، خۆی پرۆسەیەکی سیاسی نیە، تا لە دووتوێی دۆست و پشتیەنا دروستکردنا سەیربکرێت، بەڵکو عەیبێکی بونیادییە، لە گروهێکا کە نەبوونی هەست بە مێژوو، وایلێدەکات کە نەتوانێت بەبێ ئەو دەستە فریادرەسە بەناو مێژووی خۆیدا بڕوات. لێرەوە نەبوونی ئەو دەستە لە هەموو فۆبیاکان ترسناکترە بۆ ئەو، حەتمەن ئەم سیاسەتەی پارتی دواتر لە کاتی شەڕی ناوخۆشدا تەواو دەبێتە سیاسەتی یەکێتیش (لێرەدا باسی یەکێتی بەو نیازە ناکەم کە بمانگێڕێتەوە ناو ئەو تەقلیدە بێمانایەی نووسین کە لەم چەند ساڵەدا زۆر باوبووە، ئەو تەقلیدەی کە باسی سلبیاتی پارتیت کرد، دەبێت خێرا باسی سلبیاتی یەکێتیش بکەیت، ئەبا

تاوانباربکرێیت بە یەکێتی بوون، یان بە پێچەوانەوە کە باسی یەکێتیت کرد، دەبێت زوو فریاکەویت و باسێکی پارتیش بکەیت، ئەبا بە پارتی لە قەڵەمبدرێیت... ئەمە تەقلیدێکی زۆر بێمانایە کە خودی ئەو دوو حیزبە دروستیانکردووە تا بە ئەندازەیەکی زۆر لە نرخی خوێندنەوەو ڕەخنەکان کەمبکەنەوە .. ئابڕوبردنی ئەم تەقلیدە چارشێوێکی گرنگی دیماگۆگیەتی سیاسی لە کوردستاندا ئاشکرادەکات...)، گەڕان بە دوای ئەو دەستەدایە کە واله «جەلال تاڵەبانی» دەکات لەو ساتە سەختەی مێژووی سیاسی خۆیدا بڵێت... «پەنا بۆ شەیتانیش دەبەین»... بێگومان ئەوەی هەستی بە مێژوو ونکردبێت، دەبێت بۆ پەلی شەیتان بگەڕێت، بەڵام هەڵەی جەلال تاڵەبانی لەوەدابوو کە لەو ساتەشدا نابینێت کە بەر لەو بەرزانی فریاکەوتووەو دەستی شەیتانی گرتووە. «مێژوو» یان «شەیتان» ئەوەیە ئەو دوو ڕێگایەی کە سیاسەتی کورد لە مێژە کەوتۆتە نێوانیان و شەیتانەکەشی هەڵبژاردووە هەر خوێندنەوەیەکیش لەو مێژووەدا دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان، گەڕان بێت بە دوای ئەو شەیتانەدا کە تاڵەبانی زۆر درەنگ بۆیدەگەڕێت.

مەریوان وریا: ئەوەشمان یاد نەچێت کە پارتی نوێنەری هەموو ڕووە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگای کوردە، لە ساتێکدا کە ئەو ڕووانە دەیانەوێت هەموو خەونە مۆدێرنەکانی کۆنترۆڵبکەن، ئەمە لە ساتێکیشدا ڕوودەدات کە پارتی توانای نیە ئەو پرۆسەی کۆنترۆڵکردنە ببات بەڕێوە، چونکە کورد نوخبەیەکی خوێندەواری زۆر گەورەی تیایە، بۆیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بزاوتە مۆدێرنانە، تاکە ڕێگا چوونە ناو ئەو پەیمانەیە کە باسکرا، بەڵام ئیتر ئەم پەیمانانە شێوەیان دەگۆڕدرێت لە ساتێکا دەکرێت «ئێران» بێت و لەوی دیکەدا «تورکیا» و لەوی دیتردا «عێراق»، بەڵام ئەمە پێکهاتێکی بونیادییەو لە ناو بونیادی پارتیدا ئیشدەکات، بەڵام ڕەگەزەکان و یاریکەرەکانی دەگۆڕێن.

بەختیار عەلی: دروستبوونی ئەو نوخبە خوێنەوارە پرۆسەیەکی ترسناکبوو، بۆ هەموو هێزە تەقلیدییەکان، حەتمەن کە دەڵێم ترسناکبووە، لە سنورێکی دیاریکراودا قسەدەکەم، چونکە زیادبوونی ژمارەی خوێندەواران بۆخۆی شتێکی گرنگە، بەڵام مانای کەمکردنەوەی ڕووبەری تەقلید ناگەیەنێت، لەمەش بترازێت ترسناکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی پێشوو، واتە دروستبوونی هەست بە مێژوو، کە لە تەکیا خوێندنەوەی ئەگەرەکانی مێژوو دەستپێدەکات، هەستکردن بە مێژوو بۆیە گرنگە، چونکە تۆ ئیدی دەتوانی ئەگەرە مێژووییەکان ببینیت، ئەوەکو ئەگەرە تەکتیکیە بچووکەکان، کە ئەگەرە مێژووییەکانیشت بینی، خێتابێکی دیکە دێتە پێشەوە کە خیتابی ئیرادەیە. کەوتنەگەڕی ئیرادەگەری و بەزاندنی ئەو قەیرانە، بونیادی بزربوونی ئیرادەگەری دروستیکردووە، مانای هەڵتەکاندنی ئەو بنەما تەقلیدییانەی کە کۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تەقلیدی دروستکردووە... نوخبەی خوێنەوار لەو کاتەدا گرنگە کە ئەگەرێکی دیکە دەخاتەوە، ئەگەرێک کە دەبێتە ئاسۆیەکی دیکە، لێرەوە خەساندنی ئەو نوخبەیە ستراتیژی هەموو ئەو هێزانەیە کە دەیانەوێت لە دەرەوەی هەست بە مێژوودا بژین. کە هەستنەکردن بە مێژوو بوو بە پرۆسەیەکی جەوهەری لە مانەوەی گروهێکدا، هەموو هەستەوەرێک کە خەڵک دەخاتەوە سەر ڕۆحی هەستکردن بە مێژوو، سروشتێکی ترسناک وەردەگرێت. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ئەرشیفیش ئەم شەش ساڵەی دوایی بخوێنینەوە، بە ئاشکرا بۆماندەردەکەوێت کە فوبیایەکی سامناک هەیە دژ بە عەقڵانیکردنی کۆمەڵگای کوردی... من خۆم گەلێ ڕەمزی ناعەقڵانی ترسناک دەبینم کە جڵەوی دنیای ئێمە دەکەن... زۆر ترسناک. چونکە عەقڵانییەت دەرگای یەکەمی دیتنی مێژوو و هەنگاوی یەکەمی ئیرادەگەرییە.

ئاراس فەتاح: ئەگەر لەسەر ئاستی مێژووی تەماشابکەین، گەر پارتی لە لەدایکبوونی بزوتنەوەیەکی ناوچەیی شێوە دینییەو هاتبێت و لەوێشەوە هەنگاوی نابێت بۆ بوون بە بزوتنەوەیەکی شێوە نیشتمانی و ناسیونالی، دەبێت باوەڕبهێنین کە پارتی بەبێ ئەو بونیادە ناتوانێت خۆی دووبارە بەرهەمبهێنێتەوە. گەڕانەوەی پارتی و مانەوەو دروستبوونەوەی لەو ناوچانەوە کە سەرەتا لێوەی هاتۆتەدەرێ بەڵگەیەکی گرنگی ئەو پرۆسەیەیە، ئەگەر چی ئەمە مانای

ئەوەنیە کە پارتی نەیتوانیوە بالّبگرێت بەسەر چەندین نوخبەی کۆنزەرڤاتیڤی نوێی ناو کۆمەڵگای کوردیدا، یان چەندین نوخبەی رۆشنبیری کۆنزەرڤاتیڤیش، هەڵبەت مێژووی پارتی تا ٧٤ بەڵگەی ئەو توانایەیە کە هەیبووە لە رکێفکردنی ئەو نوخبانەدا. بەڵام دوای تێکشکاندنی سیاسی و سەربازی یەکەمی پارتی، دەکرێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئایدۆلۆژیا رۆڵنابینێت، چونکە تێکشکانی ٧٤ تێکشکانێکی ئایدۆلۆژیشە، بەڵام سەیردەکەین پارتی دەتوانێت لەسەر هەمان ئایدۆلۆژیاو لەسەر هەمان بنەمای پێشوو دروستببێتەوە کە دەشێت ئەمە هێزێکی «سیحراوی» پارتی بێت. بەدیوی ئەودیوداشدا تۆ هەندێ توێژو تاقمی نوێت هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا کە بۆخۆیان شێوە پرۆژەیەکی مۆدێرینیان هەڵگرتووە، دیارە ئەو نوخبە رۆشنبیرەی کە ئێوە باستانکرد، توێژێکەو لەگەڵ فراوانبوونی قاعیدەی خوێندەوارانداو گەورەبووە، لە سەرەتای هەشتاکاندا ئامارەکان باس لە چارەکە ملیۆنێک قوتابی کورد دەکەن، کە دەشێت ئەمە خەرێتنەیەک بێت بۆ دروستکردنی دابڕانێک لەگەڵ تەقلیدیەتدا، وە حەتمەن رۆشنبیرانی حەفتاو هەشتاکانی ئەو نەوە خوێندەوارە وەڵامی تایبەتی هەبووە بۆ هەلومەرجە تازەکان و رۆڵیان هەبووە لە هێنانی هەندێ ئایدۆلۆژیاو چەمکی فیکری نوێ بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی. واتە دەکرێت بڵێین بەرامبەر پارتی لەناو شارەکاندا کایەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ دروستبووبوو کە جیابوو لە کایە تەقلیدییە کۆنەکان. هەروەها دەبێت باس لە پرۆسەیەکی دیکە بکەم کە کەمێک شێوە سیستەمی (ولاء)ی لە کۆمەڵگای ئێمە گۆڕیوە کە دەشێت هەر زوو لە قازانجی (پدک) نەبووبێت، ئەویش سیستەمی (ولاء)ی حیزبییە کە جیاوازە لە سیستەمی خێڵەکی، چونکە حیزب (ولاء) لە تاکەکان دەخوازێت و لەگەڵ هوشیاری تاکەکاندا قسەدەکات، نەوەک داوای هاتنە ناوەوەی کۆگەلی خێڵێک یان تایەفەیەک بکات... بەڵام لەگەڵ گەورەبوونەوەی ململانێکان و کۆبوونەوەی کۆمەڵێ هۆکاری ناوچەیی و ناوخۆیی، پارتی وەکو هێزێکی گەورە دەگەڕێتەوەو کۆمەڵگای کوردیش جارێکی دی تووشی گرفتی ململانێ دەبێتەوە لە نێوان ئەم دوو گروپەدا.

یەکێتی وەکی کایەیەکی سیاسی نوێ خەونی مۆدێرنی گروپێکی نوێخوازی ناو کۆمەڵگەی کوردی بوو، بەڵام یەکێتی لە پرۆسەی پێشکەوتنی خۆیدا جۆرێک لە سیاسەتی کۆنفیدراڵی نێوان گروپە نوێکان و کۆنەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی گرتەبەر، کە مۆدێرنیزم تیایدا بوو بە گەمەیەکی سیاسی، واتە یەکێتی لە خوارەوە جۆرە دیدو سەرنجێکی بەرهەمهێناوەو لەسەرەوە سیاسەتەکان شێوەی تریان وەرگرتووە، کە دەشێ بە ململانێی نێوان قاعیدەو سەرکردایەتی ناوی ببەین؛ من پێموایە لەبەرئەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتی خۆی لەناو رەحمی پارتییەوە هاتۆتە دەرێ دەبایە ئەم ململانێیەی هەبایەو لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش لەگەڵ خۆی و لە ناو خۆیدا پەروەردەیبکات... مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەو خیتابەی کە دەبایە یەکێتی هەڵیگرتبایە، دەبوو نوقمی هەمان ئەو بونیادە بێت کە پارتی تیایدا کاریکردووە، لە ڕاستیا هێنانەوەی کایەی قەبیلەو خێڵ بۆ ناو یەکێتی و کارکردن بەو هەوای عەسکەرتاریەتەی کە لە شاخەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، وە نەهێنانە مەیدانی هیچ پرۆژەیەکی سیاسی تازەتر کە وەڵامدانەوەی ئەو دۆخە تازانەبێت کە کورد تیایدا ژیاوە، دۆڕاندنی ئەو خەونە نوێخوازییەیە کە لەسەرەتادا بانگەشەی بۆدەکرد، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٩١، ساڵی دابڕانێکی گەورەیە، دابڕانێکی مێژوویی کە دەبایە پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەبایەو کورد پرۆژەیەکی سیاسی نوێی پێشکەش بکردبایە، بەڵام کە دەبینین لە هەمان ئەو ساڵەدا کورد بە هەردوو باڵەکەیەوە لەگەڵ بەعسدا دادەنیشێت و، لێرەوەو پاشانیش لە بەناوخۆیکردنیدا و تەسلیمکردنی مەسەلەکەی بە کایەی ئینسانیەت، بەدەستی خۆی دەینێژێت.

لەڕاستیا خۆدووبارەکردنەوەی ئەم دوو بونیادەو سەیرکردنی مێژوو بەو جۆرەی کە تۆ (مەریوان) لێیدوایت، واتە کورتکردنەوەی مێژوو بۆ رووداوێک، نوێ نین لە مێژووی خەباتی چەکداری کوردستاندا، ئەمانە لای مرۆڤی کورد هەستێکی قوڵ لە بێمانایی دروستدەکەن، بێمانایی سیاسەت وەکو ئەوەی کە هەیە.

بەختیار عەلی: یەکێتی لەو ساتەدا کە ناتوانێت پرۆژەیەکی ڕادیکاڵی بەرهەمبهێنێت دەکەوێتەوە ناو هەمان ئەو شێوە کارکردن و بونیادەوە کە پێشتر زەمینەی (پارتی) بووە .. ئەمەش ئەو هەڵە کوشندەییە کە (ینک)ی ڕاکێشاوەتە ئەم ساتەوەختەی ئێستا، یەکێتی دەیەوێ لەسەر هەمان زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری پارتی کاربکات، لێرەوەیە کە ڕووبەڕووی

قەیرانێکی وەها سامناک دەبێتەوە. یاخود ڕاستتر وایە بڵێین پلەی تێنەگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلای سەرکردایەتی (ینک) لە ئەندازەیەکدایە کە پارتی بەئاسانی دەتوانێت ڕایانکێشێتە مەیدانی خۆیەوە بۆ ئەوەی ململانێیان لەگەڵ بکات... (ینک) بە ئەندازەیەک بەهەڵە کۆمەڵگای کوردی دەخوێنێتەوە لە ململانێی سیاسی خۆیدا لەگەڵ (پدک)دا دەکەوێتە هەوڵی پەلکێشان بەناو قاعیدەی کۆمەڵایەتی (پدک)، کە ئاشکرایە ئەمەش چ هەرەسێکی ستراتیژی بەدواوەیە، چونکە ئەستەمە لەگەڵ (پدک)دا لەسەر ئەو قاعیدەیە شەڕبکرێت، بەڵام (ینک) لەبەرئەوەی بەبێ هیچ شیکارێکی سۆسیۆلۆگی سیاسەتیکردووە، هەرگیز نەیتوانیوە هەوێن و تۆوی هێزی تازەببینێت کە کۆمەڵگای کوردی لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا بەرهەمی هێناوە هەربۆیەش شەڕی گواستۆتەوە بۆ داگیرکردن و پەلکوتان بەناو ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتییەدا کە لە بنەڕەتدا (ژێرخانی) پارتی بووە. نوقمبوونەوەی یەکێتیش لەو گەمەیەدا، واتە گەمەی بەدەستهێنانی وەلائی هەموو هێزە تەقلیدی و کۆنزەرڤاتیڤەکان دایبڕیوە لەوەی توانای موبیلکردنی نەوە تازەکانی هەبێت... هەڵەکانی یەکێتی بە ئەندازەیەک کوشندەبوون کە دەبایە ئەو دەرەنجامانەی بەدوادا بهاتایە. من لێرەدا هەندێک خاڵ نیشاندەدەم و بەس کە نیشانەی دووبارەکردنەوەی یەکێتییە بۆ هەمان گەمەکانی پارتی و، بەڵکو تێپەڕاندنی بە ڕادەیەک کە پارتی بتوانێت ئەو تێپەڕاندنە، وەکی خاڵێکی ئیجابی بۆ خۆی و بۆ وێناکردنی خۆی بەکاربهێنێت. لەوانە:

یەکەم: نەمانی جیاوازی لە نێوان کەرتی سیاسی و کەرتی سەربازی یەکێتیدا بەڕادەیەک سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی دەبنە سەرکردەی سیاسیش، کاردەگاتە ڕادەیەک کە بەماوەیەک پێش شەڕی ناوخۆ هەوای ئەو باڵە بڕیارە سیاسییەکان دەدات و، لەکاتی شەڕی ناوخۆدا جیاوازییەکان تەواو ووندەبن.

دووەم: هەوڵدانی یەکێتی بۆ دروستکردنی پەترِیارکێک بۆخۆی، کە دواجار لەسەروو هەموو شتێکەوەیەو ناوەندی سیاسی و عەقڵی و ڕۆحی بۆ هەموو گروهەکە پێکدەهێنێ و لە خۆیا وێنەی کەسی ڕابەرو مورشیدی ئایدۆلۆژی و مورشیدی دینیش کۆدەکاتەوە... لەڕاستیا گۆڕانی (ینک) بۆ موڵکیەتی تایبەتی «مام جەلال» دینامیکیەتی یەکێتی، وەکو هێزێکی زیندوو لە ڕیشەوە هەڵتەکاند.

سێیەم: بێتوانایی یەکێتی کە لەوەی چورنەتبکات دەست بۆ هیچ ڕەمزو نەریتێکی تەقلیدی بەرێت و بە پێچەوانەوە سڕکردنی ئەو قاعیدە جەماوەرییەی کە لە بنەڕەتدا لە یەکێتیدا هێزێکی دژ بە تەقلیدییەتیان دەخواست. هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە یەکێتی بە درێژایی کات هەوڵیداوە ڕوویەکی کۆنزەرڤاتیڤ پیشانی هێزە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کورد بدات، هەوڵیداوە خۆی وەکو گروهێک نیشانبدات ،کە دەشێت شێخەکان و ئاغاکان و بەگزادەکان و دەروێشی تەریقەتەکان و سەرۆک عەشرەتەکان و مەلاکان بێنە ڕیزەکانیەوە، هەوڵیداوە بە هیچ جۆرێک خیتابێک بەرهەمنەیەت کە هەستی ناسکی دوکاندارێکی ئیماندارو پیرێژنێکی بەرۆژووی ناو کۆڵان و شارە گەورەو چکۆلەکان برینداربکات، ئەم سیاسەتە هەموو شوناس و تایبەتمەندیەکی لە یەکێتی سەندەوە، من لەو ساڵانەی دوایدا گەلێ قسەم لەگەڵ کەسانێ کردووە کە لە ڕیزی (ینک) یان (پدک)دا بوون کە نەیانزانیوە جیاوازییەکان چیە، لێرەوە دابەزیونەتە ناو تەفسیری سادو ڕۆژانەوە بۆ ڕووداوەکان... یەکێتی لەسەر ڕۆشنایی ئەو هەڵە کوشندانەدا، لە دوای ڕاپەڕین و هەڵبەت پێشتریش، بە پرۆسەیەکی کوشندەی سڕینەوەی شوناسی خۆیدا دەڕوات، ئەمە بۆ خودی پارتیش ترسناک بوو، بەڵام ئاشکراش بوو کە (ینک) لە زۆر ڕووەوە ناتوانێت بەردەوامبێت. کە دەڵێم ترسناک بوو، مەبەستم لەوەیە کە (ینک) شەڕێکی سەختی دەکرد بۆ ئەوەی سیمای (پدک) وەربگرێت، کە قاعیدەکەی ئەو داگیربکات، هەڵبەت بۆ ئەوەی ئەو قاعیدەیەش داگیربکات دەبایە لەو بچوایە، بەڵام دواجار ئەوەی ڕوویدا یەکێتی سیمای خۆشی ونکردو نەیتوانی ڕیشەی قوڵیش لە ناو هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکاندا هەبێت، واتە بنکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆشی دۆڕاند و بنکەیەکی نوێشی نەدۆزیەوە، دەموچاوی خۆی سڕیەوەو شێوەی پارتیشی وەرنەگرت.

چوارەم: (ینک) تەنها خۆی نەگۆڕیە سەر هێزێکی بێشوناسی کە دواجار ناچاربێت میلیشیا لە گەنجانی بێکارو خڵتە کۆمەڵایەتییەکان دروستبکات... بەڵکو لەتەک خۆیدا بە تەواوی پرۆسەی بێشوناسکردنی نەوە تازەکان دەستپێدەکات، ئەو پرۆسە قوڵەی لە ووتاری «توندڕەوی لە نێوان نەوە تازەکان و گروپە کۆنەکان»دا باسمکرد... ئەو ئەوەیە کە بەئەندازەیەک بێشوناس دەکرێت،

هەتا هەستی ئینتماکردنیشی بۆ کوردستان لێدەستێ ڕێتەوە، ئەوەیەک کە دوای ئەو نائومێدیە گەورەیە ناچارە بەسەر زەویدا وەکو کۆمەڵێ گەڕۆک بەپێ، لەمسەری زەوییەوە بڕوات بۆ ئەوسەر، لەدوای خەونێک کە هەرگیز نایەتەدی... ڕێگرتنی (ینک) و (پدک) لەوەی هیچ زەمینەیەکی سیاسی تازە بێتە مەیدان و خەساندنی هەموو هەوڵێکی ئەلتەرناتیف یان وەکو کاک ئاراس تۆ ووتت (بێماناییکردن) یان بۆ خودی سیاسەت و دواجاریش شەڕکردنیان لەسەر ڕازیکردنی هێزە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان کە کۆمەڵێ هێزن، ئەوە تازەکان کەم و زۆر بەدیدو جیهانبینیان ڕازینین، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێ هەڵەن بە پلەی یەکەم (ینک) لێبەرپرسیارە، چونکە دەشیا ئەو ئەوە بێشوناسکراوە قاعیدەیەکی گرنگی پرۆژەیەکی (مۆدێرن)بن کە (ینک) لەسەرەتایدا ئیدعایدەکرد.

پێنجەم: دابەزینەوەی یەکێتی بۆ هەمان گەمەی پارتی لە دروستکردنی تەحالوفاتی ناوچەییدا. یەکێتییەکان ئەمڕۆ ئەوە بەوە تەفسیردەکەن کە یەکێتی ناچاربووە، منیش هەمان ڕام هەیە کە (ینک) لە دوا ئیستگەدا ناچاربووەو لە داهاتووشدا ناچارتردەبێت تەحالوفاتی ناوچەیی خراپتر ببەستێت، بەبێ ئەوەی سەد دەرسەد وویستی خۆی لە پشتی بووبێت، حەتمەن (پدک)یش بە لۆژیکی «ناچاربوون» هاریکاری خۆی لەگەڵ بەغدادا تەفسیردەکات، بەڵام یەکێتی کاتێ ناچاری ئەو گەمەیە دەبێت کە شوناسی خۆی و قاعیدەی خۆی و پرۆژەی خۆی دۆڕاندوە، پرۆسەی دۆڕاندنەکەش پرۆسەیەکی دوورودرێژەو، پەیوەندی بە ناچارییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مێژوویەکی درێژ لە کۆکردنەوەی هەڵە هەیە... ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی مێژووی خۆی پێویستی بە دەستێکی دەرەکی هەیە بیهێنێتەوە ناو مێژوو، بەڵام ئەو دەستە هەموو هەستێکی سەربەخۆی بە جوڵاندنەوەی لاسڕدەکات. ئەو ئیفلیجبوونە لە ناکاوەی یەکێتی لە یادوەری مرۆڤی کورددا ئیفلیجبوونی «٧٤»ی (پدک) بەیادا دەهێنێتەوە، پێموایە ئەو دووڕووداوە میکانیزمی زۆر قووڵ و نەخوێندراوەی لە پشتە کە بە دڵنیاییەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە «هەستی» کوردو مامەڵەیتی لەگەڵ مێژوودا.

مەریوان ووریا: لەڕاستیا من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ میحوەری قسەکانی (کاک ئاراس)... من پێموایە «حیزب» بەرهەمی نوخبە تەقلیدییەکانە لە ساتێکدا دێتە گۆڕێ کە ئەم نوخبەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناتوانێت کار لە واقیعی کورد بکات واتە هەڵگری ئەو توانایە، یان ئەو سەرمایە ڕەمزیە نیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەری ئەوەی بداتێ ببێتە هێزێکی سەربەخۆو کارتێکەر. بەمانایەکی دی ئەوانەی (پدک) یان دروستکرد، هێزە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردی نەبوون، (پدک) بەرهەمی پرۆسەی مۆدێرنیزەی سیاسییە. کە ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە خشتە سەرەتاییەکانی دارشتوە. بەڵام دواجار تەسلیمکردنەوەی حیزب بە خێڵ، ئەمەیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێکهات و بونیادی ڕۆشنبیران خۆیانەوە هەیە، پەیوەندی بە قورسایی مۆدێرنیزمەوە هەیە لە دنیای ئێمەدا. هەڵبەت ئەوەش ڕاستە کە لە سی ساڵی ڕابردوودا ئێمە نوخبەیەکی خوێنەواری گەورەمان بۆ دروستبووە، بەڵام با ئێمە دیووی ئەودیووی ئەم دیاردەیەش ببینین، لە سی ساڵی ڕابردوودا هەموو هێزە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردی گەورەکران. ئێمە لە هەشتاکاندا نیو ملیۆن جاشمان هەبوو، دەبێت ئێمە ئەمبەرو ئەوبەری ئەو هاوکێشەیە پێکەوە ببینین. بەکورتی لەو ماوەیەدا هەم خێڵ و هەم فەنتازیاو کەلتووری خێڵ گەورەکرانەوەو هەموو پەیوەندییە تەقلیدیەکانیش گوڕوتینێکی کاریگەریان دراوەتێ. زۆرن ژمارەی ئەو کتێبانەی لە هەشتاکاندا لەسەر نەسەب و ئەسڵ و فەسڵ و ژمارەی دانیشتوان و پیاو ماقوڵانی عەشیرەتەکان نووسراون. بەعس لە هەشتاکاندا بە دوو ئاڕاستەی زۆر کوشندە ئیشیکردووە:

یەکێکیان: بێشووناسکردنی خوێندەواری کورد بە گەڕاندنەوەی بۆ باوەشی عەشیرەت. وەک ووتمان لە سەرەتای هەشتاکاندا ژمارەیەکی زۆری دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان و ئامادەییە پیشەییەکان و دەزگاکانی دیکەی خوێندنمان هەبوو. هەموو ئەمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەنگاوێکیان نابووە دەرەوەی سەر زەمینی عەشیرەتەوە. ئەمە جگە لە هەزاران فەرمانبەرو کارگوزاری دیکە، کە بەشێکی گرنگی ماشێنی بیرۆکراسیەت و دەزگاکانی ناو واقیعی کوردیان بەڕێوەئەبرد. ئەم لەشکرە دوورکەوتووە لە خێڵ، جا بەئەندازەو مەسافەی جیاواز، مایەی ئارەحەتی

بوو بۆ بەعس. بەعس نەیدەویست ئەو پێکهاتە تەقلیدییە تێکبچێت، نەیدەویست لە دەرەوەی خێڵ، هێزو گروهی مۆدێرن لە کوردستاندا دروست ببێت. جا لەبەرئەوەی نەیدەتوانی ڕێ لە دروستبوونی ئەم هێزە مۆدێرنانە بگرێت لە خاڵی سەرەتای دروستبوونیاندا، مەبەستم ڕێگرتنە لە خوێندن و فێربوونیان بەحوکمی ئەوەی خوێندن ناچاربوو لە عێراقدا. بۆیە بەعس ستراتیژییەتی تێکشکانی ئەم هێزەی گواستەوە بۆ خاڵی کۆتایی سەفەری خوێندن و پێگەیشتنیان. ئەوەبوو فەوجەکانی خەفیفە لە سەرۆک عەشیرەکان و خاوەنزەوی و هێزە تەقلیدیەکانی دیکە دروستکراو بە هەزاران هەزار خوێندەوارو دەرچووی زانکۆکان و پەیمانگاکان ناچارکران بۆ ناو ئەو فەوجانە بگەڕێنەوە. ئەم گەڕانەوە نائومێدە، بریتی بوو لە گەڕانەوەی ئەو نوخبە خوێندەوارە بۆ باوەشی عەشیرەت و بۆ ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی عەشیرەت. ئەم پرۆسەیە بەعس زۆر بە ووردی کاری بۆ کردو تۆڕە شەیتانیەکانی تەند.

دووەمیش: تێکشکاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەبوو کە لەڕووی تیورییەوە سوتەمەنی و بنەمای هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازییە، مەبەستم لە جوتیارانە. لە هەشتاکاندا بەعس بە ئەندازەیەک جوتیارانی تێکشکاند کە چیدی هیچ قورساییەکی کۆمەڵایەتیان نەمابوو. بەعس ئەم هێزەی دەرکرد لە هەموو بەشدارییەکی کاریگەر لە مێژووی ئێمەدا. (ئەنفال) چیرۆکی ئەو تێکشکانەیە، کە بەعس بەشێکی ئەو نوخبە خوێندەوارەی کوردی گەڕاندبووەوە بۆ باوەشی عەشیرەت. ئەو نوخبەیە کە دەبوایە بەهاریکاری جوتیاران مێژووی ئێمەیان ڕووەو گۆڕان ببردایە. بۆیە کاتێ دێینە سەر ساتەوەختی ڕاپەڕین، زەحمەتە بتوانین قسە لە یەکسانی هێز بکەین لە نێوان تەقلیدیەت و هێزە مۆدێرنخوازەکاندا. بۆیە گەڕاندنەوەی پارتی بۆ کوردستان گەڕانەوە بوو بۆ ناو سەرزەمینێکی بەپیت. بۆ ناو قاعیدەیەک کە بەعس بەدرێژایی هەشتاکان بەدروستکردنییەوە خەریکبوو، دیارە بۆ مەبەستێکی دیکەو بۆ ئامانجێکی تر. کێشەی یەکێتی لەوەدابوو دەرکی بەو گۆڕانە سۆسیولۆژیانە نەدەکرد. نەیدەزانی واقیعی کوردی لەکوێدایەو چۆن گەشەی کردووەو ڕوو لەکوێیەو ئەرازووی هێزەکان چۆنن.

بەختیار عەلی: گواستنەوەی جووتیاران بۆ شار، پرۆسەیەکی زۆر گرنگە، چونکە بەڕای من دوای کارکردنی بەعس لەسەر ئەم توێژەو دوای دۆخە سەختەی کە لە شارەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەبنە قاعیدەیەکی گرنگی هێزە تەقلیدییەکان، جووتیاران بە هوشیارییەکی دینی و ڕەفتارێکی شەرمنەوە دێنە شارو بەر ژینگەیەک دەکەون کە بەردەوام فڕێیاندەداتەوە پەراوێزەوە، بەعس لە ڕێگای (خەفیفە)وە لەو حاڵەتی پەراوێزییەوە دەریاندەهێنێت و، جێگایەکی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی گرنگیان دەداتێ، جووتیارەکان بە مخیالێکەوە دێنە ناو شار کە هاوکێشەی «کۆیلە» و «ئاغا» پۆلە سەرەکییەکانی پێکدەهێنن. لە شارەکاندا بەعس ئەو هاوکێشەیە لە سیستمێکی سەربازیدا بونیاددەنێتەوەو پەیوەندی «ئاغا» و «ڕەنجبەر» لەسەر ڕیتمی پەیوەندی «ئەفسەر» و «سەرباز» دروستدەکاتەوە، واتە ڕەهەندێکی سەربازی دەبەخشێتە پەیوەندی خێڵەکی. ئەم کشانەی گوندەکان بۆ ناو شار ژینگەیەک دروستدەکات کە تیایدا هێزە کۆنزەرتیڤەکان بەئاسانی هەموو ئەو ژینگە تازەیە داگیربکەن، گروهە دینییەکان هەر لەسەر ئەم قاعیدەیەوە جێپێی خۆیان لە شارەکاندا قایمدەکەن، (پدک) هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە زۆر بەئاسانی دەبێتە هێزێکی سیاسی کاریگەر بە ڕادەیەک کە کەس تەفسیرێکی ئاشکرای پێنەبێت دەربارەی نهێنی ئەو گەشە گەورەو لەناکاوەی (پارتی) لە ماوەی چەند مانگێکدا، بەڵام ئەگەر بڕوانین دەبینین کۆکردنەوەی ژینگەی گوندنشین لە شاردا مانای ئەوەیە کە تۆ هەموو ئەو زەخیرەو قاعیدەیەی کە هێزە دینی و کۆنزەرڤەتیڤەکان بە درێژایی چەندین سەدە لەو ژینگەیەدا ناشتویانە، بەیەکجار لەیەک جێگادا، یان لە چەند جێگایەکی نزیک بەیەکدی کۆدەکەیتەوە. ئەو هێزانە تا لە گوندی دوور لەیەک و لە ناوچەی گۆشەگیردا دەژین مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ئاسانترە، تێکشکاندنی سیستمی جیهانبینیان ئاسانترە، بەڵام کە لەیەکدی نزیکدەبنەوە و لەیەک جێگادا خڕدەکرێنەوە، دەبنە هێزێکی کاریگەر هۆکەش ئاشکرایە: کە ئەوانە لە بەرابەر ئەو ژینگە تازەیەدا پتر لە نزیک یەکترەوە هەست بە دڵنیاییدەکەن، هەروەها ئەگەر لە ژیانی گوندنشینیا گرفتی زەوی و ئاو زۆر ناکۆکی و کێشەی بۆ دروستکردبن، ئەوا لە ژیانی ناو شارەکاندا هێزی لە یەکدی نزیکبوونەوە

گەورەترە. لە ڕاستیا هەرەسی پرۆسەی بونیادنانی گردەکان و گەڕانەوەی گوندنشینەکان بە شێوەیەکی خێراو گونجاو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کۆگەلە داوی ڕاپەڕین دەبنە هێزێکی سیاسی و میلیشیایی و دینی و ئابووری کاریگەر... واتە ئەو هێزە کۆمەلایەتییە کۆنزەڤەتیڤەی بە درێژایی سەدان ساڵ دوور لەیەک و لە کۆمەڵگایەکی دابڕدابڕدا دەژیا، بەعس هەلێکی مێژووی بۆ خولقاند کە پێکەوە یەکبگرێت و ڕۆحی خۆی و دیدو ڕەفتاری خۆی بکاتە ڕۆحی باڵادەست، واتە ئەو هێزەی کە لە شەست و حەفتاکاندا «ماوییەکان» دەیانویست بیانکەنە هێزی بونیادنەر بۆ سۆسیالیزم لە نەوەدەکاندا دەبنە بۆمبێکی ترسناکی کۆنزەرڤاتیڤەکان. هیچ یەکێ لە گروهە مەیلدەرەکانیش بەلای نوێخوازیا توانای خوێندنەوەی ئەم واقیعەیان نەبووە، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری سیاسی تیوریزەکەریان نەبووە... چەپ خۆی ئێجگار بێ ڕۆشنبیرە، کۆمۆنیستە کوردەکان و عێراقیەکان زۆر شت دەکەن، بەلام هەرگیز واقیع ناخوێننەوە، من هەردەم وتومە، مانگرتنێکی سیاسی ترسناک هەیە لە ئاست خوێندنەوەی ژیان و واقیع.

مەریوان وریا: بەلام دواجار بمانەوێ و نەمانەوێت ئەم تێکشکانەی ئێستا لەسەر جەستەو مەوقیعیەتی ئەو نوخبە خوێندەوارەدا دەشکێتەوە، واتە ئەوەی کە هەتیودەکەوێتەوە لە واقیعی ئێمەدا ئەو نوخبە خوێندەوارەیە، کە دواجار لەوانەیە لەو حاڵەتەی ئێستای کوردستاندا هەڵوێستێکی «پاسیڤ» وەربگرێت، یاخود لەوانەیە لە نائومێدیا خۆیان بدەنەوە دەست تەقلیدیەت. لە ڕاستیا من پێموایە ئەگەر پەیوەندی و هاریکاری نێوان (پارتی) و (ئیسلامییەکان) شێوەی بالاتر بەخۆیەوە بگرێت، ڕۆشنبیری کورد دەرەقەتی ئەو تەحالوفە نایەت، وە ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان بەعسیش وەک هێزێکی کاریگەر بێتەوە ناو هاوکێشەکە، ئەوا کارەساتەکە گەورەتردەبێت.

ئاراس فەتاح: با لەسەرەتادا بەهەلە لەیەکتر تێگەیشتنێ لەگەڵ مەریواندا ڕاستبکەمەوە. من باسی ئەوەم نەکردووە کە حیزب لە کوردستاندا دەرەنجامی نوخبەی تەقلیدییە، بەلکو حیزب بەحوکمی نەبوونی کایەیەکی کۆمەلایەتی، تەسلیمی نوخبەی تەقلیدی کراوە. لە «نەتەوە و گروپە ستراتیژیەکاندا» بە درێژی لەسەر ئەم میکانیزمە دواوم.

ئەگەر باوەڕ بەوە بهێنین کە (ینک) لە ساتی دابەزینیا بۆ ناو هەمان ئەو بونیادە خێلەکییە، جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ (پدک)دا لەدەستدەدات، دەبێت باوەڕبهێنین کە لە ئاستی سیاسیا نوخبەیەکی خوێنەوارترمان نیە لەو نوخبەیەی کە (پدک) دروستیکردووە، لەبەر ئەوە من بەڕاستیی نازانم چۆن باس لە پرۆژەی جیاواز بکەین لە بەرامبەر بە یەکتری... چونکە (ینک) مەودایەکی بۆ جیاوازی نەهێشتۆتەوە، کە ئەگەر تێگەیشتبم دەرەنجامی قسەکانیش هەر بەهەمان ئاڕاستەیە.

ئەگەر (ینک) دوای ڕاپەڕین پتر زەختی لەسەر هێزی ئەو نوخبە خوێندەوارانە دابنایە، یان کەمتر مەجازی بدوێن گرەوی لەسەر هێزی شار بکردایە، ئەگەری ئەوە هەبوو کە پرۆژەیەکی سیاسی نوێ دابڕێژێت و گرەوێک لەو هێزە تەقلیدیانە بباتەوە، بەلام لە کاتێکدا جەنگ بووە جەنگی بە«کۆکردن»ی کۆمەلگا، جەنگ بووە جەنگی کۆکردنەوەی زۆرایەتی و تەحالوفاتی سیاسی، جەنگ بووە جەنگی دوو خێلی سیاسی، کێشەکە هەموو چەمکە ناسیۆنالییەکانی خۆی ووندەکات و پرۆژەکان هەموو دەبنە پرۆژەیی ناوچەیی. بەلام ئەگەر باس لە تێکشکانی بەعس بکەین بۆ بونیادی کۆمەڵگای کوردو سەرلەنوێ فڕێدانەوەی بۆ ناو بونیادی خێل، ئەمە زۆر ڕاستە، بە تایبەت ئەو پرۆسە ترسناکەی کە دەشێت بە پرۆسەی (بەلادێییکردنی شار) لەقەلەمیبدەین، بەلام کارەساتەکە لەوەدایە ئەم پرۆسەیە، لە کاتی خۆیدا بۆ ڕێکخراوێکی وەکو (ینک)، وەکو پرۆسەیەکی مودێرنیزم کەوتۆتەوە. لەیادمە دوای ئەنفال، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ «مام جەلال»دا خوێندەوە کە یەکێک لە گۆڤارە عارەبییەکان لەگەلیا کردبوویان، ئەو دەڵێت ئێمە مەسەلەی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان هەمووی بەخراپ نازانین، بەلکە لە پشتیەوە هەندێ خاڵی ئیجابی هەیە، لەوانە ئەوەی کە بونیادی خێل تێکدەچێت، کۆبوونەوە دروستدەبێت، پەیوەندی کۆمەلایەتی و بەرهەمهێنانی تازە دروستدەبێت! ئەمە چەند ڕایەکی هەڵەیە، ئەوەندەش دەلالەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕێکخراوەیی هەیە لای ڕێکخراوێکی سیاسی.

مەریوان ووریا: کێشەکە ئەوەیە کە کاک بەختیار باسیکرد، (ینک) تیوریزمکەرێکی نەبووە ئەم شتانەی بۆ بخوێنێتەوە، ئەگەر یەکێتی هەستی بەم شتانە بکردایە، ئەگەر بهاتبایەو گۆڕانکارییەکانی سالآنی هەشتای بخوێندبایەتەوە لە «٩٣»دا نەدەچووە گەمەی هەڵبژاردنەوە لەگەڵ (پدک)دا... تۆ ئەگەر بزانیت ئەو هێزانەی قاعیدەی تۆیە بەعس لە هەشتاکاندا دەیکاتەوە بە باوەشی خێڵدا، ناچێتە ناو گەمەیەکەوە دواجار تیایدا بەچەک پەنجا بە پەنجا بسەپێنێت، چونکە یەکێتی ئەگەر بەیەک دەنگیش بوووە هەڵبژاردنی دۆڕاند، بەڵام قەبوڵنەکردنی ئەو حاڵەتە لە ڕاستیا دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی هەڵەی واقیعی کوردی. سەرکردەکانی (ینک) پێیانوابوو بەئاسانی دەتوانن هەڵبژاردن ببەنەوەو، زۆر لەپێش پارتیشەوەبن، بەڵام واقیعی کوردی جەبرو یاسای خۆی هەیە، بونیادی کۆمەلآیەتی جەبری خۆی هەیە... ئەوانە هەمووی کۆمەڵی هێزبوون کە ئەو واقیعەیان بەو ئاراستەیەبرد.

ئەوەی لای من گرفتێکی گەورەیە ئەوەیە: پارتی ئەو هێزەنیە کە واقیعی کوردی نوێنەرایەتی بکات. بەتایبەت دوای ئەم پێنج ساڵەی دوایی کە مرۆڤی کورد لە هەندێ دەلاقەی تایبەتیەوە زیاتر کراوەتەوە، هوشیاری ئەم مرۆڤە پتر بەسەر دەرەوەدا دەڕوانێت. ژمارەیەکی گەورەی کورد لە خۆرئاوایە کە هەڵبەت ئەمانە کاریگەریان بۆ سەر بزاوتی ناسیونالی کوردی هەیەو ئەبێ... من پێموانیە پارتی ئەو هێزەبێت کە لایەنی کەمی ئامانج و خەونەکانی مرۆڤی کورد بهێنێتە دی، چونکە جەوهەری پارتی هەڵگری ئەم خەونە نیەو لەپاڵ ئەمەشدا پارتی بە کۆی ئەو تەحالوفاتانەی ئەم دواییەی، بەو هەڵوێستە سیاسیانەی ئەم دواییەی تێکشکاندنێکی گەورەی هێناوەتەوە کایەوە.

ئاراس فەتاح: یەکێ لەو خاڵانەی کە من زۆر سەرنجێکی ڕەخنەگرانەم بەرامبەری هەیە، ئەو حاڵەتەیە کە دوای ڕاپەڕین دروستبوو، حیزب بۆئەوەی دووبارە خۆی بەرهەمبهێنێتەوەو لەو پێکهاتە کۆمەلآیەتییەدا کاربکاتەوە پرۆسەیەکی هێنایە مەیدان کە ئەوکات «ئاشتبوونەوەی گشتیان» ناونا. بەمانایەکی تر ئەگەر جاشەکان تا کاتی ڕاپەڕین تفەنگەکانیان ڕووی لە سنگی پێشمەرگەبووبێت لە کاتی ڕاپەڕیندا گەمەکە گۆڕدراو جاشەکان ڕووی تفەنگەکانیان کردە دەوڵەت، ئەمە هۆکارەکەی هەرچیەک بووبێت خۆی شتێکی سەرنجڕاکێشە و بابەتی ئێستامان نیە، بەڵام ئایا ئەم جێگاگۆڕکێیە مانای جێگاگۆڕکێیەکی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئەخلاقی دەگەیەنێت، واتە دەکرێت بڵێین کە ئەوان بوونەتە بەشێک لەو پرۆژە نەتەوەییەی کە ڕاپەڕین دروستیکرد، کە هەڵبەت ژمارەیەکی گەورە لە جەلادی گەورەو ترسناک لە ڕیزەکانیاندایە؟ لە ڕاستیا ئەگەر باس لە کوشتنی یادوەری بێت، ئەوا پرۆسەی بە نیشتمانیەروەرکردنەوەی جاش، یەکەم هەنگاوی گەورەی کوشتنی ئەو یادوەرییەبوو بەرامبەر بە تاوانەکانی بەعس... بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ئەگەر سەیربکەین لەمەشدا بەتەنها ستراتیژی پارتی نەبووە، دەشێت پارتی زیاتر پێویستی بەوانە هەبووبێت، بەڵکو یەکێتیش لە هەمان کایەی سیاسیدا ئیشیکردووە. نەبوونی هیچ دووربینیەک وایکرد هەر لە ساتی یەکەمی ڕاپەڕینەوە ئەوان نەتوانن مامەڵە لەگەڵ حاڵەتێکی، وەکو ئەو حاڵەتەدا بکەن کە بەعس لە کۆمەڵگای کوردیدا خوڵقاندبووی. هەڵبەت لێپرسراوی ڕاستەوخۆش لەوەدا ئەو دەستە دەسەلآتدارە سیاسییەیە کە لەو قۆناغەدا سەرکردایەتی کردووە... چونکە ئەوان دەبایە چارەسەریان پێبوایە، بەڵام چارەسەرەکەی ئەوان لە کوشتنی یادوەری مرۆڤی کوردەوە دەستیپێکرد. هەمان سیاسەت بەرامبەر بە هەموو ئەو جەلادانەی بەعس پیادەکران کە لە ناو خاکی کوردستاندا وەکی «ئۆپۆسیسیۆن» تێپەڕدەبوون و بەرەو دەرەوە هەڵدەهاتن.

بەختیار عەلی: یەکێتی لەو دەقیقەیەوە کە کەوتە شەڕی زۆرکردنی ژمارە لەگەڵ پارتیدا، زۆر لەماناکانی بوونی خۆی دۆڕاند. ئەگەر یەکێتی لە ساتی هەڵبژاردندا ئامادەبوایە بدۆڕێت، بەڵام شوناسی خۆی وونەکات، دەشیا زۆر شەڕی دیکەی ببردایەتەوە... وە دەشیا زۆر بەئاسانیش ئەوەی بکردایە، بەڵام کە ئەوەی قەبوڵنەکرد، بووە هاوبەش و شەریکی پارتی لە خوڵقاندنی ئەو چارەنووسە تاریکەی ئەمڕۆدا... چونکە (ینک) بە درێژایی وەخت هەوڵیداوە کە بچێتە ناو قاعیدەی پارتییەوە، دەستی بە خەڵکانێ بگات کە کەسانی ئەو حیزبەن، ئەم هەوڵەش هەردەم دۆڕاوبووەو هەردەمیش دۆڕاودەبێت.

مەریوان وورریا: ئەمە جگە لەوەی قاعیدەی یەکێتی خۆی قاعیدەیەکی مۆبێل و ڕاڕاو پرسیارکەرە. چونکە ئەگەر ئەوان لەسەرەتاوە واهێنابێتیان کە سەروکاریان لەگەڵ خوێندەوارانی کوردا بێت، خوێندەوارانی کورد هەردەم دیدێکی نیمچەرەخنەییان هەبووە... هەردەم لایەنی کەمی «رەخنە»یان رووبەرووی دیاردەکان کردۆتەوە، لەبەرئەوە (ینک) بە پێچەوانەی پارتیەوە، بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی دۆڕاندنی قاعیدە بزۆکەکەی خۆیدایە، ئەگەربێت و بەردەوام (ڕادیکال) نەبێت لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیداو لایەنی کەمی داواکانی ئەو قاعیدەیە نەهێنێتەدی. ئەمەش کێشەیەکی سەختی لە نێوان سەرەوەو قاعیدەدا دروستکردووە لە یەکێتیدا. من پێمووایە ململانێی سەرکردایەتی یەکێتی لەدژی قاعیدەی خۆی ململانێیەکە بە بەراوردکردنی بە ململانێ لەگەڵ پارتیدا ئەگەر سەختترنەبێت کەمترنیە.

تۆ سەرکردایەتیەکت هەیە لە یەکێتیدا کە دواجار لەگەڵ پارتیدا دەچێتە گەمەی ئەرجسییەتەوە و، پرسیاری سەرەکی لەلای دەبێتە ئەوەی کێ (حوکمی) کوردستان بکات؟، کە مەسەلەی حوکمیش دەکەیتە مەسەلەی سەرەکی لە واقیعێکدا کە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوریەوە وێرانکراوەو تۆ هیچ پرۆژەیەکیشت پێنیە بۆ چارەسەرکردن... یان کاتێ کە پێتوابێت، دەستگرتن بەسەر کۆمەڵێ دەستگادا، مانای ئەوەیە کە تۆ ئەو واقیعە چاکدەکەیت، ئیتر تووشی ئەو هەڵانەدەبیت کە چاککردنەوەیان ئاسان نیە، لێرەوە پێنج ساڵی ڕابردوو بریتیە لە پێنج ساڵی بەردەوامی مەرگی شێنەیی و هێمنی یەکێتی، وەک هێزێکی مۆدێرن و کەرنەڤاڵی زیندووبوونەوەو ژیانەوەی بەردەوامی پارتی، وەک هێزێکی تەقلیدی. لە ئێستاشدا سنورێکی ئەوتۆ لە رووی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەوە لە نێوانیاندا نەماوە. تەحالوفە سیاسییەکانیان شووناسی ئەوان دیاریدەکات و جیاوازییەکان لە چەندایەتیدایە نەک لە چۆنایەتیدا.

بەختیار عەلی: لە ساتەوەختی هەڵبژاردندا واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە واقیعێکی ماندووبوو، هەڵبژاردن دوای ساڵێک و شتێک لە تێکشکاندنی دەسەڵاتی بەعس ڕویدا، پێشتر ئێمە سەدەها هەزار جاشمان هەبووە، سەدەها هەزار کەس کە ساڵانێکی درێژە جۆرە کاراکتەرێکی تایبەتیان تیادەچێنرێت، دروستکردنەوەو بیناکردنەوەی ئەخلاقی ئەو جیلە ئەرکێکی گرنگ و ئۆرگانی ڕاپەڕین بوو، ئەو جیلە وێرانکراوە برێکی زۆری زەخیرەی پرۆژە وێرانکەرو کۆنزەرڤاتیڤەکان بوو، زەخیرەی ئەو باڵە سیاسیانە بوو کە لە (ینک) و (پدک)دا ڕێگایان بۆ ڕۆحێکی کوێرو عەقڵێکی نابینا خۆشدەکرد، زەخیرەی ئەو هێزانەبوو کە دەیانویست کۆمەڵێ هێزی ناعەقلانی و بێرەحم دروستبکەن... هیچ کەسێ لەو کاتەدا بیرۆکەیەکی لانەبوو کە ئەو ماشێنە زەبەلاحەی بەعس لە کۆمەڵگای ئێمەدا دایناوە چۆن دەکەوێتە کار، کەس نەیدەزانی ئەو ماشێنە دەبێتە دوو بەشەوەو یەکدی دەخۆن، بەڵام ئاشکرابوو کە ئێمە لەبەردەم جەنگداین کە جەنگی (عەقلانیەتە)، لێرەوە لەخۆڕانەبوو کە لە (ئازادی)دا ـ مەبەستم گۆڤاری ئازادییە ـ عەقلانیەت و جەنگ بۆ دەستەڵاتی عەقڵ بووە مەبەستی سەرەکیمان... سەرەتا چەند دەنگێک باسیان لە بیناکردنەوەی کاراکتەری مرۆڤی کورد کرد، بەڵام ئەوانە هەمووی وەکو قسە مایەوە، هەڵبژاردن ئەو لە بوو کە یەکەیەکە هەموو نیازە عەقلانییەکانی قووتدا، مرۆڤی کورد بە کاراکتەرێکی برینداروە چووە ناو هەڵبژاردن، هەڵبژاردنیش کێشەی بونیادنانەوەی مرۆڤ و ئابووری و ڕۆح و ئاکاری و کۆمەڵگای لەیادبردەوەو، یەک کێشەی کردە کێشەیەکی سەرەکی، کە کێشەی دەسەڵاتە. لە دوای ڕاپەڕینەوە هیچ کێشەیەک لە (کوردستاندا) ڕۆڵی نامێنێت، کێشەی دەسەڵات نەبێت... جێگای داخە کە مرۆڤی سادەی کوردیش لەو ڕۆژەدا دەنگی بۆ دەسەڵاتدەدا، ئەوەکو دەنگ بۆ کێشەکانی... ئەو حەقیقەتەی کە بەعس لە سندوقی هەڵبژاردنەکاندا جێیهێشتبوو، ئەوەیە کە «لە دەرەوەی هێز هیچ شتێکی دیکە نیە». مرۆڤی ئێمە بەو دیدەوە ڕوویدەکردە سندووقەکان، (هێز)یش لە یادوەری ئێمەدا مانای زەلیلکردنی دوژمنەکەت... زەلیلکردنی تا ئەو ئەندازەیەی کە کەرامەتی مرۆڤانەی خۆی بدۆڕێنێت، لێرەوە هەموو ئەوانەی کە ئەو کاراکتەرە وێرانەیان کردە مادەی کارکردنی خۆیان، کە مەسەلەی دەستەڵاتیان خستەپێش مەسەلەی دروستکردنەوەی مرۆڤەوە تاوانبارن، ئەوانە بەقێزەوە سەیری هاواری دەیەها ڕۆشنبیریان کرد... هاوارەکانی ڕاستییان بەجۆرە قرەقرێک لەقەڵەمدا کە گوایە دیموکراسیەت دروستیدەکات...

مەریوان وووریا: بەڵام هەرچیەک بێت، ئێمە ئێستا لە واقیعێکی تەواو نوێدان... بۆیە دەبێت پتر لەسەر پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو واقیعە قسە بکەین... من دەمەوێت لەو پێکهاتەیەی ئێستای (پدک) بپرسم، ئایا چ هێزێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە کە لەناو پارتیدا بڕیاردەدات؟
چ هێزێکە جڵەوی سیاسەتی پارتی لەدەستدایەو ئەم هێزە، ئەم حیزبەو سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بەرەو کوێ ئەبات؟

لەڕاستیدا من لەو باوەڕەدام، جگە لەو خاڵانەی لەوەوبەر باسمانکرد، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا گروهێک لەناو پارتیدا دروستبووە کە گروهێکی ئابوورییە یان ڕاستر بدوێم گروهێکە مەوقیعە سیاسییەکەی خۆی کردۆتە مەوقیعێکی ئابووری. بەمانایەکی دی سیاسەتی کردۆتە دەروازەیەک بۆ ئابووری. داگیرکردنی شوێنێ لە هەرێمی حیزبیدا، بۆتە مایەی کەڵەکەکردنی سەرمایەیەکی گەورە... من پێموایە ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا، کە مەوقیعی سیاسی ڕاستەوخۆ دەکرێتە مەوقیعێکی ئابووری. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەمە یەکەمین جارە ئابووری کوردستان ڕاستەوخۆ ئەکەوێتە ژێر دەستی حیزبی کوردییەوە، ئەم گروهە بەرەنجامی بەریەکدیکەوتنی ئابووری قاچاخ و سیاسەتە. بەرەنجامی پرۆسەیەکی سەرتاسەری مۆنۆپۆلیزەی هەموو شادەمارەکانی ژیانی ئابوورییە لە کوردستاندا.

لەڕاستیا من وای بۆدەچم کە ئەو بڕیارانەی پارتی داونی و هەتا ئەم دوابڕیارەش کە تایبەتە بە پەیوەندی لەگەڵ بەعسداو، بڕیارەکانی داهاتووش پابەندی قازانجەکانی ئەو گروهەیە کە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەداو لە ڕێگای مۆنۆپۆلیزەکردنی ئابووری کوردستانەوە دروستبووە. واتە من لە پشت ڕوداوەکانەوە، جەبرێکی ئابووریش دەبینم، چونکە کەڵەکەبوونێکی ئاشکرای سەرمایە هەیە، ئەو سەرمایەیەش بۆ ئەوەی گەشەبکات و، بەردەوامبێت لە سوڕی خۆیدا پێویستی بە ڕێکەوتن هەیە، چ لەگەڵ عێراق و چ لەگەڵ تورکیا، چونکە ئەو سەرمایەیە لە بنەڕەتدا لەڕێی ئەو پەیوەندییە سێ قۆڵییەوە دروستبووە. پارتی پردێکە لە نێوان بازاڕی تورکی و بازاڕی عێراقدا، بە حوکمی ئەو مەوقیعەش هەر لەسەرەتاوە لە پەیوەندییەکی چارەنووسازدا بووە لەگەڵ ئەو بازاڕانەدا. لێرەوە بەئاسانی مەوقیعی ئابووری و مەوقیعی سیاسی لە پارتیدا تێکەڵ بەیەکدی ئەبن ئەم تێکەڵبوونەش بۆ خۆی لۆژیکێک دروستدەکات، کە دەشێت بۆیەکەمین جار بێ وامان لێبکات، بۆ تەفسیرکردنی سیاسی لە کوردستاندا بۆ ئابووری بگەڕێنینەوە. واتە بۆ یەکەمین جار بەشێکی ئەو تەفسیرە مارکسییە قبوڵکەین، کە سیاسی بۆ ئابووری ئەگەڕێنێتەوە. لە ڕاستیدا پێش ئەو هەنگاوەی دوایی پارتی، مەبەستم دەعوەتکردنی دەبابەکانی حکومەتە بۆ کوردستان، حکومەتی عێراق پرۆژەی دروستکردنی ڕێگایەکی دیکەی (٤٥)کم خستەبەردەم حکومەتی تورکی، ڕێگایەک کە ئیبراهیم خەلیل و زاخۆی کەنارگیر ئەکرد. ئەمە هەڕەشەیەکی حەیاتی بوو لە مەوقیعە ئابوورییەکەی پارتی؛ هەڕەشەیەکی قووڵ و هەمەلایەن، بەڵام ئەم سەرمایەیەش وەکو هەموو ئەو سەرمایانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە هیچ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی لێدروستنابێت، واتە نابێتە بناغەی هیچ گۆڕانێک لەواقیعی کوردی خۆیدا. ئەگەر پێکهاتی (پدک) بەوشێوەیە بێت، ئیتر لەوە ئەچێتەدەر ناوی حیزبی سیاسی لێبنێین کە خەباتی ڕزگاریخوازانە ئەکات، بەڵام دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین کە ئەو سەرمایە ئابوورییە بۆ ئەوەی بەردەوامبێت، ناچارە تا ماوەیەکی دیکەش دەموچاوێکی سیاسیش هەڵگرێت، چونکە ئەم سەرمایەیە لە بنەڕەتدا لەپاڵ کێشەیەکی سیاسیدا دروستبووەو تا ماوەیەکی درێژیش پێویستی بەو کێشە سیاسییە هەیە بۆ پاراستن و گەشەدان بەخۆی، لێرەوە ئەو گروهە لەناو پارتیدا تاماوەیەکی درێژی دیکەش ناچارە کە لەپاڵ کێشەی کوردو مامەڵەکردن و ڕێکەوتن لەسەر ئەو کێشەیە ئیشبکات... بەڵام بەدووری نازانم هەڵگرانی ئەو سەرمایە لە داهاتووی دووردا واز لە سیاسەت بهێنن، هەڵبەت ئەم حاڵەتەو بەهەمان شێوە لەناو سەرکردایەتی (ینک)یشدا دەبینرێت، بەڵام بەڕادەو ئاستێکی لاوازتر، دیارە بە حوکمی مەوقیعی جوگرافی (ینک). بەکورتی من پێم وایە، پێکهاتەی پارتی بە شێوەی ئێستای پێکهاتەیەک نییە جارێکی دی بتوانێت بە دابڕاوی لە نوخبەی حاکمی تورکی و عێراقی کاربکات. دیارە ئەم مەوقیعە لە ئێستادا وابەستەی ئەو حیمایەیە کە بۆ ناوچە کوردییەکانی سەرو هێڵی «٣٦»ەوە دانراوە، بەڵام من پێموایە بە لاچوونی ئەو زۆنە پارێزراوەش هێشتا پارتی ئەهەمیەتی سیاسی خۆی چ بۆ تورکیاو چ بۆ عێراق لە دەستنادات. ئەوانە پێویستیان بە هێزێکی کوردی هەیە بۆ ئەوەی شەرعیەت بە سیاسەتە

شۆڤێنییەکانیان بدات، شەرعیەت بە پێشێلکردنی مافە سادەکانی ئینسانی کورد بدات، بۆ ئەمەش پارتی دەتوانێ ئەم ڕۆڵە سیاسییە ببینێت. بەڵام بەو دیوودا داواکارییەکانی پارتی چییە؟ ئەمەیان وەک ووتم پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو نوخبەیە یان گروهە نوێیە کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا دروستبووە. کە بێگومان بە پلەی یەکەم داواکاریی ئابوورییە ئینجا داواکاری سیاسی و فەرهەنگی و هتد..

ئاراس فەتاح: لەڕاستیا من ئەمەوێ پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە "تۆڵە" لە لای پارتی تا ئەمڕۆش کردەیەکی سیاسییە، دیارە ئەمە لە جەوهەردا مەغزایەکی خێڵەکی هەیە، ئەگەرچی لەناو کایەیەکی مۆدێرندا کاردەکات، چونکە ئاشکرایە پارتی بریتیە لە پرۆسەیەکی تایبەتی گۆڕانکاری کە تیایدا خێڵ بۆتە نوێنەری نەتەوە. لێرەوە پارتی لەگەڵ خۆیدا پرۆژەی لێدان و نەهێشتنی هەموو ئەو هێزانەی هەڵگرتووە کە لەگەڵیا دەچنە ململانێوە لەسەر ئەو سەرمایە ڕەمزی و سەرمایە ئابوورییەی کە خۆی هەڵگرێتی... واتە پارتی لە بنەڕەتدا خێڵێکە کە ئەیەوێت ببێتە هەڵگری ڕۆحی نەتەوەو جەوهەری نەتەوەو چەمکە ڕەمزییەکانی و هەڵبەتە لەگەڵیشیاندا هەڵگری سەرمایەکەشی و هەر بە عورفی خێڵیش مەحوکردنەوەی بەرامبەر لە ستراتیژی پارتیدا شتێکی هەستپێکراوە. واتە مەسەلەکە تەنها دەستبەسەراگرتنی (ئابووری) نیە، بەڵکو تێکشکاندنی هەموو ئەو سەرمایە ڕەمزییەشە کە بەرامبەر هەیەتی یاخود وەرگرتنەوەیەتی لەسەر ئاستی سیاسیدا. بێگومان بە دڵنیاییەوە گروپێکی ئابووری مشەخۆرو مۆنۆپۆل لە هەریەک لە پارتی و یەکێتیدا دروستبوون، یان ڕاستر وایە بڵێین لە کۆمەڵگای کوردیدا دروستبووە، ئەم گروپەش لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئابووری و پەرەسەندنی سروشتیەوە دروستنەبووە، بەڵکو ئەم گروپە لە بنەڕەتدا لەناو هەناوی حیزبەوە دروستبووەو حیزب لەناو خۆیدا هەڵیهێناوەو ناردوێتیەوە دەرەوەو، هەر لەو ڕێگایەشەوە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەت هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش من هەوڵی پارتی بۆ تێکشکاندنی ئەو سەرمایە ڕەمزیەی کە بەرامبەر هەیەتی، بە هەوڵێکی گرنگ دەبینم، لە دوای داگیرکردنی هەولێر «مەسعود بەرزانی» دەڵێت: «هەولێر ژانێک بوو لە دڵماندا». لەڕاستیا گەر ئەم ڕستەیە هەڵبوەشێنینەوە، لەسەرەتادا ساویلکەیی ماناکەیمان بۆ دەردەکەوێت، پاشان دەبینین بەرلەوەی پەیوەندی بە حاڵەتێکی ئابوورییەوە هەبێت، پەیوەندی بە کرینەوەی شەرەفێکی سیاسی بریندارکراوەوە هەیە، واتە پەیوەندی بە «کولتوری خێڵ»ەوە هەیە کە لەسەر مەفهومی «تۆڵە» کاردەکات، بەڵام ئەم خێڵە، خێڵێکی سیاسی مۆدێرنە، بۆیە کاراکتەری نوێش لەخۆدەگرێت، تاکتیکی نوێ بەکاردەهێنێت، ڕێککەوتنی وادەکات و پەیمانی وادەبەستێت کە چیدی پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕەسەنایەتی خێڵەوە نەماوە، ئەو خێڵانەی کە لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا لە کوردستاندا گروپی ستراتیژی بوون. من بەتەنها جەبرێک نابینم کە سیاسەتی پارتی یان یەکێتی بەڕێوەببات، چونکی تاوەکو ئەمڕۆ سەوابیتی (ثوابت) نەتەوەیی لە سیاسەتی ئەو دوو ڕێکخراوەدا بەدیناکەم، بەڵکو ئێمە پتر کارمان بە هەندێ لۆژیکی ململانێی دەسەڵاتدارێتییەوە هەیە. بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی کردەکانیان، دەبێت لە پێکهاتەی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و سایکۆلۆژی ئەو ڕێکخراوانەو سەرۆکەکانیاندا بگەڕێین، ئەمە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندی و ململانێیە سیاسی و ئابوورییانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. گەر پارتی لە پەراوێزی پرۆگرامە سیاسییەکەشیدا باسی لە بریندارنەکردنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی بکردبایە، بەعس بەسەر کۆڵییەوە نەدەهاتەوە بۆ کوردستان.

مەریوان ووریا: ڕاستە کولتوری خێڵ دەوردەبینێت، بەڵام من دروستبونی ئەو نوخبە سەرمایەدارە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەناو پارتیدا دەبینرێتەوە بە گرنگ دەزانم، ئەم نوخبەیەش بەو جۆرە بە حوکمی زیندوێتی ئەو ناوچەیەی کە بەدەستیانەوە بووە کە لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی گونجاوترو مویلکراوترە وەک لەو ناوچانەی ژێر دەستی (ینک) دروستبووە... لە ڕاستیا گەر بڕوانیتە دروستبوونی ئەو نوخبەیەو، بەراوردی بکەیت بەو نوخبەیە کە لەناو بەعسدا دروستبووە، دەبینیت بەهەمان میکانیزم دروستبوون. لە هەردوولادا مۆنۆپۆلیزەی ئابووری هەیە لەلایەن نوخبەیەکی بچوکەوەو لە پشت ئەمەشەوە خیتابێکی دیاریکراوی سیاسی هەیە بۆ پاراستنی ئەو نوخبەیە، ئەگەر سەرنجیشبدەیت لە عێراقدا نوخبەیەکی ئابووری هەیە کە لەکەسی

سـدام حـسـێن و خـزم و کـەسـوکـارەکـانی و ئەندامـەکـانی دیکەی سـەرکـردایەتی بەعس و پەراوێزەکانیان دروستبوون، کە ئەمانیش شادەمارەکانی ئابووری عێراقیان خستۆتە ژێر دەستی خۆیان. بەعس لە دوای (٦٨)ەوەو بە ماوەیەکی درێژ، بەڵام بە پرۆسـەیەکی بەردەوام ئەو نوخـبەیە بەرهەمـدەهێنێت. لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دواییشدا هەلی ئەوە بۆ نوخـبەی سیاسی کوردی دەرەخسێت کە سەربەخۆو دور لە بەعس مامەڵە لەگەڵ ئابوری کوردستاندا بکات. دەرەنجامەکەی چی دەبینین؟ دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزمـونی بەعس مۆنۆپۆلیزەی ئابووری بۆ پەیداکردنی هەیمەنە، یان ڕاستر بڵێم بۆ ناچارکردنی هەمـوو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بە نووچدادان لەبەردەم نوخبەی سیاسیا. بەم جۆرە لە کوردستاندا هەمان نوخبە بەرهەمدێتەوە کە بەعس لە عێراقدا بەرهەمیهێناوە. لێرەوە دەکرێت ئەو نزیکبوونەوەیە کە لە نێوان نوخبەی حاکمی عێراقی و نوخبەی باڵادەستی ناو پارتیدا ڕوویدا، بە نزیکبوونەوەیەکی چینایەتی لە قەڵەمبدەین... لێرەوە دوو نوخـبـەمـان هەیە کە بەرهەمی یەک دیاردەن و یەک لۆژیکیان هەیە، ئەگەر تەماشاش بکەین ئەو نوخبە ئابوورییەی کە بەرهەمیهێناوە، هەمان کولتوری هەیە کە کولتوری خێڵە... واتە ئەو دوو نوخبەیە لە زۆر خاڵی ستراتیژیدا یەکدەگرنەوە، بەڵام کاتێ (مەسعود بەرزانی) دێت و دەڵێت: «هەولێـر ژانێکی گـەورەبوو لـە دڵمـاندا» ئەمـە بەهانەتاشـیـیـەکی زۆر لاوازو ڕەگـە قـووڵەکـانی ڕووداوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەو نوخبە ئابوورییە. ئەگەرچی بێگومان فەنتازیای خێڵ و چەمکی (تۆڵە) ڕۆڵی بەرچاوو گرنگیان هەیە، بەڵام من پێموایە ئەوەی پاڵ بە فەنتازیای خێڵ و چەمکی تۆڵەوە ئەنێ، تا سنووری دەعوەتکردنی بەعس بۆ کوردستان هێزێکە لە کولتوریی خێڵ بەهێزترە، هێزێکی مادی کە من بە ئابووری قاچاغ ناوئووسم کرد. هەر لێرەشدا ئەمەوێ هێما بۆ خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ ڕاکێشم، ئەویش تێکەڵبوونی گەمـەی سیاسەتە لە کوردستاندا، بە پرۆسـەی گلۆبالیزەوە. بە پرۆسـەی ناسیۆنالیزم لە مەسافە دوورەکانەوە. وەک دەزانن زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و زۆربەی ئەندامەکانی بازنەی دوەمی دەرەوەی ئەو سەرکردایەتیە، هەڵگری جنسیەت و ناسیۆنالیستێکی دیکەیە، هەندێکیان «کوردی ئەمەریکی»، هەندێکیان «کوردی بەریتانی»، هەندێکیان «کوردی سویدی»، هەندێکیان «کوردی هۆڵەندی»و هەندێکی دیکەشیان کوردی «ئوستـرالیا، ئەڵمانیا، دانیمارکی هتد...»ن. ئەم گروپە هەمـوو مەترسیەکی حەیاتیان لەسەر بوونی خۆیان وەک کوردێک لابردوە. نەک بەتەنها لەسەر خۆیان، بەڵکو لەسەر کەسوکارو دۆست و هاوڕێ و ناسیاوەکانیشیان. ئەمە ئەوان دواتر دەتوانن لە دوورەوە تەماشای کارەساتەکان بکەن. لە دوورەوە تەماشای ئەو وێرانانە بکەن کە خۆیان دروستینەکەن. ئەم دۆخە وایکردووە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بڕیاردان و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی ئێمەدا بەتەواوی وونبێت. خۆ ئەگەر زانیمان ئەم ڕەهەندە دەرەکییە بە توندی دەبێتە پارمەتیدەرێکی گرنگی ئەو ڕەهەندە ئابوورییە، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد بەوەی کە لە دواهەمین قۆناغدا لانیکەم گیانی گەمەکەرە گەورەکانی پارێزراوە. یان هەرچەند مانگێک جارێک هەلی ئەوی بۆ برەخسێنێ سەرێک لە (ئەوروپا) بدەن و ئیسراحەتێ بکەن. ئەوکات تێدەگەین بۆ هیچ زەمینەیەک بۆ ئاخاوتنی جیدی نەماوەتەوە، بۆ بێدەنگکردنی تفەنگەکان. ئاخر گوللەی ئەو تفەنگانە بەر هەرکەسێ بکەوێت بەر ئەو گروهەو بەرکەسوکاری ئەو گروهە ناکەوێت.
ئەوەی ئەمەوێ زۆر بە خێرایی هێمای بۆ بکەم دیالێکتیکی نێوان ناسیۆنالیزم و گلۆبالیزمە. کە ئەمە هەم لە دروستبوونی ئەو گروهە ئابوورییەدا ڕۆڵی هەیە، هەم لەو مۆتیڤانەشدا کە لە پشتی بڕیارەکانیەوەیە.

ئاراس فەتاح: بەڵام گەر بەووردی سەیربکەین و قسەی لێپرسراوەکانی «پارتی» بخوێنینەوە، دوای چەند ڕۆژێ لە ڕووداوەکە کە دەڵێن: «هاوپەیمانیەکەمان لەگەڵ بەعسدا، هاوپەیمانییەکی کاتی بوو»، دەبینین ئەمە چەندە لۆژیکی ئەو سیاسەتە خێڵەکییەمان بۆ بەرجەستەدەکات. ڕاستە «پارتی» بە ڕێکەوتن لەگەڵ «بەعس»دا لە 'دوژمنە کوردەکەی' دەباتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە «بەعس» بباتەوە دەبێت ڕێکەوتنێکی گەورەتربەستێت، دەبێت تەنازولاتی گەورەتر بکات، لێرەوە ڕۆیشتنی وەفدێکی پارتی بۆ ئەنقەرەو پاشانیش قسەکردن لەگەڵ «ئەمەریکا»دا دەستپێدەکات. هەڵبەت کە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە شەڕی پارتی لەگەڵ یەکێتیدا، شەڕێکە هیچ ڕەهەندێکی نەتەوەیی

هەڵنەگرتووەو کۆمەڵێ حساباتی دیکە کۆی ململانێکەیان دەباتەبەڕێوە... دیارە ئەو نوخبەیەی کە باسدەکرێت بەهەمان ئەندازە لەیەکێتیشدا بەکارو بەدەسەڵاتە، بەڵام ئەمە ڕێکەوتێکی دیمۆجوگرافی - سیاسییە کە پارتی سنووری بە سنووری تورکیاوەیەو یەکێتی سنوری بە سنوری ئێرانەوەیە. من نازانم چ لایەنێک سەرلەنوێ شەڕی هەڵگیرسانەوە؟، بەڵام دەزانم لەگەڵ شەڕ هەڵگیرسانەوەدا یەکێتی یەکەم شوێن کە گرتی خەتی هاملتۆن بوو، هەڵبەت ئەمەش بۆخۆی داگیرکردنی کایە ئابوورییەکانە کە نوخبەی ناو یەکێتی پێویستی پێیەتی، ئەمە لە چ ساتێکیشدا لەو ساتەدا کە ئەمەریکا ئیمزای ڕێکەوتنی «خواردن بەرامبەر نەوت» دەکات... هەر لە دوای ئەو ڕێکەوتنە ئەم شەڕە دەستیپێکردەوە، بەڕای من ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، چونکە خودی ئەم ڕێکەوتنە مانای هێنانی سەرمایە دەگرێتەوە بۆ کوردستان، سەرمایەش پێویستی بە ناوەندێکی مەرکەزی لە دەسەڵات هەیە، واتە ناوەندی کۆبوونەوە و ناوەندی دابەشکردن، هەر لێرەوەیە کە پارتیش پێویستی بە گرتنی هەولێر هەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەم «تالانیە - غنیمە»یە (ئەگەر بێت و هەر بە لۆژیکی خێڵ قسەبکەین) لە خێڵە سیاسیەکەی تر.

مەریوان وریا: بەدڵنیاییەوە... من دڵنیام ئەو نوخبەیە لە هەردوولا دروستبووە بەڵام بەو جیاوازییە جوگرافییەوە کە باسمانکرد. پێشموایە ئەمانە بەهێزترین نوخبەی ناو کۆمەڵگای کوردین لەمڕۆدا. بەڵام ئەوەی کە من مەبەستمە ئەوەیە بڵێم... پێموانیە ئەو بڕیارەی پارتی بڕیارێکی تەکتیکی بێت. من لەو ڕووەشەوە دەڵێم، بڕیارێکی تەکتیکی نیە، چونکە ئەو نوخبە تازەیە کە لە ناو هەناوی حیزبەوە هاتۆتە دەرێ خۆی لە جەوهەردا لە ڕێگای ڕێکەوتنەوە دروستبووە، سەرچاوەی ئابووری ئەم نوخبەیە دەرەنجامی تەحالوفێ بووە لەگەڵ (تورکیا) و لەگەڵ (بەغدا)دا، وە لۆژیکی هێشتنەوەی ئەم شێوەیە لە دەسەڵات ناچارە ئەو هێزە بەرەو ئەو ناوەندە ڕابکێشێتەوە.

من پێموایە ئەو گروهە ئێستا هێندە بەهێزە کە پێویستی بە دۆخێکی ئارام هەیە، بەڵام لێرەوە کێشەیەکی قوڵ ڕووبەڕووی پارتی دەبێتەوە، کە ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم گروهە تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت ئینتیماجبکات لە ناو ئەو گروهەی کە بەعس دروستیکردووەو، تا چەند دەتوانێت ببێت بە بەشێک لە پێکهاتەی نوخبەی دەسەڵاتدار لە عێراقدا؟ بۆ ئەوەی ئەوەش ساغبکرێتەوە دوو مەسەلەی زۆر گرنگ هەیە، یەکەمیان ئەوەیە، ئەبێت بەعس لە ڕووی ئابوورییەوە قبوڵیان بکات و دەمجیان بکات لەناو ئەو نوخبەیەدا کە ئابووری عێراقیان مۆنۆپۆلیزە کردووە، کە بێگومان هەر خودی ئەو نوخبەیە تا ڕادەیەکی زۆر نوخبەی دەسەڵاتدارە لەڕووی سیاسیەوە لە عێراقدا، ئەمەش بەرەو مەرجی دووهەمیان دەبات، ئەمیش ئەوەیە کە بەعس دەبێ لە ڕووی سیاسیشەوە قبوڵیان بکات. من پێموایە بەعس لە ئێستادا ئەم گەمەی بەهەردوو دیووەکەیدا قبوڵە، بەتایبەتی ڕووە سیاسیەکەی، چونکە مەسەلەی کورد دواجار بۆ بەعس مەسەلەیەکی سیاسیەو هەمیشەش پێویستی بە نوێنەرێک هەیە، پێویستی بە هێزێکی کوردی هەیە کە وویستە سیاسیەکانی کورد نوێنەرایەتی بکات، هێزێکی سیاسی کە بەعس هەم نیشانی کورد خۆی و نیشانی عێراقییەکان و ناوچەکەو دنیاشیبدات. بەعس لە ڕۆژی هاتنە سەر حوکمییەوە، هەمیشە هێزی لەو بابەتەی هەبووە؛ لەسەرەتادا کۆمۆنیستەکان، دواتر ئەو حیزبە کوردیە کارتۆنییانەی دەبنە ڕەفیقێکی دڵسۆزی بەعس لە سەفەری حوکمکردنیدا، کەم تا زۆریش موفاوەزاتی پارتی و یەکێتی خۆشیان لەگەڵیدا. لێرەوە من لەوباوەڕەدام عێراق تا ماوەیەکی درێژ پێویستی بە پارتی هەیە بۆ داپۆشینی کێشەی کوردو نیشاندانی وەکو کێشەیەکی چارەسەرکراو لەوێشەوە گەڕاندنەوەی جۆرێک لە شەرعیەت بۆ ڕژێم، کە لە چاوی دنیای دەرەوەدا هەموو شەرعیەتێکی دۆڕاندوە. واتە پارتی ئەتوانێ شێوەیەک لە شەرعیەتی سیاسی بدات بە بەعس کە کەسی دی لەمڕۆدا ناتوانێ بیدات. لە بەرامبەر ئەوەشدا بەعس دەرگای دەمجبونێکی ئابووری بۆ ئەو گروهە بخاتە سەرپشت کە ئابووری قازانج و سیاسەت لەناو پارتیدا دروستیکردوە. من پێم وایە کێشەی سەرەکی بەعس لەگەڵ بزوتنەوەی سیاسی کوردیدا کێشەی دابەشکردنی دەسەڵاتە. بەعس تا ئەو شوێنە ئەم دەسەڵاتە بەشناکات کە هێزێک هەبێت لە جەوهەریدا لە بەعس خۆی جیاوازبێت. هێزێک بێت تێڕوانین و تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ دەسەڵات هەبێ. دیدێکی دیکەی بۆ ئۆرگانیزەی کۆمەڵگاو پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئابووری، دەسەڵات و کولتور، دەسەڵات و دیموکراسیەت هتد...

هەبێت. بەڵام لەو کاتەدا کە هێزە کوردییەکان لە سیاسەتی خۆیاندا ئەبنە کۆپیەکی لاوازو سەقەتی بەعس خۆی، ئیدی ڕێگرێکی ئەتۆ نامێنێتـەوە بۆ یەکدی قـبوڵکردن و پێکەوە کارکـردن، جگە لە ڕێگرێکی سایکۆلۆژی. بەڵام لـەو کاتانەدا کـە مۆتیـڤێکی بەهێزتر لە مۆتیـڤە سـایکۆلۆژییـەکان دروستئەبێ و بارودۆخێک دێتەکایەوە کە قازانجی ئابووری و سیاسی بڕیاری تێدا بدەن، ئیدی مۆتیڤە سایکۆلۆژییەکان ئەو گرنگییەیان نامێنێ. پێم وایە ئەمە تەفسیری ئەوە ئەکات، دوای ئەو هەموو کارەساتەی سەدام بەسـەر خێڵی بەرزانیەکاندا هێنا هێشتا مەسعود بەرزانی بە برا گەورەی خۆی بزانێت.

بەختیار عەلی: من ڕەنگە هەندێ لەو میکانیزمانە بە جۆرێکی تر ببینم، لە ڕاستیا دیلکردنی ئەو گروهە لەناو پێناسـەیەکی ئابووریدا، ڕەنگە کورتکردنەوەی زۆر ڕووی تربێت. من پرۆسـەیەکی کۆکردنەوەی بەردەوامی دەسەڵات و ئابووری و میدیاو تەشریع دەبینم، واتە پرۆسـەی خوڵقان و کامڵبوونی گروهێکی داخراوی گەورە دەبینم، ئەم گروهە داخراوە تەنها هێزی ئابووری مۆنۆپۆڵە ناکات، بەڵکو کۆی ئەو وزە ڕۆحی و جەستـەییەش مۆنۆپۆڵە دەکات کە دەکرێت ببنە هێز، من شـەڕی ناوخۆ تەنهـا لە ڕووە ئابووریەکـەیەوە نابینم، بەڵکو لەو ڕووەشـەوە کـە شـەڕە لەسـەر ئەو دەسەڵاتە ڕەمزیـیە یان ئەو سەرمایە ڕەمزییە، هیچ هێزێکی سـیاسـی لە کوردستـاندا تەنها لە ڕێگەی سەرمایەی ئابووریەوە ناتوانێت بژی... هیچ حیزبێکی کوردیش کورتناکرێتەوە بە تەنها بۆ ئەو توێژە قاچاخچیە سامناکانەی کە لە هەناویاندا گەورەبوون. لە «کۆمەڵگای پرسە»دا باسم لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگای کورد کرد بۆ مەعبەدێکی گەورەی پڕ لە بت، گەمژەترین جەنگاوەریش دەبێت بڕوای بەوە هەبێت کە مردنی مانایەکی هەیە ئەوسا دەمرێت. بەخشینی مانا بە مەرگەکان خۆی پرۆسەیەکی گەورەو ئاڵۆزە، ئەگەر هەڵەی (یەنک) پێشتر هەوڵدانێ بوو‌بێت بۆ پێخستنە ناو زەوی (پدک)ەوە، هـەڵەی (پدک) گـەلێ لەوە کـوشندەترە، ئەویش هەڵەی دەسـتـبـەسـەراگـرتنی کۆمەڵگایەکە کـە دەستی بەسـەراناگیرێت، (سـەرمایەی ڕەمزی) لە کـوردستـاندا بە جـۆرێکی ترسناک دابەشبووە، پرۆسـەی بەرهەمـهـێنانیش میکانیـزمێکی ئاڵۆزی هەیە، دەبێت بڵێم کـە «سەرمایەی ڕەمزی» لە کوردستان شێوەی زۆر لەیەکجیاو جیاوازی هەیەو مەرج نیە تـەنها لەلای «شـێخ» یان «ئاغـا» یان «پارەداران» یان «سـەرکـردە سـەربازییـەکـان» ببـینرێتـەوە، ئەمـڕۆ سیاسەتمەدارانی هەردوو ئەو حیزبە هێشتا لە ڕووی ڕەمزییەوە سەرمایەی خۆیان لە سەرچاوە ناسیۆنالیستیەکانەوە وەردەگرن، هەڵبەت ئێمە دەزانین کە ئەوان ڕاستناکەن و ڕۆحی نەتەوایەتی تەنها پەردەیەکی دیماگۆگیە، بەڵام یەکێ لە مەرجەکانی هەر یاریەکی سیاسی ئەوەیە کە دەبێت سیاسەتی ڕاستەقینەی حیزب نەکەوێتە ناو ناکۆکیەکی گەورەوە لەگەڵ ئەفسانەکانا... دەبێت جەنگاوەرەکانی حیزب ئەفسانەکان نەدۆڕێنن، چونکە لە عاقڵترین چەکدارەوە بۆ گەمژەترینیان پێویستی بە ئەفسانەیەک هەیە، ئەفسانەی حیزبی کوردیش نابێت لە هەندێ ڕەگەز بێبەش بێت؛ لەوانە «پاکی» لە خەباتدا دژ بە دوژمنان، ئالێرەوە، من هەستدەکەم پارتی خۆی تووشی حاڵەتێکی سەیر کردووە، جەبری نوخبە ئابوورییەکانی جەبرێکی گەورەیە، بەڵام پارتیش چەند بنەماکانی لەناو هێزی کۆنزەرڤاتیڤی کوردیا بەهێزبێت، ناتوانێت بەئاسانی گەمە بەو ئەفسانانە بکات کە هەموو سەرمایەی ڕەمزی ئەو دروستدەکەن. لە ڕاستیا بەو هەڵوێستەی خۆی «پارتی» کۆتایی بە مێژوویەکی درێژ لە ئەفسانەکانی خۆی هێنا، بەڵام ئاشکرایە پاش پاشەکشێی هێزەکانی عێراق، خێرا گەڕایەوەو کەوتەوە هەوڵی ڕتووشکردنەوەی سیمای برینداری ئەو ئەفسانانە، بەڵام حەتمەن ئەمە گـەمەیەکە تەمەنێکی زۆر درێژی نابێت... چونکە ئێستـا ملمـلانێیـەکی ناوەکی قـوڵ لەناو (پدک)دا، دروستبووە، ململانێی «هێزە ئابوورییەکان» کە جۆرە ئەخلاقێکی سیاسی دەخوازن، جیاوازە لەگەڵ ئەو «سەرمایە ڕەمزی»یەدا کە پارتی هەیەتی و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی ترو ژینگەیەکی سـیاسـی تر، ململانێکە، ململانێی دوو تاقم نیـە لە خـەڵک، بەڵکو ململانێی دوو سیستمی ئەخلاقی سەر بە دوو ساتی جیاوازن و دەشێت هەردووکیان پێکەوە لەناو سەرکردەی (پدک) کۆببووبێتەوە. ئەو نوخبە ئابوورییەو ئەخلاقیاتی ئەو پاڵنەرە ئابوورییانە هیچ مەبەستێکی نەتەوەییان نیە، واتە سەرمایەی کوردی بۆ ئەوەی بجوڵێتەوە، دەبێت شوناسە نەتەوەییەکەی لە خۆی بکاتەوە، جا لە حـاڵەتێکدا ئەو سـەرمـایەیە لە هێزێکی سـیاسـییـەوە دێت ،مـانای هێـزە

سیاسیەکەش دەبێت ئەو شوناسە فرێبدات، ئەمڕۆ تاران، بەغدا، ئەنقەرە پێویستی ئابووری زۆر گرنگیان بەو نوخبە ئابوورییە بچووک و نەشارەزایە نیە لە کوردستان، بەڵام پێویستی سیاسی زۆریان پێیەتی، ئەو نوخبەیەش پێویستی ئابووری گەورەی بە کەناڵی ئازاد هەیە، لێرەوە دەبێت لە سەرمایە ڕەمزیەکەی بدۆزێتەوە و بیداتە سەر سەرمایە مادییەکەی، واتە دەبێت ملهوڕی سیاسی نیشانبدات تا سەرفرازی ئابووری بەدەستبهێنێت، ئەمەش پڕۆسەیەکی زۆر ترسناکە، چونکە لەو ساتەدا کە وەکو هێزێکی ئابووری بیردەکاتەوەو کاردەکات، وەکو هێزێکی سیاسی دەدۆڕێت، کە وەکو هێزێکی سیاسی بیردەکاتەوەو کاردەکات، وەکو هێزێکی ئابووری دەدۆڕێت... لێرەدا ململانێیەکی ترسناک هەیە لە نێوان سەرمایەو سەرمایەی ڕەمزیدا، دەشێت تا ئەمساتەش ئێمە ئەم قسانەی تیادەکەین (پدک) هەندێ لە هاوسەنگی ڕاگرتبێت، بەڵام هاوسەنگییەکی زۆر کاتیە، چونکە لەسەر لۆژیکی خۆگێلکردن لە واقیعەکان دروستبووە. پارتی لە ئێستادا پێویستی بە دروشمی دژبەیەکە، ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزم لەلایەک لەتەک جەبری سیحرەکانی ئابووری کە هیچیان پێکەوە ناژین... چونکە «ئابووری کوردی» ئەگەر نرخە سیاسییەکانی دۆڕاند نرخە ئابوورییەکانیشی، دەگۆڕێت.

ئاراس فەتاح: من پێم وایە دەوڵەتی عێراقی نوێ وەکو «دەوڵەتێکی پۆست کۆلۆنیالی» بووەتە هۆی ئیفرازکردن و بەرهەمهێنەری «تویژ» و «چین»ی نوێ لەناو کۆمەڵگای عێراقیدا. یەکێک لەو گروهانەی کە لە دوو توێی حیزبی بەعسەوە ڕۆڵێکی ستراتیژییان لەناو دەزگای دەوڵەتی عێراقی گێڕاوە، بریتیە لە تکریتییە سوننییەکان کە ئەمەش ڕەهەندێکی ئێتنیانە بە سیاسەتی دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی بەعسیزم دەدات. ستراتیژی ئەم «گروپە ستراتیژی»یە لە لایەک کۆنترۆلکردنی تەواوی ئابووری و سیاسەتە، لە لایەکی ترەوە لە پێکەوەلکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا چەقدەبەستێت. ئەو ستیەرانەش کە ئەم جۆرە سیاسەتە لەدووی خۆیدا پەلکێشیدەکات، بریتییە لە لەدەستدانی هەموو ڕەهەندێکی ئۆتۆنۆمیتی تاک لە کۆمەڵگا و بەرامبەرەکەشی دروستکردنی ناسنامەیەکی دروستکراوی نوێ بۆ کۆمەڵگا کە لەسەر بناغەی زەبر دروستدەبێت. تێگەیشتن لەم پڕۆسەیە زۆر گرنگە بۆ تەفسیرکردنی مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، چونکی گروپە ستراتیژیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردیش لەسەر هەمان میکانیزم کاردەکەن و، لەسەر هەمان پرنسیپ هەڵسوکەوت لەگەڵ تاک و کۆمەڵگادا دەکەن. ئەم پڕۆسەیەش بە زەقی لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتی ئیداری کوردستانی باشووردا دەردەکەوێت، واتە دوای ئەوەی کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هاتە ناو کایەکانی دەسەڵاتی سیاسی - ئیدارییەوە. ئەمەش کێشەیەکە کە تایبەت نیە بە کۆمەڵگای کوردی و بزوتنەوەکەی، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی سێشە.

مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی لای پارتی لەناو «کاریزمەی دەسەڵاتی خێزانێک» کە بارزانییەکانن، بە پێویست سیاسەتی کۆنترۆلکردنی سامان و دەسەڵات دەبێتە یەکێک لە ستراتیژیەکانی. ئەمەش بۆخۆی دەچێتە ناو بڕێک هاوپەیمانێتی خێڵایەتییەوە لەگەڵ گروپە ستراتیژی و شێوە ستراتیژیەکانی تر لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا یاخود لەگەڵ هێزێکی دەوڵەتی دراوسێدا.

بەختیار عەلی: لەناو (ینک)دا هەمان شێوە تۆڕێک هەیە لە کۆمەڵێ ئەندامی دەسەڵاتدارەوە بەرەو بازاڕ.

ئاراس فەتاح: گومانی تێدانییە، من مەبەستمە بڵێم، بە ئێتنیکردنی سیاسەت لە کوردستان لەلایەن هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستانی باشوور هەمان میکانیزمی ئیشکالیەتی دەسەڵات لە خۆیدەگرێت، وەکی لە جیهانی سێدا دەیبینین. کێشەی کۆنترۆلکردنی سامان هەردوو حیزبەکەی بەرەو تەقینەوەی ترادیسیۆنە کۆنەکەیان برد. گەر لەسەرەتا لەسەر ئاستی ئابووری لە(٣٠ ٪) داهاتی کوردستانیان بۆ پەرلەمان دانابێت و باقییەکەشیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبێت و، پاشان پارتی کۆی داهاتەکە بۆ خۆی کۆنترۆڵدەکات کە لەسەر ئاستی سیاسیدا لە پەرلەماندا نیوە بە نیوە بوو، پاشانیش یەکێتی دەسەڵاتی سیاسی پەرلەمان کۆنترۆڵدەکات بۆ ئەوەی بەرامبەر کۆنترۆلی پارتی بۆ ئابووری، کۆنترۆلی سیاسی وەدەستبێنێت. واتە دەکرێت بووترێت لەکاتێکدا

پارتی بە کۆنترۆلکردنی ئیبراهیم خەلیل خۆی لەسەر ئاستی ئابووری دەولەمەند دەکات، یەکێتی بە کۆنترۆلکردنی هەولێر (پەرلەمان) لە ڕووی سیاسی و ڕەوایەتییەوە خۆی دەولەمەنددەکات. ئەم پرۆسەیەش بۆخۆی جۆرێک لە بە ئێتنیکردنی سیاسەتی کوردی بەرهەمهێناوە کە پەیوەندی نێوان گروپە ستراتیژیەکانی بۆ سیاسەت - ئابووری - دەسەڵات کە بەرژەوەندی و کردەی سیاسی گروپەکانی لە کوردستاندا لە بنەڕەتەوە گۆڕی ، بۆیە چیدی لە حیساباتی حیزبێکی وەکی (ینک)، بە ڕەوایدەزانێت و لە بەرژەوەندی گروپیاندایە کە پەنابەرێتە بەر هێزێکی ناوچەیی، وەکو ئێران بۆ ئەوەی هەندێ لە شوێنە ستراتیژەکان کە لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگن لە ژێردەستی پارتی وەدەریانبهێنێت و پارتیش کایە سیاسییە گرنگەکەی یەکێتی کە پەرلەمان بوو بە هاریکاری هێزەکانی بەعس لە دەست یەکێتی وەدەربێنێت بۆ ئەوەی لەدواییدا ببێتە سەنتەری دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییەکەی. لەم پرۆسە قانگدراوە و ئاڵۆزە بە جەنگی دەسەڵات و داگیرکردنی کایە ئابووری و ڕەمزی و سیاسییەکان لە نێوان گروپەکاندا هیچ فەزایەک نامێنێتەوە کە پێیبگوترێت ئێتیک یان لێپرسراوێتی سیاسی یاخود بەرژەوەندی نەتەوەیی. دیارە دەبێت بڵێین کە ئەم هەنگاوەی پارتی لە ڕووی ستراتیژەوە زۆر لەرزۆکەو تەمەنی درێژنابێت، نەک بەتەنها لەبەرئەوەی کە پارتی دەشێت سروشتی دەولەتی بەعس باش بناسێت، کە بەعس مەحالە ڕێگا بەپارتی بدات لە کەناڵی پارتی - کوردی - ەوە پەیوەندییە ئابوورییەکەی بەجیهانەوە تێبپەڕێنێ و بازرگان و سەرمایەدارانی کورد لە دابەشکردنی (غەنیمە - ئابووری)یدا بەشداربکات، بەڵکو پارتی لە کێشەی ڕەوایەتی سیاسی قووڵدا دەژی لەو ناوچانەی کە تا ئەم ساتەوەختە بەهۆی سەرکەوتنە سەربازیەکانییەوە بەیارمەتی بەعس لە یەکێتی داگیرکردووە، ئەمەش بە حوکمی ئامادەنەبوونی وەلائەتی سیاسی لە ناوچەی یەکێتی "سۆران" بۆ پارتی. دەشێ ئەم هاوکێشەیە هەڵبگێڕینەوە بەهەمان شێوەش یەکێتی وەکی هێزێکی سەربازی ڕووت لە ناوچەی پارتی "بادینان"، دەبێتە هێزێکی نامۆ، چونکی بێبەرییە لە ڕەوایەتی و وەلائەتی سیاسی، ئەمەش ڕەهەندی سنووردارێتی و پووچی و بێمانایی جەنگی ناوخۆی کوردستان و بەدەربوونی لەهەموو ڕەهەندێکی نەتەوەیی نیشاندەدات...

مەریوان وریا : ئەوەی ئێوە باستانکرد ڕاستە. بەعس سەرمایە ڕەمزیەکەی پارتی ئەوێ. بەڵام پارتی پێویستی بە دەروازە ئابووریەکانی بەعسە. با ئەوەمان لاناشکرابێ کە مەرج نیە سەرمایەی ڕەمزی و سەرمایەی ئابووری تاسەر لە پەیوەندیەکی ناهاوسەنگدا بن لەگەڵ یەکدیدا. من لە ووتارێکدا باسم لە کەڵەکەبوونی سەرمایەی ڕەمزی بۆ سەرمایەی ئابووری کرد، بەتایبەت لای نوخبەی تەقلیدی کوردی. ڕەگی ئەم کەڵەکەبوونەشم بۆ دوو سەدە لەمەوبەر گەڕاندەوە. بە بۆچوونی من ئێستا ئەو پەیوەندییە هاوسەنگەی کە جاران لە نێوان ئەم دوو شێوە سەرمایەدا بووە تێکچووەو ئێستا ئیدی هەلومەرجی ئەوە ڕەخساوە کە سەرمایەی ئابووری بەبێ هاوڕێیەتی سەرمایەی ڕەمزی کاریگەرانە کاربکات. ئێستا ساتەوەختی تەسفیەی حساباتە لە نێوان ئەو دوو شێوەیەی لە سەرمایەدا. نوخبەی ئابووری کوردی بە شێوەیەک بەهێزەو بێبەرییە لە هەموو ململانێیەکی کۆمەلایەتی، بە شێوەیەکیش کەناڵ و ڕاڕەوی کەڵەکەبوونی سەرمایەی ئابووری خۆی مسۆگەرو سازاندوە، چیدی پێویستی بە سەرمایەی ڕەمزی نیە. با ئەوەشمان لەیادنەچێت لە وڵاتێکدا بۆ ئەوەی نان بخۆیت ناچاربیت چەک هەڵگریت، ناچاربیت «پێشمەرگە»بوونت لە بازاڕدا بفرۆشیت، ناچاربیت تەقە لە هاوڕێکانی دوێنێ و پێرێت بکەیت، ناچاربیت هێرش بەریتە سەر دراوسێکەت، دەڵێم لە دنیایەکی وادا سەرمایەی ڕەمزی هێزە سیحرییەکانی خۆی لەدەستئەدات. ئەو هێزی کەڵەکەبوونە ئابوورییەی سەرمایەی ڕەمزی لە ڕۆژگارە دێرینەکانی ئێمەدا هەیبوو، لە ئێستادا بە دڵنیاییەوە سەرلەسەری دۆڕاندوە. سەرمایەی ڕەمزی لە ناو سیستمێکی دیاریکراوی بەهاو فۆرم و ئەخلاقیەتدا کارئەکات. لە ناو کۆمەڵێ خەتی گشتی لە یەکدی جیاکردنەوەی باش لە خراپ، هەڵە لە ڕاست، پیرۆز لە گڵاو، خائین لە پیاوچاک هتد... لە دوای ڕاپەڕینەوە فەزای سیاسی کوردی جەمسەرەکانی ئەو پۆڵینکردنانەی لەبەر یەکدی هەڵوەشاندەوە. کۆمەڵگای ئێمە ئێستا لە دەرەوەی پاترۆنێکی بالادەستی لێکدی جیاکردنەوەی باش لە خراپ و هەڵە لە ڕاستدا ئەژی، کە ئەم پاترۆنەش نەبوو، سەرمایەی ڕەمزی مەگەر لە مۆزەخانەکاندا جێیبێتەوە.

من پێموایە پەکخستنی هێزو ماناکانی سەرمایەی ڕەمزی لە دنیای ئێمەدا بە پلەی یەکەم کاری ئەو گروهە نوێیە باڵادەستەیە کە کاک ئاراس ناوی نا «گروهی ستراتیژی». ئەم گروهە چالاکانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا جومگە گرنگەکانی سەرمایەی ڕەمزی لەبەر یەکدی ترازاند. سیاسەت لە ئەخلاق، ئابووری لە هەموو لۆژیکێک و خودی ئەخلاقیش لە هەموو مانایەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی دابڕی. ئەم گروهە نوێیە هەموو ڕەمزە پیرۆزەکانی سەرمایەی ڕەمزی کوردیی لە مانا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی بەتاڵکردەوە. خودی «پێشمەرگە» یان «پێشمەرگایەتی» کە پیرۆزترین پراکتیکی سیاسی و گەورەترین هەڵوێستێکی جیدی ئینسانی ئێمە بووە لە بەردەم دنیای دەرەوەمیدا، لە پێنج ساڵی ڕابردوو لە هەموو ڕەهەندە ڕەمزە پیرۆزەکانی داماڵراو بووە، کەرەستەیەک کە ئەو گروهە نوێیە دەیتوانی بیکڕێت یان ڕاستتر بڵێم بۆ ماوەی کورت کورت بە (کرێ)ی بگرێت. لە دنیایەکی ئاوادا سەرمایەی ڕەمزی دەبێتە بار بەسەر خودی ژیان خۆیەوە. ئەوان لە دنیای ئێمە هێشتا کە یاساکانی ئەو سەرمایەیەو فۆرمەکانی بە گرنگ ئەگرن حیکایەتی ئەو «ئەبلەیە» دووپاتئەکەنەوە کە «دیستۆیفسکی» سەدەیەک لەمەوبەر لەناو واقیعێکی قەیراناوی لە جۆری واقیعی ئێستای ئێمەدا نیشانیدابن. بەکورتی ئەمەوێ بڵێم: هاوکێشەی نێوان سەرمایەی ڕەمزی و سەرمایەی ئابووری لە دنیای ئێمەدا بە تەواوی تێکچووە. ڕەگەزە کۆنەکانی سەرمایەی ڕەمزی چیدی هێزی ئەخلاقی کولتوریان نەماوە. چیدی هەڵگری ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی گرنگ نین و ناتوانن ببنە ئەو پەنجەرە شەفافەی مێژووی ئێمە لەوێوە بەسەر دنیادا ئەڕوانێ. ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە. هەرەسێکی مەعنەوی قووڵە کە ئینسانی ئێمە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا کەوتۆتە ناویەوە. وەک ووتم ئەم هەرەسە مەعنەویە ئەو گروهە نوێیە دەسەڵاتدارەی ناو حیزب بەرپرسیاری یەکەمن لێی. ڕاستییەکەشی ئەوەیە بەبێ ئەم هەرەسە ئەو گروهە نوێیە نەیدەتوانی دنیای ئێمە لە ڕەهەندە جیاجیاکانیدا مۆنۆپۆلیزەبکات. لە سیاسەتەوە بۆ ئابووری و ئەخلاق هتد..

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بەعس و ئەو سەرمایە ڕەمزییەی کە پارتی هەڵگریەتی یان جاران هەڵگری بوو. ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. من پێم وایە بەعس باشئەزانێ هیچ حیزبێکی کوردی لە پەیوەندیدا بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردی و بە ئینسانی کوردەوە چیدی هەڵگری ئەو سەرمایە ڕەمزییە نییە. باش دەزانێ سیاسەتی کوردی مانا ڕەمزی و پیرۆزەکانی ساڵانی هەفتای لای ئینسانی کورد نەماوە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەشئەزانێ کە ڕەهەندە دەرەکیەکانی ئەو سەرمایە ڕەمزییە هێشتا زیندووە. ئەو پەیوەندییەی ئەو جەستە مردووەی سەرمایەی ڕەمزی بە دنیای ئەودیووی سنورەکانی عێراقەوە گرێئەدات، پەیوەندییەکی زیندووە. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کێشەی کورد بۆ خۆی، بەدەر لە سیاسەتی کوردی خۆشی، کێشەیەکی ڕەوایە. کێشەی ژیانی سی ملیۆن خەڵکە کە بەهەمو حیسابێک لە هەموو گروهە سیاسیەکان گەورەترە. بەعس ئەوە ڕەهەندە دەرەکیەی سەرمایەی ڕەمزی لە پارتی ئەکڕێت. واتە بەعس ڕووە ئینسانیەکانی مەسەلەی کورد لە پارتی ئەکڕێت. ئەو ڕووە ئینسانیانەی کە بەردەوام بە زیندووی ئەمێنێتەوەو بەعس ئەیەوێ ڕوخساری خۆی پێجوانبکات. لێرەوە من پێم وایە زەحمەتە لەمەولا بە پارتی بڵێین حیزبێکی سیاسی، بەو مانایەی بەشێکە لە بزاوتی ئازادیخوازی نەتەوەیەک، هەڵگری ڕەمزو ماناو دەلالەتە کۆن و ئێستایی و ئایندەییەکانی ئەو بزوتنەوەیە بێت.

بەبۆچوونی من کاری سەرەکی ڕۆشنبیران و کاری سەرەکی سیاسەت و کاری سەرەکی ئەوە نوێکان لە دوای گرتنی هەولێرەوە، ئەبێ بریتی بێت لە بنیادنانەوەی سەرمایەی ڕەمزی کوردیی، گەڕاندنەوەی ئەو مانا مەعنەوی و سایکۆلۆژی و ڕۆحیانەی لەم ساتەدا لەدەستدراون. ئەمەش بەبێ ڕەخنەیەکی سەخت لە هەموو فەزای سیاسی کوردی و لە دەسەڵات و لە پراکتیکی سیاسی، لە مۆراڵی ئەو گروهە، کارێکی موستەحیلە. دەبێ لەوێوە دەستپێبکەین. لەو خاڵەوە کە وەک حیزبی سیاسی تەماشای گروهە سیاسییەکانی کوردستان نەکەین، بەڵکو وەک ماشێنێکی گەورەی کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەتایبەتی پارتی.

بەختیار عەلی: بە دڵنیاییەوە لەگەڵتام کە پارتی چیتر شتێک نیە لەو جولاندنەوەیەدا، بەڵام من نازانم جولاندنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تا چەندێک بوونی ماوەو دەشێت لەو قەوارە سیاسیەی ئەمڕۆدا کە لە باشووری کوردستان هەیە کێ بەشێکبێت لەو جولاندنەوەیە؟ بەڵام سەبارەت بەوەی کە پارتی چیتر حیزبێکی سیاسی نیە، جارێکی دی گومانم هەیە کە پارتی کەرتێکی ئابووری

ڕووتبێت، ئەگەرچی لەگەڵ تەفسیرەکانتام بۆ جەبرە ئابوورییەکان و دڵنیاشم ئەو نوخبە ئابوورییە هەڵگری هیچ مەیلێکی نەتەوەیی نیەو ناشتوانێت هەڵگری بێت، چونکە هەمیشە پێویستی بە کەناڵی سەرمایەدارە گەورەکانی «بەغدا» و «ئەنقەرە» و «تاران» هەیە. بەڵام «پارتی» ئەمڕۆ وەزیفە سیاسیەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا گەورەترن لە جاران. هەڵبەت دەکرێ مانا سیاسییە کۆنەکان و ئەفسانە سیاسیەکانی خۆی بدۆڕێنێت، بەڵام مانای ئەوە نیە وەکو قەوارەیەکی «سیاسی» وونەبێت. «پارتی» ئەمڕۆ نوێنەرایەتی هێزێکی کۆمەڵایەتیشە لە کوردستاندا، کە وەکی لەسەرەتاوە گەڵێ باسمانکرد کە هێزێکی کۆنەزەرڤاتیفە، ئەو نوخبە ئابوورییە لە ڕێگەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەوە ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و بەرفراوانیان هەیە، لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە هەمیشە تەحالوفێکی ئاشکرا هەبووە لە نێوان ئیسلامییەکان و پارتیدا، لە ڕاستیا من پێموایە لەمەودوا کۆنترۆڵکردنی فیکری و ئەخلاقی و سیاسی ڕەهەندی گەورەتر بە خۆیەوە دەبینێت، بەڕای من هەموو ئەوە هەنگاوانەی کە ئەو نوخبە ئابوورییە دەینێن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆح و دیدو سیستمی بەرهەمهێنانی عەقڵی و زانستی و سیاسی، هەموو ئەو تەحالوفاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا دەیکات، ئەوانە هەموو شوناسێکی سیاسی ئاشکران، لە ڕاستیا من پێموایە کە دەبێت شوناسی سیاسی ئەو نوخبەیە بخوێنینەوە کە هەڵبەت دوای ئەم هەنگاوەی لەگەڵ بەغدادا، سەلماندی نوخبەیەکە لە ڕووی سیاسییەوە هەنگاوی زۆر چاونەترسانە دەنێت، من لە دوای ئەو هەنگاوە هەستدەکەم دەبێت زۆر لەو نوخبەیە بترسین، کە بیر لەو بانگەوازەی (مەسعود بارزانی) دەکەمەوە دەترسێم... شۆڕشی کورد لە دوای ئەوەوە چۆتە قۆناغی تەحالوفکردن لە گەڵ ئەهریمەنەکاندا بە گوتەی (مام جەلال)... ئەهریمەنەکانیش هەمەڕەنگن، ئەو یاریکردنەش لەگەڵ ئەهریمەندا بۆخۆی سیاسەتە. واتە سیاسەت چیتر هونەری شتە مومکنەکان نیە بەپێی ئەو پێناسە زۆر کلاسیکیەی لینین، بەڵکو سیاسەت لە کوردستاندا ڕەنگێکی کالیگۆلاییی وەرگرتووەو بووە بە هونەری گەڕان بەدوای موستەحیلدا، لێرەوە سێکوچکەیەک کە لە «خێڵ» و «دین» و «فاشیزم» دروستبووبێت ڕەنگیشکرابێت بە گووتاری نیمچە ڕۆحانی و نیمچە نەتەوەیی و، نیمچە لیبرالی لە توانای ئەهریمەنیشا نیە لەناویابژێ. من پێموایە «پارتی» لە ڕوی سیاسیەوە هەرهسینەهێناوە، ئەوەی کە ئێستا دەیبینین ڕوویەکی سیاسی پارتییەو ڕوویەکی لۆژیکیشیەتی (هەر لێرەشەوە زۆر ترسناکە)، ئەوەی هەرەسیهێناوە (ینک)ە کە لە مێژە خیانەت لەو ڕۆڵە دەکات کە دەبایە بیگێڕێت، لە مێژە بوونە سیاسی پلە دوو و سەرمایەداری پلە دوو و واعیزی پلە دوو و، هەوڵیاندا کە لە تەک کۆنزەرڤاتیف و بەگزادەو شێخەکانی تەریقەتدا جێگایەک بۆ خۆیان بکەنەوە ... من پرۆژەی سیاسی پارتی بە ئاشکرا دەبینم و هێڵەکانی لەیەکجیا دەکەمەوە، بەڵام سیاسەتێک نابینم یەکێتی پیادەیبکات، ئاشکرایە هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکانی کوردستان چیاندەوێت، ئاشکرایە ئەو نوخبە ئابوورییەی کە کولتوری قەبیلەو کولتوری سەدە تاریکەکانی لەپشتە چیدەوێت، ئاشکراشە چۆن بە قێزەوە سەیری نوێکردنەوەی ژیان و نوێکردنەوەی مرۆڤ دەکەن، بەڵام بە درێژایی ئەم چەند ساڵە کەسێک نەهات بڵێت «ئەمە جەوهەری کۆنزەرڤاتیڤەکانە لە کوردستان»، ئەمە جەوهەری ئەو هێزە تاریکانەیە کە لە ناخی سەدە تاریکەکانەوە هاتوون، ئەمە میکانیزمی کارکردنیانە... لە کاتێکدا هەستمدەکرد کە (چەپ) ئەوکارە دەکات، بەڵام بینیم (چەپ) سەرقاڵی سەفسەتەکاری و دروستکردنی ئەفسانەو دووبارە داتاشینەوەی وەهمەکانی خۆیەتی، یەکێتیش بە هەوڵی نەبساوی بۆ بوونەبەشێک لەو پێکهاتە کۆنزەرڤاتیڤە شەرعیەتی گەورەی پێبەخشین، هەموو شتەکان وایانکرد لێڵایەتی و تانەیەک بەسەر دیدی مرۆڤی کورددا بکێشرێت کە بەردەوام قوربانی ئەم گەمە نامرۆڤانەیەیە ...

مەریوان ووریا : لەلایەکی تریشەوە زەحمەتە یەکێتی چیتر بتوانێت ڕۆڵی پێشڕەوایەتیکردنی هیچ خەونێکی نوخبە تازەو مۆدێرنخوازەکانی کورد ببینێت، چونکە ئەو نوخبە ئابوورییە کە باسمانکرد لە یەکێتیشدا دروستبووەو ئەو نوخبەیەش ناچارە خیانەت لە «تێزو بۆچوونە» بنچینەکانی خۆی بکات، و خیانەت لەو هێزە کۆمەڵایەتیانە بکات کە لە بنچینەوە بەنیازی نوێنەرایەتیکردنیان هاتوون... بەڕای من تاکە شتێک بکرێت، تازەکردنەوەیەکی ڕادیکالیانەی هەموو سەرکردایەتی یەکێتیە، ئەمە تەنها بەمانای لابردنی یەکێک و دانانی یەکێکی تر نیە،

هێندەی تازەکردنەوەی سەرجەمی دیدی تیۆری ئەو جیهانبینیە دەگرێتەوە کە لە ڕێگایەوە ئەوان سەیری واقیعی کورد دەکەن، واتە تازەکردنەوەی ئیگایان بۆ نوخبەی خوێندەواری کورد، بۆ دامەزراندنی شێوەیەکی نوێی پەیوەندی لە نێوان خوێندەواری کوردو جوتیارانی کورددا، بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵێ پەیوەندی نوێ لە نێوان ئەو گروپانەدا کە دەکرێت کۆمەڵێ پرۆژەی نوێ کۆیان بکاتەوە بۆ دیفاعکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی کوردی، بۆ بەرگریکردن لە فەردو ئازادییەکانی فەرد و هەڵگرتنی پرۆژەی بەشبەشکردنی دەسەڵات بەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی کوردیدا، زیادکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لەناو خانەکانی حیزب خۆیدا، تەلاقدانی ڕۆحی عەسکەرتارییەت، بەگژاچوونەوەی ئەرجسییەتی سەرکردەکان. ڕێگرتن لە هەموو فۆرمەکانی مۆنۆپۆلیزەی دەسەڵات هتد... ئەمە بەبێ دەستکاریکردنێکی زۆر ڕادیکالی (ینک) بۆ خۆی نایەتە بەرهەم، کە ئەمەش بۆخۆی ڕەنگە مانای خودکوژی یەکێتی بگەیەنێت، وەکو یەکێتی. بەڵام گومانیشم لەوەنیە ئەم کارە ئەگەر یەکێتیش نەیکات لە ئایندەیەکی تردا دەکرێت، چونکە تۆ کۆمەڵگایەکت هەیە (پارتی) ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک نوێنەری هەموو بەشەکانی بێت، چونکە پارتی ڕۆڵی کۆنترۆلکەر دەبینێ بۆ هەموو پرۆسەیەکی مۆدەرنیزەکردن و لەسەریشەوە تەسلیمی ناوەندەکانی دەکاتەوە. بەڵام بەرامبەر بەمەش لە ئاستی ناوەکیدا کۆمەڵێ توێژت هەیە کە نایەوێت کۆنترۆڵبن و مێژوویەکت هەیە بە دوای شێوەی تردا دەگەڕێت بۆ تەعبیرکردن لە خۆی، جولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش جولانەوەیەکە لەڕێگایەوە کورد تەعبیر لە کۆمەڵێ ئامانجدەکات کە بەو ئاسانیە دەمجناکرێتەوە لەناو سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا. کوردستان توانای بەرهەمهێنانی هێزی دژی پێیە... یەکێتیش لە ڕۆژگارێکدا دەکرێت نوێنەرایەتی ئەو هێزە دژانەی کردبێت، بەڵام مێژووی یەکێتی لە دوای هەشتاکانەوەو، لە پێنج ساڵی دواییشدا وادەگەیەنێت کە یەکێتی هێزێکە تەریب بە پارتی دەڕوات، ئەگەر بیەوێت بشگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە دەبێت گۆڕانکاری گەورە پیادەکات، کە ئەمەش ئەستەم دێتە بەرچاو.

ئاراس فەتاح: ئەگەر ڕێگام پێبدەن، حەزدەکەم لەسەر ئەو میحوەرەی پێشوو کەمێک زیاتر قسەبکەم، مەبەستم ئەو پەیوەندییەیە کە «ئابووری» و «سیاسەت» لە کوردستان پێکەوە گرێدەدات، یان پرسیاری ئەوەی ئایا ئابووری بۆ ئەو گروپە کوردیانە چ مانایەکی هەبووە؟ ئەگەر سەیربکەن کوردستان بە حوکمی پێکهاتە جوگرافییەکەی بێت، یان بە حوکمی دەرکەوتە دیموگرافیەکەی بێت، حەڵەتێکی تایبەتمەندی تیادروستبووە، کە دەوڵەتی مەرکەزی نەتوانێت بەردەوام دەست بەسەر هەموو بەشەکانیا بگرێت و سەرتاپای داگیربکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی خۆیەوە، واتە بەردەوام لەسەر سنوورەکان زۆنێکی سەربەست دروستبووە، ئەم زۆنە سەربەستانە کە دووربوون لە دەسەلاتی دەوڵەت، هەمیشە ناوەندی حیزبە سیاسییە کوردییەکانیش بووە، کە توانیویانە لەوێوە پەرە بە دەسەلاتی خۆیان بدەن و گەشەبکەن و بونیادی عەسکەری و ڕێکخراوەیی خۆیان دابمەزرێنن، هەڵبەت ئەمە بە تەنها تایبەت نیە بەکورد، ئەم حاڵەتە بە زەقیش لە ئەفغانستان دەبینرێتەوە کە دەبینن کۆمەڵێ خێڵ هەیە لەسەر سنوورەکان و دەوڵەت نەیتوانیوە دەستیان بەسەردابگرێت، بەڵام ئەم خێڵانەش وەکو کۆمەڵێ هێز سەیرکراون کە دەکرێت تەحالوفاتی عەسکەری و جۆرێک لە ڕێکەوتنی سیاسیان لەگەڵدا بکرێت و لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا، چ لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە یاخود لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە کایەیەکی گرنگی ململانێ و گەمە سیاسییەکانن. ئەم نموونەیە لە ئەفغانستان زەقترە بۆ نموونە لای «پەشتوویی و ئۆزبەکییەکان و...». بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە گروپە کوردییەکان هەرگیز نەیانتوانیوە گەشە بەو زۆنە ئازادانە بدەن بۆ پرۆژەیەکی ناسیۆنالی، واتە ئەو شێوە ئابوورییەی کە لە زۆنە ئازادەکاندا بووە لەساتەوەختی چوونە ناو دەزگاو بوونی سیستەمێکی ئیداری نەگۆڕاوە بۆ جۆرێکی دیکە، بۆیە ئەو نوخبە ئابوورییەی کە لە کوردستاندا دروستبووە، هەوڵدەدات پەلبکێشێت بۆ دەرو دراوسێکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە هەموو کەناڵەکانی سامانی خۆی لەگەڵیاخستۆتە کەر. ئەو جۆرە ئابوورییە جۆرێکە لە ئابووری کە بە ئابووری "چەتەیی" یان "مافیایی" دیاخود "سوپ ناسیۆنالی" ناوی بنێین، لەبەرئەوە لەسەر ئاستی دوور یا نزیک دەوڵەت لەگەڵ ئەم جۆرە ئابوورییەدا مامەڵەناکات، چونکە قاچاخ کە کۆڵەکەی ئەم ئابوورییەیە دژ بە ئابووری نەتەوەییە، بۆیە هیچ کات دەوڵەتی ناسیۆنال ڕێگا نادات قاچاخ ببێ بە سیستەمێکی

ئابووری و زیان بە ئابووری نەتەوەیی بگەیەنێت.
کەواتە کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو شێوە ئابوورییەی کە لە زۆنە ئازادەکاندا هەبووە، ئەمڕۆ بۆتە زۆنێکی گەورەترو لەلایەن سیاسەتی نێو دەوڵەتیشەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان پارێزراوە... بەڵام بازرگانیی کە هەڵبەت لە حاڵەتی کوردستاندا بە تەنێ قاچاخ دەگرێتەوە، تاکە کەرتێکی ئابوورییە کە کاردەکات، کەرتە ئابوورییەکانی دیکە هەر هەمووی فەرامۆشکراوەو خنکێنراوەو حیزبە کوردییەکانیش هیچی جیدیان نەکردووە بۆ زیندووکردنەوەی، گەر نەڵێین بۆخۆیان لەناوبەری کایەکانی ترن (نموونەی ئاودیوکردنی نزیکەی تەواوی ژێرخانی کوردستان و فرۆشتنی بە ئێران گەلێک زۆرن، سکاڵای حیزبە سیاسییەکان بەوەی گوایە دوو گەمارۆیان بەسەرەوەیە، لە بەردەم خلبوونەوەی تایەکان بە خاکی کوردستانەوە بۆ ژێر ماشێنە سەربازییەکانی بەعس پووچەڵدەبێتەوە). ئێمە ئابووری سیاسیمان هەبووە، بەڵام سیاسەتی ئابووریمان نەبووە. ڕاستە هەمیشە ئامانج و تەماحەکانی گروپێکی ئابووری دەشێت لە حیزبێکی سیاسیدا ببینرێتەوە یان حیزبێکی سیاسی بکات بە پیشەنگی خۆی، بەڵام ئەوە حیزبە سیاسییەکانن لە کوردستان کە لە هەناوی خۆیاندا ئەم گروپە مشەخۆرانەیان دروستکردووە و کەم تا زۆریش کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی حیزبەکانەوە دیارە. لێرەوەیە سیاسەت ئەو حاڵەتە بێمانایییە وەردەگرێت کە باسمانکرد، هەڵبەت کە سیاسەت بەگشتی دابەزییە ناو کۆمەڵێ قازانجی دەستەیی زۆر بچوک و ووردبووەوە بۆ ڕستێ قازانجی گروهی و کوت و تێپەڕ، وانە تووشی بێمانایەکی نەتەوەیی قوڵ بووە. لەم ژینگە سیاسیەشدا بەردەوام قازانجی بەرتەسک و گروهی چکۆلە بەرهەمدەهێنێت، بۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە چیدی ناتونین باس لە حیزبی سیاسی بکەین، بەڵکو ئەم حیزبانە پتر فۆرمی چەند پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدارێتی لە ناوچەی جوگرافی جیاواز وەردەگرن . لەسەر ئەم بناغەیە (ینک) دەمێنێتەوە، نەک لەبەرئەوەی ئێران ئیشی پێماوە یاخود لەبەرئەوەی مام جەلال سیاسییەکی لێهاتووە (بارع) لە گەمەی سیاسی و دیبلۆماسییەت و چۆنییەتی هەڵسانەوە، ئەڵبەتە ئەو چەندە لە هەڵسانەوە شارەزایە، ئەوەندەش لە کەوتن لێهاتوو...

بەختیار عەلی: یەکێتی لە ساتێکدا شکستی خواردووە، کە هێزێکی کاریگەرو نوێخوازی تیانیە، (ینک) بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوایی ئاوەندو سەنتەرێکی فیکری گەورەی تیانیە کە هیچ شتێک نوێبکاتەوە... هێزێکی نوێکەرەوە نیە تا باس لە نوێکردنەوە بکەین. ئەوانەی کە خەونێکیان هەبوو لە مێژە نائومێدبوون، لە ئێستاشدا ئەگەر یەکێتی بژێتەوە، وەکو هێزێکی چەکدار دەژێتەوە تابتوانێت بەشێک لەو سەرمایە ڕەمزییەی خۆی بەدەستبهێنێتەوە، لەو باوەڕەشدام (ینک) وەکو هێزێکی چەکداری کاریگەری دەمێنێتەوە، بەڵام ئێمە قسەمان کەی لەسەر ئەوەیە کە هەولێر یەکێتی تیایە یان پارتی، یان سلێمانی چ حیزبێک دەیبات بەڕێوە، یان چەکدارەکانی کێ ئازاترن، ئێمە قسە لە بوونی پرۆژەیەکی مێژوویی و دیدێکی مێژوویی دەکەین، ئێمە قسە لەو هێزە نوێخوازە بێپشتوپەنا سیاسییە دەکەین کە خۆی لە ئەوە تازەکاندا دەبینێتەوە، قسە لەو هێزە کۆنزەرڤاتیڤانە دەکەین کە هەموو کەناڵەکانی سیاسەتی کوردی دەرژێتەوە سەر بەرماڵەکانیان، باس لە دیموکراتیەتێکی کوژراو دەکەین... لێرەوە ژمێرباری حەقیقەت ئەو کاڵتەبازارەی سەر زەوی نیە، بەڵکو ئەو ترازیدیایەی ناو مێژووە، لێرەوە دەشێت بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەو حاڵەتی گروە گروەبوونە لە مێژووی کورددا بەردەوام بێت، کارەساتەکەش ئەوەیە کە ئەمسەرو ئەوسەرکردنی هێزەکان لە نێوا پۆلە ئیقلیمییە جیاوازەکان، ڕێکەوتنە ڕاستەقینەو درۆزنەکانی مەیدانی سیاسەت، یەکدی زەلیلکردنەکان هیچیان جگە لە ترازیدیایەکی پوچ زیاتر هیچی تر نیە، منیش دڵنیام کۆمەڵی ئێمە هێزی دژ بەرهەمدێنێت، بەڵام ئەو هێزە دژانە لەم پانزە ساڵەی داهاتوودا یان نائومێدی خنکاندونی، یان لە جۆرە بۆچوون و تەصورێکی خەیاڵیدا نوقمبوون و هیچیان بۆ نەکراوە، یان تەسلیمبوونەتەوە بە هێزە کۆمەڵایەتییە بێپرۆژەکان، من ناموێت ژمارەی ئەو ئەدیب و نووسەرە یاخیانەی حەفتاو هەشتاکان بژمێرم کە ئەمڕۆ داوە دوکەڵێکی یاخیبوونیشیان تیانەماوەو بەگەورەیی بوون بە بەشێ لەو گەمەیەی کە هەیە، کە گەمەیەکی پووچە، گەمەی لە کرێژمبردنی مرۆڤی کوردە، گەمەی گۆڕینی ژیانە بۆ کۆمیدیایەکی تاڵ... ئەو هێزە دژانە لە ماوەی ئەم پانزە ساڵەدا هیچ نیشانەیەکی مۆبیلکردنیان نیشاننەداوە،

هیچ پرۆژەیەکی کۆنکریتی دژیان نەخستۆتەڕوو، خۆیان بە وەهمی گروپە سیاسییەکانی مەیدانی سیاسەتەوە گرێداوە، ڕەخنەکانیان لە سنوری تێبینی شەرمن دەرنەچووە... تا من لەگەڵ ئەوەدانیم گەر باس لە هێزێکی تورەی دژ بکەین، لێرەوە پارتی یان هەر هێزێکی دیکە کە لەو بچێت لەمڕووەوە هەڕەشەی لەسەر نیە. یەکێتیش ناتوانێت ئەو خودکوژییە بکات، چونکە ئەو هێزەی تیانیە کە خودکوژی پیادەبکات... هێزی خودکوژی هێزێکی خوڵقێنەرە، ئەوەی بیەوێ خودکوژی بکات، دەبێت هەستێکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و مێژوویی زۆر قوڵ لە ناوەوە جڵەوی بکات.

ئاراس فەتاح: لە مێژووی سیاسەتدا نموونەی شکستمان گەلێک لەبەردەستدایە، بەرامبەر بەوەش نموونەی هەڵوێستی سیاسی جوامێرانەشمان هەیە، کە بە لێپرسراوێتییەوە سیاسییەکان دانیان بە هەڵە سیاسییەکانی خۆیاندا ناوە. من باس لە سیستمە پارلەمانتاریزمەکانی خۆرئاوا ناکەم کە دەشێت هەڵەیەکی تەنانەت ئەخلاقیش، چجای چارەنووسسازی، ببێتە هۆی ئەوەی کە سیاسییەک دەستبەرداری کاری سیاسەت بێت و بەو جۆرەش هەڵەکە لە هەڵەی سیستمێک یا حیزبێکەوە، دەبێتە هەڵەی تاکە کەسێک. گرفت لەوەدایە کە کولتوری سیاسی ئێمە بەتەنها بێبەری نیە لە دانانان بە هەڵە و داوای لێبووردنخوازی، نەک لەبەرئەوەی هەموو هەڵەیەک پاکانەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە و لە ڕێگایەوە خۆشی دەکات بە قوربانی، یاخود بێتوانایی دەبێتە تەفسیرێکی زۆر گەمژانە، بەڵکو لە لۆژیکی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی سەرۆکە کاریزمییەکان لەدەرەوەی ڕاستێتی بڕیارەکانی خۆیان ڕاستییەکی دی نابێت، بۆیە شیاوە هەموو گەل بکرێتە قوربانی کردە سیاسییەکانیان.

مەسعود بەناوی بوونی "پلانێکی ترسناک" لە نێوان (یەکێتی و ئێران)دا، پاکانە بۆ پاکتە ئەهریمەنییەکەی لەگەڵ سەدامدا دەکات، وەکی ئەوەی لە سەدام دڵسۆزتربێت بۆ پاراستنی یەکێتی خاک و دەوڵەتی عێراق، تاڵەبانی گەرەکیەتی پاکت لەگەڵ شەیتاندابکات بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی، چونکی ئەمریکا ئەمجارەش وەکی سەرەتای ڕاپەڕین، "ساختەچێتی" لەگەڵکردن (ئەمە قسەی من نییە، بەڵکو مام جەلال لە دوای تێکشکاندنی ڕاپەڕین لە ۹۱مدا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا بەو جۆرە تەفسیری سیاسەتی ئەمریکا دەکات). ئەمە لە سکاندالێکی (فضیحە) نەتەوەیی پتر شتێکی تر نیە.

مەریوان وریا: من لەوباوەڕەدا نیم ئەو هەستە ئەخلاقییە هەبێت، ئەمە جگە لەوەی گەمە سیاسییەکە تێکەڵاوی سودو قازانجی زۆر تایبەتی بووە. لەو باوەڕەشدانیم یەکێتی لە سەرکردایەتی ئێستایدا توانای دانپیانان و بینینی هەڵەکانی خۆیانیان هەبێت، بەڵام باسم لە قاعیدەکەیانە کە ژمارەیەکی زۆر خوێندەوارانیان تیایە، کە دەکرێت هەڵگری دیدێکی ڕەخنەگرانەبن، بەڕاستی من ناشزانم چەند ڕۆشنبیری باش لەو قاعیدەیەدا هەیە، بەڵام مەبەستمە یەکێتی کورتنەکرێتەوە بۆ ئەو سەرکردایەتیەی کە هەیە.

بەختیار عەلی: قاعیدەی یەکێتی گیروگرفتی هەیە لەگەڵ سەرکردایەتیدا، بۆ نموونە: خوێندکاران لەناو یەکێتیدا چەندین جار هەڵوێستی توندو دژیان هەبووە، بەڵام دواجار کۆی یارییەکە وەکو خۆی بەردەوامە، چونکە پێدەچێت لە کوردستان کەس ئامادەنەبێت هەڵوێستی جیدی لە هیچ وەرگرێت... یەکێ لەو خاڵە ترسناکانەی ئێستا سەرنجی دەدەمێ ئەوەیە کە کولتوری ئێمە جیدیەتی بەرهەمنەهێناوە، هەڵوێستی پارتەکانی دیکە لە شەڕی ناوخۆ نیشانەی نەبوونی جیدییەتە، ڕێکەوتنی (مەسعود بەرزانی) لەگەڵ (بەغدا) نیشانەی وەرنەگرتنی مێژوو و ژیان و پاشەڕۆژە بەجیدی، شکست و هەرەسی دراماتیکی یەکێتی نیشانەی بەجیدی وەرنەگرتنی جەنگە، نەبوونی جیدییەتیش، مانای جیانەکردنەوەی تراژیدیایە لە کۆمیدیا.

ئاراس فەتاح: لە ڕاستیدا لە یەکێتیدا لیبرالیەتێکی ڕێکخراوەیی نەبووە، بەڵام جۆرە لیبرالیەتێکی سیاسی لە هەندێ قۆناغدا هەبووە. هەڵبەت «قاعیدە» لە یەکێتیدا ئەمجۆرە لیبرالییەتەی سەپاندووە، بەڵام پرۆسەکە بەدەرنەبووە لە سەرکوتکردن و چەپاندن؛ لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە خوێندەوارو کادیرانێکی زۆر ڕیزەکانی یەکێتیان بەجێهێشت، چونکە گەیشتنە ئەو

باوەڕەی کە (ینک) چیدی نوێنەرایەتی نیازە فیکری و ئایدۆلۆژی و ئابوورییەکانی ئەوان ناکات. بەلام کاتێک ئێمە باس لە ئێستاکێ دەکەین، دەبێت نەکەوینە ناو هاوکێشەی بێسنوری ئیحتمالات و گریمانەوە، لەوەی ئایا لە ناو پارتیدا دەبێت چ هێزێک هەبێت توانای کێشکردنی واقیعی تیابێت بەرەو دوورگەی ئارامی، یان لە ناو یەکێتیشدا چ گروپێک دەتوانێ ببێتە هێزێکی مۆدێرن و نوێکەرەوە؟... چونکە ڕاستییەک هەیە و دەبێت بیخەینە پێش چاومان؛ بەبێ دۆخێکی ئارام، کۆمەڵگا ناتوانێت شتی نوێ بەرهەمبهێنێت، بەبێ بوونی نیمچە ئارامییەک، کۆمەڵگا ناتوانێت هێزە شێلگیرو نوێخوازەکان وەبەربهێنێت. گرفتەکەش لەوەدایە کە کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکە بەردەوام لە حاڵەتی ناکاو «طواریء»دا بووە، لەم حاڵەتەشدا زۆر ئەستەمە ئەلتەرناتیڤی سیاسی یان کۆمەلایەتی نوێ بەرهەمبێت. تاکە هێزێک بتوانێت لەم جۆرە کەشوهەوایەی ئێستادا لەدایکبێت وچالاکبێت، ئەو هێزە ئابوورییە مشەخۆرانەن کە باسمانکردن. بۆیە پرۆسەی بە «کۆمەڵگابوون» پرۆسەیەکە دەبێت زۆر بەووردی بخرێتەوە بەر توێژینەوەوە، چونکە ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە سیفاتی کۆمەڵگای لە دەستداوە، کۆمەڵگای کورد پێویستە سیمای کۆمەڵگا لە خۆی بگرێتەوە، ئەوسا دەشێت هێزە "ئەلتەرناتیڤەکان" ببنە هێزی جیدی. بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکیش ببێتەوە بە «کۆمەڵگا»، دەبێت هێزە سیاسییەکان بەوجۆرە دەستنەخەنە ناو پێکهاتەی کۆمەلایەتییەوەو وێنەی خۆیانی پێنەبەخشن، وەکو لە تاقیکردنەوەی سیستەمی بەعسیزمدا بینیمان. کۆمەڵگا موڵکی پێبەخشراوی هیچ حیزبێک نیە. هیچ حیزبێک ناتوانێت شەرعیەتی هەبێت، گەر شەرعیەت لە کۆمەڵگا داگیربکات.

مەریوان ووریا: زۆر لەگەڵ ئەو ڕایەدام، بەلام حاڵەتی (طواریء) لە کوردستان حاڵەتێکە ئەو پێکهاتە سیاسییە پێویستی پێیەتی بۆ مانەوەی خۆی، ئەمە حاڵەتێکە سەرکردایەتی هەردوولا پێویستیان پێیەتی، لێرەوە دەبێت ئەو خاڵە زۆر ڕوون و ئاشکرابێت کە حاڵەتی (طواریء) حاڵەتێکی زۆر ئیرادەگەرەو وویستێکی زۆر ئیرادەگەر دروستیکردووەو لاچوونیشی پێویستی بە ئیرادە هەیە... پێموایە ڕۆشنبیری کورد لە تەفسیرەکانیاو ئەوانەش کە لە ڕووی پراکتیکەوە بۆ ئەلتەرناتیف دەگەڕێن، دەبێت ئەمخاڵە زۆر بە ئاشکرا ببینن، چونکە من هێمنکردنەوەی واقیعی کوردی تەنها لە ڕێگەی لابردنی هەموو ئەو حاڵەتە سیاسییەوە کە هەیە، بەشیاو تێدەگەم... بەلام ئەمەش بۆخۆی لە «موستەحیل» دەچێت.

ئاراس فەتاح: هەر بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو حاڵەتەش بەردەوام پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی سامناک هەیە بۆ گۆڕینی مرۆڤی کورد بە جەنگاوەر. لەمجۆرە واقیعەشدا پرسیارەکە ئەوەنیە، ئایا ڕۆشنبیری کورد دەبێتە هێزێکی سیاسی؟، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن ڕێگا لە سیاسەت دەگیردرێت بۆ ئەوەی هەمیشە نەبێتە مۆتەکەی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیریی و، کولتوری حیزب نەبێتە کولتوری کۆمەڵگا، وە چۆن دەکرێت کۆتایی بەسەدەی سیاسەتی بێمەعریفە بهێنرێت؟

مەریوان ووریا: منیش پێموانیە ڕۆشنبیری کورد بتوانێت بە بەرنامەیەکی سیاسیەوە بێتە مەیدان و واقیعێک چاکبکات کە سەدەیەکە هەموو دەستەکان لە ناویا شێوێنەرانە کاریانکردووە... هەر لێرەوە هەستێکی قووڵ بە نائومێدی هەیە، بەلام دواجار دەشێ هەندێ هێڵی ستراتیژی زۆر کشتی دەستنیشانبکرێت، دەکرێت کار بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینی نوێ و خوێندنەوەی نوێ و دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ بە گروهە کۆمەلایەتییەکانی دیکەوە بکرێت، دەکرێت کار بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی تازەوە بە حیزب بکرێت، مێژووی حیزب بەجۆری دی بخوێنرێتەوە، کار لەو وێنانەدا بکرێت کە دەبێت کورد بەئاستی ترو شێوەی تر بەرهەمیبهێنێت. واتە لەپاڵ نائومێدییەکەورەکەشدا توانای دەستنیشانکردنی هەندێ شت هەبووە، هەرئەوەشە وامان لێدەکات باوەڕێکمان بە ئاییندە هەبێت.

ئاراس فەتاح: بەڕای من دوای ئەوەی (ینک) نەیتوانی ببێتە ئەلتەرناتیڤێکی ڕادیکال، بە پرۆژەیەکی دیارو ئاشکرای فیکری و کۆمەلایەتییەوە بۆ (پدک)، دیارە ڕۆشنبیرانی کوردیش بەدوای ئەو نوشوستەدا توانای بەرهەمهێنانی ئەو پرۆژەیەیان نەبووەو لە یەکێتی باشتریان نەبووە بۆ ئەوەی سیاسەتی تیابکەن؛ دوای شەڕی ناوخۆ و کەوتنی هەموو ئومێدێک لە دروستکردنی

ناوکۆییەکی سیاسی (إجماع سیاسی)، من پێموایە کە ڕۆشنبیران لەبەردەم لێپرسراوێتییەکی گەورەو ترسناکدان، پێداویستییەکی ژینگەیی و ڕۆحییە لەم چرکەساتە «پەیمانێکی کۆمەڵایەتی» نوێ پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردی بکرێت. ئەم پەیمانە بەڕای من، بەبێ تیۆریزەکردنی قوڵی واقیع و هێنانی چەمک و میتۆدی نوێ ناکرێت؛ واتە بەبێ کارکردن لەناو ئەو کایانەدا کە وێرانەن لەناو کولتووری کوردیدا، نایەتەدی، بەڵام هەرچی پەیوەندی بە گواستنەوەی جەوهەری ئەو خوێندنەوانەوە بۆ سیاسەت هەیە، ئەوە من بە تەنها بە کاری ئەو ڕۆشنبیرانەی نابینم... دیارە واقیعی ئێمە داوای هەردووکیمان لێدەکات، بەڵام ڕۆشنبیری سیاسی شتێکەو سیاسییەکی ڕۆشنبیر شتێکی ترە، تێکەڵاوکردنی ئەم دوو کایەیە کارەساتی ڕۆشنبیری و سیاسی گەورەی لەدووی خۆی بەجێهێشتووە. ئێمە سیاسەتمەدارانی گەلێک نەخوێندەوارمان هەیەو ڕۆشنبیری زۆریشمان هەیە کە بوونەتە سیاسی بەبێ ئەوەی خاوەنی مەعریفەیەکی سیاسیبن. بۆیە کاری ڕۆشنبیری کورد ئەوەندەی بەرهەمهێنانی دروشمی سیاسی بووە، هێندە بەرهەمهێنەری مەعریفە نەبووە. بەرهەمهێنانی مەعریفە بە پلەی یەکەم پرۆژەیەکی فەردییە، زۆرجار پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکر پێش پرۆسەی لەدایکبوون یان کامڵبوونی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە دەکەوێت کە دەشێت ببنە هەڵگری ئەو جۆرە تەفسیرانە. ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە و دەبێت لە شوێنی دیکەداو بەجیا قسەی لەسەربکرێت. بەڵام لەم واقیعەی ئێمەدا نە فیکرێکی تیۆری ئاراستەکراو هەیە کە سەوابتی سیاسی هەبێت، نە هێزێکی کۆمەڵایەتی هۆشیار کە گۆڕانکاری ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگا دروستبکات.

مەریوان وریا: «بزربوونی خەونی ڕۆشنبیری» لای ڕۆشنبیری کورد، یەکێکە لە دیاردە پڕ مەترسییەکانی واقیعی ئێمە، کە تۆ پرۆژەیەکی ڕێنیسانسی نوێگەریت پێنەبێت، زەحمەتە بەرەو پێشتر هەنگاوبنێیت. ئاخر ڕێنیسانس چییە؟ جگە لە خەون بینینێکی بەردەوام، جگە لە ڕۆشنکردنەوەی دنیایەکی تاریک. دەگرێت ئەم پرۆژەیە ڕەهەندی سیاسی هەبێت، دەگرێت ئامانجی سیاسی بخاتەوە، بەڵام لە دواجاردا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی فیکرییە، کە کۆمەڵێ جیهانبینی دەشکێنێ. «ڕۆشنگەری» خۆی چییە؟ لە بنەڕەتدا شکاندنی سیستمی «جیهانبینیەکانە»، کە ڕۆشنبیری کورد نەتوانێت جیهانبینیە تەقلیدییەکان بشکێنێت، دەچێتەوە ناویان و دەبێتەوە بەهەڵگریان، بۆ نمونە (ینک) سەرەتا دەشێت وەکو خەون، خەونی بەجۆرێک مۆدێرنیزمەوە بۆ واقیعی کوردی ببینێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو سیستمە جیهانبینیە تەقلیدییەی پێنەشکێنراوە، هەر زوو کەوتۆتەوە ناو هەمان سیستەم و هەمان جیهانبینی بەرهەمهێناوەتەوە، چونکە لەوێشدا ڕۆشنبیری کورد توانای نەبووە دوای ئەو خەتە ڕۆشنگەرییانە بکەوێت کە لە سەرەتای پرۆژەکەیدا هەبووە... «ڕۆشنگەری» ئەشێت وەکو سەرەتا بڕیارێکی فیکری بێت، بەڵام بەوە دوایی نایەت، چونکە دەبێت پرۆسەی خوێندنەوەیەکی بەردەوامبێت، دەبێت پرۆسەی گۆڕینی بەردەوام و جێگاگۆڕکێی بەردەوامبێت کە لە ڕێگایەوە ڕۆشنبیر بەردەوام شوێنی خۆی لەبەردەم حیزب و لە بەردەم ڕۆشنبیرانی ترو لەبەردەم گروهە کۆمەڵایەتییەکاندا بگۆڕێت، بەڵام لە واقیعی ئێمەدا، ڕۆشنبیرێکی وەها مۆبیل و بزۆک نابینرێتەوە. من کە لەدواوە دەڕوانم ڕۆشنبیرێک نابینم توانای گۆڕینی تێزەکانی خۆشی هەبێت و، بتوانێ هیچ نەبێت ژیانی دابەشبکەینە سەر دوو قۆناغی فیکری. دوو قۆناغ کە بکرێت هەڵگری جۆرێ لە جیاوازی بێت، من پێموایە بینینی نوێی خەونێکی ڕێنیسانسی زۆر پێویستە. پێویستمان بە دروستکردنی کۆمەڵێ یۆتۆپیای کۆنکرێت هەیە، کۆمەڵێ یۆتۆپیا نە لە ئایدۆلۆژیاوە بێن، بەڵکو لە پرسیارەوە. لە خەونێکەوە کە دەشێت لە ئێستادا بستێ زەویمان نەبێ تیا بچێنین، بەڵام هیچ نەبێ با لەناو دیدو تێڕوانینماندا هەڵیگرین، باوەڕم بە ئایندە لە باوەڕم بە خەونەوە دەستپێدەکات. پێشم وایە ئەوەی ئێمە وەک نەوەیەکی نائومێدو مێژووی ئێمە وەک مێژوویەکی بریندارو، سیاسەتی ئێمە وەک بازنەیەکی داخراو پێویستی پێیەتی، خەون بینینە. مەترسی گەورە ئەو کاتەیە کە خەونەکانمان وون‌دەکەین، نایشارمەوە منیش لە چارەنووسی ئەم دواهەمین ئومێدە ئەترسم. بەڵام ترس خۆی هەنگاوی یەکەمی دەرککردنێکی ڕادیکاڵانەیە بە دنیا، بە ئادیار، بە ئایندە... بۆیە دەبێت ترسەکانیشمان وەک هێزێک بۆ ئومێد تەماشاکەین.

# ناسیۆنالیزم/ کوردایەتی
# «بەرەو پارادایمی نوێ»

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

فاروق ڕەفیق

## (بەشی یەکەم)

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بڵێین ئیدی «سەردەمی سیاسەتی بەزەیی بەسەرچوو»؟ سیاسەتی بەزەیی، گووتاری بەزەیی ئەو سیاسەتە، ئەو گووتارەیە کە لەگەڵ سۆز ڕوویەڕووە، کە یاری بەسۆز دەکاو چەقی هەقانیەت یان ڕەوایەتی خۆی لەسەر سۆز دادەنا لە پاڵ مێژووی دوورو تراژیدیای ڕابووردو و کارەساتی ئێستاو ناڕەوایەتیەک کە دەربارەی خاوەن گووتار (خەڵکێک، دەستەو تاقمێک یا کەسێک) کراوە لە ڕابووردو و ئێستادا. سیاسەتی بەزەیی گەر کومبوونی ئیرادەیەک نەبێت لە بنەڕەتدا، ئەوا بەلانی کەمەوە شکستی ئیرادەیە لە هێنانە ژێرڕکێفی شتەکاندا بۆ خۆی و ژێردەسەتەڵاتی خۆی، گۆڕینی واقیع و دەوروبەر بە پێی خواستی ئیرادە.

سیاسەتی بەزەیی بە پلەیەک فەزاو دنیاو دەوروبەری بکەر یا بکەرەکان بارگاوی دەکا بە ئەفسانەو غەیبانیەت و گەورەکردنی قەبارەی ڕوداو و کارەساتەکان یا بچووککردنەوەی ئەم ڕوداوەو بەرئەنجام، تا ئەو پلەیەی کە ئیدی ناسینەوەی واقیع ئەستەمبێت. سیاسەتی بەزەیی خۆی دەبێتە دەمامک و لە لایەکەوە ناهێڵێت ڕوخسارە حەقیقیەکەی بکەر یا قسەکەر یا خاوەن گووتار ببینین، لە لایەکی دیکەشەوە واقیع هێندە شێوێنراوە، هێندە ماسکی جۆراوجۆری پێبەخشراوە کە جیاکردنەوەی هێڵەکانی واقیع، دیاریکردنی هۆو بەرئەنجامی فەرمان، ڕووداوەکان کارێکی ئاسان نابێت. بەمەش سیاسەتی بەزەیی ئامانجی خۆی دەپێکێ لە دوو خاڵدا، لە لایەکەوە کە عەقڵ و عەقڵانیەت لە کەمەکە دەکاتە دەرەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاستی نووشستی یا لاوازی ئیرادەی دەستەڵات دەشارێتەوە. ئا لێرەوە گووتاری بەزەیی، گووتارێکی ناعەقڵانی و سەر بە هێزێکی دژە ـ چالاکە (Reactive Force).

بێ دوودڵی دەڵێم لە دنیای کوردیشدا قسەکردن لەسەر بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی و تراژیدیای کوردو ڕووداو کارەساتەکانی چەرخی بیستەم و سارتاپا مێژووی کوردو گووتاری کوردایەتی خۆی پشت بە سیاسەتی بەزەیی دەبەستێت یا دەربڕی گووتاری بەزەییە، گووتارێک کە پێمان دەڵێ «کورد غەدری لێکراوە»و پێمان دەڵێ «کورد هەر لە سەرەتای مێژووەوە بۆتە نێچیری دراوسێ دڕندەکانی» و، پێمان دەڵێ «خاکی کورد بەسەر چوار پارچەدا دابەشبووەو هێزە گەورەکانی دنیا لێپرسراون لەم هەڵە مێژوویی یەو هەر خۆشیان دەتوانن چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە، بۆ ئەم گوناهەی کە بەرامبەرمانکراوە بدۆزنەوە». ئەم گووتارە پێمان دەڵێ: «مادامێک چارەنووسی نەتەوە لە مەترسیدایە، قسەکردن لەسەر هەر شتێکی دی ڕەوانیەو هەموو شت دەبێت لە خزمەتی چارەنووسی نەتەوەدابێت». گومان لەوەدانیە کە تراژیدیای کورد. لەو دەربڕینانەی سەرەوە زۆر گەورەترە، کێشەکە لەمەدانیە، بەڵکو لەوەدایە کە تۆنی بەزەییناسای ئەو گووتارە

سیاسییە، ئەو گووتاری سیاسەتی بەزمییە بەچەند ئاڕاستەدا ئیشکالیەتی گەورەی بۆ کورد خۆی دروستکردوە، لەسەروو ئەو هەموو ئیشکالیەتانەوە، ڕێگەنەدانە بە گەشەکردنی بۆچوونی زانستی و تێگەیشتنی زانستیانەی کێشەی کوردو واقیعی کوردی. کاتێک فەزای هەر قسەکردن و گفتوگۆیەک و لێکۆڵینەوەیەک بارگاوییێت بە تۆنی بەزمیی وسۆز، ئیدی بوار نامێنێت بۆ قسەکردنی زانستی دەربارەی ئەو واقیعە، یا ئەو ڕووداو و کارەساتە کە شوێنی قسەلەسەرکردنە. دەتوانین بڵێین، زۆر کەمن ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە تا ئێستا دەربارەی بارودۆخ و دنیای کوردو ناسیۆنالیزمی کوردی بەئەنجامدراون.

ئیشکالیەتێکی دیکە کە ئەم گووتارە خولقاندویەتی، ڕێگەگرتنە لە بەردەم تێگەیشتنی خودی کورددا بۆ خۆی؛ واتە خودی کوردی کەمترین بواری بۆ ڕەخساوە کە لە خۆیگاو مێژووی خۆی بخوێنێتەوە، دوور لە ئەفسانەو گەورەکردن و هەڵئاوسانی خود یا بچووککردنەوەی خود تا ڕادەیەکی ترسناک. مادامێک فەزای خود ئامێتەی سۆزو زمانی ئەفسانەو گورزی جەرگبڕی کارەساتە خوێناویەکانی بووە کەمتر توانیویە لە خۆی بگاو ببێتە خاوەنی هۆشیارییەکی خود کە پڕبەپێستیخۆی بێت، یاخۆیبناسێ وەک ئەوەی کە هەیە نەک وەک ئەوەی کە سیاسەتی بەزمیی دەیەوێت ببێت.

ئیشکالیەتێکی تر کە سیاسەتی بەزمیی و گووتاری بەزمیی خوڵقاندوییەتی، بریتیە لە پشتبەستن بە کارەسات و پێویستیبوونی کارەسات بۆ بەردەوامبوونی ئەم گووتارە. بە واتایەکی دی ئەم گووتارە لەسەر کارەسات دەژی، لەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە دەژی کە بەسەر کورددا هاتوون و دێن. ئەم گووتارە لە دەرەوەی ئەو کارەساتانەوە هیچ شتێکی نیە بیڵێ، مشەخۆرێکە بەسەر کارەساتەکانەوە. نەک ئەمەندە، بەڵکو گەر کارەسات نەبوو ئەوا خۆی دەبێتە مایەی خولقاندنی، چونکە زمانی ئەو لاڵەو تەنیا کارەسات دەیهێنێتە قسە. بە ڕای من تراژیدیای هەڵەبجە تەنیا ڕژێمی فاشیزمی عێراق و جەنگی ئێران و عێراق و ڕژێمی ئێران لێی بەرپرسیار نین، بەڵکو بزوتنەوەی کوردایەتی تەقلیدی - هەردوو حیزبە تەقلیدیەکەی کوردستانی عێراق، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەو تراژیدیایە بەرپرسیارە.

سەدەی بیستەم لە دوا ساڵەکانیدایەو مرۆڤایەتی پێدەنێتە سەدەی بیست ویەکەمەوە. ئەم سەدەیە ڕەنگە بۆ میللەتانی دنیا مانای جیاوازو دەلالەتی جۆراوجۆر بدابەدەستەوە، بەڵام بۆ کورد تەنیا بریتییە لە سەردەمانێک کە کورد تێیدا بە خەونی سەدەی نۆزدە کاریکردوەو دنیای خۆی شەلاڵی خوێن کردوە. سەدەی بیستەم، سەدەی تێکشکانی هەموو پرۆژەو خەونێکی کوردییە، سەدەی تێکشکانی چەندەها ڕاپەڕین و جوڵانەوەی چەکداری و سیاسی کوردییە. سەدەی بیستەم بۆ کورد بە مۆرکی کوردایەتی، واتە گووتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوەی جیاواز جیاواز مۆرکراوە. کوردایەتی وەک گووتاری ناسیۆنالیستی، وەک مۆتۆرێک لە پشتی ئەو ڕوداوو ڕاپەڕین و کارەساتانەوە کاریکردوە - کێشەکە لەمەدانیە، بەڵکو کێشەکە لە سروشتی ئەو بزوتنەوەیەو پێکهاتووەکانی ئەو گووتارەدایە، کێشەکە لە جیهانبینی و سیستەمی بەهاکانی ئەو گووتارو ئەو بزووتنەوەیەدایە. کێشەکە لە جەوهەری ئەو هێزەدایە کە بزوێنەری کوردایەتی بووەو هەیە. ئەو هێزەش، هێزێکی چالاک وبگۆڕ بڵندگۆی «ئەرێ گووتنی ژیان - بەڵێ بۆ ژیان» نەبووە، بەڵکو هێزێکی چالاک و نەهلیستی و دژ بە ژیان بووە. یەکێک لە هەرە قوربانییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، تاکەکەسی کوردو مرۆڤی کوردە. ڕەنگە غەریب بێتە بەرچاو وگوێ گەر بڵێین بزووتنەوەی کوردایەتی بە ئاڕاستەی دژایەتیکردنی تاکەکەسدا، تاکەکەسی کوردی، کاریکردوە. بزوتنەوەی کوردایەتی تاکەکەسی کوردی ئیفلیجکردوەو هەموو تواناکانی لێسەندۆتەوە. ئەمەش لە جەوهەری هێزی دەسەلاتدارو دەستبەسەراگرتووی ئەو بزوتنەوەیەوە هاتووە کە جەوهەرێکی خێڵەکیانەو هێزێکی خێڵەکییەو سەر بە سیستەمێکی بەهایە کە تێیدا تاکەکەس شوێنێکی نیەو تاکەکەس ئامانج نیە، بەڵکو هۆکارە بۆ ئامانجی دی.

من لەم باسەدا هەوڵ دەدەم کە گووتاری کوردایەتی و شوێن و فەزای ئەو گووتارە دیاریبکەم و بیخوێنمەوەو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهەموو ڕەهەندە سیاسی و فیکری و ئەخلاقیەکانیەوە لە ڕێگەی چەند چەمکێکەوە دیاریبکەم. بەڵام چونکی قسە لەسەر گووتارێکی ناسیۆنالیستی دەکەم، بەناچاری دەبێت سەرەتا ئەوە ڕوونبکەمەوە کە مەبەست چییە لە ناسیۆنالیزم «بەشی یەکەم».

لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزم لە کێشی ووتارێک و چەند ووتارێکدا نیە، لەبەرئەوە لێرەدا تەنیا چوارچێوەیەکی گشتی دەخەمەڕوو کە تێیدا بتوانین لە لایەکەوە شوێنی گووتاری ناسیۆنالیستی لە نێو گووتارەکاندا دیاریبکەین، لە لایەکی دیکەوە مەبەستمە فەلسەفەی سیاسی ناسیۆنالیستی بناسینەوەو بزانین سەر بە چ فەلسەفەیەکی سیاسییە. بۆ ئەم مەبەستە ڕەهەندە سیاسی و ئەخلاقی و فەلسەفییەکانی ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی چەند چەمکێک و ماناو زاراوەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دیاریدەکەم، وەک چەمکی پارادایم، وردە ڕامیاری، درشتە ڕامیاری، فەلسەفەی سیاسی ستراتیژێک، فەلسەفەی سیاسی تاکتیک. مەبەستیش دووره پەرێزییە لە میتۆدی باو بۆ قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزم. مادامێک ناسیۆنالیزم جیهانبینییەکی تایبەت بە خۆی هەیەو پراکتیکی سیاسییەو پەیرەویکردنە لە ستراتیژیەتێکی دیاریکراو، کەواتە ئەو چەمک و ماناو زاراوانەی سەرەوە دەتوانن ئەو ئەخشەیەمان بۆ دیاریبکەن کە تێیدا ناسینەوەی ناسیۆنالیزم بەرکەماڵدەبێت. سەرەتا پەنادەبەمە بەر فەلسەفەی زانست بۆ ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی پارادایم، روونتر قسان بکەم، زۆر بەخێرایی فەلسەفەی تۆماس کوهن دەخەمەڕوو و دواجار هەوڵدەدەم کە پارادایم لە فەلسەفەی زانست بخوازم و گووتاری ناسیۆنالیزمی پێبخوێنمەوە. هەروەها گووتاری ناسیۆنالیستی ـ لەوانە کوردایەتی ـ پشتی بەستوە بە داستانێکی گەورە «Grand narrative» کە خەونی ناسیۆنالستییە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خود بەدەست خود، ئەوە داستانە گەورەکەیە کە وەک مۆتۆڕێک لە پشتی ڕووداوەکانی تایبەت بە ناسیۆنالیزمەوە کار دەکا. بۆ نموونە داستانە گەورەکەی کورد لەم سەدەیەدا ئەو داستانە بوو وە هەیە کە لەلایەکەوە باس لە گشت ڕووداو و کارەساتەکان و ئەکتەرو ئەفسانەو پاڵەوانەکان دەکاو، لەلایەکی دیکەوە مۆتۆڕی گشت ڕووداو کارەساتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژووییەکانی کوردە وەک نەتەوەو وەک ئینسان. بەکارهێنانی «داستانی گەورە» لێرەدا بەکارهێنانێکی لیوتاردییە ـ لیوتارد فەیلەسوفی فەرەنسی ـ بەڵام لەبەرئەوەی ئەو داستانە گەورەیە، ئەو پارادایمە لەسەر زەمینی واقیعدا جۆرە پراکتیکێکی سیاسی دەهێنێتە ئاراوەو سەر بە فەلسەفەیەکی سیاسی تایبەتەو فەلسەفەیەکی سیاسی دادەڕێژێ و پراکتیکدەکا، ئا لێرەوە زاراوەی درشتە سیاسەت (Macropolitics)، و ووردە سیاسەت (Micropolitics) دەتوانن ڕێنیشاندەرمان بن بۆ ناسینەوەی ناسیۆنالیزم و تێگەیشتن لە گووتاری ناسیونالستی.

سەرەتا پێشەکیەکی تیوری دەربارەی ڕەوتی زانست دەخەمەڕوو، دواجار لەبەر ڕۆشنایی تیورەکەی کوهن دا قسە لەسەر ناسیونالیزم دەکەم، لەمەش دوو مەبەستم هەیە؛ یەکەم مامەڵەکردن لەگەڵ ناسیونالیزم وەک پارادایمێک، پارادایمێکی سیاسی؛ دووهەم مامەڵەکردن لەگەڵ کوردایەتی وەک پارادایمێک «بەشی دووهەمی ئەم باسە» ئەو ئەنجامەی لەمەڕ کوردایەتیەوە دەمەوێ لە ڕێگەی ئەم باسەوە پێیبگەم ئەوەیە کە کوردایەتی وەک پارادایمێک، وەک پارادایمێکی کارکردنی سیاسی و وەک جیهانبینیەک لە کارکەوتووە پێویستە تەجاوزبکرێت لە ڕێگەی هێنانەکایەوەی پارادایمێکی تازەوە.

* * *

کتێبەکەی تۆماس کوهن، (ستراکچەری شۆڕشە زانستیەکان)«١» ڕەنگە گرنگترین دەکۆمێنت بێت لە بواری فەلسەفەی زانستدا، فەلسەفەی زانست وەک بوارێکی فەلسەفی تایبەت بە شیکردنەوەی زانست و مێژووی زانست لە ڕووی فەلسەفیەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم بە خێرایی بۆچوونە بنەڕەتیەکانی کوهن و ئەو چەمکانەی سوودی لێوەرگرتوون بۆ داڕشتنی تیوریەکەی بخەمەڕوو.

دەتوانین مۆدیلی کوهن دەربارەی چالاکیە زانستیەکان لە ڕێگەی ئەم هێڵکاریەی خوارەوە دیاریبکەین.




«مۆدیلی کوهن دەربارەی چالاکییە زانستییەکان»

یەکێک لە خاسیەتە بنەڕەتیەکانی قۆناغی پێش زانست، بریتییە لە چالاکی نارێک و دوور لە ڕێکخستن و پەرشوبڵاو. ئەمە ئەو قۆناغەیە کە پارادایمێکی «مۆدێلێکی» زانستی نیە تا چالاکیە زانستیەکان ڕێنومایییکاو ڕێکیانبخا. زانست تەنیا بریتی نیە لە کۆکردنەوەی داتا Data و، تەنیا بریتی نیە لە تێڕامان لە سروشت و لە شتەکان، تەنیا تۆمارکردنی سەرنجەکان نیە دەربارەی بابەتێک لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو و شوێن و کاتی جیاوازدا، زانست بەرەنجامی تێڕامانی کەسێک نیە لە دیاردەیەک بە نیازی هێنانەکایەوەی بۆچوونێکی زانستی، بەڵکو زانست چالاکیەکی فرەڕەهەندی ڕێکخراوە، ئەو شتەی کە ئاڕاستەی ئەو چالاکیانە دیاریدەکابوونی پەرادایمێکە. برتراند رسل لەیەکێ لەکتێبەکانیدا باس لەکابرایەک دەکا کەساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ کوکردنەوەی داتا دەربارەی دیاردەیەک تەرخاندەکات، بەڵام سەرەنجام ناتوانێ لەو داتایانە شتێک کەڵاڵەبکاو سەرجەم ئەو داتایانە پێشکەش بە مۆزەخانەیەک دەکا. کەواتە نەبوونی پارادایم واتە نەبوونی زانست، ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە کوهن بە قۆناغی پێش زانست ناو ڕێزیدەکات. هێنانەکایەوەی پارادایم بۆ نێو چالاکیە زانستیەکان کارێکدەکا کە زانست وەک بوارێکی ڕێکخراو ئۆرگانیزە بوو خۆبنوێنێ و لێرەوە چالاکیە زانستیەکان لە چوارچێوەی زانستی ئاساییدا خۆیاندەبیننەوە.

زانستی ئاسایی چییە؟ دەتوانین بڵێین زاناکان ئەو کاتە پراکتیکی زانستی ئاسایی دەکەن کە کار لەسەر پارادایمێک دەکەن، یا ئەوکاتەی سەروکاریان لەگەڵ پارادایمێک دەبێت، وەک پارادایمی میکانیکی نیوتنی، کیمیای شیکاریی، تیوریی نیسبی ...هتد. بە شێوەیەکی گشتی کوهن سێ قۆناغ لە زانستدا دیاریدەکات؛ پێش زانست، زانستی ئاسایی «کارکردن لەبەر ڕۆشنایی پارادایمێکدا» و قۆناغی نائاسایی یا زانستی نائاسایی «ئێکسترا ئۆردنەری». کوهن جیاوازی دەخاتە نێو زانستی ئاسایی کە هەمیشە لە چوارچێوەی پارادایمێکی تەقلیدی و بەجێماودا کاردەکاو جەغدەدەکاتە سەر چالاکی «مەتەڵ ـ حەلکردن» (Puzzle - Solving) (مەتەڵ بەمانای موعەما، گیروگرفت) و، زانستی نائاسایی کە کاتێک سەرهەڵدەدا زانستی ئاسایی ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە، بوونی قەیرانیش واتە بوونی دژایەتی و ناکۆکی و پارادۆکس، قەیرانش دەبێتە مایەی شۆڕشی زانستی کە پارادایم دەگۆڕێ و ستانداردی نوێ بۆ ئەو بوارە زانستیە دادەڕێژێت.

کاری زانستی ئاسایی دەشێت بەسەر دوو بەشدا دابەشببێت، واقیعی و تیوری. چالاکی واقیعی، کۆکردنەوەی دراوە ئەزموونیەکان لەخۆدەگرێ، ئەمەش بە دەوری خۆی لە سێ جۆر پێکهاتووە؛ یەکەم ئەو شتەی کە گرنگە دەربارەی سروشتی شتەکان لە دیدی پارادایمی هەڵبژێردراوەوە؛ دووهەم، ئەو شتەی کە دەشێت بەراوردبکرێ لەگەڵ تەئکیدەکانی تیوری پارادایمی؛ سێهەم، ئەوەی کە خزمەتی ئیستنتاجی تیوریەکە دەکاو لە خزمەت تیوریەکەدایە. بە ڕای کوهن لە قۆناغی زانستی ئاساییدا لێکۆڵینەوەی زانستی پشت بە پارادایمەکان دەبەستێت و لەسەر ئەو پارادایمانەوە بیناکراوە کە کۆمیونیتی زانستی Scientific Community «گروپی زانستی» وەریاندەگرن و وا سەیریاندەکەن کە یاساو دەستوور فەراهەمدەکەن بۆ کاری پراکتیکی زیاتر.

زانستی ئاسایی پێکهاتووە یا پابەندە بە: «بە واقیعیکردنی ئەو پەیمانە (پەیمانی سەرکەوتن بەسەر گیروگرفتێکی دیاریکراودا. وەرگێر)، بە واقیعیکردنیش لە ڕێگەی فراوانکردنی مەعریفەی ئەو ڕاستیانەوە بەدەستدێت کە پارادایم دەیانخاتە ڕوو کە نیشاندانیان تایبەتیە، ئەمەش زیاترکردنی مەودای گونجاندنی نێوان ئەو ڕاستیانەو پێشبینیەکانی پارادایمەکە، هەروەها لە ڕێگەی زیاتر دارشتنەوەی خودی پارادایمەکەوە».«کوهن. p24,1970».

کەواتە لێکۆڵینەوەی زانستی ئاسایی بریتییە لە مەتەڵ ـ حەلکردن «گرفت ـ حەلکردن» ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی مەهارەت و شێوازی تایبەتی حەلکردنی ئەو گرفتانەوە دێت کە پارادایم لە هەناویدا گەرەنتی حەلکردنیانی هەڵگرتوە. ئەو شێوازە، ئەو ڕێگەیەی کە زانایەک لە بوارێکی زانستیدا دیاردەیەکی تایبەتی لێوەی دەبینێت لە لایەن پارادایمەوە دیاریدەکرێت، بە واتایەکی دی ئەو پارادایمە کە چۆنێتی بینینی شتەکان و دنیابینی زاناکان دیاریدەکا لە کێشگەیەکی دیاریکراودا. (ئەم تێبینیە گرنگی زۆری هەیە بۆ بواری قسەکردن لەسەر گووتاری سیاسی کە دواجار قسەی لەسەردەکەین).

بەڵام پارادایم چی یە؟ پارادایم بریتییە لە زنجیرەیەک ستانداردو ڕێگەوشوێن لە زانستێکدا کە فەرمانڕەوایەتیدەکا. پارادایم فەرمانڕەوایەتی چالاکی «مەتەڵ ـ حەلکردن»ی زانستی ئاسایی دەکا. بوونی پارادایم لە زانستی ئاساییدا جیاوازی دەخاتە نێوان زانست و نا ـ زانست. مەبەستیش لە نا ـ زانست یا نەبوونی پارادایمێکە بۆ کارکردن، یاخود مەبەست لە میتافیزیکایە، ئەو هەموو تێڕامان و ووردبوونەوانەی کە پەیوەندییەکیان بە زانستەوە نیە. بەڕای کوهن پارادایم پێکهاتووە لە سەرجەمی یاساو گریمانکاریەکان، پارادایم ڕێگەیەکی ستاندارد لە خۆدەگرێ بۆ بینین، بۆ سەپاندن و بەکارهێنانی یاسا بنەڕەتیەکان بۆ حاڵەتە جیاوازەکان، بۆ نموونە پارادایمی نیوتنی میتۆدەکانی بەکارهێنانی یاساکانی نیوتن بۆ جووڵانەوە، بەندۆڵ... هتد لە خۆدەگرێ.

مارگریت ماستەرمان ڕای وایە کە کوهن بە بیستویەک شێوەی جیاواز تێرمی پارادایمی لە کتێبەکەیدا بەکارهێناوە. ماستەرمان ئەو بیستویەک شێوە بەکارهێنانە جیاوازەی کوهن بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکات، یا لە سێ جۆردا کۆیاندەکاتەوە؛ پارادایمی میتافیزیکی، پارادایمی سۆسیۆلۆژی و پارادایمی دروستکراو (مەسنوعی) «٢». پارادایمی میتافیزیکی ئەم شتانە لە خۆدەگرێ. زنجیرەیەک بیروباوەڕ، تێڕامانێکی سەرکەوتوانەی میتافیزیکی، شێوازی نوێی بینین، نەخشە و مەبدەئی فەرمانڕەوایەتیکردنی خودی پرۆسەی ئیدراک. پارادایمی سۆسیۆلیژیش بریتیە لە دەستکەوتە زانستیەکانی کە لە ڕووی گەردوونییەوە ددانیان پیادانراوەو ناسراون و، ئەو دەسکەوتە کۆنکرێتیانەی لە کۆمیونیتیەکی تایبەتدا بەڕەسمی ناسێنراون (لە لاپەڕە ٩١دا، کوهن هێما بۆ پارادایم دەکا وەک زنجیرەیەک لە دام و دەستگا سیاسیەکان). بە پێی خوێندنەوەکەی ماستەرمان، جۆری سێهەمی بەکارهێنانی پارادایم لای کوهن بریتییە لە پارادایمی دروستکراو، کاری کۆنکرێتی. کوهن پارادایم بەکاردەهێنێ بۆ مەسەلەیەکی کۆنکرێتی وەک تێکست، تێکستێکی واقیعی، یاخود کارێکی زانستی کلاسیکی، ئامێرو ئامراز، یاخود لە ڕووی زمانەوانیەوە پارادایم وەک پارادایمی ڕێزمان «گرامەری»، یا وەک ئانالۆژی، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە پارادایم وەک وێنەی ـ گشتالتی. پارادایم وەک چوارچێوە کە یاساو تیوری پراکتیک و ئالیاتی کارکردن لە خۆدەگرێ. لە ژێر سایەی پارادایمی زاڵدا ڕێککەوتنێکی کافی هەیە دەربارەی کێشەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان. لێرەوە دەتوانین پارادایم پێناسەبکەین بەوەی کە ڕێگای بینینی کێشەو مەسەلەکانە. پارادایم پێکهاتووە لە گریمانکاریە تیوریەکان و یاساو تەکنیک بۆ چەسپاندنیان کە ئەندامانی کۆمبتەیەکی زانستی پەیڕەویلێدەکەن و کەسانێ کە

لە نێو ئەو پارادایمەدا کاردەکەن پراکتیکی زانستی ئاسایی دەکەن. زاناکان لە چوارچێوەی ئەو پارادایمەدا کاردەکەن، ڕەفتاری هەندێ لایەنی جیهانی لە ڕێگەی ئەو پارادایمەوەو بەرەنجامی ئەزموونەکان دیاریدەکەن و سەختیەکان ئەزموونەکەن. گەر سەختیەکان، کێشەکان لەدەستدەرچوون ئەوا قەیران گەشەدەکا. قەیرانیش بریتیە لە دەستەوەستانی پارادایم لە بەردەم ناکۆکی و دژایەتی و پارادۆکسەکاندا. قەیرانیش تەنیا بە خستنەڕووی پارادایمێکی نوێ کۆتایی دێت لە ئەنجامی شۆڕشێکی زانستیەوە. کەواتە زانستێکی گەشەکردوو لەلایەن پارادایمێکەوە فەرمانڕەوایەتیدەکرێ، پارادایمیش ستاندارد بۆ کارێکی ڕەوای زانستی لە زانستێکدا دیاریدەکات، پارادایم ڕێنومایی چالاکی گرفت ـ چارەسەرکردنی دەکا.

کوهن، لەو پاشکۆیەدا کە بۆ چاپی دووهەمی کتێبەکەی لە ساڵی ١٩٦٩دا زیادیکرد، جیاوازی دەخاتە نێوان بواری ڕێکخستنی پارادایم وەک «مەرجەعیەتی ئیلتزاماتی گروپ» و پارادایم وەک «بواری نموونەیی» واتە پارادایم وەک نموونەیەکی هاوبەشی کارکردن و کارلەسەرکردن. بەڕای کوهن بواری ڕێکخستن پێکهاتووە لە چوار توخم؛ بەگشتیکردن، سومبلیکردنی «یاسا»، مۆدێلەکان، «ئەنالۆژی»، بەهاکان، ستاندارده میتۆدەکان، نموونەییەکان و چارەسەرکردنی ئاشکرای کێشەکان. دەتوانین بۆچوونی کوهن بەم شێوەیە دابڕێژینەوە، زانا ئاساییەکانی کێڵگەی زانستی ئاسایی سومبولە بە گشتیکراوەکان بۆ کێشەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنن کە لەگەڵ نموونەکاندا هاوبەشی پەیدادەکا، ئەم حاڵەتانەش لە ڕێگەی مۆدێلەکانەوە دەبینرێن و ئەم تەتبیقکردنەش بەپێی بەهاکانی بواری ئینزباتی دیاریکراو دەنرخێندرێت.

کوهن ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە بەکارهێنانی پارادایمدا کەسێک پێویستی بە یاسا ئاشکراکان نیە. لێرەدا کوهن پەیڕەوی لە ڕاڤەی ڤیتگنشتاین دەکا بۆ چەمکی «گەمەی زمان». بەڕای ڤیتگنشتاین، بۆ ئەوەی چالاکیەک بە گەمە لەقەڵەمبدرێت کەسێک پێویستی بە پەیڕەوی دەستورو یاسا نیە. لای کوهنیش کەسێک ناتوانێت بەووردی دەستورو یاسای پارادایم لە مێژووی زانستدا بدابەدەستەوە، چونکی چەند توخمێکی پارادایم ڕەنگە ڕێکنەچن لەگەڵ ئەو خاسیەتانەدا. مێژووی زانست پێماندەڵێ کە هەندێ لە پێشبینیەکان ـ گەر نەڵێین هەموو پێشبینیەکان ـ پشت بەستوو بە پارادایمێک درەنگ یا زوو ڕەتدەکرێنەوە. ئەم دابڕان و تێکشکانەی چالاکی زانستی ئاسایی لە چارەسەرکردنی گرفتدا دەبێتە مایەی هاتنەکایەوەی قەیران، بۆ نموونە قەیرانی فیزیا پێش ئاینشتاین، قەیرانی کیمیا پێش لاڤۆزیە. قەیران بریتیە لەو قۆناغەی کە نائارامی و نا ئاسایشی پیشەیی لە زانستدا دەستپێدەکا بەهۆی جێلەقبوونی پارادایمەوەو ئەمەش خۆی لە جێلەقبوونی یاساکانی لێکۆڵینەوەی ئاساییدا نیشاندەدا، پارادایمێک ناتوانێ ئیدی پێبەپێی پێشبینیەکان ڕێبکا.

کوهن ئەم خاڵە بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوە: «زیادبوونی پەیوەندیدارە ناکۆکەکان، خوازیاری هەوڵدانی هەر شتێک، تەعبیرکردنی ئاشکرا لەقەلەق و پەنابردنە بەر فەلسەفەو گفتوگۆکردن لەسەر بنەڕەتیەکان، ئەمانە هەموو نیشانەن بۆ گواستنەوە لە زانستی ئاساییەوە بۆ لێکۆڵینەوەی نائاسایی» «کوهن، ١٩٧٠، P٩١». قۆناغی لێکۆڵینەوەی نائاسایی بە دانپێدانانی پارادایمێکی نوێ و قبولکردنی ئەو پارادایمە لە شۆڕشێکی زانستیدا کۆتایدێت.

لە ژێر کاریگەری ئەو کووشارەدا کە بەرەنجامی کەڵەکەبوونی دژایەتیەکانە، ئیلتزاماتی زاناکان لە کۆمیونیتیەکی تایبەتی بۆ پارادایمێکی دیاریکراو لەقدەبێت، بنەڕەتیەکان دەچنەژێرپرسیارەوە، ئالێرەوە چەند تیوریەکی جیاوازو دژ بەیەک دەخرێنەڕوو. تا ئەم پرسیارکردن و ئەم توخمە نوێیانەی چالاکی زانست و کۆی ئەو جێلەقبوونەی چالاکی زانستی ئاسایی، لای کوهن، بە شۆڕشە زانستیەکان ناودەبرێن. شۆڕش بریتیە لە «گۆڕانکاری وێرانکاریانەی بیروڕاو بۆچوون دەربارەی سروشت کە دەبێتە مایەی گواستنەوەو گۆڕینی هەم تیوری و هەم پراکتیکی زانست». ئەو لەو باوەڕەدایە کە لە قۆناغی گواستنەوەدا ڕێکەوتنێک لەنێوان کێشەکاندا هەیە ـ بەڵام ناتەواو ـ، کە دەشێ چارەسەربکرێن لە لایەن پارادایمی کۆن و نوێوە. کاتێک قۆناغی گواستنەوە تەواوبوو، پیشەکەو خاوەن پیشەکە بۆچوونی خۆیان گۆڕیوە لەمەڕ کایەی کار تێکراو و میتۆدەکانی و ئامانجەکانی. زۆرجاران پێشکەوتنی زانست وێرانکردنی زنجیرەیەک بیروباوەڕ دەربارەی جیهان لە خۆدەگرێ و جێگە پێگرتنەوە یان بە بۆچوونی دی و ئەم دابڕانەش ناشێ لە ڕێگەی عەقڵگەرایی و ئەرگۆمێنتی عەقڵیەوە بهێنرێتەدی. هەروەها کاتێک

تیوریەک جێ بە تیوریەکی دی لەقدەکا هەردوو تیوریەکە ناشێت لە ڕووی لۆژیکەوە هەماهەنگبن لەگەڵ یەکدی، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەردوو تیوریەکە ناشێت پێوانە بکرێن. ئەم خاڵەش زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی گەربێت و تێزی کوهن دەربارەی ناشایستەبوونی قیاس و ناهەماهەنگی نێوان تیوری جێ لەقکەرو جێپێلەقکراو ڕاستبێت، ئەوا ئەرگومێنتی ناتوانێت داوەربێت لەنێوان ئەو دوو تیوریە یا ئەو دوو پارادایمەدا. کەواتە دیاریکردنی پارادایمێک و گۆڕینی پارادایمێک بە ئەوی دی بەرئەنجامی پرۆسەیەکی عەقلی نیە هێندەی ئەوەندەی پەیوەندی بەکارکردن یا کارنەکردنی ئەو پارادایمەوە هەیە، ئەمە سەرەڕای گەیشتنی پارادایمێک بە قەیران و دواجاریش کێشەکانی دیکە وەکو دەسەڵات و ڕووبەرە سۆسیۆلۆژیەکان. ئەم بۆچوونەی کوهن گورزێکی گەورەبوو لە پۆزەتیڤیزم و بەتایبەت فەلسەفەی زانستی کارڵ پوپەر، هەربۆیەش چ کارڵ پوپەرو چ پۆزەتیڤیستەکانی دی بە توندی دژ بە کوهن و فەلسەفەی کوهن وەستانەوە. بە ڕای کوهن لە حاڵەتی ڕوودانی شۆڕشی زانستیدا زنجیرەی کێشە زانستیەکان کە دەشێت ڕووبەڕوویان ببینەوە دەگۆڕین و لەگەڵیشیاندا ستانداردەکانیش دەگۆڕێن، دوای شۆڕش گۆڕانێک لە بۆچوون و چەمک و مانادا ڕوودەدا. گۆڕانی ماناو چەمکەکانیش لە دوای شۆڕش ڕەهەندی ناوەکی و دەرەکی لە خۆدەگرێت، نموونەیەک بۆ ڕەهەندی دەرەکی ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر چەمکی گۆ «پلانێت»دا هات لە گواستنەوەیەوە لە تیوری پیتولیکەوە بۆ تیوری کۆپەرنیکۆس، ئالێرەوە گۆ دوو مانای جیاواز دەدا بەدەستەوە لە هەریەک لەو دوو تیوریەدا.

* * *

دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی کوهن لە شەستەکانی ئەم سەدەیەدا هەوڵێکی زۆردرا بۆ گواستنەوەی بۆچوونی کوهن و چەمکەکانی تیوریەکەی بۆ بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریەکانی دی، هەروەها کۆمەڵێ هەوڵی فیکری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر کاریگەری تیوریەکەی تۆماس کوهن، لەوانە قۆناغی یەکەمی فیکری میشێل فۆکۆ، بەتایبەتی کتێبەکەی «ووشەکان و شتەکان»، لەم کتێبەدا فۆکۆ لە ژێر کاریگەری تۆماس کوهندا باس لە سیستەمی فیکر دەکا بە سوود وەرگرتن لە چەمکی «ئیبستیم» کە هەمان مانای پارادایم دەگەیەنێ. لێرەدا هەوڵ دەدەم تیوری کوهن بگوازمەوە بۆ مەیدانی فیکری سیاسی،

لە دیدێکی سۆسیۆ - ڕامیاریەوە، پارادایم ڕێککەوتنێکی گشتی دابیندەکا بۆ ئەندامانی کۆمیونیتیەکی کۆمەڵایەتی - ڕامیاری و ئیلتزام و کارکردنی ئەو ئەندامانە دیاریدەکا، پارادایم مۆدێلێک فەراهەمدەکا و گیروگرفتی قسەلەسەر کراو و چارسەری ئەو گرفتانە دەستنیشاندەکا بۆ ئەو کۆمیونیتیە، پارادایم ڕێنومایی چالاکیەکان دەکاو کۆمیونیتە ڕامیاریەکەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو پارادایمەدا بەئەرکی خۆی ئەزانێ ئەو کێشانە چارسەر بکا کە پارادایمی ناوبراو خستوونیەتەڕوو. هەروەک چۆن گەشەسەندنی زانست لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەدایە کە پارادایمی زانستی دەیاندا، ئاوهاش لە کۆمیونیتیەکی ڕامیاریدا گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەدایە کە پارادایمی سۆسیۆ - ڕامیاری دەیاندا. لە ڕەوتی زانستدا پارادایم دەشێ بەسێ ڕێگا کارپێبکرێ:
یەکەم زاناکانی بوارێکی زانست هەوڵدەدەن کۆمەڵێ ڕاستی و وەقائع لەبەردەم ڕۆشنایی پارادایمێکدا بچەسپێنن،
دووەم -، لە ڕێگەی لیکۆڵینەوەو ئەزموونەوە پێشبینیەکانی پارادایم تاقیدەکرێنەوە، سێیەم، زاناکانی ئەو بوارە تایبەتیە هەوڵدەدەن بە وەرگرتنی ڕاستیەکانی لێکۆڵینەوەکان تیوریەک دابڕێژن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گیروگرفتانەی کە پارادایم پێشبینیکردوون. لە بواری سۆسیۆ - ڕامیاریشیدا دەشێ پارادایم بە سێ ڕێگا کارپێبکرێ؛ یەکەم کەسانی کۆمیونیتیەکی دیاریکراو (کۆمیونیتیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری) هەوڵدەدەن کۆمەڵێ ڕاستی و وەقائع بچەسپێنن لەبەر ڕۆشنایی پارادایمێکی سۆسیۆ - ڕامیاریدا، بەتایبەت سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی ئەو کۆمیونیتیە بەم کارەهەڵدەستن، دووەم پێشبینیەکانی پارادایم لە ڕێگەی گووتارێکەوە دیسکۆرس - دەخرێنەڕوو لە ڕێگەی ئەزموونەوە تاقیدەکرێنەوە،
سێیەم ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمینیتیە هەوڵدەدەن گووتارێکی سیاسی بە تیوریەکی

سیاسی دابڕێژن بەوەرگرتنی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان، لێکۆڵینەوەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گیروگرفتانەی کە پارادایم پێشبینیکردوون.
ڕۆشنبیرانی زانستی سیاسی هاوچەرخ خۆیان لە بەردەم چەند پارادایمێکدا - چەند تیوریەکدا- دەبیننەوە کە لە حاڵەتی کێشمەکێشدان بۆ پشتگیریکردنی مادی یا کولتوری، وەک تیوری گەمە، تیوری سیهەم، تیوری وەزیفی Functionalism، تیوری ستراکچەری، فینۆمینۆلۆجی، ....هتد. تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی گرنگە ئەو مەسەلەیە نییە کە کامە تیوری - کامە پارادایم ڕاسترە لەوی دی، بەڵکو کامە پارادایمە کە کاری پێدەکرێ و دەشێ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی کۆنکرێتی و پراکتیکی پەیڕەویلێبکرێ. دیاریکردنی پارادایمێک بۆ کارکردن و گرنگی ئەو هەڵبژاردنە تەنیا لە قۆناغی قەیراندا دەردەکەوێ کاتێک پارادایمێک ڕووبەڕووی پرسیار دەبێتەوەو پارادایمێک دژ بە ئەو پەیدادەبێت. لە بواری سۆسیۆ - ڕامیاریدا شوێنگرتنەوەی پارادایمێکی کۆن لە لایەن پارادایمێکی تازەوە دەشێت بەشۆڕش لە قەڵەمبدەین. مادامێک پارادایمێکی دیاریکراو قەناعەت و پێشبینی ڕووداوو چارەسەری کێشەکان لەخۆدەگرێت، هەرکات ئەوپێشبینیانە ڕووبەڕووی نائومێدیبوونەوە، کاتێک لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ و بنەماکانی ئەو گووتارەو پراکتیکی ئەو پارادایمە لەگەڵ ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمدا هاوجۆرنەهاتەوە، ئەوا ئەو کۆمینتییە بە قۆناغی قەیران و قەیرانی بیروباوەڕ و پراکتیکدا تێدەپەڕێ و بڕوا بە پارادایمی باو لەقدەبێ و ئا لێرەشەوە شۆڕش، یا گۆڕینی پارادایم بە هەر هۆکارێکی تر وەک پێویستیەک خۆیدەچەسپێنێ. لە هەندێ بارو دۆخی تریشدا قەیران ڕەنگە بەرەنجامی ئەوەبێت کە دژایەتی و ناکۆکی و پارادۆکس، ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی چەند ئامانج و دەسکەوتی پراکتیکیدا. ئالەو کاتەدا گۆڕینی پارادایم بە پارادایمێکی دی لە ئاستی کۆمیونیەتی سۆسیۆ - پولتێکدا پێویستیەکی نکوڵیلێنەکراوە. کوهن نموونەیەک دەهێنێتەوە بۆ گۆڕینی پارادایم بە ڕێگەی ڕیفۆرم «چاک کردن - اصلاح» ئەویش ئەو کاتەی چەند کەسێک لە بواری زانستی فەلەکدا سەرقاڵی ئەخشەیەک بوون بۆ ساڵنامەیەک - تقویم - نارەزایی و قبوڵنەکردنی پێشنیارەکان بووە ڕێگەخۆشکەر لە بەردەم سەرهەڵدان و قبوڵکردنی پارادایمێکی تازەدا ئەویش پارادایمی کۆپەرنیکی. گەر لە بواری زانستدا کاتێک پارادایمی نوێ سەریهەڵدا کۆمیونیتی زانستی زوو دەکەونە کارپێکردنی و بەکارهێنانی هەموو هۆکارەکانی، ئەوا لە کۆمیونیتی سۆسیۆ - ڕامیاریدا بە پێچەوانەوە پارادایمی کۆن زۆر زوو خۆیبەدەستەوەناداو کارکردنیش بە پارادایمی نوێ تەنیا بەرەنجامی ئارەزوویەکی کۆمیونیتیەکە یا دەستەڵاتدارانی ئەو کۆمیونتیە نابێت بەڵکو کێشەکە چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێ وەک دەسەڵات و ڕەهەندی سایکۆلۆژی و کەلەپوورو مێژوو ...هتد. پرسیاری زانایەک یا ڕۆشنبیرێکی سیاسی ئەمەیە، ئەو شتە چییە کە دەبێتە مایەی ڕەتکردنەوەی پارادایمێکی کارپێکراو و هەڵبژاردنی پارادایمێکی نوێ؟
ئەوەندە بەس نیە بگووترێ کە تیوری کارپێکراو لەلایەن ڕاستی و بەڵگەی ڕووداوەکانەوە بەهەڵە خراوەتەوە، چونکی هیچ تیوریەک ناتوانێ پڕ بە پێستی وەقائعەکان بێت. گریمانکاری ئەوەی کە بڕیاری گۆڕینی پارادایمێک بەرئەنجامی لۆژیک و بەڵگەو ئەزموونە، شوێنی پرسیارە. هەڵبژاردنی پارادایمێک بڕیارێکی عەقلانی نیە هێندەی بەرەنجامی کێشمەکێش و پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ئەوەی ڕۆڵی خۆی دەبینێت ڕاستیە سەلێنراوەکان نین، هێندەی ستاندارە نوێکانن. تیوری، بەرجەستەبووی تێڕوانینێکی نوێیە لە دیاردەیەک نەک کەشفکردنی ئەو ڕاستیەی کە «دراوەکان - داتاکان» هەڵیان تێدایە. پارادایم دابڕانێکە لە کەلەپووری ئامادەبوو، خستنەڕووی ستانداردی نوێ بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە چالاکی ئەو بوارەو خستنەڕووی یاساو ڕێسای جیاواز بۆ لێکۆڵینەوەو خستنەڕووی دەلالەتی جیاواز. نە پارادایمی کۆن و نە پارادایمی نوێ ناتوانێ بانگەشەی بێلایەنی یا مەوزوعیەت - بابەتێتی - بکا لە بڕیاردانیدا لەسەر بواری کارکردن، چونکە وەکو کوهن دەڵێ «هەر گروپە پارادایمی خۆی بەکاردەهێنێ تا بدوێ و داکۆکی لە جیهانبینی و سیستەمێکی بەهاکان بکا». تەنیا ئەوەی کە لە خزمەت پارادایمی نوێدایە ئەو پەیمانانەیە کە دەیدا بۆ گواستنەوە لەو دژایەتیانەی پارادایمی کۆن دروستیکردون، چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی پارادایمی کۆن دەستەوەستان لە بەردەم چارەسەرکردنیاندا.
کاتێک تیوری سیاسی و کارکردنی سیاسی لە بەردەم چەمکی پارادایمدا بخوێنینەوە ئەو ڕاستیەمان لا ئاشکرادەبێت کە زۆربەی ئەو تیوریە سیاسیانەی مێژووی فیکری سیاسی لەو

دیدەوە کاریانکردوە کە چالاکیەکن بە ئامانجی هێنانەکایەوەی پارادایمی نوێ لە جیهانبینی سیاسی و واقیعی سیاسیدا. نموونەیەکی ئاشکرا فەلسەفەی میکیاڤیللییە، یاخود بۆچوونەکانی هۆبز. میکیاڤیللی کە بە باوکی زانستی سیاسی هاوچەرخ دەژمێردرێت دەیویست پارادایمەکانی پێش خۆی بە تایبەت ئەفلاتوونی و ئەرستۆیی بەتەواوی بەلاوەبنێ، نموونەیەکی دی بۆچوونەکانی کارل مارکسە، کارل مارکس لە تیوریە ئابووری - سیاسیەکەیدا بانگەشەی بۆ دنیابینینێکی نوێ کرد دەربارەی دنیاو دنیای سیاسەت، لە ڕێگەی تیوریەکەیشیەوە کۆمەڵێ پێناسەی نوێ و چەمکی نوێی خستەڕوو کە دەلالەتێکی تایبەتیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە جیهان. هەروەها تیوری مارکس ئەو میتۆدانەی کە لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکاندا - دیاردە کۆمەلایەتی و سیاسایەکان - دەبێت بەکاربهێنرێت دیاریدەکا، لە پاڵ ئەمانەشدا خستنەڕووی پارادایمێکی نوێ لە دنیای سۆسیۆ- ڕامیاریدا.

ئەنالۆژی - لێکچوون - نێوان پارادایمی زانستی و تیوری سیاسی ئەوکاتە تەواو ڕەوایەتی خۆی دەسەلمێنێ کاتێک مێژووی تیوری سیاسی هەڵبسەنگێنین. لە کاتی خوێندنەوەی مێژووی تیوریە سیاسیەکاندا ئەو بەڵگانەمان دەکەونەدەست کە ڕەوایەتی دەبەخشن بە پرۆسەی لێکچوونی پارادایمی سیاسی بە پارادایمی زانستی. لە قۆناغی مۆدێرندا پارادایمی مارکسیزمی لەو وڵاتانەدا کە بە سۆسیالسیت ناودەبران ڕێنیشاندەری سیاسی و مەعریفی بوو، مارکسیزم پارادایمێکی نوێی هێنایە ئاراوە چ بۆ بواری کارکردنی سیاسی و چ بۆ تیوری سیاسی و چ بۆ بوارە زانستیەکان. پارادایمی مارکسیزمی سەرجەم ئەو دنیابینی و ستانداردو یاساو ڕێسایانە بوو کە کۆمۆنیتیەک کە باوەڕپێبوو کاری پێدەکردن و دنیاو شتەکانی لە ڕێگەی ئەو پارادایمەوە دەبینی.

سەرەڕای ئەمەش چەندین جیاوازی لە نێوان پارادایمی سیاسی و پارادایمی زانستیدا هەن کە دەشێ ئاشکراترینیان دەستنیشانبکەین و لە کاتێکدا کۆمیونیتیەکی زانستی هەوڵدەدا بانگەشە بۆ پارادایمێکی نوێ بکا، یاخود خۆی کار بەو پارادایمە نوێیە دەکا، یا دەخوازێ پارادایمی نوێ ببێتە شوێنی ڕەزامەندی ئەوانی دی، بەڵام لە کۆمینیتیەکی سیاسیدا ئەو ڕەزامەندیە یا ئەو قبوڵکردنی پارادایمیە خاڵی جەغدلەسەرکردن نیە، بەڵکو گەڕانە بەدوای دەسەڵاتدا بۆ سەپاندنی پارادایمی نوێ، ئالێرەوە پارادایمی نێو دنیای سیاسەت ئامێتە دەبێت بە دەستەڵات و کێشەو چەقەکانی دەسەڵاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە گۆڕینی دنیا، ستراکچەرو پەیوەندیەکان دەبێتە ئامانجی پارادایمی نێو کۆمیونیتی سۆسیۆ - ڕامیاری.

زۆربەی ئەو تیوریە گەورانەی ڕابردوو لە دنیای سیاسەتدا کە سەریانهەڵداوە بەرەنجامی قەیرانێک بوون لە جیهاندا، نەک قەیرانێک لە نێو کۆمەڵێ تیوریستدا، بەرەنجامی ئەو قەیرانە بوون کە بەهۆی کارنەکردن و لە کارکەوتنی سیستەمێکی سیاسیەوە هاتوون، بۆ نموونە قەیرانی کۆمەڵگەی ئەسینی بووە مایەی هاتنەکایەوەی پارادایمی ئەفلاتوونی - بەتایبەتی کتێبی کۆمار، پەیوەندیە ناجێگیربووەکەی نێوان قەیران و تیوری تەنیا بەرەنجامی قەناعەتی تیوریستەکان نییە کە لە ساتەوەختێکدا جیهان دەبینن ڕووەو نوشوستی ڕێدەکاو دەستەڵات دەلاقەی تێدەکەوێ، بەڵکو ئەوە کەڵەکەبوونی دژایەتی و ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگاو لەکارکەوتنی پارادایمی کۆنە کە دەبێتە مایەی بیرکردنەوە لە ڕێکخستنەوەی جیهان سەرلەنوێ، هەروەها قەیرانی سیاسی بەرهەمی چالاکی یا خەیاڵی تیوریستێک نیە، بەڵکو واقیعێکە خۆیسەپاندوە. لەکاتی قەیراندا تیوری وەک نوێنەرایەتیکردنێکی سومبولی بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی جیهان یا کاروباری سیاسی کۆمیونیتیەکی تایبەت دەخرێتەڕوو، واتە گۆڕینی سەرجەم پەیوەندیەکان و دنیابینی سیاسی لە ڕێگەی خستنەڕووی پارادایمێکی ترەوە، سەرجەم پراکتیکی سیاسی و دامودەزگاکان و یاساو ستراکچەری دەسەڵات و قەناعەتە سیاسیەکان لە ڕێگەی پارادایمی نوێوە ڕێکدەخرێنەوە. کۆمەڵگای سیاسی کۆمەڵێ لایەن لەخۆدەگرێ ئەوانە قەناعەت و بیروڕا دەربارەی شوێنی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، و پێشبینی ئەوتۆ دەربارەی چۆنێتی ئەندامانی کۆمەڵگاو خەونە کۆمەلایەتیە - سیاسیەکان و کولتوریەکانی کۆمەڵگاو دامودەزگای هێنانەدی ئەو خەونانە. کۆمەڵگاش لە مێژووی خۆیدا بە کۆمەڵێ پرۆسەدا دەڕوا کە لە هەندێ قۆناغیدا پارادایمی باو ڕەنگە بچێتە ژێر پرسیار یاخود لەکاربکەوێ و چین و دەستەوتاقمی کۆمەلایەتی نوێ سەرهەڵبدەن بەخۆیان و دنیابینیە تازەکانیانەوە، بەخۆیان و بەرژەوەندیەکانیانەوە. تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بۆ

بارودۆخی ڕوسیای قەیسەری بکەین ئەوکاتەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە نێوان ١٩٠٥ وە تا ١٩١٧ بارودۆخێکی قەیراناوی ئەوتۆ هاتە ئاراوە کە ئەدەشیا دژایەتی و ناکۆکیەکانی پارادایمی کۆن لە ڕێگەی چاککردنی سیاسییەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، سەرەنجام تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژیەوە ـ شۆڕش ـ توانرا پارادایمێکی نوێ شوێنی پارادایمی باو بگرێتەوە. هەمان پارادایم کە زیاد لە هەفتا ساڵ لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا کارپێدەکرا سەرەنجام بەدوا قۆناغەکانی ڕزینی خۆی گەیشت و ئیدی نەدەکرا ڕێگە لەو قەیرانانەی کۆمەڵگای سۆڤیەتی بگیرێ و لە سەرەتای نەوەدەکاندا پارادایمێکی دی شوێنیگرتەوەو مۆدێلی سۆڤیەتی کۆتایی پێهات.

لە خستنەڕووی تیورەکەی تۆماس کوهن دا لەمەڕ فەلسەفەی زانستەوە ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە زانستی ـ نائاسایی لە کاتی قەیراندا سەرهەڵدەدا، لە دنیای سیاسەتیشدا دەتوانین دەستنیشانی چەندین تیورەی سیاسی بکەین وەک ئانالۆژی بۆ زانستی ـ نائاسایی. لە مێژووی فیکری سیاسیدا دەبینین زۆربەی تیوریەکان لەسەردەمی قەیراندا خراونەتەڕوو، ئەوکاتە سەریانهەڵدا، وەکە پارادایمی کۆن ڕوویەڕووی دژایەتی و هەژاریەکی فیکری و پراکتیکی بووەتەوە، دووبارە ئاماژە دەکەینەوە بۆ ڕەخنەی کارل مارکس لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، لەم دیدەوە تیوری مارکس دەربارەی کۆمەڵگا لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا تیوریەکی نائاسایی بوو دەربارەی قەیرانێکی سەختی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

* * *

## ناسیۆنالیزم:

گووتاری ناسیۆنالیزم زادەی پرۆژەی مۆدێرنێتیە. گەر بێتوو سەیری مێژووی ئەوروپا بکەین دەبینین گووتاری ناسیۆنالستی و میللەتەکان بەمانای ـ هاوچەرخی میللەت ـ لەسەدەی هەژدەهەمدا سەریانهەڵدا، تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم کە سەردەمی ڕاپەڕینە ناسیۆنالیستەکان و هاتنەکایەوەی دەوڵەت ـ نەتەوە بوو.

هەر ئایدیایەک ـ لەوانە ناسیۆنالیستی ـ تەنیا لە میراتێکی ڕۆشنبیری مێژوویدا شایانی دەرکپێکردنە. وەک دۆرکهایم دەڵێ «کاتێک ئایدیایەک لەدایک دەبێ ئیدی دەبێتە خاوەنی ژیانی خۆی». ئالێرەوە پارادایمی ناسیۆنالیزم کە ڕیشەکەی ئایدیای دیاریکردنی مافی چارەنووسی خودە بەدەستی خود. دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی ڕۆشنگەری. گەر لە فەلسەفە قسەبکەین ڕیشەی ئەم ئایدیایە لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا، لەوانە هەوڵە فەلسەفیەکانی کانت و هیگڵ، دەبینینەوە. لای کانت مرۆڤ دەبێت ئازادبێت تا بتوانێ ئازادانە دەسەڵاتی بەکاربهێنێ. کانت بانگەواز بۆ سیستەمی کۆماریخواز دەکا، و بەشێوەیەکی شیاوی فەرمانڕەوایەتی کردنی دەزانێ چونکی تەنیا لە سیستەمی کۆماریدایە کە یاساکان تەعبیر لە خودموختاری هاونیشتمانیەکان و ئیرادیان دەکا. هیگڵ هەرچەندە ناسیۆنالیست نەبوو، بەڵام دەوڵەتی گەیاندە پلەوپایەی عیبادەت بۆکردن و لە ڕێگەی دیالێکتیکەکەیەوە بناغەی بۆ دەوڵەت ـ نەتەوە داڕشت لەسەر ئەو بنەمایەوە کە ڕۆحی موتڵەق، عەقڵ، سروشت و مێژوو یەکێکن. لە کتێبی «فەلسەفەی هەق» و «فەلسەفەی مێژوودا» بۆچوونی هیگڵ بەئاشکرا دیارە کە خەڵک ـ هەر کۆمەڵە خەڵکێ ـ سیخناخە بە هێزێکی جیهانی و مەبەست و نیازێکی تایبەتی دەیبزوێنێ و مێژووی بۆ دروستدەکا و مێژووی پێدروستدەکا، و دەوڵەتیش، دەوڵەتی نەتەوە، دوا قۆناغی بەرجەستەبوونی ڕۆحی موتڵەقە کە لە ئەزموونە مێژوویەکان و بلیمەتی خەڵکیەوە سەرچاوە دەگرێ. نەتەوە وەک مانیفێستی جیهانی هوشیارییە لە سەروو هەموو ڕاستیەکی کۆنکرێتەوە، یا فەرمانێکی ئەخلاقی تاکەکەسەوە. مێژووی جیهان دیالێکتیکی ڕۆحی خەڵکانە کە بەدەوری خۆی دەبێتە مایەی دەرککردنی عەقڵ و ئازادی، بەڵام ئازادی و عەقڵ لە دەوڵەتدا بەرجەستەدەبن. ئالێرەوە بە ناچاری هیگڵ بەو ئەنجامەدەگا کە میللەتە پێشکەوتووەکان ئەو میللەتانەن کە توانای بیناکردنی دەوڵەتیان هەیەو دەوڵەتیش تەعبیر لە ئیرادەی خەڵک دەکا بۆ مانەوە، بە پێچەوانەشەوە خەڵکانی بێ دەوڵەت ناتوانن هیچ دەستکەوتێک بخەنە سەر ڕەوتی شارستانێتی و بەزوویی لە بوونە خەڵک دەکەون.

تیورییە سۆسیۆلۆژی و ڕامیارییە هاوچەرخەکان دەربارەی ناسیۆنالیزم جەغد لەسەر پەیوەندی

ناسیۆنالیزم و پرۆژەی مۆدێرنیزەکردن دەکەن، لەو دیدەوە کە رۆڵی ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ نەتەوە بەشێکی سەرەکی پرۆسەیەکی سەرتاپاگیرە. ئەم بۆچوونە وا سەیری ناسیۆنالیزم دەکا، وەک دابڕانێک لە کۆمیونیتە ـ دەستەوتاقمی خەڵکی ـ تەقلیدیەکان و جۆرێکەلە بزوتنەوەیەکی سۆسیۆ ـ رامیاری، مۆدێرنیزەکردن گواستنەوەیەکە لەو کۆمیونیتیە تەقلیدیانەوە بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن، مۆدێرنیزەکردن لەم ئاستە سۆسیۆ ـ رامیاریەدا دەشێت لە رێگەی سێ خاسیەتەوە بناسرێتەوە؛ یەکەم: جیاوازی بونیادی، دووهەم: ناهەماهەنگی، سێهەم: جارێکی دی توانەوەو تێکەڵ بوون. جیاوازی بونیادی، پرۆسەیەکە کە لە رێگەیەوە رۆڵی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی کۆمەڵایەتی باو گۆڕانی بەسەردا دێت و جارێکی دی بەسەر رۆڵ و رێکخراوی تردا لە کۆمەڵگادا دابەشدەبێتەوە کە فەرمانی دی چالاکانە لە حاڵەت و رەوتی مێژوویی تازەدا دەبینرێت. ئەم جیاوازی خستن و دابەش بوونەوەیەی فەرمانە کۆمەڵایەتیەکان بێ باج نابێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەم پرۆسەیە ناهەماهەنگی دروستدەکا. لە کۆمەڵگای مۆدێرندا گروپی تازە سەرهەڵدەدەن کە هەوڵدەدەن سەرتاپا کۆمەڵگاو بەهاکانی بگۆڕن، جیاکردنەوەو دابەشبوون و ئەو بۆشاییە رۆحی و سیاسییەی کە دروستیدەکا. ئەبێتە مایەی لێکترازانی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی و ئەبێتە مایەی (کەیاس ـ ئاژاوە). مۆدێرنیزەکردن میکانیزمی تر دەهێنێتە ئاراوە ئەویش توانەوەیە کە دەبێتە مایەی دروستکردنی یەکێتیەکی نوێ، فۆرم و چالاکی نوێ، دامودەزگا و پارتی نوێ دروستدەکا بە نیازی سەرلەنوێ چارەسەرکردنی کێشەی یەکخستنەوەی بەشبەشبووەکان. ناسیۆنالیزم هەوڵدانێکە بۆ هێنانەکایەوەی سومبلی هاوبەش کە گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە رێگەیەوە بتوانن مانای پێناسنامەی تاکەکەس و دەستەجەمعی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

لە جیهانی دەرەوەی خۆرئاواشدا ناسیۆنالیزم پەیوەندیەکی پتەوی بە قۆناغی کۆلۆنیالیزمەوە هەیەو وەک بزوتنەوەیەکی دژە کۆلۆنیال سەریهەڵداو ناسیۆنالیزم وەڵامێکی سروشتی کۆلۆنیالیزم بوو، کۆلۆنیالیزمیش واتە دەستبەسەراگرتنی بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگاو توانای بڕیاردان لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە. هەر خودی کۆلۆنیالیزم بەناچاری نوخبەیەک لە خوێندەوارو رۆشنبیر دوستدەکا لە خەڵکی کۆلۆنیالیزەکراو کە دواجار ئەو دەسەڵاتە رەتدەکەنەوەو ئەمەش دەبێتە مایەی لە دایکبوونی ناسیۆنالیزم. گووتاری ناسیۆنالیزم لە جیهانی دەرەوەی خۆرئاوا سێ خاسیەت لەخۆدەگرێ؛ رەتکردنەوەی کۆلۆنیالیزم، مافی چارەنووسی خۆ ـ بەدەستی ـ خۆ، و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری.

رۆڵی ئینتلیجسیا، رۆڵێکی زۆر گرنگە لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیدا «گرنگ لێرەدا مەبەستم حوکمێکی ئەخلاقی نیە». ئینتلیجسیا هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە لە قۆناغەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی ناسیۆنالیستیدا لەوانە چاپ و رۆژنامەگەری و دواجار هۆکارە تەکنەلۆژیەکانی دی.

ناسیۆنالیزم لە چەند دیدی جیاوازەوە کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە، وەک دیاردەیەک پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. ئەو پێناسەیەی کەمن لێرەدا کاری لەسەردەکەم ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم لە لایەکەوە وەک بزوتنەوە، وەک گووتارێکی سیاسی، بریتیە لە بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ ـ بەدەستی ـ خۆ و سەربەخۆیی کە بە زمانی خەڵکێک و بە ناوی خەڵکێکەوە قسەدەکا، ئەندامانی ئەو گروپەش ـ ئەو نەتەوەیەش ـ لەو دیدەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیە، ئەم گووتارە دەکەن کە لە دواجاردا مافی ناساندنیان وەک نەتەوە بۆ مسۆگەردەکا، یا وەک نەتەوەیەک بەرژەوەندیەکانی دوای ئەو ناساندنەیان Recognition بۆ دەپارێزێ، لەلایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزم و گووتاری ناسیۆنالیزم و دامو دەزگاو بکەرو توخمە چالاکەکانی ناسیۆنالیزم سەرجەم وەک پارادایمێک خۆدەنوێنن، پارادایمێک کە تیوری رێنیشاندەری هەیە و کەسانێک لە ژێر دروشم و ئاڵای ئەو پارادایمەدا کاردەکەن، ناسیۆنالیستەکان، رۆشنبیرەکان، هەروەها ئەو پارادایمە سیستەمی ئەخلاقی و زنجیرەیەک بەها دەخاتەروو لەگەڵ شێوەی کارکردن.

ناسیۆنالیزم کۆمەڵێ مانای جۆراو جۆر لەخۆدەگرێ، هەر لە گرنگیدان بە تیریتۆری ـ خاک ـ و زمان و کولتوری مێژوویی یەوە تا ئارەزووی سەربەخۆیی سیاسی و ئاسایشی نەتەوە، تا دۆکترین ـ ئاینزا، مەزهەب ـ ی ئەوەی کە نەتەوە بەلانی کەمەوە دەستەڵاتخوازبێت گەر نەڵێین بالادەست

بێت لەناو نەتەوەکانی تردا. بەڵام تاک تاکی ئەو ئایدیاو توخمە گرنگانەی ناسیۆنالیزم بەتەنیا ناتوانن ناسیۆنالیزم پێناسەبکەن، لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی دیاردەیەکی ئاڵۆزەو لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا تێکەڵ بە عیرفان و ئایین و ئەفسانە دەبێت، زۆرجارانیش ناسیۆنالیزم خۆی دەبێتە ئاینێکی نوێ بەخۆی و خواکانی و پێغەمبەرەکانی و تێکستە پیرۆزەکانی و کات و شوێنی پیرۆزی خۆیەوە. ڕەنگە زیادەڕۆییمان نەکردبێت گەر بڵێین ناسیۆنالیزم ئەو شتەیەکە ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێ بێت یا هێناویانەتە ناراوە یا دەیهێننەناراوە. ناسیۆنالیزم تۆڕی کۆمەڵێ چەمکی ئامادەکراونیە بەڵکو تێکەڵەیەکە لە باوەڕو قەناعەت و ئامانج و هەڵومەرج کە هەندێ لەو بیروباوەڕانە لەسەر ئەفسانەوە ڕیشەیان داکوتابێ و دواجار نەبوونەتە ڕاستی بەڵکو بوونەتە واقیع، وەک ئەفسانەی خەڵقکردنی نەتەوە لەلایەن خودا یا هێزێکی ناسروشتییەوەو، ئەفسانەی سروشتی ڕۆحانیانەی نەتەوە ـ گەڕانەوەی ڕیشەکانی نەتەوە بۆ ڕەگەزو خوێن و عەشیرەت.

ئائێستا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی ناسیۆنالیزم بەئەنجام گەیانراون ـ کە لە ژمارە نایەن لە زمانە ئەوروپایەکاندا ـ زۆربەیان جەغدیان لەسەر هەندێ خاڵی جەوهەری کردوە دەربارەی نەتەوەو نەتەوەگەرایی ـ لەوانە ئاسایشی ڕامیاری نەتەوە، نەتەوە بەرەنجامی خەباتێکە بۆ بوون و ئارەزووی دەسەڵات، نەتەوە لە ڕێگەی زمانێکی یەکگرتووەوە لە گروپ و نەتەوەکانی دی جیادەکرێتەوە، نەتەوە بەرهەمی بوونی مێژوویەکی هاوبەشەو هەوڵدانیشە بۆ داهاتوویەکی مسۆگەرکراو.

ئەو پێناسە جۆراوجۆرو ئەو تیوریە جیاوازانەی لەسەر ناسیۆنالیزم خراونەتەڕوو هەر هەموو لەسەر یەک گریمانکاری هاوئاهەنگن ئەویش کە ڕیشەی ئەم ئایدیایە، بزوتنەوەیە، پارادایمە، ئەوروپییەو بەشێکەلە پرۆژەی مۆدێرنتی. وا مەبەستم نیە لە ڕیشەو مانی جیاوازەکان و پێناسەکانی ناسیۆنالیزم بدوێم هێندەی مەبەستمە شوێنی ئەو گووتارە لە نێو گووتارەکاندا دیاریبکەم و هەروەها وەک پارادایمێک مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، ئەمەش لە ڕێگەی قسەکردن لەسەر فەلسەفەی ستراتیژی ـ و فەلسەفەی سیاسی تاکتیک و درشتەڕامیاری و ووردەڕامیاری و داستانە گەورەکەوە.

* * *

### فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیک / فەلسەفەی سیاسی تاکتیک
### درشتەڕامیاری Macropolitics / ووردەڕامیاری Micropolitics

ڕامیاری ستراتیژیک یاخود فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیک ڕامیارییەکە بە ئاراستەی یەک ئامانجدا کاردەکا، کۆمەڵێ پراکتیک و گووتارە کە سەرقاڵی پرۆژەیەکە کە لەو دیدەوە سەیریدەکرێ (پرۆژەکە) کە چەقی گەردوونی ڕامیارییە، لای میکافیللی فەلسەفەی سیاسی گووتارەێکە کە بانگەوازە ئەخلاقیەکەی بریتیە لە ڕزگارکردنی ئیتالیا لەژێر دەستی بەربەریەکان (The Prince, p8). میری میکافیللی نموونەی فەلسەفەیەکی سیاسی نا ـ دیالکتیکیە کە هەوڵدەدا تەشویقی بەرنامەیەکی ئەخلاقی بکا لە ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراودا لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیاری «دەبێت چی بکرێت؟» بە پێی فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیک، زۆرداری Tyranny و ناعەدالەتی لە کۆمەڵگایەکداو ئیحتمالی عەدالەت لەیەک کێشەدا کۆبۆتەوە، گەر ئەو گیروگرفتە چاک شیبکرێتەوەو ڕێگاکانی دەستتێوەردان بۆ گۆڕینی ئەو بارە بەچاکی دیاریبکرێت، ئەوا عەدالەت دەشێ بەرکەماڵبکرێت. فەلسەفەی سیاسی مارکسیزم دەچێتە نێو ئەم چوارچێوەیەوە بە جیاکردنەوەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ئەوەی ماناداربن، مسۆگەربن، دەبێت لەسەر گواستنەوەی ژێرخانی کۆمەڵەوە بینابکرێت. فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیک وێناکردنی جیهانە بەو شێوەیەی کە پێکهاتووە لە کۆمەڵە بازنەیەک، بازنەی سەرەکی یا چەقی سەرەکی کە شوێنی گرفتە لە ناوەڕاستدایەو گرفتەکانی دی

دەورویەری بەم یا بەو شێوەیە بەرەنجامی ئەو چەقە گرفتاوییەن. لای مارکسیزم ناوک کە هەمیشە لە ڕەوتی مێژوودا لە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەدایە، بریتیە لە ناوکی ئابووری. فەلسەفەی سیاسی ستراتیژێک بە گریمانکاری بوونی گرفتێکی مەرکەزی کە هۆی ئەو هەموو گرفتانەی ترە، دەستەڵات لە چەقێکدا کۆدەکاتەوە، گەر ئابووری گرفتی سەرەکی بێت ئەوا ستراکچەری ئابووری جەوهەرییە لە بوون و یا نەبوونی دەستەڵاتدا، کێ هۆیەکانی ئابوری بەدەستەوەبێت ئەوا دەسەڵاتدارە، بە واتایەکی دی دەستەڵات لە یەک چەقدایە ئەویش ئابوورییە، هەروەک چۆن ئابوریش گرفتەکەیەو ئەمەش ئەو شوێنەیە کە دەبێت کاری لەسەربکرێت. چونکی دەسەڵاتی تێدا کۆبۆتەوە، ئەو شوێنەی دەسەڵاتی تێدانیە نا عەدالەتیشی تێدانیە، دەستەڵات لە چەقدا گیریخواردوە. لێرەوە جۆرە ڕامیارییەک لەبارە بۆ فەلسەفەی سیاسی ستراتیژێک کە ناوی دەنێین درشتەڕامیاری، بەڵام درشتەڕامیاری چییە؟.

درشتەڕامیاری ئەو ڕامیارییەیە کە لە ژوورەوە سەیری کۆمەڵگاو سیاسەتی کۆمەڵگا دەکاو هێندەی سەرقاڵی چەقی دەستەڵات و داڕشتنی تیورییەکە لەمەڕ، یەکەم ـ دامودەزگا ڕامیارییەکان، دووهەم ـ شۆنێتی حکومەت، تۆتالیتاری یاخود دیموکراسی، فاشیزم یا لیبراڵ، سێهەم ـ شۆڕش و توندوتیژی دەستەجەمعی، چوارەم ـ بڕیاری سیاسیانەی دەستەجەمعی، پێنجەم ـ کۆکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر خوانی ئامانجێک و شیکردنەوەی ئەو ئامانجە، شەشەم ـ گەشەکردنی ڕامیاری، بۆ نموونە بەکورتی ئاماژە بۆ گەشەکردنی ڕامیاری بکەین کە درشتەڕامیاری دەیکاتە شوێنی باس. دەتوانین بڵێین ماکرۆ پۆلتیک دەربارەی گەشەکردنی ڕامیارییە، گەشەکردنی ڕامیاریش بەچوار شێوە بەکاردەهێنرێت.

یەکەم: جێو ـ سیاسی، هێماکردن بۆ بارودۆخی ستراتیژی سیاسی وولاتەکان و دیاریکردنی شوێنیان لەسەر نەخشەی سیاسی لە ڕووی گەشەکردنەوە، پیشەسازی و تەکنەلۆژی ...و هتد. لێرەدا درشتەڕامیاری هەمان بابەت و چەمک و میتۆد بەکاردەهێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ڕامیاریانەی وولاتەکان بێ لە بەرچاوگرتنی ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتوری ئەو ولاتانەو بێ لە بەرچاوگرتنی ئەتمۆسفێری جیاواز.

دووهەم: تێڕوانین لە لایەنەکان و بەرەنجامەکانی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن، مۆدێرنیزەکردنیش ئۆربەنایزەیشن و بە پیشەسازیکردن و ماس میدیا (ڕاگەیاندنی کۆ)و سێکۆلاریزم لەخۆدەگرێ.

سێهەم: ئامانجداریێتی {Teleology} لێرەدا گەشەکردنی ڕامیاری پێناسە دەکرێ، وەک بزوتنەوەیەک بەرەو یەک ئامانج. واتە ئامانج دەبێتە ئەو چەقەی نەک هەموو ڕامیاری بەدەوریدا دەخولێتەوە، بەڵکو خودی زانستی سیاسیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامانجەدا لە هەموو چالاکییەکان و دامودەزگاکان دەکۆڵێتەوە.

چوارەم: فەرمانیی ـ Functional گەشەکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا «لە دیدی درشتەڕامیاری» یەوە و خودی کۆمەڵگا ـ بەتایبەتی مۆدێرن ـ پێویستی بە جۆرە تایپێکی پرۆسەی سیاسی و بەهاو سەرکردایەتی و دامودەزگا هەیە کە دەشێ وەزیفەی خۆیان بەچاکی ببینن گەر پەیڕەو لە سیاسەتێکی شیاوبکەن. کەواتە درشتەڕامیاری سەرقاڵی چۆنێتی بە ئەنجامگەیاندنی وەزیفەی هەریەک لەو توخمانەی سیاسەت لە کۆمەڵگادا. بۆ نموونە ـ لە دیدی درشتەڕامیارییەوە وولاتە نا ـ پیشەسازیەکان و دیموکراسی نین، چونکی دیموکراسی سیاسی پێویستییەکی وەزیفی گەشەکردنی سیاسییە بۆ سیستەمی پیشەسازی.

لەبەرامبەر فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیکدا، فەلسەفەی سیاسی تاکتیک جەغد لەسەر ئەو خاڵە جەوهەرییە دەکا کە دەستەڵات چەقێکی دیاریکراوی نیە کە تێیدا کۆببێتەوە. بەمانایەکی دی دەسەڵات ـ لەوانەش دەسەڵاتی سیاسی ـ شایانی کورتکردنەوە نیە، چەندین شوێن و ڕووبەڕوو دیمەن هەن کە دەسەڵات لێوەیان سەرهەڵدەدا، بەڵام بۆ هیچ کام لەو شوێنانە ناتوانن ڕیشەی دەستەڵات بکەڕێننەوە. فەلسەفەی سیاسی تاکتیک لە خاڵێکی گرنگدا بەرەنگاری فەلسەفەی سیاسی ستراتیژێک دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە گەر بێتوو گیروگرفتێکی ناوەندی هەبێت و دەستەڵاتیش لە چەقێکدا کۆببێتەوە ئەوا کۆمەڵێ کەسان ـ نوخبەیەک ـ هەن لە مەوقیعێکدان کە دەتوانن بارودۆخ چاکتر شیبکەنەوە، یا پێشڕەوایەتی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ناوبراو ببنەوە، یاخود دەستەڵاتی ناوبراو بپارێزن. شوێنی ئەم نوخبەیە ڕەنگە بەرەنجامی ئەو زانیاریانە بێت کە هەیەتی دەربارەی ئەو چەقە، یاخود بەرەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو

چەقە، یاخود مەوقیعی کۆمەڵایەتییان کە ڕێگەیان پێدەدا دەسەڵات بەسەر هۆکارەکاندا بگرن، بەکورتی ئەم جۆرە بۆچوونە لە پارتێکی سیاسیەوە، پارتێکی پێشڕەو Avant- garde party سەردەردەهێنێ. فەلسەفەی سیاسی تاکتیکی ڕەتکردنەوەی ئایدیای ڕزگارییە لە ڕێگای پێشڕەوانەوە، لەبەر ئەوەی کاتێک دەستەڵات لە چەقێکی دیاریکراودا نەبێت و بوارەکانی بەرەنگاربوونەوە فراوانبن، ئیمکانی ئەوە نیە کە کۆمەڵێک کەس - پێشڕەو - بتوانن ڕۆڵی پێشرەوانە ببینن لە هێنانەگۆڕێی گۆڕانێکی سیاسیدا. لێرەوە دەبێت ئاماژە بۆ ڕەخنەی پۆست ستارکچەرالیستەکان بکەین لە ئایدیای نوێنەرایەتیکردن کە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی پێشڕەوایەتی، ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیایەی کە گوایا گروپێک یا پارتێک چالاکانە دەتوانن نوێنەرایەتی سوودەکان و بەرژەوەندیەکانی هەمووان بکەن. (فەلسەفەی پۆست ستراکچەرالیزم دەچێتە خانەی فەلسەفەی سیاسی تاکتیکییەوە).

لەبەرئەوەی دەسەڵات لە چەقێکدا کۆناکرێتەوە، کەواتە ناشێ دوا کێشمەکێش و بەرەنگاربوونەوە بوونی هەبێت، بەڵکو زنجیرەیەک کێشمەکێش و موبارەزە لە کۆمەڵێ ڕووبەری جیاوازدا. کارەکتەری فەلسەفەی تاکتیک لە موبارەزەدا بریتی نیە لە جەغدکردنە سەر پنتێک، یا چەقێک، بەڵکو گشت بازنەو چەقەکانی دەستەڵات، بەکارکردن لەسەر یان لە نێو تەونە کۆمەڵایەتیەکاندا نەک بە مەبەستی گۆڕینی دنیا، بەڵکو چاککردنی پنتەکانی شوێنی پرسیار. لە وەڵامی فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیکداو بەتایبەتی گووتاری مارکسیزم - کە ئابووری دەکاتە چەق - فەلسەفەی سیاسی تاکتیک پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێ کە ناشێت کۆمەڵگا لەبەردەم ئەو پەیوەندییەی بەرهەمهێناندا پێناسەبکرێت. کاتێک وێنەی ستراتیژی گیروگرفتی ناوەندی و هایراکیەتی - هەرەمی - دەستەڵات شوێنی پرسیارو گومان بێت، لە گەڵیشیدا ئایدیای شۆڕش وەک گۆڕانێکی بنەڕەتی دەچێتە ژێر پرسیار. فۆکۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕۆڵی تیوری من وای دەبینم ئەوەبێت: دانەڕشتنی تیورییەکی گەردوونی سیستماتێکی نیە کە هەموو شتەکان لەخۆ بگرێت، بەڵکو شیکردنەوەی تایبەتمەندی میکانیزمەکانی دەسەڵاتە، دیاریکردنی پەیوەندییەکان و درێژکراوەکانە بەنیازی بیناکردنی مەعریفەی ستراتیژێک، «واتە تاکتیکی» هەنگاو بە هەنگاو)«٣».

گۆڕانی شۆڕشگێڕانە - کە گۆڕانێکی پلەیییە - بریتییە لە هێنانەکایەوەی هاوسەنگیەک، لە لایەکەوە لە نێوان دەسەڵاتی تاکەکانی کۆمەڵگاو گروپە بچوکەکان تا توانای بڕیاری خۆیان بەدەست بێنن، لە لایەکی دیکەوە هاوسەنگی ئەو بڕیارانەی کاریگەریان هەیە بۆ سەر ڕەوتی و لە ژێر کاریگەری ڕەوتی کۆمەڵایەتیدان. کەواتە پرسیار ئەمەیە کە چۆن ڕێگا نەدرێت دەستەڵات ببێتە دەستەڵاتێکی نوێنەرایەتیکراو لە هەمانکاتدا بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەی دی کە ژیانی کۆمەڵایەتی دەیانخوازێ. مەبەستی سەرەکی فەلسەفەی تاکتیک داگرتنە خوارەوەی تاکە ئامانجە بۆ ئامانجە هەرێمییەکان، بۆ ئامانجی تاکەکان و داگرتنی دەستەڵاتی سیاسی بۆ هەرێم، دروشمی سەرەکیش ئەوەیە؛ تا دەتوانرێ دەستەڵات لای ئەوانە بمێنێتەوە یا لە دەستی هەموو ئەوانەدابێت کە دەشێت قورساییەکەی بکەوێتە سەریان.

فەلسەفەی سیاسی تاکتیک جەغد دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان دەسەڵات و مەعریفە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو ڕاستییە لەبەرچاودەگرێ کە زۆربەی ئەو شتانەی ئێمە دەیانزانین و دەیانڵێین سەربەخۆ نین لە پەیوەندییەکانی دەستەڵات، بەڵکو لە ڕاستیدا بەرهەمی ئەو پەیوەندییە دەستەڵاتیانەن. بەڕای دولوز، مەعریفە هەمیشە ئەنجامەو لە دواجاردا دێت، ئەوەی کە سەرەتاییە بریتیە لە پەیوەندی هێزەکان، لەم ڕووە دەڵێت «مێژووی شتێک، بە شێوەیەکی گشتی - بریتیە لە میراتی هێزەکان کە دەستی بەسەردادەگرن - دەیکەن بەهی خۆیان - و پێکەوەبوونی هێزەکان کە لە کێشمەکێشدان بەنیازی دەستبەسەراگرتن و خاوەندارێتی«٤». ئەوەی جەوهەریە لای دولوز، قسەکردنە لەسەر هێزو دابەشکردنی هێز بەسەر دوو هێزدا؛ هێزی تەئکیدکردنە سەر - ژیان - یا نەرێ گووتنی - ژیان و، هێزی ڕەتکردنەوەی ژیان، هێزی چالاک و هێزی دژە - چالاک Reactive force، مەعریفەش هەمیشە بریتییە لە بەرەنجامی پێکداچوونی هێزەکان، لە گرێ و ئاڵۆزی هێزەکان، ئەوەی کە دەبێت بە توندی بیگرین، گەر بمانەوێ لەم جیهانە بگەین - بریتییە لەو هێزانەی ئێمە دیاریدەکەن و زانیاری ئێمە دیاریدەکەن. ئەوەمان لە یادبێت کە دولوز مەعریفە لە فیکر جیادەکاتەوە، مەعریفە بەرهەمی هێزەکانە، بەڵام فیکر بریتییە لە هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن

لەو هێـزانە. لای دولوز فـیکر لە مـێـژووی خـۆی بیـردەکـاتەوە «رابووردو»، بەڵام بە نیـازی خـۆرزگـارکـردن لەوەی بیـری لێـدەکـاتەوە «ئێـسـتـا ـ هـەنووکـە» تا بتـوانێت بە شـێـوەیەکی دی بیربکاتەوە «داهاتوو».

لەم دیدگایەوە دەبێت قەناعەت و بیروراکانمان بنرخێنین، نەک لەسەر گریمانکاری ئەوەی کە دروستن یا هەڵە، بەڵکو لەسەر بناغەی ئەوەی کە ئایا ئەرێ گووتنن بۆ ژیان یا رەتکردنەوەی ژیانن! ئەم دیدگایە ئەو گریمانکارییە دەباتە ژێر پرسیار کە دەڵێت دەستەڵات سەرکوتکەرە، لە جیاتی ئەمە رووی پۆزەتیـڤیـانەی دەسـتـەڵات نیـشـانـدەدا بەوەی کە جـۆرە دەسـەڵاتێکیش هەیە کە ئەرێ گووتنە بۆ ژیان.

لەم رووەوە بۆچوونی فـۆکـۆ دەربارەی دەسـتـەڵات گـرنگی خـۆی هـەیە. لای فـۆکـۆ دەسـتـەڵات بەتەواوی نۆمیناليستێکە «تەنیا ناوە» دەسەڵات بە مانای جەوهەر بوونی نییە، لەجیاتی ئەمە فۆکـۆ سـەرنجـمـان بۆ مـەشـقـەکانی دەسـتـەڵات رادەکێـشێ، لەو شـوێنـەدا کە دەسـتـەڵات مـانای خاوەندارێتی لە خۆناگرێ، یاخود هەبوونی سەر بەچینێکی باڵادەست یاخود دەوڵەت، بەڵکو پەنجە بۆ ئەو ستراتیژییە رادەکێشێ کە دەستەڵات ئاماژەکردنە بۆ فرەلایەنی و هەمەچەشنەیی پەیوەندی هێزەکان. دەستەڵات نە دام و دەستگایەو نە ستراکچەر، بەڵکو بریتیـە لە ناوێک بۆ تێکەڵە یا گرێیەکی حاڵەتێکی ستراتیژی. بە پێچەوانەی فەلسەفەی سیاسی ستراتیژێک (لەوانە مارکسیزم و لیبرالیزم) کە بەچاوێکی نێگەتیڤەوە سەیری دەستەڵات دەکاو دەستەڵات لە رێگەی ماناکانی وەک دەرهاویشتن، رەتکردنەوە، نامۆبوون، دەستبەسەراگرتن، کۆنترۆڵکردن ـ ـەوە دەناسێتەوە. فۆکۆ پێی وایە کە دەستەڵات لە بنەرەتدا داهێنەرە، ئەرگۆمێنتی فۆکۆ لێرەدا بەشوێن پێی نیچەدا دەروا لە کـتێبی (جینالۆژی ئەخلاق)دا. نیـچـە لەم کـتێـبـەدا دەسەڵات بە داهێـنەری خـود دەزانێ، بە پێچەوانەی میـتافیـزیکای خۆرئاواوە کە خود بە داهێنەری دەستەڵات دەزانێ، ئەولەویەتی خود بەسەر دەستەڵاتدا «بابەت» لە میتافیزیکای خۆرئاوادا لای نیچە پێچەوانە دەبێتەوە.

فۆکۆ پێی وایە کە فەلسـەفەی سیاسی ستراتیژێک ـ یاخود بیری سیاسی مۆدێرن ـ پرسیاری بنەرەتی سیاسی لە رێگەی هاوکێشەی ماف/یاساوە خستەروو وە پرسیاری سەرەکی ئەوەبوو؛ سنوورەکانی دەستەڵات چین؟ چۆن لە رێگەی مافی مرۆڤەوە سنوور بۆ دەستەڵات و بەکارهێنانی و بەکارهێنانی بەدی دەسەڵات دابنرێ؟ لە جیاتی ئەم پرسارە فۆکۆ جۆرێکی دی پرسیار دەخاتەروو؛ ئەو ئیرادەی دەستەڵاتە لە فەلسەفەی سیاسیدا چییە لە پشت ئیرادەی راستییەوە؟ فۆکۆ دەڵێ « لە سەدەکانی ناوەراستەوە جەغدی سەرەکی تیورییە سیاسییەکان لەسەر ئەو چەقە بوون کە رەوایەتی دەسـتـەڵات دیاریبکەن لەگەڵ تیوری سـۆڤرنتی، بەڵام لە پشتی ئەم گـووتاری مـافـەوە لە بیـری مۆدێرندا گووتاری دەستەڵات خۆی حەشارداوە. سیستەمی ماف پرۆگرامکراوە تا پەنهانی راستی کۆنترۆڵ و بەرەنجامەکانی بکا» (دەستەڵات و مەعریفە، ل. ٩٥). فۆکۆ لە رێگەی مافەوە سەیری مەشقی دەسەڵات ناکا، بەڵکو لە رێگەی تەکنیکەوە، لە رێگای فۆرمەلایزەیشنەوە «بەفۆرمالیکردن»، نەک یاسا، لە رێگەی سزاو کۆنترۆڵەوە، نەک ئەبیوسی دەستەڵات ـ بەکارهێنانی بەدی دەستەڵات. شیکردنەوەی دەسـتـەڵات نابێت ئەو گـریمانکارییە بکا کـە دەوڵەت و شـێـوەی یاسـاو باڵادەسـتی دراوێکن هەر لە سەرەتاوە، بەڵکو ئەمانە ئەو شێوانەن کە بەرگی دەستەڵات دەپۆشن، «دەستـەڵات لە هـەمـوو شـوێنێکە، نەک لەبەرئەوەی هـەمـوو شت لە ئامێـزدەگرێ، بەڵکو لەبەرئەوەی لە هـەمـوو شـوێنێکەوە دێت». لەنێـو کـۆمـەڵێ خـاڵی گـرنگدا کـە فـۆکـۆ دەربارەی شـیکردنەوەی دەسـتـەڵات دەیانخاتەروو، هێمابۆکردنی دوو خاڵ بۆ باسەکەمان لێرەدا گرنگی خۆیان هەیە؛ یەکەم ئەوەی کە دەستـەڵات لە خوارەوە سەرچاوە دەگرێ، دووهەم، ئەوەی کە پەیوەندییە دەستەڵاتییەکان پەیوەندی خودی ـ زاتی سەبجێکتیڤ نین. دەستـەڵات تەنیا هێزێکی سـەرکوتکەرنییە، بەڵکو داهێنەریشە؛ تەنیا نابێـتـە مـایەی لە دایکـبوونی ئەو هێـزانەی کـە بەرەنگاربوونەوەیان پێـویسـتـە، بەڵکو ئەو هێـزانەش دەخـوڵقێنێ کـە دەبێت بـەرەنگاری هێـزەکـانی تر بن و شـێـوەی بەرەنگاربوونەوەش دەخوڵقێنێ، دەستەڵاتێک نییە بێ موبارەزە. جەغدی فۆکۆ لەسەر ئیرادەی موبارەزەیە نەک هۆی موبارەزە. ئەوەشمان لەیادبێت فۆکۆ وەک بیرکەرەوەیەکی سیاسی سەر بە فەلسـەفەی سیاسی تاکتیک ئەوە رەتدەکاتەوە کە چوارچێوەیەکی پرۆگرام بۆ پراکتیک دابرێژێ دژ بە (تیرۆریستەکانی تیوری) و بیروکراتەکانی شۆرش و (فاشیزمی ناو هەریەک لە ئێمە)، گرنگ ئیرادەی موبارەزەیە.

فەلسەفەی سیاسی تاکتیک روو لە سیاسەتێک دەکا کە هەرێمییە، لە جیاتی داستانە گەورەکە

«گرانت ئەرمتف» کە بناغەی فەلسەفەی ستراتیژیکە، ڕوو لەو چەقانە دەکا کە سیاسەت تێیدا پراکتیزەدەکرێ، بەڵام پراکتیک چییە؟ پراکتیک ـ یا زنجیرەی پراکتیکەکان ـ بریتییە لە کردارە کۆمەڵایەتی و ژیانییە ئامانج ـ ئاراستەکراوەکان؛ ئامانجەکانیش ـ کە گروپێک لەو باوەڕەدان کە بەدەستیان دەهێنن لە ڕێگەی چەند پراکتیکێکەوە ـ جیاواز و فرەن. گرنگترین خاڵ کە دەبێت هێمای بۆ بکرێت پێکداچوونی نێوان پراکتیکەکانە، هەروەها گەر مێژوو بریتیبێت لە کەم تا زۆری پێکداچوونی پراکتیکەکان کەواتە کاریگەری یەک پراکتیک ناشێ کورتبکرێتەوە بۆ ئامانجی بکەرەکان کە سەرقاڵی ئەو پراکتیکەبوون، تێگەیشتن لە کاریگەری پراکتیک شوێنی تێرامان و لێکۆڵینەوەیە، بۆ نموونە لەوانەیە پراکتیکی زانست لە پاڵ مەبەستی خۆیدا کە مەبەستێکی زانستییە لە بوارێکی تایبەتیدا دەشێ تێکەڵ بە نیازو خواستی دیکەبێت.

فەلسەفەی سیاسی تاکتیک لەسەر هەموو ئاستەکانی ئیبستیمۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ئاینی خەباتدەکا، خەباتیش لەسەر گشت ئەم ئاستانە لەبەر ئەوەنیە خەباتی فرەلایەن دەبێتە خولقاندنی کۆمەڵگایەکی بێ ـ بە چەقکردنی دەسەڵات ـ بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵات چەقێکی سەرەکی نیە، لەبەرئەوەیە کە لە نێوان ئەو هەموو ئاستانەوەیە کە دەسەڵات سەرهەڵدەدا. بە کورتی سیاسەتێک کە فەلسەفەی ڕامیاری تاکتیک دەیخولقێنێ بریتییە لە وردەڕامیاری Micropoli-tics. بەڕای لیوتارد گەر ئەو بۆچوونە قایل بکەین کە گەمەکانی زمان فرەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە چەندین جۆری ئەو گەمانە، ئەوا ئایدیای ئەودیو بڕیارەکانی لەمەڕ کێشە سیاسییەکان ناشێت ئایدیای هەمەگیری ـ یاخود یەکێتی جەستەیەک بن، بەڵکو تەنیا دەشێت ئایدیای فرەلایەنی یاخود هەمەچەشنەی بێت، لەبەرئەوە تۆڕی پەیوەندیە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکان کە وردە ڕامیاری تێیدا کاردەکا یەکێتی بابەتی تێدانیە، دەسەڵاتیش لەسەر هەموو ئاستەکان وەک یەک مەشقی پێناکرێ و وەک یەک ناخرێتە گەڕ، بەڵام مەبەست چییە لە وردەڕامیاری؟.

دەتوانین پێناسەیەکی سادەی وردەڕامیاری بکەین بەوەی بڵێین وردە ڕامیاری ئەو ڕامیارییە کە زیاتر لە ڕێگەی جەغدکردنە سەر بکەرو ئەکتەرە سیاسیەکان و لە ڕێگەی کەسی سیاسیەوە، واتە هەموو تاکەکەسێک ـ لە دەسەڵات و وەزیفەی سیاسی دەروانێ و هاوکێشەی گشتی ـ تایبەتی وەلاوەدەنێ بەوەی کە هەموو چالاکیەکانی ژیان بە ڕامیاری لە قەڵەمدەداو هێندەی سەرقاڵی ڕووبەرە بچووکەکانە لە نەخشە گەورەکەدا هێندە خۆی سەرقاڵی نەخشە گەردونیەکە ناکا، هێندەی خەریکی ڕووبەرە لەبیرکراوەکانە، ئەو ڕووبەرانەی لە پەراوێزدا دەژین هێندە سەرقاڵی داڕشتنی تیوریەکی گەردونی نیە. دەتوانین بەکورتی ستراتیژیەتی وردەڕامیاری بەڕیز لەم خاڵانەدا دابڕێژین. (ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواوکەری یەکترین).

١- ستراکچەرە مێژوویی و سۆسیۆ ـ ڕامیارەکانی کە

٢- دەوروبەری ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵایەتیبوونی پراکتیکەکان و دەسەڵات دیاریدەکەن و ئەمەش دەبێتە مایەی

٣- گەشەکردنی باری دەروونی و هۆشیاری و سیاسی و

٤- وەرگرتن و تێگەیشتن لە دەوروبەر لەلایەن

٥- بکەرە سیاسیەکانەوە، واتە تاکەکانی کۆمەڵ و گروپەکان کە خۆیان دەبنەوە بە دەوروبەری ڕاستەوخۆی کۆمەڵگاو کایە سیاسیەکان و دەبنە بوارەکانی دەسەڵات و دەسەڵات لێیانەوە سەرچاوەدەگرێ.

خاسیەتی وردەڕامیاریانەی فەلسەفەی سیاسی تاکتیکی لە دوو ئاستدا زیاتر دەردەکەوێ. ئاستی ئیبستیمی و ئاستی ڕامیاری، ئاستی ئیبستیمی هێرش بردنە بۆ سەر ئایدیای نوێنەرایەتیکردن، ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە تاکەکەس یا گروپێ یەک پێناسەی جێگرو یەک سروشتی جێگیریان هەیە، ئەوەی کە بەرژەوەندی سروشتی هەیە کە نوێنەرە سیاسیەکان

دەتوانن تەعبیری لێبکەین یا ئەو بەرژەوەندەو ئامانجەکان بپارێزن. لەم ئاستەدا نوێنەرایەتیکردن بەتەنیا سەرکوتکەرانە نیە بەڵکو هەڵەیەو لەسەر ئاستێکی دیکەش وردەڕامیاری مەبەستی نیە کە ئیدعای شوێنێک بکا لە سەروو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لە باشترین حاڵەتدا شیکردنەوەیەکی حاڵەتەکانە، ئەمە بە پێچەوانەی درشتەڕامیاری کە هەق بە خۆی دەدا لەلایەکەوە لە نوێنەرایەتی خەڵک ـ چین، نەتەوە، گروپ دەدوێ و لەلایەکی دیکەوە چەقی قورسایی دەخاتە سەر یەک ئامانج و یەک چارەســەر. تیــوری وردەڕامــیــاری بە ڕەخنەگــرتن لە نوێنەرایەتیکردن نەک ئایدیای نوێنەرایەتیکردن دەخاتەلاوە کە بنەمایەکی جەوهەری پرۆژەی مۆدێرنتییە، بەڵکو شوێنی تیوریش لە خەباتی سیاسیدا دیاریدەکا. دولوز دەپرسێ، «کێیە قسە دەکاو کێیە کاردەکا؟» لە وەڵامدا دەڵێ «ئەوە هەمیشە فرەکەسە، فرەلایەنە تەنانەت لە یەک کەسیشدا کە قسە دەکاو کاردەکا».

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ؛ ئەو پەیوەندییە چییە لە نێوان پراکتیکی وردەڕامیاری و ستراکچەری درشتەڕامیاریدا؟ «ستراکچەری درشتەڕامیاری وەک دەوڵەت». دەتوانن بۆچوونی پۆست ستراکچرالیستەکان سەبارەت بەم پرسیارە لە دوو خاڵدا دیاریبکەین. یەکەم: پراکتیکی دامودەزگا درشتەڕامیارییەکان لە پراکتیکی هەرێمەوە سەرچاوەدەگرن. دووهەم: ئەوکاتەی بابەتی درشتەڕامیاری سەرهەڵدەدا، پراکتیکی هەرێمی نابێتە سپێری ئەو بابەتە، لای فۆکۆ، بۆ نموونە «تاکتیکە هەرێمیەکان شێوەیان بە بارودۆخی ئێستای دەستەڵات بەخشیوە. ئەو تاکتیکانەبوون کە هەر لە سەرەتاوە داهێنران و ڕێکخران لە هەلومەرجی هەرێمەوە...». تێنەگەیشتن لەم خاڵە ـ پەیوەندیەکانی دەستەڵاتی ئێستا لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ پراکتیکە هەرێمیەکان ـ ئەو وەهمە دەخولقێنێ کە بەوێرانکردنی لایەنی سەرکوتکەرانەی بابەتی درشتەڕامیاریەکان دەستەڵاتی وەبەرهەمهاتوو لەلایەن ئەو پێکهاتووەی بابەتی پراکتیکەکانەوە خود بە خود لەناو دەچێ. نموونەیەکی سادە بهێنمەوە لە مەیدانی عێراقیدا، جەغدکردنە سەر ئەو خاڵەی کە فاشیزم لە عێراقدا واتە سەدام حسین و دامودەزگاکەی و بە لابردنیٚ سەدام حسین ئیدی کۆتایی بە فاشیزم دێت جگە لە وەهم چیدیکە نییە، چونکی فاشیزم لە عێراقدا بەرهەمی کەڵەکەبوونی پراکتیکی هەرێمەکانە، واتە دەمارگیری گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگای عێراق، مامەڵەکردنی فاشیستانە لەگەڵ یەکتر لەسەر ئاستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. ڕیشەی فاشیزم وا لەناو هەر یەک لە ئێمەدا. کەواتە زۆر گرنگە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە درشتەڕامیاری لەسەر پراکتیکی وردەڕامیاری دروستکراوەو بۆ تێگەیشتن لە درشتەڕامیاری تێگەیشتن لە پراکتیکی وردەڕامیاری (پراکتیکی ڕۆژانەی کەسەکان)، پێویستیەکی نکوڵیلێنەکراوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە درشتەڕامیاری کورتبکرێتەوە بۆ وردەڕامیاری. دولوز لەم ڕووەوە دەڵێت: «هەموو شتێک سیاسەتە، بەڵام هەموو سیاسەتێکیش خود بەخود درشتەڕامیاری و وردەڕامیارییە».

خاڵێکی تر کە دەبێت ئاماژەی بۆبکەین ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە لە فەلسەفەی سیاسی ستراتیژیکدا ـ درشتەڕامیاری ـ ڕۆشنبیر بەشێکی گرنگە لە پارتی پێشڕەو یا توێژی بیرۆکراسی، فەرمانی ئەو ـ وەزیفەی ئەو ـ بریتییە لە دیاریکردن و دەستنیشان کردنی سروشتی سەرکوتکردن و پرنسیپەکانی سەرکوتکردن و ڕێگاکانی دەربازبوون لێیان. بەڵام ئەم وێنەیە لای فەلسەفەی ڕامیاری تاکتیک شایانی قبوڵ نیە لەبەر چەند هۆیەک؛ یەکەم: هەماهەنگی کاریگەری پراکتیکەکان، ئیحتمالی تێگەیشتن لە سەرکوتکردن دەخاتە لاوە، ئەو تێگەیشتنەی پابەندی پرنسیپێک یا چەند پرنسیپەو ئیحتمالی ئەوەش کە ئەرکی کەسێک بێت بەتەنیاو بەتەنیا لە هەموو ڕووبەرەکانی سەرکوتکردن بکا. دووهەم: مادامێک تیوری خۆی پراکتیکەو خۆی بابەتی لێکۆڵینەوەی جینالۆژییە، جیاوازی خستنە نێوان مەعریفەو سیاسەت کە مەشروعیەتدەدا بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر شوێنی پرسیارە. مەعریفە خۆی پراکتیکەو ناشێت حوکمی بەسەردابدرێت لە دەرەوەی پراکتیک و بەدوور لە کاریگەریەکانی. سێهەم: چونکی چەمکی ڕۆشنبیر پەیوەندی بە وێنەی نوێنەرایەتیکردنەوە هەیە، ئەو کەسەی دەتوانێ لە جیاتی هەمووان قسەبکاو بەناوی هەمووانەوە بڕیاربدا. بەڕای پۆست ستراکچرالیستەکان ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە بەشداریکردن و ئامادەبوونیدایە لە موبارەزەی تیوری هەرێمی نەک گەردوونی. ڕۆشنبیر شیکردنەوەکان هەنگاو بە هەنگاو دەخاتە بەردەم ئەوانەی لەو موبارەزە هەرێمیەدا هاوبەشن نەک قسەکردن لەسەر ڕاستی و ڕاستیەکی موتڵەق و پیرۆزو دابەزاندنی بۆ زوڵملێکراوەکان. بەپێی ئەم بۆچوونە ئیدی ڕۆشنبیر ناشێت ڕۆڵی

ئامۆژگاریکەر ببینێت، «پرۆژەو ئاکتی و ئامانجەکانی کە دەبێت پەیڕەویان لێبکردرێت، ئیشی ئەوانەیە کە دەجەنگن» «فۆکۆ».

(بومان) لە کتێبەکەیدا (یاسا دانەرەکان و ڕاڤەکەرەکان) «٥» سوود لە دوو ئیستعارە وەردەگرێ بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیر، چ ڕۆشنبیری مۆدێرن چ پۆست مۆدێرن، ئەویش یاسادانەرو ڕاڤەکەر، (بومان) ڕای وایە کە «یاسادانەر» وەک ئیستعارەیەک چاک دەتوانێ ستراتیژیەتی ڕۆشنبیری مۆدێرنمان بۆ دیاریبکات. ڕۆڵی یاسادانەریش پێکهاتووە لە دەرکردنی فەرمانی دەسەڵاتدارانەو جۆرە فەرمانێک کە ڕەوایەتی گەردوونی بە خۆی دەبەخشێ. لە بەرامبەر ئەم وێنەیەدا، (بومان) بە سود وەرگرتن لە ئیستعارەی ڕاڤەکەر، ستراتیژیەتی ڕۆشنبیری پۆست مۆدێرنمان بۆ دیاریدەکا. ڕۆڵی ڕاڤەکردن بریتییە لە ڕاڤەکردنی تێکست و وەرگێڕانی ئەحکامەکانی نێو میراتێکی دیاریکراو؛ ئەم ستراتیژیەش ڕەتکردنەوەی خەونی گەردوونی لەخۆدەگرێ، لەم حاڵەتەدا ڕۆشنبیر ئەو هەقە بەخۆی نادا لە جیاتی هەمووان قسەبکاو ڕێ و ڕەسم و ماناکان بۆ ئەوانی دی دیاریبکا بەڵکو تەنیا ماناکان ڕاڤەدەکا، هەروەها چەندە سەرقاڵی کێشەو گووتاری هەرێمییە هێندە لە خەونی گۆڕینی دنیاو گووتارە گەردوونییەکان دوور دەکەوێتەوە.

* * *

## ناسیۆنالیزم و داستانی گەورە

لەکاتی تێڕامان لە مرۆڤ و مێژوو داستان بە ناچاری پلەوپایەیەکی تایبەتی هەیەو، مادامێک قسە لەسەر ئەم جیهانە دەکەین کە مێژووییە دەشێت وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین وەک داستان، ئەو داستانەی کە ڕووداوەکان، کارەساتەکان و کارەکتەرەکان لە دەوری خۆی گرددەکاتەوەو دەبێتە چەقێک بۆ شتەکان گەر نەبێتە پێشڕەوی کاروانی ڕووداوەکان. لەم ڕووەوە (لیوتارد) دەنووسێ «بیرو کرداری سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم لەلایەن ئایدیایەکەوە فەرمانڕەوایەتیدەکرێن، بە مانای کانتی، ئایدیای ڕزگاری» «٦». ئەم ئایدیایەش داستانە گەورەکانە کە ڕووداوەکان ڕێکدەخا، لەو داستانانە، بەقسەی (لیوتارد) «داستانی مەسیحیانەی ڕزگاربوون لە گوناهە سەرەتاییەکە لە ڕێگەی عەشقەوەو، داستانی ڕۆشنگەری دەربارەی ڕزگاربوون لە جەهالەت و کۆیلەیی لە ڕێگەی زانست و یەکسانییەوە، داستانی تێڕامانی بەدەستهێنانی ئایدیایی گەردوونی لە ڕێگەی دیالێکتیکی کۆنکرێتەوە، داستانی مارکسیزمیانەی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەو بەخۆ نامۆبوون لە ڕێگەی بە سۆشیالیستیکردنی کارەوە؛ داستانی سەرمایەدارییانەی ڕزگاربوون لە هەژاری لە ڕێگەی گەشەکردنی تەکنۆ ـ پیشەسازییەوە » (لاپەڕە ٢٥). داستانی گەورە تەنیا ڕووداوەکان ڕێنومایی ناکا بەڵکو مەشروعیەتیش بە ڕووداوەکان دەدا، مانا بە کردارو کردەکان دەبەخشێ، داستانی گەورەو گێڕانەوەی بەردەوامی ئەو داستانە قسەکردنە لە میکانیزمی پێناسەی ـ خودو لە هەمان کاتیشدا جیاکردنەوە. داستانی گەورە هێزو توانا بە بەری جەستەدادەکاتەوە، توانای بەرگری بە جەستە، جەستەی گروپ دەبەخشێ. هەروەک (لیوتارد) دەڵێ لە مویارەزەو جەنگ لە پێناو سەربەخۆییدا داستانی گەورە وەک میکانیزمێک دەبێتە سەرچاوەی هێزو تواناکان، هێزی داهێنەر، داستانی ڕەوایەتی بە هەموو جۆرە شێوازەکانی بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوە دەبەخشێ، ڕەوایەتیش مافێکە لەلایەن هێزی میکانیزمی داستانەوە پارێزراوەو «سەروەری بەسەر کات و لە ئەنجامیشدا بەسەر ژیان و مەرگدا مسۆگەر دەکا»، نەک ئەوەندە بەڵکو داستان خۆی دەبێتە سەرچاوەی دەستەڵات، ئەو دەستەڵاتەی کە ئێمە لەوان جیادەکاتەوە، داستان ناو لە شتەکان دەنێ.

وەک گووتمان داستانە گەورەکان ئەرکی ڕەوایەتی بەخشین دەبینن، ڕەوایەتی بەخشین بەدامودەزگاکان، بە شێوازی کارکردن و شێوەی ژیان و دیدو دیدەگاو نیشانەو سومبولەکان. تەنیا داستانی گەورە دەتوانێ - بۆ ترۆریستێک کە لە بەردەم چرای ئەو داستانەدا شتەکان دەبینێت - ڕەوایەتی بە کوشتنی منداڵ و ژن و کەسی بێ گوناه بدا. داستانی گەورە هەمیشە چاوێکی لەسەر ئایندەیە، چەسپاندن و کردنەواقیعی ئایدیای ڕزگاربوون، ئازادی، ڕۆشنگەری، واتە کارکردن بە ئاراستەی بەدەستهێنانی ئەک ئامانج بەڵکو تاکە ئامانج کە چەقی جەغدکردنە بۆ سەر ئەو حیکایەتە. پرسیاری ئەوەی کە لەم سەردەمەدا چارەنووسی ئەو داستانە گەورانە بەکوێ گەیشت پرسیاری ئەم ووتارەی من نیە، ئەوەندە دەڵێم کە لەم سەردەمەداو بە تایبەت لە حەفتاکانەوە ئەم حیکایەتانە شیتاڵ شیتاڵ دەبن و دەچنە ژێر پرسیارو گومانەوە، ڕەخنەی توندیش لەم حیکایەتە گەورانە سروشتی ڕەخنەی پۆست مۆدێرنیزمییە. ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە پەنجەراکێشانە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ناسیۆنالیزم و خەونی ناسیۆنالستی خۆی حیکایەتێکی گەورەیە، یا ڕێنومایی دەکرێ لەلایەن حیکایەتێکی گەورەوە «grand narrative» ئەویش ئایدیای سەربەخۆییە. ئایدیای بەدەستهێنانی توانای دیاریکردنی چارەنووسی خود لەلایەن خودەوەیە، یاخود خەونی دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەیە لەلایەن نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە.

ناسیۆنالیزم پشت ئەستورە بەو داستانە گەورەیەی کە باس لە ناسنامەی گروپ - یا نەتەوە - دەکا، ناسنامەیەک کە لە مەترسیدایەو دەبێت بپارێزرێ و پلەو پایەی خۆی هەمیشە مسۆگەر بکات. حیکایەتی گەورەی ناسیۆنالیزم باس لە جیاوازی بونیادیی دەکا، پرۆسەی دارشتنەوەی ڕۆڵ و ڕێکخستنی فەرمان و وەزیفەی دەستەو تاقمەکان لە حاڵەت و مێژووی تازەدا، جیاکردنەوەی «ئێمە» لە «ئەوان». کەواتە حیکایەتی گەورەی ئێمە باس لە هاوکاری ڕۆحی وە وەلائی «ئێمە» بۆ یەکتر دەکا. حیکایەتی ناسیۆنالستی باس لە فۆرم ونۆرم و چالاکی نوێ و دامودەزگاو پارتی نوێ دەکا، بە نیازی گەیشتن بە دوا ئامانج، ئامانجە گەورەکەی نەتەوە. مادامێک ناسیۆنالیزم لەبەر ڕۆشنایی ئایدیایەکدا کاردەکا - ئایدیای ڕزگاربوون یا مافی چارەنووس - حیکایەتە گەورەکەش دەربڕینی ئەم ئایدیایەیە، خۆ بە خۆ ئەم ئایدیایە کۆمەڵێ دامودەزگای خۆی پیادەدەکا وەک پارتی سیاسی و هەروەها کەسانی پێشرەو کەسانێ کە زۆربەی کاتیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانج یا ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم تەرخاندەکەن، کەسانێک کە کاریان ئەوەیە ئایدیا لە دنیای بوون بەهێزەوە بگۆڕنە سەر دنیای بوون بە کردەوە، ئالێرەوە حیکایەتی گەورەی ناسیۆنالیزم و گووتاری ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم وەک پارادایمێک خۆدەنوێنێ، پارادایم بە مانای کوهنی، واتا مۆدێلی کارکردن و «پارادایم وەک مۆدێلی گرفتەکان و چارەسەرکردنیان بۆ بەشدارانی کۆمیونیتیەک». لەبەر ئەوەی پارادایم پەیمانی سەرکەوتنە بەسەر نموونەکاندا کە وەک گرفت خۆیان دەخەنەڕوو، کەواتا ناسیۆنالیزم ئەو پارادایمەیە کە کۆمیونیتیەک لە ژێر سایەی خۆیدا کۆدەکاتەوە بەنیازی چارەسەرکردنی گرفتەکان یا کۆنترۆڵکردنیان، یاخود گەیشتن بە دڵنیایی نەتەوەیی. هەوڵدەدەم لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆچوونی کوهن لە فەلسەفەی زانستەوە بگوازمەوە بۆ گووتاری سیاسی و ڕوونکردنەوەی ناسیۆنالیزم وەک پارادایمێک.

یەکەم: لە بواری زانستدا پارادایم «چەمک و میتۆدو گریمانکاری» ڕێنمایی کۆمیونیتیەکی زانستی دەکا، جۆری پرسیارەکان دیاریدەکا، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان پێشبینی دەکا، چۆنێتی و شێوازی بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان ڕووندەکاتەوە. زانستی ئاسایی کە سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ گرفتێکی دیاریکراو هەروەک گەمەی شەترەنج وایە، بۆ چارەسەرێک دەگەڕێ لە چوارچێوەی کارکردنێکی قبوڵکراودا، ڕێساکانی ئەو گەمەیە هەر لە سەرەتاوە دیاریکراون. پارادایم خاسیەتێکی گرنگی هەیە ئەویش هاوبەشبوونە، واتە هاوبەشبوون لە پارادایمێکدا دەبێتە مایەی دروستکردنی کۆمیونیتیەک، کۆمەڵێ کەسانی پیشەیی لە دەوری گریمانکاری هاوبەش، سوودی هاوبەش، بڵاوکراوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن کۆدەکاتەوە. گەر سەیری ئەم مۆدێلە بکەین لە زانستدا دەتوانین لە بەرامبەریدا لێکچوونێک لە دنیای سیاسەتدا بدۆزینەوەو ناسیۆنالیزم وەک پارادایم لە قەڵەمبدەین. پارادایمی ناسیۆنالیستی وەک پارادایم بریتییە لە کۆمەڵێ چەمک و میتۆدو گریمانکاری و تیوری و شێوازی کارکردن و ئامانجی سەرەکی. خەونی نەتەوە دەبێتە پارادایم کە جۆری پرسیارەکان دیاریدەکاو هەوڵ و

چۆنێتی کردنی ئەو خەونە بە واقیع دیاریدەکا و ئاڕاستەی کۆمیۆنیتیەکی دیاریکراو - نەتەوە - یا دەستەوتاقمێکی ناسیۆنالیستی دەکاو چوارچێوەیەک دەخاتە بەردەم ئەو کۆمیونیتیە. پارادایم دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوان کۆمیونیتی - ناسیۆن - و لەم ڕێگەیەشەوە خودی کۆمیونیتیەکە پێکدەهێنێ، واتە پارادایمێکی ناسیۆنالیستی مەبەستیەتی نەتەوە دروستبکا، دواجاریش پارادایم هەوڵدەدا یەکێتی دەروونی و کولتوری ئەو نەتەوەیە ڕابگرێ لە ڕێگەی هاوبەشبوونیانەوە لەو پارادایمەدا. هەروەک چۆن لە ڕەوتی زانستدا دەبینین پارادایمێک کەسانی پیشەیی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ناسیۆنالیزم وەک پارادایمێک کۆمەڵێ کەسی ناسیۆنالیست - سیاسەتمەدار یا ڕۆشنبیر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە کار بۆ ئەو پارادایمەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو پارادایمەدا کار بۆ داستانە گەورەکەی نەتەوە بکەن. ئالێرەوە کەسی ناسیۆنالیست لەدایکدەبێ کە ئامادەیە ژیانی تەرخانبکا بۆ ئەو پارادایمە، گەر پێویست بوو خەباتی چەکداری بکا، دەرگیربێ لە خەباتی ژێرزەمینی یا خەباتی ئازاددا بەهەموو شێوازو ڕێگاکانیەوە، هەموو هەلەکان بقۆزێتەوە بۆ خستنەڕووی کێشەکەی، هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە بخاتەگەڕ لە خزمەتی مەبەستەکەیدا. بەمجۆرە دەبینین پارادایمێ لەو چەشنە کەسی پیشەیی دروست دەکا.

دووهەم: لە زانستدا بەرای «کوهن» شۆڕشە زانستیەکان بریتین لە وەرچەرخاندنی لە پارادایمدا، بەدوو شێوە دەتوانین ئەو سەرنجە دەربارەی ناسیۆنالیزم تاقیبکەینەوە، لەلایەکەوە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم خۆی هەوڵدانێکە بۆ گۆڕینی پارادایمێک - کە پارادایمی نەتەوەنیە، بە پارادایمێکی دی؛ ئەمە لە حاڵەتی جەنگ و کێشمەکێش و مویارەزەو شۆڕشی ناسیۆنالیستەکاندا بە نیازی بە دەستهێنانی مەبەستەکانی نەتەوەو کۆکردنەوەی نەتەوە لەسەر خوانی پارادایمێک، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین لە ڕەوتی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیداو لە مێژووی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیدا دەشێت مۆدێلی کارکردن بۆ داستانە گەورەکەی نەتەوە گۆڕانکاری بەسەربێت، دەشێت شێوازێکی کارکردن و خەبات لەکاربکەوێ وزەمەن بەجێیبهێڵێ، ئەوسا بە ناچاری دەبێت بیر لە مۆدێلی دیکەی کارکردن بکرێتەوە. بۆ نموونە لە قۆناغێکی دیاریکراوی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیدا ڕەنگە خەباتی چەکداری مۆدێلێک بێت بۆ پەیرەویلێکردن و لە ڕێگایەوە کار بۆ ئامانجی نەتەوە بکرێت، خەباتی چەکداری لێرەدا وەک مۆدێلێک ڕێنومایی بزوتنەوەی ناسیۆنالیست دەکا، بەڵام لە قۆناغێکی تردا ڕەنگە ئەم پارادایمە کارنەکا لەبەر چەندین هۆی مێژوویی و جوگرافی و سیاسەتی نێو دەوڵەتان و... هتد. ئەوکاتە ناسیۆنالیزم و کەسانی کۆمیونتیەکە - ناسیۆن - بیر لە پارادایمێکی دی دەکەنەوە بۆ بەردەوامی بەخشین بە خەونە نەتەوەییەکانیان، بەمەش وەرچەرخاندن لە پارادایمدا ڕوودەدا. (نموونەیەک کە دواجار لە بەشی دووهەمی ئەم باسەدا بە درێژی قسەی لەسەر دەکەم نموونەی ناسیۆنالیزمی کوردییە، ئەو پارادایمەی کە تائێستا کاریپێکردوە ڕزیوەو ئیدی لە توانایدانییە دەربڕی خەونەکانی کوردبێت ئالێرەوە گۆڕینی ئەو پارادایمە بە پارادایمێکی نوێ مەسەلەی ژیان و مەرگە بۆ کورد).

سێهەم: بەڕای کوهن لە زانستدا پارادایم جۆری دنیابینی زاناکانی کە لەسەر ئەو پارادایمە کاردەکەن دیاریدەکا. پارادایم ناو لە شتەکان دەنێ، ڕەوتی شتەکان دیاریدەکاو لەم ڕێگەیەشەوە جیهان لە ڕێگەی پارادایمەوە دەبینن. کاتێک پارادایمێکی دی شوێنی پارادایمی کۆن دەگرێتەوە لەگەڵیشیدا دنیابینیەکی تازە پیادەدەکاو چۆنێتی بینینی دنیا گۆڕانی بەسەردا دێت. لێرەشدا دەتوانین لێکچوونێک لەگەڵ دنیای سیاسەتدا بدۆزینەوە، پارادایمی ناسیۆنالیستی هەروەک پارادایمی زانستی دنیابینی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دنیادا لەخۆ دەگرێ، پارادایم دەبێتە ئەو چاویلکەیەی کە ناسیۆنالیستەکان دنیای لێوە دەبینن. پارادایم نەک بەتەنیا شێوازی کارکردن و ئاڕاستەی کاری ناسیۆنالیستی دیاریدەکا بەڵکو کۆی سەرجەم چەمک و ماناو بیرۆکەو دەربڕینەکانیشە دەربارەی دنیا، کۆی سەرجەم بەهاکانە، بەهاو وجودە ئەخلاقیەکان. پارادایم مامەڵەکردنە لەگەڵ شتەکان و چۆنێتی بینینی شتەکانە، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆو لەگەڵ ئەو یا ئەوان دیاریدەکا، ئەم مامەڵەکردنەش دەشێت شێوەی گەورەکردنێکی سنوور بەدەری خود بێت و بچوککردنەوەی «ئەوان» یا هەر لە بنەڕەتەوە ڕەتکردنەوەی «ئەوان» تا سنووری هەوڵدان بۆ نابوودکردنی جەستەی ئەوان.

پێشتر ئامـاژەمـان بۆ ئەوەکرد کە فـەلسـەفـەی سیاسی سـتراتیژیک لە دەوری یەک ئامـانج دەسوڕێتەوەو پرۆژەیەک بزوێنەریەتی، ڕووداوەکان، نەخشـەکان، بەرنامـەکان هەر هـەمـوو باس لە چەقێک دەکەن، ئامـاژەمـان بۆ ئەوە کـرد کە مـارکسـیزم دەچێتە خـانەی فـەلسـەفەی سیاسی سـتراتیـژیکەوە بەوەی کـە دوا ئـامـانج گـەیشـتنە بە کـۆمـەڵگایەکی کـۆمـونیسـتی لە ڕێگەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە. گەر جارێکی دی سەیری گووتاری ناسیۆنالیستی بکەین، دیاریکردنی چارەنووسی خـۆ بەدەستی خـۆ، دەبینین گووتاری نـاسیـونالیـزم لە نێو چوارچێوەی فـەلسـەفـەی سیـاسی سـتراتیژیکدا کـاردەکـا. ناسیـونالیزم وەک پارادایمێک داسـتـانێکی گـەورە دەبزوێنێ، داستانی ئامانجێک، سـەروەری خـود. ئەم ئامـانجە دەبێتـە سـتراتیژیەتی ئەو گووتارەو هـەم چەقی دەسـەڵات دیاریدەکـاو هـەم دەسـەڵات لـە پنتێکدا دەچەسپێنێ وەک ئەوەی دەسـەڵات یەک ڕەهەندی هەبێت و هـەم ڕێگاو شـوێنی گەیشتن بەو ئامانجە کە ئامانجی نەتەوەیە دیاریدەکات. ناسیۆنالیزم ئەو سـتارتیژیەتەیە کە لە سـەرەوە سـەیری دەسـتـەڵات دەکـاو سـەرچاوەی دەسـتـەڵاتیش لەسـەرەوە دیاریدەکا نەک لە هەناوی پەیوەندیەکانەوە، بزربوونی دەستەڵاتی نەتەوەش ـ وەک تاکە دەستەڵاتێک ـ کێشەی ناسیۆنالیزمە. فەلسـەفەی سیاسی تاکتیک قسە لەسەر هەرێم، کێشەی تاکەکان دەکا، ناسیونالیزم بەپێچەوانەوە قسە لـەسـەر یونیڤێرسالی «گـەردوونی» دەکاو پرۆژەی خۆی لەسـەر تاکە ئامـانجـێکی گـەردوونی، تـاکـە ڕاسـتـیـەکی گـەردوونی بینـادەکـا، ئەویش پرۆژەی نەتـەوەیە. گـەر سـتراتیژی مارکسیزم بریتـیبێت لە لەناوبردنی بەخـۆ ـ نامـۆبوون و چەوسانەوەی چینایەتی و گۆڕینی دنیا بەرەو هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی بێچین، ئەوا ستراتیژیەتی ناسیۆنالیزم بریتییە لە پاراسـتنی یەکـێـتی نەتەوەو ناسنامـەو مـافی نەتەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی خـۆیدا، ئەو دامودەزگایانە بەرهەمدەهێنێ کە لە خزمەت ئەم ئامانجەدان، ئەو ڕۆشنبیرانە پەروەردەدەکا کە بۆ ئەم مـەبەسـتە کاردەکەن. لێرەوە ڕۆشنبیرێک کە ناسیۆنالیزم بەرهەمیدەهێنێ و ڕۆشنبیرێک کە گووتاری نـاسـیـونالیـزم دادەڕێژێ ڕۆشنبـیـرێکی یاسـادانەرە، بە واتایەکی دی ئەو ڕۆشنـبـیـرە ستراتیژیەت دیاریدەکا، لە جیاتی هەمووان نەخشەدەکێشێ و بڕیاردەدا کە تاکەکانی کۆمەڵ دەبێ چیبکەن، چ شتێک لە خزمەتی نەتەوەدایەو چ شتێک دژ بە نەتەوەیە، ئەو ڕۆشنبیرەی پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیە. دەتوانین جۆری ئەو ڕۆشنبیرانە ناو بنێین پسپۆڕانی مانا. پسپۆڕی مانا ئەو کەسەیە ماناکان دیاریدەکاو مانا دەبەخشێ، مانا بە ژیان و کردارو ئەزموونەکان دەبەخشێ، و ناو لە شتەکان دەنێ، ڕاڤەی ماناکان ناکا وەک ڕۆشنبیری ڕاڤەگەر بەڵکو خۆی سەروەری ماناکانەو سەرچاوەی مانایە.

جۆری کارکردنی سیاسی ناسیۆنالیستی و تیوری ناسیۆنالیستی بەناچاری دەچێتە خانەی درشتەسیاسەتەوە، واتا ئەو سیاسەتەی کە لە سەرەوە لە مەسەلەکان دەڕوانێ و غەمی سەرەکی ئەو کۆی دامودەزگاکـانە، لە دیدێکی گـەردوونیەوە، ئەو ووردە داسـتانەکان، داسـتـانی ئەکـتـەرە سیاسیەکان، تاکەکانی کۆمەڵ و مێژووە بچکۆلەکانی ژیان و ساتە وجودیەکانی تاکەکەس بە کێشەی خۆی نازانێ. ناسیۆنالیزم چ وەک تیوری و چ وەک پراکتیک کۆکردنەوەی گشت داستانە بچووکەکانە لە داستانێکداو تیڤرنجاندنی هەموو ڕەهەندەکانی بوون و ژیانە لە ڕەهەندێکدا، کۆکردنەوەی هەموو پنتەکانی دەستەڵاتە لە چەقێکدا، کۆکردنەوەی هەموو ئامانجەکانی ژیانە لەسەر خوانی ئامانجێک. ئەو پارادایمەی کە کورد لەم سەدەیەدا کارییێکردوە ـ واتە کوردایەتی ـ نموونەیەکی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەیە لەگەڵ دنیا. بەڵام چارەنووسی ئەم پارادایمە ـ کوردایەتی ـ بەکوێ گەیشت؟ ئێمە وەک تاکەکانی کورد کە داستانە بچووکەکانی خۆمان نەگێڕایەوەو ژیانی تاکەکەسی خۆمان نەژیاین و داستانەکانمان تێکەڵ بەو داستانە گەورەیە کردو ملیۆنێکیش کە بوونە قوربانی ئەم داستانە گەورەیە هەقمانە بپرسین بۆ؟ کوردایەتی بۆ؟!.......

(لە بەشی دووهەمی ئەم ووتارەدا، هەوڵ دەدەم لە پارادایمی کوردایەتی بدوێم).

## پەراوێزەکان:


(1) Thomas S. Kuhn
The structure of Scientific
Revolution. Second Editios, 1970. U.S.A

(2) Margaret Masterman :بڕوانە
The nature of a Paradigm,
لە کتێبی

Criticism and the Growtn of Knowledge. ed by Imre Laktos, 1970.
Combridge University Press.

(3) Michel Foucault :بڕوانە
Power/ Knowledge.
Translated by Colin Gordon, and others
1980, U.S.A. / p 145.

(4) Gilles Deleuze,
Nietzsche and Philiosophy,
Tronslated by ltugh Tomlinson,
New York, 1983,/ p 3

(5) Zygmunt Bauman,
Ligislators and Interpreters, 1987.

(6) Jean - Francois Lyotard,
The post Modern explained.
Translation by Julian Pefanis and Morgran Thomans. 1992

# ژیان.. مەرگی خودپەرستی

## گۆران بابەعەلی

شەڕی براکوژی یان شەڕی ناوخۆ، لە ڕاستیدا چەمکێکە دەبێت مامەڵەیەکی ووردی لەگەڵدابکرێت؛ نەک لەڕوانگەیەکی نەتەوەپەرستانەی ڕووت و دەمارگیر، یان بەسۆزێکی خودپەرستانەوە... لێرەدا مەبەستم لە ماناو مەفهومی «براکوژی» و «ناوخۆیە»، کە لە مامەڵەلەگەڵکردن و بەکارهێنانیاندا، گەر ووریا نەبین، ڕەنگە ئاسۆکانی تێڕوانینمان تەسکبکاتەوەو بەرەو بیرکردنەوەیەکی ناواقیعیانەمان بەرێت و، هەرچەندە هەوڵی هەر نەتەوەیەک بۆ بەدەستهێنانی کیان و ستاتووی خۆی، مافێکی ڕەوایەتی، بەڵام بکەوێتە ناو سۆزێکی نەتەوەیی ڕووت و تەنها لە«خود» بڕوانین و نەتوانین «بەرامبەر» ببینین...

لەڕاستیدا هەموو جەنگێک شەڕی براکوژییە؛ لەکاتێکدا گەر هەموو مرۆڤەکان وەک برای یەک سەیربکەین، نەک وەک گورگ بۆ یەکدی. کەواتە لە سەیرکردنماندا بۆ شەڕو ناکۆکی نێوان ئەندامان و گروپەکانی ناو یەک نەتەوەدا، دەبێت لە هەمان جیهانبینییەوە بڕوانین، بەتایبەتی کە ئەم نووسینە دەربارەی ئەو شەڕو ناکۆکییەی نێوان دوو گروپی گەورەو دەسەڵاتداری کوردیدایە لە کوردستانی باشووری ئازادبوو لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی «بەعس»ی عێراق. لە کاتێکدا کە عێراق وولاتێکی فرەنەتەوەییەو ئێستاش لە کوردستاندا چەند نەتەوەیەک پێکەوە ژیان دەبەنەسەر کە لەسەرەتاداو لە ڕواڵەتدا یەک ئامانجیان هەبووە: ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بەعس... بەڵام زۆر گرنگە ئێستا کە کورد هەوڵ بۆ بەدەست هێنانەوەی کیانی خۆی دەدات، جارێکی تر ئەو نەتەوانەی دی فەرامۆشنەکات و لە ئازادی و سەربەخۆیی یان بێبەشنەکات. وە لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو جەنگەی نێوان گروپە سیاسییە کوردییەکان گرفت و جەنگی ئەوانیشە.

دەبێت پرسیاری سەرەکیمان ئەوەبێت کە بۆچی مرۆڤ شەڕدەکات؟! بەمانای بۆچی مرۆڤ دژی مرۆڤ شەڕدەکات؟! بێگومان سادەترین وەڵام و هەموو وەڵامەکان و دەرەنجامی هەموو تێڕوانینەکان لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا کۆدەبێتەوەو هەوڵی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر مرۆڤەکانی دیدا؛ کەس بەسەر کەسانی دیدا. «من» بەسەر «ئەوی دی ـ الاخر»دا، کە ئەمەش نەک لە سروشتی مرۆڤ خۆیدایە، بەڵکو دەرەنجامی بونیادی دەروونی ـ کۆمەڵایەتی کەسەو لە پانتاییەکی گەورەتریشدا بونیادی سایکۆلۆژی ـ سۆسیۆلۆژی کەسان؛ بەمانای پڕۆسەی «کەس» و «کەسانی» خودپەرستە.

کەواتە بۆ لێکۆڵینەوەو تێڕامان لەو جەنگەی نێوان حیزبەکانی کوردستانی باشوور لەسەر دەسەڵات (کە بێگومان تەنها لەسەر دەسەڵاتەو هەموو بیانوو بەهانەکانی دی هەر لەدەوری ئەو خاڵەو، بەڵکو لە پێناوی ئەوەدا کۆدەبنەوە) دەبێت لە پاڵ تێڕوانینە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا تێڕامانێکمان بۆ ئەو بونیادە سایکۆلۆژییەی لەپشت هەموو دیاردەو ڕووداوەکانەوەیە، هەبێت (١). ئەم نووسینەش تەنها تێڕامانێکە لە ئیشکالیەت و گرفتە دەروونی ـ کۆمەڵایەتیەکانی ئەو شەڕە... هەرچەندە وەک «ئێریش فرۆم» دەڵێت هەڵەیە گەر جەنگ بە بەرئەنجامی فشارە دەروونییەکان بزانین (٢).

بێگومان لەو ململانێیی دەسەڵاتەداو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆکردنەوەی لایەنگرو کردنی ئەندێشەی خود - کە بێگومان ئەندێشەیەکی نەخۆشە کە جگە لە دەسەڵاتی خود هیچی دی نابینێت - بە ئەندێشەیەکی سەرانسەری هەموو خەڵک، کەس و گروپ دەگەنە رادەی ئەوپەڕی خودشەیدایی (نارسیزم)و خودپەرستی، کە ئیدی تەنها «خود» دەبینن و «بەرامبەر» دەسڕێتەوە، بۆیە گفتوگۆ نامێنێت و لەیەکتر تێنەگەیشتن دێتەکایەوە؛ ئەمەش سەرەتای هەموو گرفتەکانەو، بەڵکو هۆیەکی سەرەکی شەڕکردنە... ئەمەش لە سادەترین ئاستیدا لەوەدا دەردەکەوێ کە دوو کەس لە زمانی یەکتر تێناگەن، لەسەر سادەترین ناکۆکی شەڕدەکەن؛ چونکە بواری گفتوگۆو قسەکردن و تێگەیشتن نییە (وەیان زۆر کەمە، بۆ نمونە ئیشارەتکردن بەسەرو دەست، کە ڕەنگە ئەمەش زۆرجار تێگەیشتن نەهێنێتە دی و، بەڵکە لە ڕادەی یەکتر بەهەڵە تێگەیشتنیش زیادبکات، بەتایبەتی لەکاتی ناکۆکیدا). نموونەیەکی زیندوو بۆ ئەمە، لە «کەمپ - هایم»ەکانی ئەورووپادا کە تایبەتن بە پەنابەرو کەسانی سەر بەچەندان میللەتی جیاواز بە فەرهەنگ و زمانی جیاوازەوەی تیادایە، لەسەر سادەترین ناکۆکی گەورەترین شەڕو شەڕی خوێناوی دروستدەبێت... بێگومان لە کێشەی سیاسیشدا کە گفتوگۆو لەیەکترتێگەیشتن نەما... بەمانای کاتێک زمانی هاوبەش وونبوو، جەنگ هەڵدەگیرسێت؛ چونکە وەک «ڕێبین هەردی» دەڵێت: «وەستانی قسە: وەستانی ووتووێژو گەیشتن بە بنبەستی پەیوەندییە لە نێوان من و بەرامبەردا» (٣). بەڵام دانانان بە بوونی بەرامبەردا مەرجی سەرەکی بەرقەرارکردنی پەیوەندییە لەگەڵ بەرامبەر؛ هەروەک چۆن دانانانی بەرامبەر بە بوونی «من»دا مەرجێکی سەرەکی ئەو پەیوەندییەیە. ئەمەش لە ڕاستیدا لە ئیشکالیەتی ناسینی «خود» و ناسینی «بەرامبەر»دا وەک بوونێکی ئازادو سەربەخۆ، چڕدەبێتەوە... بەڵام گرفتی کورد (وەک نەتەوەیەک کە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی ناسنامەو کیانی خۆیدەدات، لە بەرامبەر کۆلۆنیالەکانیدا) ئەوەیە کە وەک ڕێبین دەڵێت بەرامبەرەکەی «هەمیشە بەرامبەرێکی دوژمن بووە، چونکە هیچ کات بەرامبەر بەدرێژایی مێژووی خوێناوی کورد، قسەی لەگەڵنەکردووە، بەرامبەر بۆ ئەوەی قسەمان لەگەڵ بکات دەبێت هەر لەسەرەتاوە ئێمە وەک بوونێکی سەربەخۆ بناسێت» (٤). بالام جەمسەرێکی تری گرفتەکە ئەوەیە، کورد بەهۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆوەو لەڕاستیدا نەبوونی دەوڵەت وای کردووە هەرگیز خۆی وەک بوونێکی ئازاد نەناسیوە - کە مەرجی پەیوەندیکردنە - لەبەرئەوەی هەتا خۆمان وەک بوونێکی ئازادو سەربەخۆ نەناسین، ناتوانین ببین بە «خود»و ئەوکاتە ناتوانین بەهەڵبژاردنێکی ئازاد سەیری بەرامبەر بکەین وەک خودێکی ئازاد، چونکە وەک «کیرکەگارد» دەڵێت: «پەیوەندی ڕاستەقینە لە نێوان دوو خودی ئازاددا ڕوو دەدات» (٥). هەربۆیە هەمان گرفت و هەمان ئیشکالیەت لە نێوان گروپە جیاجیاکانی کورددا هەیە، کە جگە لەوەی هیچ تێگەیشتنێکیان بۆ خودی خۆیان نییە، بەهیچ جۆرێک لە فەرهەنگی خۆیان و کۆمەڵگاکەشیان تێنەگەیشتوون؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەریەکەیان خۆی بەخاوەنی هەموو فەرهەنگ و مەعریفەیەک دەزانێت؛ کە لەڕاستیدا هیچ یەکێک لە پارت وگروپە سیاسییەکانی کوردستان، نە گوێ لە کەس دەگرن و نەکەس دەخوێننەوەو نەهەرگیز هەوڵیش دەدەن لەکەس تێبگەن... دەیانەوێ هەموو ڕۆشنبیری و هونەرو ئەدەب هی خۆیان بێت، بێئەوەی تەنها ساتێک هەوڵی تێگەیشتنی بدەن (٦)...

بەڕای فرۆم تێگەیشتن لە فەرهەنگ و کۆمەڵگا، وەک تێگەیشتن لە«خود» کاری عەقڵەو وەک «فرۆید»یش ڕوونیکردۆتەوە زاڵبوونی عەقڵ بەسەر ئەو بەربەستانەدا کە لەڕێگای تێگەیشتنی فەرهەنگ و کۆمەڵگادایە، ئاسان تر نییە لە زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستە ترسناکانەی لە ڕێگەی تێگەیشتن لە «خود»دایە. ئەم بەربەستانەش بەهیچ شێوەیەک لە نەبوونی عەقڵ یان نەبوونی زانیارییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو هۆکارانەوە سەرهەڵدەدەن کە ئامێری فیکریمان خاوەکەنەوەو دەشێوێنن، کە ئیدی بەکەڵکی پەردەلادان و ئاشکراکردنی واقع نایەت. فرۆم دەڵێت: «لە هەر کۆمەڵگایەکدا زۆربەی خەڵک سەرنجی ئەم تێکچوونە (deformation)ـە نادەن و تەنها کاتێک لە تەحریف و تێکچوون بەئاگادێنەوە، کە بەشێوەیەک لە لادان لە زۆربەی لێدێت و بێگومان ئەو کاتەش باوەڕێکی پتەویان بەوە هەیە کە بڕوای زۆر بەڕاست و دروستە. بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، هەروەک چۆن «شێتێتی دوو کەس» هەیە، شێتێتی چەند ملیۆن کەسیش هەیەو بەکۆمەڵ هەڵەکردن، هەڵە ناگۆڕێت بەحەقیقەت (٧).

هەروەها فرۆم لەباسکردنی بیرکردنەوەی پاسۆلۆژیانەو شیکردنەوەیدا بۆ ئەو میکانیزمە

دەروونییانەی دەبنە هۆی هاتنەکایەی پەرچەکردارەکانی خەڵک بەرامبەر ڕای سیاسی دووربینانەو ئاشتیخوازانە کە لەگەڵ بیروڕای بەکۆمەڵی ئەواندا (کە ڕای زۆربەیە) ناگونجێت، چەند شێوەیەکی نەخۆشی دەروونی بەکۆمەڵ و بیرکردنەوەی پاسۆلۆژییانە «بیمارانە» دیاریدەکات کە زۆرجار هۆی شێتێتی بەکۆمەڵ و جەنگن، وە لەکاتی جەنگدا دەبنە هۆی کارەساتی گەورە. وەک «بیرکردنەوەی پارانۆیی»و «ئەندازەگیری بەخود، یان شکاندنەوە (اسقاط ـ projection)و «دەمارگیری».

لە ڕوانگەی کەسی پارانۆییەوە بنەمای واقیعیەت ئیمکانی مەنتیقییە نەک ئیحتمال؛ کە دەگات بەوەهمێک و دڵنیایی لە بابەتی ئەو وەهمەو بنچینەی نەخۆشبوونی تەواو لەم حاڵەتە دەروونییەدایە. کەسێکە پەیوەندیی بەواقیعەوە لە ئاستێکی تەواو نزم دایەو دونیای دەرەوە لەلای ئەو ڕەنگدانەوە، یان وێنەیەکی سیمبۆلیی دونیای ناوەوەی خۆیەتی و لە هەمووی مەترسی تر گەیشتنێتی بەیەقین دەربارەی بابەتی نەخۆشییەکەی... ئەم شێوە بیرکردنەوەش لە حاڵەتە بەکۆمەڵییەکەی دا لەوەدا دەردەکەوێت کە هەر گروپێک لە بیرکردنەوەو ڕادەربڕیندا بەرامبەر دوژمنەکەی و گروپی بەرامبەر، هەمیشە ئیمکانات ـ بەمانای ئیمکان و توانای ڕوودانی ڕووداوەکان ـ ی لە پێش چاوە، نەک ئیحتمالات، بەمانای ئیحتمال و ئەگەری ڕوودان؛ کە بێگومان مەرجەع و پێشەواکانیشیان هەمان شت دووپاتدەکەنەوەو ڕاستی ئەو بیرکردنەوەیە بۆ خەڵک دەسەلمێنن، کە ئەمە وادەکات هەوڵ بۆ هیچ بڕیاردان و پرۆسەیەکی سیاسی و واقیعییانەو عاقڵانیانە نەدرێت. بۆ نموونە مەزەنەکردنی ئەوەی گروپی بەرامبەر (دوژمن) توانای ئەوەی هەیە کارێکی دڕندانەو شەڕانگێزانەی لێبووەشێتەوەو ئەمەش دەبێتە وەهمێک و وەک جۆرە ترسێکی سەرانسەری و لە ڕاستیدا وەک فۆبیایەکی لێدێت و دەگات بە یەقینێک بەرامبەر بەو ترسە...

جیاوازی نێوان کەسی پارانۆیی و کەسی نۆرۆتیکی ئەوەیە کە نۆرۆتیک ڕەنگە بەردەوام لەوە بترسێت کەسانی دی ڕقیانلێدەبێتەوە یان ئازاریبدەن و... هتد. بەڵام خۆی دەزانێت کە لەم شتانە دەترسێت، لە کاتێکدا کەلای پارانۆیایی ئەم ترسە گۆڕاوە بە واقیعیەتێک، بەمانای لە کاتێکدا نۆرۆتیک دەزانێت دوچاری وەهم بووە، پارانۆیی وەهمی لەلادەبێتە واقیع و حەقیقەتێکی ڕەها. وە ترس و گومان لە هەڵچوونی زهنین بەشێوەیەک دیارو ئاشکرا دەبن، ئیدی کەسی پارانۆیایی دڵنیادەبێت کە کەسانی دی دژی ئەو پیلان دادەنێت (٨). لە کاتێکدا گەر ئەو مەترسییە وەک ئیحتمالێک سەیر بکرێت، کە ڕەنگە ڕووبدات و ڕەنگە ڕووشنەدات، ئیدی کەس وەیان گروپ دەتوانێت تێڕوانینێکی واقیعیانەی دوور لە خرۆشان و هەڵچوونی بۆ بابەتەکە هەبێت و بێگومان تەنها لەم کاتەشدا بڕیاری عەقڵانەو واقیع بینیانە دەدرێت.

شێوەیەکی تری بیرکردنەوەی پاسۆلۆژیانە «بیمارانە»، کە ئەندێشەو بیرکردنەوەی سیاسی واقیعبینانە دەخاتە مەترسییەوەو بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا زۆر ترسناکە، «ئەندازەگیری بەخود، یان شکاندنەوە»یە، کە لەئاستی «کەس»دا ئەو کەسە کەڵلەڕەق و سەرسەختەو، وەک فۆرم دەڵێت ئەو کەسە «وێرانکەرو تێکدەر»ەیە، کە کەسانی دی بەکەڵلەڕەقی و سەرسەختی تاوانباردەکات و، خۆشی وەک قوربانییەکی بێتاوان پیشاندەدات. ئەمەش ـ هەرچەندە بەئاسانی سەرنجنادرێت ـ دەتوانێت لەناو ملیۆنەها کەسانی هاوپەشدا هەبێت و ڕەهبەرانیشیان پشتگیرییبکەن. بۆ نموونە گروپێک گروپێکی بەرامبەر (دوژمن) بە بەربەری و وەحشی یەک لە قەڵەمدەدات کە ژن و منداڵ و پیرو لاو سەردەبڕن و کەسانی بێگوناه دەکوژن و ماڵ و سامان دەدزن و.. هتد. تەنانەت لەم میکانیزمە بیمارانەیەدا هەموو شتە جوانەکانی دوژمنیش بێزرخدەبن و هەموو هونەرو ئەدەب و کولتوورو ڕۆشنبیرییەکیان بە ساختەو لە خزمەتی مەرامە سیاسییە دڕندانەو شەڕخوازەکانیاندا لەقەڵەمدەدرێت؛ مەعریفەی دوژمن مەعریفەیەکی دڕندانەیە (هەرچەندە مەعریفەیەکی ئینسانگەراش بێت)و، لەڕاستیدا ئەم وەسفە ڕەنگە وەسفێکی ووردو تەواوی هەمان گروپ خۆیشی بێت کە بە پێچەوانەوە هەموو شتەکانی خۆی لە لاجوان و لە خزمەتی مرۆڤایەتی و ئاشتیدان و تەنانەت شەڕخوازێتیشیان بەرگریکردن و بۆ پاراستنی خودو گروپی خودو هەموو کۆمەڵگاو لە خزمەتی بەشەرییەتدایە.

میکانیزمەی ئەم بیرکردنەوە بیمارانەیەی کەس نەخۆش ئەوەیە کە هەر شەڕەنگێزییەک کە لەدەروونی خۆیدا هەستییپێدەکات، فڕێیدەداتەوە سەر، یان دەیخاتەپاڵ کەسی بەرامبەرو هەموو خراپەکارییەکان دەگوازرێتەوە بۆ ئەو. وە لەحاڵەتە بەکۆمەڵەکەیدا، لە ئەنجامدا تووڕەیی و کینەیەکی بەهێز بەرامبەر دوژمن دروستدەبێت و پیاهەڵدان و خۆبلندکردنەوەیەکی تێکەڵ

بەخودشەیدایی «نێرجسیەت»و خاڵیی لە ڕەخنەگرتن لە خود، بەرامبەر گرووپی خود دێتەکایەوە؛ لە ئەنجامدا جۆرە دێوانەگییەکی هاوبەش و ڕق و کینەی گشتی لە کۆمەڵگادا پەیدادەبێت. ئەم حاڵەتەش وەک فرۆم دەڵێت گەر تێکەڵ بە بیرکردنەوەی پارانۆییانە ببێت «کە لەجەنگ داو بەتایبەت لە جەنگی ساردا ڕوو دەدات] تێکەڵەیەکی دەروونی ی ترسناک دێتە کایەوە کە ڕێگا لە بیرکردنەوەی دروست و ئاییندە بینانە دەگرێت» (٩).

ئەم میکانیزمە پاسۆلۆژییانەیەو ئەم شێوەبیرکردنەوە ناواقیعیانەیە لەلای هەموو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسی و تەنانەت «بەناو» مەدەنییەکانی کوردستانیشدا بە ئاشکرا بەدیدەکرێت. جۆرێکی دی لە بیرکردنەوەو ئەندێشەی بیمارانە، بیرکردنەوەی ناڕەسەن و ئامێری «ماشێنی»یە (automaton- thinking)، کە ئەویش باوەڕی کەسە بەشێک لە بیرکردنەوەی خۆی و لەسەر بنچینەی ئەزموونەکانی خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو بیرۆکەیەکە، یان شێوە بیرکردنەوەیەک کەپێی تەلقینکراوە؛ بەمانای لە لایەن مەرجەعێکەوە بۆیدیاریکراوەو بەشێوەیەکی ناخودئاگاهانە بەسەریدا سەپێنراوە؛ بەشێوەیەکی دی، خیتابی کەس خیتابی مەرجەعە نەک هی خۆی، بەڵام کەس واهەست و مەزەنەدەکات کە ئەندێشەو خیتابی خۆیەتی، لە کاتێکدا هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەو ئەندێشەیە ئەوەیە کە لەو سەرچاوانەوە سەریهەڵداوە کە لای کەسی هۆش ماشینی بەهۆکاری جیاواز جیاواز مەرجەعیەتیان هەیە.

پرۆپاگەندەی سیاسی (وە بێ گومان تیجاریش کە هێشتا لە کۆمەڵگای کوردی دا تەواو نەچەسپیوە) کە سوود لە تەلقینی هیپنۆتیزمانە وەردەگرێت هۆیەکی سەرهەڵدانی ئەم شێوە بیرکردنەوەیەیە، کە زۆر بەئاشکرا لە کۆمەڵگای ئێمەداو لەلایەن گرووپ و حیزبەکانی کوردستانەوە پراکتیک دەکرێت. ئەنجامی ئەم جۆرە بیرکردنەوە ماشێنی و ناڕەسەنەش وەک فرۆم دەڵێت، هەمان «دوو ئەندێشەیی - ازدواجیه التفکیر- doublethink»ـە کە«جۆرج ئۆرێوڵ» باسیدەکات و بەژێربێژیی زاڵ بەسەر ئەندێشەی تۆتالیتاریدای دادەنێت. ئۆرێوڵ لە ڕۆمانی «١٩٨٤»دا دەڵێت: «دوو ئەندێشەیی بەمانای توانای ئەوەی کەسێک دووباوەڕی دژبەیەکی لەزەهندا بێت و هەردووکیشیان پەسەندبکات» (١٠).

بەڵام ڕەنگە پڕمەترسیترین شێوەی ئەندێشەی بیمارانە «دەمارگیری - fanaticism» بێت کە هاوبەشییەکی گرنگی لە ئەندێشەو فیکری سیاسیدا هەیە، چونکە وەک فرۆم دەڵێت: «کەسی دەمارگیر هیچ پەیوەندێکی بەجیهانی دەرەوە نییەو نیگەرانی هیچ کەسێک و هیچ شتێک نییە، هەرچەندە ئەوەش ڕابگەیەنێت کە ئەم نیگەرانییە بەشێکی گرنگی (باوەڕ)ی ئەوە. ئەو بریسکە ساردەی لە چاوەکانی دا دەدرەوشێتەوە، زۆرجار زیاتر باس لە چۆنیەتی دەمارگیریی بیرو ئەندێشەکانی دەکات تا - نامەعقول بوون - ی ڕووکەشی خودی ئەو ئەندێشانە» (١١). لە ڕاستیدا ئەمە دیاردەو نەخۆشییەکی بەربڵاوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، چ لەسەر ئاستی تاکەکەس و چ لە ئەندێشەی سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکاندا؛ بێگومان ئەمەش هۆیەکی زۆر گەورەی تێنەگەیشتنە لەیەکتر لە نێوان گرووپە دژبەیەکەکانی کوردستان دا کە لەڕاستیدا بەلایانی کەمەوە لە لایەنی ئایدۆلۆژییەوە - خاوەنی یەک بنچینەی ئایدۆلۆژین (بە بەهانەو مەرامی جیاوازەوە)و ڕەنگە لەڕەگەزدا هیچ جیاوازی و هۆیەکی دژایەتیکردنی یەکتری نەبێت.

کەسی دەمارگیر، کەسێکی زۆر «خودشەیدا»یە کە هەست بەهیچ پەیوەندییەک بەجیهانی دەرەوە ناکات؛ «هەست کردن»یش وەک فرۆم دەڵێت هەمیشە دەرەنجامی یان بەرهەمی پەیوەندیی نێوان کەس و دونیایە؛ بۆیە کەسی دەمارگیر لە ڕاستیدا هەست بەهیچ ناکات و بەدەست ئەم بێهەستییەشەوە دەناڵێنێت... کەسی خودشەیداش کەسێکە، ناتوانێ دەرک بەواقیعیەتی بوونی کەسی بەرامبەر جودا لەخۆی بکات و، ئاڕاستەی بۆ دونیای دەرەوەو واقیعیەتی دەرەوە کەم دەبێتەوە (وەیان بەتەواوی دادەبڕێت)و ئاڕاستەی بۆ خودی خۆی زیاتر دەکات و خۆی و بەتایبەتی جەستەی خۆی و جوانیی خۆی لادەبێتە گرنگترین واقیعییەت.. خودشەیدایی (نارسیزم) وەک فرۆم دەڵێت «خرۆشێکە کە لەکەسانێکی بێشوماردا تەنها بەهۆی ئارەزووی سێکسی و ئارەزووی زیندوومانەوەوە قابیلی ئەندازەگیری یە» (٢).

هەربۆیەش لە باسکردنیدا دەربارەی خودشەیدایی دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت بەدەرەنجامێکی ناکۆک (متناقض) دەگەین، کە خودشەیدایی هەم بۆ مانەوە پێویستەو هەم هەڕەشەیە کە دژی مانەوە.

چارەی ئەمەش لە دوو ڕێگادا دەبینێتەوە؛ یەکەمیان بەو مانایەیە کە ئەو ئەندازەیە لە خودشەیدایی کە لەلایەن بایۆلۆژییەوە پێویستەو بەهاو سەنگییەک کە لەگەڵ هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا سازگاربێت، کەم ببێتەوە. دووەمیش ئەوەیە کە خودشەیدایی فەردی بگۆڕێت بەخودشەیدایی گروهی، بەمانای تایەفەو میللەت و ئایین و نەژادو...هتد، لە جیاتی خودی کەس ببنە بابەتەکانی خرۆشی خودشەیدایی. بەم شێوەیە ووزەی خودشەیدایی دەپارێزرێت، بەڵام لە جیاتی مانەوەی تاکەکەس، بۆ مانەوەی گروپ بەکاردەهێنرێت (١٣).

بەڵام لێرەدا گرفت ئەوەیە ئەو جۆرە خودشەیداییە گروهیەش (بەلایەنی کەمەوە لەم سەردەمەدا کە مەرامە دەسەڵاتدارێتییەکانی هەر گروپێک ـ کە زۆر ئاشکرا ئەمە لە کوردستاندا بەدیدەکرێت ـ جێگای هەموو مەرام و ئامانجێکی ئینسانگەرایانەی گرتۆتەوە) زۆرجار هەر لەلایەن تاکەکەسێکەوە بەکاردێتەوە بۆ ڕازیکردنی خودشەیدایی خود (مەبەست لە سەرکردەی گروپە) بێنەوەی لە مەرزی نێوان عەقڵ و شێتی لابدات (١٤).

حیزب و سەرۆکی حیزب دەبێتە دیکتاتۆر.. تایەفە دەبێتە دڕندە.. ئایین دەبێتە وێرانکەر... بەڵام ڕەنگە لە حاڵەتێکدا ئەوە شیاوبێت کە کەسانی ناو کۆمەڵگا لە کاتێکدا بێنەوەی سەربەخۆیی و ئیرادەی خۆیان لەدەستبدەن و لە گروپدا بتوێنەوە، واز لەو خودشەیداییە بهێنن کە ئاڕاستەیان بەرەو کۆمەڵ و دونیای دەرەوە دەگۆڕێت و دەیگەڕێنێتەوە سەر «من»ی خۆیان و کەسان لێک دی دووردەخاتەوە کە ئەمەش نەک هەر سەربەخۆیی کەس نییە، بەڵکو کەسان تووشی نامۆییدەکات؛ وە لەجیاتی ئەمەو تەباهیکردن بە«خود»ەوە، هەرکەس تەواوی کۆمەڵ یان میللەتەکەیان (کە بەڕای من لێرەشدا ئایین و نەژادو تایەفەو گروپی تری وەک حیزب هەر ترسناکە) بکەنە جێگای تەباهی و شەیدایی؛ بەمانای خودشەیدایی تاکە کەسی بگۆڕێت بە خودشەیدایی یەکی کۆمەڵایەتی، کە مەرجی سەرەکی هاتنەدیی ئەمەش ئەوەیە کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی نامەدەنییەوە بگۆڕێت بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی؛ وە لەڕاستیدا ڕەنگە ئەم دوو شتە تەنها بەیەکەوە بتوانن بگەنە ئەنجام؛ چونکە ئەمە بەهۆی گفتوگۆو لە یەکتری تێگەیشتنەوە دەگاتە ئەنجام؛ کاتێک کە خودەکان خۆیانبناسن و ددان بەبوونی بەرەمبەریشدا وەک خودی ئازاد بنێن، کە ئەمەش لە کۆمەڵگای نامەدەنیدا ئەستەمەو کۆمەڵگای کوردیش هێشتا نەیتوانیوە ببێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی؛ لەبەرئەوەی لەکاتێکدا کە هیچ پرۆسەیەکی مەدەنیانەی لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە، خاوەنی هیچ دامەزراوێکی مەدەنیش نییە کە مەرجێکی سەرەکی مەدەنی بوونی کۆمەڵگاو دابڕانێتی لە دەوڵەت و دەسەڵاتی حیزبایەتی و خێڵەکی؛ وە لەڕاستیدا گەر هەوڵی دامەزراندنیشیان بدرێت گەر لەسەر بنچینەی پەیوەندی ئازاد نەبێت؛ بەمانای ئازادیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کەسان؛ بەتایبەتی دوو ڕەگەزی نێرو مێ، ئەوا نابنە دامەزراوی مەدەنی و هەر هەمان بونیادی حیزب و دەوڵەت وەردەگرێتەوەو لەسەر هەمان پرۆسەو شێوەو میکانیزمەی کارکردن و سیستمی پەیوەندییان دادەمەزرێت. لەڕاستیدا مەدەنی بوونی کۆمەڵگا پەیوەندی بەڕادەی داخراوی و کراوەیی کۆمەڵگاوە هەیەو ئەمەش تەواو پابەندە بەگرێی «ترس لە سێکس»و ڕەهابوون لەو گرێیە... گەر ئەم پرۆسەی گۆڕین و گواستنەوەی خودشەیداییە بەئاڕاستەیەکی ڕاستدا بڕوات، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە ڕەنگە ڕۆحیەتی مونافەسەکردن دروستبکات، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە ئەو خودشەیداییە ببێتە داینەمۆی دەسەڵات و لەوەش ترسناکتر گەر ببێتە ستراتیژی حیزبێک. چونکە حیزب لێرەدا؛ لە کۆکردنەوەی تاکەکانداو کۆکردنەوەو بەگروهیکردن و دەستەجەمعیکردنی خودشەیداییاندا لە خودشەیدایی حیزبدا، ئەو وەهمە بە کەسان (وەک فەرد) دەبەخشێت کە بەتوانان و لە کێشەی سایکۆلۆژیی هەستکردن بەبێ توانایی ڕزگاریاندەکات و لە کاتێکدا ئەو شەڕانگێزییە یان دەچەپێنێت کە ڕەنگبوو لە ڕێگایەوە ئەو هەستکردن بەبێتواناییەیان دەربڕن و بێگومان ئاڕاستەیەکی تاکە کەسیشی دەبوو و ڕەنگیش بوو بەرەو ڕووی حیزب و دەسەڵات خۆی ببێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو شەڕانگێزییە یان - لە ڕێگەی خودشەیدایی گروهی بەناوی نیشتمان و خاک و نەتەوەو ئایینەوە لە ڕێگای دروستکردنی وەهمێکی پارانۆییەوە بۆیان و شکاندنەوەی (اسقاط)ی بەهۆی ئەندازەگیری بەخودەوە، بۆ سوودو مەرامەکانی خۆی دەبزوێنێت و ئاڕاستەیدەکات... چونکە وەک فرۆم دەڵێت: «کۆمەڵگایەک (١٥) کە هۆو کەرەسەی تەواوی دابینکردنی ژیانی بۆ زۆربەی، یان بەشێکی گەورەی ئەندامانی نەبێت، گەر بیەوێ خۆی لە ناڕەزاییان بپارێزێت، ناچارە خودشەیداییەکی بەتین و

بەهێزیان بۆ دابینبکات؛ بۆ نمونە غروری نەژادی یان حیزبی، دەتوانێت کەسانێک کە دووچاری هەژاریی فەرهەنگی و ئابووری بوون، ڕازیبکات» (١٦). وە ترسی بەستەگیی و نارسیزمانە لە داوەرییە نادروست و تەحریفکراوەکەیدایە. بابەتی بەستەگییەکەی لەسەر بنچینەی ئەوە وێنادەکرێت کە«من» و هەر کەسێکی «من» جوان و بەنرخ و باشە، نەک لەسەر بنچینەی پێوانەو نرخاندنێکی عەینی بەهاکان. داوەریی کەسی خودشەیدا هەمیشە دەمارگیرانەیەو زۆرجار بۆ ئەم دەمارگیرییەش بەهانەی ژیربێژانە دێنێتەوەو زۆرجارانیش ئەم بەهانە مەنتیقییانە بەپێی زرنگی و ئەندازەی لێزانی کەسەکە سەرنج ڕاکێشەر دێتەپێشچاو. بەڵگەی ئەم دڵفرین و سەرنج ڕاکێشەرو گومڕاکەرەو لە ئانجامیشدا لە سیاسەتدا ترسناکە، کە لەڕواڵەتدا وادەردەکەوێت خاوەنی هەستی قوڵ و بڕواو باوەڕی پتەوو لەبنەهاتووە. بەڵام لە ڕاستیدا وەک فرۆم دەڵێت: «دەمارگیری هەمیشە بەرهەمی بێتوانایییە لە بەدەستهێنانی بەستەگی و لە پەیوەندیەکی ڕاستەقینەدا لەگەڵ کەسانی دی» (١٧). هەر وەک گوتمان کەسی دەمارگیر توانای هەستکردنی بەهیچی نییەو ئەمەش دڵتەنگ و بێزاریدەکات و لەگەڵ کەسێک کە دووچاری نەخۆشی «غەمگینی ـ کأبە» بووە، لەوەدا جیاوازە، کە ئەم (دەمارگیر) توانیوێتی لەناو غەمبارییەکی تووندوتیژدا ڕێگایەک بۆ دەرەوە پەیدابکات، بتێکی بۆ خۆی داتاشیوەو «ڕەها»یەکی بیناکردووە کە وەک فرۆم دەڵێت لە بەرامبەریدا بەتەواوی سەریدانەواندووەو خۆیپێسپاردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشی بەشێکە لەو «بت»ە.. بتێک کە خودی خۆیەتی و بڵندکراوەتەوە بۆ ئاستی خواوەندی. هەمان شێوەی کە لە«تەوتەمیەت»دا توانایەکی جوزئی مرۆڤ دەبێتە ڕەها (مطلق)و دەگۆڕێت بۆ «تەوتەم»ێک و ئەوکاتە مرۆڤ خۆی بەشێوەیەکی نامۆبوو دەپەرستێت. وە ئەو «بت»ەی کە تیایدا نوقمدەبێت، بابەتی خرۆشی خودشەیدایییەکەیەتی، ڕەنگە زۆرجار ناوەڕۆکی ئەو «بت»ە لە جیاتی دەسەڵاتخوازی و شەڕانگێزیی ئاشکرا خۆشەویستی و برایەتی و خواپەرستی و نیشتمانپەروەری، نەژادو نەتەوەگەرێتی، کەرامەت و شەرەف و عیسمەت بێت، کە بەهۆی ئەوەشەوە لای خەڵک سەرنجڕاکێشەربێت؛ بەڵام ماهیەت و مەدلولی «بت» زۆر جیاواز نییە.

* * *

مرۆڤ کاتێک کە دەگاتە یەقین و بڕوابوون بە «ڕەها»یەک، ئیدی ئینسانیەتی خۆی لەدەستداوە؛ چونکە بەمانای چالاکی عەقڵ و بیرکردنەوەی وەستاوە، مرۆڤبوون مانای عەقڵ و بیرکردنەوە؛ بیرکردنەوە، هاوشانی تێرامان و جیهانبینی.. بیرکردنەوەی زیندوو کە توانای دەرکی دونیاو پێکهێنانی دیدی تاکەکەسیی هەبێت؛ ئەگەر ناکەسێک لە ئێستادا بەهەمان عەقڵ و بۆچوونی پەنجاو سەدو سەدو پەنجا ساڵ لەوەوپەری باب و باپیرانی بیربکاتەوە، ئەوا لە ڕاستیدا بیرناکاتەوە، بەڵکو «بیر»ێک، وەیان ڕاستتر «دۆگم»ێک دەگوێزێتەوە کە بیرێکی مردووەو خەسڵەتی بیرکردنەوەی لەدەستداوە.. توانای بەردەوامبوونی نییە؛ بەمانای بۆتە ئایدۆلۆژیا... ئایدۆلۆژیاش هەمیشە بەربەستێکی مەعریفی پێکدەهێنێت کە فیکرو زانست بە بنبەست دەگەیەنێت؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە مرۆڤ کاتێک دەگات بە یەقینێکی تەواو ئیدی گەیشتووە بە«خود»ێکی ڕووتەڵە کە بەرامبەرو دونیای دەرەوە لەلای لە ئاستی بووندا گەیشتووە بەسفر؛ چونکە وەک گوتمان ئەو «بت»ە و ئەو «ڕەها»یەی دەیپەرستێت بەشێکی «خود»ی خۆیێ تیادا بڵندکراوەتەوە. بەمەفهومی «ئالتوسێر»یش بوونی ئایدۆلۆژیا بەهۆی «خود»ە لە پێناوی «خود»دایە، وە لای «مارکس»یش لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیاوە زانست بەدەستدێت.

عەقڵی چالاک، عەقڵێکە بەردەوام بە گومانەو لە دیاردەکان دەڕوانێت و بە گومانەوە لە جیهان و دەوروبەر ڕادەمێنێت؛ عەقڵێکی گومانکەرە، بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە بۆ تێگەیشتن لە دونیاو کێشەکانی و هەتا ئەم پرۆسەیەش بەردەوامبێت، هەرگیز بە یەقینێکی ڕەها ناگات؛ چونکە هەر یەقینێک، گومانێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووەو هەرگیز چارەسەرێکی ڕەهای پێنییە بۆ کێشەکانی دونیاو «بوون»، کە ئیدی لەدوای ئەوەوە گفتوگۆ پەسەندناکات؛ هەربۆیەشە هەمیشە مرۆڤ چەقی بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانێتی... بەڵام هەرکاتێک ئەم عەقڵە بە یەقینێکی ڕەها گەیشت، ئیدی لە چالاکی دەوەستێت، چونکە پێویستی بە بیرکردنەوە نامێنێت؛ ئیدی توانای بینینی بیرو بۆچوونەکانی بەرامبەری نامێنێت.. ئەوی دی «الاخر»و عەقڵەکانی دی نابینێت...

ئیدی تەنها یەک پرۆسەی لەبەردەمدایە: بەرگری کردن لەو «یەقین»ە کە خاڵی کۆتایی و بەربەستی داناوە لەبەردەم توانا ئینسانییەکاندا؛ هەربۆیەش ئینسانیەتی خۆی لەدەستدەدات و ئیدی مرۆڤ بابەتی تێڕوانین و بۆچوونەکانی نییە؛ بەڵکو قوربانیکردنی مرۆڤ لە پێناوی ئەو یەقین و ڕەهایەدایە کە لەشێوەی ئایدۆلۆژیادا خۆی ڕێکدەخات. چونکە وەک فرۆم دەڵێت مرۆڤ بەهۆی عەقڵ و توانای تێڕامانەوە لە بوونەوەرەکانی تری سرووشت جیایەو ڕیزبەڕی سروشتە. عەقڵ هۆی (مرۆڤبوونی) مرۆڤە...
بەهۆی عەقڵیەتی بتپەرستانەوە، ئەو عەقڵەی گەیشتووە بە یەقین و باوەڕی بە موتڵەق و ڕەهایەک هەیە، وە بەهۆی بە خواوەندکردن و بە «بتکردن» و پەرستنی دیاردەو بیروبۆچوون و فیکرەکانەوە؛ هەموو شتێک و هەموو چەمکێکی لە ڕەگەزدا هومانیستی و مرۆڤ دۆستانە (یان بەلایەنی کەمەوە گەر تەنها سودێکی کەمیشی بە پێی سەردەمی خۆی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەبوویێت) دەبێتە چەمکێکی دژە مرۆڤ و دڕندەو مەرگ پەرستانە... «بودا» دەبێتە بودیزم.. مەسیح دەبێتە مەسیحیەت.. بیری موحەمەد دەبێتە ئیسلام و ئیسلامیزم و پان ئیسلامیزم و وەهمی ئیمپراتۆریەت.. مارکس دەبێتە مارکسیزم و... هتد. بەمانای لە هەموو ئەمانە (کە لەڕەگەزدا نەفی بتپەرستی دەکەن) بت و ڕەهایەک دروستدەبن کە لەجیاتی لێتێگەیشتن و سوودلێوەرگرتنیان بەپێی ژیان و هەلومەرجی سەردەمیانەی مرۆڤ، دەپەرسترێن و مرۆڤیان لە پێناودا دەکرێتە قوربانی و وەک فرۆم دەڵێت «بڕوابوون بە خواوەند، نەفی کردنی خودشەیدایە، چونکە خواوەند ـ نەک مرۆڤ ـ زانای ڕەهاو توانای ڕەهایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خواوەند کە پێناسەو وەسفێکی نەدەگرتەخۆی، نەفی بتپەرستی و نارسیزم بوو، زۆری پێنەچوو، مرۆڤ دووبارە بتێکی تری لە خواوەند داتاشی؛ مرۆڤ بەشێوەیەکی خودشەیدایانە خۆی کردە هاوتای خواوەندو بەم پێیەش تەواو بە پێچەوانەی کردەی سەرەتایی مەفهومی خواوەندو ئاین، لە خودشەیدایی گروهیدا دەرکەوتەوە». (١٨)
لێرەدا؛ دەوڵەت، گەر بەپێی زەرورەتێکی مێژوویی مرۆڤایەتی و قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، بە تایبەتی گۆڕان لە کۆمەڵگای دایکایەتییەوە بۆ کۆمەڵگای باوکایەتی و وەک هۆیەک بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ لەو سیستەمەداو بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هاتبێتەکایەوە، کە لەجەوهەردا دەوڵەت ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی بابەتییەو جیاوازە لە خێزان و عەشیرەت کە تلقائیەت ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبینێت لە پێکهاتنیانداو بەڵکو بونیاد «struocture»ێکە بیری مرۆڤ لە پێناوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دایڕشتەوەو بەم پێیە لەسەر بنچینەیەکی عەقڵانی ئەخلاقی و یاسایی بیناکراوە (١٩)، دەگۆڕێت بۆ ئامانجێک کە هەموو ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە پێناویدا دەکرێتە قوربانی... فرۆم دەڵێت: «هەرکاتێک دەوڵەت یان حیزبی سیاسی بووە مەرجەعی باوەڕی تایبەت و تاکوتەنهای کەسێک و، سوودی دەوڵەت یان حیزب بووە تەنها پێوەری بەنرخ بۆ هەڵسەنگاندنی حەقیقەت، وە «ئاڵا» وەک سومبولی گروپ، لە پێشچاویا بوو بەشتێکی پیرۆز، کەسێکی وا خاوەنی مەزهەبێکی خێڵەکییەو تەوتەمەکان دەپەرستێت، هەرچەندە لە پێش چاوی خۆی ئەو سیستەمەی پەیڕەویدەکات، سیستمێکی تەواو عەقڵانیش بێت (کە ئەڵبەتە ئەمەش بۆچوون و بڕوای هەموو ئەو کەسانەیە کە وابەستەی جۆرێک لە مەزهەبە سەرەتاییەکانن» (٢٠).
لەکاتێکدا مرۆڤ دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەت (بەپێی ئەو پەیمانەی نێوانیان) بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ژیانی کەسانی ناو کۆمەڵگا هێناوەتەکایە بۆ کەمکردنەوەی ڕادەو ئاستی شەڕانگێزی (بەتایبەتی شەڕانگێزی فەردی) بەڵام جارێکی دی هەر خودی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی ـ لەهەر جۆرە سیستمێکدا داڕێژرابێت ـ ئەو شەڕانگێزییە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەکاتی پێویست و بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا دەبزوێنێت. گرفتی سەرەکیش ئەوەیە کە دەسەڵات بەلاوازکردنی مرۆڤ (وەک تاکەکەس) بەسەر شەڕانگێزی دا زاڵدەبێت؛ بەوەی کە بەمەفهومی فرۆید، دەیخاتە ژێر چاودێری دەسەڵاتێکی شاراوە لە خۆیدا کە ئەویش (بەرزەمن ـ الانا الاعلی)ـە بۆ نموونە لە ڕێگای «هەستکردن بە گوناه»ەوە، هەستکردنێکی ئاگاهانە بەگوناه، کە سەرەنجامی ئەو کێشەیەی نێوان «بەرزەمن»ی سەرسەخت و «من ـ الانا»ی ژێردەسەڵاتیتی، کە هەمان شەڕانگێزی کە«من» ئاراستەی دەرەوەو ئەوی تر «الاخر»ی غەریب لەخۆی دەکات، «بەرزەمن» ئاراستەی «من»ی دەکاتەوە... لێرەدا کاریگەرێکی دەرەکی سەرهەڵدەدات: «دەسەڵات»، کە نەخشە بۆ جیاکردنەوەی خێرو شەڕ دادەنێت و دەبێت مرۆڤیش سەرشۆڕ بێت بۆ ئەو کاریگەرە

دەرەکییە.

* * *

لەکاتێکدا کە هیچ جەنگێک ڕەوانییەو هەر بەهانەیەکی بۆ بهێنرێتەوە بێ مانایەو هەمیشە مەرامێکی دەسەڵاتدارێتی و مەرام و نیازی کەس یان کەسانێکی خۆپەرستی لە پشتەوەیەو زۆرجار ڕیشەی لە دەروونی نەخۆشی کەسێکی مەرگپەرستی نارسیستی یان نارسیزمێکی بە کۆمەڵ دایەو ڕیشەی هەر نەخۆشی یەکی دەروونیش لە شکستی مرۆڤ لە خۆش وویستن و عیشق دایە... بەڵام ڕەنگە هەندێک جۆری ململانێ و شەڕکردن ڕەوایی تیابێت، وەک ڕاپەڕین و شۆڕش دژی دەوڵەت و سیستمە زۆردارو دیکتاتۆرەکان و بەگشتی شەڕ دژی زوڵم و چەوساندنەوە... هەرچەندە وەک ووتمان هەموو شەڕێک براکوژییە، گەر هەموو مرۆڤاکان وەک برا سەیربکەین؛ بەڵام لە ڕوانگەیەکەوە ڕەنگە بتوانین هەموو ئەو کەسە زاڵم و دەروونەخۆشانە بە کەسانێک بژمێرین کە هەموو ئاستێکی مرۆڤبوونیان لە دەستداوەو تەنانەت ئەو کۆمەڵە خەڵکە زۆرانەش کە بەوویست و ئارەزوو و باوەڕی خۆیان بەرگری لەو جۆرە سیستم و ڕژێمانە دەکەن... وە هەروەها گەر لە ڕوانگەیەکی ئینسانگەرایانەوە بڕوانین نابێت تەنها جەنگێک بە قێزەوون و دڕندانە بزانین کە پەیوەندیی بەخۆمانەوەیەو لەناو میللەتی خۆمان و تایەفەو خێڵی خۆمان دایەو گوێنەدەینە جەنگی نێوان میللەتانی غەریب لە خۆمان؛ کە ئەمە پرۆسەیەکی تەواو خودشەیدایانەو نەبینینی بەرامبەرە... بەڵام هەرچۆنێکبێت و لەهەر ڕوانگەیەک و بەهەر تێڕوانینێک بێت، هەمیشە شەڕی نێوان گرووپە جیاجیاکانی میللەتێک لەسەر دەسەڵات کارەساتێکی گەورەی نامرۆییانەیە کە هەمیشە جگە لە زیانە گەورە مرۆییەکانی، زیانی گەورەو برینی سارێژنەبوو لە جەستەی ئازادی و سەربەخۆیی و پرۆسەی دیموکراسیدا دەچەقێنێت...

ڕاستە شەڕی ناوخۆ هۆکار «وسیلە»یەکە دوژمنی شۆڕشێک بەکاریدەهێنێت بۆ چەواشەکردن و بەهەڵەدابردنی ئەو شۆڕشە بۆ سەرنەکەوتنی و یان بەلایەنی کەمەوە سوودوەرنەگرتن لە ئامانجەکانی، گەر سەریشکەوت؛ ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە دەستی دوژمنانی کورد لە ئاژاوەو ناکۆنیەکانی نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بێتوانایی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور، نەک هەر لە پێنەگەیاندنی ڕاپەڕین و هێنانەدیی ئامانجە هەمیشەییەکانی نەتەوەکەیان و خۆشیان، بەڵکو لەوەرگرتنی لایەنیکەمی سوودیش لەو بوارو هەلە هەڵکەوتووانە، وایکرد لە کاتێکدا کە چەند شارێکی ئازاد لە دەسەڵاتی بەعس و گەلێکی ئامادە بۆ گۆڕانکارییان لەبەردەمدابوو، وا دەربکەوێت کە هەموو ڕەنج و هەوڵ و تێکۆشان و خەباتیان.. بە کوشتدانی هەزاران کەس، لە پێناوی هیچدا بووبێت؛ ئەگەر نا دەبوو پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵ و پڕ چەرمەسەرییەو کارەسات و شکست و هەرەسەکانیان و چەندان جار کەوتنە بەر ئەگەری نەمان و فەوتانی نەتەوەیەک، ئەم دەسکەوتە گەورەو گرنگەیان لەدەستنەدایەو لە جیاتی شەڕکردنیان لەسەری و خۆپەرستی یان لە داگیرکردنی هەریەکەیان بۆ خۆی و خودشەیداییان لە لافی هەر لایەنێکیان بۆ بەدەستهێنانی، بەوپەڕی توانایان بیانپاراستایە... جگە لەمە، لە لایەنی عەسکەریشەوە، لە کاتی ڕاپەڕین دا هەموو هێزو لایەنەکان بە چەکەوە دابەزینە ناو شارەکان و دیسان خەباتی چەکدارییان بەسەر ڕاپەڕینەکەدا زاڵکرد (٢١)؛ کە هەر لایەنێک مەبەستی گرتنەدەسەڵات و بوون بە پێشەوای ڕاپەڕین بوو؛ ئەگەر نا دەبوو ئەرکی ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە بگرنە ئەستۆ، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕاپەڕینەکەیان خاوکردەوەو خەڵک ئومێدیان بەوەبەست کە بەهۆی شەڕی چەکدارانەوە سوپای عێراق لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەشکێت و لە لایەکی تریشەوە بەهانەیدایە دەست ڕژێمی بەعس کە بۆ بەرگریکردن لە دەستتێوەردانی دەرەوە، بە سوپا سەرکوتی ڕاپەڕینەکە بکات.

بەڵام ئەوەبوو، بەهۆی نەبوونی هیچ بەرنامەیەکی هاوبەش و هیچ ستراتیژێک و نەبوونی هیچ جورئەتێکی سیاسی و جگە لەمانە سوپای عێراق و توانای عەسکەری و چەکی - هەرچەندە سوپایەکی لاوازکراو بوو - لەچاو هێزەکانی خەڵک و حیزبەکانی کوردستاندا زۆر بەهێزتر بوو؛ بەهۆی هەموو ئەمانە، نەیانتوانی بەسەریدا زاڵبن و گەل و ڕاپەڕین تووشی شکستهات و، پاش هەموو شتێکیش بە تایبەتی نەبوونی جورئەتی سیاسی و بڕیارو ئەندێشەی سیاسییانەی واقیعی

و نەبوونی توانای خوێندنەوەی هەلومەرجە سیاسییە هەلکەوتووەکان و بارودۆخی جیهانی و لە هەمووی گرنگتر گوێنەدان بە ئامانج و ئاواتەکانی خەڵک؛ ئامانجی سەرەکی و هەمیشەیی نەتەوەیەک: «سەربەخۆیی» بە بنبەست گەیشت و دیسانەوە بووەوە بەخەیاڵ و خەونێکی دێرینە.. هەڵەیەکی زۆر کوشندەتر کە پەیوەندی بە عەقڵیەتی خێڵەکی هێزە چەکدارەکانی کوردستان و خودشەیدایی و خۆپەرستیانەوە هەیە؛ ئەو عەقڵیەتەی وایکردووە هەمیشە هەموو چارەسەرکردنێک و هەموو پرۆسەیەکی سیاسی و رەفتاریان چەکدارانە بێت، کە بنەمای شۆڕشی چەکدارییان بووە، ئەوە بوو کە حیزب و هێزە چەکدارەکانی کوردستانی باشوور لەناو شارەکانیشدا نیشتەجێبوون، هەروەک لە شاخ بن وا هەڵس و کەوتیان دەکرد... هەمیشە «کاتیبوون ـالموقتیيە» بەهەموو پرۆسەو پراکسیستیکیانەوە دیارە؛ هەروەک چۆن لە شاخ و لەسەردەمی خەباتی چەکداری و پارتیزانیدا هەموو شتێک و هەموو بارەگاو سیاسەتی ناوخۆو پراکتیک و هەر ستراتیژێک کاتییە.. تەنانەت ئەمە لەلای دانیشتوانی شارەکانیش بۆتە هەستێکی هەمیشەیی بەکاتیبوون و بێبڕوایی و هەستنەکردن بە ئاسایش و هەمیشە چاوەڕوانیکردنی ئەوەی لەهەموو ساتێکدا کۆچ و ماڵ جێهێشتن و رەوکردن ڕوویدات؛ لە کاتێکدا فاکتەرێکی شارستانی بوون و پێشکەوتن، نیشتەجێبوونە، کە ڕەنگە ئەم هەست بەکاتیبوونکردن و کۆچەرییە گرفتێکی گەورەی کوردو هۆیەکبووبێت لە پێشنەکەوتن و شارستانی نەبوونیدا هەر لەدوای تێکشکاندنی شارستانێتی و کیانی نەتەوەییەوە لەلایەن ئیسلامەوە.بێگومان ئەم عەقڵیەتەو ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هۆیەکی گەورەی ئەوەیە کە حیزبەکان نەتوانن گوێ لە ڕۆشنبیران بگرن و تەنانەت گوێ لە گروپە سیاسییەکانی تریش بگرن کە لەتەرازووی هێزدا لاوازترن و بەو پێیەش توانای بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی دەسەڵات ومیان ڕاستتر توانای پچڕینی دەسەڵاتیان نییە (٢٢)... ڕادەی تێگەیشتنیان تا ئاستێکی زۆر نزمبکاتەوەو توانای گفتوگۆیان لانەهێڵێت...

ڕەنگە هۆیەکی بەهێزی تری لەیەکتر تێگەیشتن و هەرگیز یەکنەگرتنەوەو پێکنەهاتن لەسەر هیچ شتێک، هیچ بۆچوون و بڕیارو پراکتیکێک، هیچ پرۆسەیەک، لە نێوان دوو لایە سەرەکییەکەی حیزبەکانی کوردستانی باشوور کە دەسەڵات و مافی فەرمانڕەواییان هەیە، ئەوەبێت کە لەکاتێکدا سەرکردەکانی هەریەکەیان لەلای ئەندامانی خۆیان و هەموو هەوادارەکانیان خاوەنی کەسایەتیەکی کاریزمی و پیرۆزییەکی ڕەهان و لە ئایدۆلۆژیاو سیستەمی بەڕێوەچوون و پراکتیکیشدا مەرجەعیەتێکی بێ (چوونوچرا) یان هەیەو وەک (بەختیار عەلی) دەڵێت بوونەتە «ئەیقونێکی پیرۆز»و لە هەمان کاتدا لەلای گروپی بەرامبەر دەبێتە «وێنەی دوژمن» (٢٣) و هەمیشە ئەم سەرکردەیە بە «خائن» لەقەڵەمدەدرێت و هۆی نوشوستییەکانی نەتەوەی کوردو خەباتی چەکداری دەدرێتە پاڵ ئەوو هەمیشەش ڕووداوی ئاشکراو لەبەرچاو هەیە کە پشتپێببەسترێت و بکرێتە نموونە بۆ سەلماندنی ئەو بیروڕایانەیان بەرامبەر یەکتر.

بێگومان ئەم حاڵەتە بەردەوام لەلای هەریەکەیانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ سەلماندنی نادیموکراسیبوون و خێڵەکیبوونی گروپی بەرامبەرو نەبوونی ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕەخنەلەخۆگرتن» لە سیستەمی بەڕێوەچوون و پرۆگرامی ناوخۆی خۆیاندا... کەسێکی سەر بەلایەنێکیان هەمیشە لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە نەبوونی ئازادی بیروڕا لەناو گروپی بەرامبەرداو مەزەنەی ئەو چارەنووسە ترسناکەدەکات و ئەوەی بەسەریدێت «سزاو زیندان و تاڕادەی کوشتنیش»کەخۆی ـ وەک کەسێکی دژ بەوگروپە ـ لەناو هەمان گروپدا وێنادەکات و لە قاڵبی ئەندامێکی ئەو گروپەدا «بەمانای لەکاتێکدا کە خۆی وەکو ئەندامێکی ئەو گروپە وێناکردووە» بەئازادی ڕەخنە لە گروپەکە دەگرێت و دژ بە ئایدۆلۆژیای گروپ قسەدەکات «کە ڕەنگە لە ڕەگەزدا هیچ جیاوازی یەکی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای گروپ خۆیدا نەبێت» (٢٤) و تاڕادەی ئەوەی سەرۆکی گروپیش بەخائن و پرۆسە سیاسی و عەسکەرییەکانی بە خیانەتکارانە لەقەڵەمدەدات، ئەمەش ناودەنێت «ڕەخنە لەخۆگرتن». لەکاتێکدا ڕەنگە هەمان چارەنووس بەو شێوە ترسناکە لە ڕێگای ئەندامێکی گروپی خۆیدا نەبێت کە هەمان شێوە ڕەخنەش بگرێت، لەڕاستیشدا ئەو شێوە ڕەخنەو شێوە بیرکردنەوەیە لەلای ئەندامێکی ئەو گروپە ـ کە زۆر دەمارگیرانەو خودشەیدایانە بە «گروپی خود»دا نووساوەو، بەڵکە گروپ و سەرکردەی خۆی وەک بتێکی پیرۆزو پەرستراوو ئایدۆلۆژیای خۆی وەک ڕەهایەک سەیردەکات ـ دروستنابێت، مەگەر بەرادەیەکی کەم لە لای ڕۆشنبیرانی گروپ «گەر هەبن» سەرهەڵبدات.

هەواڵنامەی کتێب
KURD ARSHIV

لە ڕاستیدا هەڵەی ئەم کەسەش بیرکردنەوە خودشەیدا و خودخواهانەکەی و ئەندێشە ئیسقاتی و دەمارگیرانەکەیەتی کە لەبیرکردنەوەیدا لە بەرامبەر، خۆی دەبینێت و گرووپی خۆی نەک بەرامبەر.. بە هەمان عەقڵیەت و بیرو بۆچوونی گرووپی خۆیەوە کە تەواو دژ بەهەموو شتێکی گرووپی بەرامبەرە، خۆی لەناو ئەو گرووپەدا وێنادەکات؛ لەڕاستیدا ڕەنگە هەمان کەم و کوڕی و ڕووە ناشیرینەکانی حیزبی خۆی بێت بیشکێنێتەوەو فڕێیبداتەوە سەر حیزبی بەرامبەر (دوژمن) کە ئەمەش هەمان میکانیزمەی «ئەندازەگیری بەخودو شکاندنەوە»یە... بێگومان هەمان شێوە بیرکردنەوە لەلای کەسانی گرووپی بەرامبەریشەوە دەربارەی گرووپی ئەم هەیە.

* * *

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور، بەلایەنی کەمەوە لە شێوەو ستاتووی ئێستایاندا، هەر لەسەرەتای دەستکردن بەخەباتیانەوە هەمیشە لە ململانێی دەسەڵاتدا بوون، بەڵکو دروستبوونی هەر گرووپێکیان، لەو ململانێیەوە دەستیپێکردووەو سەریهەڵداوە؛ نەک زەرورەتێکی بابەتی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، نەتەوایەتی و هیچ زەرورەتێکی ئینسانی خوڵقاندبێتی... وە بێگومان ئەو ململانێ یانە هەمیشە لە پێناوی خودی دەسەڵاتدا بووەو هەیە؛ نەک گەیشتن بە دەسەڵات بۆ خزمەتکردنی خەڵک و پێشخستنی کۆمەڵگاو لایەنە مرۆییەکانی ژیان، وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسی و مافی ململانێ و موونافەسەی شەریفانەو لە ئاستێکی ئینسانیدای هەر حیزب و گرووپێکی سیاسی.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی پاتریارکی و ئەو شارستانییەی بینایکردووە ناتوانێت بێدەسەڵات و بوونی دەوڵەت، بوونی هەبێت و هاودەنگی نێوان خواست و مەرامەکانی کەسان و پرۆسەی بەردەوامیی ئەم شارستانیەتە ڕابگرێت؛ بەڵکو سیستم و بونیادی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەم شارستانییەتەدا لە سایەی، یان لەسەر بنچینەی دەسەڵات و دەسەڵاتی دەوڵەت بەرقەراربووە؛ چونکە لە بنچینەی کۆمەڵگای پاتریارکی کۆمەڵگایەکی دەسەڵاتدارێتییەو لە ئەنجامی ململانێی دەسەڵاتەوە هاتۆتەکایەوە؛ بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ ڕەتکردنەوەی دەوڵەت و دەسەڵات بێهودەیە، بێڕەتکردنەوەی ئەم شارستانییە ... مرۆڤ و هەموو هەوڵدانەکانی بۆ دەرچوونی لە قەیرانەکانی کۆمەڵگای پاتریارکی و شارستانییەتەکەی لەبەردەم دووڕیانێکدایە: ڕەتکردنەوەی ئەم کۆمەڵگاو شەرستانییە، وە یان پەرەپێدانی ئەم شارستانییەو چارەسەرکردنی قەیرانەکانی لەناو خودی هەمان کۆمەڵگادا؛ ئەویش تەنها بەوەدەبێت، کە بەشەریەت واز لەخۆپەرستی و بیرکردنەوەی مەرگ پەرستانە بهێنێت.. دەبێت دەسەڵات تەنها وەک سیستمێکی هاوسەنگیی نێوان کەسان و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان سەیربکرێن، نەک وەک ئامانجێک بۆ دەسەڵاتدارێتی و زاڵبوون بەسەر کەسانی دیدا ... گواستنەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا، بۆ دەسەڵات و زاڵبوون بەسەر سروشت و دەوروبەردا ... گەیاندنی تواناکانی مرۆڤ بە لووتکە ... بێگومان ئەمەش زۆر سەختە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە، لەناو ئەم شارستانییەتەدا کە لەسەر ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای باوکایەتییەوە هاتۆتەکایە؛ وە بێ گومان گەیشتن بەم ئامانجە مرۆڤ دۆستانەیەو وازهێنان لەو خودپەرستی و دەمارگیری و مەرگپەرستی و دووباوەڕییە، خۆی ئەو هەوڵەی تری مرۆڤ دەسڕێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابووردوو و حەسرەتی لەدەستچوونی ڕابووردوو؛ مەبەست لەڕەتکردنەوەی شارستانیەت و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای سەرەتاییە، کە بێگومان ئەمە بنچینەیەکی بیرکردنەوەی ئاینییانە (یان مەعریفەی ئاینیی) هەیە (٢٥) کە لەخاڵێکدا کۆدەبێتەوە: حەسرەتی بەهەشتی لەدەستچوو؛ ڕەتکردنەوەی دونیاو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانەوەی بەهەشت ... هەرچەندە لەڕاستیدا هەرگیز سەربەخۆیی و ئازادی و یەکسانی بەدەستنایەت تا بەتەواوی دەسەڵات و دەسەڵاتی دەوڵەت لەناونەچێت؛ بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم لەناوچوونە لە ڕێگای گەشەو پەرەپێدانی مرۆڤایەتییەوە بێت، نەک گەڕانەوە بۆ ڕابووردوو...

* * *

نەبوونی دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەو ڕەتکردنەوەی دەوڵەت دووشتی زۆر جیاوازن ... کوردو کۆمەڵگای کوردی خاوەنی دەوڵەت نییە؛ لەبەرئەوە ڕۆشنبیری کوردی ناتوانێت بەتێزی

«ڕەتکردنەوەی دەوڵەت» یان دەسەڵات کاربکات .. بەڵکو ناتوانێت مەعریفەیەکی سەربەخۆو تایبەت بەخۆی هەبێت؛ لە ڕاستیدا هەتا دەوڵەتێک و دەسەڵاتێکی دیاریکراو نەبێت، مەعریفە نازانێت لەسەر بنچینەی چی و لە بەرامبەر چیدا خۆی ڕێکبخات .. خیتانەکانی ڕووبەڕووی کێ بکاتەوە ...
لە ساتەوەختی ئێستادا کوردو مەعریفەو ڕۆشنبیریی کورد ناتوانێت باس لە نەمانی دەوڵەت و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بکات ... بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەدەسەڵاتی دەوڵەت و گرفت و قەیرانەکانی دەوڵەت و دەسەڵات ڕەهابووە؛ بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سلبیانەتر کەوتۆتەوە ناو، وەیان ڕاستتر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی جیاوازەوە؛ کە جگە لە دژایەتیکردنی ئەو دەوڵەتانە، ناتوانێت بڕیارو جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبێت بەرامبەریان، چ جای ئەوەی داوای نەمانی دەوڵەت بکات. بەڵکو یەکەمین هەوڵی زیندووی کورد سەلماندنی بوونی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە؛ تەنها ئەو کاتەش دەتوانێت لە هەڵوێستێکی بەهێزەوە بڕیار لەسەر شتەکان بدات .. لەگەڵ نەتەوەکانی دیدا ببێتە یەک یان نەبێت .. بوونی دەوڵەت بە پێویست بزانێت یان ڕەتیبکاتەوە ... ئەوکاتە ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران دەزانن پرسیارو خوێندنەوەو ڕەخنەکانیان ئاراستەی کێ بکەن.
ڕۆشنبیری ئێمە دەبێت کارێکی وابکات کە بەشێوەیەکی کاریگەر خۆی لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا جێگابکاتەوە، تابتوانێت کاریگەریی هەبێت بۆ گۆڕین و پێشخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (کە لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی بونیادە داخراوەکەی کۆمەڵگایە) و دابڕانی، وەیان بەلایەنی کەمەوە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مەعریفەی ئاینیی، کە مەعریفەی باڵادەستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا؛ چونکە هەروەک لە هەر کۆمەڵگایەکی داخراودا بەتایبەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، ئاین و لەگەڵیدا گروپە ئاینییەکان خاوەنی «هێزن لە کۆمەڵگادا، بۆیە هەمیشە ئەم مەعریفەیەش باڵادەست و دەسەڵاتدارەو، لە ڕوانگەی «فۆکۆ»شەوە ئەوانەی خاوەنی هێزن لە کۆمەڵگادا، خاوەنی شیفرە (مۆرس)ی نهێنین، یان کۆمەڵە پلانێکن کە لەپشت مۆرسە زانستییەکانی مەعریفەوە شاراونەتەوە ... ئەم مەعریفەیەش سەرەکیترین و جەوهەریترین پرۆسەی: دۆزینەوەو هێنانەکایەی یەقینە بەتواناو قودرەتێکی ڕەهاو بە پیرۆزکردنی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان پێوەی هەیەو بە گوناهکار خستنەپێشچاوی مرۆڤ و چاندنی هەستکردن بە گوناهە لە مرۆڤەکاندا، بۆئەوەی هەمیشە وابەستەبێ بەقودرەتێکی ڕەهاوەو هەست بەبێ توانایی بکەن لە بەرامبەری داو هەمیشە وامەزنەبکەن بەداواکردنی ئامۆرزەش و بەخشین لەو «ڕەها»یە، لە گوناهی خۆیان کەمدەکەنەوەو بەشێک لە توانای خۆیان (کە تەسلیمی ئەو ڕەهایەیان کردووە) بەدەستدەهێننەوە؛ لەمەوەش کردەی «پەرستن» دێتەکایەوە کە لەڕەگەزدا ڕیشەی لە ڕەدکردنەوەی ژیان و بەبێبەهاگرتن و پیرۆزکردن و بڵنددا داکوتاوە؛ ئەمەش میکانیزمەی بیرکردنەوەی کەسی مەرگ پەرستە ...
مەرگ پەرست بەقوڵی لە ژیان دەترسێت؛ چونکە ماهیەتی ژیان ناڕێک و پێکەو دەسەڵاتدارێتی و زاڵبوون پەسەندناکات... مەرگپەرست عاشقی دەسەڵاتدارێتییەو لە کردەی زاڵبوون و دەسەڵاتداربووندا ژیان دەکوژێت. تەنها لەگەڵ شتێکدا دەتوانێت پەیوەندی بەرقەراربکات کە موڵکی خۆی بێت و ژیانی لە پێناوی موڵکەکانیدا بەخشدەکات؛ هەرچەندە لە ڕاستیدا دوای ژیان ئیدی موڵکداری بوونی نییەو مرۆڤ کە مرد کۆتایی بە موڵکداریتیی تایبەتیی خۆی دێت. بەڵام لای ئەو ئەوەی گرنگە «هەبوون ـ تملک» ـە نەک «بوون ـ وجود ـ الكینونە»؛ کە لەڕاستیدا بە پێچەوانەوە بەختیاریی مرۆڤ لە «بوون»دایە نەک لە «هەبوون»دا ... گرنگ لای ئەو یادومرییە، نەک ئەزموون .. عاشقی سیستەم و ڕێک وپێکی و یاسایە ... لە لای مرۆڤی عاشقی ژیان، بەڕای فرۆم ڕووبەڕووبوونەوەی بونیادیی مرۆڤ لە نێوان ژن و پیاودایە، بەڵام لای کەسی مەرگپەرست، لە نێوان کەسێکدایە کە توانای کوشتن و کەسێکدا کە ئەو توانایەی نییە. لای ئەو تەنها دوو ڕەگەز هەیە: تواناو بێ توانا؛ بکوژو کوژراو ...
فرۆم دەڵێت: «ئارەزووە سێکسییەکان دەتوانن ژیان بخولقێنن، بەڵام «هێز» (کە تایبەتمەندیی مرۆڤی مەرگپەرست مەیل و وابەستەگییەتی بە هێزەوە؛ کە پێناسەی «سیمۆن وایل» تواناو قابیلیەتی گۆڕینی مرۆڤێکە بۆ جەستەیەکی مردوو) دەتوانێت نابوودیبکات. وە لە دواشیکردنەوەدا «هێز» ڕاستەوخۆ پابەندی، یان لەسەر بنچینەی «توانای کوشتن»ـە. (٢٦).
هەموو ئەو سیستمانەی لە بابەتی سێکس و پەیوەندییە سێکسییەکان و بەتایبەتی پەیوەندیی

ژن و مێردایەتیدا سەختگیرو موحافەزەکارن، هەمیشە سیستمێکی دەسەڵاتدارێتی سەرکوتکەرو تۆتالیتارن کە سادەترین و لە ڕاستیدا خودخاهانەترین دروشمیان، وەیان ڕاستتر بونیادی بنچینەیی و سەرەکیی سیستمەکەیان ئەخلاق و پیرۆزکەراییە ... هەمیشە لە چەمکی «خیانەت»دا (وە بەتایبەتی لە خیانەتی ژن و مێردایەتیدا: خیانەتی سێکس) ماناو دەلالەتە بەرفراوانەکەی «خیانەت» دەبینن و مەبەستیانە: خیانەت لە نەتەوەو نیشتمان و حیزب و دەوڵەت، کە ئەم جۆرە خیانەتەش گەورەترین تاوانە، بۆیە هەمان شێوە خیانەتی سێکسیش بە تاوانێکی گەورەو زۆرجار نەبەخشراویش دەژمێردرێت؛ خیانەت لە هاوسەر وەک خیانەت لە نیشتمان و دەوڵەت وایە ... ئەمانە هەمووی ڕیشەی لە بونیادی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا داکوتاوە، کە زۆرجار خودی کۆمەڵگا دروستکەرو داینەمۆی ئەو جۆرە سیستمانە هەمیشە لایەنگری «تاک هاوسەری»ن و پەیوەندی ئازادی سێکس و خۆشەویستی ڕەددەکەنەوەو لە ڕاستیدا هەموو سیستمی پەروەردەو فێرکردنیشیان لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزراوەو سیستمێکی تۆتالیتاریی عەسکەریانەیە.

هەمیشە خێزان و دەوڵەت .. خێزان و کۆمەڵگا .. خۆشەویست و نیشتمان .. هاوسەرو نیشتمان .. دایک و خاک .. باوک و سەرۆک .. پەیوەندییەکانی خێزان و ژن و مێردو پەیوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵ .. هەموو ئەمانە بەیەک دەشوبهێنرێن و هەمیشە ئەمانەش بە پیرۆز سەیردەکرێن و نزیکییەکیان لە خواوەندەوە هەیە ... هەربۆیەش هەرگیز حیزب و دەوڵەت لەم سیستمانەدا (خاوەنی هەر جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی ڕووپۆش بێت) ناتوانێت دەستبەرداری ئایین بێت و، دواجار مەعریفەی ئایینی دەکاتەوە بە مەعریفەی زاڵی، حاکم بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی - سیاسی - ئابوورییەکانەوەو هەمیشەش ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری دەکەونە پەراوێزی دەسەڵاتەکانەوە ...

سیاسەت و حیزب و سەرکردەکان گوێ لە ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیری ناگرن؛ بەڵام گەر کەسان هووشیار بوون - هووشیاری بەو مانایەی ئازادی و سەربەخۆیی پەسەندبکەن - و بەتەنگ ژیانی خۆیانەوە هاتن، ئیدی دەسەڵات ناتوانێت بەتەنگ ژیانیانەوە نەیەت ... ڕەنگە تەنها بەم شێوەیەش مەعریفەو ڕۆشنبیری بتوانێت دەسەڵاتێک لە کۆمەڵگادا بەدەستبهێنێت ... گرنگترین و گەورەترین دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و مەعریفی کەسان و کۆمەڵگا ئەوەیە خۆیان لەوە ڕزگاربکەن کە هەمیشە سووتوی جەنگەکانی دەسەڵاتبن؛ تەنها ئەوە ڕزگاری و سەربەخۆیی ڕاستەقینەیە .. ئەوکاتە «کەس» دەبێتە بکەرێکی ئازادو سەربەخۆو لێ پرسراو لە کۆمەڵگاداو دەتوانێت هەوڵ بۆ بەکارهێنانی توانا مرۆیی یەکانی بدات...

سیاسەتی کورد - کە لە سیاسەتی حیزبەکانیدا بەرجەستەبووە (٢٧)- سیاسەتێکی لاوازو بێکەسایەتی و ترسنۆکە؛ لە ئازادی دەترسێت .. لە تەنیایی دەترسێت؛ بۆیە هەرگیز ناتوانێت سەربەخۆ بێت و لە وابەستەیی بیچڕێت و لە باوکەکانی دابڕێت و بەتەواوی ڕەتیان بکاتەوە ... حیزبەکانی کوردستانی خواروو (کە لە بەرەی کوردستانیدا کۆبووبوونەوە) لە گەورەترین و شیاوترین هەلدا .. لە لەبارترین بارودۆخ و زەمینەدا بۆ هەڵبژاردنی سەربەست و بڕیاری سەربەخۆو ئازادانە، نەیانتوانی سەربەخۆبن .. نەیانتوانی بڕیاری سەربەخۆبوون بدەن ... زۆر بەئاشکرا لەوە دەترسان تەنها بمێننەوەو ڕووبەڕووی ئەزموونی سەربەخۆیی و ئازادی لە حوکمکردندا ببنەوە لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، بۆیە (هەروەک هەمیشە لە سەرتاسەری مێژووی خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی تێنەکۆشاون) لەناو پەرلەمانی سەربەخۆی خۆشیاندا - لە کاتێکدا دوو حیزبی حاکم ناتوانن لەسەر هیچ شتێک لەگەڵ یەکدی پێکبێن و گوێ لەیەکتری بگرن و لە یەکتری تێبگەن - لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە جارێکی دی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان ببەستنەوە بە باوکە دیکتاتۆرەکەیانەوە؛ باوکی کۆلۆنیالی «ئەو باوکەی وەک بەختیار عەلی دەڵێت باوکە ڕاستەقینەکەی خۆیانی لەگەڵ خۆیاندا - باوکەکان و کوڕەکان - ی پێکەوە کردۆتە دەرەوەی گۆڕەپانی سیاسی و «دایک/ نیشتمان» یانی داگیرکردووە». (٢٨) ئەمەش جۆرە ماسۆشیەتێکی لە کەسایەتی ئەم حیزبانەدا دروستکردووە کە لەڕاستیدا بنچینەی لە بونیادی سایکۆلۆژی - سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگای کوردیدایە.

کەسایەتی ماسۆشی لە ئاستی تاکەکەسدا جگە لە مەدلولە سادەکەی کە ئازار دۆستییە، ئەو کەسەیە کە ئارەزووی ئەوە دەکات چەقی قورسایی خۆی بخاتە سەر - وە یان بداتەدەست - «هێز» یان هێزانێک کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا نین و بەم شێوەیەش لە ئازادی و لێپرسراویی کەس

هەڵدێت. ئەم ئارەزووە ئەستی یە «لاشعوری»یەی لاوازبوون و خۆ بەکەم و سووک سەیرکردن کە بزوێنەری کەسی ماسۆشییە، وەک فرۆم دەڵێت یەکێکە لە ناعەقڵانیترین گەرایشەکانی مرۆڤ ... بەڵام ماسۆشی تەنها ئازاردۆست نییە؛ بەڵکو قودرەت تەڵەب و دەسەڵاتخوازیشە .. ئارەزووی بەسەر کەسانی تریشدا دەکات؛ ئەم دوو گەرایشەی ئازاردۆستی و زاڵبوونیش دوو جەمسەری بونیادی کەسایەتی خۆپەرستە...

هەمان میکانیزمە لەلای حیزبەکانی کوردستان لەوەدا بەدیدەکەین، کە لەکاتێکدا لەسەر ئاستی ناوەوە خاوەنی کەسایەتیەکی «سادی»ن، لەسەر ئاستی دەرەوەو لە پەیوەندی یاندا بە دەرەوەی سیاسەتی کوردی ماسۆشین؛ بەمانای خۆیان بەلاوازو بێ توانا دەزانن و هەمیشە خۆیان دەبەستنەوە بە هێزێکی بە تواناترەوە بۆ تێرکردنی ویستی قودرەت تەڵەبی و دەسەڵاتخوازییان و بەمەش هەمیشە لە وابەستەییدا دەمێننەوە.

* * *

لەکاتێکدا ڕۆژئاوا لە سەرەتای دواهەمین چارەکە سەدەی ئەم سەدەیەوەو تەنانەت لەپێشتریش، لە سەدەیەکی نوێ دەڕوانێت و بیر لە سەدەی داهاتوو دەکاتەوەو نەخشەی پرۆژەکانی داهاتووی دەکێشێت و پرۆتۆکۆل و ستراتیژی سەدەی نوێ دیاریدەکات؛ تەنانەت ساڵی «٢٠٠٠» زیاتر لە دوو دەهەیە خەونی زۆربەی مرۆڤی ڕۆژئاواییە، بەڵام هێشتا مرۆڤی کورد لە حەسرەتی چەند سەدەیەک لەمەوبەردایە؛ حەسرەت بۆ ئەمارەتەکانی و کۆمارە ڕوخێنراو یان سەرنەگرتووەکانی دەخوات ... هێندە بەڕابوردووەوە شەتەکدراوە، لە دواهەنگاوەکانی ـ هەنگاوە خێراکانی ـ ئەم سەدەیەدا، تازە بیریدەکەوێتەوە کە ئەمە سەدەی بیستەمەو باس لە سەدەی بیستەم دەکات و کۆمەڵگای کوردی تازە هەوڵدەدات لەوە تێبگات کە لەسەدەیەکی نوێدایە؛ لە کاتێکدا ئەم سەدەیە بەسەردەچێت و کۆن دەبێت؛ بەڕاستی ڕۆشنبیری کوردیش خۆی بەقەیران و بنبەست دەگەیەنێت، گەر لە خوێندنەوەی دا بۆ ڕابووردوو، داهاتوو فەرامۆشبکات .. گەر ئەو خوێندنەوەیە جگە لەوەبێت بۆ تێگەیشتن لەو ڕابردووەو بیناکردنی داهاتوو لەسەرییەوە؛ بە مانایەکی دی گەر هەموو هەوڵی بۆ زیندووکردنەوەی ڕابووردوو بێت؛ لەکاتێکدا زۆر لەوە گرنگتر ئەوەیە ڕۆشنبیری ئێمە بە وردبینی لە داهاتوو بڕوانێت و هەوڵی خوێندنەوەی داهاتووی بدات؛ بێگومان لە کاتێکدا کە جێگا پێکانی لە ئێستادا جێگیربکات و «ئێستا»ی بە تێگەیشتنەوە بەجێبهێڵێت؛ کە ئەم ئێستایەش نەبێتە ڕابووردوویەکی مردوو؛ لە داهاتووشدا هەموو کاری زیندووکردنەوەی بێت و هەوڵی دووبارە خوێندنەوەو تێگەیشتنی بدات ... بەڕاستی کارو ئەرکی ڕۆشنبیری و بەتایبەتی دەروونزانی (گەر کورد هەوڵ بدات ببێتە خاوەنی دەروونزانییەک) ئەوەیە کە دیراسەی ئەو هەلومەرجانە بکات کە «کەس» وەیان کۆمەڵ هەمووی بەرەو یەکێک لەو دوو ئاراستەی سەلەفیەت و گەڕانەوە بۆ دواوە «ڕابرووردوو»، یان پێشکەوتن و نوێخوازی و لە داهاتوو ڕوانین دەبات؛ وە بێگومان هاندان و لە بارکردنی هەلومەرج بۆیان کە پێشکەوتن پەسەند بکەن و هەرچی زیاتر سەلەفیەت لە خۆیاندا بسڕنەوە ... زۆر گرنگە ئیدی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیریی کوردی هەوڵ بدات لەو سلبیەتە دەرچێت کە بەردەوام بەدوای زەمەندا ڕابکات و هەمیشە یەک دوو سەدە لە دواوەبێت؛ بەڵکو ئیدی بکەوێتە ناو زەمەن و لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا بڕوات ... سەختە، بەڵام لە تێڕوانین و تێ ڕاماندا ڕەنگە کارێکی ئاسانبێت؛ گەر بەهەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مەعریفی یەکانمان هەوڵی بۆبدەین. وە لەڕاستی دا بەڕای من تەنهاو تەنها لە ڕێگای ئەوەوە دەبێت کە ئیدی واز لە تێڕوانینە سلبییەکانمان بۆ جیهان و دونیا بهێنین .. ئیدی «ژیان»مان بەلاوە گرنگ بێت .. مەرگ پەرستی بگۆڕین بۆ عیشق و بۆ ژیان ... کارێکی زۆر بەنرخ و گەورەی ڕۆشنبیری ئەوەیە بتوانێت چەمکی «ژیان» لە عەقڵیەتی کۆمەڵگای کوردی و مەعریفەی کوردی دا بسەپێنێت .. مەعریفە خۆی لە دەسەڵاتی ئایین ڕزگار بکات ... ئەو عەقڵیەتە دەمارگیرە مەرگپەرستانەیەی مەرگ و ئایدۆلۆژیای مەرگ بەسەر هەموو کایە مەعریفییەکانی دا زاڵە، بگۆڕێت بۆ عەقڵیەتێک ژیان پەسەند بکات. ڕەنگە ئەوکاتە مرۆڤی کورد بتوانێت ژیانی لەلا خۆشەویست بێت و لە جیاتی پەرستنی مردووەکانی و هەمیشە یادکردنەوەیان و تۆڵە سەندنەوەیان؛ گرنگی بە ژیانی زیندووەکان بدات و هەوڵ بۆ خوشگوزەرانی و پێشکەوتن بدات. ئەوکاتەش کۆمەڵگا دەتوانێت سەربەخۆیی و ئازادی پەسەندبکات .. هەوڵی سەپاندنی دیموکراسی بدات.کۆمەڵگایەک کە عاشقی ژیان بێت؛ بەئاسانی نابێتە سوتەمەنی ی سیاسەت و جەنگ .. بە ئاسانی شەڕ بۆ دیکتاتۆرەکان ناکات .. سەرکردەکان

ناپەرستێت ... کەسێک کە ژیانی خۆی خۆشبوێت، بە ئاسانی ناکرێت بەگژ کەسانی دیدا ... کەسێک بەڕاستی عاشقی ژیان بێت، ژیان و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کەسانی دی بەڕەوا دەزانێت .. هەوڵ بۆ پاراستنی ژیان دەدات ... بەتەنگ ژیانەوە دێت .. نێرجسیەتی بە ئەندازەیەکی زۆر کەمدەبێتەوە...

ئازاری ١٩٩٦

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١- لەو لێکۆڵینەوەیەی «بەختیار عەلی»دا بەناوی «توندڕەوی لە نێوان نەوە تازەکان و گروپە کۆنەکاندا» [گۆڤاری یەکگرتن ـ ژمارە ١٧ ـ ساڵی ١٩٩٥ ـ دانیمارک] زۆر بەڕوونی و ئاشکراو بە شێوەیەکی وردەکارانە هەموو لایەنەکان و بەتایبەتی ئەو بونیادە سایکۆلۆژییەی پشت توندڕەویی کەسی کوردو گروپە کوردیەکان و ململانێ ی نێوانیان باسکراوە.

٢- «دل آدمی وگرایشش بەخیرو شر» ـ اریش فروم ـ ترجمە: گیتی خوشدل ـ نشر نو. تهران ـ چاپ اول ١٣٦٢ـ ل: ١٢

٣- «وونبوونی بەرامبەرو مەرگی پەیوەندی» ـ ڕێبین هەردی ـ گۆڤاری ئازادی ـ ژمارە ٤ـ ساڵی ١٩٩٤ ـ سلێمانی، ل: ٨٠

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٢

٥- هەمان سەرچاوە، ل: ٨٢ ئەم بابەتە بە شێوەیەکی تێروتەسەل لەم لێکۆڵینەوەیەی ڕێبین دا باسکراوە، خوێنەر دەتوانێت بچێتەوە سەری.

٦- زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە سیاسەتی کوردو هەموو هەوڵێکی بۆ گەیاندنی ئەو کەمە دەستکەوت و ئازادی و ئارادەیەک سەربەخۆییەی، بە ئەنجام و سەلماندنی بوونی خۆی، بە بنبەست دەگات گەر نەهەوێت گوێ لە ڕۆشنبیران بگرێت ... هەروەک نموونە (نەک وەک دیاریکردن) ئاماژە بۆ چەند نووسینێک دەکەم کە ئەگەر سەرکردەو سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کورد بیخوێننەوە (وەتێیبگەن) ئەوجا دەتوانن ـ گەر هەوڵبدەن ـ لەو مەترسییانە تێبگەن کە لەبەردەم کێشەی کورددایەو مەترسییەکان هەر تەنها ئەو مەترسییە ڕواڵەتییە سیاسی و عەسکەریانە نییە کە هەموو دەیبینین، بێ بینینی بونیادە شاراوەکانی پشتیان، بۆ نموونە: «توندڕەویی لە نێوان نەوە تازەکان و گروپە کۆنەکاندا ـ بەختیار عەلی»، «وون بوونی بەرامبەرو مەرگی پەیوەندی ـ ڕێبین هەردی» وە «چاوپێکەوتنێک لە نێوان دوو ئابووری ناسی کوردستانی خوارووا: (فەرهەدون حەسەن و محمد کریم). کە (ئاراس فەتاح) سازیکردووە ـ یەکگرتن ـ ژمارە ١٧، ١٩٩٥»، «چاوپێکەوتنێکی دی لە هەمان گۆڤارداو هەمان ژمارە کە دیسان (ئاراس فەتاح) لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرو نووسەرێکی کوردستانی باشووردا سازیکردووە».

٧- «ایا انسان پیروز خواهد شد؟» اریش فروم ـ ترجمە: عزت الله فولادوند ـ انتشارات مروارید ـ چاپ اول ـ سال ١٣٦٢، ل: ٣٣

٨- بڕوانە «دل ادمی» ئێریش فروم، ل: ٧٦

٩- بڕوانە «ایا انسان پیروز خواهد شد؟» ئێریش فروم، ل: ٣٧-٣٩

١٠- ئێریش فروم ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٥

١١- ئێریش فروم ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤١

١٢- ئێریش فروم «دل ادمی»، ل: ٨٦

١٣- ئێریش فروم ـ هەمان سەرچاوە، ل: ٨٨

١٤- بۆ نموونە «هیتلەر» کە خودشەیدایی نەژادیی کردە بیانوو بۆ ئەوەی هەموو گەلی ئەڵمانی داکۆکی لە

جیهانبینی و مەرامە دەسەڵاتداتییە فاشیانەکەی ئەو بکەن. هەروەها بیری کوردایەتی و نەتەوەیی و پاراستنی میللەتی کورد لە لەناوچوون و تەنانەت ئایین و دابونەریت و کەسایەتی کوردو... هتد، لە لایەنی حیزبەکانی کوردستانەوە وەک بابەتی خونشەیدایی گروهی بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و لە دوا دەرەنجامیشدا تەنها لە پێناوی مانەوەی دەستەی دەسەڵاتداری ناو گروپێک و تەنانەت ڕازیکردنی مەرامە دەسەڵاتداریتییەکانی پێشەوەشە.

١٠- کۆمەڵگا وەک دەسەڵاتێک کە هاوشانی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و دەسەڵاتی مەعریفی ـ سیاسی ئایین لە بونیادێکی تێکچڕژاوو تێکچوودا کاردەکات؛ کە لەڕاستیدا ئەم بونیادەو بەو

سیستمەی دەستدانەدەستی دەسەڵاتەکان زیاتر لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا بەدیدەکرێت.

١٦- ئێریش فروم ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٧

١٧- ئێریش فروم ـ «ایا انسان پیروز خواهد شد؟»، ل: ٤٢

١٨- ئیریش فروم ـ «دل ادمی»، ل: ١١٢

١٩- بڕوانە «الدولە» رشید طلیمات ـ درس فی الفلسفە ـ السلسلە الفکریە ٢ـ منشورات الجامعە ـ دار البیضاء ل: ٥١

٢٠- نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو شیعەکانی باشووری عێراقیش هەمان شتیان دووبارەکردەوەو گەورەترین هەڵەی ئەوان ئەوەبوو ڕاپەڕینەکەیان کردە شۆڕشێکی ئیسلامیی شیعی.

٢٢- ڕەنگە گەورەترین مشت «ضربە» لە ئازادی و پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا درابێت، سەپاندنی ڕێژەی ٧٪ بێت بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان و حوکمەتی کوردستان دا. جگە لە دابەشکردنی کورسییەکان بە ڕێژەی پەنجا بە پەنجا...

٢٣- بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی بەختیار عەلی: «توندڕەوی لەنێوان نەوە تازەکان و گروپە کۆنەکاندا».

٢٤- لەڕاستی گروپە سیاسی یەکانی کوردستانی خواروو، وە بەتایبەتی دوو گروپی دەسەڵاتدارو بەگژیەکداچووی ئێستا؛ جگە لەچەپە کۆمەنیستەکان، هیچ جیاوازییەکی ئایدۆلۆژیی ئاشکراو گەورەیان نییەو ڕەنگە هەر لەڕەگەزدا جگە لە ناکۆکیی خێڵەکییانە کە لە ململانێی خاک و دەسەڵاتدا کۆدەبێتەوە، هیچ هۆیەکی فەلسەفی یان سیاسی و ستراتیژیی گرنگ نەبێت بۆ دوژمنایەتییان.

٢٥- بێگومان نەک ئەندێشەی ئینسانگەرایانەی هەندێک لە ئەندێشەمەندانی ئایینی وەک زەردەشت و بوداو مەسیح؛ کە جەخت لەسەر ڕزگاربوونی مرۆڤ لە پەیوستەکی و هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و توانا مرۆییەکان و ڕەهابوون دەکەن، بەڵکە مەبەست لە ئایینە وەک مەعریفەی باڵادەست بەسەر هەموو کۆمەڵگاو کایە مەعریفییەکانی ترەوە کە بەردەوام تەبلیغی وابەستەمانەوە بە ڕابووردوو و چاندنی هەستی گوناه و بێتوانایی لە ناخی مرۆڤدا دەکەن و ئەمەش دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم گۆڕان و پێشکەوتندا.

٢٦- ئێریش فروم ـ دل ادمی، ل: ٣٧

٢٧- ڕەنگە تەنها حیزبێکی کوردی هەبێت کە بەجورنەتەوە تەرحی خۆی و ئامانج و ستراتیژی خۆی بکات (بە تایبەتی لە ئێستادا) پارتی کرێکارانی کوردستان بێت.

٢٨- بەختیار عەلی ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٠٠

# هاوكێشەكانی دەسەڵات
# سزا، كۆنترۆڵ، كاریزما

مەریوان ووریا قانع

## بەشی یەكەم: تیورە

### سەرەتا:

ئەم باسە تەرخانە بۆ لێدوان لە كێشەی دەسەڵات لە واقعی كوردیدا. بە مانایەكی دی تەرخانە بۆ لێكۆڵینەوە لە بابەتێكی گشتی - كە دەسەڵاتە - لە ناو واقعێكی دیاریكراو و تایبەتدا «واقعی كوردیی» دەكرێ بڵێم ئەو دوو جەمسەرەی ئەم باسە ئەیەوێ بەیەكیانەوە گرێبدات دوو جەمسەری گرفتنامێزن. یەكێكیان، دەسەڵات، كێشەیەكی تیوریی و فیكریی هێجگار ئاڵۆزە كە فیكریی بەشەری لە سەرەتای سەرەتاكانیەوە عەوداڵی لێتێگەیشتن و ناساندن و تیوریزەكردنیەتی. ئەوی دیكەشیان، واقیعی كوردی، بریتیە لە واقیعێكی ئاڵۆزی تێكەڵ لە دین و سیاسەت، تەقلیدیەت و مۆدێرنیزم، خەون و تێكشكان هتد... واقیعێكی پەراوێزی پشتگوێخراو و نەخوێندراوەی میللەتێك، كە لە بەردەم دەرگاكانی ساڵی دووهەزاردا «دەسەڵاتە ناوەكیەكانی» بەر لەو دەسەڵاتانەی لە «دەرەوەرا» دێن، جەستەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەردیی هەم خەڵك وەك گشتێك و هەم تاكەكان وەك بونێكی فەردی، هەنجن هەنجن و هەلا بەهەلا ئەكەن.

هەر لەم سەرەتایەوە ئاشكرایە كە هەردوو جەمسەرەكەی ئەم بابەتە دوو جەمسەری ئاڵۆزن، جەمسەری دەسەڵات، وەك بابەتێكی فیكریی جەمسەرێكی هێجگار بەرفراوانەو بە دەیان بۆچوون و تێزو تیورەی تایبەت و جیاواز، سەبارەت بە چیەتی و چۆنیەتی دەسەڵات و شێوازی كاركردن و فۆرمە جیاجیاكانی و كاریگەریە دیارو نادیارەكانی لەسەر ڕووكارو دەركەوتە جیاجیاكانی ژیانی گروپ و تاكەكەس، لە ئامێز ئەگرێت. لە ئەفسانە سەرەتاییەكانەوە بۆ كتێبە پیرۆزەكان، لە فەلسەفەی كۆنی چین و هیندو بابلەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، لە فیكری فەلسەفی ئیسلامیەوە بۆ مەسیحیەتی سەدەكانی ناوەڕاست، لە قۆناغی ئەنوارەوە بۆ فیكری فەلسەفی سەدەی نۆزدە، لە ماركسەوە بۆ ئایەتوڵا خومەینی، لە كۆمۆنەی پاریسەوە بۆ جەنگی خوێناوی كوردو كورد، ئەفغان و ئەفغان، هوتو و تووتسی، دەسەڵات بابەتێكە فیكری ئینسانی لە سێنتەری تێرامان و دەسەڵاتی سیاسی لە سێنتەری تەماحەكانی خۆیدا، دایانناوە. لێرەوە پەیرەوكردنی تێزمیەكی تایبەتی بەتەنیا لەناو ئەو سەفەرە درێژەی فیكریی بەشەری و تەماحی سیاسیدا، دەمانخاتە بەردەم مەترسی كورتكەرایی و ڕووبەڕووی ئەو مەترسیەمان ئەكاتەوە كە نەتوانین دەسەڵات وەك بابەتێكی فیكریی بە باشی بناسین و نەتوانین لە دەركەوت و فۆرمە جیاجیاكانی تێبگەین.

لەولاشەوە واقیعی كوردی خۆی، جەمسەری دووهەم، وەك واقیعێكی پاشكەوتوو، پەراوێزكراو، ئاینی، شێواو، لە دەرەوەرا كۆنترۆڵكراو، لە ناوەوەرا پارچە پارچەبوو، دابڕاو لە مێژوو، لە دنیا، بێبەش لە تەكانە نوێكانی مێژووی هاوچەرخی بەشەریەت، دەڵێم واقیعێكی لەو بابەتە دیارە

کۆمەڵێ کێشەی مەنهەجی و فیکریی ئەخاتەوە کە دیسانەوە چارەسەرکردنیان ئاساننییەو نووسەر ئەخاتە بەردەم کۆمەڵێ موغامەراتی فیکرییەوە. کۆمەڵێ موغامەرات کە دەخوازێ سنوورەکانی بیرکردنەوەو سنوورەکانی مەنهەج تا ئەوپەڕیی کرانەوە بکاتەوەو دەربازبێ لە تەڵەی تاک مەنهەجی و تاک ڕوانین. بەم جۆرە ئەم نووسینە بێبەش نییە لە تەحەدای هەردوو جەمسەرەکەی ئەم بابەتە، هەر ئەمەشە وای لێدەکات ببێتە شوێنی لێڕازینەبوون و مشتوومڕی جیاواز، کە هیوادارم ببێتە سەرەتایەک بۆ خستنەوەی کۆمەڵێ ناکۆکی فیکریی شێلگیر کە لە ڕێگایانەوە بتوانین ئاڵۆزیەکانی ئەم بابەتە هەرچیبێت ساکارتر بکەینەوە.

* * *

لەم نووسینەدا بۆ ئەوەی دەزگایەکی چەمکی لەبار دروستبکەین، هەوڵئەدەم سوود لە زیاد لە تیۆرییەک لە تیۆرەکانی دەسەڵات ببینم، هەروەها هەوڵئەدەم واقیعی کوردیی لەو ئاستانەدا بخوێنمەوە کەدەشێ ئەگەری ئاساندنی شێوازی کارکردنی دەسەڵات لە ناویدا مسۆگەرترو گرنگترو ئاشکراتربێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵئەدەم سوودێکی زۆر لە تیۆرەی دەسەڵات لای (گرامشی) و (فۆکۆ) و (بۆردیۆ ) وەربگرم. لە هەریەکێکیان چەمکێ یان چەند چەمکێ بخوازم، دواتر ئەو چەمکانە بەسەر یەکەوە وەک سیستەمێک بۆ خوێندنەوەی چەند ئاستێکی جیاوازو چەند فۆرمێکی جیاوازی دەسەڵات لە چەند ئاستێکی جیاوازی ناو واقیعی کوردیدا، بەکاربێنم.

ئەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕاستیەم لەبەرچاوە کە ئەم سێ فەیلەسوفە، خاوەنی سێ تیۆرەی جیاوازو، سێ مەنهەجی جیاوازو، سێ کەلەپووریی فیکریی جیاوازو لەوێشەوە سێ دنیابینی جیاوازن. هەر یەکێکیان لە دەلاقەیەکی تایبەتەوە لە مەسەلەی دەسەڵات ئەڕوانێ، هەر یەکێکیشیان مەبەستی جیاوازی هەیە.

بۆ نموونە گرامشی بە «فەیلەسوفی شۆڕش لە ڕۆژئاوادا» «١» ناو نووسئەکرێت و تیورەی دەسەڵات لای ئەم لە جەوهەردا وەک «تیورەی حیزب» «٢» تەماشا ئەکرێت. پرسیاری سێنترال لای گرامشی بریتیە لە چۆنیەتی گەیشتنی حیزبی پرۆلیتاری بە حوکم. بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرامشی ئەم پرسیارە ستراتیژیە دابەشئەکات بۆ کۆمەڵێ پرسیاری بچووکتری لە بابەتی: چۆن حیزبی پرۆلیتاری «هەیمەنە» پەیدا بکات؟ چۆن بە چ شێوەیەک کاربکاتە سەر یەکە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؟ حیزب چ پەیوەندیەک لەگەڵ دەوڵەتدا دروستبکات؟ لەگەڵ کام هێزی کۆمەلایەتیدا هاوکارو دژ بەکام هێزی کۆمەلایەتی بێت، واتە چ جۆرە «بلۆکێکی مێژوویی» پێکبهێنێت، ئەم پرسیارانە لە جەوهەردا کۆمەڵێ پرسیاری - لینینن - بۆیە کەمنین ئەوانەی گرامشیزم بە لینینیزم ناو ئەبەن، بەلام نە بۆ ڕوسیا بەڵکو بۆ ڕۆژئاوا«٣».

(فۆکۆ) سەر بە کەلەپوورو ڕەوتێکی فیکری دیکەیە. ئەگەر گرامشی لە دۆخی گەڕانەوەیەکی بەردەوامدا بێت بۆ (مارکس)و کەلەپووری مارکسیزم، ئەوا فۆکۆ لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ (کانت) و (نیتشە)دا، زۆرن ئەوانەی پێیان وایە شێوازی کارکردنی کانتیانەو نیتشەویانە هەمان شێوازی کارکردنی فۆکۆییە، کانت جێگیرێکی بەردەوام و نیتشە لە هەموان زیاتر لەو کارانەدا ئامادەیە«٤».

فۆکۆ هەڵگری تیۆرەی حیزب نییەو هەر لەسەرەتاشەوە باوەڕی بە دابەشکردنی نێوان «کۆمەڵگای مەدەنی» و «دەوڵەت» نییە«٥». شۆڕش بە گشتی و شۆڕشی پرۆلیتاریی لای فۆکۆ بابەتی تیوریزەو فیکراندن نین. ئەوەی فۆکۆ عەودالی بوو کێشەی دەسەڵاتە وەک تۆڕێک لە پەیوەندی هەمەلایەن و گشتگیر بەسەر جەستەی کۆمەلایەتیدا. لەو شوێنانەدا کە (فۆکۆ) لە مانا سیاسییەکانی دەسەڵات نزیکئەبێتەوە، نەک بەتەنها باسی دەوڵەت یان پەیوەندی دەوڵەت و حیزب ناکات، بەڵکو باسی ئەو بابەتانەش ناکات کە فیکری سیاسی لە هەردوو چەمکە جیاوازیەکەیدا مەبەستم ڕیالیزمی سیاسیی و، یۆتۆپیاگەرایی یە، باسیان ئەکات«٦». بەلای فۆکۆوە مانا سیاسییەکانی دەسەڵات لە مەیلی حوکمگەراییدا دەرئەکەوێ Goverementalism، بەلام نەبەمانای حوکم لە ناو دەوڵەتدا بەڵکو بە مانای «ئیرادەکردنی ژیان».

وەک ئاشکراشە ڕوویەکی دیکەی تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ بریتیە لە پەیوەندی نێوان

دەسەڵات و مەعریفە. فۆکۆ دەڵێ: «من باسی ئاغا ناکەم، من زیاتر لە خەمی بەرفراوانبوونی میکانیزمەکانی هەیمەنەدام» «٧». بە باوەڕی فۆکۆ ئەم میکانیزمانە بەتەنها چینێک لە چینەکان لێی بەر پرسیار نییەو بە تەنیا گروپێکی کۆمەڵایەتی هەڵگری نییە. بە مانایەکی دی دەسەڵات شتێک نییە یەکێک لە سەرەوەڕا بیسەپێنێ و ئەویدی لە ژێرەوەڕا لە دژی کاربکات. شتێک نییە بەتەنیا ئابووری یان سیاسەت پراکتیزەی بکات و مەعریفە یان هەقیقەت لێی بێبەشبێت.

فۆکۆ ئەڵێ: «ئەگەر کەڵەکەبوونی سەرمایە ئایندەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگای ئێمەبێت، ئەوا کەڵەکەبوونی مەعریفە لەو کەمتر نییە» «٨» هەر لێرەشدا پێ لەسەر ئەوە دائەگرێت کە «بەکارهێنان، بەرهەمهێنان، هەروەها کەڵەکەبوونی ئەم مەعریفەیە ناکرێ لە میکانیزمەکانی دەسەڵات جیابکرێتەوە» «٩».

(بۆردیۆ) هەم لە گرامشی و هەم لە فۆکۆ جیاوازە. سەرەتا ئەگەر ئەم دوانە فەیلەسوف بن ئەوا بۆردیۆ سۆسیۆلۆژە. ئەمەش وایکردووە (بۆردیۆ) هەم لە گرامشی و هەم لە فۆکۆ ئەزموونگەرتربێت و پەیوەندی ئەم بە دیاردەکانی دەسەڵاتەوە پابەندیەکی ماتریاڵیانەتر بێت.

گرنگی تیورەی دەسەڵات لای (بۆردیۆ)، بە بۆچوونی هەندێ نووسەر، لەوەدایە کە نووقسانیەکانی تیۆرەی دەسەڵات لای (فۆکۆ) تەواونەکات. ئەم تەواوکردنەش لە پێداگرتنی بەردەوامی بۆردیۆدایە لەسەر ڕەهەندە ڕەمزیەکانی دەسەڵات «١٠». واتە لەسەر ئاشکراکردنی ئەو میکانیز ئامرازو میکانیزمانەی دەسەڵات لە ڕێگایانەوە خۆی لە ناو تۆڕێک پراکتیکی ڕەمزیدا ئەشارێتەوە. چونکە وەک (بۆردیۆ) ئەڵێ: «کاری سەرەکی دەسەڵاتی ڕەمزی شاردنەوەی هەقیقەتی دەسەڵات خۆیەتی وەک حوزورێکی فیزیایی» «١١».

جیاوازی هەرە سەرەکی نێوان (بۆردیۆ)و (فۆکۆ) لەوەدایە کە (فۆکۆ) پێی وایە دەسەڵات لەسەر جەستە کارئەکات، چ وەک تێکشکاندن و وێرانکردنی وەک لە کۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا روو یاخود لەڕێی دیسیپلین و کۆنترۆڵکردنیەوە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا. بەڵام (بۆردیۆ) پێی وایە دەسەڵات لەسەر جەستە کارناکات بەڵکو لەسەر (هەبیتۆس) کارئەکات. بونیاد بە جەستە نادات بەڵکو بە (هەبیتۆسی) ئەدات«١٢». بەوەش کە دەسەڵات، بە ڕای (بۆردیۆ)، لەسەر (هەبیتۆس) کارئەکات، واتە لەسەر پرۆسەی وێناکردن و شێوازی خیبراندنی دنیاو لۆژیکی هەڵسوکەوتەکان کارئەکات، بۆیە هەمیشە ڕەهەندێکی ڕەمزی ئەگرێتە خۆی. ئەبێتە ئەمرونەهی، کۆمەڵێ نایەکسانی بونیادیانە، جیاوازی لە تەماشاکردن و هەڵسەنگاندندا. نەک هێزێکی ڕاستەوخۆ لەسەر جەستە.

بەڵام ئەم جیاوازیە بنەڕەتیە لە نێوان (فۆکۆ) و (بۆردیۆ)دا، واتا لە نێوان دوو تیورەی گرنگی دەسەڵاتدا پارەمتیدەرێکی چاکن بۆ خوێندنەوەی چەند دەرکەوتێکی دەسەڵات لە واقیعی ئێمەدا. چونکە لە واقیعی ئێمەدا هەم حوزوری فیزیکیانەی دەسەڵات و هێرشە بەردەوامەکانی بۆ سەر جەستە بە سەختی ئامادەیە، بو نمونە کوشتنی خەڵک بە تۆمەتی جیاواز جیاواز ، هەم ڕەهەندە ڕەمزیەکانیش ئامادەیە. واتە ئەو ڕەهەندە ڕەمزیانەی کەلانی کەم ڕەوایی بەو هێرشە جەستەییانە ئەدەن.

بە کورتی هیوادارم ئەم پرۆژە تەرکیبییە یاریدەدەری ئەوەبێت لە ڕێگەیەوە کێشەکانی دەسەڵات لە واقیعی کوردیدا ئاناتۆمی بکەین و لە جومگە گرنگ و نادیارەکانی بدوێن.

وەک سەرەتاش هەوڵئەدەم کەمەکێ ئاشکراتر لەسەر ئەو سێ تیورەی دەسەڵات بدوێم و خەتە گشتیەکانیان، لە پەیوەندیاندا بەم نووسینەوە، ئاشکرا کەم. تا لە هەنگاوی دواتردا بتوانم دەرکەوتەکانی دەسەڵات لە واقیعی کوردیدا بخوێنمەوە.

* * *

## گرامشی Gramci

ستراتیژترین چەمک لە تیورەی دەسەڵاتی گرامشیانەدا چەمکی «هەیمەنەیە» «١٣» - Hegemony. ئەم چەمکە ئەو دەروازە گرنگەیە کە گرامشی لە ڕێگایەوە ئەچێتە ناو دنیای ئەو پەیوەندیانەوە کە هەر سێ لایەنە گرنگەکەی تیورەی دەسەڵات لای ئەم فەیلەسوفە بەیەکەوە

ئەبەستێتەوە. مەبەستم لەو سێ لایەنەش دەوڵەت و حیزب و کۆمەڵگای مەدەنییە. هەیمەنە ئەو ئەڵقە گرنگەیە کە نیشانیئەدات کام حیزب، لە ڕێگای باڵادەستییەوە لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێتە دەست. بە مانایەکی دی «هەیمەنە» کلیلی کردنەوەی قوفڵەکانی دەسەڵاتە. ئەو کلیلەی کە حیزب هەم دەرگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەم دەرگاکانی دەوڵەتی پێئەکاتەوە. وەک ئاشکرایە دۆزینەوەی «کلیلی هەیمەنە» لە جەوهەردا، وەڵامی ئەو پرسیارە سیاسییە کە گرامشی لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا وەک مارکسیستێکی ڕۆژئاوایی دەیکات، پرسیاری: چۆن بگەین بە دەسەڵات؟. بۆ «گرامشی» ئاشکرابوو کە مارکسیستیەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ناتوانن هەمان ئەزموونی مارکسییە ڕووسەکان دووبارە بکەنەوە. ئەگەر ئەزمونی ڕووسی بریتی بووبێ لە پەلاماری ڕاستەوخۆی حیزب بۆ دەوڵەت و داگیرکردنی، ئەوا ئەزموونی ڕۆژئاوایی قسە لە غیابی ئەم ئەگەرە مێژووییە ئەکات. نائامادەیی (کۆمەڵگای مەدەنی) لە ڕوسیادا، مارکسیە ڕووسەکان ناچارئەکات ڕاستەوخۆ پەلاماری دەوڵەت بدەن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بەڵام ئامادەگی و بە هێزی ئەم کۆمەڵگایە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، پرسیاری دەسەڵات ناچار ئەکات لە پلەی یەکەمدا ڕووبەڕووی (کۆمەڵگای مەدەنی) بکرێتەوە نەک دەوڵەت. حیزب لە سەرەتادا لەوێدا دەرگاکانی دەسەڵات بکاتەوە ئینجا لەو ڕێگایەوە دەرگای دەسەڵات لەناو دەوڵەتدا بکاتەوە.

بۆیە وەڵامی گرامشی بەو پرسیاری، چۆن بگەینە دەسەڵات؟ بریتی بوو لە: ئەبێ هەیمەنە پەیدا بکەین، لە کوێدا؟ بێگومان لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا. بەڵام داخۆ گرامشی مەبەستی لە هەیمەنە چییە؟

گرامشی ئەڵێ: هەیمەنە «میتۆدێکە بۆ خەباتکردن«١٤». ئەمەش بە مانای «ئیتفاق لەگەڵ دۆستانداو ناچارکردنی ناحەزان» «١٥». بەڵام ئاخۆ ئەم ئیتفاقە چ سروشتێکی هەیە؟ وەڵامی «گرامشی» بریتیە لە: «سروشتێکی ئایدۆلۆژی و کەلتووریی» «١٦».

کەواتە هەیمەنە لە جەوهەردا کردەیەکی ئایدۆلۆژیی و سیاسیە. واتە پێشنیارکردنی دنیابینیەکە کە ئەشێ لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنیەوە قبوڵکرێت. کۆمەڵێ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە کە لە فۆرمی کولتووری کاری فیکری و سیاسیدا پێشکەش بە کۆمەڵگا ئەکرێت. ئەخشاندن و ڕەنگرێژکردنی دنیای ڕۆحی تاکەکەس و گروپەکانی ناو (کۆمەڵگای مەدەنییە) بەو ڕاڤەکردنانەی حیزب یان ڕۆشنبیران، بۆ دنیاو دیاردەکانی ئەکەن. حیزب خۆی لە بۆچوونی گرامشیدا دواجار ئەبێتە (ڕۆشنبیرێکی جەمعی).

دیارە ئەم ئیتفاقە ئایدیۆلۆژیە، ڕێکەوتنی نێوان کۆمەڵێ هێزن کە دەکرێ لەسەر ستراتیژێک ڕێکەون. ستراتیژێ کە قازانج و دەسکەوتەکانیان دەرئەبڕێ و یەک ڕوانینیان بۆ ئایندە لەلا ئەخولقێنێ. گرامشی ئەم کۆمەڵە هاو ستراتیژە ناو ئەنێ «بلۆکی مێژوویی».

گرامشی بۆ ئەوەی زیاتر ئەو پەیوەندیانەی «هەیمەنە»و «کۆمەڵگای مەدەنی»و «دەوڵەت» بەیەکەوە گرێبدا ، جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێو چەمکی «هەیمەنە»و چەمکی «کۆنترۆڵ» ـ السیطرە ـ دا دەکات. وەک وتمان «هەیمەنە» ئەو فۆرمەی دەسەڵاتە کە حیزب بە کۆمەڵگای مەدەنیەوە گرێئەدات. گرامشی خۆی ئەڵێت: هەیمەنە ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە کە لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا پیادە ئەکرێت«١٧»، بەڵام کۆنترۆڵ فۆرمێکی دیکەی دەسەڵاتە، ئەو فۆرمەیە کە لە پەیوەندیدا، ئەک بە کۆمەڵگای مەدەنیەوە، بەڵکو بە دەوڵەتەوە پیادە ئەکرێت.

ئەم لێکدی جیاکردنەوەیەی فۆرمەکانی دەسەڵات لە جەوهەردا لەو تێگەیشتنە تایبەتەوە هاتوە کە گرامشی بۆ «سەرخان»ی کۆمەڵگەی هەیە. بە باوەڕی گرامشی سەرخانی کۆمەڵگا لە یەک قات دروستنەبووە ـ وەک زۆربەی مارکسیە تەقلیدیەکان پێیان وایە. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو سەرخانێ لە دوو قاتی دیاریکراو دروستبووە. گرامشی قاتی یەکەمیان ناو ئەنێ: (کۆمەڵگای مەدەنی) و ئەوی دیکەشیان (کۆمەڵگای سیاسی) یان دەوڵەت. لە نێوان ئەو دوو قاتەشدا دنیایەک پەیوەندی ئاڵۆزو هەمەلایەن هەیە وە هەریەکێکیان وەک وتمان فۆرمێکی دیاریکراوی دەسەڵات ئەگرنە خۆیان، کومەلگای مەدەنی (هەیمەنە) و کومەلگای سیاسیش (کۆنترۆڵ).

گرامشی پێیوایە کە کاری حیزب ئەبێ ڕاستەوخۆ لە ناو قاتی یەکەمی سەرخاندابێت. واتە لە ناو دەزگا جیاجیاو بەربڵاوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا. ئەو باوەڕی وایە تا حیزب لەوەدا سەرنەکەوێ کە هەیمەنە لە قاتی یەکەمی سەرخاندا پەیدابکات و دنیا ڕۆحیەکەی خۆی بکات بە دنیای ڕۆحی ئەو کۆمەڵگایە، مومکین نییە بتوانێ (کۆنترۆڵ)ی دەوڵەت بکات. لە ڕاستیشدا ئەم

خاڵەیە کە گرامشیزم لە لینینیزم و ئەزموونی مارکسیە ئەورووپیەکانی لە ئەزموونی بەلشەفیەکان جیا ئەکردەوە. هەر خودی ئەم خاڵەشە تایبەتمەندیەکانی تیورەی دەسەڵات لای گرامشی نیشان ئەدات. دوا خاڵ بمەوێ هێمایەکی خێرای بۆ بکەم مەسەلەی ڕۆشنبیرانە لە نێو تیۆرەی گرامشیانەی دەسەڵاتدا. وەک ئاشکرایە ڕۆشنبیران شوێنێکی سێنترالیان هەیە لە فیکریی گرامشیدا. لە ڕاستیدا ئەم سێنترالیەش لەوێوە دێت کە گرامشی «هەیمەنە» وەک ئیتفاقێکی ئایدۆلۆژی پێناسئەکات، ئاشکراشە کە تەنیا ڕۆشنبیرانن ئەتوانن ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان بەرهەمبهێنن. لەم خاڵەوە ڕۆشنبیران دێنە ناو تیۆرەی دەسەڵاتی گرامشیانەوە. ئەگەر گرەوی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت لە بردنەوەی گرەوی هەیمەنەدا بێت. ئەوا گرەوی هەیمەنە گرەوێکە تەنها ڕۆشنبیران ئەتوانن بیکەن و تەنها ئەوانیش ئەتوانن بە بردنەوەی بگەیەنن. لێرەوە پێویستە ئەوەمان لە یادنەچێت کە چەمکی ڕۆشنبیر لای گرامشی چەمکێکی بەربڵاوەو تەنها کۆمەڵێ تەکنۆقرات ناگرێتەوە. گرامشی پێیوایە تەنانەت کەسانی سادەش دەتوانن ببن بە فەیلەسوف. گرامشی چەمکی ڕۆشنبیر ئەوەندە فراوانئەکات تاوای لێدێت خودی حیزب بە (ڕۆشنبیرێکی جەمعی) ناونووس بکات.

گرامشی حیزب ناو ئەنێ (ئەمیری نوێ). ئەم ناونانە میکیافیلیانە هەموو ئەو ڕێگاو فێڵ و پلانانەم دێنێتەوە یاد کە میکافیلی ئەمیرە کۆنەکانی پێ نەسیحەت ئەکرد. بەڵام بە جیاوازیەکی زۆر بنەڕەتی و گەورەوە، جیاوازیەک کە گرامشیزم لە میکافیلیەت ڕزگار ئەکات. (ئەمیری نوێ) لای گرامشی ئەو نوخبە هوشیارەی کرێکاران نین کە لە دەرەوەڕا هوشیاری بە پرۆلیتاریا ئەدەن، وەک لینینیزم گریمانی ئەکرد. ئەمیری نوێ لەسەر (بنەمای لێکدابڕانی خەڵک لە لایەک و دەوڵەت لە لایەکی دی، نوخبەو جمهور دروستنەبووە).«١٨». ئەمیری نوێ «هەڵگری هەیمەنەیەکی نوێیە کە بە هێڵێکی ڕاستەوخۆدا لە خەڵکەوە بۆ چین و لە چینەوە بۆ حیزب و لە حیزبەوە بۆ دەوڵەت ئەڕوات«١٦».

ئەم (هەیمەنە نوێیە) کە گرامشی قسەی لێدەکات و ڕۆشنبیران بە خولقێنەری ئەزانێ، ئەو خاڵەیە کە (فۆکۆ) وەک ڕۆشنبیرێک لە دژی کارئەکات. چونکە هەیمەنەیەکی ئاوا سەرتاپاگیر دەبێتە «ڕێگر لە بەردەم دروستبوونی هەیمەنەیەکی دیکەدا«١٩». ئەمەش کوشتنی ڕۆحیەتی کێبڕکێ و مونافەسەو سەپاندنی فۆرمێکی دیاریکراوە بەسەر کۆمەڵگادا. لێرەوەیە زۆرن ئەوانەی پێیان وایە لە نێوان تێگەیشتنی گرامشیانەدا بۆ هەیمەنەو دیموکراسیەتدا دابڕانێکی ڕەها هەیە«٢٠».

* * *

## فۆکۆ Foucault

بە پێچەوانەی گرامشیەوە پرسیاری فۆکۆ ئەوە نییە کەی و چۆن و کێ دەسەڵات ئەگرێتە دەست، بەڵکو بریتیە لە: چۆن دەسەڵات پراکتیزە ئەکرێت؟ لە کوێوە دێت؟ چۆن بەرەنگاری ببینەوە؟ «٢١» پرسیاری گرامشی لە دەسەڵات پرسیارێکی سەددەرسەد سیاسیە، بەڵام پرسیاری فۆکۆ پرسیارێکی فەلسەفیە. کێشەی دەسەڵات لای گرامشی کێشەی حوکمکردنی چین یاخود حیزبێکی تایبەتە. بەڵام کێشەی دەسەڵات لای فۆکۆ کێشەی خودی دەسەڵات خۆیەتی بەبێ پەیوەندی بەگروهێکی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە. گرامشی بە هاتنە سەر حوکمی پرۆلیتاریا کۆتایی بە پرسیاری دەسەڵات ئەهێنێ و ئەمانخاتە ناو دنیای وەڵامەکانەوە. بەڵام پرسیاری دەسەڵات لای فۆکۆ ئەزەلیە وە هەمیشە ئەوەمان وەبیرئەهێنێتەوە کە بە هیچ وەڵامێ لە وەڵامەکانی دەسەڵات قایلنەبین. کێشەی فۆکۆ لەگەڵ دەسەڵاتدا کێشەی ئازادکردنی تاکەکانە لە تۆڕە سەرەتانیەکانی دەسەڵات. ئەو تۆڕانەی کە هێزێ یان گروهێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی نین ئەوەندەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی وەک کۆیەک لێی بەرپرسیارن، لێرەوە فۆکۆ بەهەموو ئەو وەڵامە سایکۆلۆژی و سیاسیانە ڕازی نییە کە ئازادی تاکەکان بەپرۆسەی ـ تصعیدێکی سایکۆ ـ سیاسی ئەگۆڕنەوە. بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات بە ڕۆحیەتێکی ئازادەو کارێکە بەلای (فۆکۆ)ەوە بەهاتنە سەرحوکمی هیچ چین و گروهێکی سیاسی کۆتایی پێنایەت و نەسیحەتیشمان ئەکات کە دەسەڵاتمان

خۆشنەوێت.

(فۆکۆ) کاریگەرییەکانی دەسەڵات بە فۆرمی بنیادنانی «خود»ەوە گرێئەدات. ئەو پێی وایە ئەوە دەسەڵاتە کە کەسایەتی تاکەکان ڕەنگرێژ ئەکات، چوارچێوە بۆ دنیای ڕۆحی و سایکۆلیژی و تەنانەت جەستەشیان دائەنێ، لێرەوە (فۆکۆ) پێمان ئەڵێت بەگژ ئەو شێوازو تەکنیکانەی دەسەڵاتدا بچینەوە کە شێوازە نالەبارو تەسلیم بووەکانی «خود» بەرهەمئەهێنێت. ئەو شێوازانەی دەسەڵات کە ژیان بە کارگێڕی ـ management ـ یەکسان ئەکات. من لەتیۆرەی فۆکۆییانەی دەسەڵاتدا هەوڵئەدەم زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەو دابەشبوونەدا بکەم کە فۆکۆ بۆ ستراتیژەکانی دەسەڵاتی ئەکات. وەک ئاشکرایە فۆکۆ دوو ستراتیژی دەسەڵات لە یەکدی جیائەکاتەوە: ستراتیژیەتی سزادان و ستراتیژیەتی کۆنترۆڵ«٢٢». هەر یەکێ لەم فۆرمانەی دەسەڵاتیش بە دوو شێوە جیای کۆمەڵگاکانەوە گرێ ئەدات: کۆمەڵگای تەقلیدی و کۆمەڵگای مۆدێرن.

(فۆکۆ) پێی وایە کۆمەڵگا تەقلیدیەکان، یان باشترە بڵێین کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرنیزە، ئەو کۆمەڵگایانەن کە دەسەڵات تێیاندا لە سەر تەکنیکەکانی سزادان کارئەکات، هەرچی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە ئەو کۆمەڵگایانەن کە تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ تێیاندا بەرقەرارە. مادامەکی وەک (فۆکۆ) ئەڵێ: «دەسەڵات کاریگەری هەیە بۆ سەر فۆرمی کەسایەتی تاکەکان«٢٣». کەواتە ئەو دوو شێوازەی دەسەڵات دوو شێوەی جیاوازی کەسایەتی، یاخود دوو کارخانەی جیاوازی بەرهەمهێنانی «خود» پێشنیار ئەکەن. دەسەڵات لە کۆمەڵگای سزادا دەسەڵاتێکە ڕوو لە وێرانکردنی جەستەو لەناوبردنی، پشت بەستوو بە تەکنیکەکانی ترساندن و لەوێوە خولقاندنی «خود»ێکی ترساو لەهەموو ئاستەکاندا. بەڵام دەسەڵات لە کۆمەڵگاکانی کۆنترۆڵدا، دەسەڵاتێکە ڕوو لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و ڕۆحی ئینسان«٢٤». واتە خولقاندنی «خود»ێک، نەک لە سەر بنەمای ترس، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی. جا چ بەرپرسیاریەتێکی وەهمی بێت یان ڕاستەقینە. بۆ نموونە بەرپرسیاربوون لە بەرامبەر ئەو (پەیمانە کۆمەڵایەتیە) ڕۆسۆییەدا کە بنەمای دنیای مۆدێرنە.

دەشێ لێرەدا لەگەڵ (داریوشی رجالیدا) یەکبگرینەوەو ئەو بۆچوونە فۆکۆیانەی لای سەرەوە بەم جۆرە کورتکەینەوە: «چەند کۆمەڵگاکان پرۆسەی مۆدێرنیزە پیادەبکەن، ئەوەندە سزا ئەبێتە شتێکی ناجۆر بۆ پراکتیکی دەسەڵات«٢٥». لێرەدا فۆکۆ قسە لە گواستنەوەیەک ئەکات. گواستنەوەی لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ، لە کوشتن و وێرانکردنی جەستەکانەوە بۆ چاودێریکردن و دیسیپلینکردنیان. لە فەوتاندنی ژیان و هەڵتەکاندنیەوە بۆ ئیدارەکردن و دیسیپلینکردنی.

ڕاستە ئەم گواستنەوەیە جۆرێکە لە ڕیفۆرم لە مەسەلەی حوکم و جەزاداندا. گۆڕانێکە لە یاساسزایی و سیاسی و ئەخلاقیەکاندا. بەڵام ئەم ڕیفورمە بەلای (فۆکۆ)وەوە ڕیفۆرمێکی مۆراڵی نییە. واتە ڕیفۆرمێکە پێشکەوتنێک لە ئەخلاقدا دروستینەکردوە. پێشکەوتنێک کە ئەنواریەکان تا (کانت) جەغدیان لەسەرئەکرد. (فۆکۆ) هیومانیست نییەو ئەو دیدە هیومانیستیەشی قبوڵ نییە کە شێوەکانی دەسەڵات بە ئەخلاقەوە گرێئەدات. گۆڕانی دەسەڵات لە دەسەڵاتێکی سزاخوازو وێرانکەرەوە بۆ دەسەڵاتێکی دیسیپلینکەر، بە باوەڕی فۆکۆ، گۆڕانێکە وابەستەی لە دایکبوونی کۆمەڵێ تەکنیکی نوێیە کە کۆمەڵگای مۆدێرن و پرۆسەی مۆدێرنیزە لە گەڵ خۆیاندا هێناویانن نەک گەشە یان بەرەوپێشەوە چوونێک لە ئەخلاقی ئینسانیدا. ئەم گۆڕانە لە ستراتیژی دەسەڵاتدا هەلی ئەوەی بە دەسەڵات بەخشی «شێوازێکی چالاکانەترو کاریگەرتری حوکمکردن بێنێتە کایەوە«٢٦». وەک ووتم هیومانیستەکان ئەم گۆڕانە لە فۆرمی دەسەڵاتدا بە «پێشکەوتن» لە قەڵەم ئەدەن بەڵام (فۆکۆ) پێی وایە ئەمە پڕۆژەی دیسیپلینە«٢٧». دۆزینەوەی شێوازی نوێی پراکتیزەی دەسەڵاتە«٢٨». لێرەوە فۆکۆ لەوەمان ئاگادار ئەکاتەوە کە بۆ گۆڕینی شێوازو تەکنیک و ستراتیژەکانی دەسەڵات نابێ چاودێری گۆڕانی ئەخلاقی بین. وەهمێکی گەورەیە وابزانین خراپەکاریەکان یاخود چاکەکاریەکانی دەسەڵات لە هەرێمی ئەخلاقەوە هەڵدەقوڵێن. پێمان وابێ گۆڕینی سیاسیەکی «بێ ئەخلاق»، بە سیاسیەکی «بە ئەخلاق» چارەسەری کێشەی دەسەڵات ئەکات و بەهەشتمان سەر لەنوێ بۆ دروستئەکات. دەسەڵات تۆڕێکی بەرفراوانە کە بەسەر هەموو جەستەی کۆمەڵایەتیدا کشاوە، گۆڕینی دەسەڵات لە گۆڕینی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و مەعریفیەوە دێت کە خانە جیاجیاکانی ئەو تۆڕەی بەسەر یەکەوە چنیەوە.

گواستنەوە لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ، بەلای فۆکۆوە، لەو کاتەدا فرسەتی هاتنەکایەی بۆ ڕەخسا کە

مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی، سیستمی بەندیخانەو لەشکرو سیتمی پۆلیس و کارخانەو قوتابخانەو هەموو دەزگا مۆدێرنەکانی دیکەی چاودێری هێنایە ناو مێژووی بەشەریەتەوە. هەروەها مێژووی فیکری و مەعریفیش لە هەرمشەو گورەشەکانی ئاینەوە گواسترایەوە بۆ لە دایکبوونی «زانستە ئینسانیەکان». ئەو «زانستە ئینسانیانەی» ئینسانیان کردە بابەتی لێتوێژینەوەو «ناسین» بەمەش فرسەتی ئەوەیان بە دەسەڵات بەخشی کە بتوانێ لە جۆری بیرکردنەوەو، رەوش و هەڵسوکەوتی تاکەکان تێبگات و ستراتیژی تایبەتی کۆنترۆڵکردنی بۆ داڕێژێت. لێرەوەیە (فۆکۆ) بە گژ مێژووی سایکۆلۆژیادا ئەچێت و بەوە تاوانباری ئەکات کە رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دیسیپلینکردنی ئینسان و سنووربەندکردنی ئازادیەکانیدا.

بە باوەڕی (فۆکۆ) گرنگترین سیفەتی کۆمەڵگاکانی پێش - مۆدێرنیزە بریتیە لە غیابی ئەو تەکنیکە تایبەتانەی چاودێریکردن کە ئاماژەمان پێکردن. بۆیە دەسەڵات ڕاستەوخۆ ڕووی لە سزادانە. بەڵام کاتێ (فۆکۆ) لە سەردەمانی شۆڕشی ئێراندا لەسەر داواکاری ڕۆژنامەیەکی ئیتالی ئەچێت بۆ ئێران، ئەوکات بەچاوی خۆی ئەو ڕاستیە ئەبینێ کە چۆن «سزا» لەناو سیاقی مۆدێرنیزەدا، لە ساتەوەختی ئامادەگی سیستمی پۆلیسی و لەشکرو بەندیخانەدا، بە بەرچاوی پزیشکە سایکۆلۆژیەکانەوەو لە بەردەم مامۆستاکانی سۆسیۆلۆژی هاوچەرخدا ڕوونەدات.

سزایەکی ئاهەنگساز، سزایەکی شانۆگەر، سزایەک لە غیابی پەردەو شووراو دیوارەکاندا. لە ئێراندا (فۆکۆ) ئەو حەقیقەتە ئەبینێ کە چۆن سزا لەناو جەرگەی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵدا ئامادەیە. لێرەوە ئیدی ئەو دابەشکردنە قەتعییەی (فۆکۆ) بۆ دوو ستراتیژیەتی جیاوازی دەسەڵاتی ئەکات، موتڵەقیەتی خۆی لەدەستئەدات. ئەگەر ئێران وڵاتێک بێت ئەو ڕاستیەی نیشاندابێت کە دەشێ سزا لە هەناوی کۆنترۆڵدا پراکتیزە بکرێت، ئەوا دراوسێکانی ئێران سەرجەمی سیستەمەکانی دەسەڵات لە دەرەوەی ڕۆژئاوا خۆیدا ئەم ڕاستیە زیاترو هەمەلایەنەتر ئەسەلمێنن. لەو کۆمەڵگایانەدا سزا ئەبێتە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ستراتیژیەتی کۆنتۆڵ. تەکنیکەکانی سزا دێن و هێزێکی ئەفسانەیی و تۆقێنەر ئەبەخشنە تەکنیکەکانی چاودێری و کۆنترۆڵ. مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە لەو ساتەدا کە نوقمن لەناو پرۆسەی ناونووسکردن و پۆلێنە جیاجیاکانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی چاودێریدا، لە قوتابخانەو لەشکرو دەزگای دەوڵەت و کارخانەو مەقەڕە جیاجیاکانی حیزبە بۆ لیستەی ناوی دانیشتوان لای موختاری گەڕەکەکان و ئەفسەرەکانی ئاسایش و یەکیتیە ساختەکانی قوتابیان، مامۆستایان، هتد... تا بە ئاسایش و دەزگا پۆلیسیەکانی دی دەگات. ئەڵێم ئینسانی ئەم کۆمەڵگایانە لە پاڵ ئەم هەموو تەکنیکەی چاودێریدا ئینجا لە گۆڕەپانە گشتیەکاندا گولەباران ئەکرێت و سوکایەتی بە جەستە کوژراوەکەشی ئەکرێت. ئینجا لە ناوەڕاستی فولکەکاندا بە سلنگا هەڵئەواسرێ و خەڵک کۆئەکرێتەوە بۆ تفلێکردنی. ئینجا بە نیوە ڕۆحی بە پشتی موسەلەحەکاندا هەڵئەواسرێ و بەناو شەقامەکاندا ڕائەکێشرێ. ئەزمونی بەعس لە عێراقدا لەم ڕووەوە ئەزمونێکی نموونەیی تێکەڵکردنێکی هەمەجیانەی ستراتیژیەتی سزاو کۆنترۆڵە.

لە فەسڵی پێنجەمی کتێبی « مێژووی سێکسوالیەت»دا فۆکۆ لە ژێر ناونیشانی «مافی مەرگ و دەسەڵات بەسەر ژیاندا» هەمان ئەو دوو ستراتیژییەی دەسەڵات دووبارە ئەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە دۆخێکی کۆنکرێتی تردا.

فۆکۆ ئەڵێ دەسەڵاتی کۆن زیاتر لەسەر « مافی مەرگ» بنیادنرابوو. مافێک کە بەهۆیەوە پادشا بۆی هەیە کۆتایی بە ژیانی کەسێ لە کەسەکانی، کۆتایی بە ژیانی «رەعیەتێک» لە ڕەعیەتەکانی بهێنێت؛ مەرگ لێرەدا توانایەکە لە تواناکانی دەسەڵات، ئەگەرێکەو هەمیشە ئامادەیە.

بەڵام دەسەڵاتی تازە - شێوەی دووهەمیان - دەسەڵاتێکە لەسەر مەرگ کارناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە سەر خودی ژیان کارئەکات. دەسەڵاتێکە «ژیان ڕێکئەخات»(٢٩). کۆمەڵێ هێزو توانا لەناو ئینساندا دروستئەکات کە «سوودبەخشن». ئەو هێزانە «بەردەوام گەشەپێئەدات نەک مەحوویان بکاتەوە»(٣٠). لەبەردەم دەسەڵاتی نوێدا، مەرگ ئەو خاڵەیە کە بۆی کۆنترۆڵ ناکرێت، تەحەدایەکە هێزی ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو سنوورەیە کە کۆتایی بۆ تواناکانی دەسەڵات دائەنێت. توانای ئیدارەدان و ئۆرگانیزەی ژیان، مەرگ ئەوە وە بیر دەسەڵات ئەهێنێتەوە کە هێشتا ئامادەیەو دەتوانێ زەرەر لەو «توانا سودبەخشانە» بدات کە جەستە هەڵگریەتی. لەم دیدەوە مەرگ لە جەوهەردا تەحەدای هێزو توانای ئیدارەدانی دەسەڵاتە نەک

ئەجەدای ڕەوایەتی ئەو. ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵوێست ودەسەڵاتی کۆنە لە بەرامبەر مەرگدا، هەڵوێستێ کە سەپاندنی مەرگ بەسەر کەسێکدا بۆ ڕزگارکردنی ڕەوایەتی دەسەڵات بوو لە تێکشکان، ئەو مافەبوو ئەمیر بەسەر یاخیگەران، یان ئەوانەدا پراکتیزەی ئەکرد کە دەسەڵاتی ئەویان قبوڵ نەبوو. مەرگ سومبلێ بوو ئەوەی وەبیر ئەهێنایەوە کە پادشا یان ئەمیر لە هەمووان بەهێزترەو خاوەنی ڕەوایەتییەکی تەواو سەرتاپاگیرە.

لێرەومیە (فۆکۆ) ئەڵێ خۆکوشتن لە کۆمەڵگای سزادا دەستدرێژیکردنە سەر مافی ئەمیرە. بەو پێیەی تەنها ئەمیر بۆی هەیە ئەو فەرمانە دەربکات و مافی کوشتن پراکتیزە بکات. کەچی خودکوژی لە کۆمەڵگای دیسیپلیندا نەک دەستدرێژیکردن نیە بۆ سەر هیچ مافێ، بەڵکو بۆتە بابەتێکی سۆسیۆلۆژی (٣١). بە باوەڕی (فۆکۆ) گواستنەوە لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ لە جەوهەردا گواستنەوەیە لە (ئابووری زەرەرەوە) بۆ (ئابووری قازانج). لە کۆمەڵگای بەر لە سەرمایەدارێتییەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەدارێتی. ئەم خاڵە، وەک ئاشکرایە، (فۆکۆ) لە (مارکس) نزیک ئەکاتەوە.

* * *

## بۆردیۆ Pierre Bourdieu

بە باوەڕی هەندێ نووسەر تیورەی دەسەڵات لای بۆردیۆ تەواوکەری ئەو نوقسانیانەیە کە تیورەی دەسەڵات لای (فۆکۆ) هەڵگریەتی. بەپێی ئەم بۆچوونە فۆکۆ لە دوو ئاستی تایبەتدا دەسەڵات شیدەکاتەوە: ئاستی تاکەکەس و ئاستی دەزگاکان. بەڵام کێشەی سەرەکی لای فۆکۆ، بەپێی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە چۆنیەتی گرێدانی ئەو دوو ئاستە بەیەکەوە هەڵقەیەکی وونە لە تیورەکەیداو لێرەدا وەڵامێکی ئاشکرا بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئارادانیە (٣٢).

ئەم بۆچوونە لە درێژەی تێڕوانینەکانیدا ئەڵێ تیورەی «دەسەڵاتی ڕەمزی» لای بۆردیۆ دێت بۆ ئەوەی ئەم نووقسانیە گەورەیە پڕ بکاتەوە. ئەو هەڵقەیە بدۆزێتەوە کە تاکەکان بە دەزگاکانەوە گرێئەدات. بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بۆردیۆ شوێنی کاریگەریی کارکردنی دەسەڵات لە جەستەوە ئەگوازێتەوە بۆ (هەبیتۆس). ئەم پێی وایە دەسەڵاتی مۆدێرن دەسەڵاتێکی ئەبستراکتەو وەک بوونێکی ماتریاڵی بەر جەستە ناکەوێت. بەڵکو ڕاستەوخۆ کار لە (هەبیتۆس) ئەکات. هەر ئەمەشە تاکەکان بە دەزگاکانەوە گرێئەدات.

لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە تیورەی دەسەڵاتی ڕەمزی لای بۆردیۆ کارێکی مەحاڵە بەبێ تێگەیشتن لە بەشێکی زۆری سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆو کۆی ئەو زاراوەو چەمکە جۆربەجۆرانەی لە کارەکانی بۆردیۆدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە چەمکەکانی «کایە، سەرمایە، میتا ـ سەرمایە، هەبیتۆس، سەرمایەی ڕەمزی، هتد...». هەروەها بەبێ تێگەیشتن لەو شوێن و جێگایەی سۆسیۆلۆژیای «بۆردیۆ» لە نێوان بونیادگەری و فەلسەفەی ئاگاییدا داگیرینەکات. زەحمەتە لە کۆی دیدی بۆردیۆ بۆ دنیاو دیاردەکان بەگشتی و دەسەڵات بە تایبەتی تێبگەین. بە بۆچوونی «بۆردیۆ» خەسڵەتی سەرەکی دەسەڵاتی مۆدێرن خەسڵەتی ڕەمزی بوونیەتی (٣٢).

ئەمەش مانای خۆشاردنەوەو خۆداپۆشینی دەسەڵات لەوەی وەک بوونێکی فیزیکی و ماتریالانە خۆی نمایش بکات. بە مانایەکی دی بە ڕەمزیکردنی دەسەڵات مانای نابیناکردنی دەسەڵات بە جۆرێک حوزوری فیزیای خۆی داپۆشێ و خۆی وەک بەڵگەنەویستێک نیشانبدات. ئەمەش بێگوومان فێڵێکە لە فێڵەکانی دەسەڵات و تاکتیکێکە لە تاکتیکەکانی پاراستنی باڵادەستی خۆی.

بۆردیۆ کە ئەڵێ دەسەڵاتی مۆدێرن خەسڵەتێکی ڕەمزی هەیە. ئەو دەیەوێ پێمان بڵێ، ئەم دەسەڵاتە نایەوێ خۆی وەک دەسەڵات نیشانبدات. بەڵکە دەخوازێ خۆی وەک ڕاستی، وەک یاسا، وەک بەڵگەنەویستێک، وەک بوونێک نیشانبدات کە نەکرێ پرسیاری لێبکرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵات هەمیشەو بەردەوام هەوڵئەدات بنەما ماتەریەکانی خۆی بشارێتەوەو بیانکات بە کۆمەڵێ بنەمای نابینا.. ڕەمزی، هەر لێرەدا بۆردیۆ ئەڵێ: دەسەڵات کاتێ ئەتوانێ لەسەر جەستە وەک دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵکەر کاربکات، کە ببێت بە پرۆسەیەکی ڕەمزی. بەم بوونەشی ئیدی جەستە بەجێدێڵێ و ئەپەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی (هەبیتۆس). ئەمە ئەو خاڵەیە کە (فۆکۆ) لەسەری ناوەستێت. واتە ڕانەوەستان لەسەر ڕەهەندە ڕەمزیەکانی دەسەڵات. فۆکۆ لێکۆڵینەوەیەکی

ئارکۆلۆژییانە بۆ دەسەڵاتی مۆدێرن لەناو دەزگاکاندا ئەکات. هەرچی بۆردیۆیە ئەو «ئایەکسانیە بونیادییانە» ئەدۆزێتەوە کە خۆیان لە ڕەهەندە ڕەمزیەکانی دەسەڵاتدا شاردۆتەوە (٣٣).
بۆردیۆ لەو خاڵەدا لەگەڵ «فۆکۆ»دا یەکە کە ئەڵێ دەسەڵاتی مۆدێرن دەسەڵاتێکی بەربڵاوەو لە هەموو ئاستەکانەوە دێت. دەسەڵاتێکی لۆکاڵیەو بێ سێنتەر کارئەکات. دەسەڵاتێکە زەختە فیزیاییەکانی خۆی گۆڕیوەتەوە سەر کۆمەڵێ چاودێری بیرۆکراسی. بەڵام بیرۆکراسیەتی نوێ، بە بۆچوونی بۆردیۆ، زیاتر چاودێری ڕەوشت ئەکات نەک جەستە. ئەمەش یەکێ لەو ڕەخنە توندانەیە کە بۆچوونی «بۆردیۆ»یانە ڕوبەڕووی بۆچوونی (فۆکۆ)یی ئەکاتەوە (٣٤).
دەسەڵات لای بۆردیۆ لە ناو کایەکاندا پراکتیزە ئەکرێت. بەبێ «کایە» دەسەڵات بوونی نییەو خودی کایەیە کە دەسەڵات ئەخولقێنێ. کایەش بریتییە لە «تۆڕێک یان پێکهاتەیەک لە پەیوەندی بابەتی لە نێوان کۆمەڵێ مەوقیعدا» (٣٥)، دیارە کۆمەڵێ مەوقیعی جیاوازو ناتەباو ناکۆک. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە «کایە» پێکهاتەیەکی چوونیەک و هارمۆنی و هاوئاهەنگ نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە کە کۆمەڵێ مەوقیعی جیاوازی گرتۆتە خۆی کە لە نێوان ئەو مەوقیعانەدا کۆمەڵێ پەیوەندی بابەتی هەیە. سروشتی ئەو پەیاوەندیانەش ململانێ و ناکۆکیە. بۆ نموونە ئەگەر کایەی ئابووری وەرگرین، ئەبینین لەناو ئەو کایەدا گروهی جیاجیا لە مەقیعی ئابووری جیاوازجیاوازدان. ئەو گروهانە پەیوەندییەکی ناکۆکنامێز بەیەکەوە کۆیان ئەکاتەوە کە سروشتی سەرەکی ئەو پەیوەندیانە ململانێیە. لێرەوە «بۆردیۆ» ئەڵێ ناکرێ «کایە» بەو «جیهازە ئایدۆلۆژییانە» بەراوردبکرێت کە (ئالتۆسێر) باسیان ئەکات. کایە بوونێکی زیندوو و پڕناکۆکییە. بەڵام جیهاز بوونێکی ئامێری و ئامرازیە.
بۆردیۆ پێی وایە ئەشێ «کایە» ببێ بە «جیهاز» یان ڕاستر بڵێین بە جیهازێکی ئایدۆلۆژی، بەڵام ئەمە ئەو کاتە ڕووئەدات کە یەکێ لە مەوقیعەکانی ناو کایەکە ئەوەندە هێزو دەسەڵات بگرێتەدەست کە هەموو مەوقیعەکانی دیکە بێدەنگ بکات. لەم ساتەدا ئیدی خودی کایەکە لە لایەن ئەو مەوقیعەوە مۆنۆپۆلیزەکراوەو گروپێ لە گروپەکان ئاراستەو بۆچوون و جووڵەی هەموو ئەوانی دیکەی چەپاندوە (٣٦). بەکورتی سیفەتی کایە لای بۆردیۆ لەوەدایە کە «بەردەوام ئەگۆڕێت» (٣٧)، بەڵام جیهاز بوونێکی نەگۆڕە. کایە ئامانجێک بەدیناهێنێت کە لە دەرەوەی خۆیدایە، بەڵام جیهاز ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دەرەکی.
قسەکردن لەسەر کایە لای بۆردیۆ ڕاستەوخۆ ئەمانگوێزێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر سەرمایەو شێوە جیاکانی سەرمایە، چونکە ناکرێ کایە هەبێت بەبێ سەرمایە. کایە وەک ووتمان ئەک پانتاییەکی بەتاڵ نیە، بەڵکو مەملەکەتێکە پڕە لە هێزو گروپی کۆمەڵایەتی ململانێکەر. ئەم هێزو گروپانەش هەر یەکێکیان هەڵگری جۆرێک یان چەند جۆرێکی دیاریکراوی سەرمایەن؛ نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەر کایەیەک لە کایەکانیش ڕیزکردن و هیرارکیەتێکی تایبەتی هەیە بۆ سەرمایە جیاجیاکان، دیارە لە ڕووی گرنگی و بەهای هەر یەکێکیانەوە (٣٨). بۆ نموونە لە کایەی ئەکادیمیدا سەرمایەی کولتوری لە سەرمایەی ئابووری گرنگترە، کەچی لە کایەی بازرگانیدا بە پێچەوانەوە. بۆردیۆ ئەڵێ ئەشێ جۆرێک لە سەرمایە هەبێ لە هەموو کایەکاندا بەکەڵک و سوودمەند بێت. یاخود وەرەقەیەکی براوەبێت و لە هەموو کایەکاندا بخوات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێ سەرمایەیەک لە سەرمایەکان لە کایەیەک لە کایەکاندا نەچێت، یاخود کەمنرخ بێت. بۆردیۆ پێی وایە کە «بەهای ڕێژەیی سەرمایەکان بە پێی کایەکان ئەگۆڕێت» (٣٩). یاخود بە پێی کاتی جیاجیاو هەلومەرجی جیاجیا لە ناو هەمان کایەدا نرخی ڕێژەیی جیاواز بگرێتە خۆی (٤٠).
لێرەوە بۆردیۆ پێی وایە بۆ لێکۆڵینەوەو ناسینی کایە، گرنگ ئەوەیە بزانین جۆری ئەو سەرمایە جیاوازانە چین کە لەو کایەیەدا دەستبەکارن (٤١).
هەڵگرانی سەرمایە جیاجیاکان بەپێی جۆری سەرمایەکانیان ستراتیژیەکانی خۆیان دائەڕێژن. هێزی هەریەکێ لەو کەسانە وابەستەی ئەو هێزەیە کە سەرمایەکەی لەناو کایەیەکدا هەڵگریەتی. هەر گروهێکیش هەوڵئەدات ئەو شێوەیەی سەرمایە بەهێزکات کە خۆی تێیدا بەهێزە.
نرخی سەرمایەکان وابەستەی ئەوەن لە ناو چ کایەیەکدا کارئەکەن. بەڵام بۆردیۆ ئەڵێ ئەمە هەموو ڕاستیەکان نییە، چونکە کایەکانیش وابەستەی جۆرەکانی سەرمایەن و شووناسی خۆیان لەوەوە وەرئەگرن. بە کورتی بۆردیۆ پێی وایە هەم کایەکان و هەم سەرمایەکان «هەردوولا وابەستەی یەکترین» (٤٤). بۆردیۆ جگە لە جۆرەکانی سەرمایە قسە لە «بونیادی گشتی

سەرمایەش، Global structre دەکات. ئەو پێی وایە دەشێ هێزی بونیادی (بونیادی گشتی) دوو سەرمایە لە دواجاردا یەکسانبن، بەڵام هەڵگری یەک جیهانبینی نەبن. بۆ نموونە قۆنتەراتچیەک هێزی سەرمایە ئابوورییەکەی گەورەیە بەڵام سەرمایە کولتوورییەکەی لاوازە. بە پێچەوانەوە پرۆفیسۆرێک هێزی سەرمایە ئابوورییەکەی لاوازە، بەڵام هێزی سەرمایە کولتوورییەکەی گەورەیە. لێرەوە (بونیادی گشتی) سەرمایە لای قۆنتەراتچیەکەو پرۆفیسۆرەکە یەکسانە بەڵام مەوقیع و جیهانبینیان جیاوازە (٤٣).

بۆردیۆ پێی وایە کە ستراتیژیەتی خاوەن سەرمایەکان تەنها وابەستەی قەبارەو چەندایەتی و بونیادی ئەو سەرمایەیە نییە کە لەو ساتەوەختەدا هەیانە. هەروەها بەتەنها وابەستەی ئەو هەلومەرجانەش نییە کە لەو ساتەدا لە ئارادایە، بەڵکو ستراتیژیەتی خاوەن سەرمایەکان وابەستەی گەشەکردنی قەبارەو چەندایەتی ئەو سەرمایەیە. وابەستەی ئەو ڕاڕەوە کۆمەڵایەتی و (هەبیتۆس)ەیە کە لە ڕێگای کۆمەڵێ پەیوەندی بەردەوام و مەحکەمەوە، کۆمەڵێ شانسی ستراکتووری و بابەتی بۆ ئەو سەرمایانە دروستئەکات (٤٤).

لێرەوە ململانێی کۆمەڵایەتی و کێشەی دەسەڵات لای «بۆردیۆ» بریتیە لە هەوڵی بەردەوامی خاوەن سەرمایەکان بۆ ئەوەی سەرمایەی بەرامبەرەکانیان یەکبخەن و نرخ و بەهایان بهێننە خوارەوە. بۆیە ململانێکان لە جەوهەردا بریتین لە هەوڵدان بۆ یەکخستنی ئەو شێوە سەرمایەیە کە هێز بە گروهە موئافیسەکان ئەدات، یان هیچ نەبێ نرخی ئاڵوگۆڕیی کۆمەڵایەتی ـ القیمە التبادلیە ـ ئەو سەرمایانە تێکبشکێنن و لە هەمان کاتیشدا نرخ و بەهای ئەو شێوە سەرمایەیە بەهێز بکەن کە خۆیان تێیدا بەهێزن (٤٦).

لە ناو کۆی کایەکاندا دەوڵەت لای بۆردیۆ گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بەڵام نە بەو مانایەی کە «ئامرازی» باڵا دەستی چینێک بێت بەسەر چینێکی دیکەدا. بەڵکو بەو مانایەی کە «کۆکراوەی جۆرە جیاوازەکانی سەرمایەیە» (٤٧). لێرەوە دەوڵەت بە بڕوای بۆردیۆ فۆرمی پرۆسێسێ ئەگرێتە خۆی کە کۆکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی کاپیتاڵی لە ناو خۆیدا کۆکردۆتەوە (٤٨). ئەمەش مانای وایە دەوڵەت لە مەوقیعێکدا ئەتوانێت جۆرێک لە جۆرەکانی سەرمایە زاڵبکات. بەهۆی ئەم گرنگیە تایبەتییەوە بۆردیۆ سەرمایەی دەوڵەت ناو ئەنێ «میتا ـ سەرمایە». میتا ـ سەرمایەش بەوجۆرەی سەرمایە پێناسئەکات کە بەهۆیەوە «دەتوانرێت دەسەڵات بەسەر شێوەکانی دیکەی سەرمایەدا بسەپێنرێت» (٤٩).

دەبێ لێرەدا وەک دواخاڵ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە بۆردیۆ پێی وایە، میتا ـ سەرمایە، لەدوا ئەنجامدا لەلایەن چینێکەوە ئاراستە ئەکرێت، بەڵام هەڵگرانی شێوەکانی دیکەی سەرمایە هەمیشە لە ململانێدان بۆ ئەوەی بتوانن کار لەو میتا ـ سەرمایەیەی دەوڵەت بکەن و بەئاراستەی قازانجی هێزی سەرمایەی تایبەتی خۆیان بیخەنەگەڕ (٥٠). لەم خاڵەشدا «بۆردیۆ» لە «مارکس» نزیکئەبێتەوە.

* * *

**بەشی دووەم: پراکتیک**

ئایا کێشەی دەسەڵات لە واقیعی ئێمەدا چۆن کەوتۆتەوە. ئایا ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن کە ئەم دیاردەیە لە دنیای ئێمەدا ڕەنگڕێژ ئەکەن؟ ئایا دەسەڵات چ شووناسێکی هەیەو لەسەر کام پانتایی لە پانتاییەکان کارئەکات، پانتایی ژیان یان هی مەرگ؟ ئایا دەسەڵات موهەیمینە یان کۆنترۆڵکەرە؟ سروشتی ئەم کایانە چۆن لە ناویانا دەستبەکارە؟ کام سەرمایە هێزی سەپێنەری خۆی هەیە؟ ئایا دەشێ لە دنیای ئێمەدا قسە لە کایە بەمانا بۆردیۆییەکەی بکەین، یان کایەکان گۆڕاون بە دەزگا بەمانا ئاڵتۆسێرییەکەی؟

سەرەتا با لە مەسەلەی هەیمەنەوە دەستپێبکەم. ئێمە ووتمان گرامشی هەیمەنە بە مەرجی گەیشتن بە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت ئەزانێ. ئەو پێی وایە حیزب بۆ ئەوەی حوکمبکات، ئەبێت هەیمەنەیەکی ئایدۆلۆژی و فیکری و ڕۆحیی لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بەدەستهێنابێت. ئەو بلۆکە مێژووییەشی هێنابێتە کایەوە کە لە ڕێگای ڕۆشنبیرانەوە کاری هەیمەنە پراکتیزئەکات،

بەڵام وەک ووتمان ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرامشی بۆ کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیدا کۆمەڵگای مەدەنی گەشەیەکی بەرچاوی کردوەو خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی گەورەیە. ئەو بلۆکە مێژوویەش ئامادەیە کە بتوانێ دیدی حیزب و گروهەکانی بکاتە پراکتیکی مێژوویی.

گرامشی لە لێکدانەوەیدا بۆ ئەزموونی بەلشەفیکە ڕووسیەکان ئەو ڕاستییە ئەخاتە بەرچاو کە حیزب لەو ئەزموونەدا بەبێ هاریکاری و لە دووی ئەفیکردن و بازدان بەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا پەلاماری دەسەلات ئەدات. حیزب ڕاستەوخۆ ئەکوتێتە سەر دەزگاکانی دەوڵەت و لە ڕێی کۆنترۆڵکردنی ئەوەوە دەیەوێ دنیای دەرەوەش کۆنترۆڵکات. واتە حیزب لەم ئەزموونەدا لە دەرگاکانی دەولەتەوە دەچێتە ناو هەناوی کۆمەڵگا، لە سەرەوەڕا، لە لووتکەی دەزگاکانەوە، بەرەوخوار، بەرەو ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگا دێتە خوار. بەم پرۆسەیەش حیزب لە ڕێی دەوڵەتەوە، کۆمەڵگا دروستئەکات. لەڕاستیدا لەم ئەزموونەدا زەحمەتە حیزب و دەوڵەت، حیزب و کۆمەڵگا، حیزب و کەرتە جیاجیاکان، حیزب و کایەکان لە یەکدی جیاکەینەوە. هەندێ تیۆرستی هاوچەرخ ئەم دیاردەیە ناوئەنێن (دەوڵەتی هۆبزی). بەرامبەر بە شێوەیەکی دیکەی دەوڵەت کە تەواو پێچەوانەی ئەم ئەزموونەیە، ئەو ئەزموونەی دەوڵەت لە پەیوەندییەکی هاوناهەنگدایە لەگەڵ کۆمەڵگاداو کۆمەڵگا خۆی ئۆتۆنۆمانە، لە دەرەوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت و لەوێشەوە دەستێوەردانی کۆی کۆمەڵگای سیاسی، کارئەکات. ئەم شێوەیەش لە دەوڵەت ناو ئەنێن (دەوڵەتی لۆکی).

لە ئەزموونی دەوڵەتی هۆبزیدا، حیزب دەبێ دەوڵەت داگیرکات، کایەکان یەکە بەیەکە کۆنترۆڵکات. ستوونیانە لە سەرەوەڕا بەرەو هەناوی کۆمەڵگا بێتەخوارێ. کۆی ژیانی کۆمەڵگا ئۆرگانیزەکات. گرامشی ئەم دۆخە ناوئەنێ تزاریزم یاخود قەیسەریزم. بەڵام بە بێ بوونی تزار. گرامشی مەبەستی لە غیابی تزار ئەوەیە، کە حیزب ئەچێتە شوێنی و ئەو لە جێگەی قەیسەر حوکم ئەکات. گەرچی دواجار لە ئەزموونی ستالینیزم و فاشیزمدا، ستالین و هیتلەر ئەبن بە دوو قەیسەری نوێ.

ڕەنگە ماندووبوونێکی زۆری ئەوێت بۆ ئەوەی لە واقیعی کوردیدا بە هەمان ئەو دەرەنجامانەی گرامشی بگەین. بەڵام لەم دۆخەدا نە لە پەیوەندی نێوان حیزب و دەوڵەتدا وەک لە ڕووسیای بەلشەفیکدا ڕوویدا، یان لە عێراقی بەعسیزمدا کە کۆپیەکی دیکەی ئەو ئەزموونەیە. بەڵکو لە پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی کوردیدا. حیزبی کوردیی بە درێژایی مێژووی حیزبێک بووە هەلی مامەڵەکردنی دەوڵەتیانەی بۆ ئەڕەخساوە. واتە حیزبێک بووە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بە شێوازی حوکمکردنی دەوڵەتیانەوە نەبووە. لە سەرێک لە سەرەکانیشەوە هەموو مێژووی ئەم حیزبە بریتیە لە هەوڵدانێکی بێسەمەر بۆ بەشداریکردن لەو حوکمەدا. بەڵام لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەو هەلە ڕەخساو حیزبی کوردیی ڕاستەوخۆ کەوتە بەردەم پرسیاری دەسەلاتەوە. پرسیاری دەسەلات بەمانای حوکمکردن لە ڕێگای دەزگا یان ـ حیزبیەکانەوە. لە ڕێگای با وادابنێین: دەوڵەتەوە. ئەوەی ڕوویدا بریتی بوو لە سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە. واتە حیزبی کوردیی حیزبێکە ناتوانێت لە ڕووی هەیمەنەوە حوکم بکات. حیزبێکە هەر لە سەرەتاوە هەڵگری هیچ جۆرە هەیمەنەیەک نییە، حیزبێکە تەنانەت ناشتوانێ (هۆبزی) بێت. واتە ناتوانێ لەسەرەوەڕا، لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتەوەکاریکات . بۆ ناتوانێ؟ لە وەڵامدا دەشێ بڵێین لەبەر ئەوەی، سەرەتا، حیزبی کوردیی لە ناو کۆمەڵگایەکی زۆر ناشێلگیرو نا ئۆرگانیزەو شێواودا کار ئەکات کە لانی کەمی دروستکردنی ئیجماعی سیاسی تێیدا کارێکی زەحمەتەو پێویستی بە بەرنامەو کاری سیاسی عەقڵانی و وشیارانە هەیە. کە بەداخەوە هیچ حیزبێکی کوردیی هەڵگری نییەو وەک ئەزموونی پێنج ساڵی ڕابردووش نیشانیدا هیچ حیزبێکیش بەرنامەی دروستکردنیشی نییە.

هۆیەکی دیکەی ئەم نەتوانینە لەوەدایە، کە حیزبی کوردی خۆی، وەک فۆرمێکی دیکەی ڕێکخستن و کارکردن، جیاوازیەکی ئەوتۆی لە فۆرمی کارکردن و هەڵسوکەوتی پێکهاتە تەقلیدیەکەی واقیعی کوردی نییە. هیرارکیەت و پێکهاتەی حیزبی کوردیی، کۆپیەکی ڕاستەوخۆی پێکهاتەو هیرارکیەتی خێڵی کوردیە. لێرەوە گروپە باڵادەستەکانی ناو حیزب، وەک پیاوانی ڕیزی یەکەمی خێڵ، هەمیشە لە سنووری مەبەست و قازانجەکانی حیزبدا ئەسوڕێنەوە. ئەو قازانجانەی کە لە ڕاستیدا تەنها قازانجی نوخبەی حیزبی خۆیەتی. بە تایبەتی لە ڕۆژگارێکدا کە حیزب لە

شوێنی دەوڵەت و، حیزب لە شوێنی هەر ئامرازو دەزگایەکی دیکەی دەسەڵات دەستیەکارە . لە ڕۆژگارێکدا کە حیزب ئابووریی کۆمەڵگای لە بەردەستدایەو هەر خودی ئەم لە بەردەستدا بوونەشی کردۆتە دەروازەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا. لێرەدا حیزبی کوردی ئابووری مۆنۆپۆلیزەئەکات بۆ ئەوەی خودی کۆمەڵگا مۆنۆپۆلیزەکات. غیابی هەیمەنەی ئایدۆلۆژی بە مۆنۆپۆلیزەی ئابووری چارەسەرئەکات. حیزب لەوەدا سەرناکەوێ دنیای ڕۆحی و ئایدۆلۆژیەکەی خۆی بکاتە دنیای ڕۆحی و ئایدۆلۆژی کۆمەڵگا. ئیدی ڕاستەوخۆ پەلاماری ئەو کایە حەیاتیە ئەدات، کە ژیانی هەموو تاک و گرویەکانی کۆمەڵگای لەسەر بەندە، مەبەستم ئابووریە. بەمجۆرە پەلامارداني ئابووری لە جەوهەردا دەرەنجامی فەشەلێکی ئایدۆلۆژیە. کە حیزب ئەیتوانی کاریگەریی هەبێت لە سەر عەقڵ و ڕۆح و سایکۆلۆژیای ئینسانی ئێمە، چی لەوە ئاسانترە لە ڕووی گەدەیەوە کۆنترۆڵیکات. بە گەواستنەوە لە عەقڵەوە بۆ گەدە، لە ئیدۆلۆژیاوە بۆ نان، لە هەیمەنەوە بۆ کۆنترۆڵ، ئیدی حیزبی کوردی پشتئەکاتە دوو ڕەگەزی زۆر گرنگ کە گرامشی بە بناغەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان ئەزانێ، مەبەستم بلۆکی مێژوویی و ڕۆشنبیرانە. لەوکاتەدا کە حیزب لەوەدا سەرئەکەوێ ئابووری مۆنۆپۆلیزە بکات. ئیدی پێویستی بە هاریکاری و هاوکاری هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی نامێنێ. مۆنۆپۆلیزەی ئابووری مانای وابەستەکردنی هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیە بە خودی حیزبەوە. وابەستەییەک کە نەک لە هاریکاری و هاودیدیەکی سیاسیەوە هاتووە، نەک لە بوونی یەک لێکدانەوەوە سەرچاوەیگرتووە، نەک لە یەک ڕوانینەوە بۆ دنیاو دیاردەکان.هەڵقوڵاوە، نەک لە یەک تێگەیشتن و یەک شێوازی دۆزینەوەی چارەسەرەوە بۆ کێشەکان ئامادەبووە. بەڵکو لە ئەنجامی ناچاریەوەیە، مۆنۆپۆلیزە پرۆسەیەکە دیووی ئەو دیووی ناچاریە. کە حیزب ئابووری مۆنۆپۆلیزە ئەکات، ئەو کات هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ئەکەونە ناو پرۆسەی ناچاریەکی قورسەوە. ناچاری کارکردن لەگەڵ حیزبدا. بەڵام داخۆ حیزب چۆن ئابووری مۆنۆپۆلیزە ئەکات؟ بێگوومان لە ڕێی توندوتیژیەوە. لە ڕێگای میلیتاریزەی هێزەکانیەوە. هەر ئەمەشە ئەوەمان بۆ ئاشکرائەکات بۆ ڕۆحی میلیتاریزە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا تاقە ڕۆحی باڵادەستی حیزبی کوردی بوو. لەو ساتەوەختەشدا کە حیزب ئەبێ بە دەزگایەکی میلیتاری گەورە ئیدی، خودی کۆمەڵگاش ناچارئەکات بەهەمان ڕۆحیەتی میلیتاریەوە بژی. هەر ئەمەشە یەکێ لە فاکتەرە هەرە بە هێزەکانی شەڕی ناوخۆ لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

ناچارکردني هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بە تەسلیم بوون بە حیزب، وەک ووتمان، بەناو مەرگ و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا تێپەڕدەبێت. بەناو پرۆسەی هەرچی زیاتری پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگادا . بە ڕێگای بەستنەوەی کایە جیاجیاکانەوە بە مەوقیعە جیاجیاکانی ناو حیزبەوە. لێرەوە قوربانی یەکەم بلۆکی مێژوویە . کە تەعبیرە سیاسیەکەی غیابی ئیجماعێکی سیاسیە.

قوربانی دووهەمی ئەم دۆخە، ڕۆشنبیرانن. حیزب کە ئابووری مۆنۆپۆلیزە ئەکات، مانای وایە کە حیزب پێشوەخت بڕیاری ئەوەی داوە بیرۆکەی هەیمەنە بەمانا ئایدۆلۆژی و فیکریەکەی کەنارگیرکات. نەک هەر ئەمە بەڵکو بڕیاری ئەوەشی داوە کە کایەی ڕۆشنبیری و ئایدۆلیژیش بە هەمان شێوەی هەموو کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا، وابەستەی ئەو پرۆسەی مۆنۆپۆلیزەیە بکات. لێرەوە کە ئابووری یان ڕاستتر بڵێین مۆنۆپۆلیزەی ئابووری ئەبێتە ستراتیژیترین کاری حیزب، ئەو کات ڕۆشنبیران لە باتی ئەوەی ببن بە عەقڵی حیزب، یاخود بە خولقێنەری هەیمەنەی حیزب، ئەبن بە گرفت بەسەر حیزبەوە، لێرەوە کاری سەرەکی حیزب بەرامبەر ڕۆشنبیران ئەبێتە سنووربەندیکردن و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانیان لەسەر کۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. لە باتی ئەوەی حیزب ڕۆشنبیران بکاتە دەروازەی چوونە ناو کۆمەڵگاو پەیوەندیکردن بەیەکە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانەوە، کاری ئەبێتە کەنارگیرکردنی ڕۆشنبیران. دابڕانیان لە هێزە کۆمەڵایەتیەکان و ونکردنیان لەناو دەزگاو سنوورەکانی حیزب خۆیدا . لە ڕاستیدا لەم شێوە ئەزموونەدا، ڕۆشنبیران ئەبنە مایەی سەریەشە بۆ حیزب، نەک ئەوەی ببن بە عەقڵی حیزب. لێرەوە تێکشکاندنی کایەی ڕۆشنبیری ئەبێتە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی کارکردنی حیزب. ئەم ئەزموونە لە تاقیکردنەوەی نێوان بەعسیزم و ڕۆشنبیران لە عێراقدا ئاشکراترو بەرچاوترە، تێکشکاندنی کایەی ڕۆشنبیری ئەبێ، عودەی سەدام حوسەین، چۆن ئەبێ بە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و، نەخوێندەوارێکی وەک لطیف نصیف جاسم، لەکاتی خۆیدا بە وەزیری

ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.
بە دیووی ئەودیویشـدا چەندە پرۆسـەی مـۆنۆپۆلیـزەی ئابووری توندترو گشـتگیـرترو هەمەلایەنتربێت، ئەوەندە وابەستەیی ڕۆشنبیران بە حیزبەوە قوڵتر دەبێتەوە. ڕەنگە ئەمە ببێت سەرچاوەی ئەو بێدەنگییە ڕۆشنبیرییەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا دیمان. مەبەستم لە بێدەنگی ڕۆشنبیری جنێودان و کۆکردنەوەی ئیمزانییە، بەڵکو مەبەستم خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و ئابووری و سایکۆلۆژی و هتد.. حیزبە لە کوردستاندا.
هەیمەنە، وەک ووتمان، ڕێکەوتنە، ڕێکەوتن و بڕیاری سەربەخـۆی گـروهە جـیـاوازەکـانی کۆمەڵگایەکە بۆ کۆبوونەوە لە دەوری پرۆژەو بەرنامەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. بەرنامەیەک کە لایەنی کەمی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆم بوونی ئەو گروهانە هەم بپارێزێ و هەم لە هەمان کاتیشدا قـازانجە کـۆمـەڵایەتی و سیـاسـیـەکـانیـان کـەم تا زۆر دابینبکات. یان لایەنی کـەم ئەگـەری دابینکردنیان لە زەینی ئەو گروهە کۆمەڵایەتیانەدا بچەسپێنێ. ئەوی لە واقیعی ئێمەدا ڕوویدا بە پێـچـەوانەی ئەم سـەرەتا تیورییەوە، بریتی بوو لە کـەنارگـیـریکردنی زۆربەی هەرە زۆری هێزە سۆسیۆلۆژەکانی واقیعی کوردی و خولقاندنی جومهورێکی گەورەی چەکدار لە ژێر کۆنترۆڵی گروهێکی نوێدا کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە کوردستاندا هاتەکایەوە. مەبەستم لەو گروپەش تێکەڵێکە لە بازرگانی قاچاخکار و نوخبەی حیزبی. ئەم گروهە نوێیە، بۆ مانەوەو گەشەکردن و باڵادەستبوونی خۆی، هەم پێویستی بە کەنارگیریکردنی گروهە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە هەبوو، واتە بێکارکردن و دەستپێکێشانەوەیان لە هەموو کاروبارێکی ئابووریی، هەم بە چەکدارکردنیان بە مەبەستی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستی خۆی، دوای ئەوەی ئەم گروهە هەموو ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکانی ناو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی زیندووکردەوەو لە پاڵیـشـیـدا بە دەیان ناکۆکی دیکەی دروستکرد. ئەوەی ڕوویدا لە دنیای ئێـمـەدا بریتی بوو لە کـەمـەیەکی ئابوریو سـایکۆلۆژی بۆ بەرهەمـهێنانەوەی هەیمەنەیەکی سەپێنراوی میلیتـاریزەو مـۆنۆپۆلیـزە. هەیمەنەی ئەو گـروهە نوێیـەی لە سـەرەوە هێمـامـان بۆکرد. جـەوهەری ئەو کـەمـە سایکۆلۆژیەش بریتی بوو لە کەمەکردن بە ئینتما جیاجیاکانی ئینسانی ئێمەو ناچارکردنی بە هەڵبژاردنێک لە دەرەوەی هەموو ڕێکەوتن و قەناعەتێکی کۆمەڵایەتیدا. هەر ئەم پرۆسەیەش خۆی کوشتنی ئۆتۆنۆمی هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناودنیای ئێمەبوو.
کـە حـیـزب لەمـەدا سـەرکـەوت، ئیـدی هیـچ هێـزێک لە دەرەوەیدا نەمـا بتـوانێ کـار لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەکان بکات. مۆنۆپۆلیزە، دیارە هەموو شێوەکانی لە ئابوورییەوە بۆ دەسەڵات، ستراتیژێ بوو. حیزب، یان ڕاستر بڵێم ئەو گروهە نوێیەی بەری کاری پێکەوەیی ئابووری قاچاغ وسیاسـەتی نارسیسیـانەبوو، کاری پێکەوەیی فـیودالانی حیزب و قـاچاخچیـیـانی ئابووری لە ڕێگەیەوە ناموهەیمەنی خـۆی پێدەشـاردەوە. ئەو نەقـسـە بونیـادیـیـەی پێدەشاردەوە کـە تەنها پرۆسـەیەکی مـێـژوویی بەرفـراوان و دابەشکردنی دەسـەڵات و، بەخـشـیـنی ئۆتۆنۆمـی بەهێـزە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان و، کرانەوەی سنوورەکانی بڕیاری سیاسی و، ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و، عەقڵیەتێکی دیموکراسی، دەتوانێ پڕیبکاتەوە. بە مۆنۆپۆلیزەی ٧٠٪ ئابووری کوردستان بۆ حیزب و بەخشینی ٣٠٪ بە دەزگاکانی پەرلەمان و دواتر مۆنۆپۆلیزەی ئەویش، ئیدی ئەوە حیزب نەبوو کە چاوەڕوانی کۆمەڵگابێت بۆ گەشەکردن و نوێکردنەوەی خۆی، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگا بوو کە سواڵی ژیانی لە حیزب ئەکرد. لێرەوە وەهمێکی گەورەیە کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لە ڕیزەکانی حیزب و دەزگاکانیدا بەهەیمەنەی ئەو حیزبە لەناو ئەو کەرتە کۆمەڵایەتیانەدا تێبگەین. ئەوەندەی نەبێ وەک گەرانێکی نائومێدی ئەو خەڵکانە بەدوای هۆیەکانی مانەوەدا تەماشا بکەین.
حیزب کـە لەدەرەوەی خۆیدا هەموو بڕیارێکی دیکە تیرۆر بکات و هیچ پانتاییـەک بۆ بڕیاری سەربەخۆ نەهێڵێتەوەو هەموو کۆمەڵگا بکاتە ڕەعیەتی خۆی. ئەوکات ناچارە بەهەمـان شێوە هەمان پرۆسـە لەناو خۆشیدا درێژە پێبدات و سنووری بڕیاردانەکان تەسکبکاتەوە. ئەوانەی لە دەرەوەی ڕیزەکانی حیزبدا ناتوانن بڕیاربدەن، بە گواستنەوەیان بۆ ناو حیزب دەسەڵاتی بڕیاردان وەرناگرنەوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ڕاکێشانی خەڵک بۆ ناو حیزب و میلیتاریزەکردنیان لە جەوهەردا سیاسەتی پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی ئەو گروهە نوێیە کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا دروستبوون. کەواتە گواستنەوەی خەڵک لە دەرەوەی حیزبەوە بۆ ناو حـیـزب نابێتـە هۆی بەرفـراوانبوون و کـرانەوەی مـیکانیـزمـەکـانی دەسـەڵاتی بڕیاردان

ویەشداری ئەو کۆچکردوانە بۆ ناو حیزب لە دارشتنی سیاسەتەکانی حیزبدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، حیزب بەم پرۆسەی گواستنەوەیە ناچاربوو میکانیزمەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی بریاردان تادێت تەسکتر بکاتەوە. چونکە قەبەبوون و ئاوسانی قەبارەی حیزب بەهۆی کۆچی جەماعی خەڵکەوە بۆ ناو ریزەکانی، پێویستی بوونی سیستمێکی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی زیاتر ئەسەپاند، هەم بۆ پیادەکردنی بریارەکانی حیزب خۆی و هەم بۆ خێرایی دەرکردنی ئەو بریارانەو بڵاوکردنەوەشی. گەشەی دوو دەزگای (پاراستن) و (زانیاری) لە پێنج ساڵی رابردوودا تەنها لەم دیدەوە ئەکرێ مانا قووڵەکانی ئاشکرابێت.

لێرەوە حیزب ئەو پرۆسەی مۆنۆپۆلیزمیەی لە دەرەوەی خۆیدا پیادەکرد، لەناو خۆشیدا دووبارەی کردەوە، وە چەند ئەو پرۆسەیە لە دەرەوەی خۆیدا هەمەلایەن و سەخت و توندوتیژ بوو، بە هەمان شێوەش لە ناو خۆیدا بەجۆرێکی هەمەلایەن و توندوتیژو سەخت دووبارەی کردەوە. تا وایلێهات دواجار حیزب هەموو دەسەڵاتەکانی بریاردانی فرێدایە ناو جەستەی سەرکردەکانیەوە. بەم پرۆسەیەش ئیدی دۆخێک دێتەکایەوە تێیدا هیچ دەزگایەک لە دەزگاکان، تەنانەت دەزگاکانی حیزب خۆشیان، توانای بریاردان و پراکتیزەی ئازادی دەسەڵاتیان نامێنێ و سەرۆک لە باتی هەمووان بریارئەدات. بەمەش تەنها نەک کۆمەڵگا ئیفلیجکرا، بەڵکو خودی حیزبیش ئیفلیجکرا. لە راستیدا تەنها بەم ئیفلیجکردنەی حیزب، ئەو گروهە نوێیەی دروستبووبوو، دەیتوانی بەبێ هیچ لێپرسینەوەو رەقابەیەک درێژە بە چالاکیە ئابووری و سیاسیە شێوێنەرەکانی خۆی بدات.

بە جەستەییبوونی دەسەڵات لە جەستەی سەروکدا وەک لەسەرەتاوە نیشانمدا، بەرەو یەکێ لە رەهەندە گرنگەکانی فیکریی (فۆکۆ)مان ئەبات بۆیە لێرە بەدواوە هەوڵئەدەم رووەکانی ئەم بەجەستەیبوونەی دەسەڵات لە دنیای ئێمەدا، لە پاڵ تێزەکانی (فۆکۆ)دا بخوێنمەوە.

* * *

(فۆکۆ) لە باسکردنیا بۆ جەستەی ئەمیر یان سەرۆک، ئەو راستیە ئاشکرا ئەکات ئەم جەستەیە میتافۆر یان ئیستیعارەیەکی سیاسی نییە. واتە سومبلێک نییە دەسەڵات لە دەرەوەی خۆیەوە وەرگرێت. یاخود خۆی ببێت بە سومبلی دەسەڵاتێک لە دەرەوەی خۆیدا، بۆ نموونەبە سومبولی داسالاتی حیزب. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو جەستانە خۆیان ئەبنە واقیع و هەقیقەتی دەسەڵات. دەبنە واقیع و هەقیقەتێکی سیاسی. بەمانایەکی دی جەستەی سەرۆک جەستەیەک نییە رۆڵی رەمزێکی سیاسی ببینێت، بەڵکو جەستەیەکە خۆی لە شوێنی سیاسەت کارئەکات و خودی دەسەڵات لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ و لەوێشەوە بڵاو ئەبێتەوە. جەستەی سەرۆک دەبێتە ئیشکۆیەک و شەوقی دەسەڵات لەوێوە پەرش ئەبێتەوە. بەلای (فۆکۆ)وە گواستنەوە لە جەستەی سەرۆکەوە بۆ جەستەی کۆمەڵگا، ئەو گواستنەوەیەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا روویدا، خودی ئەو پرۆسەیەیە کە ناوی مۆدێرنیزەی سیاسی لێنراوە. مۆدێرنیزەی سیاسی، بە مانای ئەوەی ئەو شتەی کە دەبێت بپارێزرێت چیدی جەستەی سەرۆک نییە، بەڵکو جەستەی کۆمەڵگایە«٥١». ئەوەی لە بەردەمیدا ئەبێ وەلائەتی قووڵی تاکەکان نیشانبدرێت سەرۆک نییە، کۆمەڵگایە. خوداوەند نییە بەڵکو پەیمانی کۆمەڵایەتیە. بەبێ ئەم گۆرانەش ناشێ قسە لە هیچ پرۆسەیەکی مۆدێرنیزە بکرێت چونکە ئەم گۆرانەیە میکانیزمێکی کراوە بە دەسەڵات و پراکتیزەی دەسەڵات ئەبەخشێ.

رەنگە (سەدام حوسەین) باشترین نموونە بێت کە پرۆسەی بە جەستەیکردنی دەسەڵات بەرجەستەکات، ئەم پیاوە رەمزی دەسەڵاتی ئەبوو لە دەرەوەی خۆیدا، رەمزی دەسەڵاتی لەودیوی ئامادەگی فیزیایی و نافیزیایی خۆیەوە. بەڵکو خۆی، خودی دەسەڵات خۆی بوو بە هەموو ماناکانیەوە. قسەو نوکتەو تورەبوونەکانی حوکمی یاسایان هەبوو. هێمای پەنجەکانی ئەو هێمایانە بوو ن کە دەسەڵات بۆ بابەتەکانی دەرەوەی خۆی دەکرد. رووگرژکردنی بەرووی کەسێکدا مانای هەرەشەی دەسەڵات بوو بە مەرگ. ئەم پیاوە دەسەڵات بوو لە ساتەوەختی کەرۆکیدا. دەسەڵاتێک بوو دوو پێ و دوو دەست و دوو چاو دوو گوێی هەبوو. بەکورتی سایکۆلۆژیای سەدام حوسەین چیدی سایکۆلۆژی پیاوێک ئەبوو بەڵکو خودی سایکۆلۆژیای دەسەڵات بوو. لێرەوە جیاکردنەوەی دەسەڵات لە جەستەی سەدام حوسەین، یان کردنی بە سومبلێک بۆ دەسەڵاتی

گروهێ یان چینێکی دیاریکراو هەڵەیەکی تیوری گەورەیە. ئەم بەجەستەیی بوونەی دەسەڵات، لە کاتێکدا کە دەشێ بە ئاراستەی قازانجی هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بشکێتەوە. لە هەمان کاتدا بە هەمان بڕ مانای لێسەندنەوەی هەموو دەسەڵاتێکە لەو گروهە. چونکە دەسەڵات کاتێ ئەتوانێ لە جەستەیەکدا کۆ ببێتەوە کە هەموو ناوەندەکانی دەرەوەی جەستەی کوشتبێ. هەر لە ناوەندە کۆمەلایەتیەکانەوە، (مەبەستم کۆمەڵگای مەدەنیە)، تا بەکۆی دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسی ئەگات.

لە دنیای ئێمەشدا دەسەڵات هەمان شووناسی هەیەو بەهەمان فۆرم کارئەکات. لەو کاتەدا کە حیزب بۆ هەر مەبەستێ دەزگایەک لە دەرەوەی خۆیدا دروستئەکات، ئەوکات پرۆسەی بەجەستەییکردنی دەسەڵات هەمان ئەو چارەنووسە بەو دەزگایە ئەبەخشێت کە لە ئەزموونی بەعسیزمی عێراقیدا پێیدەبەخشرا. لێرەوە دەزگایەکی لە بابەتی پەرلەمانی کوردیی بووە دەزگایەکی ئیفلیج و بێتوانا کاتێ هەردوو جەستەی تاڵەبانی و بەرزانی لە دەرەوەیدا مانەوە. بەڵام هەڵەی هەرە گەورەش لەوەدایە پێمان وابێت بە گواستنەوەی ئەم دوو جەستەیە بۆ ناو دەزگاکانی پەرلەمان، ئیدی دەسەڵات لە جەستەی سەرکردەکانەوە دەگوازرایەوە بۆ هەیکەلی دەزگاکان. گۆڕینی دەسەڵات لە دەسەڵاتێکی جەستەییەوە بۆ دەسەڵاتێکی دەزگایی پێویستی بە تێکشکانی ئەو بونیادەی دەسەڵاتە کە دەسەڵات ئەخاتەوە ناو جەستەکان، مەبەستم بونیادی مۆنۆپۆلیزەو سێنترالیزەی دەسەڵات و کۆکردنەوەیەتی سەرەتا لە ناو حیزبداو دواتر لە ناو گروهێکی حیزبداو دواجاریش لە ناو جەستەی سەرۆکدا.

ئەمەش پرۆسەیەکە وابەستەی ئازادکردنی یەکە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە. وابەستەی دەستکشانەوەی حیزبە لە مۆنۆپۆلیزەی رووکارە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگا. لابردنی ئەو قەیرانەیە کە دەشێ هێزە کۆمەڵایەتیەکان بکەونە ناویەوە. بەکورتی ئیشکردنێکی عەقڵانیانەی سیاسیە، کە تێیدا کۆمەڵگا سێنتەری گرنگی پێدانە نەک حیزب، یان سەرۆک، ئەگەر پرسیاری سیاسی وەک فۆکۆ ئەڵێ بریتیبێ لە پرسیاری : «چۆن منداڵان بەڕێوەئەبرێن، چۆن هەژاران بەڕێوەئەبرێن، چۆن خێزان بەڕێوەئەبرێت، چۆن ماڵ بەڕێوەئەبرێت، چۆن سوپا بەڕێوەئەبرێت؟ چۆن گروپەکان، شارەکان، دەوڵەتەکان بەڕێوەئەبرێن، چۆن خەڵک جەستەو رۆحی خۆیان بەڕێوەئەبەن». ئەڵێم ئەگەر ئەمە پرسیاری سیاسەت بێت لە دنیایەکی عەقڵانیدا، ئەوا پرسیاری سیاسی لای ئێمە بوو بوو بە چۆن حیزب منداڵان ڕاکێشێتە ناو ریزەکانی خۆیەوە، چۆن هەژاران ناچارکرێن ببنە ئامرازی میلیشیاکانی حیزب، چۆن حیزب دابەزێتە ناو پەیوەندیەکانی خێزانەوە، چۆن سوپا بحیزبێنرێت، چۆن گروپەکان، شارەکان، دەوڵەت بکرێتە گروپ و شارو دەوڵەتی حیزب، چۆن جەستە بکرێتە بابەتی حیزب و رۆحی تاکەکان بە رەورەوەکانی حیزبەوە گرێبدرێت؟

یەکێ لە دەرەنجامە هەرە گرنگەکانی (فۆکۆ) لە مەسەلەی دەسەڵاتی جەستەدا ئەوەیە ئەو شێوەیە لە دەسەڵات بۆ ئەوەی بمێنێتەوە ئەبێت هەمیشە لەسەر مەرگ کاربکات. فۆکۆ ئەنووسێ: «پاشا چۆن دەسەڵات بەسەر ژیاندا بسەپێنێ ئەگەر مافی کوشتنی نەبێت» (٥٢). لێرەوە دەسەڵات جەختی سەرەکی لە سەر سزا ئەکات و کوشتن ئەبێتە سومبولی هەرە سەرەکی.

سزا لە دنیای ئێمەدا پرۆسەیەکی هەمەلایەنە، لە تاکەکەسەوە بۆ گروپ. ئەزموونی بەعس چیە جگە لە هەوڵدانی سزادانی جەستەی نەتەوەیەک. تا سنووری وێرانکردن و مەحفکردنەوەی. ئەنفال چییە جگە لە پەلاماری بێئامانی دەسەڵاتێک بۆ سەر جەستەی نەتەوەیەک. بەمجۆرە سزا لە دنیای ئێمەدا دەستدرێژیکردنە سەر مافێک لە مافەکانی نییە بەتەنها، یاخود سنووردانان نیە بۆ ئازادیەک یان هەندێ لە ئازادیەکان. بەڵکو تێکشکانی ئەو جەستانەیە کە دەشێ رۆژێ لە رۆژان ئازادیان بووێت. سزا، دانانی قەیدێ نییە لەسەر ئازادی، بەڵکو تێکشکان یان سرینەوەی بیرۆکەی ئازادی خۆیەتی. لەم کۆمەڵگایانەدا جەللاد بکەری یەکەمە، یان هیچ نەبێ بکەرێکی هێجگار گرنگە لە پاڵ بکەرەکانی دیکەدا. لە کاتێکدا وەک فۆکۆ ئەڵێ لە رۆژئاوادا «سوپایەک لە چاودێریکەرو پزیشک و قەشەو سایکۆلۆژیست شوێنی جەللادیان گرتۆتەوە».

دەشێ تەکنیکی سەرەکی دەسەڵاتێ لەسەر مەرگ کاربکات، بە شانۆگەرییکردنی مەرگ ناوببەین، مەبەست لەمەش بە کەرنەڤاڵکردنی کوشتنەکانە. ئاهەنگێرانە لەسەر جەستەی مردووەکان. کردنی مەرگە بە مەشهەدێکی دیتراو لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و خەڵکدا. نیشاندانی جەستە

کوژراوەکانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، کۆکردنەوەی خەڵکە لەدەوری گوللەبارانەکان. هەڵهەڵە کێشانە بەسەر جەستەی شەلاڵ لە خوێنی کوژراوەکاندا. بە کورتی نەشاردنەوەی سزاکانە. نیشاندانیانە بە یەکەیەکەی تاک و گروهەکانی کۆمەڵگا. گواستنەوەیەتی لەناو کونجی تاریک و شێداری زیندانەکانەوە بۆ ناو گۆڕەپانەکان، بۆ بەردەرگای مالان، بۆ ناو گۆڕەپانی فوتبۆڵێنەکان، بۆ فولکە گشتیەکان و بەردەمی خەستەخانەکان.

دەشێ تەکنیکی دووهەمی ئەم شێوە دەسەلاتە بە تەکنیکی لە یەکدی جیانەکردنەوەی موڵکیەت و جەستە ناوببەین. ئەگەر لە ڕۆژئاوادا، وەک فۆکۆ ئەڵێ، سزا لە سزادانی جەستەوە گواسترابێتەوە بۆ «لە دەستدانی موڵکیەت و دۆڕاندنی ماف» (٥٣). ئەوا لە دنیای ئێمەدا زۆرجار ئەم دوو پرۆسەیە هاوشانن. لێسەندنەوەی موڵکیەت، لە هەمانکاتدا هاوشان بە لێسەندنەوەی جەستەو لێسەندنەوەی ژیان ڕوویداوە. جا ئەگەر لە دەستدانی موڵکیەت و دۆڕاندنی ماف مانای لە دەستدانی جەستە نەبێت، ئەوا خودی ئەم سەلامەتی و مانەوەیە دەتوانێ گەرانتی ئەوەش بکات کە دواتر هەڵگری جەستەکان، واتە تاکەکەسەکان، خەڵک، دژ بەو بێمافیانە کاربکات.

سێهەمین تەکنیک بریتیە لە پرۆسەی داهێنانی بەردەوامی تاوانی نوێ: ئەم تەکنیکەی دەسەلات لە عێراقدا تەکنیکێکی کوشندەبوو، چونکە سڕینەوەیەکی ڕاستەوخۆی سنووری نێوان تاوان و بێتاوانی بوو. تێکەڵکردنێکی بە ئەنقەستی ڕەوشتی ئاسایی بوو بە ڕەوشتی تاوانبار. بۆ نموونە، لە عێراقدا، لەبەرکردنی جلی ڕەش، هێشتنەوەی ریش، بەشدارنەبوون لە بۆنە گشتیەکاندا، نەکرینی کتێبەکانی سەرۆک، نوکتەیەک، دانانی کۆمەڵێ کتێبی تایبەت لە کتێبخانەیەکی شەخسیدا، کرینی یان هەبوونی تابیعە یان ڕۆنیۆیەک، گۆرینی قەناتی تەلەفزیۆن لە کاتی دەنگوباس یان نیشاندانی سەرۆکدا، ئاوڕدانەوە لە دوای خۆت لە هەندێ شەقام و شوێنی تایبەتی شارەکاندا هتد... ئەمانەو بە دەیان «تاوانی» دیکەی لەم بابەتە بەسبوون بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی خۆی لە دەستبدات. ئەڵبەتە ئەم 'تاوانانە' ئەوەندە گشتی و ئاساین، دەکرێ لە هەموو ساتێکدا هەموو کەسێکی پێتاوانبار بکرێت. بۆیە خودی ژیان خۆی، لە تەفاسیلە ڕۆژانەییەکەیدا هەمیشە مرۆڤ بەرەو ڕووی ئەگەری تاوانباربوون ئەکردەوە. لە عێراقدا ژیان خۆی بووبوو بە شێوەیەک لە شێوەکانی تاوان.

چوارەم: تۆتالیتاریزمی شوێن. ئەم تەکنیکەی دەسەلات لە هەناویدا پرۆسەی بە یونیڤێرسیالیکردنی دەسەلاتی هەڵگرتبوو. ئەوەی لە عێراقدا شوێنی سەرنجە، سڕینەوەی سنوورە لە نێوان شوێنە جیاجیاکان و تێکەڵکردنیانە بەیەک. بۆ نموونە ئەگەر زانکۆکان وەک نموونە وەرگرین ئەبینین لە یەک کاتدا تێکەڵکردنی زیاد لە چەند شوێنێکی دژ بەیەکدی بوون. ژووری یەکێتی قوتابیە ساختەکان، لە یەک کاتدا هەم ژووری کاروباری تایبەتی قوتابیان و هەم ژووری لێپرسینەوەو موحاسەبەی سیاسی و، هەم ژووری کۆنترۆڵکردن و هەم ژووری سزادان بوو. ژووری ئەفسەرەکانی ئاسایش بە هەمان شێوەو بگرە زیاتریش هەموو ئەو کارانەی سەرەوەی ئەنجامئەدا. ژووری ئامادەگی و دەسەلات و سزابوو لە یەککاتدا. ئەمە جگە لە ژووری پۆلیسەکان و ئەمنەکانی بەردەرگاو ئەو دەیان ژوورو ژێرخانە چکۆلانەی دیکە. کە زانکۆکانیان لە یەککاتدا لە شوێنی خوێندن و فێربوونەوە ئەکردە شوێنی چاودێری و سزا. بە مانایەکی دیکە بەرهەمهێنانەوەی هەموو دەزگاکانی سزا لە ناو شوێن و دەزگاکانی خوێندندا. ئەم پرۆسەیەش لە جەوهەردا بەشێک بوو لە پرۆسەی بە گشتیکردنی شوێنەکانی سزا. بڵاوکردنەوەی زیندان و ژوورەکانی دارکاری و سزادان بوو بەسەر هەموو جەستەی شوێنەکانی دیکەدا. هەمووان دەزانین هەموو ژێرزەمینێ، هەموو خانوویەکی چۆڵ لە زەینی خەڵکی عێراقدا ئیحتمالی زیندانێک بوو، ئەگەر لە ڕاستیدا زیندان نەبوبێت. ئەم دۆخە لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەریندا زۆر ئاشکرابوو، خەڵک لە شاری سلێمانی گوێیان ئەنا بە کوونی زێرابی سەر جادەکانەوەو دەیانگووت گوێمان لە هاواری زیندانیە. (بەعس) لە زەینی هەموو یەکێکدا هەموو خانوویەکی چۆڵ یان ژێرزەمینێکی کردبووە ئەگەری زیندانێک. بەمەش زیندان تەنها شوێنێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو فەزایەکی کراوە بوو، فەزایەک هەموومان ڕۆژانە بە ناویدا ئەهاتین و ئەچووین. ئەم مەسەلەیە ڕاستیەتی خۆی زیاتر ئەسەلمێنێ، گەر ئێمە ئەو ژمارە زۆرەی مەقەڕو بارەگاو ناوەندو بنکانە بێنینە بەرچاو کە بەعس لە هەموو گەڕەک و شەقامێکدا دانەیەکی کردبووەوە. لەم فەزا زیندانیەدا چی لەوە ئاساییتره مرۆڤ

هەست بە تاوانێک بکات، تاوانێ کە سزاکەی جاریێ دراخراوە.

* * *

بۆ ئەوەی باشتر لە دەسەڵاتی جەستەیی بگەین ڕەنگە لێرەدا گەڕانەوە بۆ چەمکی دەسەڵاتی کاریزمی لای «ماکس ڤیبەر» سوودمەندبێت. بە بڕوای من جیاوازی سەرەکی نێوان بۆچوونی فۆکۆ دەربارەی بە جەستەیکردنی دەسەڵات لەگەڵ بۆچوونی ماکس ڤیبەر دەربارەی دەسەڵاتی کاریزمی لەوەدایە، فۆکۆ دەسەڵاتی جەستەیی بە دەسەڵاتێکی بەر لە مۆدێرن دادەنێ و ڕاستەوخۆ ئەیبەستێتەوە بە سزاو کۆمەڵگای سزاوە. بەڵام لای «ماکس ڤیبەر» دەسەڵاتی کاریزمی وابەستەی قۆناغێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات، وەک چۆن سیحربازێک ئەتوانێ دەسەڵاتێکی کاریزمی هەبێت، ئاواش سەرۆکی حیزبێکی مۆدێرنیش. «ڤیبەر» پێی وایە هەڵگرانی ئەم دەسەڵاتە لە دوو شێوەدا دەرئەکەون (٥٤): یەکەمیان لە شێوەی سیحربازو پێغەمبەراندا، دووەمیان لە شێوەی سەرۆکی حیزبدا.

دەسەڵاتی کاریزمی هەمیشە ئەیەوێ ئەو وەهمە بچەسپێنێ کە هەڵگری پرۆژەیەکی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە. خودی ئەم پرۆژەیەش وانیشان ئەدات کە لە خودی دەسەڵاتە کاریزمیەکە گرنگترە. بۆ نموونە یەکخستنەوەی نەتەوەی عەرەب لای سەدام حوسەین.

ئەم دەسەڵاتە هەمیشە هەڵگری چیرۆکی ڕزگاریە، هەمیشە لە دژی لایەنێک دەجەنگێ کە ئەو ڕزگاریە ئەخاتە مەترسیەوەو هەڕەشە لە نەتەوە، لە شتە پیرۆزەکان، لە نیشتمان ئەکات. ئەم دەسەڵاتە بەردەوام پێویستی بە دوژمنی ڕاستەقینەو ڕەمزیە. دوژمن نەشبێ ئەم دروستیئەکات. ئەم میکانیزمە لە جەوهەردا میکانیزمی کپکردن و کەنارگیرکردنی هەموو ئەو پرسیارە شێلگیرانەیە کە دەشێ ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێنەوە. پرسیار دەربارەی ماهیەتی دەسەڵات، سنوورەکانی، مافەکانی، ئەرکەکانی، چۆنیەتی کارکردنی، چۆنیەتی پاراستن و مانەوەی هتد..

دەسەڵاتی کاریزمی هەمیشە خۆی بەجۆرێک لە قەداسەت دائەپۆشێ. قەداسەتێ لە گەورەی ئەو مەسەلەیەوە دێت کە دەسەڵاتی کاریزمی خەباتی بۆ ئەکات. لێرەوە دەسەڵاتی کاریزمی لە ئاستی ئایدۆلۆژیادا زمان و گراماتیکێکی ئاینی یان زمان و گراماتیکی موقەدەسێکی ئایدۆلۆژی بەکاردێنێت.

گەورەترین مەترسی ئەم شێوە دەسەڵاتە خوڵقاندنی وابەستەیی، پاشکۆیەتیەکی کوشندەیە، پاشکۆیی خەڵک بو سەرکردەکان، کوشتنی هێزی دەستپێشخەری و ڕۆحیەتی ئۆتۆنۆمیانە. یەکخستنی ئیرادەی کۆو گۆڕینی مرۆڤ لە تاکەکەس یان هاووڵاتیەوە بۆ ڕەعیەت.

دەسەڵاتی کاریزمی بەوەی خۆی وەک دەسەڵاتێکی موقەدەس نیشانئەدات. بۆیە وەک هەموو موقەدەسێ پێویستی بە قوربانی هەیە. چەندە قوربانیەکانیش، هەم بەژمارەو هەم بە چۆنیەتی زۆرو گرنگ بن، ئەوەندە دەسەڵاتی کاریزمی قەداسەتی خۆی گەورەتر ئەبینێ. لێرەوەیە گووتاری قوربانی گووتاریی هەرە باڵادەستی کاریزمیە، قوربانی بۆ هەموو شتێک، بە ڕاست بەدرۆ، بە پێویست و بە زیاد، قوربانی بۆ چەندان مەسەلەی جیاواز، لە نیشتمانەوە بۆ خودی سەرۆک خۆی، لە باوباپیرانەوە بۆ خزم و کەس و کارو هاوڕێکاکانی سەرۆک، لە مێژووەوە بۆ حیزب، لە ئاینەوە بۆ ئایدۆلۆژیا. دیارە گوتاری قوربانی ئەبێتە گوتارێکی موستەحیل ئەگەر هەموومان بە هەڵەدا ئەباو بەوە ئەمانخەڵەتێنێ کە سەرۆک، بوونەوەرێکی پیرۆزەو ئەو مەسەلەیەش سەرۆک خەباتی بۆ دەکات مەسەلەیەکی پیرۆزە. ئاخر ئێمە چۆن ژیانی خۆمان ببەخشین بە منداڵەکانی سەرۆک، بە خێڵەکەی، بە هاوڕێکانی، بە حیزبەکەی. ئەگەر پێشتر موقەدەسی سەرۆک یەکسان ئەکرابێت بە هەموو موقەدەسەکانی دیکە. ئەگەر سەرۆک موتڵەقێکی پیرۆز نەبێ و ئێمەش گەردیلەیەکی بچووک و بێبایەخ. لێرەوە دوژمنی هەرە سەرەکی دەسەڵاتی کاریزمی ئەو شێوەیەیە لە مەعریفە کە بایەخەکان بۆ ژیان ئەگەڕێنێتەوەو داوای تەسککردنەوەو عەقڵانیکردنی سنوورەکانی قوربانی ئەکات. داوای پێناسێکی دیکەو شووناسێکی دیکە بۆ موقەدەس.

* * *

ڕەنگە گرنگترین پرسیارێک بکرێ لێرەدا ڕووبەڕوومان ببێتەوە،پرسیار بێت دەربارەی چارەنووسی کایەکان . داخۆ دەسەڵاتی جەستەیی چی لە کایە جیاجیاکان ئەکات؟ چۆن مەوقیعەکانی ناو کایە ڕیزئەبن و چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا دروستئەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بە ناچاری بەرەو سۆسیۆلۆژیای بییار بۆردیۆ مان ئەبات. بۆیە دوابەشی ئەم نووسینە تەرخاندەکەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە.

سەرەتاییترین دەرەنجامێ بکرێ لێوەی دەستپێبکەین، گۆڕانی کایەکانە بە جیهاز، گۆڕانیان لە ناوەندێکی پڕ لە جووڵەو ململانێ و ناکۆکییەوە بۆ پانتاییەکی کپکراو، لە کۆمەڵێ ووزەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە، بۆ جەستەیەکی بەنجکراو. بە کورتی لە دنیایەکی دینامیکی و پڕ لە ململانێ کراوەو ئاوەڵاوە، بۆ جیهاز یان ئامرازێکی مۆنۆپۆلیزەکراو. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەلتۆسێر بە جیهازی ئەدات و بۆردیۆ ناتوانێ قبوڵیکات. کایەکان لە دنیای ئێمەدا بە تایبەتی کایەی دەسەڵات کایەیەکی داخراوەو مۆنۆپۆلیزەکراوە. گروهێ لە گروهەکان پاوانیکردووەو هەموو گروهەکانی دیکەی لە ناو هەناوی کایەکاندا چەپاندوە. گروهێ لە گروهەکان کە دەشێ گروهی خێزانێکی دیاریکراو (سەدام حوسەین)، گروهی خێڵێکی دیاریکراو (بارزانی)، گروهی نوخبەیەکی دیاریکراو (تاڵەبانی) بێت.

کایەی دەسەڵات بە جۆرێک لە ناکۆکی ناوەکی بەتاڵکراوەتەوە کە تێیدا مەوقیعی گروهی باڵادەست لە ناو خودی کایەکەدا لە بەردەم هیچ مەترسییەکدا نییە. ئەو بۆچوونەی [بەختیار عەلی] کە ئەڵێ لە سەرکردایەتی هیچ حیزبێکی کوردیدا تا دەساڵی دیکەش شوێنی هیچ گەنجێکی تیا نابینێتەوە دەرکەوتێکی ئەم مۆنۆپۆلیزە هەمەلایەنەیە. لە سەرەتای شۆڕشی کوردەوە لە نیوەی دووهەمی ئەم سەدەیەدا سەرکردایەتی ڕەسمی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی مۆنۆپۆلیزەی خێڵی بارزانییە. لە شەستەکانەوە دیوەکەی دیکەی ئەم بزوتنەوەیە مۆنۆپۆلیزەی تاڵەبانییە، لە کۆتایی شەستەکانیشەوە کایەی دەسەڵات لە عێراقدا مۆنۆپۆلیزەی (سەدام حوسەین)ە. وەک ووتم ئەم کایانە بە جۆرێکی ئەوتۆ لە دینامیکیەتی ناوەکی بەتاڵکراونەتەوە کە تاقە مەترسییەک لە سەریان دەشێ تەنها لە دەرەوەڕا بێت. مەترسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر یەکێتی نیشتمانی، یان بە پێچەوانەوە، مەترسی هەردووکیشیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەدام حوسەیندا، مەترسی دەسەڵاتی سەدام حوسەینیش لە بەرامبەر هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا. ئەم گروهە باڵادەستانە بەردەوام هەموو گروهەکانی دیکە دەچەپێنن، ڕێگە لە دروستبوونیان ئەگرن، خۆ ئەگەر لۆژیکی دەسەڵات و هەلی مێژوویی وا هاتەکایەوە گروهی دیکە دروستببن. ئەوا ئەوکات گروهی باڵادەست هەوڵی سزادانیان ئەدات. چ بە لەناوبردنی فیزیکی ئەگەرکرا، یاخود بە هێرشبردنە سەر ئەو شێوە سەرمایەیەی کە دەشێ هەڵگرین. ئەو شێوە سەرمایەیەی کە هوو کارکردنێکی سیاسی لە دنیای ئێمەدا پێویستیەتی، مەبەستم سەرمایەی ڕەمزییە. لێرەوە پەکخستنی سەرمایەی ڕەمزی گروهە نوێکان کاری سەرەکی گروهە کۆنە باڵادەستەکانە. هەر لێرەشەوەیە گروهە مۆنۆپۆلەکان هەمیشە گروهە نوێکانیان بە سەرچڵ، فاناتیک، کتێبی، هەرزەکار لە باشترین حاڵەتداو، بە خائین، پیاوی موخابەرات، تەنانەت تۆمەتی ئەخلاقی تاوانبار کردوە.

با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە، ئەمجارەیان لە کایەی میلیتاریدا ـ الحقل العسکری ـ هەمووما ئەزانین کایەی میلیتاریی لە عێراقدا باڵادەسترین کایەیەو سەرمایەی میلیتاری گرنگترین و بەهادارترین شێوەکانی سەرمایەیە. تەنانەت لەو سەرمایەیە ئەچێ کە بۆردیۆ ئەڵێ لە ناو هەموو کایەکانی دیکەشدا خواردویەتی. خەونی «بەعس» خۆی لە جەوهەردا خەونی میلیتاریزەی کۆمەڵگای عێراقیە. چونکە تەنها ئەو دۆخی میلیتاریزەیەیە کە دەوڵەتی پۆست ـ کۆلۆنیالی بەعس لەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ناسیۆنالیە ڕزگار ئەکات کە دەوڵەتی عێراقی لە ڕۆژی دروستبوونیەوە بە دەستیەوە ئەناڵێنێ. بەڵام بەرفراوانکردنی کایەی میلیتاری لە عێراقدا بەو ڕادەیەی سەرلەبەری کۆمەڵگای عێراقی بگرێتەوە، مەترسی ئەوی لێدەکرێت کە کۆنترۆڵکردنی لە دەستی گروهی باڵادەست بچێتەدەر. بە مانایەکی دی ئەم کایەیە لە پرۆسەی میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگادا هەموو ناکۆکیە ناوەکیەکانی کۆمەڵگای عێراقی بگرێتە خۆی و دواجار لەوێوە لۆژیکی ئەو ناکۆکیانە گرویی باڵادەست و مۆنۆپۆلیزەی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوەو دینامیکیەتی کایەکە گۆڕانی چاوەڕواننەکراو بێنێتە پێشەوە. لێرەوە تێکشکاندنی لۆژیکی کایەکەو شێواندنی ڕیزبەستنە ناوەکیەکانی، ئەو وەڵامەیە کە گروهی باڵادەست بە خودی

کایەکەی داوەتەوە. بەعس لە ناوەوەڕا ئەم کایەیەو یاساو میکانیزمە ناوەکییەکانی وێرانکرد. ژێرپێخستنی هەموو یاساو فۆرم و بەهاکانی ژیانی میلیتاری شوناسی کارکردنی بەعس بوو لەناو ئەو کایەیەدا. کردنی نائب عەریفێ لە شەو ڕۆژێکدا بە قائیدی هێزی ئاسمانی عێراق، یان بەخشینی چەند ئەستێرەیەک لە سەعاتێکدا بە پیاوێ لە پیاوەکانی سەرۆک، دانانی ئەفسەرێکی تەوجیە سیاسی وەک چاودێرکەر بەسەر جەنراڵە پیرەکانی سووپاوە، هتد.. هەموویان ئەو دەستێوەردانە شێوێنەرانەیە کە بەعس ڕۆژانە لۆژیکی ئەو کایەیەی پێدەشکێنێ کە ساڵەهای ساڵە بینای ئەکات. چۆن ڕۆژانە ئەو جەنەڕاڵانەی هەموو تەمەنیان لە سوپادا بەسەر بردوە ناچار ئەکات چەندان هەنگاو لە دوای عەریف و نائیب عەریفە دڵسۆزەکانی سەرۆکەوە بڕۆن و سەلامی سەربازیشیان بۆ بکەن.

خۆ ئەگەر تەماشای کایەی ڕۆشنبیری بکەین، ئەوا ئەوکات دیاردەکان شێوێنەرانەترو ئاشکراتر ئەبینرێ. سەرەتا ئەم کایەیە لە عێراقدا کورتکرابووەوە بۆ کایەی تەبریرهێنانەوە بۆ ڕژێم و میکیاجکردنی کارەساتە خوێناوییە ڕۆژانەکان. جگە لەوەی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی سەرمایەی نائیب عەریفێک نەبوو، لە هەمانکاتدا لە خەونی میلیتاریزەی عێراقدا ئەمانیش ئەبوایە هەمان ئەو ڕۆڵەش ببینن کە سەربازە سادەکانی ئەیانبینی. کەم نەبوون ئەو پرۆفیسۆرانەی جلوبەرگی سەربازیان دەکرایە بەرو تەسلیم بە جوندی ـ ئەوەلەکانی ناو سێنتەرە سەربازیەکان ئەکران. لێرەوە کاری سەرەکی بەعس لەم کایەیەدا بریتی بوو لە بێنرخکردنی هەموو بەهاکانی سەرمایەی کولتووریی لەبەردەم سەرمایەی سەربازیدا. کردنی نەخوێندەوارەکانی حیزبیش بە بەردەوامی بە وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، هەمان ئەو تاکتیکەیە کە بەعس لە کایەی میلیتاریدا پراکتیزەی ئەکرد.

بەمجۆرە (بەعس) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی گروهی باڵادەستیدا، بەردەوام کایەکانی گۆڕیوە بە جیهازو، جیهازەکانیش سەرتاپا مۆنۆپۆلیزەکردوە.

لە کوردستانی خۆشماندا هەمان پرۆسە لە ئارادایەو هەمان لۆژیک کارئەکات ئەڵبەتە پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات و خوێنەری کورد بە ئاسانی ئەتوانێ چەندان نموونە لە خەیاڵی خۆیدا بدۆزێتەوە.

هۆڵەندا
١٩٩٦

* * *

**سەرچاوەکان**


1-Marxistiese staatstheorie 2: Gramsci
Te Elfder ure 28, jaargang 25, nummer 2, januari 1981. P293
2-Ibid,p.477.
3-Ibid,p.293.
4-Foucauit, Waarheid als macht.
5-Andrew Barry. 1996. Foucauit and political Reasion. London.
6-Michel Foucault. 1981. Remarks on Marx. New york. p. 173-174
7-Ibid p. 165.
8-Ibid p. 165.
9-Ibid p. 165.
10-Kevin Olson. Habitus & body langaugo: toward a critical theory of symbollc power, philosophg & socialcrilicims, vol 21 no2, p.24.
11-Ibid. p.21.
12-Ibid. p.24.
13-Maryistiese staatstheorie.. p.319.
14-Ibid. p.319.
15-Ibid. p,319.

17-Ibid. p.378.
18-19 Ibid p.13.
20-Ibid. p.138.
21-Foucault Herdenken, 1995. over werk en werking van Michel foucault. uitgeverij Dam on b.v. Best p. 96-97.
٢٢- مەریوان وریا، ١٩٩٥ . لە کۆمەڵگای سزاوە بۆ کۆنترۆڵ، دەروازە ، ژمارە دوو، دانیمارک
23- Foucault. 1991. Remavx on Mavy p167.
24- Darius M. Rejali. 1994. Torture and Modernty, self, society and stote in modern Iran. Westview press U.S.A p.15.
25-Ibid p.15.-
26-Ibid p.15.
27- Foucault. 1997. Discieline and punish; the birth of the prison, London; penguin.
28-Torture and modernity. p16.
٢٩- ميشل فوكو. ١٩٩٠ تاريخ الجنسانيه -١- اراده المعرفه. ترجمه ومراجعه وتقديم مطاع الصفدي، ترجمه جورج ابى صالح. مركز الانماء القومي ل١٤٠ .
٣٠- هـ.س.پ ل١٢٩ .
٣١- هـ. س.پ ل١٤١ .
32-Kevin olson. Habitus & body ... p21.
33-Ibid p.21.
34-Ibid p.24.
35-Pierre Bourdieu. 1992. Argumente. voor een reflexieve maatschappij wettenschap. uitgeverijsua. Amstardam p.58.-
Ibid p.21.
36-Ibid p.63.
37-Ibid p.63.
38-Ibid p.60.
39-Ibid p.59.-
40-Ibid p.59.
41-Ibid p.59.
42-Ibid p.59.
43-Ibid p.59.
44-Ibid p.60.
45-Ibid p.60.
46-Ibid p.60.
47-Ibid p.71.
48-Ibid p.71.
49-Ibid p.72.
50-Ibid p.72.
51-Foucault. Te Elfder ure. Recht over de dood en macht over het leven p.136.

# شەڕی ناوخۆی کوردستان: مەرگی چەمکەکان خوێندنەوەی تراژیدیایەکی تایبەت لە شکستی گشتدا

بەرزان فەرەج

لە ڕاستیدا ئێستا لەو بەشە زەوییەی کوردستاندا کەلای دەوڵەتانی سەرەکی هاوپەیمانی دوای شەڕی کەنداو بە ناوچەی "پرۆڤاید کۆمفۆرت" ناسراوە و لای ئێمەی کورد لەوەهمی حکومەتدا بەرجەستە بووە(١)، سیستمی پێکەوە ژیانی دەستەجەمعی و کۆمەڵگای مەدەنی لەساتی بەقسەهاتنی تفەنگ و خوێناویکردنی شەقامەکان و بەمەیدانی جەنککردنی شارەکان و گۆڕینی بۆ قەڵای کەمارۆ دراوی شەڕ، کشاوەتەوە و ئێمە وێنەیەکی خودهێشتنەوەی خۆمان لەحاڵەتی سروشتی یان "سەرەتایی"دا نیشانی دەرەوەمان دا(٢). لێرەوە هۆکارە حەقیقییەکانی نوچدانی سەرجەم بونیادێکی کۆمەڵایەتی لەو دەرئەنجامە نامەنتیقییەدا بزربووە کە کورد شکستیهێناوە لەبەڕێوەبردنی خۆیدا، ئەم وەڵامە ڕووکەشییەش ئامادەی هەموو تێکشکانە مێژووییەکانی کوردە کە زیاتریش قەبارە گەورەکردنی ئەم دەرئەنجامە سەپێنراوە لەسەر ئاستی ڕاگەیاندندا؛ واتە لەئاستی نیشاندانی کورد وەکو گشت بۆ دەرەوەی خۆی، زیاتر بەحەقیقەتکردنی گومانێکی ساختەئامێزو سەپاندنی سیفەتی جیایی بوونیەتی بەمەبەستی هێشتنەوەی لەناو ئەو هاوکێشە پەیوەندییە ناهاوتایەی کە هەمیشە دەبێت کورد لەبەرامبەر دەرەوەدا لەبەری (داگیرکراو، ژێردەست، کۆلۆنی)دا بێت، بەمانا ڕووکەشییەکەی، چونکە کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی نییە، وەلکاندنی نەزانین و نەشارەزایی بەکوردەوە لەکردەی ئیدارەی کۆدا، ئەو ستراتیژییە مێژووییەی لەیادەوەری سیاسی کورد و دەرەوەشیدا بەکاربردووە کە هەمیشە کورد لە دروستکردنی (دەوڵەت) وەکو بالاترین دەسگای بەڕێوبردنی کۆ، بێبەش کردووە، لەکاتێکدا کەوەلاخستن و خۆکێل کردنیشە لەو حەقیقەتەی کە بەتەنها کورد تاکە نمونەی نەشارەزایی حوکم نییە. بەڵکو هەموو قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دەوروبەری دیارترین نمونەی شکستی بەڕێوبردنی کۆن، کەدەکرا ئێستا بوونی کوردی لەجیاتی حاڵەتی پەرشوبڵاوی لەنێوان چەند دەوڵەت و چەندین کەلتورو زمان و مێژوودا (کە ئەمانە هۆکاری سەرەکی بەردەوامیدانن بەمانەوەی کورد لەحاڵەتی پەرشوبڵاویدا) ئێستا ئەویش نمونەیەکی تری نادروست بووایە وەکو هەر دەوڵەتێکی تری ڕۆژهەلات.

بەهەرحاڵ ئێمە ئێستا لەبەردەم ڕاستییەکداین کە ئەو چوارچێوەیەی لەوەهمی خۆماندا بەناوی دەوڵەت و حوکمەتەوە وێنەمان کێشابوو، لێکترازا. ئەو وەهمەی پێیدەوترا ئەزمونی دیموکراسی و حوکمەتە ساواکە دارماو ئێستا شتێک نییە لەکوردستاندا پێی بووترێت دیموکراسیەت، چونکە کەزمانی دیالۆگ بزر بوو [هەرچەندە لەسەرەتاشەوە ئامادەیەکی لاڵ بوو] ئەوا بەیەکداچوونی پەیوەندییەکان لە خاڵی "شەڕ"دا کەپانتایی تەنیای دیالۆگی هێزە دژەکانە بەریەکتریدەکەون، لێرەوە دەبێت خۆمان لەو قەوارە وەهمی یە دەربێنین کەتەنها ئاماژەی شێوەگەرایی شوێنی دیموکراسیەتە نەک پیادەکردنی پراکتیکی، [واتە پەرلەمان و دەستگای حوکمەت] وەخۆمان فڕێبدەینەوە ناو پەیوەندییەکی سروشتی و هاوتای شێوە سیستمی ژیانی خۆمانەوە. ئەم

تێڕوانینە ڕاماندەکێشێت بۆ جیاکردنەوەی شێوەگەرایی پەیوەندییە سیاسییەکان لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا کەئاماژەی وەهمیی کۆمەڵگای مەدەنی(٣)و ڕووکەشی پەیوەندییە حەقیقییەکانی خودی ئەم کۆمەڵگایانەیە کە سەرجەم سیستەمی ژیان و بونیادی پەیوەندییە ناتەباو زۆردارییەکانی لەسەربەندە کە کوردیش بەشێکی دانەبڕاوە لەم کەلتوورە ڕۆژهەڵاتییە کە تیایدا شوێن تەنها ئاماژەیەکی نادروست و درۆی خودنیشاندانی دیموکراسیانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییە لەڕێگەی ناونان یاخود شوێن وەکو (دال)ێک کەمەدلول و ڕەهەندە مانایەکانی بزرەو تەنها ڕووکەشێکی وەهمی هەیە بۆ دوورخستنەوەی گومان و سەرنجدانی بەردەوام لەم کۆمەڵگایانەی کە لەژێر چاودێریدایە، بەوپێیەی هەڵگری شێوە سیستەمی ژیانی ناسەقامگیرو توند و تیژین کە لەپشتی ئەم ڕووکەشەوە جیهانبینی و تێڕوانینێکی کۆ بۆ خودنیشاندانی دیموکراسیانە لەپێکهاتەی سایکۆلۆژی کۆمەڵدا هەیە کە هەڵگری میکانیزمەی داپلۆسینی ئەو وێنەیە(٤). بەلام ئەم ڕووکەشە لەزۆر ساتەوەختی وەکو گەیشتنە ئاستی دڕندەیی دەسەلاتێکی دیکتاتۆری یاخود هەڵگیرسانی جەنگی جینۆساید لەلایەن ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستییەوە دژی گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنی، دینی، کەلتوری جیاواز، یاخود لەحاڵەتی شەڕی ناوخۆدا چیتر ناتوانێ ڕوتێتیی ئەو پەیوەندیانە بشارێتەوە کە لەپشتییەوە یاسای جەنگەڵ و پیرۆزکردنی دەسەلات و حەرامکردنی پانتایی هێز لەیەکدی سیستەمێکی ترسناک لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵدا ڕێکدەخات کە دەشێت ڕووکەش بتوانێت هەندێ لەو وێنە شێواوەی ناوەوەی لەقۆناغێکدا بشارێتەوە، بەلام ئەستەمە بتوانێت کەئەو پەیوەندییە ناتەباو هەمیشە دژانە بەردەوام بەسەقامگیری بەڕێوەبەرێت کە حەتمیەتی تەقینەوەو لێکترازانی ئەو سیستەمە پێکەوە ژیانە ناچارییە حەقیقەتێکی گومان هەڵنەگرە، ئەگەرنا ئەوە کۆمەڵگە جۆرێک لەخواستی سەقامگیری ناچاری بەسەر خۆیدا دەسەپێنێ کەتائێستا بۆ کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان خواستی دیموکراسی یاخود ئەو شێوە دیموکراسیە ڕۆژهەڵاتییەش نییە کەبانگەشەو پیادەیدەکەن، بەڵکو زیاتر لەشێوە سیستەمێکی زۆرداریدا قەوارە دەگرێت کە لەم باسەدا دێیینەوە سەری.

ئێستا ئێمە لەبەردەم لەتوپەتبوونی لاشەیەکداین، لاشەی ئەو (کۆرپە) ساوایەی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانمان دەکرد پێبگرێت ، کەچی ئیفلیج دەرچوو و بەچوارساڵیش نەیتوانی بکەوێتە سەرپێ، ئێستا ئەو ئەزموونە هەرەسی هێناوە، ئەگەر تروسکایی ئەزموونێکی تر لەئاسۆیەکی دووردا دیاربێت، ئەوا دەبێت لەوانە تاڵەکانی ئەو هەرەسەوە خۆی بنیات بنێتەوە. لێرەوە دەمەوێت بڵێم کە ئەو خوێنڕشتن و کوشتارەی لەکوردستاندا ڕوونەدات ، تراژیدیایەکی جەرگبڕە کە هێندەی تر سایکۆلۆژیای ئینسانی کوردی تێکشکاندو گۆڕیویەتی بۆ بوونەوەرێکی شەڕانی کە گرێی دوژمنکاری و شەڕ پەیوەندی و جولەی لەناو کۆدا دیاریدەکات. بەلام ئەگەر بخوازین لەدەرەوەی سەرنجدانی تراژیدیای ئەو کوشتارەوە واقیعیانە ئەم ساتە مێژووییە تۆماربکەین ، ئەوا دەبێت بەدەرەنجامێکی سروشتی پەیوەندییەکانی بونیادێکی کۆمەلایەتی وەکو کوردو کۆمەڵێ میراتی کەڵەکەبووی مێژوویی وەربگرین ، جگە لەو ناوچەیەی کەشوێنی کوردی دیاریکردووە، واتە (ڕۆژهەلات، جیهانی سێیەم، جیهانی دواکەوتوو، جیهانی تازە گەشەسەندوو) کە ئەمانە زاراوەی سیاسی ئاماژەن بۆ شێوازێکی پەیوەندی و سیستەم کە جیاوازە لە سیستەمی وولاتانی (پێشکەوتوو، شارستانی، مەزن، دیموکراسی، ڕۆژئاوایی)، وە لەهەمان کاتیشدا ئینتمای ڕیشەیی بۆ کەلتوری ڕۆژهەلاتی نەماوەو بەوشێوەیەش لەحاڵەتی ناسەقامگیری و ناکاملبووندا ماوەتەوە.

لێرەوە مایەی دڵخۆشی نیە کە بڵێین شەڕی کوردستان (هەرناوێکی لێبنرێت، شەڕی ناوخۆ، براکوژی، خودکوژی) دەرەنجامی سروشتی واقیعێکی دواکەوتوو قەیرانارییەو کارەساتێکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو نەبووە، وەدەبوایە لەمێژوویەکدا ئەوەیەک بەر ئەفرەتی ئەو کوشتارە بکەوێ و ئەو گووناهە مێژووییە بنووسێتەوە، چ ئەبێت بەوێرانکردن و خوێناویکردنی جەستەی یەکدی ئەمارەتە کوردییەکانمان بیربێنێتەوە کە ئەگەر ژینگەو پاڵنەری ئەو ڕووداوە مێژوویانە لەیەک جیاوازبن، بەلام هۆکارە سەرەکی و بونیادیەکانی هەمان شتن کە لە مێژوویەکی تردا خۆ دووبار دەکەنەوە. لێرەوە ئەو وەلامە ڕووکەش و ئامادەیەی بالادەستە بەسەر عەقڵی سیاسییەکانی کوردو لێپرسراوانی و دەستەجەمع و کەسان و لایەنی دەرەوەش کەچاودێری ڕووداوەکە دەکەن، بەوەی کورد خودکوژی دەکات، یان دیسانەوە هەڵێکی مێژوویی لەدەست خۆدەدات، دیسانەوە هێشتنەوەی کوردە لەوەهمی ژێرەوەیی لەئاست (بەرامبەر- الاخر) داو شکستی سیستەمە

دەسەڵاتییەکانیەتی، بەبێ قوڵبوونەوە بەهۆکارە بونیادییە مێژووییەکان و خوێندنەوەی قۆناغەکان بەهەموو پەیوەندیە ئاڵۆزە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیەوە. ئەگینا بالەو گریمانەوە کە ئەگەر کورد ئەو هەلە مێژووییەی بەدەستی کەوتبوو لەدەستی نەداو دەوڵەتی خۆی بنیات نا، پرسیارێک بکەین، ئایە شەڕی ناوخۆ ڕووی نەئەدا..؟! من بەئاسانی دەڵێم بەڵێ..! وە ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا ڕوونەدات پێموانییە کارەساتێک بێت هۆکارو ئەنجامەکانی بەتەنها بکەوێتەوە ئەستۆی کەسان یان دوو حیزب وەحیزب و لایەنەکانی تر ڕووی گەش و پاکێتی خۆیان نیشان بدەن (هەرچەندە زۆرجار کەسان، تاکە کەس، ڕۆڵی لەتێکدانی سیستمێکی سروشتی ژیاندا هەیە، بەڵام ئەمەش دیسانەوە بەبێ سازبوونی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی نابێت، ئەم قسەیەی سەرەوەشم پاککردنەوەی دوو حیزب و سەرکردەکانیان نیە لەو گوناه و ئەفرەتە مێژووییەی کەئەوان بەخوێن دەینووسنەوە)، چونکە ئەوەی ڕوونەدات لەبونیادێکی کۆمەڵایەتی دایە کە ڕەحمی لەدایکبوونی ئەو سیستمە پەیوەندیە شەڕانییەیە. بەڵام پێشم وانییە کەئەمە کارو سیفەتێکی هاوجووت بەکوردو بەشێک لەکەلتوری خۆی بێت بەتەنها، کە ئەمە وێنەی خودی خۆمان بەتێڕوانینی دەرەوە لادەسەپێنێت بەو سیفەتە مێژووییەی کە (کورد) وەکو ئەسڵی ووشەکە (کورد، گورد، کاردۆ، ...) هەمیشە ئاماژە بووە لە کەلتووری گەلانی دراوسێی کورددا بۆ (جەنگاوەر، پاڵەوان، شاخنشین). چونکە شەڕ بۆتە دیاردەیەکی گشتی و سلوکێکی هەنووکەیی هەموو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان و جیهانی سێیەم (بڕوانە شەڕە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان و تەشەنەسەندنی توندوتیژی و تیرۆر لەو کۆمەڵگایانەدا)، وە لەپێش ئەوەشدا کۆمەڵگای ڕۆژئاوا سەرباری پشتیرێکی مەزنی فیکری ئینسانی و ریفۆرمیستی، هێشتا نەیتوانی بەبێ باج و ئاسانی خۆی لەو گرێ غەریزەییە دەربازکات، جگە لەسەدان ساڵی شەڕو پێکدادانی ناوخۆی ئەوروپا وەدواتر پاش دوو شەڕی خوێناوی جیهانی (جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم) کە دروێنەی ژیانی دەیان ملیۆن کەسی کرد ئەوسا توانیویەتی ئەو سلوکە بگۆڕێت بەدژایەتییەکی عەقڵانی لەم ساتە هەنووکەیینییەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژئاوا بەردەوام خۆی لەبەردەم هەڕەشەو ترسی تەقینەوەی شەڕدا دەبینێتەوە. سەیرنییە کە(هانا ئارندت) دەڵێت «ئەگەر دوو پرسیاری سادە لە هەر گەنجێکی سەر بەنەوەی نوێ بکەین، دەتەوێت جیهان پاش پەنجا ساڵ چۆن بێت؟! وە دەخوازیت ژیانی تۆ پاش پێنج ساڵی تر چۆن بێت...؟! پێش وەڵامدانەوە پێت دەڵێت، بەو مەرجەی کە ئەگەر جیهان بمێنێتەوەو منیش لەژیاندا بمێنم» (٥).کەواتە لەبەردەم نەوەیەکداین کە هیچ باوەڕی بەئاینده نییەو لەو ترسە نزیکمان دەخاتەوە کە کێ دەڵێت ئەگەری جەنگی جیهانی لەئارادانییە. کەس ناتوانێت خۆی لەو ترسە بشارێتەوە، چ نەبێت هەمیشە تارمایی زەبەلاحی چەکە ئەتۆمی و کۆ کوژەکان و بەردەوامی دروستکردن و تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی بەڵگەی ئەو ترسەن... یان (برهان غلیون) سەبارەت بەئاستی ژیان لەژێر سایەی ڕژێمە عەرەبیەکان و حاڵەتی باڵادەستدا دەڵێت (بەووردبوونەوە لەو بارودۆخەی ئێستا بەسەر کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا باڵادەستە، ڕووبەڕووی لێکدابڕانێکی فراوان دەبینەوە، کە ئەوەتا حوکمەتەکان پەنادەبەنە بەر توندوتیژی بۆ داپڵۆسینی هەموو بزووتنەوەیەک لەبەرامبەر توندوتیژییەکی بەردەوامی میللیدا دژی دەسەڵاتداران بەشێوەیەک کەزمانی هێز بۆتە تاکە زمانی بەربڵاوو تاکە هۆی پەیوەندی نێوان لایەنە کۆمەڵایەتیەکان و لەنێوان ئەوان و دەسەڵاتداراندا).(٦)

کەواتە هەر خوێندنەوەیەکی شەڕی ناوخۆی کوردستان بێ ئەفیکردنی خوێندنەوەو تێڕوانینە ڕووکەشەکان دەرئەنجامێکی نادروستمان ئەدابەدەستەوە. بەڵام ڕەتکردنەوەی دەرەنجامی ئامادەو سادەو گواستنەوە لەشیکردنەوەی ئەو واقیعە لەتاکە دیاردەوە بەرەو پشکنینی ئارکیۆلۆجیانەی ئەو هۆکارە بونیادی و مێژووییانە ئەو میراتە کەڵەکەبووە ئایدۆلۆجی و دنیابینی و پێکهاتەی سایکۆلۆژی کە ئاکاری تاک و کۆ لەکۆمەڵدا دەردەخەن لەتاکە دیاردەو تاکە حاڵەتەوە بەرەو خوێندنەوەی دیاردەی گشتگیریمان دەبات کەدواتر خوێندنەوەو جیاکردنەوەی تاکە دیاردە وەکو دیمەنێکی جیاواز بەهاوبەش و وەکو بەشێک لەو شانۆیە گشتییەدا بەبونیادو هۆکارو دەرەنجامەکانی و جیاواز لەڕووی پێکهاتە تایبەتییەکانی خودی کۆمەڵدا، ئاسان تردەبێت. لێرەوە بەتێوە گلاندنی گشت لەگەڵ خۆماندا دەتوانین خۆمان لەگوناهێکی مێژووی پاک بکەینەوە یاخود بەناچاربوونی ئێمە لەدووبارەکردنەوەی گوناهێکدا کەمەحکوم بووین بەکردنی ،خۆمان وەکو کارەکتەرێکی بەدچارەی ئەو شانۆ تراژیدییەی ڕۆژهەڵات نومایشت کەین. لێرەوە دیاریکردنی شوێنێگەو ژینگەی کوردو ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە مێژووییانەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری

و سایکۆلۆژی و دنیابینیان دیاریکردووە لەگەڵ شێوەی پەیوەندییەکانی بەدەرەوەو هەمیشە ناهاوتایی و زاڵبوونی شێوە ململانێ و دژایەتی لەو پەیوەندیانەداو دواتر شیکردنەوەی تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەڵگەی کورد،وەکو دیاردەیەکی تایبەت لەناو سەرجەم دیاردەی گشتدا، زیاتر دەمانخاتە سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی دروست. کەواتە بەئاسانی دەتوانین بڵێین کورد میللەتێکە لە (دیاردەی گشت)دا بەشێکە لە میللەتانی (جیهانی سێهەم) کە بەلێکۆڵینەوەی سیاسی ئاماژەیە بۆ دیاردەی لاوازی و دواکەوتنی دەوڵەت و ئاستی سیاسی و ئابوری و پیشەسازی و زانین و...هتد، ئەم میللەتانە، وەبەشێکە لەڕۆژهەڵات کە بەتێگەیشتنی مارکسیانە ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییە ناپیشەسازیانەیە کە بەشێوە بەرهەمهێنانی ئاسیایی پشتبەستوو بەشێوە دەسەڵاتی زۆرداری ڕۆژهەڵاتی ناوبراون ـ یان بەتێڕوانینی ڕۆژئاواییانە لەپاڵ ئەوەدا ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەیە کە زیاتر ئینتمایان بۆ فەلسەفەی ڕۆحی و تێڕوانینی میتافیزیکیانەی دنیاهەیەو کەلتوری دین بەشێوە جیاوازەکانیەوە، (خەیاڵ، میتۆلۆژیا، پیرۆزی باوەڕ، دینە ئاسمانیەکان) بەشێوەیەکی سەرەکی ئاکارو خیتابی کۆ بەرامبەر خودو دەرەوە بەرهەمدەهێنێ و شێوە سیستمی دەسەڵات تیایاندا هەر لەپێکهاتە دەستەجەمعیەکانی، خێزان، نزیکی، تایەفە، خێڵ، تا گەل و نەتەوەو دەوڵەتەوە لەشێوە دابەزینی پەیژەیی لەباڵاوە بۆ خوارەوە دایە، دیارە ئینتمای کورد بۆ ئەم شوێن و ژینگەیە دەیکاتە هەڵگری ئەگەر هەمووی نەبێت، زۆربەی سیفاتەکانی ئەو کەلتوورە.

هەروەها خەسڵەتێکی تری کورد شوێنی ژیانیەتی لەناوچەیەکدا کەپێیدەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگی ترسناکی ئەم ناوچەیە لە چەند ڕوویەکەوە خۆی دەسەپێنێ، لەوانەش وەکو زاراوەی سیاسی هەنوکەیی مانای ناوچەیەکی قەیراناوی پڕ لەکێشەو شوێنی ململانێی هێزە گەورەکانی دنیایە، چ لەبەر گرنگی جیۆپۆلۆتیکی و ستراتیژی یاخود لەبەر گرنگی ئابوری ناوچەکە. وە گەڕانەوە بۆ مێژوویەکی دێرینتر هەمان ئەو ناوەندە ترسناکە دەسەپێنێت کە (ناوەڕاست) لە پێش هاتن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا ناوچەی ململانێ و جەنگی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی دنیا (ساسانی و ڕۆمی و بیزەنتی) بووە. هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشماوەی مێژوویەکی هەرەکۆن و لانکەی لەدایکبوون و ئاوابوونی خۆری چەندین شارستانێتی و دەوڵەت و گەلانی جیاوازو لەدایکبوونی دینە سەرەکییەکانی دنیایە، کە تائێستا شوێنەواری ئەو کولتورانە لە یادوەری مێژوویی ئەم میللەتانەدا نەسڕاوەتەوەو میللەتێکی ناوچەکە نییە (کوردیش لەگەڵیاندا) کە خۆی بەمیراتگروو نەوەی ئەو شکۆمەندیانە نەزانێت، کەئەمەش خاڵێکی بەردەوام بزواندنی ململانێ دیارو شاراوەکانی گەلانی ناوچەکەو قەیرانەکانیەتی.

لەسەروو ئەمانەشەوە ئینتمای زۆربەی گەلانی ناوچەکە بۆ دینی ئیسلام و باڵادەستبوونێکی زەمەنی درێژی خیتابی ئیسلامی بەسەر کۆی کەلتووری کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتی لەئاست باڵادەستبوونی ئەو شێوە دەسەڵاتە سیاسیانەی کە لێکچووی سیستمی (پاشایەتی موتڵەق)ن بەڕووپۆشی شەرعیەتی دین، وە دواتر گواستنەوەی ناوەڕۆکی ئەم شێوە دەسەڵاتە بۆ ناو دەسگا دەسەڵاتییە تازەکانی کۆمەڵ وەکو دەوڵەت، وە تێکەڵکراو بەچەندین کەلتوری جیاوازی گەلانی ناوچەکە. ئەم خوێندنەوە گشتگیرییە دەمانگەیەنێتە ووردبوونەوە لەدیاردەیەکی تایبەت کە کورد بەدرێژایی ئەو مێژووانە لەناو گەرمەی کێشەکاندا بووەو لەگەلانی دی زیاتر لەیادوەری و کەلتووری نەتەوەیی خۆی دابڕاوە تاسەر ئاستی مەترسی سڕینەوەی لەیادوەری ئینسانی کوردیدا، هەروەها ئەم ڕووداوانە ڕێگری سەرەکی بوون لە بەردەم گەشەسەندنی بنەما نەتەوەییەکانی کورد و مانەوەی لە حاڵەتی لێکپچڕان و بەربڵاوی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەی «خێڵی ناوچەیی» (٧)داخراو بەسەر خودیدا و دابڕاو لەگەڵ دەرەوەیدا، کە ئەمەش وەڵامدانەوەی بزربوونی پرۆژەی سیاسی سەرتاسەری کوردییە تا ئەم ساتەوەختەو هۆکاری سەرەکی نووچدانی هەموو پرۆژە سیاسییە ناوچەگەرایییەکانی بووە، وەبەرهەمهێنی بەردەوامی گرێی دوژمنکارانەی خودە لای کورد وەکو یەکەیەکی لاوازی ئەو جەستە لێکهەڵوەشاوە.

دیاردەیەکی تری تایبەتی کورد دوور مانەوەو پەراوێزی بوونیەتی لە ناوەندی دەسەڵات و لەناوچەیەکدا کە هەموو شێوە ململانێ مێژووییەکان تیایدا لەسەر دەسەڵات و جیاکردنەوەی پانتایی دەسەڵاتە. وەبێبەشبوونی کورد تائەم ساتە زەمەنییە، بەتایبەتی پاش لێکجیاکردنەوەی سنوورەکانی ناوچەی دەسەڵات لەم ناوچەیەدا لەدوای هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوەو

قەوارەگرتنی لەشێوەی نوێ و یاسـاییدا؛ واتە دەوڵەت پاڵنەری بەردەوامی بزواندنی کوردە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شێوە نادروستەی دەسەلات (دەوڵەت) لەو پانتاییەدا کە تیادەژی، دیارە ئەمە لەلایەکەوە هۆکاری ئیجابی پاراستنی کەینونەی کوردە لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوەی شوناسیدا، بەلام قەدەری ژینگەی کورد لەم نموونە نادروستـەی دەسـەلاتیـان دوورخستۆتەوە، لەپاڵ هۆکارە ناوخۆییـە تایبەتییـەکان کـە لەوێوە دیاردەیەکی کوردی وەکو دیمەنێکی جیـاواز لەناو گشـتـدا جیادەکاتەوە، ئەویش تەقەلای کوردە بۆ ئەو قەوارە نادروسـتـە لەحاڵەتی لێکپـچڕان و هەوڵدانی خـێڵی ناوچەیی لێکدابڕاوو، بزربوونی خیـتـابێکی نەتەوەیی سـەرتاسـەری، کـە خوێندنەوەی ئەم دیاردانە کرۆکی باسەکەمان دەبێت.

لێرەوە خۆمان تەسلیمی ئەو گریمانە وەهمیە دەکەین کە (حوکمـەتی هەرێمی کوردسـتـان) پرۆژەیەکی سیاسی ئەم ساتە مێژووییەیی کوردە وەکو دیاردەیەکی تایبەت بەهەوڵی بیناکردنی جۆرێک لە سیـسـتـمی پێکەوە ژیانی ناچاریانە، واتە تەقـەلایەکی خۆڕێکخسـتـنە لەناو شێوازی دەسـەلاتی دەوڵەتدا لەگـەڵ پیـادەکردن و بەکـاربردنی هەمـوو ئەو مـیکانزمـانەی مـانەوەو شێوەو کامڵبوونی دەوڵەت دیاردەکەن. بەلام دیارە شەڕی ناوخۆ دیارترین وەلامی شـەرمنانەی شکستی ئەو نمونەیەیە وەکـو دیاردەیەکی تایبـەت لەناو دیاردەیەکی گـشـتی شکسـتـخـواردوودا، واتە هەڵچنینی نموونەیەک و خستنەکاری کۆمەڵێ چەمکی مەعریفی نامۆ لەناو بونیادێکی کۆمەلایەتی ڕۆژهەلاتیی دواکـەوتوودا و بەیەکـدادان و ڕوویەڕووبوونەوەیان بەکـەلتـورێکەوە کـە هەڵگری میکانیزمـەکانی داپڵۆسین و شێواندنی ئەو چەمکانەیە. لێرەوە هەر قسـەیەکیش لەسەر شکستی دیاردەکان وەکـو گشت، خۆی ئامـاژەیە بۆ شکستی دیاردەی کـوردی، هەر قسـەیەکیش لە سـەر شکستی کورد وەکو تایبەت، خۆی مـانای بێتاوانی دیاردەی گشت نییـە لەو کارەسـاتانەدا کە دەکرێت نموونە تراژیدیەکانی لەیەکچوو یان بەشێوەی جیـاواز لەهەر پارچەیەکی ئەو گشـتـە دواکەوتووەدا دووبارە بێتەوە.

## ڕۆژهەلات و جیهانی سێیەم: شوێنگەی دژە فۆرمەکان

لەڕاستـیـدا هـەمـوو ئەو چەمکە سیـاسی و مـەعریفی و شێـوە دەزگاییەکانیـان هـەڵگری چەند خـەسـڵـەتێکی هـاوبەشن، وەک ئەوەی لـە لایەکەوە هەموویان لەدایکبووی ناو کـەلتوری کـۆمـەڵگای ڕۆژئاوایی و دەرەنجامی ئـەڵقەیەکی لێکنەپچـڕاوی گەشـەسەندنی مێژوویی فیکری و فـەلسـەفەو سیاسەت و کایە مەعریفییەکان و ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆژئاوان کە دواتر لەو شێوە چەمک و سیستمانەدا قەوارەیان گرتووە. وە دیسانەوە ئەم چەمک و شێوازانە لە تاکە ڕەهەندێکی سیاسی و پراکتیکی و دەسـەلاتی ڕووتدا نەمـاونەتەوە، بەڵکو سـەرجەم فیکری فەلسـەفی و سۆسـۆلۆجی و ئابووری و تـەنانەت ئەدەب و ئایدۆلۆجیـای زانسـتیش لە بەخـشـینی مـاناو فـۆرمـەلەبوونیـاندا هـاوبەشن. ئەمـە لە کاتێکدا یەکەمین نەهامـەتی ئەم چەمکانە بەتێکەڵبوونیان لە کەلتوری کۆمـەڵگا ڕۆژهەلاتتیەکان دیلکردنیانە لەناو قـەوارەیەکی مانایی تەسکی سیاسیدا؛ واتە تەنها فۆرمەلەبوون و بەکـاربردنیـان، ئەگـەر توانای پراکـتیکـکردنیـان هەبێت، تەنهـا لە چوارچێـوەیەکی ڕووکـەشی دەسـەلاتدایە، بەلام خـەسـڵـەتی سـەرەکی ئەم چەمکانە پێکداچوونیـانە بەناو یەکـتـریدا تا ڕادەی ئەسـتـەمی لێکجیـاکـردنەوە و خـوێندنەوە و پراکـتیـککردنی یەکێکیـان دوور لەو کـایانەی تر کـە سیفـەتی کامڵبوونی پێدەبەخشن. واتە ناکرێت شێـوەی «دەوڵەتی نوێ»سـان دەسـتـکەوێت بەبێ پاڵپشـتی دیموکـراسی و پلورالیـزم و ئامـادەیی سـایکۆلۆژی و عـەقڵی تاکـەکانی کـۆمـەڵ؛ واتە پەیوەندی کەسـان لەناو شێوە کۆمەڵگای مـەدەنیدا. دەشێ یەکێ لەم بنەما سەرەکیانە وەلابخرێت، بەلام ئەوسـا دەبێت خـەسـڵـەتێکی تر بخـرێتـە پاڵ ئەو شێـوە دەسـەلاتەو بەزاراوەیەکی تایبـەت شوناسی بکرێت؛ وەکو (دەوڵەتی زۆرداری، چەوساندنەوە) لە شێوەی دەوڵەتی پاشایەتی موتڵەق و دەوڵەتی ئۆلیگاریشـیـدا لە ڕۆژئاوای پێش لەدایکبـوونی دەوڵەتی نوێدا، یان دەوڵەتی زۆرداری ڕۆژهەلاتی کە تائەم سـاتەوەختە ڕۆژهەلات مێژوو کەلتورێکی کەڵەکەبووی لەو شێوە دەسـەلاتە بەردەوام پێیداوە. بۆیە دەکرێت بڵـێین نەبوونی دەوڵەتی نوێ لە ڕۆژهەلاتدا لە پشتی هەمـوو ئەو قەیران و شەڕو کـارەساتانەوەیە کە لەناو ئەو قەوارە نادروست و ناسەقامگیرانەدا ڕوودەدەن و دەشێت ئەم پارچە بچکۆلەیەی کوردستان، یـان، ڕاوەندا، سۆمـاڵ، ئەفغانسـتـان، لوبنان لاوازترین

ئەڵقەی ئەو پێکهاتە نادروستەبێت،

دەوڵەتی نوێ کۆمەڵێ پەیوەندی مانایی و ناکارو کردیە کە پێکهاتەکانی کۆمەڵ لە شێوە سیستمێکی ئاڵۆزدا ڕێکدەخەن کە تیایدا هەموو تاکێک دەبێتە توخمێکی کەینونەی دەوڵەت کە لەقەوارەیەکی سیاسی و یاساییدا بەرجەستەدەبێ و سیفەتی کەسایەتی جەستەیی لێدەبێتەوەو سیفەتێکی کەسایەتی مانایی لەخۆدەگرێت. واتە دەوڵەتی نوێ ئاماژەنییە بۆ دەسەڵاتی (کەسایەتی) وە وابەستەنییە بەناو و دەسەڵاتی (کەس)ـە وە بەشێک نییە لە مافی ڕەوای خودایی و میراتی. وە دەوڵەتی نوێ پێچەوانەی ئەو قسەیەی لویسی چواردەهەمە کە دەیووت [دەوڵەت منم]، وەکو ئاماژەیەک کە خۆی سەرچاوەی هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان بوو، بەڵکو دەوڵەت دەربڕی ئیرادەیەکی نادیارە لە ئەنجامی بەشداربوونی کۆی دەزگا و سەرچاوەی بڕیارو کارلێکەری جیاوازەوە. لەگەڵ جیاوازی پێناسەو لێکدانەوەی دەوڵەت لە فیکری سیاسی ئەورووپیدا، کەلای هیگڵ بەرجەستەبوونی کۆمەڵە لە باڵاترین ئایدیالی موتڵەق و فیکرەیەکی ئەخلاقیدا، وەلای مارکسیستەکان ئامێری سەرکوتکردنە بەدەست چینێکی دەسەڵاتدارەوە دژی چینە ژێردەستەکان، وە لای ماکس ڤیبەر دەسگایەکی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوایە، جگە لەچەندین پێناسەی تر، کە خاڵی هاوبەشی هەموویان جیاکردنەوەی دەوڵەتە بە نادیاری شوناسی کەسایەتی، واتە دەوڵەت، دەسگایە، نەک (کەس). هەرچەندە کەسان ئەو دەسگایانە بەڕێوەدەبەن و ڕێکیاندەخەن. بەڵام ئەو هێزە شێوە ئەوتەمێکی غەیبانی دەدات بەدەوڵەت بوونی بنەمایەکی یاسایی قەوارەگرتووە لە شێوەی دەسگای بیروکراتی میلیتاری و مەدەنیدا کە دوور لە خەسڵەت و پەیوەندی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵ لەو دەسگایانەدا کۆنترۆڵدەکات لە ڕووی ماف و ئەرکی هەردوو جەمسەری دەوڵەتەوە (دەسەڵاتدارو ڕەعیەت، یان هاووڵاتی). ئەم هێزە یاساییە پاڵپشتە بە بوونی دەسەڵاتی «سالاری ـ سیادە» (٨) دەوڵەت کە تاکە پێکهاتەی باڵایە لەسەرو کۆمەڵگاوە شەرعیەتی بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە بەسەر گشتدا، هەرچەندە لەناو کۆمەڵیشدا گەلێ پێکهاتەی دەسگایی و کۆمەڵایەتی هەیە کە پیادەی دەسەڵات دەکەن و کارلێکەریان لەسەر ئاراستەی جوڵە و ئاکاری تاکە کەسان هەیە، جگە لە کارلێکەریان بۆ سەر شێوەی بڕیار لەناو قەوارەی دەوڵەتدا، کە دەکرێت ئەم کارلێکەرییە بەهێزێکی ئەکتیڤ و ئاراستەکەر پێناسە بکرێت، (وەکو پێکهاتەکانی حیزب، سەندیکا، خێڵ، تایەفە و گروپەکان)، بەڵام هێشتا مافی ڕەها و بەکاربردنی هێز بەسەر گشتدا هەر لای دەوڵەت دەمێنێتەوە وەکو تاکە دەسگای سالاری، وە پێکهاتەکانی تر تەنها مافی بەکارهێنانی شێوازە شەرعی و ئەخلاقییەکانیان بۆ دەمێنێتەوە لە فۆرمەلەکردنی بڕیاردا، وەکو دەنگدان و هەڵبژاردن، خستنەکاری دەسگای ڕاگەیاندن، خودنمایشکردن، دیالۆگی هێمن، خولقاندنی ڕای گشتی، کە کۆمەڵە ئاکارێکی ئەخلاقین پیرۆزی و سالاری دەوڵەت دەپارێزن و سەقامگیری پەیوەندییەکانی کۆمەڵ ڕادەگرن. وە لەلایەکی ترەوە بوونی کۆمەڵ و سیستمی پێکەوەژیانی تەبایی یان دژایەتی هێمن بنەمایەکی سەرەکی تری هەڵچنینی دەوڵەتە. واتە بوونی تاکەکەسان و باوەڕهێنانیان بەگواستنەوەی جوڵەی ئازادییان لەناو کۆمەڵدا بۆ ناو قەوارەیەکی باڵاتر کە دەشێت هەندێ ماف و سەربەستیان لێبسەنێتەوە، بەڵام لە بەرامبەر مانەوەی ئامانجێکی ڕەهاو باڵاتردا کە سەقامگیری کۆمەڵە و دووبارە تاکەکەس لەو ڕێگەیەوە جووڵەی ئازادی خۆی (بەڵام ڕێکخراو و چاودێریکراو) جارێکی تر بەدەست دێنێتەوە، بەخشینی ئەو دەسەڵات و هێزە ماناییە بەدەوڵەت. کۆمەڵگە مەرجە بۆ دروستبوونی دەوڵەت، بەڵام خودی کۆمەڵگە وەکو مەرج مەحکومە بەگۆڕانی ناچاری لەو تۆڕە پەیوەندییانەدا کە تاکەکانی کۆمەڵ پێکەوە گرێئەدات. واتە لە کاتێکدا کە یەکەی مرۆیی کۆمەڵ تاکە کەسە کە نزیکایەتی و ئایدۆلۆژیا و کەلتوری هاوبەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکدەخات، ئەوا ئەو یەکە مرۆییە لە دەوڵەتدا بە (هاونیشتمانی) ناودەبرێت کە لەو دەسگا بیرۆکراتییەدا ژمارەیەکە یان شوناسێکی ڕەمزییە وە هەموو بەشەکان ملکەچی دەسەڵاتێکی فراوان و باڵاتر دەبن کە دەکرێت بە دەسەڵاتی سیاسی کارگێڕی دەوڵەت ناوبنرێت واتە جۆری ئەو پەیوەندییە لە پەیوەندی نزیکایەتی و سروشتییەوە دەگۆڕێت بۆ لێکدانەوەیەکی سیاسی و بەریەککەوتنی تاکە نامۆکانی کۆمەڵ بەیەکتر لە کەناڵێکی نیداری و بیرۆکراتی و دەسەڵاتی ئاڵۆزدا. لێرەوەیە کە کۆمەڵگای سروشتی کەرەسەی خاوی دەوڵەتی نوێ نییە، بەڵکو کەرەسەی خاوی دەسەڵاتە ناتەباو زۆرداریەکان بووە لە ڕۆژئاوای پێش لەدایکبوونی دەوڵەتی نوێ و ئێستای ڕژێمە زۆردارییە ڕۆژهەڵاتییەکانە. ئەوەی شوناسی دەوڵەتی نوێ

دیاریدەکات کۆمەڵگای مەدەنییە. دیارە ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکریانەی لە ناو ڕەحمی کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا ڕوویدا کە چینەکانی کۆمەڵی فراوانکردو سەرچاوەکانی کارو پڕۆژی و یەکەو کایە بچکۆلەکانی زۆرکرد و شوێنی تاکەکەسی لە کۆمەڵدا خستە بەر پرسیارەوە و سەرباری فراوانبوونی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژی و تێڕوانینی جیاواز کە کۆمەڵگای مەدەنییان دروستکرد، ئەمیش خۆی پاڵنەری بنچینەیی ڕێکخستنەوەی ئەم کۆمەڵە ئاڵۆزە بوو لە پێکهاتەیەکی تری پەیوەندی دەسەڵاتییدا کە دەکرێ بە دەوڵەتی نوێ، دەوڵەتی سالاری، دەوڵەتی یاسا، یان دەوڵەتی ناسیۆنالی ڕۆژئاوایی بناسرێت.

کەواتە دەوڵەتی نوێ لە دایکبووی ڕەحمی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە لە لای هیگڵ کە لای (جۆن لۆک) بە کۆمەڵگای سیاسی ناسراوە. لای هیگڵ کۆمەڵگای مەدەنی یەکەیەکی لاوازەو بەردەوام پێویستی بەچاودێریکردنی دەوڵەت هەیە. وە پانتایی کۆمەڵێ پەیوەندی ئاڵۆزی ئابووری بازاڕ و بەیەکداچوونی چینە کۆمەڵایەتی و توێژە پیشەییەکانە کە بەیەکداچوونێکی ئەتۆمیانە دەچێ و تیایدا هەموو تاکە کەسێک سەرگەرمی پاراستنی موڵکداری و بەدیهێنانی ئارەزووە خودیەکانی خۆیەتی، بەو شێوەیە کۆمەڵگای مەدەنی سیستمێکی لەق و ناسەقامگیرەو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی تەقینەوەدایە، بۆیە ڕاگرتنی ئارامی و هێمنکردنەوەی ململانێکانی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دێتەدی. دەوڵەت زامنی چارەسەرکردنی ئەو دژایەتییە ناوەکییانە ئەدات لە بەرامبەر ملکەچبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت. لێرەوە کۆمەڵگای مەدەنی لای هیگڵ دەوڵەت نییە، بەڵام تەنها لە دەوڵەتدا قەوارە دەگرێت(٩).

لای (لۆک) کۆمەڵگای سیاسی بەدیناپەت و بەردەوام نابێت ئەگەر مافی دەسەڵاتی پاراستنی کۆمەڵ و سزادانی ئەوانەی ئارامی لێتێکئەدەن نەخرێتە ئەستۆوە، وە هیچ کۆمەڵگایەکی سیاسی بەبێ وازهێنانی تاکەکەس لە مافی سروشتی خۆی بۆ کۆمەڵ نایەتەدی. واتە لای لۆک ئەو دەسەڵاتە لە کۆمەڵی یاسادا بەرجەستەدەبێت کە کۆمەڵ بڕیاریداوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی کەسان. لێرەوە جیاوازی کۆمەڵگای سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگای سروشتی یان دەرەوەی سیاسیدا لای لۆک ئەوەیە کە کۆمەڵگای سیاسی لە ژێر سایەی یاسایەکی سەقامگیرو حوکمێکی دادوەریدا بەسەر گشتدا دەژی، بەڵام ئەوانەی کە لەسەر زەوی دادگەیەکی لەو جۆرەیان نییە، ئەوا هەردەم لە باری سروشتیدا دەژین، چونکە هەریەکێ لەوان هەم حاکم و هەم جەللادە سەبارەت هەرشتێ پەیوەندی بەخۆیەوە هەبێت. بەڵام هەرکاتێک کەسانێک لە کۆمەڵدا پێکەوەژیان و هەریەکێ لەوانە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای بۆ کۆمەڵ جێهێشت؛ ئەوسا بەلای [لۆک]ـەوە کۆمەڵگای سیاسی یان مەدەنی دروستدەبێت (١٠).

لەو تێڕوانینەوە کە دەوڵەت دەسگایەکی بیرۆکراتی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەرەنجامی کۆمەڵێ پەیوەندی و کارلێکەری نێوان تاکە کەسانی ئازادە لە کۆمەڵدا کە بەپەیمانێکی خودوویستی تاکە کەسان و تێڕوانینی عەقڵانی کۆمەڵ بۆ ڕێکخستنی خۆی لەگەڵ پاراستنی ئازادی تەواوی تاک لەو پێکهاتە نوێیەدا بەو پێیەی کە ئازادی موتڵەقی تاک (بێگومان ئازادی لەسەر ئاستی تێگەیشتنی ئەخلاقی ساتەوەختی کۆمەڵ بۆ ئەو چەمکە کە جۆرێک لە یاسای ئەخلاقی نادیارو هەندێ یاسای سەپێنراوو نووسراو دیاریدەکات) سەرچاوەو مەرجی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسییە، ئەوا دەچینە ناو بنەمایەکی تری تەواوکەری شێوە دەوڵەتی نوێوە کە دیموکراسیەت و پلورالیزمە. ئەوەی زیاتر کە پەیوەندی تاک لەگەڵ دەوڵەتدا لەڕێی ئەم دوو چەمکەوە ڕێکدەخات لە میانەی دەسەڵاتەوەیە کە بەمانا سیاسییەکەی بە دیموکراسیەتی حوکم و پلورالیزمی سیاسی جیای دەکەینەوە لە شێوازەکانی تری دیموکراسی و زۆرایەتی.

هەردوو چەمکی دیموکراسی و پلورالیزم بەیەکداچوو هاومانا و تەواوکەری یەکترین لە بەخشینی شێوازی دەوڵەتی نوێدا، هەرچەندە هەردووکیان؛ بە تایبەتی دیموکراسیەت، کەوتۆتە ئاستێکی زۆر میللییەوەو بۆتە زاراوەیەکی جیهانی و لێکدانەوەی ئاسانی لە ئاستێکدایە کە لەهەر کەسێ بپرسیت یەکسەر پێت دەڵێت: (حوکمی گەل لە گەلەوە بۆ گەل). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ زاراوەیەکی تر هێندە تووشی شێواندن و دوورخستنەوە لە ماناو ڕەهەندە فیکرییەکەی خۆی نەبووە بەتایبەتی لەو واقیعە کۆمەڵایەتیانەدا کە ژینگەی خۆی نییە. گرفتە سەرەکیەکەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مادام دیموکراسیەت بالاترین شێوە سیستمی گەشەسەندووەو نموونەی دەوڵەتی دروست و شەریعەتبوونی بە دیموکراسییەتەوە بەندە، چونکە ئەم چەمکە ڕەهەندێکی سیاسی

هەیە، بۆ نموونە وەکو قبوولبوونی دەوڵەت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و قەوارە دەسگاییەکانی وەکو «نەتەوە یەکگرتووەکان»، وە لە لایەکی تروە تاڕادەیەکی فراوان شێوەیەک لە شێوەکانی دژایەتی و ململانێی سیاسی و ستراتیژی دنیا بۆتە جۆرێک شەڕ لەسەر خودنمایشکردن بە دیموکراسیەت، بۆیە جێی پێکەنین نییە کە پاشاکان و دیکتاتۆرەکان و ڕژێمە میلیتاری و ڕەگەزپەرست و دینی و تۆتالیتاریەکانیش بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی خۆیان وەکو ڕووکەش بەکاریدێنن، بەڵکو لە کەلتوری خۆشیاندا پشتیرێکی مێژوویی بۆ ئەدۆزنەوەو بەرامبەر مێژووی ئەو چەمکەی ڕادەگرن، یاخود زۆرجار پێش تریشی دەخەن، بۆ نموونە «شورا» کە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان دەیکەنە پاڵ پشتی شەرعیەتدان بەدەسەڵاتی موتڵەقی خۆیان و پێش سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوایشی دەخەن. یاخود هەر ئەم چەمکە چەندین ماناو زاراوەی لێکەوتۆتەوە، وەکو دیموکراسیەتی برژوازی و سۆشیالستی و میللی و ئاڕاستەکراو، ئیسلام وهتد.... کە بەرتەسکی ئەم باسە بوارنادات بە درێژی لە مانای دیموکراسیەت و سەرهەڵدان و سەرچاوە فەلسەفی و فیکریەکانی ژینگەی پراکتیککردنی بکۆڵینەوە، بەڵام هێندەی لە ناوەڕۆکی باسەکەی خۆمان نزیک بخاتەوە ئەوە دێنمەوە بیری خوێنەر کە زاراوەی دیموکراسی وەکو فیکرو پراکتیک لە کەلتوری فەلسەفی و سیاسی گریکەوە سەرچاوەی گرتووە. بەتایبەتی دیموکراسیەتی «ئەتینا»یی دیارترین نموونەیەتی. پاشان بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی و گەشەسەندنی فەلسەفەی ئینسانی و فیکری لیبرالی کە ڕەنگدانەوەو دەربڕی پێداویستی هێزە کۆمەلایەتی و ئابوورییە نوێکانی کۆمەڵگای ئەورویی بوو مانا و ئاستی پراکتیکی چەمکەکەی فراوانتر کردو تا ئەو ئاستەی کە تەعبیر لە جەوهەری ئازادی تاکەکەس بکات لە کۆمەڵدا کە ئەم خاڵە لە دیموکراسیەتی ئەتینایدا بزربووە. لیبرالیستەکان پێیان لەسەر ئەو زەرورەتە داگرت کە کۆمەڵگەی نوێ پێکهاتەیەکە تیایدا «پەیمان» بنچینەی یاسای ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە کە لەمیشیاندا سەرمایە گرنگترین سەرچاوەی سامان و جیاکردنەوەی ئاستە کۆمەلایەتییەکان و داڕێژەری شێوازی پەیوەندییەکان بەپێی ویست و قازانج.

ئەمەش مانای بانگەشەی ئازادی موتڵەق و بەرەڵا کردنی توانا جەوهەریەکانی تاکە کەسی دەگەیاند لەو بازاڕە ئابوورییەدا. بۆیە ئەو بانگەشە هەرە گرنگ و ناسراوەی ئادەم سمێت: (لێیگەڕێ با کاربکات، لێیگەڕێ با تێپەڕێت) کە ناوەڕۆکی لیبرالیزم و کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەورویا دەردەخات لەسەر ئاستی ئابووریدا، هەمان پەیوەندی و بانگەشەی بۆ پانتایی سیاسەت و دەسەلات گواستەوە، وە دەکرێت ناوەڕۆکی ئەم بانگەشەیە لە سیاسەتدا بە(لێیگەڕێ با بدوێ، لێیگەڕێ با هەڵبژێرێ) هاوتابکرێت. وەک چۆن لە سیستمی ئابووری ئازاددا کێبڕکێ لەنێوان بەرهەمهێنەرەکاندایە، بەکارهێنیش لەو نێوەندەدا ئازادی هەڵبژاردنی بەرهەمی هەیە لە بازاڕدا بە یاسای بازاڕو خواست و خستنەڕوو، ئاواش گۆی پەیوەندی هەموو یەکە کۆمەلایەتییەکان سیستمێکی سیاسی خوڵقاند کە هەڵبژاردن لە نێوان زۆرایەتی حیزب و باوەڕی سیاسی جیاوازدا شێوازی دەوڵەت و ڕەفتاری سیاسی ئازادانە دیاریدەکات. لێرەوە دیموکراسیەت و پلوڕالیزم وەکو چەمک و شێوە دەسگایی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، پاش چەندین قۆناغی مێژوویی مانا عەقڵانییەکەی خۆیان وەرگرت و لەگەڵ جەوهەری ئازادی مافی تاکەکەسدا یەکیان گرتەوە. بۆ نموونە دیموکراسیەتی ئەتینا کە زیندوترین شێوەی «دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ» (١١) بوو، بەڵام هێشتا ناکامڵ بوو، چونکە مافی بەشداری و پیادەکردنی تەنها بۆ چینە ئازادەکان بوو، هەروەها دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایش تا سێ یەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم تەنها لە خزمەتی چینە باڵاو خانەدانەکاندا بوو، تا لەئینگلتەرا یەکەم ڕیفۆرمی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٣٢دا مافی بەشداری و هەڵبژاردنی بە چینەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام چینی کرێکاران لە کۆتای سەدەی نۆزدەدا ئەو مافەیان بەدەستهێنا، بەڵام ئافرەتان بە گشتی لە ڕۆژئاوادا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ئەو ئاوڕەیان لێدرایەوە و مافی پیادەکردنی دیموکراسیان وەرگرت وەک وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٢٠ وە لە بەریتانیا ١٩٢٨دا(١٢).

کەواتە تا تێڕوانینی عەقڵانیانەی کۆمەڵ بۆ یەکە پەراوێزیەکانی فراوانتربوو، پەلهاویشتنی دیموکراسیەتیش بەناو هەموو ئەو یەکانەدا بڵاوترو ئاستی پراکتیکیشی ئاڵۆزترو فراوانتربوو بە تایبەتی کە بووە خواستێکی سیاسی هەموو یەکە جیاوازەکانی کۆمەڵ بەو پێیەی کە دەسگایەکی دەسەڵاتی باڵای کۆمەڵ هەیە توانای ناونان و بە یەسایکردن و شەرعیەتدانی ئەو مافەی هەیە. وە

کۆمەڵگای مەدەنی هەڵگری ئەو تێڕوانینە عەقڵانییەیە کە لە پراکتیکدا هاوجووتی دیموکراسیەت و ئازادی سیاسی دەبێتەوەو جەوهەرەکەی لە دابەشبوونی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ پێکهاتەی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیاو ئامانجی جیاوازو فۆرمەلەبوونی ئەو ئامانجە جیاوازانە لە پێکهاتەو ئۆرگانی سیاسی ڕێکخراودا، کەواتە باوەڕهێنان بە زۆرایەتی سیاسی لەناو خودی کۆمەڵگاداو لێجیابوونەوەی خیتابەکان (کە ئۆرگانی نوێ وەکو حیزب و گروپ پێکهاتەی کۆمەڵی جیاوازو ململانێی نێوانیان بۆ کارلێکردنەو یان دیاریکردنی شێوازو ئاڕاستەی خیتاب و بڕیاری سیاسی لە کۆمەڵدا، خولقاند)، شێوە سیستمی دەسەڵاتی دیموکراسی دەکاتە ئەو حاڵە ناچارییەی کە دژەکان لە چوارچێوەی هێمنی خۆیدا کۆدەکاتەوە. واتە زەروورەتی وەلاخستنی غەریزە شەڕانگێزیەکان جۆرێک لە عەقڵانیەتی بەسەر تاکەکەس و کۆدا سەپاندووە بە باوەڕهێنان بە بوونی چەندین چۆنایەتی و بازنەی ئینتمای جیاواز لە کۆمەڵداو پێداویستی پێکەوەژیان و ململانێکردنیان لەناو شەرعیەتێکی تایبەتدا کە شێوازی شیاو بۆ ئەو پێکەوە ژیانە دەسازێنێ. ئەمەش مانای جەنگ و ململانێی هێزە پلورالیەکانە لە ڕێگەی هەڵبژاردن و یان سازشکاری سیاسییەوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و سەپاندنی ڕای زۆرینە لە ئاڕاستەکردنی بڕیاردا لە پاڵ ڕێژگەتی قەبارەو کارلێکەری چۆنایەتیەکانی تر کە لەڕێگەی «بەشداربوونی سیاسی»یەوە شوێنی خۆیان لەو پانتایی دژایەتییەدا دیاریدەکەن. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە هەموو ئەم ململانێ سەختانە لە ناو قەوارەیەکدا ڕوودەدەن پێیی دەوترێت [دەوڵەتی نوێ] کە ململانێکان بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕێکدەخا و شێوە ئۆرگان و میکانیزمی بیرۆکراتیانەی پێدەبەخشێت، واتە لە ڕێگەی پێکدادانی مانایی و یاساییەوە، یان ململانێیەکی میکانیکیانە لەناو قەوارەی پێکهاتە چەسپاوەکانی دەسەڵاتدا، کە دەوڵەت لەسەروو هەموویانەوە سەقامگیری ئەو دەسگایانەوە بپارێزێت لەڕێی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەخشینی شوناس پێیان، کە لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵ لە جەنگ و پێکدادان دەربازدەکات کە بەبێ بوونی ئەو ماشێنە ڕێکیفکەرە لە هەموو چرکەیەکدا بابەتی تەقینەوەو توندوتیژییە. لێرەوە هەر پێکدادانێک لە نێوان خودی یەکەکانی کۆمەڵ و لە نێوان ئەمان و دەسەڵاتدا کە لەناو کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاواییدا ڕوودەدات، پیادەکردنی سلوکێکی هێمنانەی تاک و کۆیە کە لەقبوونی بونیادی سەرەکی دەسەڵات ناگەیەنێت وە لەلایەکی ترەوە ستراتیژی ڕێکخستنی ململانێکان و هێمنکردنەوەیان دەستکەوت و دەرەنجامێکی مێژووییە کە تیایدا پاراستنی ئازادی فیکری و سەلامەتی جەستەیی تاکەکەس ئامانجی ڕەهایەتی، ئەمە لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێتە قوربانی هەموو ململانێکان ئەگەر ململانێی ناسیاسیش بێت، ئەوە تاکە کەسە کە بەردەوام بەتەنیاو دەستەجەمعی دەکرێتە سووتەمەنی پێکدادانی جەنگەڵیانە. واتە هەموو کەلتوری ڕۆژئاوا و ئەو پێکهاتە ئۆرگانیانەی بەرهەمی هێناوە دواجار تاکە کەسی ئازاد و پارێزراو دەخولقێنێ، لەکاتێکدا کە ڕۆژهەڵات ململانێکان دەتەقێنێتەوە بۆ لەناوبردنی تاکەکەس، تەنانەت ڕووکەشکردنی دژایەتی و پێکهاتە داپلۆسێنەرەکانیشی بە شێوازی هاوچەرخ ئاکارێکی ترسناکانەی ترە بۆ هەمیشە لە خاچدان و نەفیکردنەوەی تاک لە نووسینەوەی مێژوویەکدا کە چارەنووسی تراژیدیانەی ئەو تیایدا هەمیشە مەرگی تاک و کۆمەڵییەتی لە جەنگە خوێناویەکاندا.

### دەوڵەتی ناکامڵ یان دەوڵەتی زۆرداری کۆمەڵگا دواکەوتووەکان

کەواتە تاکەکەس ئازادی، کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەتی نوێ ئاماژەی ئەو لێشاوە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوان بەتایبەت پاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان و گەشەسەندن و دروستبوونی (شار) وەکو پانتایی پێکدادانی کۆمەڵێ چین و پەیوەندی ئابووری بازاڕ یاخود پەیوەندی بەرژەوەندی و پیشە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، وە ئەو لێشاوە کەلتورە ئایدۆلۆژییە سیاسی و مەعریفییە بەتایبەتی کە لە نێوان سەدەی ١٧-١٩شوێنی تاکەکەسیان بەهێزکرد دواتر گۆڕانکاری حەتمییان بەسەر سیستمی دەسەڵاتدا هێنا، کە دەوڵەتی نوێ دیارترین پێکهاتەیەتی، کە لە دایکبووی گۆڕانی چەندین قۆناغی مێژووییە. ئەگەر لەم دەرەنجامەوە پرسیارێک بکەین، ئایا شێوەی پەیوەندی و دەسەڵاتی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات یاخود جیهانی سێهەمدا هەمان دووبارەبوونەوەی شێوەپەیوەندی و دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاوایە؟!

بەڵگەنەویستە کە بڵێین ڕۆژهەڵات هەمان کردەی گەشەسەندنی دووبارە نەکردۆتەوەو لێرەشەوە بە زەرووڕەت شێوەپەیوەندی و دەسەڵاتەکانی ئەگەرچی شوناسی ڕووکەش دیموکراسی و پلورالیزم و دەوڵەتی نوێش بگرنەخۆ. بەڵام لەسەر بونیادە سەرەکییەکانی خۆیانەوە هەڵنەچنرابوون، بۆ نموونە دەکرێت بڵێین: دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا گواززاوەیە کە لە شێوازی دەسگاییدا بۆ ناو واقیعێکی دواکەوتوو نامۆ بەخۆی کە دواتر بۆ مانەوەو شەرعیەتدان بەخۆی جۆرێک لە ڕووکەشی دیموکراسی و پلورالیزمی بەخۆیبەخشیوە. ئەگینا بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە، دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی دەسگایەکی لەسەر خانەوە سەپێنراوو بەگشتیکراوە کە خۆی باری سروشتی لە کۆمەڵدا بەردەوامی پێئەدات لە ڕێگەی هەمیشە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و کاردانەوەی هاوشێوەی خۆیەوە، چونکە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی دەیەوێت پەیوەندی بە شەڕەنگێزەکانی کۆمەڵ لە ڕێگای بە مێگەلکردنی کۆو دروستکردنی هاونیشتمانیی ملکەچەوە لە پێکهاتەی داپڵۆسێنەری خۆیدا خەفەبکات کە ئەمەش لە واقیعدا نموونەیەکی پێچەوانەی دەوڵەتی نوێی خستۆتەڕوو کە هەموو ئۆرگانە مەدەنی و بەناو هاوچەرخەکانی بە کەلتوری زۆرداریانەی ڕۆژهەڵات پڕکراون، شوێنی تاکەکەسیش لەم دەوڵەتانەدا بە تاک و کۆیان دەکەوێتە بەرەی هاونیشتمانیی ملکەچ و خەفەکراوەوە، یان دەگۆڕێت بۆ شۆڕشگێڕی توندوتیژخواز کە دەیەوێت بە توندوتیژی شۆڕش و تێکدانەوەی پێکهاتەی دەوڵەت ئەو ئامێرە داپڵۆسێنەرە لە خۆی دوورخاتەوە. بەو شێوەیە ئەم پەیوەندییە شەڕانگێزییە بەردەوامە لە لایەکەوە خەسڵەتی ناسەقامگیری ئەداتە دەوڵەت، وە لەلایەکی ترەوە هەموو یەکەکان، دەسەڵات و لایەنە دژەکانی لە ئاکارێکدا هاوبەشدەکات کە ئەویش توندوتیژییە، کە هەموو کۆمەڵگاو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم لەم خەسڵەتەدا لێکچوون.

دیارە مێژووی دووسەدەی جیهانی سێیەم و بەکۆلۆنیالکردنی لە لایەن ڕۆژئاوای هەڵپەکردوو بۆ بیناکردنی ئابووری و کۆمەڵگای خۆی بە لۆژیکی ڕوونکردنەوەی ئەم جیهانەو هێشتنەوەی وەکو پاشکۆیەکی لاوازی سیستەمە ئابوورییە پێشکەوتووەکەی خۆی، میراتییەکی کەڵەکەبووی بۆ ئەم وڵاتانە هێشتۆتەوە وەکو دواکەوتن لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وەکو بەربڵاوی هەژاری و نزمی ئاستی داهاتی تاکەکەس و نزمی ئاستی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی و پشتبەستنی ئابووری بە کشتوکاڵی دواکەوتوو و سەرەتایی و باڵا دەستی پەیوەندییەکانی دێهاتی و خێڵ و گەشەسەندنی نەتەوە و مانەوەی لە حاڵەتی لێکپچڕاندا و بەربڵاوی چەندین کەلتورو یەکەی میللی جیاواز بەدرێژایەتی بەناوچەیی و مێژووییەکانیانەوە کە دواتر شێوازی دەوڵەتی ناسەقامگیرو نایەکگرتووی لێکەوتەوە. ئەوەتا بۆ نموونە زۆربەی دەوڵەتانی ئاسیاو ئەفەریقا پێکەوەلکانێکی بەزۆرسەپێنراوە لە نێوان چەندین یەکەی جیاوازدا کە هاونیشتمانان ئینتمایان بۆ چەندین زمان و کەلتوری جیاواز هەیە و هۆکاری لێکگەیشتن لە نێوانیاندا ئاسان نییەو توخمی نەتەوە، وەکو بونیادێکی سەرەکی بونی دەوڵەت بزرە. واتە لە جێی هەستی نەتەوایەتی. هەستی پەیوەستبوون بە گروپی ئەتنی و زمانی و مەزهەبی و خێڵ و پێکهاتە ناوچەییەکان بەربڵاوترە. لەو پەیوەندییە ناتەبایەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، کە ڕۆژئاوا بەمەبەستی هەمیشە مانەوەی ڕۆژهەڵات وەکو ئەڵقەیەکی سست و لاواز لەدوای خۆی تەنیا دەستەیەکی کارگێڕو بیرۆکراتی جێهێشت کە پێشتر لە دەسگا کۆلۆنیالەکاندا بەکاری بردوون، وە دواتر ئەم توێژە کارگێڕییە کە جوڵەی خەبات و بەرەو سەربەخۆییبردنی ئەم وڵاتانەیان لە ڕێگەی شۆڕشەوە گرتەدەست، یان لە ڕێگەی سازشکاری و بەخشینەوە، تەنها خۆیان لە بەردەم ئەو شێوازە کارگێڕییە ڕۆژئاواییەدا بینییەوە کە بەتێکەڵکردنی لەگەڵ کەلتوری ڕۆژهەڵاتیدا دەوڵەتی ناکامڵیان خوڵقاند کە دەتوانین بڵێین ئەمەش شوناسێکی تری دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتییە لە پاڵ شوناسی ناسەقامگیریدا. کە مانای لەرزۆکبوونی ئەم دەوڵەتانەیە بەهۆی کێشە ناوخۆییە مێژووییەکانی و پاشکۆبوونیەتی بەهەرەشەو ویستی دەرەوە. دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، دەوڵەتی بانگەشەی سەربەخۆیین وە زۆربەیان لە دایکبووی قۆناغی دوای (ئینتداب)ن کە لای دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم ئامادەبوو بۆ ئامادەکردنی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووانە بۆ قۆناغی سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردن. لێرەوە بە تایبەتی لەو ناوچەیەی کە کورد تیا دەژی دروستکردنی دەوڵەت گواستنەوەی ئەزموونێکی ڕۆژئاواو هەندێ لە پێکهاتە سیاسی و دەستگاییەکانی بوو بۆ ناو بونیادێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و دوور لە ئامادەیی توخمە سەرەکییەکانی بە تایبەتی گەشەسەندنی نەتەوەیی، وە لەلایەکی ترەوە ئەم قاڵبە سەپێنراوە لە یەک

لایەنییەوە و لە ژێر سایەی پارچە پارچەبوون بەپێی قەڵەمڕەوو بەرژەوەندی کۆلۆنیالیانەی ڕۆژئاوا وا سازدراوە و پاش دابەشکردنەوەی جیهانیش لە نێوان هێزەکانی ڕۆژئاوادا و سنوورکێشانی دەوڵەتە ئینتدابکراوەکان هۆکاری جوگرافی و مێژوویی و مرۆیی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نەخرایە بەرچاو و، بەڵکو دارشتنەوەی سنوور بەپێی بەرژەوەندی و سازشکاری ئەو دەوڵەتانە بەڕێوەبرا، لێرەوە چارەنووسی ئەندامان و لقی چەندین خێڵ لێکدابڕان و دابەشبوون بووە لەنێوان چەند دەوڵەتی جیاوازدا، وەکو زۆربەی دەوڵەتانی ئەفەریقا، وە چەندین قەوارەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وئەتنی لاواز کرانە دەوڵەت کە هەڵگری ئەو سیفاتە نەبوون وەکو دەوڵەتانی کەنداو. وە چەندین گەل و نەتەوە لەو سنوورکێشانەدا کرانە قوربانی وەکو کورد و ئەرمەن. دیارە ئەم دابەشکردنە ناتەبایە دواتر گەلێ قەیرانی ناوخۆیی و پێکدادانی لە نێوان گروە و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە جیاوازەکان لەناو خودی دەوڵەتەکاندا تا ئەم ساتەوەختە تەقاندۆتەوە، وەکو کێشەی ئەتنی و خێڵەکی زۆربەی دەوڵەتانی ئەفەریقاو خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، وە یان کێشەی تایەفەگەری و مەزهەبی و نەتەوایەتی زۆر لە دەوڵەتانی تر وەکو عێراق، لوبنان، تورکیا، ئێران...هتد. جگە لە خوڵقاندنی کێشەی سنوور لە نێوان دەوڵەتاندا کە دەکرێت بڵێین دوو دەوڵەتی دراوسێ نییە لە ڕۆژهەڵاتدا کە کێشەی سنووریان لەگەڵ یەکدیدا نەبێت. ئەم دیاردانە و لەپاڵ بە خێرایی لە دایکبوونی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتدا جیاکەرەوەی نائارامی و ناکاملی ئەم دەوڵەتانەن، بۆ نموونە لە کاتێکدا مێژووی لە دەیکبوونی دەوڵەتی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو سەدە کەچی مێژووی ئەم دەوڵەتانە لە نیو سەدەو کەمتریش تێناپەڕێت. لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەمدا ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکۆمێنتی نەتەوە یەککرتووەکانیان ئیمزا کردبوو لە پەنجا دەوڵەت تێنەپەڕی، «کە بەپێی دەکۆمێنتەکە دەبوایە دەوڵەت سەربەخۆو خاوەن سالاری خۆی بێت»، بەڵام لەنێوان سالانی ١٩٤٥-١٩٨٥ زیاتر لە سەد دەوڵەتی نوێ بوونە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە کە زۆربەشیان لە جیهانی سێهەم و کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە هاتنەدەرێ (١٣).

دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی وەکو دەرەنجامی دەسکێشانەوەی سیاسی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاواو دواتر پاشکۆکردنی سیاسی و ئابوورییانەی خۆی کە بەخشینی شێوە دەسەلات و ڕووکەشی دەسگا نوێکانی دەوڵەتی نوێی سەپاند، خۆی پێکدادانێکی لەگەڵ بونیادێکی کۆمەڵایەتی دژبەخۆیدا دروستکرد، چونکە ئەو شێوە دەسەلاتە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندووی مێژوویی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕۆژهەڵاتیانە نییەو تایبەتمەندێتی کەلتور و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵات دەرناخات. وە زیاتر لە ڕەخساندنی هەلێک دەچێت بۆ ئەم کۆمەڵگایانە بەرەو کردەی کاملبوون، واتە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و توانەوە و یەککیربوونی پێکهاتە میللی و کەلتورییە جیاوازەکان لە قەوارەیەکی نوێی دەسەلاتدا کە ببێتە ناوەندی خیتاب و پەیوەستی هاوبەش بۆ گشت، لێرەوە دەکرێت بڵێین ناساندنی ئەم دەوڵەتانە بە دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو شوناسێکی تری ناکاملی و نائارامیانە. وە ئەو توێژە کە ئەم کردەیەی پیادەکرد لە ڕێگەی وەرگرتنەوە یاخود هێنان یان بیناکردنی شۆڕشگێڕیانە وە ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بەناو ڕۆشنبیرەیە کە پێشتر بە توێژی کارگێڕی ناوەمانبرد وە من زیاتر شوناسی (ڕۆشنبیری ناکامل)ی دەخەمە پاڵ، چونکە ئەم توێژە ڕۆشنبیری فیکری نین وە کایەی ڕۆشنبیری بەرهەمناهێنن و لەگەڵ کردەی لە دایکبوونی فیکریشدا جیهانبینیەکی تایبەتیان نەخوڵقاندووە، بەڵکو ئەمانە زیاتر ڕۆشنبیری کارگێڕی یان پیشەیین یان زیاتر ئەو نەوە خوێندەوارەی سەردەمی کۆلۆنیالین کە ئاستێک لە زانیاری وە شارەزاییان لە ئۆرگانە دەسەلاتییەکانی ڕۆژئاوادا پەیداکردووە. بەڵام لە بیناکردنی کۆمەڵگەو دەوڵەتی نوێدا نەیتوانیوە خۆی لە میراتێکی دواکەوتوو دەربازکات کە خستنەکاریان پێکدادانی سلبی لەگەڵ شێوازە نوێکاندا دەخوڵقێنێ، چونکە یان ئینتمای ئەم توێژە واتە ڕۆشنبیری ناکامل دەگەڕێتەوە بۆ چینی دەرەبەگایەتی و توێژە خوێندەوارەکەی کە لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە ڕۆژئاواوە و خوێندن لە زانکۆکانیاندا و فێربوونی زمان و کارکردن لە دەسگا کۆلۆنیالەکاندا تێڕوانینێکی ڕۆشنبیریان لا گەڵاڵەبوو، وە دواتر هەرچەندە ئەم توێژە ڕۆڵی سەرەکیان لە بزواندنی خەباتی سیاسی نەتەوەییدا هەبوو، بەڵام لەژێر کارلێکەری میراتی فەلسەفەی خانەدانی دەرەبەگایەتیدا ئازادنەبوون، بۆیە بونیادی دەسەلاتی نوێیان لەسەر کۆمەڵێ داب و نەریت و ئایدۆلۆژی ناوخۆیی کارلێکراو بە کەلتوری دین هەڵچنی کە بەوە جۆرە شێوە سیستمی دەسەلاتی (کۆن - نوێ) یان بنیات ناو کە لە شێوە ڕژێمی حکومڕانی پاشایەتی موتڵەقی بەناو دەستوری و

حوکمی بنەماڵەو میراتگری و تاکە چینی ئۆلیگارشی یان کۆمپرادۆریدا بەرجەستەبوو. یاخود لە لایەکی ترەوە بەشێکی ئەم توێژە لەنێو پەیوەندییە لاوازەکانی شارە بچوکەکاندا سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە بوارە پیشەییە زانستی و ئینسانییەکاندا، وە لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شاردا و لەدەرەوەی بازنەی دەزگا کۆلۆنیالییەکانەوە پەیوەندییەکی فیکری نەگەتیڤانەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەست بەتایبەتی بە کەوتنە بەرەی چینی هەژاران و خولقاندنی وەهمیانەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ (جگە لە جوتیاران وەکو پێکهاتەی چینایەتی لە دەرەوەی بازنەی خێڵەوەو) باڵادەسکردنی خیتابێکی شۆڕشگێڕی لە نێوانیاندا، بەڵام ئەم توێژە لە لایەکەوە نەیتوانی ببێتە چینێکی سەربەخۆی کارکەر و جیهانبینی و خیتابی تایبەتی خۆی بەرهەمبێنێ، وە لەلایەکی ترەوە بە کەوتنە ناو بازنەی ئایدۆلۆژیای چەپەوە هەمیشە هێزو پاڵپشتی خۆی لە ئەنجامی ململانێ فراوانەکەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە بەتایبەتی ململانێی دوو جەمکی کۆمۆنیستی و لیبرالییەوە وەردەگرت، بۆیە ئەم توێژە بانگەشەی شۆڕشێکی ڕادیکالی دەکردو سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانی بە گۆڕینی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پاشان بنیاتنانی شێوە دەوڵەتی نوێی ڕۆژئاواییەوە گرتنەدا. بەڵام نەیتوانی لە پراکتیکدا میراتە کۆنەکان ڕەتکاتەوەو دواجار وەکو ئەڵقەیەکی لاواز مایەوە بۆیە ناچاربوو بە وابەستەیی و هاوپەیمانی و پێکەوە گونجان لەگەڵ چینە کۆن و بەربڵاوەکاندا، کە ئەم جۆرەش دەوڵەتی نائارامی شێوە سیستەمی سیاسی هاوپەیمانی لێکەوتنەوە کە دواتر چینێکی نوێی دەسەڵاتداری تێکەڵ لە نێوا دەرەبەگ و بۆرژوای بچوک و ناوەندو ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی «تەسلیم بووەدا خولقاند کە سیستەمی سیاسی زۆرایەتی حیزبی و ڕوکەشی پەرلەمانی لێکەوتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بووە پەرلەمانی چینی نوێی دەسەڵاتدار (لەوانەش وەکو میسرو تورکیاو هیند)، یاخود ئەم توێژە سلوکێکی تەواو توندوتیژی پیادەکرد بەمەبەستی دارمانی کۆن و لەڕیشە دابڕینی کە دواجاە خودی ئەم توێژەی گۆڕی بۆ سیستمی دیکتاتۆریەتی عەسکەری و تاکحیزبی.

بەهەرحاڵ ئەم توێژە بەبێ دەربازبوون لە میراتی کۆن بووە هەڵگری بەشێکی ناتەواوی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا کە هەر لە خیتابە فیکریەکانی ڕۆژئاوا خۆیەوە «وەکو فیکری ناسیۆنالی و پێشکەوتووخوازی و سۆشیالستی و لیبرالیزم و... هتد» خیتابی نەتەوەیی پاڵپشت بە کەلتوری ڕۆژهەڵاتی خستەڕوو، لێرەوە سەرکردایەتی شۆڕشێکی کرد کە بە دوو لایەنەی (نەتەوەیی - دینی) (ڕۆژئاوایی - ڕۆژهەڵاتی) (پێشکەوتنخواز - کۆنەپارێز) دەناسرێت، چونکە هەمان فیکرە خوازراوەکانی ڕۆژئاوایان لە واقیعێکی ناوخۆییدا دووبارە بەکاربردەوە، بۆیە ئەم شۆڕش و بزوتنەوە تایبەتە لە ڕۆژهەڵاتدا لە ئەنجامی تێکەڵکردنی دوو دژدا دینێکی نوێی بەرهەمهێنا، واتە بە کۆکردنەوەی میرات و داب و نەریتی ناوخۆیی و ئەو تەوژمە فەلسەفییەی ڕۆژئاوادا باوەڕێکی پیرۆزی سەپاند، بەڵام هەردوولای دژەکە زۆرانبازی تواندنەوەی یەکدیان هەریەکە لە خیتاب و شێوە سیستمی خۆیدا دەکرد. واتە دەوڵەت هەوڵی نەفیکردنەوەی میرات و بونیادە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی ئەدا بۆ شەرعیەتدان بەو سیستمە ئایدۆلۆژی و شێوە دەسگا بیرۆکراتیەی خۆی، لە کاتێکدا هەموو میراتی کۆن خۆی بەسەر ئەو توێژە لاوازو لەقەی حکومڕاندا دەسەپاند کە لەناو مێژوو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و ئایدۆلۆژیای ناوخۆیی ئەودا پێکهاتەی دەسگای خۆی هەڵچنێ. ئەم دوو کردە پێچەوانەیە کارلێکەری لە شێرازە تێکچوونی باری سروشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، بەڵام نەشیتوانی لەسەر ئەو وێرانەیە بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی یەکەگیر بسەپێنێت. بۆیە لە کاتێکدا کە چەمکە فیکرییەکانی ڕۆژئاوا هەوڵی دووبارە خۆبەکاربردنەوەو بەرهەمهێنانی شێوە دەسگاییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای لە ڕۆژهەڵاتدا ئەدا ئەگەرچی لە شێوازی ناکاملیشدابێت، ئەوا بەردەوام میراتی کۆن ڕێگەی دروستبوونی سروشتی لێدەگرێت بە خۆتێکەڵکردن و سەپاندنی خۆی لە داڕشتنەوەی ئەو شێوازانەدا، کە لەکاتێکدا نوێ دەیویست بە بازدان و لە ڕێگەی ئاکاری شۆڕشگێڕییەوە کۆن نەفیکاتەوە، بەڵام کۆن لە ساتەوەختی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە ئامادەیی خۆی سەپاند و دوای گەڕانەوەی شێوە کۆنەکانی خۆی دەکرد وەکو جۆرێک لە ڕەسەنایەتی پیرۆز بەرامبەر سیستمی شەڕانگێزی نوێ کە لەلای ڕۆژهەڵات ئاماژە بوو بۆ شێوە دەزگای ئیستعماری دوژمنکار. بەڵام ئەو دەرەنجامەی لەم دوو کردە پێچەوانەیەوە هاتەگۆڕێ، شێوە سیستمێکی دەسەڵاتی سەرکوتکەری نوێیە لە ئەنجامی بەردەوامیدانی ڕۆژهەڵات بە کەلتوری داپڵۆسینەرەکەیی و بەرجەستەکردنی لە شێوە دەسگاییە

ڕۆژئاواییەکانی دەسەڵاتدا، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن (تنفیذی) لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکاندا بەردەوامبوونی دەسەڵاتی خەلافەت نییە، بەهەمان شێوەش دەسەڵاتی دادو یاسا بەردەوامی دەسەڵاتی شەرعیەت و دادوەری ئیسلامی نییە تەنانەت لای دەوڵەتە ئوسوڵگەراییەکانیش، بەڵکو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن زیاتر لە پاشایەتی موتڵەق و دیکتاتۆرە نوێکان و سیستەمە تۆتالیتارەکان نزیکبۆتەوە، وە هەموو شێوە دەسگاییەکانی دەسەڵات ڕووکەشی شێوە دەسەڵاتی ڕۆژئاواییان هەڵگرتووەو بەڵام لە ناوەڕۆکدا لەسەر سیستەمێکی داپڵۆسێنەرانە داڕێژراون کە خودی ڕووکەشەکە جۆرێک شەرعیەتی پێدەبەخشێ بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکە داپڵۆسێنەرەکەی، لێرەوە دوو سیستەمی ئایدۆلۆژی دژبەیەک لە خوڵقاندنی سیستەمێکی دەسەڵاتی ترسناکدا بەشدارن، بۆیە ڕژێمی سیاسی دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ژێر هەر ناوێکدابن (کۆماری، پاشایەتی، میللی، نەتەوەیی، نیشتمانی، شۆڕشگێڕی سۆشیالیستی، وە یاخود سیستەمی تاکحیزبی یان پلورالی بێت) هەموویان لە خەسڵەتی دەوڵەتی داپڵۆسێنەردا بەشدارن،

دیسانەوە لەبەرئەوەی دروستبوون و گەشەسەندنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم یان ڕۆژهەڵات ناسەقامگیربوو وە ئەو توێژەی ئەرکی دروستکردنی دەوڵەتی لە واقیعێکی ترەوە گواستەوە، دواتر خۆیان لەبەردەم کۆمەڵێ دەسگای بیرۆکراتی و میلیتاری و ئابووری گراندا دییەوە کە پێشتر لە پێناوی شێوازی کارگێڕی کۆلۆنیالیدا بوون، بەڵام ئەم توێژە شۆڕشگێڕو هەڵگری بانگەشەی نەتەوەییانە کە دەسگای حوکمیان گرتەدەست، دەبوو سەرباری ڕێکخستنی ئەم جێماوانە هاوتاییش لە نێوان دوو چینی دەرەبەگ و کۆمپرادۆر، وە سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو ڕابگرن کە هەڕەشەو کارلێکەری بەردەوامیان لەسەر ساقامگیری دەسەڵات هەبوو جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دەرەوە بەتایبەتی کۆلۆنیالیزمی کۆن و سەرمایەداری جیهانی کە هەردەم نەیدەهێشت ئەو دەوڵەتانە لە بازنەی پاشکۆیی دەربازبن. بۆیە ئەم توێژە حوکمڕانانە جۆرە سیستەمێکی ئۆلیگاریشی عەسکەری شۆڕشگێڕیان سەپاند، شۆڕشگێڕی واتە سەپاندنی ئاکاری داپڵۆسێنەر بۆ مانەوەی دەسەڵات لە نێوان ئەو قەیران و هەڕەشانەدا، لێرەوە دەوڵەت هەمیشە بۆتە ناسەقامترین پێکهاتە، چونکە وەکو ئامێرێکی داپڵۆسێنەرو توندو تیژی بۆتە ناوەندی ئامانجی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، لێرەوە هەردەم توێژی دەسەڵاتدار بازنەی دەسگاکانی خۆی لە ئاست پێکهاتەکانی دەرەوەی خۆیدا تەسککردۆتەوەو بە لۆژیکی شۆڕشگێڕیانە کەمترین ئاستی پلورالیەت و دیالۆگی ڕەتکردۆتەوە(١٤). لێرەوە ستراتیژی هەموو لایەنە پێکدادەرەکان بالادەست بوو بەسەر ئەو ئامێرە داپڵۆسێنەرەدا، چونکە وەرگرتنی ئەو ئامێرە مانای دەسەڵات گرتنە دەست، کە ئەمیش بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە گەڕانەوە بۆ هیچ شەرعیەتێک نییە تەنها توندوتیژی شۆڕشگێڕی نەبێت، بەم شێوەیە مێژووی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم ئەڵقەیەکی بەردەوامی کۆدێتای سەربازی زۆرو ڕوخاندن و کوشتارو خوێنڕشتنی نێوان گروپەکانە لەسەر دەسەڵات، [کە ئێستا ئەو سیناریۆیە بەشێوەیەکی ترسناک لەسەر وەهمی دەسەڵات لە کوردستاندا دووبارە دەبێتەوە]، ئەمە جگە لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان و فراوانی چەندین بازنەی پێکدادان و چەندین خیتابی دژ بەدەسەڵات کە هەمووی ئاناڕامی ئەم دەوڵەتانەو بواری لێکنەگەیشتن چ لە نێوان دەسەڵات و هاونیشتمانانداو چ لە نێوان پێکهاتە کۆمەلایەتیەکاندا دەردەخات، جگە لە هاوبەشبوونی هەموویان نەبێت لە توندوتیژیدا کە بۆتە ئاکارێکی ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵگایانە. ئەم ئاناڕامییەی کۆمەڵ و دەوڵەت و هێنان و بردنی دەسەڵات لە نێوان گروپە دژەکاندا هەموو ئەرکەکانی دەوڵەتی وەکو پیادەکردنی گەشەپێدانی ئابووری و هەڵسان بە ئەرکە خزمەتگوزارەکان و دابینکردنی ئازادییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ زۆرینەو چۆنایەتییە نەتەوەیی و ئەتنی و ڕۆشنبیرییەکاندا شکسست پێهێناوە، جگە لە نوچدانی سەرەکی لە ئاست پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەت لە بەردەم هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم هیچ پەیوەندییەکی ئەکتیڤیان لەگەڵ تاکەکەسدا نییە بە شێوەی خودی تاکەکەس یان کۆو گروپ، وە تاکەکەس زیاتر بە حوکمێکی قەدەری و هاونیشتمانبوون لە ناو قەوارەیەکدا کەوتۆتە ژێر بەردەشی دەسەڵاتێکەوە کە کاردانەوەی بەرامبەریان ملکەچبوونە یان وەلامی توندوتیژی و شۆڕشگێڕییە، یان هەڵهاتن و فڕێدانی ئەو خەسڵەتە هاونیشتمانییەیە بەقبوولکردنی پەناهەندەیی و بەدەستهێنانی شوناس و

ناسیۆنالیتییەکی دی. لێرەوەش سەرکەوتووترین دەوڵەت کە لەنێو ئەو هەموو هەرەشانەدا خۆڕابگرێ و سیستمێکی تایبەتی بۆ ڕاگرتنی هاوتایی نێوان هەموو دژەکان ڕابگرێت دەتوانین لەم شێوازانەی خوارەوەدا ناویان بنێین:

یەکەم: دەوڵەتی ڕابەرانی کاریزمەو بەمێگەلبوونی خەڵک یان زۆربەی ئەو توخمانەی دەکەونە ناو قەوارەی دەوڵەتەوە بەجیاوازی چۆنایەتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و تێڕوانینیانەوە، لەم دەوڵەتانەدا کاریزمە زۆرداریەکی ڕەواو پیرۆز پیادە دەکات بۆ دەستکەوتنی قەوارەیەکی یەکگیر کە تیایدا شوناسێک، ئایدیالێکی مێژووی خیتابێک لە گشتدا بەرجەستە ئەبێ کە زیاتر لە یادەوەرییەکی مێژووییەوە دەگەڕێتەوەو پەیوەندی تاک و کۆو دەوڵەت لە پێکەوە لکاندنێکی پیرۆزدا لە ڕێی خودی کاریزمەوە کۆدەکاتەوە، دیارە ئەم ڕابەرانەش زیاتر لە قۆناغێکی مێژوویی خەباتی نیشتمانی دژی دەرەوەدا دەرکەوتوون بەتایبەتی لەناو ئەو توێژە ڕۆشنبیرە ناکامڵە شۆڕشگێڕییەی کە زۆرترین توێژەکانی ژێرەوەی ئەو ئایدیالە پیرۆزە کۆکردۆتەوە، یان تەقەلای فۆرمەلەکردنی شوناسێکی نەتەوەیی لە نێوان فۆرمەلە کۆمەڵایەتیە پەرش و بڵاوەکاندا داوە بە بەستنەوەی ئەم خەباتە پیرۆزە بە شکۆمەندییە مێژووییەکانەوە، لێرەوە ئەم توێژە بەردەوام مەحکومە بە پەیوەندیکردنەوە بە یادەوەری مێژووەوەو هاوتاکردنی کاریزمە پاڵەوانە مێژووییە ناوخۆییەکان. ڕابەری کاریزمە لە سەرەتای هەڵچوونی شۆڕشگێڕیدا گورزی کوشندەو ڕادیکالی لە چینە دەرەبەگ و داواکەوتووەکان کەیاندووە کە ڕێگربوون لەبەردەم دەوڵەتی نەتەوەییدا. بەڵام لە دواقۆناغدا نەیتوانی هەموو چۆنایەتییە زۆرەکان و شێوە پەیوەندییەکانی خێڵ و نزیکایەتی لە پێکهاتەکانی دەوڵەت و ئایدیالە پیرۆزەکەیدا بتوێنێتەوەو ئەو ڕەچەڵەکانە تێکبدات کە دواتر بەشێوەی پێکهاتەی نوێی هێزی سیاسییەوە دەوڵەتی کاریزمەیان لەقکرد. هەروەها ڕابەرانی کاریزمە هەمیشە دەرەنجامی ساتەوەختێکی مێژووی زۆر تایبەت و پیرۆزن کە ساتەوەختی هەڵچوونی خەباتی شۆڕشگێڕی و باڵادەستی ئایدیالی پیرۆزە.

لێرەوەش ڕابەری کاریزمە پاش کۆتایی ئەو قۆناغە کورتە یان بە مردنی خودی کاریزمە یان درێژبوونەوەی دەسەڵاتی تا ئاستی بێزران و پیربوون، ئیتر ئەو پیرۆزێتییە یان پاشەکشە دەکاو دوای دژایەتیە سەختەکان دەکەوێتە نێوان لایەنە بەیەکداچووەکانەوە کە بێهودە تەقەلای دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کاریزمە ئەدەن. لەلایەکی ترەوە هەموو ڕابەرانی کاریزمەیی جیهانی سێیەم لە خیتاب و پرۆژەی سیاسیاندا لێکچوون بەتایبەتی لە بانگەشەکردنی ڕووکەشیانەی هەڵبژاردنی ڕێگەی ئازاد لە نێوان دوو بلۆکی کۆمۆنستی و لیبرالیدا واتە هەڵبژاردنی ڕێگەی سێیەم لە نێوان ململانێیەکی جیهانیدا، بەڵام شکستی ئەم ڕێگەیە لە ڕاستیدا خۆی لە دەرنەچوونی ئەم دەوڵەتانەدا بوو لەو بازنەی ململانێیە کە تەنها ئەو ئەگەرەی خستبووە بەردەمیان، ئەگینا لە بنەڕەتدا هەموو خیتابە شۆڕشگێڕیەکانی کاریزمە لە پشت ئەو تەکنیکە ئابووری و سەربازی و چەکە گەورانەوە بوو کە هەردوو جەمسەری کۆمۆنیستی و لیبرالی خستبوویانە بەردەم ئەم وڵاتانە.

دووەم: لەقبوونی قۆناغی کاریزمەو بزربوونی و پاشەکشەی پشتیرە ئایدۆلۆژییە پیرۆزەکەیی و بەوەهمبوونی شکۆمەندە مێژووییەکانی، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوی و تۆتالیتاری برد کە بەتایبەتی کۆمەڵێ دیکتاتۆری عەسکەری فرێدایەدەرێ لە ئەنجامی کۆدێتا سەربازیەکانەوە کە بەئاشکرا لە دوای پەنجاکانەوە دەستگای سوپاییان خستە شوێنی کاریزمەوە، ئەم توێژە لە ڕێگەی گۆڕینی پێکهاتە دەسگاییەکانی دەوڵەتەوە بۆ دەسگای سوپایی و سەپاندنی توندوتیژی سەربازییەوە حکومەدەکات کە زۆرجار لە شێوەی ڕووکەشی سیستمی دەسەڵاتی تاکە حیزبی تۆتالیتار یان ڕووکەشی دیموکراسیەتدا خۆدەخاتەڕوو کە لە بنەڕەتدا هیچ خاڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان سوپاو حیزبدا هەستپێناکرێت، بەڵکو توندوتیژی بیرۆکرات و ئۆلیگارشن هەموو شێوە دەسەڵاتەکانی سوپایی و سیاسی حیزبی لە خۆدا کۆدەکاتەوە(١٥).

سێ یەم: پاش شکستی هەردوو ئەزموونەکەی سەرەوە بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەدا کە پێکهاتەیەکی بەربڵاوو ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و گروپی جیاوازی تێدایە، دەوڵەت دەبێتە لاوازترین ئەڵقە لە نێوان ململانێی بەردەوامی ئەو دژانەداو دەسەڵاتی ناوەند دەکشێتەوە لە بەردەم حوکمی ناوچەیی و گروپدا، لێرەوە هەریەکە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی و چەندین تۆڕی ئابووری و بازرگانی و دارایی وەک شێوە مافیا هەموویان بەجیا لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا

کاردەکەن. ئەم شێوە دەوڵەتە نائارامانەش بەڵێشاو لەناو دەوڵەتانی ئەفەریقادا، وەکو سۆماڵ، ئەریتریا، ڕواندا، بروندی، نایجیریا، تا دەگاتە دەوڵەتانی ئاسیای وەکو هیندوستان و سریلانکاو ئەفغانستان و لوبنان و هتد... دیارن.

چوارەم: ئەو دەوڵەتانەی کە بەڕووکەش پیادەی هەندێ ئاکاری دیموکراسی ئەکەن سیستمی دەسەڵات و پیادەکردنیان بە پێکهاتە ڕۆژئاواییەکان داپۆشیەوە، وە دەشێت لە هەندێ حاڵەتدا توێژە دەسەڵاتدارەکان خەونی بەدیهێنانی ئەو واقیعە ڕۆژئاواییەیان هەبێ، بەڵام لە پراکتیکدا کەوتوونەتەوە ناو بازنە توندوتیژیەکە لەبەر نائامادەیی پێداویستییەکانی بنیاتنانی دیموکراسیەت و ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعێک کە لەڕووی دابەشبوونی دیموگرافییەوە ئەستەمە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی خێڵ، لادێ و گروپە باوەڕی و کەلتورییەکانی لە پێکهاتەی ئیداری نوێی وەکو شارو یەکەکانی تردا ڕێکبخرێت کە ئەوانە یەکە بنچینەییەکانی سیستمی دیموکراسی و دەسەڵاتی نامەرکەزین. جگە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تری وەکو نزمی ئاستی پیشەسازی و ئابووریەکی هەژارو گەشەنەسەندنی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکانی ئایدۆلۆژیاو دابونەریت و خوێندن و خوێندەواری وە نائامادەیی هۆشیاری تاکەکەسی ئازاد بە ئینتمای خودوویستانەی بۆ ئەو سیستمە. هەموو پێکەوە پراکتیکی دیموکراسیانەی ڕۆژهەڵاتیان کردۆتە سیناریۆیەکی کاڵتەجاڕی یان زۆرجار بە ترازیدیای جەرگبڕی ئەو سیستمە کۆتایی پێهاتووە. واتە دواجار تەقەلای ئەم دەوڵەتانە بۆ خود بەمەدەنیکردنی کۆمەڵ لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ئەزموونە پراکتیکیەکانی ڕۆژئاواوە بەتەواو لێکپچڕاندنی شیرازەی پەیوەندییە سروشتییەکانی ناو کۆمەڵیش کەوتۆتەوە کە تاک وەکو ئینتمای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەستداوە و لە مەسەلەیەکی وەکو [هەڵبژاردن]دا تاکەکەس بەبێ هیچ هۆشیارییەکی سیاسی هەمیشە کردەیەکی سەپێنراوی پیادەکردووە کە لەدوای هەڵبژاردنەوە هەستینەکردوە بەشداریەکی سیاسیانە لە سیستمێکی گشتیدا دەکات وە تاکێتی خۆیشی لە کۆمەڵدا لە دەستداوەو دەسەڵات بەشێوەیەکی تۆتالیتاری دووبارە بەناو هەموو بوارەکانی ژیاندا بڵاوبۆتەوە. وە یاخود پراکتیککردنی ئەم ئاکارە غەریزەیەکی شەڕانگێزی و دوژمنانەی لە نێوان هێزە دژەکاندا بەرهەمهێناوە کە بەپێکدادانی ترسناک تەواوبووە. ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیانەوە شکستی خۆیان خستۆتە ڕوو، چونکە دەرەنجامی گەشەسەندنی سروشتی واقیعی خۆیان نین، بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد یان گواستنەوەی ئەزموونێکە لە ڕێگەی خەونی دەستەیەکەوە، وە یان لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا هەندێ هۆکاری سیاسی نێودەوڵەتی و ستراتیژی دەرەوە ئەو شێوە سیستەمانەی سەپاندووە، وەیان بەردەوامیش لە ژێر ڕەحمەتی هێزێکی باڵادەستتری سەرەوەدا ماوەتەوە(١٦).
بۆ زیاتر ڕونکردنەوەش ئاماژەی سێ شێوە شکستی دیموکراسیەتی ڕۆژهەڵاتی دەکەین.

١- دیموکراسیەتی ئاڕاستەکراو لە ئەندۆنیسیا:

شکستی سیستمی زۆرایەتی و دیموکراسی ئەندۆنیسیا نموونەی شکستی هەموو دیموکراسیەتە خەونییەکانی ڕۆژهەڵاتە. ئەندۆنیسیا لە ١٧ی ئابی ١٩٤٥ سەربەخۆیی خۆی لەسەر دەستی ڕابەری کاریزمەیی [ئەحمەد سوکارنۆ] ڕاگەیاند، کە لەسەرەتادا بانگەشەی شێوە سیستمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی لە ئەندۆنیسیادا ڕاگەیاندو ئازادی حیزبایەتی فەراهەمکرد. بەڵام ئەم پلورالیەتە شەڕی ناوخۆی لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا تەقاندەوە، هەستی ناوچەگەری و خێڵەکی و چەندین یاخیبوون و شۆڕشی بزرواند و بەدوای خۆیدا گەلێ قەیرانی سەخت و گۆڕانکاری وەزارەتی کێشکرد. ناچار ئەحمەد سوکارنۆ لە ساڵی ١٩٥٧دا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو ڕایگەیاند کە دیموکراسیەتی فرە حیزبی و کێبڕکێی سیاسی هەڕەشە لە یەکێتی ئەندونسیا دەکاو لەگەڵ دابونەریت و باوەڕی ئەو کۆمەڵگایەدا ناگونجێ، لە جیاتی ئەوە «دیموکراسیەتی ئاڕاستەکراو»ی سەپاند، واتە دەسەڵاتی ناوەند بەناوی گەلەوە لە ئامانج و پێداویستی ئەوانەوە بڕیار دەردەکات، چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی نەتەوەو بەرژەوەندییە باڵاکانیەتی، بەڵام حیزبەکان تەنها تەعبیر لە گروپە دژ بەیەکترەکان دەکەن. ئەحمەد سوکارنو بۆ پاساو دانەرەوەی گێڕانەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ تاکە ناوەندێک وتی: «گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە هۆکاری ئاژاوەی سیاسی لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ پیادەکردنی سیستمێک کە

لەگەڵ پێداویستیەکانی ئێمەدا یەکناگرێتەوە»(١٧).

٢- دیموکراسیەتی تایەفەگەری لوبنان.

تەقینەوەی شەڕی ناوخۆی لوبنان لە نێوان ١٩٧٥-١٩٩٢، دیارترین شکستی سیستەمێکی بەزۆر سەپێنراوە لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی و بەرژەوەندی ستراتیژی دەوڵەتانی دەرەوە. لوبنان نموونەیەکی دیاری دەوڵەتی ناثارامی فرەدەسەڵاتی تایەفەگەری و مەزهەبییە کە وەڵامی تراژیدیای خوێناوی و ناثارامییەتی، وە دوای هەموو قۆناغێکیش ئەو بنەما تایەفەگەریانە پتەوتر دەکات. دیارە پێکهاتەی تایەفەگەری لە لوبناندا پێشینەیەکی مێژوویی هەیەو هەڵکەوتنی جیۆپۆلیتکی لوبنان هۆکارێکی فۆرمەلەبوونی ئەو پەیوەندییانەیە، بۆ نموونە چیاکانی لوبنان لە سەرەتاوە داڵدەیەکی سەرەکی تایەفە مارۆنییەکان بوو بۆ خۆپاراستن لە دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلام و هێشتنەوەی بونیادی ئەتنی و دینیی خۆیان، لە هەمان کاتیشدا ئەم پێکهاتە تایبەتە لە سەرەتاوە بۆ تەبایی بەکارهێنان لەلایەن ڕۆژئاواوە وەکو پێگەیەکی سیاسی و ستراتیژی ئایندەیی. جگە لەوەی چیاکانی لوبنان جێگە داڵدەی موسڵمانە شیعە دورزیەکان بووە کە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی فاتیمییەوە لەچەوساندنەوەی مەزهەبی دەسەڵاتی سوننە هەڵهاتبوون. ئیتر ئەو تایەفانە لە چیاکانی لوبناندا لەسەر سیستمی دەرەبەگایەتی زەوی و ناوچەی جیاواز بەپێی بنەمای جیاوازی تایەفە و دینی و کەلتوری جیاواز بەڕێوە دەچوون، کە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەرەنسا کارلێکەرییان لەو شێوە پەیوەندییەدا هەبوو بەپێی قەڵەمڕەوی خۆیان. بەو شێوەیە لوبنان لەساڵی ١٨٤٢ کرا بەدوو ناوچەی کارگێڕی مەسیحی و دروزی ڕەسمی. بەڵام تەقینەوەی کێشەی تایەفەگەری تورکیای عوسمانی و ڕۆژئاوای ناچارکرد کە لوبنان لە شێوە پێکهاتەی تایەفەگەری بەربلاودا نوقمبکەن، واتە بنچینەی تایەفەگەری لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا پیادەکرا بەشێوەیەک هەریەکە لە تایەفە و خێڵەکان نوێنەری خۆیان لای (والی) عوسمانی هەبوو(١٨).

ئەم حاڵەتە لە ساتەوەختی ئینتدابی فەرەنسی و سەربەخۆییشدا مایەوە و بووە کێشەیەکی کوشندەش. بۆ نموونە مەندوبی سامی لوبنانی لە بڕیارێکیدا لە ساڵی ١٩٣٦دا سیفەتی شەرعی بەهەژدە تایەفەی دینی لە سوریاو لوبناندا. لە پێش سەربەخۆیدا مەسیحییەکان داوای دەوڵەتێکی بچکۆلەی سیاسیان دەکرد، هەندێک لە موسڵمانەکانیش داوای چونەپاڵ سوریایان دەکرد، هەندێکی تر داوای دەوڵەتێکی تەواو عەرەبیان دەکرد، چونکە لوبنان بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی، بەڵام فەرەنسا دەوڵەتێکی تایەفەگەری پڕ کێشەی دوای خۆی جێهێشت کە لەساتەوەختی سەربەخۆییەوە (١٩٤٣) بۆتە شوێنی کێشەو هەمیشە ناثارامی. وە هەرچەندە لوبنان لە ژێر کاریگەری توندی فیکری ڕۆژئاوایی و سیستەمە دەسەڵاتییەکانیەوە بوو، بەڵام ئەم کارلێکەرییە خیتابی پلورالیزم و دیموکراسیەتی نەسەپاندو ڕێگەی لەو تەقینەوانە نەگرت کە کۆمەڵە دەوڵەتێکی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا خولقاند، چونکە بونیادی تایەفەگەری لەسەرەتاوە بەجەستەی دەسەڵاتی سیاسیدا بڵاوبۆوەو بەشێوەیەک کە دەستوری (١٩٤٣) بەئاشکرا بڕیاریدا «بەشێوەیەکی کاتی و بۆ پاراستنی تەبایی لە نێوان تایەفەکاندا، بەشێوەیەکی ڕەوا تایەفەکان لە دروستکردنی وەزارەت و پڕکردنەوەی شوێنەکانی ئیشدا بەشدارئەبن بەجۆرێک کە زیان بە بەرژەوەندی دەوڵەتی نەگەیەنێ» (١٩)، وە ئەم پرنسیپە تائێستاش کاری پێدەکرێت، چونکە نەخشەی دینی و تایەفەگەری لوبنان بە شێوەیەک بڵاوبۆتەوە کە زیاتر لە ٥٠-٥١٪ مەسیحین کە ئەوانیش لە نێوان چەندین تایەفەو ڕێگەی جیاوازدا دابەشبوون؛ لەوانەش ٢٥٪ مارۆنی، ١١٪ ڕۆمی ئەرتۆدۆکسی وە ٧٪ ڕۆمی کاتۆلۆک، پاشان پرۆتستانت و سریان و ئەرتۆدۆکس...وە لەلایەکی ترەوە ٤٩٪ دانیشتوانی لوبنان موسڵمانن کە بریتین لە ٢٥٪ موسڵمانی شیعە، ٢٠٪ سوننە وە ٧٪ دورز، جگە لە بوونی چەندین تایەفەو پێکهاتەی ئەتنی و نەتەوەیی وەکو ئەرمەن و کورد، بەوشێوەیە لوبنان بۆتە پانتایی پێکدادانی نێوان ئەم تایەفانە لە مێژوویەکی دوورەوە، تا لەساڵی ١٩٤٣دا واتە ساتی سەربەخۆیی بە مەبەستی ڕاگرتنی تەبایی و ئاشتی نێوان تایەفەکان پەیمانێکی نەنووسراو بڕیاردا کە بە [پەیمانی طائف] یان پەیمانی نیشتمانی دەناسرێ و تیایدا بڕیاردرا کە سەرۆکی دەوڵەت مەسیحی مارۆنی بێت، وە سەرۆک وەزیران موسڵمانی سوننە بێ،

وه سەرۆک پەرلەمان موسڵمانی شیعە بێت و فەرماندەی سوپاش مەسیحی مارۆنی بێت بەو شێوەیەش کورسیەکانی پەرلەمان لەسەر بنچینەی تایفەگەری دابەشکرا، واتە «٥٤» بۆ مەسیحیەکان و «٤٥» بۆ موسڵمانەکان(٢٠).

بەو شێوەیە پەیوەندی تایەفەگەری بەهەموو خەتایەکی کۆمەڵایەتی و ئیداری وسیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژی کۆمەڵی لە لوبناندا بڵاوبۆتەوەو شێوە سیستەمی سیاسی گۆڕیوە بۆ ناوچەی دەرەبەگایەتی تایەفە نەوەک دەوڵەت وە هەمیشە دەسەڵاتی تایەفە سەقامگیری دەوڵەت دیاردەکات. وە دابەشبوونی کارگێڕی لە تایەفە باڵاکانەوە بۆ خوارەوە دارشتووە بەشێوەیەک کە تایەفە گەورەکان لە ڕیزی فەرمانبەری یەکەم و دووەمدان، بەڵام تایەفە بچووکەکان لە فەرمانبەری چوارەم و پێنجەمدا دادەمەزرێن. پاشان خۆڕێکخستنی تایەفەکان لە ڕووکەش پێکهاتەی هاوچەرخی مەدەنییەوە وەکو حیزب و پێکهاتەی سیاسی دواتر ئاستی پێکدادانەکانی خستۆتە قۆناغێکی ترسناکەوە کە لەدوای سەربەخۆییەوە بۆتە ئەڵقەیەکی بەردەوامی شەڕی خوێناوی ناوخۆ بۆ دەسەڵات و مەرگی تراژیدیانەی دیموکراسیەت لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆرجار خۆی بەنەوەی شەرعی سیستمی ڕۆژئاوا دادەنا.

٣- دیموکراسیەتی ئولیگارشی ژێر ڕەحمەتی سوپا لە تورکیادا:

هەڵچنینی دیموکراسیەت لە تورکیادا کردەیەکی گواستنەوە و بەخشینێکی ڕۆژئاوایە کە لەپشتیەوە ستراتیژێکی ڕۆژئاوا هەبوو، بەهۆی نزیکی تورکیا لە یەکێتی سۆڤیەت و هەوڵی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا بۆ پەلکێشکردنی تورکیا بۆ ناو بازنەی خۆی. یەکێ لەو شێوازانەش داهێنانی ئەو دەستە ناوەندە نەتەوەییەی تورکیا بوو کە دوای دارمان و پارچە پارچەبوونی دەوڵەتی عوسمانی ئامادەبوون دابڕانی تەواو لەگەڵ کەلتوری ئیسلامیدا بکەن، بە شێوە سیستەمی دیموکراسی. ڕابەری کاریزمەیی کەمال ئاتاتورک لە ساڵی ١٩٢٣دا دەوڵەتی تورکیای نوێی لەسەر بنچینەیەکی لائیکی دامەزراند، وەکو مەرجێکی سەپێنراوی کۆنگرەی (لۆزان)، لەوکاتەوە خەونی تورکیا بوونە پارچەیەکە لە ئەوروپا و شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە پچڕاندنی ریشەی خۆی لەدنیا و کەلتوری ئیسلامی کە پێچەوانەی ئەو کۆمیدیایە لەوەدایە ئێستا کۆمەڵگای تورکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی خۆیی و سۆزی بەرەو ئیسلامیەت دەجوڵێتەوە، ئەمەش کاردانەوەی دیاری شکستی ئەو سیستەمە دیموکراسیەتە هێنراوو سەپێنراوەیە کە بەشێک بوو لە شەڕی ڕۆژئاوا دژی سیستەمی کۆمۆنستی سۆڤیەتی، بە تایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بۆ ڕێگەگرتن لە پەلکوتانی سۆڤیەتی و شێوازی ئایدۆلۆژیاو سیستەمە دەسەڵاتییەکەی لەو ناوچە گرنگەدا کە جێگەی دژایەتی ئەو دوو جەمسەرە بوو. بەو شێوەیە تورکیا بەداگیرسانی تیشکی سەوزی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٥وە کەوتە قۆناغی فرە حیزبیەوەو بەلێشاو حیزب و گروپی سیاسی سەریانهەڵدا، بەڵام ئەم حیزبانە لە بنەڕەتدا، چونکە بەو خێراییە لە دایکبوون و پێشینەی ئایدیۆلۆژیان نەبوو، بۆیە تەنها بوونە ڕێکخراوی ئۆلیگارشی و ناوچەیی ڕێکخەری پێکهاتەکان کە ئەمەش بەردەوام ناسەقامگیری سیاسی خولقاندووە و بێتوانایی ئەو لێشاوە حیزبانە لە وەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگدا دژایەتی بەردەوامی ناو پەرلەمان و قەیرانی وەزارەتەکانی خولقاندووە، بۆیە هەمیشە شێوەی حکومەتی لە تورکیا ئیئتلافییە نەوەک زۆرینەی حیزبێک، وە زۆرجار کێشەکان لە نێوان حیزبەکاندا چۆتە ئاستێکی توندوتیژییەوە کە هەڕەشەی لە تێکدانی سیستەمەکە کردووە، بۆیە ڕێگەی بۆ دەزگای سوپاو دەستەی سەربازی خۆشکردووە کە بەتوندوتیژی و کۆدێتای سەربازی کۆتایی بەو سیناریۆ خوازراوە بهێنن. سوپا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ وە بەتەیبەتی لە ساڵی ١٩٨٠دا کە دیارترین قۆناغی توندوتیژی نێوان حیزبەکان بووە چەندین کۆدێتای ڕاپەڕاندووە، کەواتە دیموکراسیەتی تورکیا سەرباری ئەوەی کە سیستەمێکی گوازراوەیەو دەقاودەق لەو واقیعەدا کاری پێناکرێ. وە هەمیشەش دەزگای سوپا ڕاستەوخۆ لە ئاراستەکردن و دەستێوەردان لە چارەنووسی سیاسیدا بەشدارە.

کوردستان دیاردەیەکی تایبەت لە گشتێکی شێواودا

پاش خوێندنەوەی دیاردە گشتییەکان لەو دەرەنجامەوە دێمەوە سەر خوێندنەوەی شەڕی ناوخۆی کوردستان. کە نائارامی و ناکاملییان ڕاستتر نەبوونی دەوڵەت و وەڵامی هەموو پەیوەندییە نائارامەکان و ئەو قەیرانە سەختانەیە کە لەڕۆژهەڵاتدا ڕووئەدات. بۆیە زیاتریش خۆمان لە هەندێ چەمکی وەکو دەوڵەت و دیموکراسیەت نزیک خستەوە، چونکە ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینی [١٩٩١]وە لە کوردستاندا ڕووئەدات تەقەللای ڕووکەشیانە یاخود ناکاملی ئەو شێوازە دەسەڵاتییەو پراکتیککردنی ئەو چەمکانەیە کە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ شکستی تەواویانی دەرخست لە واقیعێکی دواکەوتوودا، سەرباری ئەوەی وەکو بەشێک لە گشت نامۆیە بەو چەمکانەو شێوەی بەکاربردنیان و ئینتمای بۆ کەلتورێکی داپلۆسێنەر کە بەردەوام میکانیزمەکانی چەپاندنی فکری دیموکراسی و پلورالیەت لە خۆیدا بەرهەمدەهێنێتەوە، تایبەتێتی کورد بە درێژایی چەندی سەدە دابڕانێکی لە دەسەڵاتی سیاسی و (ئەگەر خۆمان بدەینە دەست ئەو گریمانە مێژوییەی کە لەقۆناغێکی زەمەنیدا بنەماڵەیەکی کوردی لە شوێنگەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووبێت، واتە حکومکردنی سیاسیانەی خودی خۆی بە دابەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر خۆیدا بۆ پەیوەندییەکی سیاسی ڕاستەوخۆ لە نێوان حوکمڕان و ڕەعیەتدا) پاشکۆبوونیەتی بە بەرامبەرەوە کە ئەمە وەکو چەسپاوێک لە هەموو قۆناغەکاندا مانایەکی سیاسی بەجوڵە گۆڕاوەکانی کورد بەخشیوە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو بزرە، واتە دەسەڵات و دەربازبوون لە بازنەی پەیوەندی پاشکۆیەتی بەرامبەرەوە ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی هەموو ئەو نەتەوانەی پێش کوردو یان ئێستای وەکو کوردن کە لە خیتابی گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا هاوبەشن. بەڵام دیاردەی هەرە تایبەت بە کوردەوە کە بەدرێژایی ئەو مێژووانە لەو بازنە چەسپاوەدا هێشتویەتیەوەو لە پشتی شکستی هەموو تەقەللاکانیەوە دەوەستێ، جوڵەی لێکجودایی کوردە بۆ دروستکردنی ئەو قەوارە دەسەڵاتە لە حاڵەتی بێکداپچڕانی نەتەوەیی کوشندەدا. بەڵام هەر بەتەنها لێکداپچڕان و پەرتبوونی نەتەوەیی بە هۆکاری لێکدابڕینی ناوچەیی لە کوردستاندا کە لە دەوڵەتی خۆی بێبەشکردووە لە هەموو قۆناغەکاندا تاکە هۆی کاریگەر نییە وەکو دووکەرتبوونی کوردستان لە نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا یان دابەشکردنی ڕەسمیانەو چوارپارچە کردنی بەسەر دەوڵەتانی بەزۆر دروستکراودا لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم و لە پاڵ بێدەنگی خنکێنەرانەی کوردا کە بێگومان مەبەست لەوە نییە کە ئەو بێدەنگیەش هۆیەکی کاریگەری خۆشکردنی ئەو دابەشبوونەبێت لە بەرامبەر هێزە گەورەکانی ئەوسای دنیاداو ئەو پەیوەندییە نائەخلاقیانەی لەسەر ئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا باڵادەستبووە، بەڵکو ئەو بێدەنگیەش دەرەنجامی ئەو لێکداپچڕانە ناو خۆییەی خودی کورد بووە کە لە حاڵەتی چەسپاودا (داگیرکراو) هێشتوێتیەوە، وە ئەو بێدەنگییە وەڵامی نائامادەیی خیتابێکی نەتەوەیی سەرتاسەری کوردو لێکداپچڕانی جەڵە سیاسیەکەیەتی کە ئەو کردەی دابەشکردنەوی کوردی ئاسانتر کرد، چونکە لە پەرتبوونێکی قوڵتری جەستەی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت لە یادوەری نەتەوەیی مێژووی کوردی لێکداپچڕاندووە تا ئاستی دابەشبوون و گەڕانەوەی بۆ چەند یادوەرییەکی مێژووی جیاواز کە لە هەموو قۆناغێکدا بەجودا لە یەکتر، قەوارەی بێدەنگی دەشکێنن و بەجیا توشی هەرەسدەبن و بەجیا دێنەوە قاوغی بێدەنگی و یان بەجیا بەردەوامی بەخۆ ئەدەنەوە. ئەم حاڵەتەش کوردستانی کردۆتە پانتایی جوڵەی چەند خێڵێکی ناوچەیی لە ڕووکەش و خیتابی سیاسی نەتەوەیدا کە لە بنەڕەتدا خیتابی خێڵی ناوچەیی بووەو هەڵگری فۆڕمێکی سیاسی نەبووە، بەقەد ئەوەندەی کە جوڵەی پەلهاوێژی خێڵێکی ناوچەیی بووە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی خۆی لەسەر ئەو پانتایی ناوچەیی و کۆمەڵایەتیەی بۆ خۆی دابچڕیوە لە چوارچێوەی خەونێکی نەتەوەیدا. لێرەوە هەریەکێک ئەو شێوە دەسەڵاتانەی دەرکەوتوون جێی هەڕەشە نەبوون بۆ بەرامبەر، چونکە هەڵگری خیتابێکی سیاسی ترسناک نەبوون، ئەگەر لە قۆناغێکیشدا هەڵگری ئەو خیتابە ترسناکە بووبێت تا ئاستی بانگەشەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی، ئەوا هێز هۆکارێکی سەرکەوتووی سەرکوتکردنی ئەو جوڵە تەنیاو لاوازە بووە کە لە پانتایی ناوچەیەکی تەسکدا تێپەڕ بووەو دوای خۆیشی پرۆژەیەکی سیاسی بۆ ئەوەیەک جێ نەهێشتووە جگە لە دووبارە کردنەوەی هەمان جووڵە نەبێت بۆ کۆکردنەوەی پانتاییە لێکداپچڕاوەکانی ناوچەو ئاوەدانکردنەوەی دیوەخانی وێران و ڕۆشنکردنەوەی وەجاخی کوژاوەی. کەواتە هەمیشە خێڵی ناوچەیی لە قەوارەیەکی تەسکی شێوە دەسەڵاتدا بۆ ڕێکخستنی ناوەوەی خۆی ماوەتەوە هیچ شێوە دەزگایەکی دەسەڵاتی بنیات نەناوە چ

وەکو ئاماژە بۆ شوێنگەی دەسەلات وە چ وەکو ئەو پەیوەستە شاراوەی دەسەلات کە تاکەکان لەو دەزگایانەدا دەجولێنێ، تەنانەت لە شێوە دەسەلاتە بالاو کەمێک فراوانەکانیشدا، واتا دەسەلاتی ئەمارەتە کوردییەکان کە جۆرە شوێنگەیەکی ڕەسمی هەبووە لە دابەشکردنی ئیداری ناوچەکانی دەسەلاتی ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی یان سەفەویدا، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم دەسەلاتانە تەنها ئیدارەکردنی کەمێک گەشە سەندووتری فیودالیکی فراوانتر بوون لە قەوارەی خێڵی ناوچەو نازناوی (میر) کە پلەیەکی سەروتری مانایی سایکۆلۆژی ئاغاو بەگ بووە. لێرەوە ئەم لێکپچڕانە نەتەوەیی دەسەلاتە لە قۆناغی هەرەگرنگ و مێژوویدا ئیفلیج بووە لە خستنە ڕووی خیتابێکی سیاسی کوردی کە دەکرا پرۆژەیەکی سیاسی گشتگیری تیا ئەنجامبدرێت، وەکو قۆناغی لاوازبوون و ئاژاوەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی کە چەندین قەوارەی ئیقلیمی لێکەوتەوە، یان لە سەختترین دابەشکردنی کوردستاندا کە پەرتبوونی کورد گەیشتە ئاستی ترسناکی لێسەندنەوەی شوناسی خۆیی و سەپاندنی شوناسی نەتەوەکانی تر بەسەریا.

دەکرێ هەوڵی خەون ئامێزی خێڵی ناوچە لە خۆ خستنەڕوو لە شێوە دەسەلاتی سیاسیدا لە هەردوو قەوارە داخراوەکەی مەملەکەتی شێخ مەحمود (سلێمانی) و دەوڵەتەکەی قازی محەمەد (کۆماری مهاباد) وەکو دوو نموونەی ئەو جووڵە سیاسیەی کورد لە لێکپچڕاندا بیر بخەینەوە کە لە ناو ئاستێکی گەشەسەندوی پەیوەندی نێودەوڵەتی و بلاوبوونەوەی خیتابی نەتەوەیی و پێشکەتنخوازی و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسدا دەرکەوت، بەڵام کۆڵەکردنی ئەم جووڵەیە لە ناوچەیەکی داخراوی خێڵێکدا تەقەلای توندی خێڵەکانی دەرەوەی ئەو قەوارەیە بۆ تێکدانی لە پێش هەڕەشەی دەرەوەو بوون بەقوربانی بەرژەوەندی و سازشکارییە نێودەوڵەتیەکاندا بوون، چونکە چ نەبێت خوێندنەوەی مێژووی کوردی بەو شێوە لێکجیاو گۆشەگیرییانە هێشتۆتەوە کە دواجار مێژووی هەرەسەکانی ببێتە خوێندنەوەی شکستی ڕابەرێک و ناوچەیەکی داخراو. بەڵام دەتوانین بڵێین کە شکستی ئێستای کورد لە ئەزموونی سێهەمیدا، واتا حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارە لێکپچڕانەکانی ناوخۆ پاڵنەری سەرەکی کۆتای پێهێنانێتی واتە ئەم جارە هۆکاری دەرەوە ڕاستەوخۆ نەهاتووە بەهێز کۆتایی و مەرگی پرۆژەیەک دیاریبکات، بەڵام لە دوورەوە تێبینی ڕووداوەکان دەکات کە چۆن جەستەی کوردی لە ناوەوەی خۆیدا لێکدادەپچڕێ و چۆن شۆڕشێک نەوەکانی خۆی دەخوات، لەم ئەزموونە سێیەمەدا کە لە سەر پانتاییەکی فراوانترو لە ژێر سایەی بارودۆخێکی نێودەوڵەتی شیاوتردا دروستبوو، کەواتە سیستەمی جیهانی نوێ کە دووبارە هەلی لەبەردەم گەلێ نەتەوەی دنیادا ڕەخساندەوە بۆ خستنەڕووی سەربەخۆییانەی خۆیان، لە کوردستاندا خێڵە ناوچەییەکان کە لە پێکهاتەی سیاسی وەکو حیزبدا خۆیان ڕێکخستبوو شکست و نوچدانی خۆیان بە توانەوەی خیتابەکانیاندا لە گشتداو سڕینەوەی سنوور و پانتایی و شێوە دەسەلاتیان لە قەوارەیەکی نەتەوەیدا لە ناوەوە ڕاگەیاندوو دووبارە وێنەی پەرتپەرتبوونی خۆیان نیشانی دەرەوەدا کە ئەمەش دووبارە ئەو دڵنیاییەی بەخشییەوە بەدەرەوە کە ئەم جووڵە نوێیەی کوردیش لە دوا قۆناغدا نابێتە هەڵگری هەڕەشەیەکی سیاسی بۆ بەرامبەر، چونکە ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوانەی بەسەر عێراقدا هاتوو لە ساتەوەختی دوای ڕاپەڕینەوە لە هەموو سەردەمێکی تر زیاتر یادەوەریی سیاسی مێژووی کوردی هەژاند بە ئاراستەی گەران بەدوای دەسەلاتی بزریدا لە ساتێک کە بۆشاییەک لە گێڕانەوەی وەهمیانەی ئەو یادەوەرییە لە ئارادابوو، کە ئەگەر لە ناوەندێکی بەربلاوی میللیدا ئەو وەهمە بە حەقیقەت قبوڵکرابێ، ئەوا لای گەمەزانە سیاسیەکان، ئەوانەی لە پشتی سیناریۆ دارێژراوەکانەوە [کەواتە حکومەتی هەرێم] دیمەنی نوچدانە کۆتاییەکە دەبینن، بە پراکتیککردنی ئەو وەهمە لە ڕاگرتنی قۆناغێک زیاتر و هێمنکردنەوەی هەڵچوونێکی ساتەوەختی بەولاوە هیچی تر نییە، لێرەوەیە کە بزربوونی دەسەلاتی کوردی هاندەری وازهێنانی خێڵی ناوچە نییە لە ستراتیژی دوور مەودای خۆی وە وەهمی دەسەلاتی سەرتاسەری کە شوناس و کەینونەی خۆی لێدەسەنێتەوە وە لە لایەکی تریشەوە پاکبوونەوەی خۆی لە گوناهی نوچدانی کۆتایی ئەزموونەکە ڕادەگەیەنێت.

بەڵام ڕاپەڕینی مارتی ١٩٩١ پانتایی جوڵەی خێڵە ناوچەییەکانی لە سەر ئاستی جوگرافیاو پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی تریش فراوانتر کرد، واتە تێکەلاوی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و ناوچەی دەرەوەی لە شوێنی چەسپاو و پێکهاتەی داخراوی خۆیانی کردن، کەواتە ڕاپەڕین خێڵە ناوچەییەکانی کە لە قەوارەیەکی سیاسی دیارو ئاساندا فۆرمەلە بووبوون، ئاوێتەی کۆمەڵگەی

شارو پێکهاتە ئاڵۆزەکانی کردن کە لێرەوە فۆڕمی حیزبی لە ئاسان و ڕێکخەری پەیوەندی نزیکایەتی دەستەتەجەمعیەکەوە گۆڕی بۆ ئاڵۆزو پەرشوبڵاو بەناو هەموو شانەکانی کۆمەڵدا کە هەندێکیان پەیوەندییەکی سادەی کۆمەڵگای مەدەنی بەریەککەوتنی پیشەیی و بەرژەوەندئامێز لە نێوانیاندا بوو، وە خێڵی ناوچە ستراتیژی خۆی بە ئاراستەی تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییانەو فراوانکردنی پانتایی خۆی لە سەر ئاستی نزیکی و پەلهاویشتن بەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ناوچە دیالێکتیکەکەی خۆیداو تواندنەوەی گروپە پیشەیی و فیکریەکانیش لەو قەوارەیەدا خستەوەکار، ئەم کردەیەش واتە فراوانکردنی خێڵی ناوچە بۆ پانتایی خۆیی و گەورە و ئاڵۆزکردنی ئۆرگانە سیاسیەکەی، واتە حیزب لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە و لە ڕزگارکردنی شارەکاندا یان «شوێن» وەکو ئاماژە بۆ قەڵەمڕەو پانتایی هێزی خێڵ ڕەنگیدایەوە کە دواتر بە ئاشکرا بەسەرکردەی دابەشکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتدا سەپێنرا. کەواتە پیادەکردنی دەسەڵات لە حاڵەتی لێکداپچڕاندا دیاریترین سیمای گێڕانەوەی جوڵەی پەلهاوێژی خێڵ بوو کە لە سەرەتادا بە ڕووکەشی خیتابی ناچاری گشت بەخود بەڕێوەبردن لە سیستمێکی دەسەڵاتی پێکەوەییدا لەو بۆشاییە سیاسیە ڕەخساوەدا داپۆشرابوو کە لە فۆڕمێکی تەبایی «بەرەی کوردستانیدا» بەرجەستە بووبوو کە ئەمەش خۆی لە ڕاستیدا فۆڕمێکی نەتەوەیی ناچاری بوو دوای هێرشەکانی ئەنفال ئەو خێڵە سیاسیانەی لە قەوارەیەکی ماناییدا کۆکردبۆوە و کە لە زەوی و شوێنی دەسەڵاتیان دابڕێنرابوون. ئەمەش خەسڵەتێکی جوڵە سیاسیەکانی کوردە کە هەمیشە لە مەنفادا کاتێک هێزو کارلێکەریان بەسەر شوێنی دەسەڵاتی خۆیانەوە نامێنێت هەڕەشەی دەرەوە لە ئاستی ستراتیژی لەناوبردنی گشتدا هێرش دێن ئەوسا بە گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکی سیاسی گشت و ئینتما بۆ یەکەیەکی فراوانتر واتە نەتەوە، کاردانەوەیەکی مانایی یەکەگیری بەرامبەر دەرەوە ڕادەگرن. بەڵام لە ساتەوەختی ڕاپەڕینەوە خێڵ پانتایی نومایشتکردنی جوڵەی پەلهاوێژی خۆی لە ئاستێکی فراوانتریشدا دەستکەوتووە لە کاتێکدا دەبوایە خیتابێکی ناچاری گشت و شێوە دەسەڵاتێکی پێکەوەیی لە بۆشای ئەو قۆناغەدا بخاتەڕوو کە خودی کورد تیایدا وەکو ترازیدیایەکی گشت، وەکو کێشەیەکی سیاسی کەوتە بەردەم دنیا، یاخود بەردەم وێنەکێشانی سیاسەتی دونیا. بەڵام خستنەڕووی ئەو فۆڕمە لە پراکتیکدا پێکدادانێکی سەختی بونیادییانەی لە واقیعی کوردستاندا نیشاندا کە هیچ میکانیزمەیەکی پیادەکردنی ئەو فۆڕمە دەسەڵاتە پێکەوەییە بوونی نەبوو واتە چ تاکەکەس «وەکو هەڵبژێرەر» وە چ کۆمەڵ «وەکو ڕای گشتی» وە چ پێکهاتە دەزگاییە سیاسیەکان «وەکو حیزب» پاریزانی ڕاستەقینەی گەمەیەک نەبوون کە بتوانن لە دەرەوەی پەیوەندی خێڵ و خزمایەتییەوە هوشیاریەکی خودیان هەبێت بەرامبەر پەیمانێکی سیاسی هاوبەش کە جوڵەیان لە قەوارەی کۆدا دیاریدەکات، کە ئەم تێڕوانینە ئەقڵانییە لە ڕۆژئاوادا ماناو چۆنایەتی چەمکەکان و بەردەوامی سیاسەت وەکو گەمە دیاردی دەکات، کە لە کوردستان وەک بەشێک لە خۆرهەڵات تەنها هێزو زۆرایەتیەکی جەماوەری کە بە زەرووڕەتی هوشیاری سیاسی نەکەوتبوونە یەکێک لە بەرەکانەوە تاکە میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی ئەو گەمەیە بوون، وە نامۆیی کورد بە ناسینەوەو خستنەکاری چەمکەکان زۆر سەختترە لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەری خۆی کە هیچ نەبێت پێش بوونیادنانی دەوڵەتی ناکاملی ڕۆژهەڵاتی، پشتیرێکی کەڵەکەبوویان لە ئاستی ناوەندی زۆرداری ڕۆژهەڵاتیانە هەیەو دواتریش ئەو دەستە شۆڕشگێڕەی کە بەڕۆشنبیری ناکامڵ ناومان بردن، توانای خوڵقاندنی فۆڕمێکی نوێی دەسەڵاتی تێکەڵیان هەبوو لە ڕۆژهەڵاتدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام کورد تەنها لە بەردەم دووبارەکردنەوەی فۆڕمی دەسەڵاتی ئەمارەتە کوردیەکاندا بوو کە مەحکوم بوون بە جوڵەو خیتابێکی بەرتەسکی ناوچەیی، لە لایەکی تریشەوە ئەو دەستە شۆڕشگێڕییەی هەڵگری خیتابی سیاسییە، ئەوا تا دوا قۆناغی جەنگی جیهانی دووهەمیش ڕاستەوخۆ لە ناوەندی کۆمەڵگەیەکی جوتیاری و جیهانبینیەکی دینییەوە وەکو ئاغاو بەگ و خان و سەرۆک خێڵ و شێخ و مەلاو مورشیدی تەریقەتی دینی، سەریان هەڵداوەو بەو سیفەتەش لە دەوروبەر جیادەکرێتەوە کە وەکو ئەوان تێکەڵاوییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کەلتوری فیکری ڕۆژئاوادا نەکردووە لە ڕێی خوێندن و فێربوونی زمان و ژیان لە ڕۆژئاوادا، یان کارکرن لە دەزگا کۆلۆنیالیەکاندا. بەڵکە ئەو توێژە شۆڕشگێڕییەی کە بەناو لە ناوەندێکی ڕۆشنبیرییەوە دواتر کردەی تازەگەری شێوەی خەبات و خیتابی سیاسیان پێدەکرد، دەتوانین بڵێین پلەیەکی تر لە خوار ڕۆشنبیری ناکاملی

ڕۆژهەڵاتیەوەن کە دەکرێت بە ڕۆشنبیری ڕوکەش یان دەستەی «ئەفەندییەکان» پێناسەیان بکەین کە تەنیا لە ڕێگەی کەلتورو فۆرمە ناکاملەکانی دووەمەوە چەمک و شێوە ڕۆژئاواییەکانیان بۆ ناو واقیعی کوردی گواستەوە، کە دابەشکردنی ڕەسمیانەی کوردستان ئەم کارلێکەریانەی لە قەوارەی داخراوتردا بەندکرد، کەواتە لە ساتێکدا کە کورد لەژێر کارلێکەری پێکەوەیی کەلتوری فیکری و زمانی تورکی، عەرەبی ،فارسی دابوو، ئەوا دابەشکردن بە کارلێکەری یەک شێوە کەلتورو زمان گەمارۆی دا، وابەستەنەبوونی ڕاستەوخۆی ڕۆشنبیری سیاسی کورد بە ڕۆژئاواوە تا ناوەڕاستی حەفتاکان و پەناهەندەییبوونی زۆربەی سیاسیەکانی کورد، سیفەتێکی چەسپاوە کە تەنانەت دوای ئەم بەریەککەوتنە ڕاستەوخۆیەش لە ئەورووپا هێشتا ئەو وتوێژە لە گۆشەگیری خۆیاندا ماونەتەوە و دیالۆگێکی دوولایەنە و کارلێکەری هاوبەشیان لەگەڵ کەلتوری ڕۆژئاوادا ئەنجام نەداوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی ترسناکی تر کە ڕۆشنبیری ڕووکەشی کورد لەو گواستنەوە و هێنانی چەمک و شێوە سیستەمە ڕۆژئاواییەکاندا تەنها بەشێکی زۆر کەم لە کەلتوری فیکری و سیاسی و توێژاڵێکی فۆرمەکانی ڕۆژئاوای پێگەیشتووە بەتایبەتیش لە فیکری سیاسی هاوچەرخەوە وەکو مارکسیزم و سۆسیالیزم و دیموکراسیەتی میللی و نیشتمانی و.. هتد کە ئەمەش بە تێکەڵبوون لەگەڵ کلتوری ناوخۆیی دووەمەوە وەرگرتەوە، دەنا ڕۆشنبیری ڕوکەشی کورد جگە لەو پەیوەندییە سیاسییە هیچ وابەستەیەکی بە ڕۆژئاواوە نەبووە لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەموو کایە ئەبستمۆلۆژییەکانی وەکو گشتێکی یەکگیر.

کەواتە ئەم ئەزمونی توێژی شۆڕشگێڕی کورد لە پاڵ ئاماژەی پرنسیپەکانی شێوە دەوڵەتی نوێ، ڕاگرتنی خیتابی ترس و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەرەوە هۆکاری تێکشکاندنی بنەما سیاسییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوون لە کوردستاندا کە لە سەرەتادا شێوەو دەسەڵاتێکی زۆرداری ڕەوای سەپاند بە پاڵپشتی ترسی هەڕەشەی دەرەوەو کەم ئەزموونی (حکومەتە ساواکە) باشترین وەڵامی ئەو حاڵەتەبوو کە لە سەرەتادا وابەستەیەکی ڕۆحی پیرۆزی لە نێوان یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکرد لە پانتایی زەوییە لێکجیاکانی خێڵ و تەنانەت دابەشبوونە دیمۆگرافیەکانی شاریش کە لەئاستێکی سادەی پەیوەندی پیشەیی و کارگێڕی و ئابووری بازاڕدا دابەشبووبوون، لە شێوەخێڵی هاوپەیمان و یەکترگیر لە خیتابێکی گشتدا بۆ دەرەوە ڕاگرتبوو، بەو شێوەیە شێوە دەسەڵاتی یەکەم لە دوای ڕاپەڕینەوە، دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری پەرشوبڵاو بوو بەناو هەموو کایەکانی کۆمەڵدا تا ڕادەی لێسەندنەوەی سیفەتی سروشتی لێیان «وەکو سیفەتی پیشەیی و ئابووری و ڕۆشنبیری» وە تواندنەوەی لە سیفەتێکی سیاسی گشتدا کە تواندنەوەبوو لە حکومەتی هەرێمدا؛ هەرچەندە ئەم دەسەڵاتە بە فرەحیزبی و شێوەحکومەتی ئیئتلافی ڕووکەشکرابوو، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی داپڵۆسینی ڕەوای بەسەر هەموو یەکەکانی خۆیدا سەپاند کە دەنگە ڕەخنەییەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی خۆشیدا پەراوێزکرد، تا ئاستی تاوانبارکردنی بە تێکدانی ئەزمونە ساواکەو کەوتنە بەرەی دوژمنەوە. واتە لێرەوە دەسەڵات هەموو یەکەکانی لەسەر پیرۆزکردن و پەرستنی خودی خۆی ڕادەهێنا کە لە سەرەتادا توانیبووی خیتابە پەرشوبڵاوەکان لە فۆرمێکی نوێدا [وەهمی دەوڵەت] ڕێکخات. وەک قەوارەیەکی تەبایی و هۆکارێکی پێکەوەژیانی خێڵە هاوپەیمانەکان کە لە ئاستێکی فراوانتردا هەموو شێوە پەیوەندییە تەقلیدی و سروشتییەکانی خۆیان لە جوڵەیەکی سیاسی گشتدا تواندەوە بە گۆڕینی سەرجەم کۆمەڵ لەسەرەتادا بۆ کۆمەڵگایەک یان خێڵێکی جەنگاوەری هاوپەیمان، واتە فۆرمی یەکەمی دەوڵەت لە جیاتی بوونی دەستگای ڕێکخستنی دژایەتی و ناکۆکییەکانی پێکهاتەکانی ناوەوەی خۆی لەگەڵ پاراستنی ئازادییاندا بووە هەڵگری میکانیزمەی چەپاندنی هەموو ئەو توخمانەو بەربەست لەبەردەم گەشەسەندنیاندا، چونکە ئەو پێکهاتە جەمعیانەی کوردستان کە پیادەی سیاسەتیان دەکرد ناکارو شێوازی ڕێکخستنی خۆیان لەناو کۆمەڵدا پێچەوانەکردوەو فۆرمی دەوڵەتیان لە شێوەی دژە پێکهاتەی خۆیدا هەڵچنی، بەتایبەتی ئەو پێکهاتانە پێشتر هەڵگری ئاکاری شەڕبوون و دژی ستراتیژی (بەرامبەر) کە هەڕەشەی ئەمانی لێدەکردن، کە ئەمانیش هەمیشە تاکەکەسی جەنگاوەرو ئاکاری دەستەجەمعی شەڕیان ڕێکدەخست وەکو کاردانەوەی ئەو ستراتیژە، کە لەوێوە پێکهاتەی خێڵ لە شێوەی حیزبی سیاسی جەنگاوەرو پاشان لەو قەوارە تەباییەدا لە کۆمەڵگەیەکی سەرجەم جەنگاوەریدا بەرجەستە بوو. واتە حیزب وەکو ئۆرگانێکی هاوپەیمانێتی کۆمەڵ لە لێسەندنەوەی شوێن و جوڵەی سروشتی تاکەکەس لە کۆمەڵداو گۆڕینی بۆ

بوونەوەرێکی دەستەجەمعی، کارلێککەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە تەعبیرکردنی خودی تاکەکەس لە خۆی وەکو دەستەجەمع. ئەمەش پێچەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە شێوەی پەیوەندییەکان لە ناوەوەیدا بە حەتمی لەسەر ئاستی پێکهاتەی جیاوازی دەستەجەمعیدا نییە، بەڵکو پەیوەندییە لە نێوان کەسانی ئازاددا کە هەر ئەوان زیاتر لە خواستێکی خودییەوە دەشێت پەیوەندییەکانیان لە گرووپی دەستەجەمعیدا فۆرمەلەبکەن. لێرەوەیە کە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا پێکهاتە سیاسییەکانی وەکو حکومەت و حیزب، بەدوای تاکەکەس و بەدەستهێنانی دەنگی ئەودا دەگەڕێن بۆ سازدانی بڕیاری سیاسی، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی فرەخێڵ و دەستەو تاقمی وەکو کوردستاندا کە تاکەکەس وابەستەی پەیوەندییەکی پاشکۆییەوە کارلێکەری خۆی لە ڕێگەی ئەو پێکهاتانەوە وەکو کۆدەبینێ، وە دواتر دەرکەوتنی پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان وەکو گروپ و هێزی دەستەجەمعی یەکدگیر تەواو شوێنی سروشتی تاکەکەسیان لە کۆمەڵدا لەقکرد بەشێوەیەک کە ناچاربێت بۆ ئەو گرویە دەستەجەمعیانەی بگەڕێت کە ئەمیش تیایاندا وەکو هێزێکی کۆمەڵ خۆی دەربخات، لێرەوەیە کە کردەی هەڵبژاردنی دەسەڵات لە کوردستاندا، کردەیەک نەبوو کە تاکەکەسی (هەڵبژێر) کورد پیادەی جوڵەیەکی ئازادانەی خۆیبکات، بەقەدەر ئەوەندەی ئەرکێکی پیرۆزی لە قەوارەی دەستەجەمعدا ڕادەپەڕاند کە لە سەرەتاوە بەئاکارێکی هیسترایانە دیمەنە سەرەتاییەکانی شەڕی ناوخۆیان نیشاندا، بەڵام ئەو کاتە خیتابی تەبایی و هاوپەیمانێتی کۆنترۆڵی هێزە دەستەجەمییەکانی کرد بە خۆڕێکخستن لە دەسگایەکی جەنگاوەری هاوپەیماندا، ئەگینا لە بنەڕەتدا تاکەکەسی کوردی لەناو پێکهاتە تەقلیدیەکاندا بزربوو وە لەو کردە بەناو تازەگەرییەی خوڵقاندنی دەسەڵاتی هاوچەرخانەی پەرلەمان و حکومەتدا هیچ کاریگەری نەبوو، چونکە ئەم دەسگایانە خۆیان لە ناو واقیعێکی قەیراناوی و دژایەتی نێوان هێزە دەستەجەمعییەکاندا بنیاتنران کە تاکەکەس بووە هەڵگری جوڵەو ئاکارو تێڕوانینی یەکێ لەو لایەنانەی کە هەمیشە لە فۆڕمی هێزدا خۆی بەرجەستەدەکرد، واتە لە کوردستاندا زیاتر لە تێڕوانینێک بۆ ناوەندی دەسەڵات و ئەو قەوارەیەی گشت ڕێکدەخات هەبوو کە تیایدا دەسەڵات وەکو ئاماژە بۆ ڕەمزێکی نادیاری دەسەڵاتی دەوڵەت لێکداپچڕاو پەیوەندی تاکەکەسیش وەک بەشێک لەو نادیارە لە شێوەی {هاونیشتمانی}دا تێکشکا. چونکە ئەگەر پێشتر بەزۆر شوناسێکی هاونیشتمانی ناچاری دەوڵەتێکی بەسەرا سەپێنرابێت لە ڕێگەی زۆرداری و کۆکردنەوەی پەیوەندی پەرشوبڵاوی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە قەوارەی دەسەڵاتێکدا، ئەوا ئەزموونی حکومەتی هەرێم توانای خوڵقاندنی ئەو شوناسە هاونیشتمانێتییە ناچارییەی نەبوو، تەنها لە ڕێگەی هاوپەیمانێتییەوە نەبێت. کە ئەمەش دواتر سیفەتی هاونیشتمانێتی ناوچەیی بەسەر تاکەکەسدا سەپاند لە ڕێگەی گێڕاندنەوەی پەیوەندی و وابەستەیی تاکەکەس بۆ خێڵ و پێکهاتەکانی ترو کارکردنەوەی ستراتیژی خێڵ بە تێڕوانینی بۆ ناوچەو پانتایی دەسەڵاتی خۆیی و پیرۆزکردنی ئەو قەوارەی سالارییە «سیادە»، لە ساتی نائامادەیی سالاری گشتدا، وەکو دەوڵەت، کە ئەم سالارییە لە شێوەی دەسگاکانی سیاسی، یاسایی، کارگێڕیدا بەرجەستە نەبن و تاکەکەسان دەتوانن کارلێکەری و جوڵەی خۆیانی تیادا دیاریبکەن. بەڵام بەخشینی سیستمی دەسەڵاتی خێڵ و پەیوەندییە پاشکۆییەکانی بەو دەسگایانەو بڵاوبوونەوەی بەناو هەموو شانەو گرووپە کارکەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا، خەسڵەتی ئەو وابەستە پیشەیی و بەرژەوەندی و ڕۆشنبیرییەی لە شێوەی پەیوەندییەکانی تاکەکەس لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵگادا سەندەوە؛ بەتایبەتی پاش گواستنەوەیان بۆ ناو شانە ئاڵۆزەکانی شارو گۆڕینیان بۆ بەشێک لەو سالارییە کە تاکەکەس وەکو کۆو دوور لە پەیوەندییە پیشەیی و مەدەنییەکانی، وەکو بەریەککەوتنێکی سیاسیانەی دژبەیەک بەیەکدانەدا، واتە تەواو تێڕوانین و ئاکاری سیاسی بەناو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا بڵاوبۆوە کە تەنانەت ڕێکخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیری و یەکەی خێزانیش لەو دابەشکردنە قوتارنەبوو کە تاکەکەس هوشیاری و جوڵەی خۆی لە قەوارەی خێڵێکی سیاسیدا ڕکێفکردو لەو ئاستەوە پەیوەندی سیاسی خۆی بەرامبەر تاکە کەسێکی تر دیاریدەکرد، لێروە دەبینین کە پەیوەندی ناو دەسگا کارگێڕییەکان بووە بەریەککەوتنی هێزی خێڵی جیاواز، کارمەندێک لە ئاستی پلەپلەیی پیشەییەوە، شوێنی خۆی لە دەسگایەکدا بەرامبەر لێپرسراو و کارمەندانی ترەوە نابینێ بەقەد ئەمەندەی کە شوێنی خۆی لەو پانتاییەدا بەوابەستەیی بە خێڵێکی سیاسی و هێزی ئەوەوە دەبینێ. واتە لێرەوە پەیوەندی کارمەندێک لەگەڵ ئەویتردا لە دەستگایەکدا بەریەککەوتنێکی سیاسییە نەک پیشەی کە ئەمەش لە کوردستاندا

هوشیارییەکی ترسناکی شەڕانگێزی خستە شوێنی هوشیاری ڕووتی پیشەیی، کە دەشێت بە تەشەنەسەندی و بڵاوبوونەوەی هەستی شەڕانگێزی خێڵی ناوبنێین بەناو هەموو شانەکانی کۆمەڵدا کە تاکەکەسی کردە ئامێرێکی شەڕانگێز کە بەردەوام ڕۆژانە واهەست بکات لە مەیدانی جەنگێکدا دەجوڵێتەوە(٢١).

## گەڕانەوە بۆ ناو قەوارەی خێڵ و تێکشکانی کۆمەڵگای مەدەنی

دیاردەیەکی تایبەتی کورد سەرباری لێکپچڕانی نەتەوەیی. بوونی پێکهاتەی فرە خێڵی پەرش و بڵاوە لەو قەوارە لێکپڕاوەدا کە هەریەکەیان لە سیستمێکی دەسەڵاتیی داخراو بەسەر خۆیدا بەرجەستەبووە نەک تەنها لە چوارچێوەی زەوییەکدا وەکو پانتایی بژێوی خێڵ و سەرچاوەی ئابووری، بەڵکو دەلالەتێکی ناسینی خێڵ و جیابوونەوەی لەوانی تر، وەکو چەسپاوێکی سیاسی کە ئەگەر لە قۆناغە مێژووییەکانیشدا جوڵەیەکی سیاسی هەبووبێت ئەوا بەم لێکداپچڕانەوە خۆی لە بەرامبەر دەرەوەدا ڕاگرتووە. لێرەوە ئەگەر کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان توانیبێتیان پێکهاتەکانی خێڵ لە ڕێگەی پەیمانێکی تەبایی یان سازشکاری یان توندوتیژییەوە لەناو دەسەڵاتێکی ناوەندا، ئەگەر ناسەقامگیریش بێت، کۆبکەنەوە، ئەوا دیاردەیەکی جیاکەرەوەیی کورد لە مێژوودا دووبارەبوونەوەی دیمەنە لێکچووەکانە لە دەرکەوتنی خێڵی کورد وەکو قەوارەیەکی سیاسی ناوچەیی بۆ دەرەوە کە بۆتە کێشەی هێزە باڵادەستەکان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و ڕێکخستنی ئەم پێکهاتە یەککگیرانە، وە چ بۆ ناوەوە کە ستراتیژێکی شەڕانگێزی پەلهاوێژ پەیوەندی بە خێڵەکانی ترەوە دیاریکردووەو لێرەوە ستراتیژی دەرەوە لە هێشتنەوەی ئەم حاڵەتە لێکداپچڕاویەدا تا ئەم ساتەوەختە سەرکەوتنی هێناوە، بە تایبەتی لە ساتەوەختی ڕێکیفکردنی خێڵی کوردو ڕێکخستنی لە قەوارەی ئەمارەتەکاندا کە ناسکترین و دیارترین قۆناغی لێکداپچڕانی کوردە لەو بۆشاییە سیاسییەدا کە چەندین قەوارەی ئیقلیمی و دەرهاویشت بەڵام تائێستا مێژووی کوردی کردۆتە پێکدادانێکی بەردەوامی پێکهاتەکانی ناوخۆی، لەگەڵ هەندێ تەقەللای ناوچەیی خێڵی ناوچە دژ بەدەرەوە.

خێڵی ناوچە سیستمێکی موڵکداری تەسکە کە لەسەر دوو توخمی پیرۆزیی زەوی، دەسەڵات بەندە. کە دەسەڵات لە شێوەی موڵکدارێتی بەسەر زەوی و کەساندا لە ئاستی موڵکدارو پاشکۆدایەو چەسپاوێکی پیرۆزو دەستلێنەدراوە کە ئەگەر لە ڕووی مەرجەعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوری و شوێنەوە سەیری بکەین، مافێکی میراتگریی و مێژوویی لە خۆدەگرێت. لێرەوە خێڵی ناوچە لە ناو پانتایی دەسەڵات و دەرەوەی خۆیدا قەوارەی دەسەڵاتێکی تر نابینێ و هەمیشە بە وابەستەیی ئەو سیستمە داخراوە پیرۆزەی خۆی دەمێنێتەوەو توانای گۆڕینی ئەو پیرۆزەی بە پەیوەندییەکی سروشتی و تەبایی نییە لەگەڵ یەکەکانی تردا کە ئەوانیش بە هەمان شێوە لە جوڵەی بەردەوامی سەپاندنی قەوارەی دەسەڵاتی پیرۆزی خۆیاندان بەسەر ناوچەکانی تردا، بۆیە لێرەوە هیچ کاتێ خێڵی ناوچە خیتابێکی نەتەوەیی بەرهەمنەهێناوە ئەگەر «جیۆپۆلیتیکی پەلهاوێژی خێڵ» کە لە ووتارێکی تردا باسم کردووە پاڵنەری نەبووبێت، واتە خۆبەستنەوەی خێڵ بە پانتایی دەسەڵاتی خۆیی و دەستلێهەڵنەگرتنی و فڕێدانە دەرەوەی تێڕوانین و ئاکارێکی پەلهاوێژییانە بۆ پانتاییەکانی تر.

ئەم خەسڵەتە تایبەتە پەیوەندی ناوخۆیی کوردی - کوردی لە بەریەککەوتنێکی هەمیشە دوژمنکارانەدا خستۆتەڕوو کە دیارترین نموونە تراژیدیاکانی دەسەڵاتی ئەمارەتەکانە. کە لەم ساتەوەختە مێژووییەدا بەشێوەیەکی ترسناک لە خوارووی کوردستاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بە تایبەتی لە ساتی پێکدادانی هێزەکان لە ناوەندی دەسەڵاتدا وەکو قەوارەیەک بۆ گشت کە لە دوای ڕاپەڕینەوە حاڵەتێکی تەبایی ناچاری سەپاند، بەڵام ئەو هێزانە هەر لەناو هەڵچنینی بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە گشتییەدا گەڕانەوە بۆ ئەزموونی خەباتی چەکداری لێکجیاوازی شاخیان کە ئەوکاتە گەیشتبووە ئاستی جیاکردنەوەو حەرامکردنی ناوچەی قەڵەمڕەو لە یەکتر، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە پاش گۆڕینی پانتایی شارەکان بۆ ناوچەی هێزو جیاکردنەوەیەکی سازشکارانەی دەسەڵاتەکان لە سەر بنچینەی جوگرافیای خێڵ و ناوچەی دەسەڵاتەکەی سەرەتای دیاریکردنی قەوارەی پیرۆزی خۆیی و بەحەرامکردنی بوو لە جوڵەی هێزەکانی تر، کە دواتر شەڕی ناوخۆ ئەو لێکداپچڕانە

ترسناکەی گەیاندە ئاستی جیاکردنەوەی دوو جیۆپۆلیتیکاو شێوە کەلتوری جیاوازیش لە شێوە گەلە کۆمەکیی خێڵە ناوشەیی بچوکەکانی ئیقلیمێکی فراوان دژی ئیقلیمێکی تر کە جێی داخە بڵێین دوو ناوچە هێزی (سۆران - بادینان) دەلالەتێکی کوشندەی بەردووامیدانە بە ناکۆکییەک کە ستراتیژی دەرەوە بە درێژایی مێژوو بەو ئاراستەیەدا ئیشیکردووە کە ناکۆکی و پێکدادانی سەرەکی بخاتە ناو جەستەی کوردی خۆیەوە. پارچە پارچەبوونی ناوچە دەسەلاتییەکانی خێڵی کوردی لە دوای شەڕی چالدێران (١٥١٤ز) لە شێوەی مینشینایەتی ڕێگە پێدراودا لە نێوان دوو قەڵەمڕەوی عوسمانی و سەفەویدا نموونەی دیاری ئەو ستراتیژەو لێکداپچڕانی نەتەوەیی کورد بوو کە لە ساتێکدا خێڵە ناوچەییەکان لە ناوەوە جەستەی یەکدیان لەتوپەت دەکردو قەلاکانی یەکدیان دەڕوخاندو سنوورەکانی دەسەلاتی یەکدیان دەسڕیەوە، لەولاوە ئەو دوو هێزە پیلانی سازشکاری و سڕینەوەی سنووری فراوانتری نەتەوەیی کوردستانیان سازئەدا. وە ئێستاش هەمان سیناریۆی لێکداپچڕانی جەستەی کوردی گەمارۆدراو بە هەمان پیلانی دەرەوە دووبارە دەبێتەوەکە لە کاتێکدا دوو دژە خێڵی ناوچە لە ڕێکەوتن و جۆرەها پیلانی دەرەوەی ترسناکدا تێوە ئەگلێن، خۆیان وێنەی دوا دیمەنی تێکشکانی ئەزموونەکە لە ناوەوەی خۆیدا دەکێشن و قەبارەی ئەم جوڵە سیاسییەی ئێستای کورد وەکو هەڕەشەیەکی سیاسی نەتەوەیی دەسڕنەوە(٢٢).

کەواتە دیسپلینکردنی خێڵی کوردو هێشتنەوەی جوڵەی پەلهاوێژی تەنها لە ناوەوەی خۆیدا ستراتیژێکی مێژوویی دەرەوەیە کە شێوازی جیاوازی گرتۆتەخۆ، لەو حاڵەوەی کە خاڵێکی کورد تاکە ناوەندی کۆبوونەوەی دەستەجەمعیانەی کوردو سەرچاوەی جوڵەو بەگژاچوونەوەی هەڕەشەی دەرەوەبوو، ستراتیژی دەرەوە تێکشکاندنی ئەم پێکهاتەیەیە وەکو تاکە ئەلقەی یەکگیرو شێوە سیستەمی دەسەلاتی ناوخۆیی، کە لە گەڵ ئاستی قەوارەی هەڕەشەی خێڵدا شێوازی جیای پیادەکردووە وەکو لێکدان و لاوازکردنی، سەرکوتکردنی جوڵەی سیاسی، کوشتنی ڕابەری ڕۆحی خێڵ، نەفیکردن و ڕاگواستنی و داپچڕانی خێڵ لە پانتایی جوگرافی و کەلتوری خۆیەوە، یاخود گۆڕینی ملکەچی تاکەکەسی خێڵ بۆ دەسەلاتێکی ناوەندی فراوان لە ڕێگەی ڕامکردنی خێڵ و ڕێکخستنی لە یەکەی جەنگاوەری پاشکۆو ملکەچ بە دەسەلاتەوە کە بەم شێوەیە لە قۆناغێکدا جوڵەی «دژ»ی خێڵ لە ئاستێکدا ڕاگرتووە کە هەڕەشەیەکی سیاسی ترسناک نەخولقێنێ، نموونەی ئەمەش پاش تێکدانی دەسەلاتی ئەمارەتەکان سوارەی حەمیدییەی عوسمانی سەرەتای ستراتیژی دیسپلینکردنی خێڵی کوردە وەکو یەکەی ملکەچ بۆ ناوەندی دەسەلات کە تائەم ساتە بەردەوامی بەخۆیداوە.

لە خوارووی کوردستاندا هەنگاوە ترسناکەکانی ئەو ستراتیژە لە هەوڵی لێهەڵوەشاندنەوەی خێڵی کورد وەکو تاکەکەس لێک جیا لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە لە سیاسەتی قەرەبوکردنی (تعویض)دا دەستی پێکرد، واتە دابڕینی ئەندامانی خێڵ لە یەکدی و لەناوچەی پژێوی و گوندەکانیان لە بەرامبەر پارەداو ڕاگواستنی و نیشتەجێکردنی لە ئۆردووگای زۆرە ملێدا، ئەمەش مانای لێسەندنەوەی خەسڵەتی پیشەیی و ناوچەیی و سڕینەوەی پەیوەندی نزیکایەتی تاکەکەس بە خێڵەوە دەگەیەنێ. بەلام بەردەوامبوونی ئەم ستراتیژە بەهۆی حاڵەتێکی ناکاوەوە، کە قۆناغی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق - ئێران لەلایەک و دەرکەوتنەوەی جوڵەی سیاسی لە کوردستاندا لەلایەکی ترەوە تووشی نوچدان و وەستان بوو، کە ناچار گەڕایەوە دیسپلینکردنی خێڵ وەکو یەکەی جەنگاوەری پاڵپشت بۆ دەسەلات، ئەم شێوازەش لە (أفواج خفیفە)وە دواتر گۆڕینی ناوەکەی بۆ (إفواج الدفاع الوطنی) دەرکەوت کە ناوەکان ئاستی ڕامکردنی سایکۆلۆژیانەی خێڵ دەرئەخەن لەلایەن دەسەلاتەوە کە لەسەرەتادا شێوە پێکهاتەیەکی نیمچە سەربەخۆبوون تیایدا سەرۆک خێڵ ئەلقەی وابەستەیی نێوان ئەندامانی و دەوڵەت بوو، بەلام دواتر بە سەپاندنی فەرماندەیەکی سەربازی و گروپێکی کارگێڕی سەربازی لەو فەوجانەدا کە نوێنەرایەتی هەیبەت و دەسەلاتی دەوڵەتیان دەکرد زیاتر سیفەتێکی یەکەیەکی جەنگاوەری دیسپلینکراوی یاسایی سەربازییان بەسەر خێڵدا سەپاند، وە لەلایەکی ترەوە تەواو زۆری و پەرشوبڵاوی ئەم فەوجانە کە هەموویان یەکراست دەنگدانەوەی کۆبوونەوەیەکی دەستەجەمعی خێڵ نەبوون جۆرێک لە ملکەچبوون و پاڵپشتی تاکەکەسیان بۆ دەوڵەت ڕادەکێشا، هەرچەندە ئەوساکە لەلایەکەوە دەسەلات لەڕێی دووبارەکردنەوەی خێڵەوەو کۆنترۆلکردنی لەقەبارەی جوڵەی هەڕەشەیی کەم دەکردەوە، لە هەمان کاتیشدا خێڵ وەکو کۆ تاکەکەس بەو پێکهاتانە مانەوەو بەردەوامی خۆی

پاراست، بەڵام دوا گورزی کوشندە بۆ فەناکردنی خێڵ لە زنجیرە هێرشەکانی ئەنفالەوە دەستپێکردو لە شێوەی سڕینەوەو وێرانکردنی ناوچەی بژێوی خێڵ وەکو گوندو شارۆچکەکان، وە جینۆسایدکردنی زۆربەی زۆری کەسانی و یان شوێنبزرکردنی و پاشان دوورخستنەوەی ئەوانی دییان و ئەنفیکردنیان بۆ هەندێ ناوچەی سەپێنراو وە یاخود بەرەڵاکردنی ئەندامانی خێڵ وەکو تاکەکەس لاوازو پەرش وبڵاو لەناو کۆمەڵگە شارنشینەکاندا کە ئەمە لە وابەستەیی نزیکایەتی ناوخێڵ دابڕاندن بەتایبەتی پاش تێکشکاندنی پێکهاتە دەستەجەمعیە جەنگاوەریەکانی خێڵ. واتە هەڵوەشاندنەوەی ناوچەکان و تەنها هێشتنەوەی گرووپی بچکۆلەی کرێگرتەیی وەکو مەفرەزەی تایبەت، وە ناچارکردنی تاکەکەس بۆ ملکەچبوون و گەڕانەوە بۆ ناو دەزگا سوپاییەکەی دەسەڵاتدا(٢٣).

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە دووبارە خێڵ وەکو کۆو تاکەکەس یەکگیری و زیندووبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، چونکە هەمان ئەو پەیوەندییەی نزیکایەتییە ئاسانترین هۆکاری کۆکردنەوەی هێزو خیتابی گشت بوو لە هەمان کردەی سازشکاریدا واتە ئەگەر تاکەکەس پێشتر بە پاشکۆبوونی بەسەرۆک خێڵەوە لە لایەکەوە هەڕەشەی دەوڵەتی لە خۆی دووردەخستەوەو لە لایەکی تریشەوە ناڕاستەوخۆ دەبووە ئامێرێکی جەنگی دیسپلینکراوی دەوڵەت، ئەوا بەهەمان شێوە لە سات و دوای ڕاپەڕیندا خۆی لە تۆڵەی شۆڕش دەپاراست و لە پشتی سەرۆک خێڵەوە بووە ئامێرێکی شۆڕشگێری جەماوەری، واتە دووبارە خێڵ لەو سازشکارییە سیاسیەدا ژیاندنەوەو کۆکردنەوەی خۆی پاراست؛ لێرەوە سەرۆک خێڵ بووە ئەڵقەی ڕاستەوخۆی ڕێکخستنی تاکەکەسان و وابەستەبوونیان بە حیزبەوە کە تاکە پێکهاتەیەکی ڕێکخراویی جەماوەریبوو کە دواتر لەو کردەیەدا خەسڵەت و چەمکی ئایدۆلۆژی خۆی لەدەستداو حیزب بووە بە بەشێک لە خێڵ. یان بووە ناوەندی کۆبوونەوەو ڕێکخستنی خێڵ ئیتر لێرەوەیە کە ناچارین خەسڵەتی حیزب بەرەهەندە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانییەوە لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بکەینەوەو شوناسی خێڵ سیاسیان بدەینێ. چونکە ئەو هێزە مرۆییانە بوونە دیاریکەری شێوەو ئاڕاستەی جوڵەی سیاسی حیزبەکان کە لەجیاتی ئامێری ڕێکخستنی ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵ لەسەر بنچینەی هۆشیاری سیاسی جوداو ڕاگرتنی هاوتایی نێوان چین و توێژە بەرژەوەند جیاوازەکانەوە، بوونە ئامێری ڕێکخستنی خێڵە ناوچەییە پەرشوبڵاوەکان. واتە شوناسی سیاسیان بە ناوچەی ئەقطاعی خێڵەکان بەخشی لە ڕێگەی دووبارە کۆکردنەوەی فەوجەکاندا وەکو هێزی پێشمەرگایەتی ئاماژە بۆ ناوچەی خێڵێک، لێرەوە لکانی ناوچەی شوێن بەهێزەکانەوەو بوونی سەرۆک خێڵ بەفەرماندەی ئەو هێزانە دەیان ناوچەی پەرشوبڵاوی خاوەن هەیبەت و پیرۆزی تایبەتی جیاکەرەوە کە بوونە جێی دژایەتی سەرەکی حیزبەکان بە تایبەتی لە نێوان دوو هێزی سەرەکیدا کە تەواو هەموو پێکهاتەی خۆیان لەو شێوانەدا تواندەوە تا گەیشتنە ئاستی جیاکردنەوەی دوو خێڵی سیاسی و دوو ناوچەی دەسەڵات لە یەکتر، هەر لە کۆبوونەوەیانەوە لە چوامچێوەی دەسەڵاتێکی هاوبەشدا کە لەکردەی دابەشکردنی دا کە قەڵەمڕەوی ئەو دەسەڵاتەی لایەکیان لە ناوچەی هێزی ئەوی تریاندا بزردەبوو، تا دەگاتە بزربوونی دەسەڵات وەکو هێزی گشت، واتە پارچە پارچەبوونی حیزب بەسەر پێکهاتەی ناوچەیی جیاوازداو وابەستەی خێڵ بەو شێوە دەسەڵاتە سیاسیەی کوردستان [حکومەتی هەرێم] تەنها لە ڕێگەی حیزبەوە دەردەخست کە تەنها دەسگای ڕێکخەری ناوچەیەک بوو، لێرەوە ئەو دەسەڵاتە نەیتوانی وەکو دەوڵەت پێکهاتەکان کۆنترۆڵ بکات، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا چەندین دەوڵەتۆکەی بچوک بڵاوبووەو چەندین ناوەندی بڕیارو سالاری جیاواز لە پشت حکومەتەوە شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆیان بەرهەمدەهێنا . وە نەک تەنها دوو حیزب، بەڵکە حیزبەکانی ترو تەنانەت پێکهاتەی خێڵەکی زۆر بچوکیش بوونە جێگرەوەی دەوڵەت لە پیادەکردنی مافی توندوتیژی ڕەوادا، واتە سازدانی بڕیارو خیتابی سیاسی، لێرەوە چەندین ناوەندی بڕیارو خیتابی سیاسی جوداو سوپای تایبەت و تەنانەت دەسگای دادوەری و ئاسایش و بەندیخانەی تایبەتیش لەو ئاژاوەی دەسەڵاتدا بڵاوبووە کە هەریەکە لەو پێکهاتانە لە ڕێگەی پیادەکردنی ئازادانەی سەرجەم دەسەڵاتی خۆیانەوە دەیانویست نموونەیەکی هاوچەرخانەی پلورالیەتی خۆیان نیشانبدەن لە کۆمەڵگەیەکی پێکهاتە پەرشوبڵاودا کە توانای پارچەکردنی خۆی بەسەر پانتایی ڕای فیکری جیاوازدا لەپاڵ مانەوەی خیتابێکی گشتدانییە، بەڵکو هەڵگری سیماکانی لێکداپچڕانی کۆمەڵە وەکو پانتایی دەسەڵاتی موتڵەقی

جیاواز کە توانای داخرانی بەسەرخۆیداو جوڵەی پەیهاوێژی مانەوەی وەکو یەکەیەکی ئازاد یاخود پاشکۆبوونی بە یەکەیەکی بەهێزترەوە دیاریدەکات. ئەم جۆرە لە کاتێکدا ئەزموونی شاخ، لە بزربوونی هێزێکی گشتدا گۆشەگیرییەکی ناوچەیی بۆ پێکهاتە بچووکەکان دابینکردبوو، وەکو یەکەیەکی دەسەڵاتی داخراو بەسەر خۆیاندا، بەڵام دوای ڕاپەڕین جگە لە کۆمەڵگەی شار ئەو فرە هێزە خێڵانەش کە وەکو قەوارەیەکی سیاسی خۆیان خستەڕوو وە جەستەی حیزبەکانیان بەو لێشاوەی خۆیان هەڵئاوسان، بەتایبەتی دوو حیزبە سەرەکیەکە بەهەندێ حوکمی مێژوویی و دێرینی بوونیان و فراوانی ناوچەی خێڵی سیاسیان و ڕاوەستانی کاریزمەیەک لە پشتیانەوە، ئەوا مانەوەی پێکهاتە بچوکەکانی وەکو یەکەی دەسەڵاتی ئازاد خستەبەر هەڕەشەوە کە لەناو ئەو جەنگی چڕبوونەوەی کۆمەڵ و یەک گیربوونی یەکە سیاسییەکانی وەکو دەسگای میلیشیایی ترسناک، چیتر توانای مانەومیان وەکو ئەڵقەی لاواز نەبوو، چونکە پێکهاتەی حیزب کەوتە ناو قەوارەی پەیوەندییەکەوە هێزی میلیشیاوی و قەڵەمڕەوی ناوچەیی جوڵەی دیاریدەکرد، لێرەوە پێکهاتە بچوکەکان بەدوای هێزو قەوارەیەکی فراوانترو بالادەستدا دەگەڕان تا لەژێر باڵی ئەودا خۆیان لە شوێنگەی دەسەڵاتدا ببیننەوە، چونکە گردبوونەوەی کۆمەڵ بەدوو ئاڕاستەی ترسناکی جیاوازی یەکەی جەنگاوەریدا کە پاشەکشەی بە پلورالیەت دەکردو هێزە بچوکەکانی وەکو چۆنایەتی و ناوەندی دەسەڵاتی ئازاد فرێنەدایە پەراوێزەوەو بە پاڵپشتی دەسەڵاتێکی بالایتر شوێن و کارلێکەریان لە قەوارەی داخراوی خۆشیاندا دیارنەدەما. لێرەوە هەموو پێکهاتەکان لە یەکگیربوونیاندا بۆ شوێنی خۆیان لە پانتاییەکی دەسەڵاتدا ئەگەڕان کە کارلێکەری دەسەڵاتیانەی خۆیانی تیا بپارێزن، بەڵام کۆتایی ئەم گەمەیە بە سڕینەوەی چۆنایەتییەکان و بزربوونی پرۆسەی سیاسی بە گۆڕانی سەرجەم کۆمەڵ بۆ ئامێری جەنگی تەواوبوو، دەتوانین قۆناغەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بەم شێوەیە باسبکەین کە لەدوای ڕەپەڕینەوە دەستپێکرد:

١- خۆڕێکخستنەوەی خێڵە پەرشوبڵاوەکان یان بە گەڕانەوەی بۆ شوێنەکانی بژێوی خۆیان یان لە ڕێگەی وابەستەیی بوون بە سەرۆک خێڵەوە. ئەمانەش ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە لێکهەڵوەشێنراوە نەبوون کە بڕینی سەختی ئەنفالیان پێوەبوو، بۆیە لە دوای ڕاپەڕینەوە وەک قەبارەیەکی سیاسی دەرکەوتن بەتایبەتی کە دیارترین دەرەنجامی تراژیدی داپڵۆسینی دەسەڵاتی بەعس بوون، وە ئاستێکی دیاری خیتابی سیاسی سۆزئامێزی حیزبە سیاسیەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا بە ڕادەیەک کە ڕاکێشانی ئەم هێزە ئامادانە بووە خواستی سەرەکی حیزبەکان کە لەگەڵ هەڵئاوسانی قەبارەیاندا ستراتیژی سیاسیان لە ئاستی تەسلیمبوون بە خواستی پەلهاوێژی خێڵ و گێڕانەوەی شکۆمەندی ناوچەییاندا پاشەکشەی کرد بەو شێوەیەش حیزبەکان خۆیان بوونە ئامێرێکی گەورەی جەنگاوەری خێڵ.

٢- خۆهەڵوەشاندنەوەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)و خۆ تواندنەوەی لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا بەیەکجاری ئەو ئاڕاستەکەمەی چۆنایەتی حیزبییەش لە ی.ن.ک سەندەوەو تەواو شوناسی خێڵی سیاسی پێدایەوە، چونکە لە سەرەتادا بنەمای ڕێکخراوەیی کۆمەڵەو شوێنی خەباتی بەناو شانەو توێژە ڕۆشنبیری و پیشەییەکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبووە بەتایبەتی مامۆستاو قوتابیان و فەرمانبەران و کرێکاران... هتد کە ئەمانە زیاتر لە وابەستەییەکی فیکرییەوە ڕژانە ناو پێکهاتەکانی کۆمەڵەوە بەتایبەتی کە ڕۆشنبیری سیاسی ئەم ڕێکخراوە توانیان لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەربەستێک بخەنە بەردەم خەباتی سیاسی خێڵ و لێپرسراوێتی نوچدانێکی مێژوویی بخەنە ئەستۆ کە بەم شێوەیە هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێیان لە دەرەوەی پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی خێڵەوە دۆزییەوە کە هوشیاری سیاسی و فیکری هاوبەش وابەستەیی نێوان ئەندامەکانی بێت. بەڵام خودهەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو لەولاشەوە فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ناوچەیی حیزب لەسەر بنچینەی پیرۆزکردنی شکۆمەندی خێڵ و ناوچە یەکدگیری ئەم شانەو توێژە ڕۆشنبیری و پیشەییەی لێک هەڵوەشاندەوەو وەکو گروپ و ئەڵقەی لاواز پەرشوبڵاویکردنەوەو ئەمانیش دواجار بە ملکەچبوون بۆ خێڵی سیاسی خۆیان لەو قەوارەیەدا هێشتەوە، بەڵام نەبوونەوە بە توخمێکی ئەکتیف کە خیتابی سیاسی ی.ن.ک دیاریبکەن، بەڵام ئەمانە لە ناو وەهمی دەسەڵاتی ڕێکخراوەییدا بزرکران، وەکو ئامێرێکی کارگێڕی بەکارهێنران بۆ دابینکردن و ڕێکخستنی خواستە جەنگییەکانی خێڵ، بەو شێوەیە مەڵبەندو کۆمیتەکانیان پێپڕکران، چەندین دەسگای فیکری و کۆمەڵایەتی و پیشەیی بێکاریان لێپێکهێنران، ڕژێنرانە دەسگاکانی

ڕاگەیاندنەوە، ئیشی کارگێڕی دەسگا سستەکانی حکومەتیان پێدەسپێردرا، واتە ئەمانە یەکراست توێژێکی بێکاری ڕووپۆشکراو بوون کە ئاراستەی کارەکانیشیان بۆ بەهێزکردنی پایەی خێڵ بوو، کە لە پشتی ئەم ئەڵقە لاوازانەوە بڕیاری سیاسی ئەداو وێنەی ئایندەی دائەڕشت، لەکاتێکدا سەرجەمی ئەم گەنجانە لەتاو وەهمی کارگێڕی کاغەزو کۆبوونەوەی مەڵبەندو کۆمیتەکاندا خەولێخرابوون، جگەلەوەی کە ڕابەرە ڕۆشنبیرە سیاسیەکانی ئەم توێژانەش چیتر خۆیان لەبەر تەوژمی پەلهاوێژی خێڵدا ڕانەگرت، بۆیە لە کردەی سازشکاری سیاسیدا خۆیان لە شوێنگەی سەرکردایەتیدا هێشتەوە، وە یاخود خۆیان لەو گەمەیە کێشایەوە. لەم دەرەنجامەشەوە ی.ن.ک هیچ پانتاییەکی ناکۆکی فیکری و ڕێکخراوەیی لەگەڵ پ.د.ک دا نەما کە پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرد جگە لە کێشەی پەلهاویشتن و فراوانکردنی ناوچەی یەکدی نەبێت بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، نەک وەکو چۆنایەتیەکی کۆمەڵایەتی فیکری جیاواز.

٣- حیزب وەکو ناوەندێکی کۆبوونەوەو ڕێکخستنی لێشاوێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، وە وەکو دەسگایەک کە بە سیستەمێکی دەسەڵاتی ئەندامانی خۆی پێکەوە گرێئەدا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی لە پەیوەندییەکی سیاسی میلیتاریدا ڕووبەڕووی یەک دەکردەوە لەسەر حسابی بزربوونی هوشیارییەکی عەقڵانی وەک توخمی سەرەکی وابەستەبوون بە حیزبەوە، وە تێکشکانی چەمکی حیزب وەکو ئامێرێکی شارستانی و هێمنانە بۆ بەڕێوبردنی ناکۆکییەکان، وە گۆڕینی بۆ ئامێرێکی هەمەلایی بۆ کۆکردنەوەی گشت بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دژی هەڕەشەو بەگژاچوونەوەی دەرەوە، حیزبەکان بەدوای وەدەستخستنی پەیوەندییە یەکدگیرە سروشتیەکاندا دەگەڕان بۆ فراوانکردنی بنەماکانی خۆیان وەکو خێزان و تایەفەو بنەماڵەو خێڵ و ناوچە، کە ئەمانەش بە دەسگاییکردنی ئەو پەیوەندیانەی خۆیان لە پێکهاتەی حیزبدا ئەبینییەوە کە ئەیویست لە فۆرمی دەسەڵاتێکی بالاو گشتیدا [واتە حکومەت و پەرلەمان] شوێن و قەبارەی خۆی دیاریبکات، وەکو هێزێکی جەماوەری کە ئەم گرێیە لە ساتەکانی هەڵبژاردندا بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی حیزبەکانی خستە پەراوێزی خستنەڕووی خۆیانەوە، وەکو قەبارەیەکی ترسناک لەسەر شەقامی جەماوەردا. لێرەوە هەستکردن بە ترسی کەوتنە پەراوێزی ئەو گەمەی دەسەڵاتەوە دەنگە زۆرایەتییەکانی ناو کۆمەڵی دەکوشت تا لەناو لێکنزیک بوونەوەو یەککرتنەکاندا بزریکردن. لەوانەش یەکبوونی ئاڵای شۆڕش و حیزبی زەحمەتکێشان و هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ی.ن.ک لە ساتی هەڵبژاردندا وەدواتر گەڕانەوەی ئاڵای شۆڕش بۆ ناو ی.ن.ک بەمەبەستی دوورخستنەوەی هەڕەشەی هێزە سەرەکیەکە لەخود بەتواندنەوەی لە ناو پانتایی دەسەڵاتی ئەودا، یاخود هەوڵدانی هەندێ لەو حیزبانەی نزیکییەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەبوو بۆ خۆخستنەڕوو، وەکو هێزێکی سێیەم پاش کۆکردنەوەی پارچە پەرشوبڵاوەکانی خۆیان کە دەسەڵاتی فیعلییان لە ناوچەکانی خۆشیاندا بزربوو، وەکو یەکبوونی پاسۆک، گەل و سۆشیالست لە حیزبی یەککرتندا کە پاش شکستهێنانیان لە بوون بەهێزی سێیەمداو فڕێدانیان بۆ دەرەوەی کایەی دەسەڵات، دواجار ئەم تاقمە لێکجودایانە گەڕانەوەی ناچاریان بۆ ناو باوەشی یەکێ لە خێڵە سیاسییە ناوچەیی بالادەستەکان هەڵبژارد. هەروەها ئەم ترسە، گروپە هەرە چەپە مارکسی و نەتەوەییە توندڕەوەکانیشی لە هەڵپەی جێبوونەوە لە وەهمی دەسەڵات دەربازنەکرد کە ئەمانە لە هەوڵی یەککرتنەکانیان و دامەزراندنی حیزبی نوێدا، بەدوای پێکهاتەیەکدا دەگەڕان کە قەوارەیەکی دەسەڵاتی بەرگرییان بۆ دابینبکات، یاخود بە شێوەیەکی هاوتای پەیوەندییە نوێکانی ناو کۆمەڵ دووبارە خۆیان بینادەکردەوە، وەکو جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق، وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆو گەڕانەوەی بۆ مێژوویی خێڵایەتی خۆی و سەرخستنەوەی ڕابەرە خێڵایەتیەکانی بۆ سەرکردایەتی حیزب، وەکو مەلاو شێخ و کەسانی ناسراو.

**پێکدادانی فرەکاریزمەکان**

بانگەوازەکەی مام جەلال بۆ یەککرتنی چەپەکانی کوردستان لە تەقەللای یەکخستنی پارچە لێکپچڕاوەکانی ناو یەک خێڵی ناوچە بانگەشەی جیاکردنەوەی دوو ناوچەی دژایەتی بوو لە ژێر ڕووپۆشی چەپ و ڕاستدا کە جیاوازیان لە ئاستی خیتابی سیاسی و ئایدۆلۆژی بەرنامەی کاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و... هتدا بوونی نییە، بەڵکو بەریەککەوتنی ئەم دوو دژە بە گەڕانەوە بۆ

مێژوو زیندووککردنەوەی ئەو خاڵە ناکۆکانەی نێوانیان و بزواندنی ئەو هۆکارانەیە کە ململانێی نێوانیان سەختتردەکاو وەکو دوو پێکهاتەی دوژمنکاری ناوچەیی لە یەکتریان دادەبڕێت. هەرچەندە بانگەوازەکە بارگاوی بوو بە خیتابێکی ئایدۆلۆژی نەتەوەیی بەرەو خوێناسینی کوردو خستنەڕوویەکی ڕەمزیانەی پرۆژەی نەتەوەیی لە ساتەوەختی هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕی و گەڕاندنەوەی خودی کورد بۆ یادەوەرییەکی مێژوویی و زیندووکردنەوەی خەونە کپکراوەکانی، بەڵام لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی خەونئامێزبوو کە لە ڕێگەی دەلالەتی ڕەمزئامێزەوە تەعبیری لەو خەونە نەتەوەیی و چەپبوونەی یەکێتی نیشتمانی دەکرد، کە من پێشتر لە ووتارێکی تایبەتدا وەکو دەنگێکی تری ڕێگای سێهەمم سەیرکرد، لە ساتەوەختێکدا کە تەواوی ئەو ڕێگایانە شکستیان هێناو تەنها کۆمەڵێ سەرکردایەتی کاریزمەییان خستە مێژووەوە کە ئامانجێکی سەرەکی بانگەوازەکە لەم خەونە بەدەرنەبوو. لەلایەکی ترەوە خۆجیاکردنەوە لە خانەی چەپدا هەندێ لە گروپە ڕاڕاو ترساوەکانی گەڕانەوە ژێر چەتری یەکێتی، بەڵام دواتر ئەمانەش بوونەوە بە ئامێرێکی جەنگی تری ئەو حیزبە لە ناکۆکی پەلهاوێژی ناوچەیی خێڵ دوای بە سەراببوونی خەونی نەتەوەییان لە ئاست هەڕەشەو چاودێری دەرەوەدا. لێرەوە بانگەوازەکە لە بنەمایەکی تیۆرییەوە بۆ خیتابێکی سیاسی نەتەوەیی گۆڕرا بۆ بنەمایەکی تیۆری جیاکردنەوەی دوو خێڵی ناوچەیی و پەیوەندی سیاسی و ڕێکخراوییە جیاکانیان ،کە لە قەوارەی حکومەتدا پێکەوەبوونێکی نێگەتیڤیانەیان خولقاندبوو. بەم شێوەیە بانگەوازەکە لەڕووکردنە چۆنایەتییەکی تایبەتی کۆمەڵەوە (واتە چەپی کوردی) کە بەو چەمکە فیکرییە بوونی نییە، بەڕییەوە بۆ بانگەشەکردنی ئەو پێکهاتانەی هێزێکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئامادەن و لە ڕووی قەبارەی مرۆییشەوە بەربڵاون، کە بانگەوازەکە بە پاراستنی ئازادی و خۆڕێکخستنی ئەم پێکهاتانە لە هێزی جەنگاوەریدا هاوپەیمانێتیان لە ڕێکخستنێکی فراوانتری ناو سنووری ناوچەیەکدا شەرعیەتی خود جیاکردنەوەی ڕاگەیاند لە ناو وەهمی خیتاب و ستراتیژی نەتەوەیی جیاوازدا، چ خودجیاکردنەوە لە ناوەندی دەسەڵاتداو ئاماژەبوونی بۆ دوو ناوچە هێزی جیاواز وە چ بڵاوبوونەوەی ئەم لێکجیاکردنەوەیە بەناو هەموو شانە پیشەیی و سەندیکایی و ڕۆشنبیرییەکاندا، لەسەر هەمان بنچینەی وابەستەبوون بە خێڵی سیاسیەوە. لێرەوە خودی بانگەوازەکە پرۆژەیەکی فیکری نەخستەڕوو بەقەد ئەوەندەی زەمینەیەکی سایکۆلۆژی لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچەیەکدا خولقاند کە پیرۆزی و شەرعیەتی جیابوونەوەی خۆیان لە پشت کاریزمەیەکی سیاسییەوە ڕابگرن وەک ئەڵقەیەکی یەکدگیربوونی ناوچە.

دیارە هیچ قۆناغێکی مێژوویی جوڵەی سیاسی کوردی، بەبێ سەرهەڵدانی کاریزمە وەکو هۆکارێکی سەرەکی کۆکردنەوەی خەڵک تێنەپەڕیوە، کە لەم بەشەی کوردستانداو لەساتی هەڵبژاردنی ڕابەری بزوتنەوی ڕزگاریخوازی کورددا، وەکو سەپاندنی کاریزمەیەک بەسەر گشتدا دووبارەبووەوە گەڕاندنەوەی ململانێ ناوخۆییە مێژووییەکانی ناو جەستەی کوردی دەرخستەوە. دیارە دیاردەی کاریزمەیی دیاردەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتییەو ڕۆژئاواش لە زۆر قۆناغی مێژووییدا لێیدەربازنەبووە، وە دەشێت کاریزمە ببێتە پاڵنەرێکی ئیجابی یەکدگیربوونی کۆ لە سیمبۆلێکی پیرۆزی گشتداو سەرجەم ململانێی گشت لەگەڵ دەرەوەی خۆی لەیەک ستراتیژدا ئاراستە بکات، بەڵام ڕووە ترسناکەکەی کاریزمەیی پاشەکشەی فیکرو هۆشیاری سیاسی گشت و ملکەچ بوونیەتی بەخودی کاریزمەوە کە لە وابەستەییەکی ڕۆحییەوە ئەو دیو هەستی خەڵک ئاراستە دەکات، کەئەمەش دیاردەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردییە لەپاڵ خەسڵەتێکی ترسناکی تردا کە بەردەوام سەرهەڵدانی کاریزمەی ناوچەییە لە حاڵەتی لێکداپچڕانی خەباتی گشتدا وەکو یەکەیەکی یەکدگیر. واتە لەبەرئەوەی جوڵەی سیاسی کوردی لە سنووری خێڵ و ئیقلیمدا تێنەپەڕیوە ئەگەر بەحوکمی جیۆپۆلیتیکی، پەلهاوێشتنی خێڵی گەڕاندبێتەوە بۆ یادەوەریەکی نەتەوەیی، ئەوا لەو قەوارە تەسکەشدا کاریزمەیەکی خولقاندووە کە لەوابەستەییەکی ڕۆحییەوە خێڵی کۆکردۆتەوەو غەریزەی سیاسی و پەلهاوێژی تیادا بزواندووە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و ناوچەییدا کە ئەمەش وای کردووە هەمیشە خودی کاریزمە ئاماژەبێت بۆ ناوچەیەک و لە ساتەوەختێکی دیاردا شکۆمەندی و کارلێکەری دەرکەوێ و لە ساتێکی تردا بزربێت و لە ئامانج و جوڵەی ستراتیژی ناوچەیەک دەربازنەبێت، وە ئەگەر لە قۆناغێکی زەمەنیشدا کاریزمەی کوردی خیتابێکی نەتەوەیی خولقاندبێت و لەدەرەوەی ناوچەی خۆیدا بووبێتە ناوەندی کۆکردنەوەی خێڵە هاوپەیمانەکانی، ئەوا

زیاتر لە گەرانەوەی پلەو پایەی کاریزمەوە بووە بۆ ناوەندێک کە پشتیرێکی پیرۆزی مێژووی لە پشتەوە بووە، وەکو دەستەی شێخ و مەلاو تەریقەتی دینی کە پەیوەندییەکی پیرۆزترو یەکدگیرتر بە پەیوەندییەکانی ناو خێڵ و دەرەوەی خۆیشی دەبەخشێت، لێرەشەوە هەردەم ئەو خیتابە نەتەوەییە پاڵنەری خیتابێکی جیهادی و ئاینی پیرۆز هێزە هاوپەیمانەکانی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی یەکدگیرکردووە. بۆیە کاریزمە کوردییەکان لە شێخ و مەلاو ئەو سەرۆک خێڵانە تێنەپەریوە کە وابەستەیەکی دینی پیرۆزیان بە خێڵەکانیانەوە هەیە. بەلام بە پێچەوانەی کاریزمە نەتەوەییەکانی تری رۆژهەلاتەوە کە بوونەتە ئەلقەیەکی پتەوی پێکەوەلکان و گەشەسەندنی نەتەوەیی کۆمەلگاکانیان ئەگەرچی لە دوجاردا شێوە دەوڵەتانی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری خستبێتەوە، ئەوا کاریزمەی کوردی ئەلقەی یەکبوونی نەتەوەو هۆشیاری نەتەوەیی نەبووە جگە لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی خێڵەکان نەبێت کە خۆی بۆتە هۆکارێکی هێشتنەوەی وابەستەیی خێڵ بە ناوچەوەو بەخشینی پرۆژەیەکی سیاسی، سەرباری ئەوەی کە خەونی بەرتەسکی ناوچەیی و جوڵەی کاریزمە لەو قەوارەیەدا هەمیشە سەرهەڵدانێکی کەم خایەن و ساتەوەختی بەکاریزمە بەخشیوە کە لەدوای شکستی خەونەکان و هەرەسەکان خۆری کاریزمەکانیش ئاوابوون و دوای مەرگی تراژیدیان بوونەتە رەمزێکی پیرۆز.

لە خواروی کوردستاندا کاریزمەی ناوچەیی وەکو وەڵامدانەوەی ئەو دابەشبوونە جوگرافییە جیاوازەی کوردستان دیاردەیەکی سەرەکی جوڵەی سیاسی کوردی لێکدابچراوە تا مێژوویەکی نزیکیش، کە تەنها کەسایەتییەکی کاریزمەیی وەکو (مەلا موستەفای بەرزانی) توانی لە سنووری خێڵی ناوچە بپەرێتەوەو لە قۆناغێکی دیاردا ببێتە کاریزمەیەکی پیرۆزی سەرتاسەری کە چەند هۆکارێک ئەو زەمینەیەیان بۆ خۆشکرد، لەوانەش ئینتمای بۆ ناوەندێکی دینی و شێخایەتی و بەردەوامیدان بە جوڵەی بەرگری بنەماڵەکەی دژی دەرەوە لە وەرگرتنی شوێنگەی رابەرییەوە جگە لە فراوانکردنی خەباتی خۆی لە دەرەوەی سنوری ناوچەی خێڵەوە (وەکو بەشداریکردن لە کۆماری مهابادا کە رەهەندێکی نەتەوەیی بە خەباتی خۆی و بنەماڵەکەی بەخشی)کە دواتر زەمینەی جوڵەی سیاسی رێکخراوی بە خەباتی خێڵ بەخشی، واتە بە رێکخستنی لە چوارچێوەی حیزبدا وەکو ناوەندی کۆکردنەوەی جوڵەی خێڵەکانی تر، لەسەر ئەمانەشەوە هۆکارێکی سەرەکی تر کە بۆشایی کاریزمەیی لە سەرانسەری خواروی کوردستان و ئاناماده‌یی کاریزمەی ناوچەیی بوو، بارزانیان کردە کاریزمەیەکی نەتەوەیی و ئەلقەی هاوپەیمانێتی نێوان خێڵە جەنگاوەرەکان کە هۆشیارییەکی سیاسی نەتەوەیی لە پشتی ئەو لێکنزیکبوونەوەیانەوە بوو، هۆشیاریەکی سیاسی کە زیاتر توێژی رۆشنبیری سیاسی ناوچەی سۆران هەلگری پرنسیپەکانی بوو، بەلام بەبێ هێزێکی رێکخراوو کاریزمەیەک توانای بەکاربردنی نەبوو لە خەباتدا، هەرچەندە دەکرێت ستراتیژی ئەم توێژە بە خەباتێکی فیکری و گەرانی بەردەوامی لە دەرەوەی خێڵدا بۆ توێژە شۆرشگێریەکانی تر جیابکەینەوە کە وەک پێکهاتەو جیهانبینییەکی جیاواز بەرامبەر خێڵ رابگرێت. لێرەوە ئەم توێژە هەڵگری تێکشکاندنی کاریزمە سەرتاسەرییەکەبوو، بەلام بەملدانی ناچاریانە بۆ کاریزمەیەکی ناوچەیی تر کە دەکرێت کێشەی نێوان (مەلایی - جەلالی) بە بەریەککەوتنێکی ناوچەییانەی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردی دابنێت لە تەقەلای ناچاریانەی توێژی رۆشنبیری سیاسیدا بە رووبەرووبوونەوەی کاریزمەی سەرتاسەری وەکو هێزێکی جەماوەری کە هەلی مێژوویی تێکشکانی ئەو کاریزمە سەرتاسەریەی لە دوای هەرەسی (١٩٧٥) وە بۆرەخسا بەتایبەتی پاش تێکشکانی سایکۆلۆژی کورد بەتایبەتی لە ناوچەی سۆرانداو روونتریش لە نێوان توێژی رۆشنبیری شۆرشگێرو چینەکانی خوارەوە، کە توانی بۆ کەمکردنەوەی پیرۆزی تەوتەمی ئەو کاریزمە سەرتاسەریە بەکاربێنێ چ نەبێت لە ناوچەیەکدا، بەتایبەتی کە لە ناوەندی ئەو توێژە رۆشنبیرییە سیاسیەوە رەمزە دیارەکانی خێڵ لە پشتی رووکەشێکی فیکری و شۆرشگێرییەوە هەوڵی جیاکردنەوەی کاریزمەی ناوچەیی ئەداو لە پاڵ جوڵەی سستی رۆشنبیری شۆرشگێرەوە بەناو شانە لاوازەکانی کۆمەڵدا، ئەمە بەگەرانەوە بۆ جیاوازییە جوگرافی و ناوچەیی و کۆمەلایەتییەکان و زیندوکردنەوەی خەونەکانی خێڵە ناوچەییەکان و ناکۆکییە مێژووییەکانیان لەگەڵ ناوچەی ئینتمای کاریزمەی سەرتاسەریەوە توانی شوێنگەی بالایی دەسەلاتی خۆی بەسەر گشتدا بسەپێنێ و کارلێکەری و خەباتی توێژی رۆشنبیری شۆرشگێریش لەناو خۆیدا بزرکات، کە هەوڵی ئەدا کێشەکان لەگەڵ کاریزمەو خێلی سیاسیدا لەسەر ئاستی جیاوازی ستراتیژی

فیکری بخاتەڕوو، وە بەهەڵگرتنی بنەما فیکریەکانی مارکسی - لینینی و سۆشیالستی و بانگەشەکردنی دژایەتی سەرەکی دژ بە دەرەبەگ و سەرکردەی خێڵایەتی کوردی، سیفەتی خێڵ لە بزوتنەوەی سیاسی کوردی دامالێت، بەڵام ئەو توێژە نەیتوانی لەدەرەوەی ئەو ڕەمزە خێڵەکییەی ئاراستەی سەرەکی دژایەتییەکەی بەڕێوەدەبرد، قەبارەیەک بەخۆی ببەخشێ و سیفەتی دژایەتی ناوچەیی لەو خەباتەی خۆی بسەنێتەوە کە ڕەمزە خێڵەکییەکە توانی لەئاستی هوشیاری سادەی خەڵکدا بەدژایەتی نێوان کاریزمەی ناوچەیی بیخاتەڕوو. بەو شێوەیەش جارێکی تر ڕۆشنبیری سیاسی کورد کەوتەوە پەراوێزی خەباتەوەو نەیتوانی ستراتیژی خەباتی فیکری و نەتەوەیی بخاتە شوێنی ستراتیژی خێڵ، بەڵام تاکە سەرکەوتنێکی جێگە پێلێژکردنی کاریزمەی سەرتاسەری بوو کە ئەمەش لە لایەکەوە یادەوەری نەتەوەیی کوردی لێکداپچڕاندەوەو بەقازانجی دەرکەوتنەوەی ڕەمزە کاریزمییە ناوچەییەکان بوو کە لە پشتی خەباتی ڕووکەشی سیاسیەوە وەهێنانە پێشەوەی توێژە ڕۆشنبیرە سیاسییە کە (ی.ن.ک کە بانگەشەی خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و دژ بەخێڵی دەکرد، وە پ.د.ک کە بەناوی سەرکردایەتی کاتی و سەرخستنەوەی دەستە ڕۆشنبیرەکان بۆ سەرکردایەتی، شێوەیەکی هاوچەرخانەی بەخۆی دەبەخشی) ئاستی ناکۆکیەکانیان گەیاندە جیاکردنەوەی دوو ناوچەی خێڵی سیاسی دژبەیەک کە دوو کاریزمەی ڕۆحی ئاراستەی قۆناغەکانی ئەو دژایەتیەیان دەکردو لە ساتەکانی تێکدادان و چ لە قۆناغی پێکەوەگرێدانی ناچارییانەی ستراتیژیان لە خیتابێکی گشتدا. لێرەوە ئەو گۆڕانکاریانەی بە هێلێکی مێژوویی لە خودی بزوتنەوەی سیاسی کوردیدا تا سەر دامەزراندنی دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمان، کۆمەڵگەی کوردیان بەسەر پێکهاتەی جەنگاوەری لێکدابڕاوو بەرامبەر یەکتردا دابەشکرد، پاش لێسەندنەوەی سادەترین پەیوەندییە مەدەنیەکان و گۆڕینی دەسگاکانی بۆ پێکهاتەیەکی خێڵ لە سنووری ناوچەیەکدا کە لە پشتیانەوە دوو کاریزمەی پیرۆز وەک دەرەنجامی ئەو گۆڕانە مێژوویانە ڕادەوەستن و ڕووداوەکانیش ئاراستەدەکەن، ئەوانیش یەکەم (مسعود بەرزانی) کە بەردەوامبوونی مێژوویی کاریزمەی یەکەمی باوک و لەناو بونیادێکی یەکدگیری خێڵی ناوچەوە سەری هەڵداوەو مێژوویەکی لە پیرۆزی بەڕەمزبوونی بنەماڵەیەکی لە پشتەوەیە کە ئەمانە هەمووی هۆکاری کاریزمەبوونیان ئاسانکرد، دووەمیش {جەلال تالەبانی} کە بە قۆناخێکی سەختی ڕووکەش بە شێوە خەبات و ڕەمزی جیاوازدا کردەی کاریزمەبوونی تێپەڕیوە، لەلایەکەوە گێڕاندنەوەی یادوەری ناوچەیەک (ناوچەی سۆران) بۆ ناوڕدانەوە لە شوێنگەی پیرۆزو کارکەری خۆی وە بەکاربردنی جوڵەی سیاسی توێژی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕو چەمکە فیکرییەکانی بەئاراستەی پیرۆزکردنی ئەو کاریزمەیەدا قۆناغەکانی سەرهەڵدانیان دیاریکردووە.

لێرەوە ئەو دوو پەرتکردنە ئاشکرایەی کوردستان کە شەڕی ناوخۆ وەکو دەرەنجامێکی بەرجەستە خستیەڕوو خۆی وەلامدانەوەی مێژوویەکە لە دوو جووڵەی دژ، لە پانتاییەکدا کە خودی خۆی لێکجیاکردنەوەی سیاسیانەی بەسەر خۆیدا سەپاندووە تا ئاستی پیرۆزی و پاراستنی شکۆمەندی ناوچە. بەم شێوەیە پێکدادانی کۆمەڵگەی کوردی لەناو خۆیدا تەنها پێکدادانێکی سروشتییە کە جیاوازی نییە لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی تردا کە بونیادی خێڵەکی و دژایەتیەکانی پێکیانەوە گرێبدات، بەڵکو پێکدادانێکی ترسناکە کە لە ئاستی بەریەکەوتنی پانتایی سیاسی و دەسەڵاتی جیاواز کە خودی کاریزمەشی هەردەم بەخۆگەڕاندنەوەی بۆ یادەوەری مێژووی ناوچەو بزواندنی ئەو دیو هەستی خێڵ و خودتەعبیرکردن لە ئاست بە دروشمی پیرۆزکردنی مەسەلەدا لە پشتی ئەو هیستریایەوە ڕادەوەستن کە بە پێکدادانی خوێناوی کۆتایی هات و هەردەشبوو کە کۆمەڵگەی کوردی و یەکێ لە نەوەکانی بەو ئەزموونەشدا تێبپەڕێ و خودی خۆی وەکو دوو ناوچەو دوو کاریزمەی پیرۆز بەریەکتر بکەون، کە پێم وایە دەرەنجامی ئەو قوربانیانە لە قۆناغێکی داهاتووتردا دەشێت شکستی ئەزموونی کاریزمەیی ناوچەش بخاتەڕوو کە ئەگەر دووبارە بوارێکی جوڵە بکەوێتەوە بەردەم توێژی ڕۆشنبیری سیاسی کورد، دەشێت بتوانێت لەو شکستەوە خۆی لە شێوە کاریزمەکانی نموونەی جیهانی سێهەم لە شێوەی کاریزمەی ڕۆحی نەتەوەیی، فیکری و جەماوەری و یان سەرکردەی جەنگاوەری سەربازیدا فۆرمەلە بکات (٢٤).

لە کۆتاییدا پاش تێڕوانینی شەڕی ناوخۆی کوردستان، وەک بەشێک لە دیاردەی گشت بەخەسڵەتە تایبەتییەکانیەوە، دەگەینە دەرەنجامێک کە لەناو مێژوویەکی گشتدا دیمەنی تایبەتی خۆی جیاکردۆتەوە، واتە شەڕی ناوخۆی کوردستان بۆ گەلێ هۆکاری بونیادی مێژوویی

دەگەڕێتەوە کە یەکە دژبەیەک و ئامادەکانی ئەو شەڕەیان بەرهەمهێناوە، مێژوویەک کە دوو سیفەتی تایبەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا سەپاندووە؛ یەکەمیان لێکداپچڕانی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر فرەپێکهاتەی دەسەڵاتی و هێزو جەنگاوەری جیاوازدا لەسەر بنچینەی جیاوازی خێڵی ناوچەیی، وە دووەمیان داخرانی ئەو فرە پێکهاتەیە بەسەر خۆیاندا لەسەر بنچینەی جیاوازی پێکهاتەکان یان هاوپەیمانێتی ناوچەییان لە قەوارەیەکی دەسەڵاتی جەنگاوەری ڕێکخراو، لە ستراتیژی هاوبەش و ئامانجی سیاسیدا. وە ئەم جۆرە دابەشبوونە هەمیشە خێتابی ترس لە دەستدانی ئەو پانتاییە دەسەڵاتییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان فرە پێکهاتەکاندا باڵادەستکردووە، لێرەوە ئەم دابەشبوونەی کۆمەڵگای کوردی بەسەر یەکەی جەنگاوەری دژبەیەکدا بەردەوام پەیوەندی توندوتیژی و گرێی شەڕانگێزی بەرهەمهێناوەو مێژوویەک لە ئەزموونی شەڕی نووسیوەتەوە کە ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستان ترسناکترین وێنەیەتی، چونکە سەرباری ئەو پێکدادانە شەڕانگێزە هیستریانەی کە تەواو پێکهاتەکانی لەناو یەکتردا گۆڕیوە بۆ یەکەی دژبەیەک و تاکەکەسیش بۆتە ئامێرێکی ترسناکی ئەو توندوتیژییە، پاش ئەوەی لە ئینتمای ڕاستەقینەو شوناسی نەتەوەی خۆی دابڕێنراوە. لەلایەکی ترەوە ئەو جەنگە تا ڕادەیەک لە ناو قەوارەیەکی داخراو بەسەر خۆیدا، واتە لەناو فۆرمی پێکەوەژیانی ناچارییانەی پێکەوەییدا (حکومەتی هەرێم) ڕوودەدات و بەشێوەی شەڕێکی ڕێکخراو بە پلان و ستراتیژ ئامێزی دوور لە مەترسی لێکدابڕانی شوناسی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەکات (٢٥).

لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەو هەوڵدانە کوردییەی پیادەکردنی شێوە سیستمی پلورالیزم بە چەمک و شێوە نوێکانەوە بە پێچەوانەی کۆمەڵگا کراوەکانەوە کە خۆیان بەسەر ناوەندی سیاسی و فیکری و کولتوری جیاوازدا دابەشدەکەن و لەو کردەیەشدا ئەزموونی شارستانیبوون بەرهەمدێنن، ئەوا کۆمەڵگەی کوردی لەو پیادەکردنەوە گەڕایەوە ناو قەوارە داخراوەکانی و خۆی لە پێکهاتە دژو شەڕانگێزیەکانیدا تەیار کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو پێکدادانێکی شێتانە - کوێرانەو توندوتیژییەکی خوێناوی کە لەم ساتەوەختەدا بۆتە خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی ئینسانی کورد کە ئەستەمە ئەم مێژووەی ئێستا بەگرێ شەڕانگێزەکانەوە کە خۆی دەرەنجامی مێژوویەکی زۆر دێرینترە لە هۆش و یادوەری کورددا بسڕێتەوە. تەنها بە تێکشکانی گشتی نەبێت بەهەموو پێکهاتەکانییەوە، بەکاریزمە پیرۆزەکانیەوە، لەو جەنگە خوێناوییەدا واتە دووبارە هەرەسی کورد وەکو شوناس لە پانتاییە هەرە فراوانەکەی خۆیدا کە ئەمەش بەداخەوە دەرەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو نییەو، هەموو پێکەوە قۆناغێکی تری گێلێتیمان بۆ نەفرەتی ئەوە لێکداپچڕاوەکانی داهاتوو جێدەهێڵێت.

## پەراوێزەکان

١- لە ڕاستیدا پڕۆژەی (پروڤاید کۆمفۆرت) خۆی دژە دەوڵەت یان حوکومەتی کوردی و ڕێگری دروستبوونیەتی، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڵچوونە شۆڕشگێرییەی کە لە ڕاپەڕیندا یادوەری کوردی گەڕاندەوە بۆ دەسەڵاتی بزری خۆی، بە کارگێرییەکی ناوخۆیی لە وەهمی حکومەتدا کە لای سازدەرانی پڕۆژەکە ڕاگرتنی حاڵەتێکی تایبەتە بەدابینکردنی وەک لە مانا زاراوەییەکەیدا دیارە، جۆرێک لە ئاسودەی و پاراستنی کوردە ماندووەکان لە سزای ڕژێمی عێراق، وە بەو شێوەیەش مانای کەمێ هێشتنەوەی ئابڕوی سیستمی دیموکراتی ڕۆژئاواو خۆدەربازکردنی لە ڕەخنەی ڕای گشتی پاش ئەوەی بە نیشانەی سەوزی ئەوان سوپا تێکشکاوەکەی عێراق ملیۆنان خەڵکی ئاوادە کرد، وە لەلایەکی ترەوە مانای پاراستنی ئابووری ڕژێمی عێراق بەو شێوەیەی کە پڕۆژەکە مانای لە دەستدانی دەسەڵات و سالاری عێراق بەسەر ئەو ناوچانەدا ناگەیەنێت تەنها لێسەندنەوەی مافێکی داپلۆسینی کاتی نەبێت.

٢- باری سروشتی یان سەرەتای لای فەیلەسوفانی وەکو «لۆک، هۆبز، ڕۆسۆ، ماکس ڤیبەر» پێناسە کراوە، وە مانای ئەو حاڵەتە ناهەموارو نائارامە دەگەیەنێت کە لە پێش کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتی دەوڵەت و یاسادا باڵادەستبووە. واتە شێوە ژیانی مێگەلیانەو پڕ لە دژایەتی بە نەبوونی سیستمێکی دەسەڵات کە ئەندامانی کۆمەڵ لە ناو یەکدا ڕێکبخات. لێرەوە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی و کارگێری یان دەسگای دەوڵەت تەقەلای ناچاری کۆمەڵگەی سەرەتایی بووە بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتە کە هەرچەندە سەربەستی سروشتی لێسەندۆتەوە،

بەلام لەبری ئەوە سەقامگیری و ئاسایشی پێبەخشیوە. خود نیشاندانی کوردی لەو بارە سروشتیەدا مانای بالادەستبوونی ئەو پەیوەندییە توندوتیژیانەو هەمیشە ناثارامی کۆمەلگەو بەریەککەوتنی یەکەکانیەتی لە حالەتی دژو شەڕی بەردەوامدا کە بەم شێوەیەش دەکرێت بلێین کوردستان و روونتر یەکە ئیدارییەکانی لە «دەولەتە شارەکانی سەردەمی شارستانێتی گریک دەچن؛ بەتایبەتی ئەتیناو ئەسپارتە کە هەمیشە لە شەڕدابوون، وە شارەکانی ئێستای کوردستان وەک ئەو دەولەتە شارانە لە قەلای گەمارۆدراو بەسەنگەرو چەکدارو لە ناوەوەش لە کۆمەلگەیەکی جەنگاوەری ئامادە بۆ شەڕ دەچن کە هەمیشە لە حالەتێکی ناثارامی و لەبەردەم هەڕەشەی پەلاماردانداپە.

٣- دەشێت زاراوەی (کۆمەلگەی شارستانی) لە رووی چەمکەوە هاوجووتی (کۆمەلگەی مەدەنی) بێت، بەلام لەبەر ئەوەی زیاتر لە کوردیدا بۆ «الحضارە» بەکارهێنراوە، وە کۆمەلگەی شارستانیش جەوهەری چەمکەکە نادات بەدەستەوە کە لە بنەڕەتدا شێوەی پەیوەندییەکان لە هەموو ئاستەکاندا سیفەتی کۆمەلگەی مەدەنی دیاریدەکات، بۆیە هەموو کۆبوونەوەیەکی فراوان لە چوارچێوەی شاردا مانای کۆمەلگای مەدەنی ناگەیەنێ. لێرەوە بۆ خۆ لادان لەو کێشانە «کۆمەلگەی مەدەنی» بەکاردەهێنین.

٤- کۆمەلگا رۆژهەلاتییەکان لە شێوە دەسەلاتی جیاوازدا بەرجەستەبوون، بەلام هەموویان بانگەشەی دەولەتی نوێ و کۆمەلگەی دیموکراسی دەکەن و لە پێش دەولەتی دیموکراسییەکانیشدا هەموو ئەو رێککەوتنانەیان ئیمزاکردووە کە داوای رێزگرتنی مافی مرۆڤ دەکات و رەگەزپەرستی و شەڕی جینۆساید حەرامدەکات و تا دەگاتە رێکەوتنەکانی دژ بە چەکی کیمیاوی و پاراستنی ژینگەو ئازادی ئافرەت و چاودێری منالان و... هتد، کەچی هەر ئەم دەولەتانە خۆیان بوونەتە شوێنی چاودێری ئەو رێکخراوە نێودەولەتیانەی کە جوولەی دەولەتان چاودێریدەکەن وەکو رێکخراوی «ئەمنستی نێودەولەتی»و گەلێکی تر کە سالانە لە راپۆرتەکانی خۆیاندا چەندین دیمەنی ترسناکی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی کەمترین ئاستی ئازادی و دیموکراسی لەم ولاتانەدا دەخەنەروو.

٥- حنه أرندت: في العنف. ترجمه ابراهيم العريس. دار الساقي ١٩٩٢ ل١٨

٦- ازمه الديمقراطيه في الوطن العربي - دراسات، مركز دراسات الوحده العربيه - ١٩٨٤ - ل, ٤٣٢

٧- سیفەتێکی تایبەتی پێکهاتە خێلەکیەکانی کورد، لکانیان بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە وەکو شوێنێکی پۆتوییان و وابەستەییان بە زەوییەوە کە ئەمە جوولەو دوورکەوتنەوەی خێل لە ناوچەی خۆی کەمکردۆتەوە تەنیا لە دوو جولەی وەرزی «گەرمیانی و کوێستان» نەبێت کە ئەویش زۆرجار لەناو پانتایی ناوچەکەدا بوو. ئەم سیفەتە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەلکەوتەی جوگرافی کوردستان و بوونی سەرچاوەی جێگیری بژێوی تیایدا. لێرەوە پابەندبوونی خێل بە ناوچەیەکەوە پشتیرێکی مێژوویی هەیەو لە راستیدا ناوی شوێن و خێلەکان وەکو (بارزان، مزوری، هەورامان، پشدەر، ئالان، تالەبان، بەروار... هتد) ئاماژەن بۆ یەکتری، بوو شێوەش هەردووک قەوارەیەکی دەسەلاتی داخراویان دروستکردووە کە زۆرجار شێوە قەوارەی سیاسی گرتۆتەخۆ.

٨- سالاری و شەرعیەتی دەسەلاتی دەولەت بەشێکی فراوانی فیکری سیاسی رۆژئاوای داگیرکردووە، بۆ نموونە لە فیکری یونانیدا سالاری لای ئەفلاتون مافی دەستەیەکی دیارە لە چینی ئازاد کە بە زاناو حەکیمەکان ناسراون. بەلام دواتر ئەم مافە لای رژێمە پاشایەتییە موتلەقەکان بە مافێکی خودای و میراتی پالپشتکرا، تا قۆناغی رێنیسانس و سەرهەلدانی رۆشنفیکران کە خودی مرۆڤیان کردە ناوەندی فیکر کە ئەو مافەی لە پاشاو تاکەکەسان سەندەوە کردییە مافێکی گشتی کۆو هێزە کۆمەلایەتیەکان، واتە سالاری رەهەندێکی مانایی گرتۆتەخۆو زیاتر لە ئیرادەی کۆ و دەسگا نوێکانیدا، وەکو دەولەت و دەسگا سیاسی و کارگێرییەکانیدا بەرجەستەبوو.

٩- المجتمع والدوله في الوطن العربي - د. سعدالدين إبراهيم - مركز دراسات الوحده العربي ,١٩٨٨

١٠-في الحكم المدني - جون لوك - ترجمه ماجد فخري - بيروت ,١٩٥٨

١١- دیموکراسیەتی راستەوخۆ جورێکی تایبەتە کە لەگەل ژمارەی کەمی دانیشتوانی ئەتینادا دەگونجا، وە بریتی بوو لەوەی کە هەموو پیاوانی چینی ئازاد کۆدەبوونەوەو راستەوخۆ گفتوگۆیان دەکردو پێکەوە بریاری سیاسیان ئەدا.

١٢- ازمه الديموقراطيه في الوطن العربي - دراسات - مركز دراسات الوحده العربيه ,١٩٨٤

١٣- المجتمع و الدوله في الوطن العربي - د. سعدالدين ابراهيم - ل,٧١

١٤- هەموو رژێمە سیاسییە رۆژهەلاتییەکان لە بنەڕەتدا رژێمی کۆدێتای شۆڕشگێڕی و توندوتیژین، وە سەرباری تێپەڕبوونی چەندین سالیش بەسەر هاتنە سەر حوکمی ئەو دەستانەدا، بەلام لە ژێر حوکمی کەمایەتییەکی سوپاییدا ماونەتەوەو قەوارەی دەسەلات لە بەردەم هێزە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا نەکراوەتەوە، ئەویش بە

بیانوی هەمیشە حاڵەتی ناکاوو ترسی لەدەستدانی سەقامگیری، بۆیە هێشتا ئەم دەسەڵاتە هەر خەسڵەتە شۆڕشگێڕی و کۆدیتاییەکەیان بە خۆیانەوە هێشتۆتەوەو ئەو هێزەی حوکمدەکات بەناوی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی کاتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، حکومەتی گواستنەوە «انتقالی»... هتد ناسراون کە لەو ڕێگەیەوە پاساوی داپڵۆسین و توندوتیژی خۆیان ئەدەنەوە.

١٥- بۆ نموونە بزربوونی کاریزمە لە جەزائیردا دواتر شکستی تەقەلای دیموکراسییەتبوونی نیشاندا، بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی وەکو زۆربەو هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات کە دووبارە دەستەیەکی میلیتاری توندوتیژی بالادەستکردەوە، بەهەمان شێوەش لە میسردا لە ئۆلیگارشیەتێکی سیاسیدا بەرجەستەبووە کە بەئاشکرا لە هەڵبژاردنی کۆتایی ١٩٩٥دا دەرکەوت کە بەئاشکرا زۆرینەی حیزبی دەسەڵاتداری سەپاندو حیزبەکانی تری لە دەسەڵات دوورخستەوە، لە ئێرانیش مەرگی خومەینی شوێن کاریزمەی لەقکردو ئێستای پایەی ڕەهبەری میللەت «امام احمد» هەمان ئاستە پیرۆزییەکەی نەماوەو کێشەی دەسەڵات کەوتۆتە نێوان هەندێ توێژی ئۆلیگارشی. کە ئەمانە کەمەی دیموکراسیەت بوونی ئێران بۆ دەرەوە نیشان ئەدەن.

١٦- باشترین نموونە بۆ ناسەقامگیری دیموکراسیەتی ڕۆژهەڵات، تورکیا بێت پاش سەرکەوتنی حیزبی ڕەفاهی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی دیسەمبەری ١٩٩٥دا، کە پاشتر سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا هەڕەشەی بەرپاکردنی کۆدیتایەکی سەربازی کرد کە ئەگەر دەسەڵات لە تورکیادا لە ڕێگەی لائیکییەکە لابدات و بکەوێتە ژێر دەستی (نجم الدین أربکان)ی سەرۆکی حیزبی ڕەفاهی ئیسلامی. هەروەها ئەو وەسفە کۆمیدیەی أحمد سیکۆتۆری سەرۆکی کینیا بۆ پاساودانەوەی دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی، نموونەیەکی ئاشکراتر کە ووتی (دەبوایە لە نێوان چەند جۆرێک دیکتاتۆریەتدا وەکو دیکتاتۆریەتی تاکەکەس، ئابووری، سەرمایەداری ...هتد ڕێگەیەک هەڵبژێرین، لەبەرئەوە دیکتاتۆریەتی میللیمان هەڵبژارد، چونکە بەتەنها ئەو لەگەڵ ڕۆحی کۆمەڵگەی ئەفەریقیدا دەگونجێ و گەشەسەندنمان بۆ دابیندەکات بێئەوەی تووشی هەڕەشەو ناسەقامگیری ببین). بەو شێوەیەش حیزبی دەسەڵاتدار بەناچاری هەموو ئەندامانی گەلی کردە ئەندام لە حیزبدا یان یەکێک لە ڕێکخراوەکانیدا. نموونەی ئەمەش لە (اتحاد اشتراکی) میسری سەردەمی (عبدالناصر) داو حیزبی «بعث»ی عێراقدا دووبارە بۆتەوە.

١٧- علم السیاسه ـ د. حسن الصعب، دار العلم للملاین ل١٤١ .

١٨- تعدد الادیان وانظمه الحکم ـ د. جورج قرم ـ دار النهار للنشر ١٩٧٩ .

١٩- هەمان سەرچاوە.

٢٠- لبنان وافاق المستقبل ـ مجموعه من المؤلفین، بیروت ١٩٩١ .

٢١- بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕە «١٠٠» لە کتێبی «نقض العهود واهدار حقوق الأنسان فی کردستان العراق» کە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییە لە ئەیلولی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوەو تیایدا ئاماژەی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ دەکات لە کوردستاندا؛ بە تایبەتی پاش تەقینەوی لە شەڕی ناوخۆدا، لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا ئاماژەی خۆپیشاندانەکەی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤ی شاری سلێمانیدا دەکات کە لایەنگرانی پ.د.ک سازیان دابوو بۆ ناشتنی تەرمی لێپرسراوێکیان، بەڵام بەهۆی تەقەکردنەوە چەندین کەس کوژران و بریندارکران. ئەو خاڵەی جێی نیگەرانییە بەپێی ڕاپۆرتەکە لەسەر زمانی هەندێ لەو کەسانەی ئاگاداری ڕووداوەکەبوون، دەڵێن: کە بەچاوی خۆیان بینیویانە کە هەندێک لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی ناکاوی سلێمانی کە لایەنگری (ی.ن.ک) بوون، چارەسەری بریندارەکانیان نەکردووە کە بۆتە هۆی مردنی هەندێکیان. ئەم کارەساتە واتە گۆڕانی تاکەکەس لە دەرەوەی هۆشیاری و وابەستەیی پیشەییەوە بۆ شمشێرێکی خوێناوی ناوچەنگەڵێک. لێرەوە ڕاست نیە کە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ تەنها بگەڕێنرێتەوە بۆ شەڕێکی عەشایەری وەک ڕووداوەکەی قەلادزێ کە بووە سەرەتای کارەساتەکان، بەڵکو تەقینەوەیەکە پاش ئامادەکردنی هەموو کۆمەڵ بۆ پێکدادانێکی شەڕانگێزیانە لەناو یەکدا پاش گۆڕینیان بۆ ئامێرێکی جەنگی و بزواندنی گڕێ شەڕانگێزیەکان تیایاندا لەدەرەوەی ئاگاداری خۆیانەوە.

٢٢- بەئاشکرا هەڕەشەی دەرەوە بۆ سەر ئەم ئەزموونەی ئێستای خواروی کوردستان لە کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی (تورکیا، ئێران، سوریا)دا دیارە کە عێراقیش لایەنێکی سەرەکی و کەڵک وەرگرە تیایدا، چونکە بەردەوام خاڵی سەرەکی کۆبوونەوەکانیان دووپاتکردنەوەیە لەسەر یەکێتی عێراق و دابەش نەبوونی و چاودێریکردنی ڕووداوەکانی کوردستانەو ڕێگەگرتنە لەبەردەم گەشەسەندنیدا بۆ ئاستێکی بالاتر لەوکارگێڕییە کاتییە. ئەمە جگە لەوەی بەردەوام لەساتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە ڕۆڵی پیلانگێڕی هەردوو لایەنی تورکیا و ئێران بەئاشکرا دەرکەوت لە قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکان و خولقاندنی هۆکارەکانی تێکشکانی ئەزموونەکە لە ناوەوەی خۆیدا بەڕووکەش تەقەلای هێمنکردنەوەی وەزعی کوردستان.

٢٣- لەپاڵ ئەم لێکدابڕاندنەی کۆمەڵگەی کوردی و تێکشکانی یەکە خێڵەکیەکانی تا ئاستی گروپی کرێگرتەیی بچوک بچوک، لەلایەکی ترەوە هەمان چارەنووسی ترسناک ڕووبەڕووی پێکهاتە دژەکانی دەسەڵات بووە، بەڕادەیەک

لە دوای هێرشی ئەنفالەکانەوە جگە لە هەندێ مەفرەزەی بچووک کە لە ناوچە سەختەکاندا مابوون، ئیتر جوڵەی سیاسی کوردی ئەو قەبارە ڕێکخراوەیی و یەکدگیرییە جەنگاوەرییەی لەدەستدا بوو وە تەنها بوویبووە دەنگێکی نارەزای لە مەنفاکاندا کە بەهۆی لەدەستچوونی پانتایی جوڵەی ئەکتیڤی خۆیەوە بوارێکی لێکنزیکبوونەوەی خستەوە بەردەم خۆی لەگەڵ یەکە لێکپچڕاوەکانی تردا کە ببێتە قەوارەیەکی پاراستنی خودی نەتەوەیی خۆی بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی دەرەوە، لە پانتاییە فراوانەکەندا ستراتیژی فەنابوونی شوناسی نەتەوەیەتی پیادەدەکرد؛ لە ووتارێکی درێژدا ناوی(ستراتیژی کوردقڕان)م لێناوە.

٢٤- من پێشتر لە زنجیرە ووتارێکدا، پاش سەرنجدانی ئەو پەیوەندییە شەڕانگێڕیانەی کوردی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو یەکەی دژبەیەک دەبرد لە ناو گەرمەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەو هاوارە شێتانەییەی لەو دیو هەستی گەنجەکانەوە دەردەپەڕییە دەرێ و پاش ڕووداوەکانی تر، لەگەڵ چەندین هاوڕێ نووسەری تردا پێشبینی کارەساتێکی جەرگبڕمان دەکرد، وە من ئاستی ئەو پەیوەندیانەم بە جوڵەی پەلهاوێژی ستراتیژی خێڵ ناونابوو. لەڕاستیدا شەڕی ناوخۆی کوردستان کارەساتێکی چاوەڕواننەکراوبوو بۆ گشت، بۆیە کەسمان دڵخۆشنین بە بەرجەستەبوونی پێشبینیەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە مەرگی ووشەو لەخاچدانێتی لەپێش هەموو شەڕەکاندا، چونکە تائەم ساتەوەختە ووشە لاوازترین هۆکاری کارلێکەرییە لە کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتەی دەسەلاتی داخراوی وەک کوردا کە فیکر توانای ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و ڕێگەگرتنی لە ڕوودانی تراژیدیاکاندا نییە، بەڵکو تەنها وەکو هاوارێکی کپکراو دەمێنێتەوە، کەبەر دەروازەی ژەنگاوی داخراوی عەقلی دۆگمای ئەو سیاسیانە دەکەوێت کە بۆساتێکیش گوێیان لەو چەندین کڕوزانەوەو پاڕانەوەی ڕۆشنبیران نەگرت و لەناو میراتیەکی کەڵەکەبووی وەهمی مێژوویدا نەهاتنەدەرێ.

٢٥- بوونی سالاری (سیادە)، وەکو چەمک و قەوارەی دەوڵەت ئەگەرچی لە شێوە ناکامڵ و ڕۆژهەلاتیەکەشیدا ببێت لە سەخترین باری پێکدادانی هێزە دژەکانی ناوخۆیدا، هێشتا ئەو قەوارەیە وەکو یەکەیەکی دەسەلاتی چەسپاو بۆ دەرەوە دەپارێزێ ئەگەرچی ببێتە یەکەیەکی ناسەقامگیری و هەمیشە بابەتی دەستێوەردانی دەرەوە. لێرەوە دەکرێت شەڕی ناوخۆی کوردستان لە هەمان شەڕی ناوخۆی دەوڵەتێکی ئەفغانستان، هین، ڕواند، لوبنان،... هتد جیابکرێتەوە بەوەی کە ئەم دەوڵەتانە سەرباری هەموو خوێنڕشتن و توندوتیژییەکی بەردەوام، بەڵام قەوارەیەکی دەوڵەتیان هەیە کە پێکدادانەکان تیایدا ڕوودەدات؛ واتە شوناسێکی پارێزراویان هەیە، بەڵام مەترسی کوشندەی شەڕی ناوخۆی کوردستان لە لەناوچوونی ئەو شوناسەشدایە، نەک وەکو قەوارەی دەوڵەت کە نییەتی، بەڵکو وەکو شوناسی نەتەوەیی کە ئەو پێکدادانە لە ئاستی لێکدابڕینی شوناسیدا لێکیجیادەکاتەوە.

# «میتا ـ فیگور» و «دەسەڵاتی ڕەش»
# - هەوڵدانێک بۆ «سیناریۆ ـ کێشانی» تابلۆ -

شەماڵ عومەر

-١-

«ماسیگرە مردووەکە» ، یان پانتایی ئێرۆتیک؟



* ئەم تابلۆیە بەرهەمی هونەرمەند «دارۆ»یە کە لە ڕۆژی ٢٢-١٠-١٩٩٤ تا ١٥-١-١٩٩٥ لە مۆزەخانەی (Völkerkunde) لە شاری «ڤییەنا» پیشاندرا.
«ئەکریل لەسەر کارتۆن «٧٠/١٠٠»

-٢-

کێ دەجوڵێ؟ چی دەجوڵێت؟

-٣-

بیر لەوە دەکەینەوە کە دەیبینین، یان ئەوە دەبینین کە بیری لێدەکەینەوە؟

-٤-

کۆی گوتارەکەمان بە کردنەوەی «کۆدەکانی» ئەو سێ پرسیارە و دەرکەوتەکانییەوە گرێدراوە.
هەر لێرەشدا بۆ پەیوەندیبەستن بە ناوەندی تابلۆ و نزیکبوونەوە لە سنوورەکانی ئەو پرسیارانە، ئەوا یەکەمین هەنگاومان لە چەمکەکانی «ئەتەلە» (١) و «پێشانگاوە» هەڵدەمێنین.

* * *

* چەمکی «ئەتەلە» بە زەمەنی «پێکهێنانەوە» پابەستە، ئەو ساتانەن «من»ی وێنەکێش ئامادەکانی بۆ نێو رووبەرێکی دی دەهاوێژێت؛ کە ئەویش «لاین ڤاندەسە(٢).
جەنگێکی وێنەیە، تیایدا ماتریالە هەڵبژێراوەکان لەژێر دەسەڵاتی «هونەرمەند» دا بەگژی «لاین ڤاند» دا دەچن و «پانتایی بۆش» داگیردەکەن، دەیخولقێنن، دەیرمێنن و پێکیدەهێننەوە.
ئەم پێکدانە، یەک مەودایی نییە، چونکە لە تەک هونەرمەندا توانستی ماتریالەکانیش لە کەرداﻥ، لە نێو هەناوی یەکدیدا کاردەکەن.
ڕەنگ، ڕەنگ دەکوژێنێتەوە، تۆن بونیادێکی تر دەبەخشێتە ڕەنگ، هەر ڕەنگ خۆی لەنێو سیستەمەکەی خۆیدا، ئامادەگی خۆسڕینەوەو خۆ بەلقکردن و خۆ بە پێکهاتەیەکی تری هەیە. ئامادەگی ڕەنگ «نادیار» بە «دیار» و «دیاریش» بە «نادیار» دەکات. هەر ئەم ئامادەگییە فلچە بە «منی وێنەکێش» قەڵەو دەکات و باریکی دەکاتەوە. فلچەی پێ تووڕەدا، دەست و پەنجەکانی دەخاتەگەڕ. بەم سنوورەشەوە ناوەستێ، پەنای پێدەباتە بەر کەرستە ناهونەرییەکان. چەقۆ، شپاختڵ، هەروەها سەتڵ و پرژاندن لە دوورەوە. کەواتە «ئەتەل» ئامادەگی هونەرمەند و خستنەکاریی ئامادەگی ڕەنگیشە.
هەر لەنێو ئەتەلەدا دوو جوڵە کاردەکەن؛ لە یەکەمدا گەردوونی فەنتازیای هونەرمەند، گەردوونی فانتازیایەکی ڕەهایە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی یەکەمەو هەموو شتەکان دەبزوێنێ، بەڵام دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنەر، بۆزەتیڤی. جووڵەی دووەم، جوڵەی چاولێکنانی دەسەڵاتەو بەجێهێشتنی تابلۆیە لە نێو «ماڵی ئەتەلە»دا.
بەم جوڵەیە جەنگە وێنەییەکە دەگۆڕدرێ بۆ زەمەنێکی بەسەرچوو، مێژوویەک دەخوڵقێ کە مێژووی «پێکهاتووەکەیە»، مێژووی «وێنەکردن». ئەو مێژووەیە کە «تابلۆ» دەبێتە بینراوێکی بینراو. دەشێ بڵێین «چەمکی ئەتەلە» سەبارەت بە «چەمکی» «پێشانگا» دەبێتە کردەیەکی «ڕابردوویی»، هەڵدانەوەی «بیۆگرافیای هونەرمەندە».

* * *

* «پێشانگا»، جوڵەیەکی ترە... جوڵەی «منی بینەر - چاودێرە» کە دوونیایەک ئاست بەرهەمدەهێنێت. پێشانگا دەبێتە ئەو پانتاییەی کە «بینینی من» بە «تابلۆ» دەکات و پەیوەندییەکانی دەبەستێ.
هەر ئەمەشە وادەکات کە «چەمکی پێشانگا» لە بەرامبەر «چەمکی ئەتەلەدا» ببێتە «کردەیەکی ئێستایی». ئەم «ئێستاییە» دەکرێ لە دەرەوەی «پێشانگاشدا» بە ئاکامبێت، واتە لەهەر شوێنێک کە «تابلۆ» خۆیمان پیشانئەدا. هەر لێرەشدا «بینین» و «سەیرکردن» دەخوڵقێت و دەبێ ئێمەش وەکو دوو کایەی جیاواز قسەیان لەسەربکەین.

* «سەیرکردن» کردەیەکە ئامادەگی خۆی لەسەر سرینەرەی «پێکهاتن» بونیات دەنێ. هەڵچنینی دیوارێکی زەبەلاحە لەبەردەم تابلۆداو دەمەتەقێییەکی سانایە لەمدیووی تابلۆوە.

«سەیرکردن» پرسیارکردنە لە هونەرمەند کە دەیەوێت بڵێ چی و هەروەها وابەستەییە بەو واتایەوەی کە لەوەویێش لە «چەمکی ئەتەلە»و، گەرمکیەتی لە سنورەکانی ئەو «رابردوویی»یەوە «تابلۆ» دەستەمۆ بکات.

تاوتوێکردنی ئەم دێرانەی سەرەوە دەمانخاتە سەر ئەوەی بڵێین هەر قسەکردنێک لەسەر «تابلۆ» کە لەبواری فاکتۆرە دەرەکییەکانەوە بە ئەنجامدێن، ئەوا قسەکردنە لەو «مێژووە» کە «مێژووی هونەرمەند» خۆیەتی.

روونتر بڵێین، بەستنەوەی تابلۆ بە کایە ژینگەییەکانەوەو وەکی تریش کاریگەری ئەم کایانە بۆ سەر تابلۆ، ئەوا بە«ناوەندێک»دا تێدەپەرێت کە هونەرمەند خۆیەتی.

کەواتە «ئەتەلە» تەنیا ئاراستەکردنی ماتریالەکان نییە، بەڵکو ئامادەگی «خود»ی هونەرمەندیشە کە چۆن شتەکان دەبینێت و چۆن بینراوەکان «رووداوەکان ـ ساتەکان» بە «بینراو» دەکات.

لێرەوە «سەیرکردن»، پرسیار لە «تابلۆ» ناکات کە چۆن کایەکان دەبینێت، بەڵکو درێژکردنەوەی هەمان (چەمکی ئەتەلەیە). بۆ ناو «پێشانگا»و گومانی ئەوەش ناکات کە ئەوەی هونەرمەند «گوایە دەیبینێت»، تابلۆش هەمان شت دەبینێتەوە، یان دوو دونیای جیاوازن.

* «بینین» پرۆسەی بەرهەمهێنان و لەدایک بوونی تابلۆیە.

لە «بینین»دا ئێمە وەکو «بینەر» دەخرێینەوە جێگای خۆمان و «تابلۆش» شوێنە راستەقینەکەی خۆی بەدەستدێنێتەوە، ئەو جێوشوێنەی کە «بیۆگرافیا» دەیەوێت و کاردەکات بۆ زەوتکردنیان.

پرسیاری «بینین» پرسیارە لە «پێکهاتەکان»، «وێنەکان» کە چۆنمان دەبینن، یان چۆن پەیوەندییەکانی خۆیان دامەزراندووە، ... تایبەتمەندییەکانی تابلۆ جیادەکاتەوە، دەناسێتەوە.

لەم دەرکەوتنەشدا، یەکەم سات کە «بینین» دەناسێنەوە، ساتی «دابرانێتی» لەتەک «چەمکی ئەتەلەیی»دا.

یەکەمین دەرەنجامیشی بە «مەرگی بیۆگرافیای هونەرمەند» دەشکێتەوە گەر «سەیرکردن»(٣) بەو پێیەی ئاماژەمان بۆکرد، خوێندنەوەی تابلۆ بێت لە بواری ژیانی هونەرمەندو کایەکانی ترەوە، ئەوا من لێرەدا ئەم جۆرە ئاراستانە بە«چەمکی ئەتەلەیی» یان «خوێندنەوەی ئەتەلەیی» ناو دەنێم. کەواتە «بینین»: مەرگی ئەتەلەیەو لە دایک بوونی تابلۆیە.

* * *

-٥-

«بینینی تابلۆکەی ( دارۆ ) ◄ دەرەوەو ناوەوەی پێکهاتن.»

لێرەوە راستەوخۆ پەیوەندییەکانمان بە «تابلۆ»کەوە دەبەستین و هەوڵئەدەین پێکهاتەکانی ببینین.

«بینین» بەگشتی بۆ کاری هونەری و تایبەتیش بۆ ئەم «تابلۆیە» «چونکە بواری پراکتیکمانە» دووچاری کێشەیەکمان دەکات کە ناکرێت سەرپێیلێیبروانین و دەبێ بیخەینە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

ئایا «بینین» لە دەرەوەی پێکهاتە وێنەییەکە، یان لەنێو پێکهاتە وێنەییەکە خۆیەوە؟!

هەڵبەتە جۆری پرسیارەکە «بینینمان» بەدوو ئاست پێیدەناسێنێت و دەکرێ بۆ ئەم دوو شێوەیە دابەشی بکەین:

١- بینین لە «دەرەوە» بۆ «ناوەوە».
٢- بینین لە «ناوەوە» بۆ «ناوەوە».

تێبینی: مەبەستمان لە «دەرەوەو ناوەوەی» پێکهاتەکەیە، واتە هەر لەنێو سنوری تابلۆکە خۆیدا.

* * *

*بینین لە دەرەوە بۆ ناوەوە:

ئەم وێنەیە لە چەند پێکهاتەیەکی جیاوازدا دەردەکەون و گشتی تابلۆ کە پێکدەهێنن. (بڕوانە تابلۆکە).

١- کۆی جەستە:
بارستەی مرۆڤ - بارستەی ماسی - بارستەی ماسی.
- لەم فۆڕمەدا لێکچواندنێکی ئاسایی دەبینین لە نێوان «بارستەی مرۆڤ» و «بارستەی ماسی» دا، ئەویش لە بزربوونی بەشێکیاندا. لەهەمان کاتدا ئەم لێکچوونە لەدوو پێکهاتەی جیاوازدان، واتە «مرۆڤ ـــ ماسی».
- دیسانەوە لێکچواندنێکی ئاسایی تر لە نێوان «بارستەی ماسی» و «بارستەی ماسی» دا دەبینین، ئەویش بە لێکچوونی هەمان پێکهاتەیان، واتە «ماسی ـــ ماسی». وەکی تریش بە جیابوونەوەیان لە یەکتری، واتە ماسی یەکەم بەشێکی بزرە، ماسی دووەم بارستەیەکی تەواوە.
کەواتە ئەم سێ بارستەیە لەنێو سیستەمی (لێکچوون - جیاوازی)دا بونیاتنراون.

٢- کۆی ڕەنگ:
بارستەی سوور - بارستەی ڕەش - بارستەی سپی.
- لێکچوونی ئەم سێ بارستەیە، بەپێ ی «پێکهاتەی بارستایی» لە تابلۆدا، وەکو سێ یەکەی ئەبستراکتی خۆیانمان نیشاندەدەن واتە لێکچوونەکە، لێکچوونی «مۆنی - تۆنی ڕەنگە» و جودایشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەخشەی یەکەی ڕەنگەکان.
لەم کۆیەشدا، دیسانەوە (لێکچوون - جیاوازی) دەردەکەون.

٣- کۆی تەواوکەرییەکان
ئەم کۆیەش دیسانەوە لە سێ بارستەدا دابەشبوون، گەر لە «ڕاست و چەپی» خۆمانەوە بڕوانین، بەم شێوەیە دەردەکەون:
بارستەی ڕاست - خوارەوە، بارستەی ڕاست - سەرەوە، بارستەی چەپ - سەرەوە.
- ئەم سێ بارستەیە بەپێ ی بەهای «ڕووبەرێتی تابلۆ» نەک بەپێی «داڕشتنەوەیی تابلۆ»، لە سێ یەکەی ڕووبەرییدا خۆیانمان پیشان دەدەن، کە بە«بچووک - گەورە - گەورەتر» ئاڕاستەدەبن.
- بونیادی تەواوکەریی، بونیادی لێکچواندنی بارستەکان پێکدەهێنێت.
- ئەگەر خستنەکاری ئەم سێ بارستەیە بۆ هێنانەدی یەک کردەی «تابلۆیی» بێت، ئەوا (تۆنەکان و پلەتۆنەکان و پلەی بارستەییان) سەرجەم دەگەنە پلەیەکی تیژی جیابوونەوە، ئەمجارەیان لە نێو «بەهای داڕشتنەوەییدا» نەک «ڕووبەرێتیدا».
بۆ نموونە:
* لە بارستای «ڕاست - خوارەوە» تۆنی سپی و پلەتۆنی و هێڵە ڕەنگی، لە پێکهاتەیەکی ئاسایی فلچەییدا خوڵقاون.
* لە بارستەی «ڕاست - سەرەوە» پلەتۆنی و هێڵە ڕەنگی لە پێکهاتەیەکی نائاسایی «مەبەستدار» دا ئاڕاستەبوون، سەرەتا وەکو جۆرێکی «پرژاندنی خۆیی» لەژێر جوڵەی «شلی» ڕەنگدا دەناسرێن. بەڵام پاش لێخوردبوونەوەیەکی تەواو، ئەوا ئەم «جوڵە شلەی» ڕەنگ بۆ جوڵەیەکی «ڕەق» دەگۆڕێت.

بەو مانایەی کە «ڕژاندنەکە» بە شێوەیەکی ئەستوورو ناسروشتی دەردەکەوێت کە بەهۆی جوڵەی مەبەستداریی «فڵچەییەوە» خولقاوە. بۆیە دەکرێ لێرەدا بە «تکاندنەوەیەکی مەبەستدار» ئاماژەیبکەین.

*لە بارستەی «چەپ ـ سەرەوە» پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی دی دەردەکەون، واتا «پلەتۆن و هێڵە ڕەنگییەکان» لەنێو پلەیەکی «گرژبوون»دا بەهای سەرەکی و ڕەسەنی تۆنەکان دەسڕنەوە.

هەڵبەتە ئەمەش وەکو بەهای بارستەکە خۆی و زیادبوونی «شین» بۆ نێو ڕووبەرەکە لەلایەک، لەلایەکی دییەوە خستنەکاری ئەم بەشە کە بەهۆی بوونی «بارستەی ماسی»یەکەوە تیایدا، جۆرێک «باگراوندی» وەرگرتووە. ئەگەر دەسەڵاتی «ڕەش» ئەبوایە کە سنوری ناسینەوەی «بارستەی ماسییەکە» دەستنیشاندەکات و، وەکو «هێڵیش» لە نێو بارستەکەدا کاردەکات، ئەوا پلەی گرژبوونەوەکە بارستەی ماسییەکەی دەسڕییەوە.

کەواتە «ڕەش» خستنەکارێکی تایبەتییەو پاشان دێینەوە سەری.

ئەم بارستانەش بەهەمان شێوە لە نێو «لێکچوون و جیاوازیدا» کاردەکەن.

* * *

تا ئێرە دەگەینە ئەوەی «تابلۆ» لە «سێ» بارستەی سەرەکییدا کۆیکەینەوەو، هەر یەک و لەو بارستانەش بە«سێ» بەشە بارستەی ترەوە دابەشبکەین.

بەم پێیە پەیوەندییەکانی تابلۆ لە نێو پێکهاتەی «سیانەییدا» دامەزراوەو بەپێی سیستەمی (لێکچوون و جیاوازی) کاردەکەن.

* * *

لەم میانەیەدا، بینینی دەرەوە بۆ تابلۆ، ئەوا «ناونیشان» تەفسیرێکی تایبەتیمان پێدەبەخشێ و لەباسی پێشووماندا بە«دەسەڵاتی پەراوێز» ئاماژەمانکرد.

* ناونیشان/ دەسەڵاتی پەراوێز.

«ئەوە گرنگ نییە، گەر هونەرمەندان بیانەوێت یان نەیانەوێت کارەکانیان تەفسیر بکرێت» (٥).

ڕەنگە ئەوەش بەلای هونەرمەندەوە گرنگنەبێ، کە چۆن کارەکانی تەفسیردەکرێن. بەڵام ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگە، کە هونەرمەندیش لە پەراوێزەوە جۆرێک لە «شەرح»کردنی تابلۆکەی بەسەرماندا ئەسەپێنێت.

ناونیشانی ئەم تابلۆیە ئاماژەدەکات بۆ «چیرۆکێک» کە هونەرمەند خۆی دەیزانێ و بەشێوەیەکی دیارو ناسراو لە «دەقی تیتڵ»دا بە «ماسیگرە مردووەکە» نووسیوێتی (٦).

ئەم نووسینە بۆ ئێمە نادیارە، واتە «ماسیگرێک مردووە»، لەتەک ئەم دیارو نادیارەی ماسیگرەکەشدا، ئەوا کردەیەکی ئەنالۆگی لەلای ئێمە دەخولقێنێت، «باشتر بڵێم دەخولقێنرێت» کە هیچی کەمترنییە لە ئەنالۆگی ناونیشانی تابلۆ کلاسیکییەکان لەتەک بابەتەکانیدا، ئەگەر «لادان»یش ڕوویدابێ، ڕووتکردنەوەی بابەتەکەو شکڵی دەربڕینێتی.

گەر لەم «ناونیشانەوە» پێهەڵگرین، ئەوا پێش وەختە «قفڵ» لە تابلۆ دراوەو بمانەوێ و نەمانەوێت «سەیردەکەین»و شوێن تەواوبوونی چیرۆکەکە دەکەوین.

واتا، لە سنووری پێکهاتەکانی تابلۆ دەردەچین و بەپێی توانستی فانتازیمان جێپێی ڕووداوەکە هەڵدەگرین.

لێرەدا گەرەکمان نییە لە سایکۆلۆژییەتی «سەیرکردن و سەیرکەران» بدوێین و کێشەی دەقەکەمان نییە.

ئەگەر ئەم تابلۆیە ناونیشانی «من» یان «خەون» بوایە، هەڵبەتە بەدیدمیەکی ترەوە شوێن کردەی دەلالی دەخستین و دونیایەک چەمک و واتامان دەهێناو دەبرد. بەم پێیە «ناونیشان» بەسانایی ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئێمە بەپێی پەراوێز لەسەر تابلۆ قسەبکەین و لەوێشەوە بۆ ناوەوە.

لێرەدا پرسیاری ئەوە ناکەین ئایا «ناونیشان» لە پێش وێنەکە ئامادەبووە، یان پاش تەواوبوون، گومانی ئەوەش ناکەین کە ڕەنگە لە نێوان ئەم «پێش» و «پاشەدا» حاڵەتێکی تر هەبێ و ئێمە نایزانین.

* * *

بەهەرحاڵ، ئێستا لەبەردەم «دەرکەوتنێکدا» دەبزوێین، تابلۆیەکەو ناونیشانی لاشەیەکمان پێدەڵێت. لە لایەکی دییەوە «زەقترین» بارستەی تابلۆکە «مرۆڤێکە»و وەکو «لاشەیەک» خۆیمان پیشانئەدات.


* * *

* ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەم شێوە پێکهاتەیەوە (مەبەستم لاشەیە) بەرەو بونیاتی قوڵی نێو تابلۆ ڕۆبچین، بەپێی پێویست دەچینە سنوورەکانی بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەلالەتەوە.

بەم پێیە دەبێ بزانین «دەلالەت» بەچ شێوەیەک لەنێو پەیوەندی «دال» و «مەدلول» دا دەخولقێ، یان وەکی تر «نیشانە» لە نێو سیستەمی ئەم تابلۆیەدا «جیاوازی و لێکچوون»، چۆن و لەچ «ناوەندێک»دا خۆیمان پیشانئەدات؟

بۆ گرێدانی ئەو «سێ کۆیەی» ئاماژەمانکرد بەیەکدییەوەو نزیکبوونەوە لە دەلالەتی «گشتی» تابلۆکە، سەرجەمی ئەو پەیوەندییانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

هێڵکاری یەکەم:





* لەم دەرکەوتەیەدا هێڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە درێژ دەبنەوە:




پێش ئەوەی پەیوەندییەکانی دووەمی تابلۆ ئامـاژە بکەین، ئەوا دەشێ هـەڵوێستـەیەک بکەین و چەند وورده پرسیارێک بوروژێنین:
ئایا پەیوەندیەکانی نێو تابلۆ «دەلالەتی مـەرگ/ ژیان» دەخولقێنێ، یان کـاریگەری «ناونیشـان» ئاراستەماندەکات؟! یان وەکی تر سـەختی پێکهاتەی وێنەیی وامـانلێدەکات جۆرێک لە فەنتـازیای «دەلالەت» دۆزینەوە بەگەڕبخەین؟!

هێڵکاری دووەم:





* لەم دەرکەوتەیەدا هێڵەکان بەپێی سترۆکتۆری هێڵکاری یەکەم بەم شێوەیە درێژ دەبنەوە:




لێرەشدا دەگـەینەوە هـەمـان دەرەنجامـەکانی هێڵکاری یەکـەم و، دەشێ هـەمـان پرسـیاریش دووبارە بکەینەوە.

هێڵکاری سێ یەم:




* بەپێی ستراتیجییەتی تەواوگەری، هێڵەکان بەم شێوەیە درێژ دەبنەوە:




* * *

* پێش وەختە ئاماژەی ئەو خاڵە گرنگەمان کرد کە «پێشانگا» پەیوەندییەکی جەدەلییە لەنێوان «بینەرو تابلۆ» دا، بینەریش تەنها بەجۆرێکی سەپێنراوی بینینەوە نەبەستراوەو سەربەستە لە هەڵبژاردنی جۆری بینینە جیاوازەکانی تابلۆدا.

من لێرەدا مەبەستمنییە جۆرێک لە ڕاهێنان و گەمەی بینین و کاتیگۆرییەکانی لەتەک خوێنەری ئەم گوتارەماندا بسازێنم، ئەویش بەگەیشتنم بە دەرەنجامێک و پاشان هەڵوەشاندنەوەی لە بواری دەرەنجامێکی دییەوە.

ڕوونتر بڵێم، بینینی تابلۆ لەو شێوە پێکهاتەیەوە، دەمانگەیەنێتە بەرهەمهێنانی ئەو دەرکەوتەو دەرەنجامانەی کە لە هێلکارییەکاندا پیشانماندان.

بە لێخوردبوونەوەمان لەو دەرەنجامانەو پاشان هەوڵدان بۆ گرێدانەوە یان بە تابلۆکەوە، یان وەکوتر دووبارە بینینەوەی تابلۆ لە بواری ئەو دەرەنجامانەوە، ئەوا دووچاری دژوارییەک دێین. بەمانایەکی دی، ئەو ئاستانەی لەم بینینەدا پێیدەگەین، گرێدانی تابلۆیە بە کۆمەڵێ سەرەنجامی ترەوە کە لەنێو پێکهاتەی ناوەکی تابلۆدا، نابزوێن.

* ئەمە بۆ چی؟!

پێش هەموو شتێ دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە بینینی ڕەنگ پەیوەستە بە بینینی تابلۆوە، یان ڕەنگ بە چەمکی تابلۆوە.

وێڕای ئەمەش گەر ئێمە زنجیرەیەک یەکەی شکڵی و دەلالی نەبینین کە پشت بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان« ئەسڵ و وێنە» ببەستێ، ئەوا ئەم تابلۆیە لە دەرەوەی (بونیادتی گێڕانەوەو زەمەنە ڕەهاکان بەکار خراوە) (٧) بەپێی دەربڕینی ماکس ڕافائیل.

بەم پێیە لە نێو «لادان و ڕاماڵینی» هونەرییدا کاردەکات و یەکەمین و بالاترین ساتی «مۆدێرنیزم»یش لەوێوە پێهەڵدەگرێت، کە «ڕەنگ لە ڕەنگی شتەکان جیادەبێتەوە» ـ٨ـ.

گەر پلەیەک لە شیعرییەتی قەسیدە لە تێکشکاندنی زمانی ئاساییدا بخولقێت و، لەو بێرە وتراوەشەوە جیابوونەوەی خۆی لە دەلالەتەکانی زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە بەیانبکات، کە شیعر شتێک دەڵێ و مەبەستی شتێکی دیکەیە، ئەوا ئەم تابلۆیەش بەهەمان قورسایی لادانی خۆی بەیاندەکات و دەکرێ لەبری «شیعرییەت»، «تابلۆییەت» یان وەکی دی بە «تابلۆبوون» دابنێین.

لەتەک ئەمەشدا ناتوانین هەمان ڕێساو سیستەمی زمانی ئاسایی بە زمانی تابلۆو پێکهاتنی ڕەنگ بچوێنین، بەو مانایەی کە ڕەنگ وەکو پلە تۆنییەکانی بە «فۆنیم» و ئاستی نادەلالی - و تۆنە ڕەنگییەکان لە پێکهاتنیاندا بە «مۆنیم» و ئاستی دەلالی - حیساب بکەین. (ئەمەو جیاوازییەکانی تری سیستەمی زمانی ئاسایی لە زمانی تابلۆ کە لێرودا بواری ئەوەمان نابێت ئاماژەیانبکەین) (٨).

کەواتە گەر بە «مۆنیم» بوونی «فۆنیمەکان» دەلالەت لە زمانی ڕۆژانەو هەروەها نێو قەسیدەیەکدا بخولقێنێت، ئەوا پلەتۆن لە دەرەوەی تابلۆو لە نێو تابلۆشدا وەکو «خودی ڕەنگ» نابێتە هەڵگر.

ڕەنگەکان لە نێو زنجیرەی پلەتۆنییەکاندا سیستەمێکی «داخراوە» بەڕێوەیان دەبات، بە گواستنەوەی بۆ نێو «تابلۆ» دەچێتە نێو بونیادێکی «کراوەوە»و هەر لێرەشدا کاری هونەریی بارستەو یەکەو هێڵ و کۆنتراسەکانی دەخاتەکار.

زمانی وێنەیی سەرجەمی کاری هونەری پێکدەهێنێت، لەهەمان کاتدا هەر تابلۆیەکیش سیمۆلۆژیای ڕەنگ و هێڵ و پێکهاتەی خۆی بەرهەمدەهێنێت، بەم پێیەش ناکرێ بینینمان بۆ فیگوراتیڤ، ئەبستراکت، ئەکتیسۆنەکان لەنێو هەمان پێشنەنجام و دەرەنجامەکاندا ببزوێ.

کەواتە ئێمە ناتوانین لە «نیشانە» بگەین تاوەکی ڕەگەزو پەیوەندییەکانی نێو تابلۆ بە سروشتی سیستەمەکەیەوە نەبەستینەوە.
ئامـاژە ناڕاستـەوخۆکـانی «یەکـەی شکڵی و یەکـەی دەلالی» ئەم «تابلۆ»یە لەو نیشـانەیەدا دامـەزراون کە پەیوەندییەکـانی «نموونەی یەکـەم و وێنە» تێکدەشکێنێ، هەر لێرەشـەوە دەتوانین جارێکی دی ببینین و یەکەشاراوەکانی تابلۆ لە پشت بارستە وێنەیییە هەمە جۆرەکانەوە بدۆزینەوە.
ئەم تێکشکاندنەی ئاماژەمانکرد، جۆرێک لە ئاڵۆزی تابلۆ پێکدەهێنێ و، هەر ئەمەشە وادەکات کاتێک بە «پانتاییە دەلالییەکان» ناگەین و دەستەوسانین بەرامبەریان، ئەوا پەنادەبەینە بەر «ماڵە چەمکییەکان» و بە سێنتراڵی تابلۆیان دادەنێین، یان وەکی تر «بونیاتی تابلۆ» بە «بونیاتی ئەتەلە» دەگۆڕین و، لەم مینایەشدا «فێڵی کەتەلۆک» و نووسینە وەهمییەکانی، ئەم کێشەیەمان قەیراناویتر دەکەن و پتر سەرمان لێدەشێوێنن.

*   *   *

* بینین لە ناوەوە بۆ ناوەوە:

تابلۆ دامەزراوێکی سەربەخۆیە، چنراوێکە لە پێکدادان و پێکگەیشتن. تابلۆ زمـانێکی وێنەیییە، سەر بە سیستەم و گراماتیکی خۆیەتی، وێڕای ئەمـەش هەر تابلۆیەک زمانی خۆی لە نێو هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ و کۆدەکانی خۆی دەخاتەکار.
لەم دیدەیەوە جارێکی دی دەگەڕێینەوە سەر تابلۆکە، ووردتر لەم پێکهاتەیە دەڕوانین و پێبەپێی هەندێک لەو پێدراوانەشی کە لەبەردەستماندان و ئاماژەمانکردن لە پەیوەندییەکانی نزیکدەبینەوە. لەم بینینەوە نەخشەی بوون و کردەی خوڵقاندنی دەکێشین و لقە نەبینراوەکان بەدیاردەخەین.
«کـاری هونەریی بەشـێکە لە جیـهان، کـاری هونەریی نابێتـە دەقێکی ڕووت و کۆمـێنتـارێک سەبارەت بەجیهان» ... «کاری هونەری دەربارەی شت نییە، چونکە خۆی شتە.(٩).
لێرەدا شـەرحی تابلۆ ناکـەین و دووی مانا لێکدانەوە ناکـەوین، گەرەکیشـمان نییە لە مۆراڵی تابلۆ بگەین، چونکە خۆی مۆراڵێتیە.
لەم گـەڕانـەوەیەدا، لە دینامـیـک و بونیـادنـانی سـیکتـۆری فـۆرمـەکـەیەوە دەجـوولێین، تاوەکی دینامیکی نومایشتەکەی ببینین.
کەواتە ئێمە بەدووی جۆرێک لە «ئێستاتیکا»دا ناگەڕێین، بەڵکو پرسیاری ئەوە دەکەین: ڕونگ چی بۆ «ڕەنگ» و «تابلۆ» دەکات؟!

*   *   *

-٦

* لاشە یان جەستە؟!

مـەرگ کۆتایی گوتارەکانە، دوا سنووری پاشەڕۆژی کۆمۆنیکاتسیۆنە، کە کۆمـانیکاتسیۆن «گەیاندن/ پێکگەیشتن» کۆژایەوە، پانتایی واتای نامێنێت. گوتار تەنها لە «پانتاییدا» بوونی هەیەو لە کۆمانیکاتسیۆنیشدا مانای تەواوی خۆی وەردەگرێت.
لەنێـوان ئەم ئاڵوگـۆڕو پێکەوەییـەدا، «نیـشـانـە» لە دایکدەبێ و دەخـولقـێت. لاشـە/ تەرم، نیشانەکانی ناسنامەی خود بەرەو بزربوون دەبات و پرۆسەی کۆمۆنیکاتسیۆن دەکوژێنێتەوە.
ئێمە بە «جەستە» دەژین و بەجەستەش ئامـاژەکانمان دەخولقێنین. بەڵام «لاشە» مـتمان دەکاو دیسانەوە دوا سنووری پاشەڕۆژییە بۆ سڕکردن و ڕژاندن و هەڵوەشانەوەی «جەستەمان».
«لاشە» ئامادەگی خۆی لە نائامادەگی «جەستە»دا بونیاتدەنێ.
(لاشە، خۆیشی «جەستە»یە، بۆگەنیکردووە، شیتاڵبووە. ئەو جەستـەیەیە کە «نەبوون» لەلای حاڵەتێکی پۆزەتیڤی دەبێ. ئەو جەستەیەیە کە لاشە تیایدا خۆی دەردەخات و هێدی هێدی خۆی

تەواودەکات.
ساتێ لاشەیەک دەردەکەوێ، چی دەبینین لەوە زیاتر کە پاشماوەیەکی جەستەیی ناسنامە بزربوو نەبێ)(١٠).
ئەو بزربوونەی تا ئەو ساتەش هیچ گرفتێک هێندەی زەبەلاحی ئەم گرفتە ناخاتەڕوو، بزربوونێک کە ئیدی توانای خۆی وەکو هەڵگری ناسنامە لەدەست دەچێت.
ترسی جەستە لە «لاشەبوون»، ترسی بزربوونی زمانە، نیشانەیە.

* * *

لە قەوارەی داهێناندا، دەکرێ «مردن، لاشە، تەرم، خۆکوشتن»، ببنە ئاماژەیەک بۆ شتێکی بزربووی تر، شتێک کە ئامادە نییە، واتە وەکو «نیشانەیەک خۆیانمان پیشانبدەن، نیشانەیەک بۆ دژە واقیع، دژە عەبەس، دژە تەنیایی، دژە دەسەڵات... ڕەفزکردن و نەفییەکی تەواو.
دەکرێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ببنە نیشانەی «نا ئەبەدییەت»، «فەنا» بوون. ئەمەش زۆرجار لە هونەردا ڕوویداوەو کە بونیاتی «فانیتاس مۆتیف» دەخولقێت و سیمبۆلیزیی «فەنا» دەکەن، بۆ نموونە: کەللە سەرێکی مردوو، کاتژمێرێکی بە «لم» بوو، یان «مۆمێکی کوژاوە».
«هاوار»ەکەی «مونخ»، ترسە لە تەنیایی، نامۆیوون، ڕمانی شارستانیەت و مەرگی خود، ئەمانە هەمووی یەک ئاماژەمان پێدەڵێن. سەرەڕای ئەوەشی کە ئەم تابلۆیە وەکو ساتێکی باڵای نوێخوازی و وەکو بونیادی تابلۆ شتێکی نوێی خولقاند. بەڵام «هاوار»ەکەی «فالی ئێکسپۆرت»(١١) ساتێکی نوێتری نوێخوازییەو ئاماژەکانی فرەدەلالی دەبن، ڕەنگە هاواری مردن بێت، ڕەنگیشە هاواری لەدایکبوون، ڕەنگە هاواری ئازاربێت، ڕەنگیشە هاواری چێژی سێکسی.
«ڕەنگە» و «بڵێ ی» و «ئەگەر»، بۆ کاری نواندنی ئەکتەرەکانی ستانسلافسکی دەبنە ئەو «وەهمە»ی خزمەتی پرۆسێسی کارەکتەر دەکەن. بەڵام بۆ بینینی تابلۆ ختورەیەکی گەورەن و لە ناوەندی پێکهاتەکەی دوورماندەخەنەوە.
بەمانایەکی دی سەرجەمی ئەو ئاماژانەی سەرەوە، چۆن و بەچ شێوەیەک لە تابلۆیەکدا جێگایان دەبێتەوە، یان چۆن و بەچ ڕێگایەک دەناسرێنەوەو ئاماژەدەکرێن؟

ئەوەی «ڕەنگە» و «ئەگەر» دەکوژێنێتەوە لە بینینی تابلۆیەکدا، ... بونیاتی تابلۆکەیەو بەستنەوەی کۆی بەشەکانێتی بۆ گەیشتن بەو بونیادە.
بونیاتی «فانیتاس مۆتیف» پەیوەنییەکانی تابلۆ دەیخولقێنێت. ناونانی ئاماژەکانی «مونخ» بەستنەوەی ئەو بارستە دیارەیە بەکۆی تابلۆوە. فرە دەلالی وێنەکەی (فالی ئێکسپۆرت)، دیسانەوە پەیوەندییە وێنەییەکە بەڕێوەیدەبات.
پێپەیی ئەمانەش، ناسینەوەی «لاشە یان جەستە» لە تابلۆکەی «دارۆ»دا، بەستنەوەی ئەو بارستە زەقەیە بە تابلۆ خۆیەوە.
بوونی «لاشە» کوژانەوەی پەیوەندییەکانە. بەڵام ئامادەگی لاشە لە تابلۆدا خولقاندنی پەیوەندییەکی نوێیە. بە مانایەکی دی: پەیوەندی بارستەیی، مەرجی بوونی «لاشە»یە لە تابلۆدا.
کەواتە لێرەدا دەڵێین: بوونی لاشە لەم تابلۆیەدا، بناغەیەکی گومانلێکراو پێشکەش بە پەیوەندییەکانی نێو تابلۆکەو نیشانەکانی دەکات.
وامان لێدەکات گومانێکی تەواو لە «بوونی لاشە» بکەین، گومان لە «وەهمیەتی لاشە»، لە «وەهمیەتی بینینی دەرەوە»، لە وەهمیەتی «ناونیشانی تابلۆکە».

* * *

لەم گومانەدا، «لاشە» نابێتە «فۆرم» بۆ شتێکی دیکە.
ئەم گومانە یەکەم هێڵی سیناریۆکەمان پێدەکێشێ و تیایدا «لاشە/ مردن» نابێتە «نیشانەیەک» کە لێومیەوە پێهەڵگرین.
بۆ پاڵپشتیکردنی «گومانەکەشمان» چەمکی فۆرم هەڵدەبژێرین و دیسانەوەی ئەم چەمکەش

دەبێتە ئەو ساتە گرنگەی کە بەرەو سێنترالّی باسەکەمان دەبات.

* * *

* «فۆرم» لەم بەکارخستنەماندا تایبەتمەندییەکی سەربەخۆو نیشانەی تایبەت بەخۆی دائەمەزرێنێت. وەکی دی تایەکی ئەو دابەشکردنە نییە کە لەپێکهاتنی «بارستە»یەکدا دەیناسین، واتە «ناوەرۆک/ شێوە»، چونکە ئەم «فۆرمە» خۆی «ناوەرۆک و شێوەی خۆی هەیە».
«فۆرم» پرۆسێسێکە لە نێو هەناویدا دوو دژ کاردەکات. بزربوونی هەر دژێک لەو دژانە، تەواونەبوونی «فۆرم»ەکەیە. ئەم دوو دژەش «پۆزەتیڤی و نەگەتیڤی»یە.
«فۆرم» هەڵگرەو گەڵگیراویشە.
هەڵگرە ◀ بەو مانایەی دەبێتە نیشانە بۆ شتێکی دی، دیسانەوە کۆی بەشەکانی پێکهاتەیەک دەخولقێنێت.
هەڵگیراوە ◀ واتە دەبێ شتێکی دی هەبێت کە ئەم بتوانێت خۆی لەسەر بونیاد بنێ.
تائێرە، بەهۆی «پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی» «هەڵگرو هەڵگیراوەوە» پێناسەیەکی دیارو کاتیمان بۆ «فۆرم» دەسگیردەبێ و لێرەیەوە دەروانینە پێکهاتە فیزوێلی و فۆرمییەکەی ئەم تابلۆیە یەکەمین شتێک کە سەرنجمان بەکێشدەکات دەرکەوتەکەیەتی کە لەبینینی دەرەوەدا بە«لاشە» دەناسرێ و، لەم دەرکەوتە نوێیەشدا بە «فیگور»(١٢).

* «فیگور» لەم بەکارخستنەماندا، نائاسایی کاردەکات:
«فیگور» ئامادەگی خۆی لە شاردنەوەی «جەستە»دا وەردەگرێت، بەلاّم ئامادەگییەکەی بەهۆی ئامادەگی «جەستە»وەیە. واتە لەتەک ئەوەش کە «جەستە» شاراوەیە، ئەوا ئامادەگیشی هەیە.
کەواتە «جەستە» پۆزەتیڤە بۆ «فیگور»، چونکە هەڵگرێتی. لەهەمان کاتدا «فیگور» نەگەتیڤە بۆ «جەستە»، چونکە دەیکاتە هەڵگیراوی خۆی و خاسیەتەکانی بە«ماتریال» دەبێت.
* لێرەوە «فیگور» دەچێتە نێو «فۆرمە»وە» و لەوسەرەوە (پۆزەتیڤ، نەگەتیڤ، هەڵگر، هەڵگیراو، جەستە، فیگور) لەنێو مانایەکی فراوانتردا یەکدی دەگرنەوەو لەپشت پێکهاتە وێنەییەکەی ئەم تابلۆیەدا کاردەکەن و، بە پێناسێکی نوێوە خۆیمان پێدەناسێنێت، ئەویش «ترانس ـ فیگورە»(١٣).
بەدەستنیشانکردنی بونیادی وێنەیی تابلۆکە لەنێو چەمکی «ترانس ـ فیگور»دا ئەوا دەرەنجامەکانی هێڵکاری ژمارە (١)،(٢)،(٣) لە نێو بونیادی تابلۆکە دووردەخەینەوە.
کەواتە «ترانس ـ فیگور» بە «فۆرم» بوونی جەستەیەو، خاسیەتی هونەریی و داهێنانی «دارۆ»یە لەم تابلۆیەدا.

* * *

-٧-

## کۆریۆگرافیای تابلۆ


بۆ تەواوکردنی «سیناریۆ»کەمان هەنگاوێکی دی هەڵدەهێنین و، لەنێو ترانس فیگورییەتی تابلۆدا ستراتیژییەتێکی زۆر گرنگ بەرەو ئەو رووبەرانەمان دەبات کە هێشتاوەکو نادیارن، ئەویش «ستراتیژییەتی کۆریۆگرافیایە».
بەها و گرنگی کۆریۆگرافیا لەم تابلۆیەدا لەدوو ئاستا خۆیدەنوێنێ:
لەلایەکەوە وامان لێدەکات کە گواستنەوەو جوڵەی بارستەکان لە دارشتنێکەوە بۆ دارشتنەوەیەکی دی ببینین، لەلایەکی دییەوە «سێ کۆیەکەی» کە لە سەرەتادا لە«بینینی دەرەوەدا»

ئاماژەمانکرد، دەکاتە «لق»(١٤).
واتە:
(لقەفیگور - لقەڕەنگ - لقەتەواوکەری)

* * *

کۆریۆگرافیای ئەم تابلۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەکێشین.
تێبینی: بڕینی ئەم بەشانەی تابلۆ پەیوەندی بەشکڵی بڕینەکەوە نییە، واتە دەلالەتی سێ گۆشە، بەڵکو پێشاندانی مەودای کۆریۆگرافیاکەیە.


هێڵکاری چوارەم:




تێبینی:

لقەفیگوری یەکەم ـــــ ◀ بارستەی مرۆڤ
لقەفیگوری دووەم ـــــ ◀ بارستەی ماسی
لقەفیگوری سێ یەم ـــــ ◀ بارستەی ماسی.
ڕووبەرێکی نادیار ـــــ ◀ (.................)

«جوڵە» لەم هێڵکارییەدا ئەو جوڵە ئاساییە نییە کە «کردەی بینین» لە ژێر کاریگەری (تەعبیر لە زەمەن)دا دەیخولقێنێت، بەڵکو گواستنەوەی بارستەکانە بە کەناڵی «لقەفیگورەکاندا» تاوەکو دەگاتە ئەو «ڕووبەرە نادیارانەی» کۆی جوڵەی تابلۆکەی بۆ ئاماژەدەبێت.
بۆ پتر ناسینەوەی کردە «کۆریۆگرافیا»کەی تابلۆو پێکهاتنی، ناکرێ تەنیا لە نێو جوڵەو ئاڕاستە دیارەکانی بارستەکانا ببینین، واتە ئەو دوو ئاڕاستە جوڵەییەی لقە فیگوری (دووەم و سێ یەم) پیشانیئەدەن.




گەر لەم دوو هێڵە تەریبەی ئەو دوو پێکهاتەیەوە جوڵەی تابلۆکە لە نێو «کۆریۆگرافیا»دا بناسین، کێشەکە بەجۆرێکی دی خۆی دەنوێنێ و لەتەک ئەمەشدا سەرجەمی واتاکان دەگۆڕێن، لەلایەکی ترەوە دەکەوینە هەندێ ئیشکالیەتی دییەوە کە لەئاراستەی کۆریۆگرافیاکەمان دوور دەخاتەوە.
پێش ئەوەی «ڕووبەرە نادیارەکە» ئاماژەبکەین، پێویستە چۆنیەتی گواستنەوەی بارستەکان بزانین، چونکە جوڵەی کۆریۆگرافیاکەمان پێدەناسێنێت.
دەکرێ لێرەوە بڵێین: جوڵەی بارستەی لە بواری ئەو پێکهاتنانەوە خۆیان دامەزراندووە کە لەنێو «لقە فیگورەکان»دا ئاراستەبوون.
ئەو پێکهاتنانەش بەهۆی «وێنەی ئاوێنەییەوە» (١٥) خولقاون کە پرۆسەی کۆریۆگرافیاکە بەجێدەهێنێت.

* * *

«وێنەی ئاوێنەیی» لە نێو بونیادی ئەم تابلۆیەدا پەیوەندی «من»نییە بە «منەوە» یان بە «ئەوی»دییەوە. باسی ئاوێنەش ناکەین وەکی «نامۆبوون لە جەستە»، «دۆزینەوەی خود»، «تێکشکاندنی خود».
ئەو پرسیارانەش ناکەین کە «جەستە کێیە لە ئاوێنەدا»، «من کێم لە ئاوێنەدا»، «من کێم لە ئاوێنەی ئەوی دیدا»، «ئەوەی لە ئاوێنەکەدایە منم، ئایا ئەوەی ناو ئاوێنەکەش منم؟».
ئاماژەکانیشمان بۆ «ئاوێنە» وەکی بارستەیەکی پشت داپۆشراویش نییە، بەڵکو دەرکەوتنەوەی «یەکە بینراوەکانە» کە لەبواری ڕەنگەوە دەناسرێت.
ئاوێنە لەم بەکارخستنەدا هیچ پانتاییەکی دەرەوە ناباتە نێو تابلۆوە، ئۆتۆنۆمییەکەی لە بواری «وێنە» لە «وێنە» دا هاتۆتەدی، واتە دەرکەوتنەوەی «دەرکەوتەیەک» لەنێو پانتایی تابلۆ خۆیدا.

تێبینی:

* ڕەنگە لەنێو دابەشبوون و ئاراستەکانیدا، جۆرە لێکچوونێک لە پێکهاتنی «لقە فیگورەکان»دا دەخولقێنێ.
* دەشێ ئەم لێکچوونە لە دەرخستنی «وێنە ئاوێنەییەکانا». دەرەنجامێکی تەکنیکی شێوەو جوڵەی «فڵچەوە»بێت لە لای «دارۆ».
دیسانەوە بەهۆی تێکەڵکردنی ڕەنگەکانەوە بێ لەسەر «پالێت» کە لێکچوونی بارستەیی «تۆنەڕەنگ» و «پلەتۆن» و «هێڵەڕەنگ» پێکدەهێنێ.
* ئەم دیاردەیە خاسیەتێکی گرنگی «هونەری دارۆ»یەو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەدیدەکرێت، بەتایبەتی کارە ئەبستراکتییەکانی.

* * *

-٨-

لەسەرەتای گوتارەکەمان «بینینی تابلۆکەی دارۆ» پێکهاتەی گشتی تابلۆکەمان دەرخست و ئەوەشمان ڕوونکردەوە کە «تابلۆکە» لە نێو سیستەمی «لێکچوون و جیاوازی»دا دامەزراوە.
لێرەدا ئەو «لێکچوونە» قوڵدەکەینەوەو ئیزافەیەکی دی دەخەینە سەر سروشتی بونیادی تابلۆکەو لە بواری «لقە فیگورەکانەوە» پەیوەندییە ئاوێنەییەکان دیاریدەکەین.

* پەیوەندی یەکەم:

لقە فیگوری یەکەم ⟵ بارستەی مرۆڤ.

ئەم فیگورە لە دوو بەش پێکهاتووە، هێڵەڕەنگ و پلەتۆن و ڕووبەری بارستەیی لە دوو پێکهاتەی زۆر جیاوازدا ئاڕاستە دەبن.

A- پێکهاتنی سەرەوەی فیگورەکە «بەشی سەر»:

ئەم بەشە لەنێو ڕووبەرێکی ڕەنگیدا دەردەکەوێت کە هێڵە ڕەنگیەکان یەکتری دەگرنەوە، لە هەمان کاتیشدا خاسیەتی «هێڵی» خۆیان بزرناکەن. ئەم بەشە بەهۆی ڕەنگی ڕەشەوە سنووری پێکهاتە فیگورییەکان دەستنیشانکراوە.
ئەتمۆسفێری ڕەنگ و بەیەکاچوونیان و، دیسانەوە بوونی بارستەیەکی ڕەش لە پشتیەوە، هێڵێکی باریکی سپی خولقاندووە.
پێکهاتەی «ڕووبەرێتی و داڕشتنەوەیی» ئەم بەشە، لێکچوونێکی تەواوی لەتەک لقەفیگوری دووەمدا خولقاندووە.
واتە لە پێکهاتەی لقەفیگوری دووەمدا، سەری فیگوری یەکەم «دووبارە» دەبێتەوە لەسەر ئاستەکانی «پلەتۆنی و هێڵەڕەنگی» و دیسانەوە وەکو ئاستی دەرکەوتنی هێڵەکان و ڕووبەرە ڕەنگییەکان.

هێلکاری پێنجەم:

لە لقەفیگوری یەکەمەوە (بەشی سەر) بۆ لقەفیگوری دووەم:







لقەفیگوری یەکەم

لقەفیگوری دووەم

B- لقەفیگوری یەکەم «لەشی فیگورەکە».

ڕووبەرێتی ڕەنگ لەم بەشەدا لە ژێر کاریگەریی پێکهاتە تیژەکانی «هێڵ» دا تێکشکاوە. هێڵ لێرەدا بە «تاکی» خۆی دەرناخات، بەڵکو لەشێوەی «چەپکە هێڵ»دایەو ئەمەش وایکردووە کە سنوورەکانی «فیگور» بپچڕێت و بچێتە نێو ڕووبەرە ڕەنگییەکانی ژێرەوەو سەرەوە. لەلایەکی دییەوە هەر بەهۆی ئەم چەپکە هێڵانەوە پەیوەندی دارشتنەوەیی لەتەک بەشی سەرەکەیدا بزردەکات.

ئەم هێڵانە واپێکهاتوون کە سنوورێک بۆ «پچڕاندنی» بارستەیی بخولقێنێت، بەتایبەتی لە تەواوکردنی خۆیدا. لێرەشدا پەیوەندی لێکچوون لەتەک لقەفیگوری سێیەمدا درووستبووە، لەسەر ئاستی پێکهاتەیی «چەپکە هێڵ»دا.

هێڵکاری شەشەم:

لە لقەفیگوری یەکەمەوە (لەش)، بۆ لقەفیگوری سێیەم:





پەیوەندی لێکچوون

لقەفیگوری

لقەفیگوری یەکەم

سێیەم

* پەیوەندی دووەم:

لەم پێکهاتنەدا «لێکچوون» لەسەر دوو ئاستی «بڕین»پێکدێت و پەیوەندییەکانی دی دەردەکەون.

١- لقەفیگوری یەکەم بەشێکی بزرەو لە بەرامبەری ئەمەش لقەفیگوری دووەم بەهەمان شێوە بەشێکی بزرە.

کەواتە بڕین لەهەردوو لقەکەدا بەم شێوەیەن:

* «بڕین» لەنێو پێکهاتەی ڕەنگیدا.
* «بڕین» لەژێر کاریگەریی فیگوریدا.

٢- لقەفیگوری دووەم لەتەک لقەفیگوری سێیەمدا وەکو لێکچوونێکی بارستەیی بەیەکدەچن و وەکو پێکهاتەی ڕەنگیش یەکتریدەبڕن.

* کەواتە:

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی «وێنەی ئاوێنەیی»، «لێکچوون» و «بڕین» دەخولقێنێ و، بەمەش لقەفیگورەکان بەم شێوەیە یەکتریدەگرنەوە.

(١) فیگور ↓ لقەفیگوری یەکەم

(٢) فیگور/ فیگور ↓ لقەفیگوری دووەم

(٣) فیگور/فیگور/فیگور ↓ لقە فیگوری سێیەم


واتە:

(١) فیگور ——— لقەفیگوری یەکەم لە پێکهاتنی خۆیدا.

(٢) فیگور/فیگور ——— لقەفیگوری دووەم وەکو خۆی، دیسانەوە دووبارە بوونەوەی لقەفیگوری یەکەم تیایدا.

(٣) فیگور/فیگور/فیگور ——— واتە ئەم لقە خۆی و دووبارەبوونەوەی لقەفیگوری یەکەم و دووەم تیایدا.

.لەم بینینەوە، جوڵەی کۆرێۆگرافیاکە بەتەواوی مانای خۆی وەردەگرێت و دەستنیشانی سەرەتاو کۆتایی جوڵەکەی دەکات.
بەمپێیەش «هێڵ» لەنێوکردەی کۆرێۆگرافیاکەدا بەم شێوەیە درێژدەبێتەوە:




* گەر بەراوردێک لە نێوان ئەم هێڵەو، هێڵەکەی نێو «هێڵکاری چوارەم»» بکەین، دەبینین لە هێڵکاری چوارەمدا جوڵەی هێڵەکە تاوەکو «لقەفیگوری سێیەم» درێژدەبێتەوە. بەڵام لەم جوڵەیەی سەرەوەدا، «هێڵەکە» لقەفیگوری سێیەم دەکاتە گەیەنەری خۆی بۆ «ڕووبەرە نادیارەکە».

-٩-

لێرەدا بەشێوەیەکی کاتی تابلۆکە دابەشدەکەین و شوێنهێلی کۆریۆگرافیاکە دەکەوین:



ڕووبەرە نادیارەکە

دیسانەوە بەشێوەیەکی کاتی و بۆ زیاتر بینین و ڕوونکردنەوە، ئەم ڕووبەرە نادیارە دەجوڵێنین و، لەوسەرەوە «فیگورێک» دەردەکەوێت:



تێبینی:

لە «پێشانگا» دا وێنە ناجوڵێنرێت تاوەکی بارستەکان شێوەیان دەرکەوێ، ئەم جووڵاندنەی ئێرەش تەنها بۆ ڕوونکردنەوەو ناساندنی فیگورە نوێیەکەیە. ئەم بارستەیە نوێیە بە سانایی

خۆیمان پیشاننادات. هۆی نادیارییەکەی بۆ ئەو ڕووبەرە ڕەشە دەگەڕێتەوە کە بە«بارستەی ڕەش» ناساندمان و بەسەر لقەفیگوری یەکەمەوە دامەزراوە. ئەم دامەزراندنەش زۆر بەقورسی دەردەکەوێ، هەر ئەمەشە وادەکات کە:
١- پێکهاتنی شلی فیگورە نوێیەکە دەشارێتەوە.
٢- ڕووبەری فیگورە نوێیەکە بە تەواوکەرو درێژبوونەوەی ئەو بزانین.

* * *

بە دەرکەوتنی ئەم فیگورە نوێیە، ئەوا «لقەفیگوری چوارەم» خۆیمان پێدەناسێنێ و، هەر لێرەشدا «نادیاری ڕووبەر» بۆ «دیارێکی فیگوریی» دەگۆڕێت.
ئەم «دیارە فیگورییە» لە نێو «سیگناڵەکانی شەهوەت»دا بە «ئێرۆتیک»(١٦). دەناسێنین.

-١٠-

## ئۆتۆنۆمی ڕەنگ و کاراکتەری ڕەش

ڕەنگ جوانە!
ئەم دەربڕینە پابەستە بە «ڕەنگ» خۆیەوە نەک «تابلۆ»، پەیوەندی بەو توانستەوە هەیە کە ڕەنگ لە پێکهاتەی ڕەنگیدا لەخۆیدەگرێت.
دەربڕینی «ڕەنگ جوانە» دەچێتە نێو ئەو سیستەمەوەی کە ئێمە لە تابلۆدا پرسیاری لێناکەین، سیستەمی ڕەنگ «شتەکانی دەوروبەریشمان»، ڕەنگ جل و بەرگ، سروشت (دیمەنەکان) ... هتد. کەواتە ڕەنگ چی بۆ تابلۆ دەکات؟
لەم پرسیارەوەیە کە ڕەنگ جیاکارییەکانی دەردەخات و وەکو جەستەیەکی سەربەخۆو تەواو لە تابلۆدا دائەمەزرێت.
ڕەنگ لەم تابلۆیەدا سنوور دەشکێنێ، دەبڕێت، پێکدەهێنێت، ... فیگور لەنێو ئەم کردەیەدا خولقاوەو نەخشەی کۆریۆگرافیامان بۆ دەکێشێت.
«لقەڕەنگەکان» دەرەنجامێکی لەباری ئەو بارستە ڕەنگیانەن کە لەمسافەیەکەوە بۆ مسافەیەکی دی دەگۆڕدرێن، بوونێکی کاریگەریان هەیەو لەنێو چەمکی (پێکهاتن)دا «کۆی تابلۆ» پێکدەهێنن.
بۆ زیاتر ناسین و پێداویستی ئەم «لقانە»، دەکرێ جارێکی دی ئەو پرسیارە بکەینەوە کە ئایا «لقەفیگورەکان» دەبنە هۆی بە «پەراوێزکردنی» لقە «تەواوکەرییەکان»؟!

تێبینی:
(مەبەستم لەم پرسیارەو کێشەی «پەراوێزبوونی» ڕەنگ لە تابلۆدا، هەڵبەتە زیاتر ساتەکانی فیگوراتیڤی جموجۆڵی شێوەکاریمان دەگرێتەوە، چونکە لەزۆربەی ئەو ساتانەدا کە ڕەنگ بۆ خولقاندنی فیگور چڕدەکرێتەوە، ئەوا لەوسەرەوە «ڕەنگ» بەرخۆریدەکرێ و بەهای ڕەنگی و فیگوری دەسڕێتەوە.
بەرامبەر ئەم گرفتە هونەرییە زۆرجار ئەو دەستەواژەیە بەکاردەبەین کە گوایە «ڕەنگ ناکات بە چاومان».
بە بڕوای من ئەم «نەگەیشتنە» پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هێشتاوەکو تابلۆ لە قۆناغی «تحضیر»دایەو دیسانەوە هونەرمەندیش ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردووە «کەی هەست دەکات تابلۆکەی پێکهاتووە»..).

بۆ وەڵامی «لقە تەواوکەرییەکان و پەراوێز» دەچینەوە نێو ئەزمونی «فیگور» لە هونەری «دارۆ»داو بەم شێوەیە ئاماژەی دەکەین:
(گشتی تابلۆ، گشتی فیگورەو لە دەرەوەی سنووری پەراوێزی نێو تابلۆدا خولقاوە).(١٧)
واتە پێکهاتنی «فیگور» سەبارەت بە پێکهاتنی ڕووتی ڕەنگ و بە کێشکردنی «چاو» بۆ ڕووبەرە

فیگورییەکەی، لەسەر حیسابی «لقە تەواوکەرییەکان» ئاراستەنابێت.

**گشتی تابلۆ**

▼

**گشتی ڕەنگ + فیگور**

لەم جوڵەیەدا لە چاوەوە بۆ پێکهاتەی فیگور، لقە تەواوکەرییەکان بە «پەراوێز» نابن، ئەمەش توانستی هونەرییەو سەلیقەی هونەرمەندە سەبارەت بە «تابلۆکردنی ڕەنگ».
بە تەوەرمەنەبوونی ڕەنگ وایکردووە کە دیسانەوە «وێنە ئاوێنەییەکان» لەنێو کردە لێکچوەکەی «تۆن» دا بناسین، ئەو لێکچوونانەی کە لەدەرەوەی دەرەنجامە ئەکادیمیەکانی تابلۆدا خولقاوە.
بەمانایەکی دی، «دارۆ» نەهاتووە جۆرێک لە «سکێچی» هونەری بخولقێنێ و پاشان ڕەنگەکانی تیابەکارخات، چونکە «بونیاتی تابلۆ» بێسنووریی پالێتەکەیمان بۆ دەردەخاو ئەمەش بەرەو ئەو سەرنجەمان دەبات، کە «ڕەنگ» ڕاستەوخۆ بەکارخراوەو هیچ حیسابێکی بۆ چەمکی «دراسی» نەکردووە.
بەم پێیە کارەکتەری ڕەنگ جارێک بەئاستێکی «ڕوون و ساف و شل» خۆی دەنوێنێ، جارێکی دی بە«تێکەڵی و ڕەق»، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی هێڵە ڕەنگییەکان، کە سروشتێکی نادیارن و بە سانایی ناکرێت وەکو «فینۆمی هێڵەڕەنگی» ڕامیانبکەین.
کەواتە «ئۆتۆنۆمی ڕەنگ» لە تێکشکاندنی «میتۆدەکانی ڕەنگدا»، بۆ سەربەستی و عەفەویەتی «دارۆ» دەگەڕێتەوە، بە ئاگاییەوە.
«عەفەوییەت»(١٨) ئەمەندەی هەستکردنە بە ڕەنگ، ئەمەندە بێئاگایی و غەیبانیەت نییە، لەتەک ئەمەشدا کەڵەکەبوون و ئەزموونە.
عەفەویەتی «دارۆ» بە ئەتمۆسفێری پانتاییەکانیەوە پابەستە، ئەتمۆسفێری مەعریفەی «تابلۆ» خولقاندن.

* * *

* ئۆتۆنۆمی ڕەنگ، سەرفرازبوونی ڕەنگە لە ڕەنگی شتەکان، لە دەلالەتە ناسراوەکانی.
ئەم جیهانبینیە بۆ «تابلۆ» بەجۆرێکی قوڵ کاردەکات و کەسایەتییەکی سەربەخۆی بە ڕەنگی «ڕەش» بەخشیوە.
مەعریفەی شت لە تابلۆدا تەنها بەشتەکەوە نەبەستراوە، هەروەها وابەستەیش نییە بە زەبروزەنگی «سوبجێکتەوە»، لە هەمان کاتیشدا هێڵکاری و نەبستراکتکردنی «ئۆبجێکتیش» نییە، بەڵکو مەعریفەیە بەرامبەر بەهای «پانتایی» کە لەژێر مەرجییەتی «بەیەکداچوونی کۆنتراست»دا دەخولقێت.
ئەو مەرجییەتەی کە «بونیاتێک» بەیەکە جیاوازو دابەشبووەکان دەبەخشێ و، لە بەردەمیا هەموو «ئامرازێک» بە «ماتریال» دەبێ.
لێرەوە «ڕەش» دەبێتە ئامرازی تەعبیری و مەودای «کراوەیی» ئاراستە دەکات.
«ڕەش»، «توتر» دەخولقێنێ، ئەم «توتر»ەش دەرەنجامێکی ئاسایی «کۆنتراست» نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی لەباری «خولقاندن و سڕینەوەی» ئەو «کۆنتراستە»یە کە ڕەنگە ئێمە ئاسایی ببینین.
لەم دیدەمانەوە، پانتایی مانای «خستنەکاری بە پانتایی بووەکەیە»و «ڕەشیش» ئەرکی خستنەکارە کە لە ئەستۆی خۆیدەگرێت، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ و سێنترومی پێکهاتەکەیە.

* «ڕەش» لە پێکهێنانی لقەفیگوری چوارەمدا «مۆنۆ - تۆنی» خۆی دەشکێنێ و ناسنامەیەک

بەدەستدێنێت.

هێڵەکانی ئەم فیگورە لەژێر کاریگەریی ڕەشدا ناڕاستەبوون، سنووری ناسینەوەی فیگورەکەش هەر یەکەی ڕەش خولقاندوێتی، کەواتە گەر ڕەش فیگوری خولقاندنبێ، ئەوا فیگورەکە خۆیشی ڕووبەرێکی ڕەشە. «ڕەش» پێبەپێی ئەم دەرکەوتنانەی سەرەوە، ڕووبەرە نادیارەکە وەکو فیگوری «نافرەتێک» نیشاندەدات. ئەم فیگورەش لەنێو پێکهاتەی «سیگناڵی شەهوەتیدا»، تێڕوانینێکمان پێدەبەخشێت.

* دەسەڵاتی ڕەش، دەسەڵاتی کۆنتراستە وەکو «یەکەی پێکهاتەی ڕەنگ»، لەتەک ڕەنگەکانی تردا. بەڵام لە لایەکی دیەوە، دەسەڵاتی ڕەش دەبێتە دەسەڵاتی (بڕین) تەنانەت لەتەک «ڕووبەرێتی و داڕشتنەوەیی» خۆشیدا. ئەمەش بە«جیابوونەوەی» لەتەک بارستە ڕەشەکەی کە بەسەر «لقەفیگوری یەکەمەوەیە»، واتە ئەم «ڕووبەرە نوێیەی ڕەش» دابڕان لەتەک ڕووبەرێتی خۆیدا دەکاو، وەکو داڕشتنەوەیەکی تر خۆیدەردەخات.

بە مانایەکی تر، «ڕەش» لەنێو «لقەفیگوری چوارەمدا»، کۆنتراس لەگەڵ «ڕووبەرێتی ڕەش»دا دەخولقێنێ و، بەمەش کردەی «لادانەکە» تەنیا لەگەڵ دەرەوەی تابلۆدا ڕوونادات، بەوەی کە«دەلالەتی ناسراوی ڕەنگی ڕەش» تێکدەشکێنێ، بەڵکو «لادانەکە» لەنێو هەناوی «تابلۆکەشدا» دێتەدی.

واتە تێکشکاندنی پەیوەندی:
داڕشتنەوەیی ڕەش لە ناوەوە بە ـــــ ڕووبەرێتی ڕەش لە ناوەوە.


ئەمەش باڵاترین ساتی بە«تابلۆبوونی ڕەنگە»و، ئەوساتە ترسناکەی داهێنانی کە «تۆنە ڕەنگ» کۆنتراس لەتەک «تۆنەڕەنگی» خۆیدا دەکات.بەم پێیە، دەسەڵاتی ڕەش دەبێتە دەسەڵاتی ئێرۆتیک، بەو مانایەی کە «ئێرۆتیک» لە«ڕەش»دا خولقاوەو، بە «ڕەش»یش خۆیدەنوێنێ.

* * *

پرۆسێسی کۆریۆگرافیاکەی تابلۆ «ڕووبەرە نادیارەکەمان» بۆ «دیار» دەکاو، نەخشەیەکی نوێمان بۆ دەکێشێت.
هەر لەم نەخشە نوێیەشدا، پەیوەندیەکان بەم جۆرە دەردەکەونەوە:

١– ئەم پێکهاتە نوێیە وادەکات کە «بارستەی ڕەش - سپی - سوور» وەکو سێ لقە ڕەنگ بچنە نێو لقە تەواوکەریەکانەوە.
بەمەش «تابلۆ» لە «سێ لقە تەواوکەرییەوە» دەبێتە «شەش لقە تەواوکەر».

٢– لقە فیگورەکانیش بەم جۆرە دەردەکەونەوە:




* * *

پێبەپێی ئەم دەرکەوتانەی ئاماژەمانکردن، دەشێ ئامانجی سیناریۆکەمان لە نەخشەی پێکهاتەی تابلۆکەدا، پێکابێ و هەر لێرەشدا مەبەستمان نییە لەو کێشانە بپرسین، کە بۆچی «ئێرۆتیک» بە «نادیاری»و لەم شێوە سیمبۆلییەدا بەدیاردەخرێت.
دیسانەوە ئاماژەش ناکەین بۆ «بزربوون» و «کوژانەوەی» جوڵەی ئیرۆتیک لە هونەری

شێوەکاریماندا و ئامادەبوونی «تابۆ» لەنێو عەقڵی کولتوریداندا.
بەڵام دەکرێ تێبینی ئەوە بکەین، بە «سیگناڵ‌بوونی ئەم لقە فیگورییە بۆ «ئیرۆتیک» لەنێو پێکهاتەیەکی تەمومژاوییدا، وەک ئاستێکی دی (جگە لە ئامادەبوونی تابۆ) بۆ کردەیەکی هونەریش بگەڕێتەوە، بەو مانایەی کە چەمکی «ڕووبەر» لەواتا ناسراوەکەیدا بزرە.
«ڕووبەر» لە پێکهاتەی تابلۆیدا ستروکتوری خۆی هەیەو دەکرێ لە چەند ئاستێکی ترەوە قسەی لەسەربکەین و، تیایدا سنوورێک لەنێوان «چەمکی پانتایی» و «چەمکی ڕووبەردا» دابنێین، دیسانەوە گرێیبدەین بە پرۆسەی «کراوەیی و داخراوەیی» کاری هونەرییەوە.
ئەمەش بەپێی پێویست دەمانخاتە بەردەمی خەسڵەت و جیاکارییەکانی نێوان ستروکتوری (دیمەنە سروشتییەکان ـ **Landschaft**)و ستروکتوری (سروشت ـ**Natur**)وە.
لە پرۆژەیەکی داهاتوودا سەبارەت بە گرنگی ئەم چەمکانە لە نێو عەقڵی شێوەکاری کوردیدا، لەمەڕ (فینۆمینۆلۆکیای سروشت)و گەڕانەوە بۆ (میتا ـ سروشت بە تێکشکاوی)، لە سنووری ئەزموونەکانی «ئیسماعیل خەیات ـ هیمەت کاکەیی ـ حمید دەرویش»ەوە، وردتر لە واتاکانی «پانتایی و ڕووبەر» دەکۆڵینەوە.

* * *

دوا هێڵی سیناریۆکەمان بەم پرسیارانە(١٩) دەکێشین:

ئایا (تەفسیر تۆڵەی عەقڵە لە هونەر)؟!
ئایا (تەفسیرکردن هەژارکردن و بەتاڵکردنی جیهانە)؟
ئایا (لە جیاتی هێرمینۆیتیک، پێویستمان بە ئێرۆتیکایەکی هونەرە)؟

ڤییەنا ـ ١٩٩٥

## پەراوێزەکان و پاشکۆیەک

١– ئەتەلە، یان «ئاتێلێر» مەبەست ئەو جێگایەیە کە هونەرمەند کارە هونەرییەکەی تیا پێکدەهێنێت. ئەم گوتارەمان تایبەتە بەو شێوەکارانەی کە لەئەتەلەدا بەرهەمدەهێنرێن و لە بواری ڕەنگەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێ.
٢–«لاین ڤاند» مەبەست لەو پارچە قوماشەیە کە هونەرمەند کارەکەی لەسەر دەکات. من زیاتر ئەم «وشەیەم» بەکارخستووە، سەرەڕای ئەوەشی کە زۆرجار (کارتۆن ـ کاغەز ـ ماتریالی دی بەکاردەهێنرێ.)
«لاین ڤاند» کۆمەڵێ نیشانەو کێشە لەتەک خۆیدا دەخولقێنێت، چونکە شێوەی ئاراستەکردن و پێکهێنانەوەی بەتایبەتی لە هونەری ئێستادا، ڕۆڵێکی فرە باڵا دەبینێ و تەنانەت جیاکاری و ناسنامەی تایبەتی کارە هونەرییەکە بەرجەستەدەبات. «ئێکۆ» لە دەقێکیدا سەبارەت بە «پۆست مۆدێرن»، چەمکی «پێشڕەو ـ ئاڤاندگارد» لە بواری هونەری ئارشیتێکتورو مۆسیقاو هونەری شێوەکارییەوە دەناسێنێ و هەر لەم ناوەندەشدا ئاماژەی شێوە بەکارهێنانەکانی «لاین ڤاند» دەکات، (بە سپێتی، بە دڕاوی، پارچە پارچەبوو، بە سووتاوی).
سەبارەت بەم دەقەی «ئێکۆ»، «کارین فیلهێلم» لە گفتوگۆیەکدا دەربارەی (مۆدێرن – پۆست مۆدێرن) ئاماژەی ئەوە دەکات کە «لەم ڕوونکردنەوە مۆدێرنییەی ئێکۆدا، ئەو ڕەگەزانە بەدەستەوەدراون کە «پۆست مۆدێرن» لەخۆیگرتوون.
بڕوانە:
* Moderne-Postmoderne, in (moderne Kunst), Monika Wagner - 1991.
*Umberto Eco: Nachschrift zum “Namen der Rose”, 1986.
هەر لێرەدا جێگەی سەرنجە گەر بڵێین، بەدرێژایی جموجۆڵی شێوەکاریمان ساتێکی ئەوتۆ نابینرێت، کە هونەرمەندی کورد هەوڵی ئەوەی دابێ لە دەرەوەی «لاین ڤاند»ەوە ئەزموونێکی تری ئاتەبامان پێشکەشبکات. لەلایەکی ترەوە بزربوونی ڕۆحی ئەزموونکاریش وایکردووە، کە لە «پێشانگاکاندا «چەمکی پرۆژە» بە «چەمکی فرۆشتن» بگۆڕێت، بەتایبەتی جوڵەی شێوەکاریمان لە دەرەوەی وڵات.
٣–گەر «سەیرکردن» دژ بەمەنای «بینین» بزوێ، ئەوا مەترسییەکەی تەنیا لەوەدا نییە کە ناچێتە نێو سنووری

تابلۆوە، بەڵکو لەو ئاستەشدا خۆی دەنوێنێ کە دونیایەک چەمکی نامەعریفی بەدووی خۆیدا کێشدەکات.

وەکی دی ئەو چەمکانەش تیرۆردەکا، کە لەنێو زەمەن و کایەی ڕۆشنبیری خۆیاندا بە ئاڕاستەیەکی مەعریفی کاردەکەن. بۆ نموونە، چەمکی «ڕەنگی خۆماڵی»، وەکو واتای «ڕەخنەی هونەریی» پەیوەندی بە سیستەمی ڕەنگی شتەکانەوە هەیە لەدەرەوەی کاریگەری «پنتی تیشک و ئاڕاستەی تیشک». بەڵام کە دەگاتە نێو عەقڵی ڕۆشنبیری و هونەریمانەوە، ئەوا لەوسەرەوە بە «ڕەنگی کوردی، فەرەنسی، ئەفەریقی»یەوە دەردەچین.

کێشەکە لەوەشدا پتر زەق دەبێتەوە کە «هونەرمەند» خۆشی بەردەوامە لە بەرخۆریکردنی ئەو «چەمکە» و، داکۆکیش لە هەڵە هونەریی و نامەعریفیەکەی دەکات.

٤- بەو پێیەی کە دەلالەت لە «گشتی» تابلۆدا بەئاکامدێ و، یەکەی «مانا»ش لە پەیوەندییە بارستەییەکاندا دەردەکەوێت. ئەوا تا ئەم سنوورە قسەکردن لەسەر «تەواوکەریی» سەبارەت بە شێوازە «بابەتییەکان» جێگای شیاوی خۆیدەگرێ. بەڵام لە بەردەم «ئەبستراکت»دا، دەکرێ هەڵوێستەیەکی دی بکەین. («ڕۆمان یاکۆبسۆن» لە ئاماژەکانیدا بۆ «نیشانە فیزۆتلی»یەکان، هونەری «ئەبستراکت» لە نێوان هونەری وێنەیی و هونەری مۆسیقادا، بونیاد دەنێ. واتە لە نێو دوو کایەی هونەری جیاوازدا، کە بە«هونەری شوێنی» و «هونەری زەمەنی» دەناسرێت. بڕوانە: Roman Jakobson: Semiotik) هەر لێرەدا دەکرێ بڵێین: «تەواوکەری» لە نێو «ئەبستراکت»دا بزردەبێت.

٥- Susan Sontag: Kunst and Antikunst, Frankfurt. 1982.

٦-دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان «نووسینی ناونیشان» لە پەراوێزداو، هەروەها «نووسین و پیت» لە نێو تابلۆدا، ئەمەی دواییان دەچێتە نێو خودی تابلۆوەو وەکی بارستەیەکی پێکهاتەیی و وێنەیی تابلۆکە ئاراستە دەبێت.

لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژەی «نووسین» بکەین لە تابلۆکانی «Cy Twombly»دا. بۆ ئەم مەسەلەیەش «ڕۆلان بارت» گوتارێکی سەربەخۆی لەژێر ناوی هونەرمەندەکەدا بۆ ئەم «نووسینە» تەرخان کردووەو، لە خوێندنەوەکەیدا بۆ تابلۆکانی ئاماژەی ئەوە دەکات کە «نووسین» لەویادا، زەبروزەنگی خۆی ووندەکات و دەبێتە بیرۆکەی «تێکستورێکی گرافیکی».

ئەم وێنانە لە بینینی «بارت»دا وەکو شێوەیەکی فینۆمینۆلۆگیای شانۆیی بونیادنراون. چۆن «مالارمیە» بەلای «بارت»ەوە لە هەڵوەشاندنی ڕستەدا کاریکردووە، ئەوا «Twombly»یش دیسان بەلای بارتەوە لە هەڵوەشاندنەوەو تێکشکاندنی «نووسین»دا کارەکات و پیتەکانی «Buchstaben» سەر بەهیچ کۆدێکی گرافیکی نییە. بڕوانە: Roland Barthes: Cy Twombly, Berlin. 1983.

لە ڕەوتی شێوەکاریماندا بە ئاڕاستەی جیاواز جیاواز «نووسین» بەکاربراوە، بۆ نموونە بەکارهێنانی دێڕە شیعریی لە لای «ڕێبوار سەعید»، بەکارهێنانی «دەقی نامە» بە دڕاویی و پارچە پارچەیی و تێکەڵ کردنی لەتەک ڕەنگدا لە ئەزموونێکی دارۆ دا.

جگە لەم شێوازانەش، بەکاربردنی «پیت» و «نووسین» لە لای هەندێ هونەرمەندی تر کە زیاتر لە ژێر کاریگەری «زەخرەفەی ئیسلامی»دایە. دەکرێ بە شێوەیەکی تر قسە لەسەر هەریەک لەم ئەزموونانە بکرێت.

٧- بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی «بونیاتی حیکایەت و زەمەنی ڕەها» لە ئاماژەکانی «ماکس ڕافائیل»ەوە دەبزوێین سەبارەت بە تابلۆی (Mosis)ی (Tintoretto). ئەم تابلۆیە ساتێکی دیاریکراوە لەنێو زەمەنی ڕۆژێکدا، ئێوارە وەختە، ڕووناکی ساردە، تیشکی ڕۆژ هێندە درێژ نییە، کورتدەبێتەوە.

ئەمانە هەمووی ئەو بنەما سروشتیانەن کە ستیەی پێشەوەی تابلۆکەمان بۆ نومایشتدەکەن.

ئەمە زەمەنی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو ئەو زەمەنەیە کە تیایدا ڕووداوەکە ڕوونەدات. زەمەنی گەردوونی «kosmisch»، زەمەنی دەرەوەی ڕووداوەکە.

دەتوانرێت ئەم زەمەنە وەکو زەمەنێکی ڕەها سەیربکرێ، کە تیایدا ڕووداوە جیاوازەکان لە هەمان ساتدا دەتوانن ڕوویدەن.

(تابلۆکە دیمەنێکی سروشتییە، دوو کەسایەتی ئافرەت لە پێشەوە دەبینرێن، یەکێکیان منداڵێکی ساوای بە باوەشەوەیەو شیرینەداتێ، لە ڕاست و چەپەوەو لەقولاییدا چەند فیگورو کەسایەتییەک دەبینرێن).

لە لای ڕاست ئەو فیگورانە خەریکن بە ڕاوکردنەوە. لەکاتێکدا لە لای چەپ چەند فیگورێکی تر هەن کە نازانرێ چیدەکەن، ڕەنگە ئەوانەبن کە «موسای» ساوایان دۆزیوەتەوە.

ئەمە ئەو زەمەنە ڕەهایەیە کە لەلایەکەوە ساتەوەختێکی دیاریکراوە (گەردوونی)، لە لایەکی تریشەوە لەسەر ئاست و مەودایەکی ترە.

ئەم زەمەنە «ڕەهایە» زەمەنی ڕووداویشی هەیە (ئەو زەمەنانە کە تیایدا ڕووداوەکە ڕوودەدات)، بەڵکو زەمەنی ڕووداوەکەی خۆی. ڕووداوەکە بەرقەرار نییە، بەڵکو نەشونومادەکات، زەمەنی پرۆتێست و جولانەوەیە، (خۆ-ڕوودان) و (خۆ- بە ئاکام هێنان). ئەم ڕووداوە سەرەتاو کۆتایی بۆ هەرەیەک لە کەسایەتییەکان هەیە. کاری «ئەمیرە» بەرز کردنەوەی پارچە قوماشەکەیە، بەردەوام دەبێت، بەشێک بۆ منداڵەکە، بەشەکەی دی بۆ لای قاچی «خزمەتکارەکە».

لێرەدا بەدوو شت دەگەین:

یەکەمیان: چاوەڕێکردن، کە «شیر» خواردنەکە بە کۆتایی دەگات و منداڵەکە دەخرێتەوە ناو بێشکەکەی.

دووەم: دووبارە بوونەوەی ئەم جالانە لە خاڵی سەرەوە. بەمەش جولانەوە لە بازنەیەکی داخراودایە. لێرەدا کەواتە

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تابلۆیەکمان هەیە سەرەتایەکی ڕەهایا (لە ساتە وەختێکی وەستاودا)، کۆتاییەکی ڕێژەییە (ڕووداوێکی واقیعییەو دووبارەی دەکەینەوە لە بینیندا، واتە لە بازنەکە دەرناچین)، پاشەڕۆژێکی مەعنەوییە (دەگۆڕێ بۆ ڕووداوێکی مەعنەوی).
بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین تابلۆ وەکو حیکایەتێک بگێڕینەوە کە لەزەمەنێکی ڕەهای سروشتیدا ڕوویداوە.
بڕوانە: Max Raphael: Bild Beschreibung, Frankfurt 1989.
* مەوداکانی کاری هونەریی دەستنیشانی زەمەنی چاودێری دەکات و، لە بواری فۆرمەکەیەوە دەتوانرێ ئەو خولانەوەیە بەدەوری کارەکەدا کورت و درێژ بکرێتەوە، بەم پێیەش جیاوازی نێوان کاری تەقلیدی و کاری نوێ، لەو ئاستەشدا دەردەکەوێ، کە پەیوەندی بە «پێشوازی» کردنەکەیەوە هەیە، واتە کورت و درێژی زەمەنی وەرگرتنەکەی. کاری هونەری لە ئاماژەکانی «ئێکۆ»دا، وەکو هەموو بابەتێکی فیزیکی لە زەمەندا دەژی و هەموو (یاسایەکی سروشتی) بەکارهێنان دەیگرێتەوە.
کاری هونەریی «ئۆبجێکتیکە» دوور لە هەموو ئەو شێوازە ئۆبجێکتیانەی لە لایەن مرۆڤەوە بەرخۆریدەکرێت، هەر لێرەشدا «تەعبیر لە زەمەندا» لە سەر دوو ئاست ئاماژە دەبێ: بەکارهێنانی فیزیکی، ڕەوتی سینتاگماتی.
بە گشتی ئەو «شێما»یە دەخەینە پێش چاوتان کە «ئێکۆ» لە «زەمەنی هونەر»دا کێشاوێتی:

زەمەنی دەربڕین
- دەربڕین لە زەمەندا دەڕوات.
- دەربڕین زەمەنی پێشوازی دەوێ، بەهۆی چاودێرەوە.
- دەربڕین زەمەنی دووبارە کردنەوە دەخوازێت «دەیەوێت».

زەمەنی ناوەرۆک
- زەمەنی پێشاندراو، یاخود «گێڕراوە».
- زەمەنی پێشاندان، یاخود «گێڕانەوە».

لەم ناوەندەدا ئاماژەی هەندێ فۆرمی هونەری دەکات کە تیایدا زەمەنی «syntax» هەمان زەمەنی «Semantik»ە.
بڕوانە: Umberto Eco: Die Zeit in der Kunst, in (Über Spiegel und andere Phänomene), München.1995
٨-هەمان سەرچاوەی پەراوێزی ژمارە (٢).Monika Wagner
٩-هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٥)Susan Sontag
١٠-.Rita Bischof: Was sehen wir....., in (Endecken, verdecken) Graz, 1991
١١- «ڤالی ئێکسپۆرت» یەکێکە لەو پانزە ئافرەتە هونەرمەندانەی لە پێشانگایەکی جیهانی «ڤییەنا»دا، لە ئەزموونێکی نوێدا پەیوەندییەکانی «جەستە» بە «وێنەکە»یەوە نومایشت دەکەن. وێنەکەی «ڤالی» ئەزموونێکی ڕیالی پێکهاتەی نێو «قوڕگی مرۆڤە - ناوچەی زمانە بچکۆلە» و بەشێوەیەکی تەکنیکی و کۆمپیوتەری پلەی هێزو گرژبوونی ئەو شوێنە لەژێر کاریگەریی «هاوار»ێکدا دەپێوێت.
لەم ئەزموونەدا «جەستە» دەبێتە ئەو «شوێنە»، ئەو «سیستەمەی» کە پتر لە «ووشەو نووسین» پەیوەندییەکانی نێوان «جەستە/ سروشت، زمان/ کولتوور» پێشاندەدات.
جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی ئەو ئەزموونە نوێیانە بکەین کە لەشەستەکان بەدواوە لە جیهانی داهێناندا بەدیارکەوتون و بوونەتە مایەی ووتووێژی ڕەخنەو فەلسەفەی هاوچەرخ، لە ژێر ناوەکانی وەکو «پێشڕەو، پۆست - مۆدێرن، هۆخ مێدێرن»دا دەناسرێن.
لەوانەش (لاند ئارت، کۆنسێپت ئارت، پۆپ ئارت، ئەکتیسۆنەکان، هونەری ڤیدیۆ، فۆتۆگرافی نوێ، ئینسلاتسیۆنەکان)، تا دەگاتە ئەو شێوازو ئاراستانەی کە تیایدا کانزاو ماتریالە ناهونەرییەکان بەکاردەخرێن.
شێوازە نوێیەکانی ئەم دواییەش کە زیاتر نوێکردنەوەو تێپەڕاندنی ئەو جولانەیە، دیسانەوە قسەو توێژینەوەیەکی تایبەتی لە فیکری ئێستادا خولقاندووە لەسەر ئاستەکانی «مۆدێرن و، پۆست -مۆدێرن»و، ئەو پرسیارانەشی ووروژاندووە کە ئایا «مۆدێرن پیربووەو - پۆست - قۆناغی دوای ئەوە، یان هەموو سەردەمێ پۆست مۆدێرنی خۆی هەڵدەگرێ؟» پاشان کێشەکانی وەک «بزربوونی هەڵچوون و هەست»، تا دەگاتە جیاوازییە تیۆرییەکانی (پۆست - مۆدێرن) بۆ جیهانبینی هونەر، لەم ناوەندەدا (پێڵاوەکانی ڤان کوخ) و (ئەندی ڤارهۆڤ) باشترین نموونەی ئەم کێشەیەن.
دیسانەوە نیشانەدان لەبەردەمی هەندێ فۆرمی هونەری کە لە«پۆست مۆدێرنەوە بەرەو مۆدێرن» دەگەڕێنەوە.
ئەم دەرکەوتە نوێیانە لێخوردبوونەوەیەکی تایبەتی گەرەکە، «ئێکۆ» ئاماژەی ئەوە دەکات کە هەموو کارێکی هونەری پێویستە چەند جارێک ببینرێتەوە، هەندێ لەو کارانەش، پرنسیپی دووبارە بینینەوە وەکی بنەمایەکە بۆ ئێستاتیکاکەی».
یەکێک لەو ئەزموونە گرنگانەی لەم چەرخەدا ڕوویداوە، ئەو پرۆژەیەیە کە لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی «جان فرانسیۆس لیۆتارد»ەوە سەرپەرشتی کراوەو گەر خۆشی لە ژێر ناوی «ئیماتیریالین»دا تیۆریزەی کردووە. بە پێویستی دەزانین لە دەرفەتێکدا کۆی ئەو پرۆژەیەو تێزە گرنگەکەی «لیۆتارد» بخەینە پێش چاوتان لەتەک ئەو حیوارە گرنگەی کە «جاک دریدا» لەتەک «لیۆتارد»دا سازیداوەو تیایدا ئاماژە بۆ ئەو پرۆژەیە دەکەن.
١٢-ئەم بەکارخستنەمان بی «فیگور» لە بواری دەقەکەماندا واتاو پێناسەی خۆی وەردەگرێت. دەبێ هەر لێرەدا

ئاگاداری ئەوە بین کە «فیگور» وەکی «چەمکێک» بەدرێژایی هونەریی شێوەکاری بەکارخستن و جێگەی جیاواز جیاوازی گرتووە. دیسانەوە لە ئەزموونەکەی «ئۆسکار شلیمەر» وە «سەرەتای ئەم سەدەیە»، فیگور لە پێککاتە تەشکیلیەکەیدا بەشێوازی تایبەتی و جودا بۆ نێو «شانۆ» گواستراوەتەوە، دیارترین ئەم ساتەش شێوازەکانی «تانزتیاتەر» و شانۆ تەشکیلییەکەی «ئاکیم فرێیرە».

١٣–سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشم کە مەبەستمان لە «ترانس - فیگور»، هەمان هونەری «Body Art» ناگرێتەوە. ئەم شێوازە تایبەتە بە «ڤێرا لێندۆرف»و «هۆلگێر ترولزش» کە ئاماژەی ئەوە دەکەن، «پۆست - پۆست مۆدێرن» یان لە پشت خۆیانەوە جێهێشتووە.

١٤–هەموو «تەواوکەرییەک» لقە، بەڵام هەموو لقێک ناکرێ وەکی «تەواوکەرییەک» ببینرێت، ئەمە سەبارەت بەو ئاست و کایەیەی کە لەمەوپێش ئاماژەمانکردووە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دەبنە پێکهێنەری خودی تابلۆ.
«لق» لە شانۆدا لەتەک «گشتی دەق»دا ئاماژە دەکرێت.
«رۆمان ئینگاردن» جیاوازی لە نێوان دوو دەقدا دەکات «گشتی دەق» و «لقە دەق»، بەگشتی «لقە دەق» لە شانۆدا دەچێتە نێو «دەقی شانۆیی - ئەدەبییەوە»، بە گواستنەوەی بۆ سەر شانۆ ئەوا «دەقی شانۆیی - نومایشت» دەخولقێ و ستراکتۆری «لقە دەق» گۆڕانی بەسەردا دێت.
دەکرێ گەڕانەوە بۆ سەر تێزە سیمۆلۆژییەکانی «پاتریک پاڤیس» و « مارتن ئیسلن» و «ئێریکا - لیختە» لەم بوارەدا سودێکی باشمان پێببەخشن، لە کاتێکدا کە ئێمە نەبوونی «دەقی شانۆیی» بە گەورەترین قەیرانی شانۆی کوردی دەزانین و، لە هەمان کاتیشدا دەکەوینە ئەو هەڵە مەعریفییەوە کە گوایە «بەبێ بوونی دەق شانۆ ناخولقێت».

١٥–پێش وەخت دەبێت جیاوازییەکی تەواو بکەین لە نێوان بەکارخستنە جیاوازەکانی ئەم چەمکەدا لەنێو کایەکانی «فەلسەفە، پسیکۆلۆگی، هونەر، ئەدەب»دا، کە بەگشتی لە دوو ئاستی گرنگدا خۆیدەگرێتەوە: قسەکردن لەسەر ئاوێنە وەکی دیاردەیەکی ماتریاڵی بینراو «فینۆمێکی فیزۆێلی»، هەروەها وەکی دیاردەیەکی پشتنەگیراو، ئەمەی دواییان دەچێتە نێو دوو خانەوە، یەکێکیان بەکاربردنی ئەبستراکتییە، ئەوی دیان وەکو کردەی «لێکچوونە»، هەڵبەتە بەکاردبردنەکەی ئێمە لە نێو ئەم «لێکچوونەدایە» بۆ تابلۆکەی «دارۆ».
ئاماژەو روونکردنەوەکەمان لەم پاشکۆ پەراوێزییەدا زیاتر بواری هونەری شێوەکاریی لەخۆیدەگرێت، گەر لێرەشدا ئاوڕێک لە مێژووی هونەری شێوەکاریی بدەینەوە، هەڵبەتە چەندەها نموونەی بەکارخستنی ئاوێنەمان دێتە پێش چاو کە دیسانەوە لەسەر دوو ئاستی پێکهاتن کاردەکەن، ئەوانیش: پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان نموونەی یەکەم «فیگورو شتەکان» لەتەک بە وێنە بوونەکە، دیسانەوە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان وێنەو کردەی بە ئاوێنە بوونەکەیە.
سەرەتاپای ئەو پەیوەندییانەش لەو خولگەیەدا ڕاگیردەبن کە گەڕانە لەدووی شوێنێکی تایبەتی لە بەردەم و لەناو ئاوێنەدا، وەکی تر پەیوەندییەکانی دەرەوە بە ناوەوە، دەرەوە بە دەرەوە، ناوەوە بە ناوەوە.....
لێرەدا ئاماژەی چەند ساتێکی گرنگ دەکەین و، هەڵبژاردنی ئەم نموونانەش بۆ گرنگی ئەو ساتانە دەگەڕێتەوە لە بەکارخستنی چەمکی «وێنەی ئاوێنەیدا».
* ئەزموونەکەی (Egon Schiele > 1910)، «خۆ هێلکاری کردنی لەگەڵ مۆدێلێکدا»، بەبێ بوونی ئاوێنە وەکو چوارچێوەو وەکی دیاردە فیزۆێلیکییەکە.
ڕووبەری ئاوێنە لەمانا ناسراوەکەیدا نادیارە. گرنگی «وێنەی ئاوێنەیی» لەو خاڵەدا خۆی کۆدەکاتەوە کە «پانتایی بینراو» وابەستە نییە بەنموونەی یەکەمەوە. لێرەدا سەرنجی دوانەییە بۆ یەکێک، وەک ئەوەی ئێمە دەیبینین و ئەویش.
فیگوری «شیللە» لە هێڵکارییەکەدا دیارە بەرامبەر ئێمە، لە نێوان ئێمەو ئەودا، مۆدێلەکە دووجار دەردەکەوێت، پشتی لە ئێمەیەو رووشی لە ئێمەیە. بە هەمان شێوە سەبارەت بەویش «فیگورەکە»وا دەردەکەوێتەوە.
* ئەزموونەکەی «Ernst Mach»، کە تیایدا کردەی «خۆ وێنەکردنەکە» بەبێ ئاوێنەی دیارە، فیگورێکی ڕاکشاو دەبینین کە بەبێ «سەرە» واتە لەو «پنتی بینینەوە» کە چاوی خۆی دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت. لە وێنەکەدا ئەو «دەستەش» دەبینین لە حاڵەتی کێشانی پۆرترێتەکەی خۆیدا. سەبارەت بەم وێنەیە «Ernst Bloch»وا دەبینێ کە لە مێژووی «پۆرترێتدا» شوێنێکی تایبەتی هەیەو، هەر ئەمەشە وایکردووە کە «بلوک» تێزمیەکی تایبەتی بۆ بکات.
* گەر بگەڕێینەوە پێشتر، ئەوا لەبەردەم هونەرمەندی «ئیشک»دا خۆمان دەبینینەوە کە «,Herbst- 1873 Claude Monet» . گرنگی ئەزموونەکەی «مۆنێت» لە ئۆتۆنۆمی «ئاوردانەوە - ڕێفلێکس»دایەو، (وێنە لە نێو وێنەدا) هاتۆتەدی.
وێنەی ئاوێنەی لێرەدا لە پانتایی «ڕێفلسیکس بە- دۆبل - بووەوە ئاڕاستە دەبێ. هێڵە فلچەییە شینەکانی «مۆنێت» بە ئاوێنەکردنی سروشت و بوونە، بە دووبارە شت کردنەوەی شتەکانە. ڕۆانی شێوەکارانەی «مۆنێت»، ڕۆانی ئاسمانە بۆ سەر زەوی، بەلابردنی ئەو سنوورەش، خولقاندنی «لادانی ڕەنگییە» لەتەک ڕەنگی شتەکاندا. ئاسان نییە کە «مۆنێت» بە «داهێنەری ئیشک» دادەنرێت، ئاسانیش نییە کە هونەرمەندی ئەکتسیۆنیزمی جیهانی «گێرمان نیچ» بڵێ «مۆنێت فێری بینینی کردوین».
* گەر ئاوڕێک لە پێشتریش بدەینەوە، سەردەمی بارۆک -Barock- ئەوا تابلۆ گرنگەکەی «-Las Me >1655 ninas > Diego Velázquez»ە، کە نەک تەنها لە بواری هونەری شێوەکارییدا جێگای تایبەتی خۆی دەگرێت، بەڵکو بووەتە جێگای ئاماژەکردنی فیکری هاوچەرخی جیهانی و «فۆکۆ»ش یەکێکە لەوانەی کە زۆر

تایبەتی قسە لەسەر چەمکەکانی «دەسەڵاتی ئاوێنەو ئاوێنەی دەسەڵات»ە لەم تابلۆیەدا دەکات.
ئەم تابلۆیە «گروپێکی ناو کۆشکی شاهانەیی» پیشان ئەدات، هەشت فیگور لە پێشەوە، فیگورێک لە قوڵایدا لای ڕاست، لای چەپ «هونەرمەند» خۆیەتی لە بەردەم ستاندێکی زۆر گەورەو بەرزدا، لە پشتەوە ئاوێنەیەک دەبینین کە «شاو شاژنی» لێوە دیارە. زۆربەی فیگورەکانی ئەم وێنەیە دەڕواننە شوێنێک کە لەدەرەوەی پانتایی تابلۆکەدایە، کە «شاو شاژن» ئەو پانتاییەیان داگیرکردووەو ئێمە تەنیا لە بواری ئاوێنە هەڵواسراوەکەی پشت ئەم گروپەوە دەیانبینین.
دیسانەوە چاوی ئەم جووتەش «شاو شاژن» بۆ هەمان خاڵ و پانتایی ئاراستە دەبن. ئەم تابلۆیە لەسەر کۆمەڵێ ئاست گرنگی خۆی ڕادەگیردەکات:
* بیرۆکەیەکی دەرەوەی وێنەکێشانە کە (لە وێنەکەدا دوور خراوەتەوە، زۆر مەبەستیشە)، دێنێتەوە ناو وێنەکە.
* ئاوێنە ئەو شتە بەدیاردەخات کە لەبەردەمی ئەم گروپەدایەو لەتەک ئەمەشدا نادیار ماوەتەوە.
* دەوترێت کەوا باوبووە، «شاژن» لە سێدەسوێنی کۆشکانەدا لە لای ڕاستی پاشەوە وەستاوە. بەو پێیەش کە لەئاوێنەکەدا دەردەکەوێت ئەوا ئەم تابلۆیە لەو «پێچەوانەیی و ئاودانە ئاوێنەییە» لا دەدات و لە ئاوێنەکەشدا شاژن هەر لە لای ڕاستی پاشەوە وەستاوە. کەواتە ئەم ئاوێنەیە، ئاوێنەیەکی ئاسایی و سروشتی نییە، واتە جیهانبینییەکی هونەرمەند پیشان ئەدات.
بەم پێیە وێنە ئاوێنەییەکە دەخرێتە ناوەوەو جێی خۆیدەگرێت، بەڵام جارێکی دی فڕێ ئەدرێتە دەرێ و لە دەرەوە دائەنرێتەوە.
* وێنەکێش و گروپەکە پشتیان کردۆتە «شاو شاژن»، دیسانەوە سیستەمی نووماییشتی شاهانەیی تێکشکێنراوە. هەر لێرەدا دەسەڵاتی نووماییشت، دژ بە نووماییشتی دەسەڵات بەکاردەخرێت، مەنزوری دەسەڵات لە ڕێی دەسەڵاتی مەنزورەوە دەڕوخێنرێت، لەم ڕووەوە وەرچەرخانێک بە سەربەستی دەردەکەوێ.
هونەرمەندەکە توانیوێتی لە نێو چەقی کۆشکدا، ئاستی نوماییشت، بە گواستنەوەی بۆ نێو «جیهانی وێنەکەی» بگۆڕێت.
* هەریەک لەو کەسایەتیانەی ناو وێنەکە سەیری شتێک دەکەن، کە ئەمانیش بۆ ئەو شتە دیمەنێکی سەیرکراون، واتە وێنەکە بەگشتی چاودەبڕێتە دیمەنێک، کە بۆ ئەویش بەهەمان شێوە ئەم دیمەنێکە.
ئاوێنەکە وەکو چاودێرێک و چاودێرکراوێک حاڵەتێکی سەیر دەخاتەڕوو، واتە ئەو شوێنەی کە «شاو شاژن» عەرشەکەیانی لێیە، هەمان شوێنی هونەرمەندەکەو بینەرانیشە.
ئەمانەو گەلێ ئاستی تریش کە گرنگی ئەم وێنەیەمان پێدەڵێن.

* * *

دەکرێ هەر لێرەدا سەبارەت بە «ئاوێنە» ئاماژەیەکی خێرای تێزە گرنگەکانی «ئێکۆ» بکەین، کە بەبڕوای ئێمە ئەم گوتارەی ئێکۆ زۆر بەجیاواز لە هەموو گوتارەکانی تر دەربارەی «وێنەی ئاودراوەیی» کاردەکات.
سەرەتا بە پرسیارێک دەستپێدەکات: ئایە وێنەیەکی ئاودراوە (ریفلێکس) نیشانەیە؟ ئایە ئاوێنە دیاردەیەکی سیمۆزییە؟ پاشان بە شێوەیەکی ڕوونتر پرسیارەکە دادەڕێژێت: ئایە ئەو وێنانەی کە لەسەر ڕووبەری ئاوێنەیەک پێچەوانە دەبنەوە، نیشانەن؟
«ئێکۆ» ئەوە بە گرنگ دەزانێ، کە پێشەکی پێناسی ئەوە بکرێت، کە لەژێر هەردوو ووشەی «نیشانە»و «ئاوێنە»دا چی تێدەگەین (ئاخۆ دەبێ لە چەمکی ئاوێنەوە بجوڵێین تاوەکی پێناسی نیشانە بکەین، یاخود لە «نیشانە»وە تاوەکو پێناسەی «ئاوێنە» بکەین؟).
هەر لەم ناوەندەدە «ئێکۆ» ئاماژەی (قۆناغی ئاوێنە ـ Spiegelstadium) لەلای «جان لاکان» دەکات بەتایبەتی چەمکی «فانتازیاو سیمبۆل».
دەکرێ هەر لێرەشدا پەنجە نومای ئەوە بکەین کە «قۆناغی ئاوێنە» لە پێکهاتنی «خود»دا، قورسترین و گرنگترین پێکهێنەری «گوتاری لاکانی»یە.
قۆناغی ئاوێنە لای «لاکان»، ئەو قۆناغەیە کە لەبوارییەوە «منداڵ» لە تەمەنی شەش مانگییەوە دەرک بەخۆی دەکات، وێنەی خۆی دەستگیردەبێ بە ناسینەوەی خۆی لە ئاوێنەدا. هەر ئەمەشە وادەکات کە گۆڕانێکی بنەڕەتی و قووڵ ڕووبدات.
ئەم تێزەی لاکان جۆرێک لە تەموومژی و ستەمی لەتەک خۆیدا هەڵدەگرێت، چونکە پەیوەندی منداڵ بە وێنە ریفلێکسییەوە، پەیوەندبەستنە بە دەورو پشتییەوە، بە جەستەوە، بە کەسایەتی و ئۆبجێکتەکانەوە.
ئاماژەیە بۆ بونیادنانی مێژووی تاک، دراماتیزیری وێنەی جەستەیە بە یەکگرتنەوەیەوە کە جێگەی جەستەی بەشبەش بوو دەگرێتەوە.
«تەماهییە» بە «من»وە پێش دەستپێکردنی تەماهی بە «ئەو»ەوە. «پەیوەندی جیهانی ناوەوەیە بە جیهانی دەوروبەرەوە»، ئادەگاتە قوڵبونەوەیەکی نائاسایی لە «ناسنامە، وێنەی جەستە، وەهمی تەماهی شوێن، دیالێکتیکی زەمەنی ...هتد» ئەوەش کە جێگای سەرنجە لە «قۆناغی ئاوێنەیی» لاکان دا، ئەوەیە کە «ئەم تەماهییە سەرەتاییە، لە دواییدا دەبێتە ئەسڵی هەموو تەماهییەکانی خود». ئەمەی سەرەوە خاڵێکی تابلێی بچوکن سەبارەت بەو گوتارە سەختەی لاکان.

«ئیکۆ» لە دوو چەمکەوە، سێ ویستگەی «لاکان» دەستنیشان دەکات، کە تیایدا «منال» لەبەردەم ئاوێنەدا پیا تێنەپەڕێت.
تا دەگاتە ئەوەی کە « ئەوەی لاکان بە سیمبولی ناودەبات، سیمۆزییە» و [ئیدراک، بیرکردنەوە، هۆشمەندی بەرامبەر خودی خۆ، خیبرەی ئاوێنە، سیمۆزی، وەکو خاڵەکانی هێڵی بازنەیەک دەردەکەون].
«ئیکۆ» بە چڕی چەمکی «ئاوێنە» دەناسێنێ و لە چەندەها خاڵی گرنگدا ڕاگیری دەکات، «لە بەردەم ئاوێنەدا نابێت باسی - ریفلێکس - بکرێ، بەڵکو باسی لێکچواندنێکی تێراوێتیر»، [ئاوێنە حەقیقەتێکمان پێدەڵێ، بێ هیچ شاردنەوەیەک، داپۆشینێک، خۆشی بە پێچەوانە کردنەوەی وێنەوە خەریک ناکات]، [ئاوێنە هەمیشە تەنیا یەک ئۆبجێکت ناودەنێ، یەکجاریش ناودەنێ، ئەو شتەی کە لەبەردەمیایەتی].
پاش ئەم سەرنجانەو گەلێ وێنەی ئاوێنەیی، دێتە سەر مانای «نیشانە»: کۆنترین پێناسەی نیشانە ئەوەیە کە «نیشانە شتێکە بۆ شتێکی دی لە ئارادایە»، هەر لێرەشدا نووسیوێتی «دەشێ وێنەی ریفلێکسی بۆ جەستە لە ئارادابێت؟».
بۆ تەواوکردنی ئەو پێناسەیە، هەر لە بواری تێزە گرنگەکانی خۆیەوە لە «نیشانە» ناسیدا بە «حەوت» خاڵی گرنگ نیشانە دەناسێنێ و پاشان توێژینەوەیەکی ووردی «فینۆمینۆلۆگیای ئاوێنە، ئیکۆنە ڕەهاکان، پراگمای ئاوێنە ... هتد»، ئاماژەی حەوت خاڵی تر دەکات و تیایاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە بۆچی «ئاوێنە» هیچ نیشانەیەک ناخولقێنێ.
[وێنە ریفلێکسییەکان نیشانە نین و، نیشاناکانیش وێنەی ریفلێکسی نین].
بڕوانە: ¤ Umberto Eco: Über Spiegel und qndere phüno,ene:
«هەموو هونەرێک ئێرۆتیکە»، بە گشتی ئێرۆتیک لە مێژووی هونەردا یان ئەوەتا بەشێوەیەکی نادیار، ناڕاستەوخۆیی، سیمبۆل و نیشانەکانی خۆی خستۆتەکار [ئەمەش زیاتر لە هونەری سینەماداو لە ژێر کاریگەری کێشەی «تابۆ» و «مۆراڵ»دا، ڕوویداوەو هەر ئەمەش وای کردووە کە لە مێژوویەکی پێشوودا بەرەو «کۆد» و «سیگنالەکان» بچێت]، یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ ئەلفابێتی ئێرۆتیک ڕەچاوکراوە (ئەمەش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی هونەرەوە لە تەشکیلداو لە هونەرە وێنەییەکانی تریشدا).
[گەر بەووردی لە مێژووی هونەر بڕوانین هەر لە سەرەتاوە بۆ ئێستا لەسەر ئاستی سێکسوالێتێت و ئێرۆتیک، هیچ شتێکی نوێیان نەهێناوە جگە لە جیاوازی تەکنیک و شێوەو بەرجەستەکردنی ئێرۆتیکاکە نەبێ]..
هەر ئەمەشە وای کردووە کە شێوازەکانی «قوتابخانەی ڤیەنای ئێرۆتیک و ستیلی ئەمەریکی، فەرەنسی، ئیتالی، ئەڵمانی» لەسەر ئاستی تەکنیکی جیاواز جیاوازدا بناسینەوە. هەر لێرەشدا دەکرێ جیاوازی بکەین لە نێوان:
زمانی وێنەی ئێرۆتیک، زمانی وێنەی سێکس، پۆرنۆگرافی، ڕووت بوونەوە، ... بۆ نموونە کردەی ڕووتبوونەوە لە هونەری صۆر□ «دا، نە ئێرۆتیکەو نە پۆرنۆیە[ئێرۆتیک بە ئێستاتیک ک کردنی «خستنە کارێکە»، جووڵەیەکی فەنتازیی و ڕۆشنبیرییە، بەڵام پۆرنۆگرافی، ئێرۆتیکای خەڵکە، پۆرنۆگرافی فینۆمێکی کلتورییە، ئێرۆتیکای ئەوانی دییە، ئەو ئێرۆتیکایەی کە لەنێو ناوەندی سۆسیالی خۆیدا، خۆی نابینێتەوە].
«گۆستاڤ کۆربێت» بە «مۆدێلەکەی» دەڵێ: [ئەگەر دەتەوێت خواوەندەکانت بۆ بکێشم، ئەوا خواوەندەکانم نیشاندە].
١٧- بڕوانە گۆڤاری یەککگرتن، ژمارە١٧ ـ میتا ـ ڕەنگ و کێشەی کۆد، شەماڵ عومەر، , ١٩٩٥
١٨-بۆچوونەکانی «ئیکۆ» [هەمان پەراوێزی ژمارە (٢)] سەبارەت بە داهێنانی نووسەرو هونەرمەند، هەروەها ئەزموونەکەی «جاکسۆن پۆلۆک» لە ئەکسپۆنی کۆنترال کراوو ڕێکەوتێکی زانراودا، پاشان تێزەکانی هونەرمەندی ئەکتسیۆنیزم «هێرمان نیچ»، باشترین نموونەی ئەم «عەفەوییەتە»ن لە کاری داهێناندا.
١٩- دەستەواژەی نێو کەوانەکان تایبەتن بە گوتارە گرنگەکەی «سۆزان سۆنتاک»، بڕوانە هەمان پەراوێزی ژمارە (٥).
پرسیارەکانی ئێمەش لەم چەمکانە، پرسیارکردن نییە لە «سۆنتاک»، هێندەی ئەوەی مەبەستمان خولقاندنی حیوارێکە لەسەر کێشەکانی «ئێرۆتیک» و «تەفسیرکردنی تابلۆ» لە جوڵەی شێوەکاریماندا.

# ماكس ڤێبەر و دۆزینەوەی "بەهەشتی وون"

## بەختیار عەلی

هیچ سیستمێک لەمێژوی مرۆڤایەتیدا وەکو سەرمایەداریتی لەفەزای جیاجیاو کەشی ئاڵۆزدا کارینەکردووە بێنەوەی یەکێتی ناوخۆیی خۆی وونبکات، بەمانایەکی تر سەرمایەداریتی سستمێکە دەتوانێت لەژینگەی جیاواز جیاوازدا بژی و پەیوەندی هەمەجۆر دابڕێژێت، لەکاری جیاواز جیاواز نزیک ببێتەوە، فەلسەفەی دژبەیەک تێکەڵاو بکات، لەسایەی فەرمانڕەایی جۆراو جۆردا پێبگرێت و لەکولتوری دوورلەیەکدا پەرەبسێنێت. بەڵام ئەم ڕاستیە ڕێگرنیە لەبەردەم ئەوەدا، کەدەشێت ڕۆحی سەرمایەداری گرێبدرێتەوە بەدیاردەکانی دەوروبەرو تایبەتمەندێتیەکانی ئەو ڕۆحە بەسیستمە شارستانی و ئاینیی و ئەخلاقیەکان پێوانەبکرێت، لەوباوەڕەشدانیم خوێندنەوەی ئەو پەیوەندیە کارێکی ئاسانبێت، چونکە دۆزینەوەی پەیوەندی (سەرمایە) بەو ژینگەیەوە کە تیاکاردەکات و گەشەدەستێنێت تەنها پەیوەندیەکمان بۆ ئاشکرا ناکات، بەڵکو ڕۆحی سەردەمێک و ئاسۆکانی داهاتووش ئاشکرا دەکات.

سەرمایەداریتی زەمینەی ئەخلاقی. ئاینی و بسیکۆلۆژی نەگۆڕی نییە، بەڵکو ستراتیژی نەگۆڕی هەیە، مێژووی سەرمایەداریتی، مێژووی ئاوەژوبوونەوەی جیهانبینیەکانە نەوەکو ئاوەژەبوونەوەی ستراتیژیەکان، ڕۆحی تراژیدیانە یاخود ڕۆحی گەشبینانەی برۆژوازیەتیش لەیەک زەمینەی فەلسەفی نەگۆڕەوە سەرهەڵناگرێت، ئاکاری بەرهەمهێنان و بەرخۆریش (استهلاک) هەریەک سەرچاوەی تایبەت و دیاریکراوی نیە، سروشتی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانیش لەسایەی ئەو سیستەمەدا هەمەڕەنگیەکی گەورەی هەیە کەلە ڕاڤەکردنیی مارکسیدا پەیوەندی چەوسانەوەی مرۆڤە بۆ مرۆڤ، بەڵام لەنیگای ڤێبەرەوە پەیوەندی عەقلانیکردنی سیستەمە بەهەردیوێکیشدا بڕوانین سەرمایەداری هەمەڕەنگی خۆی لەدەستنادات، وەکو سیستمێک کە لەسەر زەمینەی ئاینی و فەرهەنگی جیاجیا دەتوانێت کاربکات و دەتوانێت بەشێوەیەک دۆزە فەرهەنگیەکان بابداتەوە کە لەئاستی کارکردندا ببنە هۆکار بۆ وویستە ستراتیژیەکانی ئەو.

بەڵام چۆن پێکهاتێکی فەرهەنگی کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداریتی دەبێتە زەمینەیەکی ڕۆحی بۆ سەرمایەداریتی؟

ئەوە یەکێکە لەپرسیارە گرنگەکان کەپێویستەو هەر فەرهەنگەو بەجیا وەڵامی بداتەوە؛ واتە سەرمایە چەند سروشتێکی جیهانی و سەرتاسەری هەبێت لەوەناکەوێت سروشتێکی ناوچەیی و ناسیونال و ئاینیشی هەبێت، چەندە زەمینەی تەشەنەسەندنی جیهانی لەپێشدەمیدا کراوەبێت لەوەناکەوێت دواجار لەهەرجێگایەک بەشێوەی تایبەتی خۆی شاندابداتە سەر بەهانەی ئاینی و ئەخلاقی تایبەت کە فەرهەنگە جیاوازەکان پێشکەشی دەکەن.

ڕاستە ناتوانین باس لە سەرمایەداریتیەکی ئاینی بکەین، یان ناوی شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەژینگەیەکی ئیسلامیدا ناوبنێین (سەرمایەداری ئیسلامی)، بەڵام ناکرێت چاو لەوە

بپۆشین کە سەرمایەداریتی لە جیهانی مەسیحیدا ڕەگوڕیشەیەکی هەیە کە نزیکە لە بنەما ڕۆحیەکانی مەسیحیەتەوە و لە جیهانی ئیسلامیشدا سوود لە هەڵوێستە ئابوورییەکانی ئیسلام وەردەگرێت، دۆزینەوەی ئەو هێڵە باریکەش کە سەرمایە گرێدەداتەوە بەڕۆحانیەتەوە یاخود بەعەقلیەتی ناسیۆنالییەوە، تا ئەندازەیەکی زۆر سروشتی فەلسەفەی سەرمایەمان بۆ ئاشکرادەکات، هەروەکو چۆن ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو وماناکانیمان نیشاندەداتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر بمانەوێت بەئاسانی لە تەشەنەسەندنی (سەرمایە) تێبگەین و ئەو شێوانە بناسین کە بەخۆیەوە دەگرێت، بەسنییە بڵێین کە بەتەنها هوروژمی خۆرئاوا و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خۆرئاوا بەرپرسیارە بەرامبەر سەرهەڵدانی سەرمایەداریتییە پێگەیشتوەکانی دەرەوەی خۆی (وەکو لە خۆرهەڵات و خواروی خۆرهەڵاتی ئاسیا دەبینرێت)، یان بەرپرسیاری پێرەوکەکردن و پێگرتن یان پێنەگرتنی سەرمایەداریتییە ساواکانی ئەملاولای جیهانە، بەڵکە تائەندازەیەکی زۆر دەبێت لەو ڕاستیە تێبگەین کە سەرمایە لە هەر جێگایەکدا سەوزبێت، جگە لەزەبرو زەنگ، زەمینەیەکی ئەخلاقیش پێشتر ئامادەیە تالەسەری کاربکات. سەرمایە لە هەموو جێگەیەک بۆ بنەمایەکی ئەخلاقی و فەلسەفی نوێ دەگەڕێت، چەندە ئەو بنەمایانەش لەیەکتری بچن، مانای ئەوە نیە کە مۆری ناسیونال و ئاینی خۆیان هەڵناگرن. سەرمایە پشووئادات ئەگەر لە هەموو شوێنێک مێژوویەکی پێشینە بۆخۆی دروستنەکات، پشووئادات ئەگەر جیهانبینی خۆی لەسەر ئەزمی جیهانبینیەکانی دیکە بونیادنەنێتەوە، پشووئادات ئەگەر هەموو فەلسەفەیەکی ئاینیانەی قازانج و دەستکەوت لە سیستەمێکی تایبەتی بەرهەمهێناندا بەرهەمنەهێنێتەوە. بەواتەیەکی دیکە سەرمایەداریتی دەستکاریەکی بەردەوامی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانە، ڕاڤەکردنێکی بەردەوامی ئەو فەرهەنگانەیە، خۆنزیکخستنەوەیەکی قوڵە لە هەموو فەلسەفەکانی بەرهەمهێنان کە لە یەک کاتدا والەو فەرهەنگ و ئاین و فەلسەفە ناسیۆنالانە دەکات مانایەکی ئەخلاقی و ڕۆحی ببەخشنە سەرمایە، وەکو چۆن بۆخۆشی ئەو توانای گۆڕان و کشان و چەمینەوەی هەڵگرتووە کە بتوانێت جیهانبینی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ فەرهەنگە جیاوازەکاندا بگونجێت.

گەڕان لەدوای پەیوەندیەکانی (سەرمایە) و (فەرهەنگ) کێشەیەکی نوێنیە، بەڵام مەنهەجیترین ڕووبەڕووبوونەوە ئەو هەوڵدانەی ڤیبەرە بۆ خوێندنەوەی پەیوەندیە ڕۆحیەکانی سەرمایە بە ئاکارەکانی پرۆتستانتیەتەوە کە هەڵبەت ئەم ووتارە تەرخانە بۆ بەسەرکردنەوەی بە بێنەوەی لە سەرنجی بەراوردکارانە و لە خوێندنەوەی ئاستە بێدەنگەکانی کتێبەکە داببڕێین کە بەبۆچوونی من زیاتر دەروازەی جیهانی ڤیبەرمان لێدەکاتەوە.

پرۆژەی (ڤیبەر) لەو کتێبەدا بە پرسیارێک دەستپێدەکات کە وەڵامەکەی بایەخێکی گرنگی بۆ کۆی دۆزی کتێبەکە و فکری ڤیبەر و جیهانبینی سەرمایەداریتیش هەیە.
پرسیارەکەش ئەوەیە: بۆ سەرمایەداریەتێ تەنها لە خۆرئاوا گەشەدەکات؟ بۆ ئەم گەشەیەش هاوشانی بەگەڕخستنی عەقڵانیانەی زانستەکان و ڕێکخستنی عەقڵانیانەی کۆمەڵگەیە؟

ڤیبەر بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوە فەرامۆشناکات کە لە شارستانیەتەکانی دیکەدا زانستەکان و هونەرەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئیداری بەجۆرێک لەجۆرەکان هەبووە و لەوانەیە لە هەندێ بواریشدا گەشەی گرنگی کردبێت، بەڵام پێشی وایە هەموو دەسکەوتە گرنگەکان و پەرەسەندنە مانادارەکان لەخۆرئاوادا گەیشتوونەتە پلەی کەماڵ و هەر لەوێ بەڕاستی کەوتونەتە گەڕ، لای ڤیبەر تەنها لەئەوروپا (توێژینەوەی زانستی و عەقڵانی و تیۆری و تایبەتمەند هەیە)(٢)، تەنها لە ئەوروپا (فەرمانبەری تایبەت) و (بیرۆکراسی لێوەشاوە هەیە)(٣)، دەوڵەت وەکو دەسگایەکی سیاسی و دەستوورێکی نوسراو یاسایەکی دانراوی عەقڵانی(٤) هەر لە ئەوروپادا دەبینرێت، ڕاستە لە زۆر شوێنی دنیادا و لە هەموو قۆناغێکدا (گەڕان لە دوای قازانج) هەبووە، بەڵام سەرمایەداریتی تاکە سیستمێکە کە (هاوشانی گەڕانە بۆ قازانجێک کە بەردەوام لە ڕێگای دەستگایەکی سەقامگیر و عەقڵانی و سەرمایەدارەوە لە نوێبوونەوەدایە)(٥). ڕاستە بازرگانی لە هەموو جێگایەکی دوونیادا هەبووە، بەڵام لای ڤیبەر چالاکی بازرگانان و پارەداران لە شارستانیەتەکانی دیکەدا زۆربەی کات (سروشتێکی ناعەقڵانی و تیۆری وەرگرتووە. یاخود لە ڕێگای کاری توندوتیژەوە سامانیان وەدەستهێناوە)(٦)، وە خۆرئاوا تاکە هەرێمێکە کە ڕێکخستنی عەقڵانی (کاری ئازاد)ی بەخۆیەوە بینیوە ،بەکارهێنانی تەکنیکی زانستیش(لە

بەرنەوەی - قازانجی ئابووری - لەتەک خۆیدا هێناوە) تەنها لەوێ ئەو گوژمەی ناسیوە(٧)، کۆی ئەو هۆیانەش وادەکات ڤیبەر پێ لەسەر سروشتی عەقڵانیانەی سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمی کاری ئازاد دابگرێت و بەخەسڵەتێکی گرنگ و جیاکەرەوەی خۆرئاوای بزانێت، ئەگەرچی ڤیبەر بەچەندەها شێوە ترسی خۆی لەماناکانی (عەقڵانیەت) و بەکارهێنانەکانی نیشاندەدات(٨)، بەڵام ئەوترسە بەو مانایە نیە کە ڤیبەر سەرمایەداری و عەقڵانیەت پێکەوەگرێناداتەوە ،کە هەڵبەت هەرئەمە لەخۆیدا جۆرە تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازە لە تێگەیشتنی (مارکس). لە راستیا دەتوانین بە ئاسانی جیاوازیەکانی ڤێبەر و مارکس ببینین و لەو خاڵەشدا کۆیبکەینەوە کە مارکس بەردەوام بایەخ بە شوێنی مرۆڤ دەدات لەناو سیستەمی کاردا، هەرلێرەشەوە لە زۆر رووەوە نزیکیەک دەبینێتەوە لە نێوان سەرمایەداریتی و بەربەریەتدا، بەڵام لای (ڤێبەر) خودی بەگەرخستن و بەڕێوبردن گرنگیەکی گەورەی هەیە و لەو روانگەیەشەوە لەلای ئەو چەمکە عەقڵانیەکان شوێنێکی دیاریان هەیە .

بەڵام جیابوونەوەی (مارکس) و (ڤێبەر) تەنها لەو خاڵەدا نیە، بەڵکو لەبنەرەتدا لە شێوەی ئەو میتۆدەشدایە کە بۆ تەفسیری سەرمایەداریتی دەیگرنەبەر، لای (ڤێبەر) کاریگەری بیروبۆچونەکان لەسەر گەشەی سەرمایە، کاریگەرێکی گرنگە، بەڵام لای (مارکس) کاریگەری (هەلومەرجە مادیەکان) لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و روانین بایەخی یەکەمی هەیە، لای (ڤێبەر) خۆرئاوا بەر لە سەرمایەداریتی سەردەمانێک لەژێر وەحی جۆرە بیرورایەکدا ژیاوە و کاروکارلێکی ئەو بیروڕایانە زەمینەی گەشەی سەرمایەداریتی فەراهەمکردووە، بەڵام لای (مارکس) گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە سیستەمی بیرکردنەوە و روانین و سیاسەتدا رەنگیداوەتەوە و ئەو کاریگەری یەکەم دەگێرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانەی مرۆڤ لە شێوەی بەرهەمهێناندا هێناویەتەکار.(٩)

بەڵام سەیرکردنی سەرمایەداریتی یان دەوڵەتی سەرمایەدار وەکو بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی (عەقڵ) ئاشکرایە چ نەغمەیەکی هیگڵیانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو زرینگە هیگڵییە ئاشکرایەشدا ناکرێت عەقڵانیەت لای (ڤێبەر) لەتەک عەقڵانیەتی (هیگڵیدا) تێکەڵاوبکەین، چونکە رەگەکانی عەقڵانیەتی دەوڵەتی سەرمایەدار لای (ڤێبەر) لە جوڵاندنەوە و بەرجەستەبوونی عەقڵێکی غەیبیدا نییە، بەڵکو رەگورپیشەکانی دەچێتەوە سەر رەفتار و ئەخلاقییەتە دونیاییەکانی (ئاین) و سەر ئەو تەرزە لە بسیکۆلۆژیای ناسیونالی و رۆحانی کە لای تاکەکەس وەکو سەرچاوەیەکی رەفتار و ئەخلاق کەوتۆتەوە، ئەمەش تایبەتمەندیەکی گرنگی بەخشیوەتە فیکری (ڤێبەر)(١٠)، وەکو چۆن هەر ڤێبەر خۆیشی کێشەی (عەقڵانیەت/ ناعەقڵانیەت)(١١) دەگوازێتە سەر کێشەی (تازەگەری/ تەقلید) کە دواتر دەبێتە کێشەی سەرەکی لە زۆربەی فەرهەنگە جیاواز جیاوازەکاندا، هەر خۆشی کێشەکە دەخاتە ئاستی ململانێی شارستانیەوە لە نێوان (خۆرئاوا/ دەرەوەی خۆرئاوا) دا، کەهەڵبەت ئەمانە هەموو بەکۆ شوێنی فیکری (ڤێبەر) پتر بەرجەستەدەکەن.

ئەوەی (ڤێبەر) چاوی لێخافڵناکات ئەوەیە؛ بۆ (عەقڵانیەت) تەنها لەخۆرئاوادا دەگاتە ئاستی کامڵبوون و چۆن چۆنیش ئەو پرۆسەیە پێدەگرێت؟

ئەو جێگایەی (ڤێبەر) لێوەی دەست پێدەکات، جێگایەکی سەیرە، جێگایەکی تائەندازەیەکیش دوورە لەو ئامانجەی کە هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری. (ڤێبەر) وەکو سەرەتا لەو راستییەوە دێتە قسە کە لە جێگایەکی وەکو (ئەڵمانیا)دا (خاوەن کارەکان و موڵکدارانی سەرمایە و نوێنەرانی توێژە باڵاکانی کارگەران، هەروەها تەکنیککاران و بازرگانانی خاوەن رۆشنبیری بەرز لە دەستگا نوێکاندا ، زۆربەیان سەربەپرۆتستانتەکانن).(١٢)

ئەم راستیە کە دەشێت وەکو بناغەی کارێکی فکری وەها گەورە زۆر سادەشبێت، دەبێتە هەوێنی کۆی کارەکەی ڤیبەر، لەو ساتەوە ئیدی ناو دەهلیزی بیرورا و نووسینی هۆزە پرۆتستانتەکان دەگەڕێت، تالە سحری کەڵەکەبوونی سەرمایە و باڵادەستی لۆژیکی کارکردن تێبگات. هەر ئەو تێبینیەش ڤێبەر بەرەولای خوێندنەوەی بەها رۆحیەکانی سەرمایەداری دەبات و بەرەونەوەی رادەکێشێت زیاتر وەکی سۆسۆلۆکێک قسە لەو سیستەمە بکات، نەوەکی (ئابووریناسێکی سیاسی). ڤیبەر بۆ وەڵامی ئەوپرسیارەی کە پەیوەندی (پرۆتستانت) و (سەرمایەداریتی) دەیوروژێنێت سەرەتا ئەو وەڵامە رەتدەکاتەوە کە باڵادەستی ئابووری پرۆتستانتەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە دەڵێت: کەمایەتی نەتەوەیی یاخود دینی کاتێ کە خۆی لە حاڵەتی ژێردەستیا دەبینێتەوە بەتوندی رووددەکاتە چالاکی ئابوری(١٣)، چونکە

پرۆتستانتەکان ئامادەگیەکی تایبەت نیشاندەدەن بۆ عەقڵانیەتێکی ئابووری، جانەگەر توێژێکی بالادەستبن یان ژێردەست، کەمایەتیبن یان زۆرایەتی کە ئەو سیفەتە لە هیچ حاڵەتێکدا لای کاتۆلیکیەکان نابینرێت(١٤)، هەروەها ڤێبەر ئەو تەفسیرەش رەتدەکاتەوە کە جیاوازییەکانی نێوان (پرۆتستانت) و (کاتۆلیک) دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی گوایە (کاتۆلیکەکان) خەڵکانێکی لەدنیادابڕاون و حەزیان لە ژیانی مادی نیە، بەلام (پرۆتستانتەکان) مەعشەرێکی دونیایین و حەزیان بەکەیف و عەیشونۆشە، بەڵکو ڤێبەر دەڕوات و لە قولاییدا لەناو جەرگەی جیهانبینی هەردوو گروهەکەدا بۆ نهێنی ئەو هاوپەیمانێتییە دەگەرێت کە فەلسەفەی (پاکژوویستی ـ طهرانی) پرۆتستانێتی بە فەلسەفەی سەرمایەوە گرێدەدات.

(ڤێبەر) لە دەقێکی (بنجامین فرانکلین)دا لە حاڵەتی ساف و ساماڵی رۆحی کلاسیکیانەی سەرمایەدارێتی دەڕوانێت و لە رێگای ئەو دەقەوە سەیری فەلسەفەی کار و قازانج و سامان دەکات(١٥)، ئەگەر سەیری دەقەکەی (فرانکلین) بکەین، دەبینین لەسەرێکەوە پڕێتی لە وەعزی هاندان بۆ کار و خۆماندووکردن و پڕیشە لە رۆحی پیسکەیێتی، ئەمە جگەلەوەی بە زمانێکی ئەخلاقی پردەلالەت دەوڵەمەند کراوە. ڤێبەریش کە باسی رۆحی سەرمایەدارێتی دەکات، مەبەستی جۆرە شتێکی وەهایە، مەبەستی تێکەلاوکردنی فەلسەفەی کارو دراوە بەفەلسەفەی ئەخلاق، مەبەستی دەوڵەمەندکردنی رۆحی پارەوویستی و قازانجوویستییە بە دەلالەتی ئەخلاقی و ئەمەش بەجەوهەری رۆحی سەرمایەدارێتی دەزانێت؛ پێشیوایە ئەگەرچی لەمەوبەر لە هەموو شوێنێکدا رۆحی قازانجخوازی و دەستکەوتبازی هەبووە، بەلام نەیتوانیوە لەگەڵ ئەخلاقدا خۆی جووتبکات و ئەو خەسڵەتی لەیەکدانی (قازانج و ئەخلاق)ە، خەسڵەتێکی سەرمایەدارێتییە. (ڤێبەر) دەنووسێت، سەرمایە پێشتر، (لە چین و هیند وبابل و زەمانی کۆن و چاخەکانی ناوەندا هەبووە، بەلام ئاشکرایە ئەو ئەخلاقەی کەمبووە)(١٦)، بەلام نابێت لەوەبەجۆرێ تێبگەین کە گوایە ڤێبەر رۆحی سەرمایەداێتێ و خۆویستی و دەستپیسی و چڵێسی تێکەڵدەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو پێیوابووە کە ئەو سیفەتانە لە هەموو شارستانیەت و پێکهاتە ئابووریەکانی پێش سەرمایەدارێتیشدا هەبوون.(١٧)

لای ڤێبەر رۆحی سەرمایەدارێتی گەرانێکی عەقلانییە بەدوای قازانجدا لە رێگای کارکردنەوە، ئەوانەش کە دەرگایان لەسەر ئەم رۆحە کردۆتەوە، کەمجار وەکو پارەداران و بازرگانە سەرکێشەکانی کۆن، کەسانی سەرچڵ و بێویژدان بوون، بەڵکو (ئەم تازە گەرانە لە قوتابخانەی سەختی ژیاندا گەورەبوون و لەیەککاتدا ژمێریاری وورد و فزوڵیبوون، بروایان بەخۆیان بووە، ئارامبوون، سەقامگیربوون، تەواو بۆکاری خۆیان دڵسۆزبوون و بەدڵنیاییەکی زۆرەوە باوەڕیان بە بیروڕا بۆرژوازییە توندەکانی خۆیان هەبووە).(١٨)

ئەگەر سەیرێکی بچوکی هەڵوێستی مارکسیش بکەین بەرامبەر بەم پێشڕەوانەی سەرمایەدارێتی، گەلێک جیاوازی دەبینین. لای (مارکس) ئەم پێشەنگانە بزوێنەری گۆڕانی قۆناغێکن بۆ قۆناغێکی دیکە، کەچی لای (ڤێبەر) کەمایەتیەکی ئیرادەگەرن کە عەقڵانیەت دەهێننە ناو جیهانی کارەوە، بەلام ئەو عەقلانیەتە پیشەسازی و ئیدارییەی کە ڤێبەر بە جەوهەری سەرمایەدارێتی دەزانێت لای (مارکس) ئەو رەهەندەی سەرمایەدارێتیە کە لە ناواخنیا دەلالەتێکی ناعەقلانی هەیە، بەلام ڤێبەر لەدوای چارەنووسی دروشمەکانی رۆشنگەری ناگەڕێت، بەڵکو لەوەدەپرسێ کە دواجار چ هێزێکە مرۆڤ لەسەر ئەزمی ئەو ماشێنە گەورەیەی سەرمایەدارێتی کۆدەکات؟ ئەو توانایەی سەرمایەدارێتی لە بەگەرخستنی مرۆڤدا لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟ لە وەلامی ئەو پرسیارەشدا بەرەو ئەوەمان دەبات پێمانبڵێت، چالاکییەکانی سەرمایەدارێتی وەکی سروتی ئایینیان لێدێت، دەبنە ئەرکی ئاینی، دەبنە تێرکردنی وویستی رۆحی و پڕدەبن لە دەلالەتی میتافیزیکی، بەڵام ناکرێت بڵێین (مارکس) لەو ئاستەی خوڵقاندنی سەرمایە بێئاگابووە، وەلێ لە میانەی ناکۆکی ئەو ئاستەوە لەگەڵ ئاستەکانی دیکەدا تەماشای کردووە، بەلام ڤێبەر وەکی بناغەیەک دەیبینێت کە دواتر سەرمایەدارێتی پێویستی پێنامێنێت و جێیدەهێڵێت و بەشێوەی دیکە دایدەرێژێتەوە. مارکس لە شیکردنەوەی سیستەمی کارەوە و لە شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ لە کاردا بەکاریدەهێنێت، وەلێ ڤیبەر لە راڤەکردنی زمانەوانی ووشەکەوە دەستپێدەکات و ئەمەش لە سەرەتاوە جیابونەوەیەکی مەنهەجی قوڵ دروستدەکات. (ڤێبەر) دەنووسێت: ( لەنێستاوە وادیارە کە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ووشەی (Beruf)ی ئەڵمانی...

دەلالەتێکی ئاینی هەیە وەکی کردەیەک لەلایەن خواوە سەپێنرابێت).(١٩)
(ڤیبەر) وادەروانێت کە بەکارهێنانی ئەو ووشەیە، بەو دەلالەتە دنیاییەوە، یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی بزوتنەوەی (ڕیفۆرمی ئاینی) و پابەندە بە تێکەیشتنی هەموو هۆزە پرۆتستانتەکان لە مەسەلەی (کار) کە وەکی فەرمانێک سەیریان کردووە لە خوداوە. لای ئەوان تەنها ڕێگا بۆ خۆنزیکردنەوە لە یەزدان، ڕێگای ڕەبەنکاری و خۆدوورخستنەوە لە ژیان و پشتکردنە بریقە و جوانی نیە، بەڵکو بە پێچەوانەی لۆژیکی کاتۆلیکەکانەوە، پشتکردنە دونیا، پشتکردن نیە لەکار، بەڵکو ئیشکردن کەناڵێکی گرنگە لەو کەناڵانەی پەیوەندی یەزدان و مرۆڤ پیا تێپەردەبێت. لای ئەوان (هەستان بەئەرکە دونیاییەکان تەنها ڕێگەیەکە بۆ ڕازیکردنی خوادا، ئیرادەی یەزدانیش تەنها لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە).(٢٠)
(لوتەر) ڕابەری ڕیفۆرمی ئایینی، (فەرمان) بەو داخوازیە دەزانێت کەخودا دەیخاتە ئەستۆی تاکەکەس. لای لوتەر ئەو فەرمانەی کەپێمان دەسپێردرێت دیاریکردنێکی یەزدانیانە دیاریکراوە، بەلام ئەم بۆچونە بەتەنها بەسنیە تا ڤیبەر لای خۆیەوە (لۆتەر) بخاتە ناو جیهانی تازەگەرانەوە، بەڵکو ئەو پێیوایە لۆتەر ئەگەرچی فەرمانی وەکی بانگەوازێکی ناوەوە و وەکی ئیلهامێکی یەزدانی سەیرکردووە، بەلام لە هەمانکاتدا لە هەڵوێستیدا بەرامبەر ئەو فەرمانە واحاڵی بووە کە مرۆڤ دەبێت لەو جێگایەدا بمێنێتەوە کە خودا سەپاندوێتی بەسەریدا وە سنوری ئاواتە دونیاییەکانی لەو چێوەیە نەباتەدەرێ کە جێگاکەی دەیسەپێنێت بەسەریا(٢١)، کە هەڵبەت ئەمە زۆر پێچەوانەی ئەو ڕۆحی کەشەخوازییەیە کە بۆرژوازیەت لەتەکخۆیدا دەیهێنێت و دەیکاتە دروشمی پێشەنگە جەنگاوەرەکانی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بادانەوەیە بەرەو دونیا لای ڤیبەر بایەخێکی ستراتیژی هەیە بەئەندازەیەک ئەگەر کەمێک قوڵتر لەم دیاردەیە بڕوانین و لەئاستیا بوەستین ئاسۆکانی دیدی ڤیبەرمان زیاتر لەلا ئاشکرادەبێت، ئەوەی زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێت ئەوەیە ڤیبەر لە هەڵوێستیا بەرامبەر پەیوەندی (کار) و (ئەخلاق) بەجۆرێک دەروانێت وەکو ئەوەی مرۆڤ لە سەرەتای خەلیقەتەوە شتێکی گەورەی کەمبوویێت کە تەنیا ئەو پەیوەندییە تەواویدەکات، بەلام لە قولایی هەوڵەکەی ڤیبەردا ئەو پرسیارە دەبینرێت سەبارەت بەنیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی؟ ئایا ئەو مێژووە دوور و درێژەی پشتکردنە کار لەهەمانکاتدا مێژووی پشتکردن نییە لە جیهان؟
ڤیبەر ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارە ناخاتە بەردەممان، بەلام ئەم پرسیارە وەکی جەوهەرێکی متبوو لەناخی تێکستەکەی ڤیبەردا خەوتووە... ڤیبەر ناڕاستەوخۆ پێماندەڵێت، دەرکردنی مرۆڤ لەبەهەشت مانای نیشتەجێبوونی نییە لەسەر زەوی، واتە بەسنییە ئادەم پێبخاتە سەر زەوی تابیێتە زەوینشین، ڕوانینی لۆتەریش بە ڕوانینێکی تەقلیدی دەزانێت، چونکە سنوورێک و قاڵبێک بۆ پەیوەندی مرۆڤ و دونیا دادەنێت کە دووبارە نیشتەجێبوونەوەی مرۆڤ لە زەویدا دەگۆڕێتە سەر نیشتەجێبوونێکی کەموکورت.
بەڕای من ئەو بەراوردە زۆر وردەی ڤیبەریش لە نێوان (کۆمیدیای خودایی) دانتی و (بەهەشتی وون)ی میلتۆندا دەیکات، هەمان ئەو بیرۆکە نیشاندەداتەوە کە لە ناوەوە جڵەوی فیکری ڤیبەری گرتووە. ڤیبەر دەڵێت: (لەکۆتایی کۆمیدیای خودایيدا، شاعیر لەناو بەهەشتدا بەبێدەنگی دەمێنێتەوە تالەحاڵەتی تێڕامانێکی سەلبیدا لە نهێنیەکانی یەزدان وورد ببێتەوە)، بەلام لە کۆمیدیای خودایی، پاکژوویستەکاندا (کەمەبەستی - بەهەشتی وون - ی میلتۆنە) کۆتایی ئەو سرووده بەئمونە دەهێنێتەوە کە تیایدا مرۆڤەکان لە بەهەشت دێنە دەرەوە و فرمێسکەکانیان ووشکدەکەنەوە و دەبینن (جیهان هەمووی لە پێشدەمیاندایە و پێویستە شوێنێک بۆ حەوانەوە هەڵبژێرن، شوێنێک تێیدا میهری خودا بیانپارێزێت)، هەروەها ڤیبەر قسەکانی (میکائیل) بۆ (ئادەم) دەهێنێتەوە کە بانگەوازێکی ئاشکرای نیشتەجێبوونەوەیە لەجیهاندا، (میکائیل) بە (ئادەم) دەڵێت:

تەنها ئەوەندەت لەسەرە کردار بخەرە پاڵ زانست
بڕواو ئارام و لەسەرخۆیی بۆ زیادبکە
ئەو ئەڤینەی بخەرەسەر کە بە (عیشق) ناودەبرێت
عیشق ڕۆحی ئەو شتانەیە کە دەمێننەوە
ئەوسا لەم دەرچوونەت لە بەهەشت کینەدڵ نابیت

چونکێ لەناوەوەی خۆتدا
بەهەشتێکی دیکەی پڕ لەکامەرانیترت دەبێت)(٢٢)

(میلتۆن) بە زمانی (میکائیل)ـەوە بە (ئادەم) دەڵێت: (کار بخەرە پاڵ زانست) ئەوسا ئەو بەهەشتەی کە وونتکرد جارێکی تر دەیدۆزیتەوە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە ڤیبەر نایکات و ڕاستەوخۆ لەپشت هەموو دێڕێکی کتێبەکەوەیە ئەوەیە کە (کێ) کار دەخاتە پاڵ ئەو زانستەی (ئادەم) لە بەهەشت وەدەستیهێناوە؟ بەمانایەکی دیکە جەوهەری پرۆژەی ڤیبەر بەدەرنییە لەو مانا دینیانەی کە هەڵبەت پرۆسەی مارکسیش هەڵیگرتووە کە ئەویش پرۆسەی دووبارەدۆزینەوەی بەهەشتە، ئەم پرۆسەیەش بە کەناڵێکی زۆر گرنگدا تێدەپەڕێت کە کەناڵی کارە، لەلای میلتۆن مەعریفە لەحاڵەتی تێڕاماندا یاریدەی مرۆڤ نادات بۆ نیشتەجێبوونەوە لەسەر زەوی، بۆیە لای ئەو و لای هەموو پاکژوویستەکانی دیکەی ئەو قۆناغە کار بایەخێکی بێوێنەی هەیە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت تاماوەیەکی درێژ بەهەڵواسراوی لەنێوان زەوی و ئاسماندا بمێنێتەوە، ناتوانێت لە نێوەندی ڕێگایەکدا بوەستێت کە سەرێکیان ئاڕاستەی تاراوگەبوونە لەبەهەشت و سەرەکەی دیکەیان ئاڕاستەی مەنفا تازەکەیەتی لەسەرزەوی، دواجار گوژمێکی گەورە پێویستە تا تەواو چاوی مرۆڤەکان بکاتەوە و ئاگاداریانبکاتەوە لەو قەدەرە تازەیەی پێویستە ڕوویەڕوویبنەوە، مرۆڤ دەبێت دەرگاکانی جیهان بکاتەوە کاریش تەنها ڕێگاو تەنها بەڵگەی نیشتەجێبوونەوەیە لە سەرزەوی، مرۆڤ دەبێت لەدوای بەهەشتێکی تازە بگەڕێت، کلیلی ئەو بەهەشتە تازەیەش لەیەکدانی (زانست) و (کردارە)، میلتۆن لای خۆیەوە کە باس لەو کەرەستە سیحرییە دەکات (کەرەستەی زانست و کردار لەپاڵ یەکدیدا) جەوهەری فەلسەفەی پاکژوویستەکانمان بۆ بەیاندەکات سەبارەت بەو گرنگییەی (جیهان) هەیەتی لە سەفەری ڕزگاربوونی مرۆڤدا، بەڵام لای (ڤیبەر) سەرمایەدارێتی و عەقڵانییەتی سەرمایەداری ئەو سیستمەیە کە درێژە بەخەونی پاکژوویستەکان دەدات و (کردار دەخاتە پاڵ زانست). حەتمەن ئەگەر کەمێک ووردتر بڕوانین کۆی وێنەکە ئاشکراتر لە پێشچاوماندا بەرجەستەدەبێت؛ ئەگەر مەرجی دۆزینەوەی بەهەشت لەیەکدانی کردار و زانست بێت، ئاشکرایە ئەوکات سەرمایەداری کە وەدیهێنەری ئەو لەیەکدانەیە، دەبێتە ئەو بەهەشتە تازەیەی کە دەبایە پاکژوویستەکان زەمینە ئەخلاقییەکەیان بۆ ئامادە بکردایە. بەمجۆرە ئەو ئەخلاقییەتەی کە کار دەکاتە ئەرکێکی سەرەکی، دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی (بەهەشت)، کە بەم ئاڕاستەیەش دەڕوانین خەتێکی زۆر باریک دەبینین کە بەهەشتی (میلتۆن) جیادەکاتەوە لەو سیستمە عەقلانییەی کار و چالاکی و چاپوکی مرۆڤ دەخاتەگەڕ لەلای ڤیبەر، بۆیە هەقمانە بڵێین کە سەرمایەدارێتی لای ڤیبەر، هەمان مانای ئەو بەهەشتە دونیاییەی هەیە کە ملیتۆن دەیخاتە شوێنی بەهەشتی وون.

بەڵام پرۆتستانتیەت چۆنچۆنی بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکات؟ لە چ ڕێگەیەکەوە دەرگاکانی جیهان دەکاتەوە؟ بەچ شێوەیەک فیکری ئایینی بادەداتەوە و دەیگۆڕێت بۆ ڕوکنێک لە ڕوکنەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەدارێتی؟

لە سەرەتای بیروبۆچونەکانی (کالفن) دا ئەوە هەیە کە تەنها برێکی دیاریکرا و لە مرۆڤ ڕزگاردەبن و ئەوانی دیکە هەمووی بەر نەفرین و ڕیسوایی یەزدان دەکەون، ئەوانیش کە ڕزگاردەبن، ئەوانەن کە خودا بۆخۆی دیارییاندەکات و مرۆڤ خۆی بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ ڕێگایەکەوە ناتوانێت دەستبخاتە ئەمکارەوە، چونکە مرۆڤ زۆر لەوە چکۆلەتر و ناچیزترە کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارەکانی خودا. بۆیە ئەوەی مهری خودای بەرکەوت کەس ناتوانێت لێیزەوتبکات، ئەوەشی لێیحەرامکرا کەس ناتوانێت پێیببەخشێت، لێرەوە ڕزگاربوونی مرۆڤ پەیوەندیەکی زۆر تایبەتمەندی نێوان مرۆڤ و خودایە و مرۆڤ جگە لە خودا نابێت باوەڕی بە هیچ هێزێکی دیکە هەبێت وە (وای بۆ ئەو مرۆڤەی باوەڕ بە مرۆڤ دەکات)، چونکی جیهان لە ئەزەلەوە بۆ ستایشی خودا دروستبووە، بۆ بەرزکردنەوەی شکۆی خودا هاتۆتە کایە، بۆیە مرۆڤ کاتێک مرۆڤی خۆشدەوێت، دەبێت بۆ خزمەتی یەزدان خۆشیبووێت نەوەکو بۆ خزمەتی مرۆڤ.نەودەبێت لەپێناوی پەرستنی (خالق)دا کاربکات، نەوەکو بۆ پەرستنی مەخلوق، وای بۆ ئەو کەسەش کە لەڕێگای سیحر و تەڵەکەوە دەیەوێت کار لە بڕیارەکانی خودابکات، وای بۆ عەشقێک لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ کە دوائامانجی یەزدان نەبێت و دوا ویستگەی بەرزکردنەوەی شکۆی ئەو نەبێت، هەتا

کرداری چاکەش ئەگەر بەنیازی خزمەتی خودا نەکرابێت و مەبەستی چاکە کردنبێت بەرامبەر بەمەخلوق ،ئەوەکردارێکی دزێو و نەفرەتئەنگێزە.

بەلام چی وادەکات ئەم جۆرە تێڕوانینە، ئەم جۆرە بەستنەوە مەحکەمەی مرۆڤێکی تەنها و بێدەسەلات و ناچیز بەخوداوە بە قازانجی سەرمایەداریتی و کار بشکێتەوە؟ بۆ (کار) وەک فەرمانێکی رۆحی و ئیلهامێکی خودایی سەیردەکرێت؟ لای کالفنیەکان ژیانی کۆمەلایەتی ئەو دیوە مادییە دزێوەی دونیا نیە کە دەبێت نەفرەتی لێبکرێت، بەڵکە ئەو ژیانەیە کە خودا بۆ مرۆڤی دیاریکردووە و دەبێت لەگەڵ وویستی فەرمانەکانی خودادا بگونجێنرێتت، ناشکرێت کاری کۆمەلایەتی لە خزمەتی خودی جیهاندابێت، بەڵکو دەبێت لە خزمەتی خودادابێت، چونکە مرۆڤ لە رێگای کارەوە وەلامی ئەو دلەڕاوکێیەی ناوخۆی خۆیدەداتەوە سەبارەت بەوەی لە ڕیزی هەڵبژاردەکاندایە یاخود لە ڕیزی نەفرەتلێکراوەکان. مرۆڤ دەبێت (فەرمان) بە ئەرکێکی ئایینی بزانێت، چونکی هەر لەو ڕێگایەوە ئەو قازانجە وەلاوەدەنێت کە مانایەکی فەردی هەیە و قازانجە بلندەکان دەخاتە سەرووی خۆیەوە، مرۆڤ کە (فەرمان) دەکات، خۆی وەلاوەدەنێت، بچوکی خۆی نیشاندەداتەوە. هەر بەو مانایەش (فەرمان) مانایەکی خودایی و ئاینی لەخۆدەگرێت و لەوەدەردەچێت بەتەنها کارکردنبێت بۆ خۆت، بۆیە بەپێچەوانەی سەرنجی کاتۆلیکەکانەوە، کار شتێکی دنیایی و دزێو نییە، دونیاش کە هاتۆتە پێش، دەلالەتێکی ئایینی هەیە و بۆ شکۆی خودا هاتۆتە مەیدان. هەروەها مرۆڤ ناتوانێت پشت لە زیندەگی رۆژانەشی بکات، چونکێ ئەو زیندەگییە مەیدانێکە بۆ پەرستنی خودا لەلایەن ئێمەوە، شوێنی زیادکردنی شکۆی خودایە بەرەنجی ئێمە و، خوداش هەر بۆ شکۆی خۆی دروستیکردووە. رەنج و چالاکی و هیمەتیش پێویستیەکی گرنگە و داواکاریەکی سەرەکییە تامرۆڤ بڕوای بەخۆی هەبێت و خۆی لەڕیزی نەفرەتلێکراواندا حیساب نەکات، بەمجۆرەش (فەرمان) دەبێتە ئاوێنەی دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە قازانجەکانی خۆی و لەو ڕێگایەوە مرۆڤ دەیسەلمێنێت کە خودای لەخۆی بەلاوە گرنگترە.(٢٣)

پرسیارێک لەدوای ئەو بۆچوونانە بێتە پێشێ ئەوەیە: ئایا ئەگەر دەلالەتە ئاینیەکانی کار هێندە بەهێزبێت، دەرئەنجامی ئەو سیستەمە رۆحی و جەستەیە لەسەر سایکۆلۆژیای ئیشکردن چیە؟ ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کە ڤیبەر لەو بۆچوونە ئاینییەی دەکات سەبارەت بە (فەرمان)، چونکە سەرمایەداریتی لەگەڵ خۆیدا جۆرە ئەزمێکی کارکردن دەهێنێت کە پێویستی بە سایکۆلۆژیایەکی تایبەتی هەیە بۆ کار.

هەڵبەت کە کار تائەو ئەندازەیە دەلالەتی ئاینی وەرگرت، ئەمە مانای ئەوەیە کە خودی پرۆسەی (فەرمان) بۆتە چاودێرییەکی بەردەوامی فەرمانبەر بۆ خودی خۆی، ئەمە جگە لەپاڵ ئەو لێبوردبوونە بەردەوامەدا کە فەرمانبەر لە ڕێگایەوە مانا ئەخلاقیەکانی (فەرمان) دەخاتە بەر هەڵسەنگاندن کە دواجار هەردوو ئاستەکە وەکی جۆرە سانسۆرێکی لێدێت کە مرۆڤ دەیخاتە سەرخۆی وە ناوخۆی. سانسۆرێک کە هەوێنی هەموو بنەما ئەقلانیەکانی کارە لە سیستەمی سەرمایەدا، چونکی هەر ئەو سانسۆرەیە کە دەبێتە هێزێکی ڕێکخەر بۆ پەیوەندی تاکەکەس بەفەرمانەکەیەوە، چونکە ئەو جۆرە ڕوانینە پاکژوویستییە بۆ (فەرمان) لە دیدی ڤیبەردا دواجار هەوڵدەدات کەسایەتی بەمانا شەکلی و بەمانا بسکۆلۆژیەکەی لە مرۆڤدا بچەسپێنێ وە لە ڕێگای هێنانەناوەوەی ڕێکخستندا بۆ ناو ڕەفتاری تاکەکەس سادەیی لەزەتە غەریزەی وخۆڕسکەکان بکوژێت. (٢٤)

هەڵبەت هەرجۆرە سۆفیزمێکیش بتوانێت کەسایەتی بچەسپێنێ، ڕێکخستن بهێنێتە ناو ڕەفتارەوە، لەزەتە غەریزی و خۆڕسکەکان بکوژێت، سانسۆرێکی ناوەکی پیادەبکات، فەرمان بگۆڕێت بۆ لەخۆبوردن، کار بخاتە ئاستی عبادەتەوەو هەموو دەرئەنجامەکانیشی لەخزمەتی پتەوکردنی پەیوەندی مرۆڤ و فەرماندابێت، ئەوساکێ ڤیبەر بەئاسانی دەتوانێت ئەم جۆرە سۆفیزمە لە شێوەکانی دیکەی سۆفیزم جیابکاتەوە و بەسۆفیزمێکی عەقلانی ناویبات، کە ئەمەش جەوهەری دۆزی ڤیبەرە لە ئاستی جیاوازییەکانی سۆفیزمی خۆرئاوا و سۆفیزمەکانی دیکەدا.

ڤیبەر سەبارەت بەسۆفیزمی خۆرئاوا دەڵێت: ئەم سۆفیزمە (بۆتە میتۆدێک بۆ ڕەفتاری عەقلانییانە، کەدەیەوێت مرۆڤ قەوارەی سروشت جێبێلێت و مرۆڤ لە دەسەلاتی غەریزە دوور بخاتەوە و لە پاشکۆیەتی سروشت و جیهان ئازادی بکات)(٢٥)، ڤیبەر پێشیوایە کە ئەمە دابەزینێکی گرنگە لە ئەرستۆکراتیەتی ڕەبەنە کۆنەکانەوە کە ئەرستۆکراتیەتێکە خۆی لەسەروو

جیهانەوە دەبینێت، بەرەو ئەرستۆکراتیەتێکی ڕۆحی لەناو جیهاندا. (٢٦)
ئەمەش وادەکات (سۆفیزم) لە (ڕەبەنایەتی بێتە دەرێ و ڕوویکاتە خزمەتی ژیانی کار و کردار لەم زەمینەدا).(٢٧) ئەوەک هەر ئەوەندەش بەڵکو ئەوەتا کەسێکی وەکو (ڕیتشارد باکستر) کە نوێنەرێکی گرنگی پاکژوویستە ئینگلیزەکانە، دێت و مانایەکی ئاینی دەبەخشێتە کات و بەفیڕۆنەدانی کات، کە دواتر ئەم تێڕوانینە دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی هەموو سیستەمی سەرمایەداریتی.
(باکستر) دەنووسێت: (کات بەفیڕۆدان یەکەمین گوناه و ترسناکترین گوناهە، لەبەرئەوە نابێت کات لە زۆربڵێیی و خەو و پشووداندا بەفیڕۆبدەین، چونکە هەرکاتێک بەفیڕۆی دەدەین، لەو کاتەی دەدزینەوە کە دەبێت لە کاردا سەرفیبکەین لەپێناوی شکۆی یەزداندا).(٢٨)
(باکستر) پێشیوایە پیاوی لەخواترس دەبێت ئەو پیشەیە هەڵبژێرێت کە زیادترین قازانجی لێدەسدەکەوێت، چونکە ئەگەر لەخواترس ئەو ڕێگایەی هەڵنەبژارد، ئەوا گوێڕایەڵی بانگەوازی خودا نەبووە، بۆیە دەبێت لەپێناوی خودادا هەوڵبدەین دەوڵەمەندبین، نەوەکی لەپێناوی جەستەو گوناهدا.(٢٩) بەڵێ لای باکستر و پاکژوویستەکانی دیکە، ئەوکەسانەی کە حەزیان بەهەژارییە، خیانەت لە خواستی خودا دەکەن؛ بەڵام پێشیانوایە کە هەرگیز نابێت کارکردن بۆ لەزەت و خۆشگوزەرانیبێت، بەڵکو کار دەبێت عەقڵانیبێت، هەر لەسەر ئەم بناغەیەش پاکژوویستەکان دژی وەرزش، شانۆ و ڕۆژەکانی پشوویوون لە هەفتەدا، دژی خۆڕازاندنەوەبوون، چونکێ لە هەموو ئەو شتانەدا عیبادەتی مرۆڤیان بۆ خۆی یان مرۆڤەکانی دیکە دەبینیەوە.(٣٠)، هەروەها دەستگرتنەوەیان یان ڕەزیلیکردنیان لە پارەخەرجکردندا بە ڕەهەندێکی ئاینی گرنگ دەزانی، چونکە گەربێت و مرۆڤ زیاتر لە پێویست پارە لەخۆیدا خەرجبکات بەو ئاکارەی دەیسەلێنێت کە بۆ (یەزدان)و بۆ شکۆی ئەو لەڕەوتی لەخۆبوردن و خۆفەرامۆشکردندا کاری نەکردووە، بۆیە (بەرخۆریکردن ـ الاستهلاک) مانای دەرکردنی فەرمانە لە دەلالەتە ئاینیەکانی، لەلای ئەوان (هەر قرشێک لە کارێکدا خەرجبکرێت و مەبەستی بڵندکردنەوەی شکۆی یەزدان نەبێت، دەبێتە کارێکی پرمەترسی).(٣١)
لێرەوە ئیشکردنی بەردەوام و خەرجنەکردنی سامان و بەرخۆرینەکردن، دەبنە کۆمەڵێ بنەمای گرنگی پرۆتستانتیەت کە هەڵبەت کاریگەرێکی چارەنوسساز و قەدەربزوێنیان دەبێت لەسەر سەرمایەداریتی (٣٣)، چونکە ئەو جیاکردنەوە گەورەیەی پاکژوویستەکان لە نێوان (سامان) و (لەزەت)دا دەیکەن، ئەو سنورەی بۆ بەرخـــۆریکردنی دادەنێن، ئەو هاندانە لەئەندازەبەدەری ئیشکردنی پربەرهەمی پێهاندەدەن، هەموو بەکۆ دواجار خزمەتی پرۆسەیەکی گرنگ دەکات کە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە.
ئەگەر سەرنجدەین (ڤیبەر) لەپشت هەموو ڕوکنێکی گرنگی سەرمایەداریتییەوە تارمایی ئەخلاقی ئاینی دەبینێتەوە، بەواتا لای ئەو سەرمایەداریتی بە کارکردن دەستپێناکات، بەڵکو بەوە دەستپێدەکات کە کار وەکو وەزیفەیەکی دینی سەیربکەین، بەجەور و چەوساندنەوەیەکی زۆرەملێیانە ناکەوێتەگەڕ، بەڵکو بەڕۆحیەتێکەوە دەکەوێتەگەڕ کە ماندووبوون لە کاردا جیاناکاتەوە لە ماندووبوون بۆ خودا، بەفراوانبوونی ئاستی بەرخۆری دەستپێناکات، بەڵکو بەکەمخۆرییەکی دەروێشانەوە دێتە دونیاوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا (ڤیبەر) سڵ لەوەناکاتەوە ئەو پرۆسانە بەدەرگای پرۆسەی بە(فەردانییەت) بوونی مرۆڤی خۆرئاواش لەقەڵەمبدات، بەڵام لەئاست ووشەی (فەردانییەت)دا ڤیبەر هەمان هەڵوێستی هەیە کە بەرامبەر ووشەی (عەقڵانییەت) هەیەتی، کە بریتییە لەوەی، (فەردانییەت) ووشەیەکە دەشێت بەزیاد لە شێوەیەک و زیاد لە مانایەک بەکاربهێنرێت، بەڵام ئاشکرایە ماناکانی ئەو ووشەیە لەو قۆناغەدا، بریتیە لە پچرانێکی ئاینیانە لە دونیا و وازهێنانە لە قازانجە تاکە کەسییەکان و قازانجە کۆمەڵایەتییەکان بۆخۆگرێدانەوە بە خوداوە لەڕێگای کەناڵی جێبەجێکردنی وەزیفە دونیاییەکەمان کە لە (فەرمانێکدا) خۆیدەنوێنێت، ئەم مانایەش تەواو جیاوازە لە مانا هاوچەرخەکانی ووشەی (فەردانییەت).
بەڵام لای ڤیبەر بازدان بۆ قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایە بەبێ ئەو جۆرە فەردانییەتە کارێکی ئاستەمبوو، لای ئەو مرۆڤ دەبایە قۆناغێکی دوور و درێژ کاریبکردایە و ماندووببوایە و ئامادەگی ئەوەشێتێدابووایە کە سود وەرگرتن لەو ماندووبوونە بخاتەدواوە بۆ قۆناغێکی دیکە؛ واتا دەبایە پچڕانێکی گرنگ دروستببایە لە نێوان (کارکردن) و (خەرجکردن)دا، بەپێچەوانەی قۆناغی

ئێستای سەرمایەداریتی کەمەسەلەی پێکەوەگرێدانی (کارکردن) و (خەرجکردن) یەکێکە لە ڕۆحە گرنگەکانی ماشێنی کار و بازاڕی سەرمایەداریتی. بۆیە بۆ بەرقەرارکردنی ئەو پچڕانەش دەبایە مانایەکی دینی بدرایەتە بەرخۆریکردن و کەمخۆریکردن، دەبایە کارکردن بکرابایە بە بەشێک لەعیبادەت و لەهەمان کاتیشدا سنورێک بۆ داوای کارگەرانی ئەو سەردەمە دابنرایە (کە هەڵبەت سەردەمی گواستنەوەیە لەقۆناغی کاری پیشەییەوە بۆ مانیفاکتۆرەکردنی بەرهەمهێنان) لە ڕێگای تەفسیرکردنی داواکارییەکانی کارگەران بە ڕۆحی چاوبڕینە دونیا و چاوبڕینە سامان و خۆویستی و مرۆڤدۆستییەوە کە بەکۆ دژی فەلسەفەی پاکژوویستەکانی ئەو قۆناغەبوون، بەڵام کێشەکە لێرەدا لەوەدایە کە ئایا ئەم بۆچوونە دینییانە لەخۆیاندا بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارین (وەکو مارکسیەکان تەفسیریدەکەن)، یان سەرمایەداریەتی بەرئەنجامی ئەو ئەخلاقە تایبەتییە کەپرۆتستانتییەت لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت (وەکو ڤیبەر دەیخاتە پێشدەممان)؟

بەهەرحاڵ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەڕای هەندێک دەمانگێڕێتەوە بۆ هاوکێشە کلاسیکییەکانی مەتریالیزم و ئایدیالیزم، بەڵام من پێموایە کە هەرگیز پێشخستنی فیکر لە ئاست واقیعدا لە بواری تەفسیرکردنی مێژووی کۆمەڵایەتیدا وەکو پێشخستنی نییە لە ئاستی ئەنتۆلۆژیادا وە میتافیزیکییەتی سیستمی سەرمایە ناگەڕێتەوە بۆ کاریگەری پێشکەوتنی هۆکارە ڕۆحی و ئایینی و فیکریەکان، بەڵکو بۆ ئەو ڕەتکردن و لادانە لە مرۆڤەوە ڕووەو ئایدیالی مەتریالی و ڕووەو ڕۆحی سەرمایەداریتی خۆی، بۆیە ڕەخنەگرتن لە ڤیبەر لە ئاستی ئەو کێشەیەدا کە فیکر و ئاکار و ڕۆحانیەت بە بزوێنەری سیستەمی مادی دەزانێت، ڕەخنەیەکە ناتوانێت فکر وەکو هێزێکی مێژوویی جیابکاتەوە لە عەقڵ، وەکی هێزێک لەسەرووی بوونەوە، هەروەها خودی ئەو ڕەخنەیە ئەو ڕاستییە فەرامۆشدەکات کە سەرمایەداریتی وەک هەموو شێوەکانی دیکەی دەسەڵات و بەرهەمهێنان تۆڕێکی ئاڵۆزی تێکەڵاوبوونی میتافیزیکایە بەمادیات، ئەوەک هەرئەوەندەش، بەڵکو ناوەندی ئەو تێکەڵاوبوونەشە، وە ڤیبەر خۆی یەکێکە لە پێکوڵکەرانی کردنەوەی گرێکانی ئەو گرێبەندە ئاڵۆزە. ڤیبەر لەم کتێبەدا زۆر بەووردی لەئاست یەکێک لە قۆناغە چڕەکانی کاریگەری مادیانەی فیکرێکی نا مادی قسەدەکات کە هەڵبەت ئەوە بۆخۆی چەمکێکی ئاشکرابوونی ئەو کەمە ئاڵۆزەیە کە میتافیزیکاو کار لەچەندین ئاستی جۆراوجۆردا لەتەکیەکدا ئەنجامیدەدەن. بەهەرحاڵ ڤیبەر لە سنورەکانی ئەو کاریگەرییەش ئاگادارە، چونکە ئەو ئەخلاقە پرۆتستانتییەی کە دەرگا لە سەردەمێکی سەرمایە دەکاتەوە لە قۆناغێکی دیکەدا دەبێتە ڕێگر. ئەگەر لە قۆناغێکی سەرمایەداریدا واپێویستیبکات کارو لەزەت، ڕەنج و چێژ، ماندووبوون و خەرجکردن لەیەکدی دابېرێت، ئەوا لە قۆناغەکانی دواتردا، هەموو ئەو هەوڵانەی کە ڕۆحی قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایەن، دەبنە ڕێگر، وە سەرمایەداریتی خۆی لە هەموو ئەو ئاکارە ئایینییانە پاکدەکاتەوە، چونکە وەکو ڤیبەر خۆی دەڵێت: سەرمایەدار چیتر پێویستی بەوەنامێنێت بەپاداشتی ئەو دنیا کرێکاران بخاتە بەرکار. (٣٣) ، لەبەرئەوە دەبایە میکانیزمەکانی دیش دەستکاریبکرابایە. لە قۆناغی بەپرۆتستانتیکردنی کاردا بۆ ئەوەی سیستمی بەرهەمهێنان لە سووڕی هەمیشە و بەردەوامی خۆی نەکەوێت، پاکژوویستەکان ئەو بیروڕایەیان بڵاودەکردەوە کە مرۆڤ چەندە دەوڵەمەندبێت، چەندە پارەی هەبێت، نابێت لە کارکردن بوەستێت، چونکە کارکردن پەیوەندی بەوەوەنییە چەندەت هەیە و چەندەت کۆکردۆتەوە، بەڵکو پابەندی ئەوەیە چەندە دوای ئەو ئیلهامە یەزدانییە دەکەویت کە لەناوەوەتدا چێنراوە و، چەندە دەتەوێت شکۆ و پایەی خودا بەرزبکەیتەوە. بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەدا ئەم پرۆسەیە لە ئاستی دیکەدا خۆیدەبینێتەوە کە تەواو پێچەوانەی دەلالەتە دینییەکانی جارانە.(٣٤)

شتێک لێرەدا زۆرگرنگبێت زیادیبکەین ئەوەیە کە سەرمایەداریتی ئەگەرچی ڕۆحی خۆی ناگۆڕێت، بەڵام ئاشکرایە کە بنەما ئەخلاقییەکانی تەواو دەگۆڕدرێت. ڕەنگە لە ساتەوەختی ڤیبەردا ئاسۆکانی ئەو ئاوەژووبوونەوەیە دیاربووبێت، بەڵام ئاشکرا نەبووە کە چ ئاڕاستەیەک وەردەگرێت. بەڵام ئەوڕۆ ئەو گۆڕانانە هەمووی بەئاستی زۆر بەربڵاو پیادەبوون، چونکە ئەگەر سەرمایەداریتی بەهاریکاری لەگەڵ ئاییندا سەریهەڵدابێت، ئەوا تەنها دەتوانێت لە ڕێگای خیانەتکردن لە ئایینەوە بەردەوامبێت، ئەگەر بەرخۆرینەکردن تەنها بەڕۆحی سۆفیانەی ئایین کۆنترۆڵکرابێت، ئەوا بۆ بەرەڵاکردنی بەرخۆری و دروستکردنی کۆمەڵگای بەرخۆر- مجتمع الاستهلاک - بەپێچەوانەی قۆناغی پێشووەوە، دەبایە ئایین خۆی کۆنترۆڵبکرێت. بەڕای من قۆناغی

شکاندن و رەتکردنی ئەو رۆحە پرۆتستانتییە، قۆناغێکی کورت نییەو بەشێوەیەکی ئاڵۆز و بەیەکداچووش هەتائەمڕۆ هەر بەردەوامە. ڤێبەر لە کتێبەکەیدا لە ئاستی ئەو تێبینییەدا دەوەستێت کە چیتر سەرمایەداریتی، بۆئەوەی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە پێویستی بەوەنییە بەکرێکاران بڵێت لەودنیا خەڵات و پاداشتی ماندووبوونی ئەمدنیا وەردەگرن، بەڵام لەراستیدا جێهێشتنی ئەخلاقی پرۆتستانی و وەلاوەخستنی، جێهێشتن وە وەلاوەخستنی کۆمەڵێ چەمکی دیکەشە؛ لەوانە ئەو گواستنەوە گەورەیە لە شێوەی بەرخۆریکردندا، چونکە تێکشکاندنی پەیوەندی ئایین و کار دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە (کار) دەبێتە کار لەپێناوی خۆتدا، واتە دەبایە فەردانییەتی ئایینی ئاوا بووایە و فەردانیەتی بۆرژوازی بچوایەتە جێگای، تاوەکو مرۆڤ (کار) لە ئامانجە غەیبییەکەی وئامانجە کۆمەلایەتییەکەی جیابکاتەوە و بیکاتە ئامانجێکی تاکرەوانە کە پابەندی ئارەزو وویستی خۆیەتی.

لەئاستێکی دیکەشدا ،فەرهەنگی ئایین لەبواری خەرجکردن و سەیرکردنی کالآدا دەبایە ئاوابێت و شوێن بۆ جۆرە روانینێکی سێکسیانە چۆڵبکات سەبارەت بە پرۆسەی خەرجکردن، بوونی کالآ، شێوەی کالآ و بەکارهێنانی؛ بەمانایەکی دی ئەگەر قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرمایە قۆناغی بە ئایینکردنی هەموو دەلالەتەکانی کار بێت، ئەوا قۆناغی هستریای بەرخۆری، قۆناغی سێکساندنی هەموو دەلالەتەکانی کارە. واتە ئەگەر قۆناغی پێشتر، قۆناغی لەیەکترازاندنی لەزەت و کاربێت، قۆناغی ئەمرۆ قۆناغی گرێدانەوەی کارە بە لەزەتەوە؛ واتە سەرمایەداریتی لە ئەخلاقی پرۆتستانییەتەوە بازدەدات بۆ ئەخلاقیاتی سێکس (وەکو بنەمایەکی بزوێن بۆ جوڵەی خۆی). لەم قۆناغەشدا کالآ دەبێت فریوی خۆی هەبێت، دەبێت فەلسەفەی (هاندانی خەرجکردن) ببێتە لکێکی ئاڵۆز تارۆژ لەدوای رۆژ زیاترو زیاتر شەهوەتی کرین وەکی شەهوەتی سێکسی لێدێت و سوری کرین و سوری شەهوەت دەبنە یەکێک.(٣٥)

بەڵام بەرەلاکردنی بەرخۆری لەرێگای سێکساندنی کالآوە دەبایە پێشتر زەمینەی خۆی بۆ ئامادەبکرایە (زەمینەیەک وەکی زەمینەی کالفنیەت بۆ رۆحی سەرمایەداری لە قۆناغی یەکەمدا)، زەمینەیەک کە هەم شۆرشگێربێت و هەم ئەخلاقی، هەم فەردی بێت و هەم کۆمەلایەتی. ئەگەر روانینێکی مێژوویانە بروانین و دروشمە سەرزارەکییەکان فریومانندەدەن، وادەبینم کە جوڵاندنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی سالانی شەست، زەمینەی رۆحی ئەو دابرانە پێویستەبوو کە سەرمایەداریتی لە گەشەی بێسنووری خۆیدا لە دوای جەنگەوە پێویستی پێیبوو. راستە لەو قۆناغەدا دروشمی وەستان دژی بەرخۆری دەبێتە وەستان دژی سەرمایەداریتی، بەڵام بەرخۆرینەکردنی گەنجانی سالانی شەست و حەفتا، بەرخۆرینەکردنێکی سۆفیانە نەبوو، بەڵکو جۆرە ئەخلاقێک بوو کە دواجار بە کۆتایی هەموو سۆفیزمێک کۆتاییدەهات. لەدوا دەرەنجامیشدا ئەو جوڵاندنەوەیە کۆمەڵێ بەهای دژی بەرخۆری خستەکار، وەکو بەهای (سێکس)، (ئەفیون)، (فەنتازیا). (خەیاڵ)، (ریزیەریکردن) کە دواتر هەر لە رێگای ترنجاندنی ئەو بەهایانەوە بۆ ناو سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریتی، ئەو سیستمە نوێبوونەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئەو پەیوەندییە گەورەیەش کە ئەم جوڵاندنەوانە لە نێوان (لەزەت)و (ئازادی)دا دروستیانکرد بە ئاسانی گوردرا بۆ پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان (لەزەت) و (کرین)، (ئازادی) و (کرین)، هەروەها ئەو جوڵاندنەوانە نەیانتوانی پرۆسەی (سێکس) لە پرۆسەی (مولکایەتی) دابرن و دواجار سێکساندن تائەمرۆ پرۆسەیەکە هاوشانی (بەموڵکیخۆکردنە)، لەم روانگەیەشەوە جوڵاندنەوەی شەستەکان لەزەتێکی دیکەی خستەپاڵ لەزەتی مولکایەتی (کە لە قۆناغەکانی رابوردوودا تاکە لەزەتێکی گرنگی سەرمایەداریتی موحافەزەتکار بوو) کە ئەویش لەزەتی سێکسە. بەر لەشەستەکان تەنها سێکس بەچەشنێکی تاکلایەنانە دەلالەتی مولکداری و دەستبەسەراگرتن و زەوتکردنی دەگەیاند، بەلآم دوای شەستەکان هەموو جۆرەکانی مولکداری و هەموو کردارێکی کرین و بەرخۆریکردن پردەبێت لە دەلالەتی سێکس؛ واتا ئەگەر لە چەرخی پازدە و شانزدەدا (کار) پەیامێک بوبێت ئاراستەی خودا کرابێت، ئەوا لەئێستادا کرین پەیامێکە ئاراستەی ئارەزووە سێکسییەکانی کەسانی دەوروبەر دەکرێت، چونکە کرین دەبێتە ئاوێنەی ئارەزووی سێکس و توانا و ووزەی سێکس. بەهەرحاڵ ئەوە بابەتی سەرەکیمان نییە لەم باسەدا، بەلآم هێندەم مەبەستە دەستبخەمە سەر ئەو ئاوەژووبوونە سامناکەی کە لە رۆحی سەرمایەداریدا لەئاستی بنەما ئەخلاقییەکاندا رووەدەدات؛ ئەمەش لە پرۆتستانتییەتەوە بۆ سێکسوالیەتێکی تێکەلاو بەفێی

بەرهەمهێنانی کالا، لە بەرخۆرینەکردنەوە بەرەو بەرخۆریکردنێکی پیتێنراو بەدەلالەتی سێکسی، چ لە ئاستی بەرهەمهێنان و شێوە و مانای کالادا و چ لە ئاستی بەکارهێنان و نیشاندانیدا کە بەڵگەی ئەوەیە ناکرێت بەئاسانی قسە لەسەر یەک بنەمای ئەخلاقی بکرێت بۆ سەرمایەدارێتی. پرسیارێک لێرە بێتەپێشێ ئەوەیە؛ ئاخۆ ئەو ئاستانەی (ڤیبەر) لەبەردەمیدا دەوەستێت دوا سنووری پەیوەندی پرۆتستانتیەت و سەرمایەدارین؟ یاخود (ڤیبەر) بەشێوەیەکی تایبەتی و بەپێی هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی قسە لەو پەیوەندییە دەکات؟

خوێندنەوەیەکی ووردی کتێبەکە دەمانخاتە بەرامبەر کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ.. پرۆتستانتیەت لەخاڵێکی گرنگەوە دەستپێدەکات، کە ئەویش مەسەلەی (ڕزگاربوونی) مرۆڤە، (ڕزگاربوون بەو مانایەی مرۆڤ لەژێر میهری خوداوەندا بحەوێتەوە، وە لەژێر سایەی هێزێکی لەخۆی گەورەتردا ئارامبگرێت). هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کەمەسەلەی بۆچوونی پرۆتستانتیەت چ کاریگەرێکی گرنگی هەیە لەسەر ئەو هەستە ویژدانییە قوڵەی فرۆم کە بە "ترس لە ئازادی" ناوی دەبات و چەند فەسڵێکی گرنگی کتێبەکەی بۆ خوێندنەوەی ڕەگوریشە لۆتەری و کالفینەکانی ئازییەت تەرخاندەکات کە هەڵبەت بە ڕێگای جۆراوجۆر دەچێتەوە سەر کەناڵی ڕزگارکردنی مرۆڤ بۆخۆی لەڕێگای خۆبەدەستەوەدانێکی مازۆخیانەوە بۆ توانا گەورە و هێزە گەورەکان. بەڕای من پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بە بۆچونەکانی فرۆمدا بچینەوە، بۆیە دەمەوێت لە گۆشەنیگایەکی دییەوە سەیری ئەو پەیوەندییە بکەم کە فرۆم بە بنەمای ئازییەتی دەزانێت و ڤیبەر بە بنەمای عەقڵانیەت.

مەسەلەی (ڕزگاربوون) لە پرۆتستانیەتدا هاوڕێی جۆرە دڵەڕاوکێیەکی قوڵە، بەپێچەوانەی کاتۆلیکیەکانەوە. پرۆتستانتەکان پێیان وانییە کە ناکرێت مرۆڤ لە هیچ قۆناغێکی ژیانیداو بەرابەر هیچ کارێک کە دەیکات، دەرهەق بە ڕزگاربوونی خۆی دڵنیابێت؛ مرۆڤ تامردن ئەو دڵەڕاوکێ قوڵە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت کە ئایا ئەو لە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە خودا هەڵیبژاردوون یان لە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە خودا نەفرەتیلێکردوون و هیچ سنورێکیش نییە ئەو دڵەڕاوکێیە ڕابگرێت، تەنها خودا نەبێت لەڕۆژی حیسابدا. (ڤیبەر) زۆر لەئاستی ئەو دڵەڕاوکێیەدا دەوەستێت، بەڵام ئەوەی شوێنی پرسیارە ئەوەیە (ڤیبەر) تەنها کاریگەری ئەم دڵەڕاوکێیە لەسەر کارکردن دەبینێت و وەکی پاڵهێزێک سەیری دەکات کە وادەکات ڕۆژانە لەڕێگای کارەوە باوەڕ بەهەڵبژاردەیی خۆمان بهێنین... پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم دڵەڕاوکێیە هەوێنی زۆر شتیدیکەیە لەسەرمایەداریدا، یاخود تەنها هەوێنی کارکردنە (وەکی ڤیبەر باسیلێدەکات)؟

دڵەڕاوکێی ڕزگاربوون لەخۆیدا پابەندی ئەو پرسیارەیە: ئایا من لە ڕیزی هەڵبژاردەکاندام یاخود لەڕیزی نەفرەتلێکراواندام؟، کالفنیەت پێیوایە مرۆڤ ئەگەرچی ناتوانێت دڵنیابێت لە هەڵبژاردەیی خۆی، بەڵام بەردەوام پێویستە ئەو ئیحایە بداتەخۆی کە هەڵبژاردەیە، ئەوەکو نەفرەتلێکراو؛ کارکردنیش ئەو ئیحایە زیاتر دەچەسپێنێت، بەڵام ئاخۆ دوای ئازادبوونی کار لە دەلالەتە ئاینییەکان هاوکێشەی (هەڵبژاردە/ نەفرەتلێکراو) لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و لە سیستەمی کارکردن و بەرهەمهێنان دەچێتەدەرێ؟ ئایا ئەم هاوکێشەیە کۆمەڵێ ڕووبەری گرنگی دیکە داگیرناکات؟ ئایا وەزیفەی ئەو دڵەڕاوکێ کالفنیە لەو ڕووبەرانەدا لە وەزیفەکەی لە ئاست ( پاکژبوونەوەدا بەکار) گرنگترنیە؟ ئەگەر ڕۆحی سەرمایەدارێتی تەنها لە کار، بەرخۆرینەکردن، ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکەس، گیانی فەردانییەت و بەعەقڵانیکردنی پرۆسەی گەڕان بەدوای قازانجدابێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە سنوورەکانی دڵەڕاوکێی (هەڵبژاردە/ نەفرەتلێکراو)، وەک سنورێکی دیاریکراو لەئاستی ئەو دیاردانەدا دەوەستێت کە (ڤیبەر) دیاریکردووە، بەڵام سەرمایەدارێتی تەنها ئەوەنییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا سیستەمێکی تایبەتی دابەشکردنی قازانج و سیستەمێکی ئاڵۆزتری دابەشکردنی دەسەڵات و سیستەمێکی تایبەتی کۆنترۆڵ و هەڵبژاردن و نەفرەتلێکردنیشە؛ بۆیە مەسەلەی ڕۆحی کالفنیانەی عەودالبوون لەدوای (ڕزگاری) بەهەموو دەلالەتە ئاینییەکانیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژیانی مرۆڤ لە سایەی سەرمایەدارێتیداو تەنها وەکی هاندەرێکی ئاینیانەی کار نامێنێتەوە و، بەڵکو دەبێتە جەوهەری دڵەڕاوکێی مرۆڤی هاوچەرخیش؛ کە هەڵبەت (ڤیبەر) لەئاست ئەم بەردەوامییە ستراتیژییەی دابەشکردنی کالفنیانەدا بۆ مرۆڤ تەواو بێدەنگ دەمێنێتەوە. بۆچی (ڤیبەر) ئەو دوولانە جەوهەرییەی ئاکاری کالفنیانە (کە دوولانەی کەسانی هەڵبژاردەو کەسانی نەفرەتلێکراوە)، وە چەندینجار لەخوێندنەوەی ڕەگوریشەکانی پرۆتستانتیەتدا لەسەری دەوەستێت، بەدوولانەیەکی جەوهەری هەموو سیستەمێکی سەرمایەدار

نازانێت؟ (ڤیبەر) لەدوا فەسڵی کتێبەکەیدا سەبارەت بە(هۆزە پرۆتستانتییەکان و ڕۆحی سەرمایەداری) زۆر لەسەر قازانجەکانی ئاکاری ئاینی، لەسەر شێوەی پەیداکردنی پارەو سامان دەوەستێت و قسە لەسەر دەلالەتە ئاینییەکانی چەندین یانەی بازرگانی دەکات و کاریگەری ئاین لەسەر کۆکردنەوەی ناو و ناوبانگ و سامان دەستنیشاندەکات، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زەحمەتە ئەم فەسڵە بگێڕینەوە بۆ کاریگەری دوولانەی (هەڵبژاردە/ نەفرەتلێکراو)، چونکە (ڤیبەر) لەوێدا پتر لەسەر ئەفسانەکانی دین لەناو ئەخلاقی کۆمەلایەتیداو کاریگەری لەسەر خولقاندنی سامان و هەیبەت و شکۆ قسەدەکات کە هەڵبەت زۆر دوورە لە ناکۆکییە جەوهەرییەکانی ناو سەرمایەداری.
بەلام لەپاڵ ڕاست و درووستی بۆچوونەکانی ڤیبەردا (دەربارەی کاریگەری ئەو ئەفسانە لەسەر ناو و برواو متمانەی بازرگانان) دەبێت بڵێین کە سیستمی هەلاوێرکردن گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانەش پابەندی جەوهەری سەرمایەدارێتی خۆیەتی، چونکە کەسەرمایەدارێتی گەمەکەی خۆی دەکات بە تاکە گەمەو دوا گەمە، ئیدی لەبری خودا خۆی (هەڵبژاردەکان) و (نەفرەتلێکراوان) دیاریدەکات. بەلام هەلاوێرکراوەکانی سەرمایەدارێتی ئەوانەنین کە لەناوەوە وەلامی بانگەوازی خودا دەدەنەوە، بەڵکو ئەو سیمایانەن کە سەرمایەدارێتی لە کەناڵی جیاواز جیاوازەوە بەرهەمیاندەهێنێت و دەیانگۆڕێتە سەر نمونەی بالای خۆی. لەهیچ قۆناغێکی دیکەی مێژووی بەشەریەتدا وەکی قۆناغی سەرمایەدارێتی مرۆڤایەتی دابەشنابێتە سەر (هەڵبژاردە/ نەفرەتلێکراو).. ڕیشەکانی ئەم دابەشبوونەش بەئاشکرا لەئەخلاقی پرۆتستانتی و سیستمی فکری پاکژوویستەکاندا هەیە و ڤیبەر لەئاست چەمکە تیۆرییەکانیدا دەوەستێت، بەلام بەئاشکراش خۆی لە ئەنجامەکانی لادەدات... بەلام بابڕوانین و ببینین ئایا ئەو پەیوەندیە تائەو ئەندازەیە نادیارو ژێرەوانکێیە کە ڤیبەر نەیبینێت؟
ئەو پرسیارەی لای (کالفنیەت) ڕۆژانە دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: ئایا ئێمە لەڕیزی هەڵبژاردەکانداین یان لەڕیزی نەفرەتلێکراوان؟ ئەگەر سەرنجبدەین ئەم پرسیارە بەهەمان لۆژیکی خۆیەوە تا ئەمڕۆ کاردەکات، واتە پرسیارێکی جەوهەرییە، لەو پرسیارانەی کەبەردەوام لەناو سیستمی سەرمایەداریدا هاوڕێیەتی مرۆڤ دەکەن و بۆساتێکیش چییە وازی لێناهێنن، مامەڵەکردنی ئەدەبیش لە کولتوری شیعر و ڕۆمان و شانۆگەری خۆرئاوادا لەگەڵ ئەو هاوکێشەیەدا بەئەندازەیەک گەورە و بەربلاوە، ناکرێت بڵێین (ڤیبەر) کە کوری ئەو کولتورەیە نەیبینیوە. هەرئەوەندەش نا، بەڵکو کۆی ئاکاری سەرمایەداریەتی لەئاستی ئامۆزشدا بەشێوەی جۆراوجۆر منداڵ لەسەر ئەو پرسیارە گۆشدەکات کە ئایا ئەو لەڕیزی هەڵبژاردەکاندایە یاخود لەڕیزی نەفرەتلێکراوان؟ ئەمجۆرە ئامۆزشەش لە هەموو قۆناغەکاندا هەبووە و لەم ساتەشدا کە ئێمەی تیادەژین لە هەموو ساتەکانی دیکە بەرچاوتر و کاریگەرترە، هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگای سەرمایەدار ڕۆژانە کە ئەستێرەکانی ناو میدیاکان و سیمای زێڕینی کارەکتەرە هەڵبژاردەکانی ناو سیاسەت و هونەرو وەرزش دەبینێت و بەراوردیان دەکات لەگەڵ ئەو نەدارو بێکارو برسی و ئەفیونی و بێجێگایانەی لەسەر شۆستەی شارەکان دەکەون، ئەو پرسیارەی تیا گەورەتر و گەورەتردەبێت؟ بەلام وەکو چۆن ئیماندار دەبێت لەناوەوەی خۆیدا باوەڕی بەوەهەبێت کە (هەڵبژاردەیە)، تابەردەوامبێت لە کارکردن و خوداپەرستی، وەچەی ئەمڕۆی سەرمایەداریش دەبێت باوەڕی بەوەهەبێت کەهەڵبژاردەیە تابتوانێت بچێتە ناو سیستەمەوەو تیایدا کاربکات.
باوەڕی پێشینە بەهەڵبژاردەیی خاڵێکی هاوبەشی گرنگی ڕۆحی کالفینی و ڕۆحی سەرمایەدارێتییە... بەلام سەرمایەدارێتی تەواو هەروەکو کالفنیەت وێنەیەکی قەدەریانە بۆ ئەو باوەڕە دەکێشێت، لە کالفنیەتدا (وەکو لەوەوپێش باسمانکرد) تۆ چەندە باوەڕت بە هەڵبژاردەیی خۆت هەبێت، لەدواجاردا نهێنی ئەوەی کەتۆ هەڵبژاردەیت یاخود نا لای یەزدان خۆیەتی و تۆ هەرگیز لەمڕووەوە ناگەیتە یەقین، لە سەرمایەداریشدا تۆ پێویستە بۆ ئەوە خەباتبکەیت کە بچیتە ڕیزی هەڵبژاردەکان. بەلام وەلامی ئەوەی کە تۆ دەبیتە هەڵبژاردە یاخود هەر لەخوارەوە دەمێنیتەوە لەلای سیستەمی سەرمایەدار خۆیەتی و لە سنوری توانای تۆدانیە وەلامی بدەیتەوە.
ئەگەر لای کالفینەکانیش گەڕان بۆ حاڵەتی هەڵبژاردەیی مایەی ڕێکخستنی فەردبێت بۆ ڕەفتاری خۆی، ئەوا لەقۆناغەکانی دیکەی سەرمایەدارێتیشدا (هەڵبژاردەیی) سانسۆرێکی ئاڵۆزە کە لەیەک کاتدا فەرد دەگۆڕێتە سەر کەسێکی بەرهەمهێن، هێمایەکی بالا، ڕۆحێکی ڕێکخەرو کۆکەرەوە، فەردێک گەشە بەسیستەم دەدات بێئەوەی بنەماکانی تێکبدات، یارییەکەی فراواندەکات بێئەوەی

ستراتیژی بگۆڕێت، فەزاکانی ڕەنگاو ڕەنگ دەکات بێئەوەی دەستکاری جیهانبینیەکەی بکات. بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بەراوردێک لە نێوان هەڵبژاردە و نەفرەتلێکراوا بکەین، ئەوا نەفرەتلێکراو دەبێتە نیشتەجێی ئەو جیهانە پەراوێزەییەی کە تیایدا بەرهەمهێنان ئامانجی سەرەکی نییە، دەبێتە کەسێک کە ڕێکناخرێت و سانسۆرێکی ئەخلاقی نییە بیکاتە بەرهەمهێن و بەرخۆر، لە سەردەمی ڤێبەرەوە کە سەردەمی پێگەیشتن و چەکەرەکردنی ڕۆحی جەنگجویانەی پرۆسیشە، سیما گرنگەکانی ئەو هاوکێشەیە دیاربووە. باوەڕهێنان بەوەی (هەڵبژاردەین) دواتر دەبێتە سەرچاوەی هەموو ڕاسیزمێکیش؛ لێرەوە ئەو بڕوا ساوایەی کالڤنیەت لە تاکەکەسدا دەچێنێت لە بزوێنەرێکەوە بۆ کار دەگۆڕێتە سەر بزوێنەرێک بۆ جەنگ، واتا مەسەلەکە تەنها ئەوە نیە کە بۆئەوەی کارگەری بەویژدان دروستبکەین، دەبێت ئەو بڕوایەی تیابچێنین کە (هەڵبژاردەیە)، بەڵکو بۆ ئەوەی جەنگاوەری بەتواناش دروستبکەین، دەبێت ئەو بڕوایەی تێدابچێنین کە هەڵبژاردەیە؛ دواتر بۆ ئەوەی "میللەت" و "ڕەگەزی بەهێز"یش دروستبکەین، دەبێت ئەوەی تیابچێنین کە هەڵبژاردەیە، هەر ئەمەشە (هیتلەر) دەیکاتە بناغەی ڕاسیزمی ئەڵمانی کە بێگومان ڕەگوریشەکانی لە مێژوی ئەڵمانیادا و لەناو ئاییندا ئاشکرایە، بەڵام بێدەنگبوونی (ڤێبەر) لەئاستیا، بێدەنگبوونێکی پڕگومانە، واتە ڕۆحی سەرمایەداری تەنها بەو کەناڵانەوە گرێنادرێتەوە بە پرۆتستانتیەت کە (ڤێبەر) دەستنیشانیکردووە، بەڵکو ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری هەردووکیان پتر لەهەر خاڵێکی دیکە لەسەر دابەشکردنی جیهان بۆ (نەفرەتلێکراو) و (هەڵبژاردە) ڕێکدەکەون، مێژوی کۆن و نوێی سەرمایەداریش گرنگی ئەو خاڵەمان پێدەڵێت... بۆیە هەقمانە ئەو بێدەنگیەی ڤێبەر بە بێدەنگیەکی دەلالەتدار تێبگەین و بەدوای ماناکەیدا بگەڕێین.

هەڵبەتە سەرمایەدارێتی و عەقڵانییەت لای ڤێبەر نزیکییەکی هێندە گەورەیان هەیە کە ناکرێت لە یەکدی جیابکرێتەوە؛ واتە سەرمایەدارێتی جگە لە شێوەیەک لە شێوە باڵاکانی عەقڵانییەت زیاتر هیچی دیکەنیە. هەروەک چۆن عەقڵانییەت لای ڤێبەر بەبێ سەرمایەداری بونێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەرجەستەی نییەو دەبێتەوە بە ووشەگەلێکی فەلسەفی کە هەڵبەت (ڤێبەر) لەم ڕوانگەیەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووە... بەڵام ئاخۆ هاوکێشەی (هەڵبژاردە/ نەفرەتلێکراو) کە یەکێ لە جەوهەرەکانی سەرمایەدارێتییە، ئەو لێکدانە لەگەڵ عەقڵانییەتدا هەڵدەگرێت؟

ئاشکرایە زۆربەی خەسڵەتە ناعەقڵانییەکانی سەرمایە لەو هاوکێشەیەوە سەرچاوەدەگرن، بێدەنگی ڤێبەریش لەئاست گرنگییە ستراتیژییەکانی ئەو دووڵانەیە لەوەوەدێت کە ئەو دووڵانەیە کەناڵێک دروستدەکەن کە نارژێتە ناو عەقڵانییەتی سەرمایەدارێتیەوە و نارژێتە ناو ئەو پرۆسە سادە و بێزیان و ئاشتیخوازانەی سەرمایەدارێتیەوە کە ڤێبەر زۆرجار بەسیفەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارێتی دەزانێت. بەمانایەکی تر ڤیبەر لەقەرەی ئەو ڕێگا ناعەقڵیانە ناکەوێت کە لەگەڵ سەرمایەدارێتیدا دێتەپێشێ و گەشەدەکات و زیانی مێژوویی و سایکۆلۆژی و فەرهەنگی گەورە لەدوای خۆی جێدەهێڵێت.

ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ ئیحای ئەو دیالۆگە پڕ لە شاعیریەتەی (میکائیل) لەگەڵ (ئادەم)دا لە قەسیدەکەی (میلتۆن)دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مەسەلەکان بەو ئەندازەیە ئاسان و شاعیری نین و مرۆڤ ناتوانێت هەروا زوو فرمێسکەکانی ووشکبکاتەوە، ناتوانێ هەروا کار بخاتە پاڵ مەعریفەت و بکاتە ئەوەی ڕقی لە دەرچوونبێت لە بەهەشت، چونکە لەناو خۆیدا بەهەشتێکی پڕ لەخۆشیتری هەڵگرتووە، بەڵام ڤێبەر کە ناڕاستەوخۆ باس لە کردنەوەی دەرگاکانی جیهان و نیشتەجێبوون دەکات لەسەر زەوی، باس لەوە ناکات کە سەرمایەدارێتی ئەگەرچی سیستەمی نیشتەجێکردنی مرۆڤە، بەڵام سیستەمی نیشتەجێکردنی هەموو مرۆڤ نییە، سەرمایەدارێتی کە سیستەمی دۆزینەوەی پەیامێکە بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی لەهەمان کاتدا (ئادەم) دەکات بەدوو بەشەوە، ئادەمێکیان لەناو کار و بەرخۆری و بەرهەمدا نیشتەجێدەکات، ئەوی دیکەشیان بەهەڵواسراوی لە نێوان (بەهەشت) و (زەوی)دا دەمێنێتەوە، لە ناوەندێکدا کە نەبەهەشتەو نەزەوی، جێگایەکە کە (ڤێبەر) ناوی نانێت، چونکە بەناونانی کۆی کۆڵەکە عەقڵانییەکانی سیستەمەکە دەکەوێتە بەر مەترسیەوە، کە هەڵبەت جگە لە(دۆزەخ) شوێنێکی دیکە نیە. بۆیە دەکرێت بڵێین ڕوانینی (ڤێبەر) لەسەر چەمکێک بەندە کە چەمکی بێدەنگبوونە لە دۆزەخ، چونکە ئاشکرایە کە سەرمایەدارێتی وەکو بەهەشتی کالڤنیەکان شوێن و نیشتەجێی هەڵبژاردەکانە،

وەکو چۆن کالڤینەکانیش باوەڕیان بە ڕزگاربوونی ژمارەیەکی کەم لە ئادەمی هەبوو سەرمایەداریتیش هەمان شێوە باوەڕی بە ڕزگاربوونی ژمارەیەکی کەم هەیە، بۆیە بەهەشتی سەرمایەداری بەهەشتێکی چکۆلەیە کە ناچارە بۆ نیشتەجێکردنی مرۆڤ لە زەویدا بیانکاتە دوو بەشەوە (هەڵبژاردەکان) و (نەفرەتلێکراوەکان)، هەر ئەم دابەشبوونەشە عەقڵانییەت لەبەردەم دەرگاکانی بەهەشتی سەر زەویدا تێکدەشکێنێت و دەیگۆڕێتە سەر ناعەقڵانییەت، بۆیە ئاسانە لەو ئاستە بێدەنگە تێبگەین کە لەپشت دیدەکانی ڤێبەرەوەیە وەکی تیۆریزەکەرێکی گەورەی عەقڵانییەتی سەرمایەداری، کە هەڵبەت لەپاڵ ئەو بێدەنگییەدا بێدەنگییەکی دیکەشی دەچێتە سەر سەبارەت بە (دۆزەخی کار) کە بزوێنەری هەموو فەلسەفەی مارکسە، بەهەمان ئەندازەش بێدەنگی لەئاست (دۆزەخی بیرۆکراسیەتدا) کە بزوێنەری جیهانبینی کافکایە.

بەڵام ئاخۆ ئەو کەلێنە ئایدۆلۆژیانە هیچ لە بایەخی فیکری (ڤێبەر) کەمدەکاتەوە؟ یان دەشێت فەرامۆشکردنی (ڤێبەر) و بەکەمگرتنی لە فەرهەنگی ئێمەدا حەقیقەتی پێکابێت؟ یان بەڕاست (ڤێبەر) لەو بیریارانەیە کە بایەخی نەماوە؟

بەڕای من گرنگی فکری (ڤێبەر) بۆ ئێمەو لەم ساتەوەختەدا لەچەندین سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت کە یەکێک لە گرنگترینیان خوێندنەوەیەتی بۆ پەیوەندییە قووڵ و پڕ دەلالەتەکانی «ئاین» و «سەرمایە» (٣٦). کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاترو زیاتر لە کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆرهەڵاتدا خۆیدەسەلمێنێت. خوێندنەوەی (ڤێبەر) دەشێت دەرگایەکبێت بۆ خوێندنەوەی پرۆسە بچڕاو و ئیفلیجەکان، دەرگایەکبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوویەکدا کە (ئاین) گەیشتۆتە ناو پرۆسە قوڵەکانی، دەرگایەکبێت بۆ خوێندنەوەی ڕەفتاری ئایینە جیاوازەکان، خوێندنەوەی کاریگەری زەمینە فەرهەنگیەکان، بایەخدان بەو کولتورە ڕۆحیانەی بە ڕووکەش بێگوناه و نادونیایی و سۆفیانە دێتە بەرچاو، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاراستەکەری هۆشیاری ئابووری و کۆمەڵایەتیشە، ڕێگا خۆشکەر یان ڕێگرە لەبەردەم گەشەی سیستەمێک لەسیستەمەکاندا... بۆ خوێندنەوەی هەر یەکێک لەو ئاستانە ناکرێت دەستبەرداری (ڤێبەر)بین، (ڤێبەر) ئەو زانایەیە هەرکاتێک دەستمانبرد بۆ پەیوەندی (سەرمایەداری) و (فەرهەنگ) پێویستیمان پێیدەبێت. (ڤێبەر) وەکو میتۆدی خوێندنەوەی مێژووش بایەخێکی لەبنەهاتووی هەیە، کە هەڵبەت لەم ڕووەوە سەرچاوەکانی (ڤێبەر) زیاتر دەچێتەوە سەر (دیلتای) کە مێژوو وەکو ڕیزە ڕووداوێکی پەرشوبڵاو دەبینێت کە مێژوونووس کۆیاندەکاتەوە و مانایەکیان دەداتێ، بێئەوەی ڕووداوەکان لەخۆیاندا ئەو مانایەیان هەبێت.(٣٧)

هەڵبەت ئەم میتۆدە لە بەرامبەر میتۆدە ئامنجگەراکەی (هیگڵ) و (مارکس) دا بایەخی خۆی هەیە بۆ خوێندنەوەی مێژوویەکی کوت و بچڕی وەکو مێژووی ئێمە. دواجار (ماکس ڤێبەر) و ئامادەنەبوونی لەجیهانی ئێمەداو لەلای کورد بەتایبەتی زیانی گەورەی جێهێشتووە، لەهەمووشیان گرنگتر نەبوونی هۆشیارییەکی تیۆری و فەلسەفی لای بۆرژوازیەتی ئێمە کە دەشیا (ڤێبەر) ئامانجی دوور و عەقڵیەتی ڕێکخستنی پێببەخشیایە، کە دەکرا درزێکی لە نێوان ڕۆحی بۆرژوازیەت و ڕۆحی خێڵدا دروستبکردایە، ئەو کردارەی بڕێکی زۆری ئەرکەکانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەوتە سەرشانی (مارکس) کە دەبایە لەیەککاتدا ڕێکخەر و شۆڕشگێڕیش بێت، واتە تیۆریزەکەری پرۆژەی بۆرژوازیەتیش بێت و تیۆریزەکەری پاشەڕۆژی زەحمەتکێشانیش (ئەو ئەرکەی ناسیۆنالستەکان و کۆمۆنیستەکان لەقۆناغی جیاواز جیاوازدا بەناو دەریایەک لەهەڵەدا پێکەوە و دژ بەیەکیش ڕایاندەپەڕاند)، ئەمە جگە لەوەی کە دەکرا (ڤێبەر) زەمینی بۆرژوازیەت بە دەستگاکانەوە گرێبدات نەوەکی بە (میلیشیاکانەوە)، کە هەڵبەتە ئەوەش ڕۆحی هەموو بۆرژوازیەتێکی بەرهەمهێنە، بەڵام دواجار بێئاگایی هەر برژوازییەکیش لە بۆرژوازیبوونی خۆی بەئەندازەی نائاگایی چینەکانی خوارەوە لەچەوساندنەوەی خۆیان موسیبەتە... هەر ڕێگایەکیش بۆ ئاگادارکردنەوەی بکەرە مێژووییەکان لە شوناسی خۆیان (کە هەڵبەت شارێگای ئەو ئەرکانەیە کە لەسەر ڕۆشنبیری ئێمە پێویستە لەکەناڵی جیاواز جیاوازەوە ئەنجامیبدات) دەمانباتەوە سەر (مارکس) و (ڤێبەر)، ئەو دوو پیاوەی کە چەند دووربکەونەوە و نادیاربن، بەشێوەی جۆراوجۆرو لەپشت پرسیاری تازە و هەوڵی تازەوە بۆ وەڵام سەردەردەهێنن و دووبارەدەبنەوە.

## پەراوێزەکان:

(١) ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا تەرخانە تەنها بۆ خوێندنەوەی کتێبی (ئاکاری پرۆتستانتێت و ڕۆحی سەرمایەداری) کە لەکارە هەرە گرنگەکانی ڤیبەرە، بۆیە لێرەدا پەلناکوتین بۆ ئاستەکانی دیکەی فکری ڤیبەر و بۆچوونەکانی تری دەربارەی دەوڵەت و ڕێکخستن و دەسەڵات، بەو ئەندازەیە نەبێت کە بابەتەکەمان پێویستی پێیەتی.

(٢،٣) بڕوانە ماکس فیبر ـ الاخلاق البروتستانتیە و روح الراسمالیە، ترجمە: محمد علی مقلد ـ مرکز الانماء القومی. ل، ٦

(٤،٥): هـ.س.پ، ل، ٧

(٦): هـ.س.پ، ل، ٩

(٧): هـ.س.پ، ل، ١١

(٨): ڤیبەر دەڵێت: ئەوەی لەگۆشەنیگایەکەوە عەقلانیە لەگۆشەیەکی دیکەوە دەشێت ناعەقلانیبێت.(هـ.س.پ ، ل ١٢)، لەشوێنێکی دیکەدا دەنووسێت: بۆ یەکێکی بێبڕوا ژیانی ئاینی ژیانێکی ناعەقلانیانەیە، سۆفیگەریش لەچاوی یەکێکدا کە حەزی بەخۆشی و لەزەتە، ناعەقلانیانەتە... ئایا باش نییە ئەم لێکۆڵینەوەیە بتوانێت بەشداربێکات لە ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستیەدا کە ئەو سادەو ساکاریەی چەمکی (عەقلانییەت) بەڕووکەش هەیەتی لەڕاستیا ئاڵۆزیەکی زۆری شاردۆتەوە).ل، ٤٣

(٩): (ڤیبەر) لەهەندێ جێگادا بەئاشکرا ڕەخنە لەتەفسیری مارکسیانە دەگرێت، سەبارەت بە پەیوەندی (فیکر) و (هەلومەرجی مادی) بە تایبەت لەوکاتەدا کە بەراوردی ڕۆحی سەرمایەدارێتی دەکات لەناو ناوەندە بازرگانییە گەورەکانی چەرخی (١٤) و (١٥)ی فلۆرنسادا و دەبینێت هەموو ئەو ئەخلاقیاتانەی کە پێویستە بۆ سەرمایەدارێتی بەچاوێکی دزێو سەیرکراوە، بەلام لەچەرخی (١٨)دا لەناو ئابووریەکی داتەپیوو و دارماوی دارستانەکانی بەنسلفانیادا لە ئەمەریکا ئەو بەهایانە نرخێکی گەورەیان هەبووە و بە جەوهەری (ئەخلاق) لەقەڵەمدراون، بۆیە ڤیبەر دەڵێت: لێرەدا قسەکردن لەسەر کاریگەری هەلومەرجە مادییەکان لەسەر سەرخانی فیکری قسەیەکی بێمانایە. هـ.س.پ.ل ٤٠. لەجێگایەکی دیکەدا دەنووسێت: بیروڕا دینیەکان بەئاسانی لە هەلومەرجی ئابوورییەوە وەرناگیرێت، چونکە ئەوان بۆخۆیان، بێئەوەی ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان هەبێت ـ ڕەگەزە هەرە قوڵ و هەرە سەقامگیرەکانی پێکهێنی عەقلی ناسیۆنالن، ئەوان خۆیان لەناو خۆیاندا یاسای گەشەی خۆیانیان هەڵگرتووە و هێزێکی بەزەبری ئەوتۆیان هەیە کە موڵکی خۆیانە.هـ.س.پ، ل، ١٦٥.

بەلام هەڵبەت ئەم جیاوازییە وەکو (عروی)یش ئاماژەی بۆ دەکات لەوەوە هاتووە کە ڤیبەر (عەقلانییەت) دەخاتەپێش (ئابوری) و (دەوڵەتی نوێ)، وەلای ڤیبەر دەوڵەت وەکو دەزگایەک بەرهەمی سەرمایەداری نییە بەڵکو بەرهەمی عەقلانییەتە (بڕوانە: مفهوم الدولە ـ عبدلله العروی ـ التنویر ط٣ـ١٩٨٤، ل، ٨٢).

(١٠) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە جیاوازی عەقلانیەت لای (ڤیبەر) و (هیگڵ) بڕوانە:( عبدلله العروی ـمفهوم الدولە ـ ل ٧٤ یاخود ل، ٨٥)

(١١) لەڕاستیدا سەیرکردنی خۆرئاوا وەکو تاکە مەڵبەندی عەقلانییەت کە گرفتێکە ڤیبەر دەیخاتەوە، تائەمڕۆ لە زۆر ئاستدا مایەی دیالۆگی توندە، هەروەکو چۆن لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوەوە خاڵی سەرەکی زۆربەی ئەو جەنگە فیکریانەش بووە کە لە فەرهەنگەکانی تەنیشت ئێمەدا ڕوویانداوە، بۆ نمونە لەزووەوە ڕۆشنبیرانی عەرەب لەسەر وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئەو چەمکە (ڤیبەر)یە، دیالۆگی فکری توندیان سازکردووە، ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕوویەڕوویوونەوانە بۆچونەکانی (مهدی عامل)بێت لەسەر دووبارەکردنەوەی پێشەنگی فیکری پۆزەتیفیزمی عەرەبی (زکی نجیب محمود) بۆ زاراوەی (عەقلانییەت) بەمانا ڤیبەریەکەی لەو گردبوونەوە فیکرییەدا کە کاتی خۆی لە (کوێت) بەسترا، مەهدی عامل لەڕەخنەکانیا پوختەی سەرنجی مارکسیەکی دەرەوەی خۆرئاوا نیشاندەدا بەرامبەر بەڤیبەر ئەگەرچی ناوی ڤیبەر لەو دیالۆگەشدا لەگۆڕێ نییە، بەلام بەگرنگی دەزانین سەرنجی خوێنەر بۆ بۆچونەکانی (مهدی عامل) ڕابکێشین کە دەنووسێت: بەلاوەنانی سروشتی مێژوویانەو سروشتی نسبی لەو شێوە عەقلانییەتە تایبەتەی هاوڕێی بونیادی کۆمەلایەتی سەرمایەدارییە کارێک دەکات ئەم شێوە تایبەتییە سیفەتێکی ڕەها وەربگرێت، بەو هۆیەشەوە ئەوەی مێژووییە. واتا ئەوەی لەناو خۆیدا هەڵگری نەفی و جێهێشتنی خۆیەتی ـ بەشێوەی سروشتی دەربکەوێت ـ واتا وەک پێویستیەکی ئەبەدی بێتە بەرچاو ـ لێرەوە عەقلانییەت بەشێوە چینایەتیە بۆرژوازەکەی وادەردەکەوێت کە عەقلانییەتی هەموو مرۆڤایەتییە... لێرەشدا ڕیاکارییەکی ئاشکرای ئایدۆلۆژی خۆی حەشارداوە.

بڕوانە ـ مهدی عامل : ازمە الحضارە ام ازمە البرجوازیات العربیەـ دار الفارابی، ل، ٣٧

(١٢) الاخلاق البروتستانتیە ـ ل١٦

(١٣) هـ.س.پ، ل، ١٨

(١٤)هـ.س.پ، ل، ١٨

(١٥) بنجامین فرانکلین دەڵێت:(ئەمانەت پارەیە... یادتنەچێت کە پارە شت دروستدەکات و پڕ بەرهەمە، پارە پارەی دی دەخولقێنێ و وەچەکانیش دەخاتەوە.. ئەوەی پێنج شلنگیەک دەکوژێت هەموو ئەو کۆمەڵە لیرە

ئەستەرلینیەش دەکۆڕێت کەدەکرا بەرهەمبهێنرێت.. هیچ شتێک وەکو سەر ڕاستی و دیقەت مرۆڤێکی کامڵ لەناو کۆمەڵدا پێشناخات لەبەرئەوە بۆ سەعاتێک چیە نابێت پارەی قەرز بخەیتە دواوە، چونکە ئیتر کاسەی هاوڕێکەت تاهەتا هەتایە بەڕوودا دادەخرێت. کەتۆ خەریکی کارکردن بوویت، گەر هاتوو خاوەن قەرزەکەت گوێی لەدەنگی دەست و چەکوشت بوو لەپێنجی بەیانیدا یاخود لەهەشتی ئێوارەدا ئەوە وایلێدەکات شەش مانگی دیکەش لەسەرت بوەستێت، بەڵام کەبینی بلیارد دەکەیت یاگەڕهاتوو لەو کاتەدا کەتۆ پێویستە لەسەرکاربیت گوێی لەدەنگت بوو لەگازینۆیەکدا، ئەوە وادەکات هەر بۆ ڕۆژی دواتر و بەرلەوەی کاتی دانەوەی قەرزەکەش هاتبێت و پێش ئەوەی تۆش ئامادەبیت بیدەیتەوە داوایبکاتەوە.

ئەگەر زەحمەتی ئەوەشتدایە بەرخۆت و هەموو شتێکت بەووردی تۆمار کرد ئامانجی باشت دەستدەکەوێت، ئەوسا دەبینی چەندێ مەسرەفی بچوک بچوک و بێنرخ لەسەر یەکدی کەڵەکەدەبێت و زیاد دەکات و گەورەدەبێت و دەبێتە برەپارەیەکی زۆر، ئەوسا بۆت ڕووندەبێتەوە کە دەکرا چی کۆبکەیتەوە. واتا تۆ بەومەرجەی کابرایەک بیت ناسراو بەدەست پاکی و عاقڵی دەکرێت ساڵانە لەبری شەش لیرەی ئەستەرلینی سەد لیرە بخەیتە کارەوە)

وەک دەبینین ڤێبەر لەم دەقەدا بۆ ڕۆحی سەرمایەداری دەگەڕێت ئەوەکی لە تیۆرەی بازرگانخوازەکانی چەرخی شازدە و حەڤدە کە لە هەمانکاتدا هاوشانی گەشەی کالفنیەت بوون، یاخود دواتر لای ئابووری ناساتی وەکی (ئادەم سمیس) کە تیۆریەکی ئابووری - ئەخلاقی کامڵتریان لەلا دەبینرێتەوە، چونکە ڤێبەر ڕیشە دینییەکانی سەیرکردنی سەرمایەی بەلاوە گرنگە، ئەوەکو ڕیشە فەلسەفیەکان.

(١٦) هـ.س.پ. ل. ٢٨ بەڵام لێرەدا دەبێت بڵێین کە بەخشینی ئەو دەلالەتە ئەخلاقیە بەمەسەلەی قازانج و دەسکەوت ڕیشەیەکی فەلسەفیشی هەیە کە لەڕاستیدا کۆی فەلسەفەی چەرخی هەژدە و نۆزدەی گرتۆتەوە بەئەندازەیەک ناکرێت ئەمە تەنها بەسیفەتی ڕۆحی میللیانە یان دینییانەی سەرمایە بزانین، وەکی ڤێبەر بەدرێژایی کتێبەکەی پێی لەسەر دادەگرێت، بەڵکو لەهەمانکاتدا سیفەتی چەندین ئەندێشەی فەلسەفیشە؛ بۆ نمونە گەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ناکۆکیە قوڵەی فکری (ئادەم سمیس) تیاژیاوە لە نێوان سەیرکردنیا بۆ (خود دۆستی) و (مرۆڤ دۆستی) لەلای مرۆڤ، هەمان ناکۆکی پڕ دەلالەت دەبینینەوە کە وادەکات (خود دۆستی) بەفریوێکی سروشت بزانێت کەمرۆڤ دەخاتە خزمەتی (مرۆڤ دۆستیەوە)و وەکو دەستێکی نهێنی پاڵییوەدەنێت. هەڵبەت ئەم بۆچوونەی ئادەم سمیس ئاشکرایە کە چ دەلالەتێکی ئەخلاقی و تەفسیرێکی ئەخلاقی دەبەخشێتە ئەو ڕۆحە خوددۆستەی کە سەرمایەداری لەتەکخۆیدا دەیهێنێت.

(بۆزیاتر زانیاری بڕوانە - ادم اسمیث و ثروت ملل نوشته، محمد علی کاتوزیان، اشرکت سهامی کتابهای جیبی - تهران ١٣٥٨ ل. ٧٨-٧٩-٨٠-٨١).

(١٧) الاخلاق البروتستانتیه - ل. ٣١ و ٣٢

(١٨) هـ.س.پ. ل. ٣٧

(١٩) هـ.س.پ. ل. ٥٢ ووشەی (Beruf)ی ئەڵمانی لەو ووشانەیە کە بەئاسانی بەرامبەرەکەی لە زمانە خۆرهەڵاتییەکانی وەکو زمانی عەرەبی و فارسی و کوردیدا نادۆزرێتەوە، هەر لەبەر ئەوە وەرگێڕی عەرەبی کتێبەکە بەدرێژایی هەر ووشە ئەڵمانیەکە بەکاردەهێنێتەوە، بەڵام من پێمچاکە بە(فەرمان) وەریبگێڕم کە هەڵبەت لەکوردیدا جۆرە جودایەکی ئاشکراهەیە لەگەڵ (کار)دا، وەکی چۆن لەهەمان کاتدا زرنگەیەکی توندتری هەیە و بەردەوام بە هەردوومانای (کار) و (ئەمرکردن)یش دێت کە نزیکییەکی زۆر گرنگی پێدەبەخشێت لە ووشەی (Beruf)ـەوە، چونکە ووشەی فەرمان لە کوردیدا ڕەگوڕیشەیەکی هەیە لە داواکاری و وویستی دەسەڵاتدارەکاندا، بەکارهێنانە کۆنەکانیشی لە عەرەبیدا پتر ئەمرێک دەگەیەنێت کە لە سەرچاوەیەکی باڵاوە دەربچێت. ووشەی (Beruf)یش وەکو ڤێبەر دەڵێت مانای فەرمانێک دەگەیەنێت کە لە ژیاندا بەسەرماندا سەپێنرابێت و لەچارەمان نووسرابێت ئەو کارە بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی مەبەستی (ڤێبەر) ئاشکرابێت لەو ووشەیە، دەکرێت بڵێین لەبەکارهێنانی ڕۆژانەدا بەمانای ووشەی (وەزیفە) یان (پیشە) بەکاردێت، هەربۆیەش ڤێبەر عەودالی خوێندنەوەی دەلالەتە ئاینیەکانییەتی کە هەڵبەت تێکەڵاوبوونی ڕۆحی ئاینی بەڕۆحی کار ئاشکرادەکات، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ووشەی (Beruf) لەهەندێ ڕووەوە ئیحای ووشەی (پەیام)یش هەڵدەگرێت کە لە توانای (فەرمان)دا نییە بیگەیەنێت، وەکو پیشەیەکی هەڵبژاردە بەبێ هیچ ئیجتهادێکی تاکەکەس خۆی وەکو لە حاڵەتی (شێخ) یان (سەید)دا دەبینرێت لە ئیسلامدا، کەبەرامبەرەکەی لەمەسیحیەتدا (کاهن)ـە.

(٢٠) هـ.س.پ. ل. ٥٣

(٢١) هـ.س.پ.ل. ٥٥

(٢٢) هـ.س.پ.ل ، ٥٦ و ل. ٥٧

(٢٣) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە بیروڕای بزوتنەوەی پاکژوویستەکان، دەربارەی شوێنی فەرمان و جیهان لە

پەیوەندی مرۆڤ و یەزداندا کە ئەوەی پێشوو تەنها چڕکردنەوەیەک و کورتکردنەوەیەک بوو دەربارەی: بڕوانە (الاخلاق البروتستانتیە و روح الراسمالیە) فەسڵی دووەم بەگشتی کەتیایدا (ڤیبەر) سەرچاوەکانی پروتستانتیەت بەسەر دەکاتەوە و ئەخلاقی (فەرمان) لەو ڕێبازانەدا دەخوێنێتەوە.

(٢٤) هـ.س.پ.ل، ٧٩

(٢٥) هـ.س.پ.ل، ٧٨ یان دەتوانیت بڕوانیتە هەمان بۆچوون لە ل، ٧٥ یاخود ل، ١٠٣

(٢٦) هـ.س.پ.ل، ٨٠

(٢٧) هـ.س.پ.ل، ١١٣

(٢٨) هـ.س.پ.ل، ١٣٥

(٢٩) هـ.س.پ.ل، ١٢٨ ئەم بۆچوونەی باکستر بەراورد بکەن لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (ابن تیمیە) کە دەڵێت: (الاصل ان الله خلق الاموال اعانە علی عبادتە لانە خلق الخلق لعبادتە)

(٣٠) وەک دەبینین ڤیبەر بەلاوەنانی پەرستنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ بە یەکێک لەو بڕوایانەی پاکژوویستەکان دەزانێت کەگرنگ بوو بۆ دارشتنی پەیوەندییەک لەنێوان (مرۆڤ) و (خودا)دا کەڕێگا بۆ دەلالەتە ئایینییەکانی فەرمان خۆشبکات، بەڵام سەیر لەوەدایە کە هەمان قۆناغ هاوڕێیە لەگەڵ گەورەبوون و دامەزراندن و خۆگرتنی دەوڵەتدا، (فۆیەرباخ)یش دەڵێت: (دەوڵەت لەڕووی سایکۆلۆژییەوە کاتێک دێتە گۆڕێ کەمرۆڤ پێی وادەبێت ئەوەی دەیپەرستێت هەر مرۆڤ خۆیەتی). ئاخۆ کارکردن لەسەر ئەو بۆچوونە فۆیرباخیەدا کۆی دۆزی ڤیبەری ناخاتە بەرمەترسیەوە؟ یان ئەوە بەو مانایەدێت کە مرۆڤ کاتێک واز لەپەرستنی مرۆڤ دەهێنێت لە شوێنێکدا، دەروات و لەئاستێکی دیکەدا دایدەمەزرێنێتەوە، یاخود کە لەئاستێکدا دەسەڵاتی ڕەها دەداتەدەست یەزدان بۆ ئەوەیە لەئاستێکی دیکەدا لێیبستێنێتەوە؟

(٣١) هـ.س.پ.ل، ١٤٢

(٣٢) وێناکردنی دەوڵەمەندی وەکو بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی دونیا نەوویستنی کە فەلسەفەی سەرەکی پاکژوویستەکانە، بەراووردبکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی هۆبزدا کە دەڵێت: (سامان دەسەڵاتە) کە هەڵبەت لای هۆبز دەسەڵات خۆی جۆرە سامانێکی دونیاییە... ئەگەر لەو ئاستە بەراوردکارەدا نیشبکەین تەواو هەستدەکەین کە فەلسەفەی سەرمایەدارێتی، فەلسەفەیەکی تاکرەهەند نییەو لەسەرەتاوە چەمکی دوورلەیەک و ناکۆک بەیەکی کۆکردۆتەوە.

(٣٣) هـ.س.پ.ل، ١٦٩

(٣٤) ئەو ڕۆحیەتەی کە پاڵ بە بەرهەمهێنەوە دەنێت بەردەوامبێت لە کاردا، لەمڕۆدا بەمیکانیزمی نوێوە درێژە بەخۆیدەدات، جورج قرم دەنووسێت: (زیادبوونی باجی ڕاستەوخۆ لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە... بۆ ئەوەیە کەموکورتیەکانی سەرمایەدارێتی پڕبکاتەوە و سنورێک بۆ حاڵەتی دەوڵەمەندبوونی بێسنوور دابنێت، کە بشێت پاڵ بەوانەوەبنێت کە سامانێکی زۆریان هەیە بەشێوەیەکی مشەخۆر بژین و واز لەبەرهەمهێنان بهێنن).

بڕوانە (الفوضی الاقتصادیە العالمیە الجدیدە، جزور اخفاق التنمیە، د. جورج قرم ـ دار الطلیعە، بیروت، ط١، ١٩٩٤، ص، ٢٥) لەڕاستیدا سەیرکردنی باج وەکو میکانیزمێکی پاڵنەر بۆ کارکردن بە ئەندازەیەک لە سیستمی سەرمایەداریدا زەقدەبێتەوە کە ناکرێت کەس بەو ڕووانینە ئایدۆلۆژییە فریوبخوات کە مەسەلەی باج دەگێڕێتەوە بۆ کەرتەکانی خزمەتگوزاری گشتی و کەرتی کۆمەکی کۆمەڵایەتی، کە ئەوڕۆ ڕاسترەو و موحافەزکارەکانی خۆرئاوا کردوویانەتە سەنگەرێک بۆ پەلاماردانی دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی شەست و حافتا.

(٣٥) پاڵەوانی یەکێک لە ڕۆمانەکانی ئۆروێل بە جۆرێکی قەشەنگ ئەو گرێدانەوەیە لە نێوان (دراو) و (سێکسدا) دەخوڵقێنێت، بەئەندازەیەک هەرکاتێک گوێی لەزرینگەی دراونەبێت لە گیرفانەکانیدا ناتوانێت لەگەڵ کچە هاورێکەیدا (سێکس) بکات.

(٣٦) یەکێک لەو لێکۆڵینەوە گرنگانەی کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین کتێبەکەی (مەکسیم ڕۆدنسن)ە سەبارەت بە پەیوەندی (ئیسلام و سەرمایەدارێتی) کە هەڵبەت جولانەوەیەکە لەسەر هەمان هێڵی کاری (ڤیبەر)، بەڵام پرسیارەکان ئاڕاستەی (ئیسلام) دەکات ئەوەکی پرۆتستانتیەت. دەبێت ئەوەشمان ڕەچاوبێت کەمەنهەجی ڕۆدنسۆن تەواو جیاوازە لە مەنهەجی ڤیبەر، چونکە ئەگەر هەموو هەوڵی ڤیبەر دوواجار بڕژێتە ناو خانەی دیاریکردنی کاریگەری دینەوە لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان، لای ڕۆدنسن بەپێچەوانەوە (دین کەم و زۆر کاریگەریەکی نییە لەسەر بارودۆخە ئابوورییەکان). بڕوانە ـ فی فکرنا المعاصر، د. حسن حنفی ، دار التنویر ـ ل، ١٤٣ ، بەڵام هەڵوێستی مەنهەجی ڕۆدنسۆن لە ڤیبەر هەرچیەکبێت، ئەوە ئاخاتەلاوە کە دەبێت بەهەر ڕێگایەک بووە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببێتەوە کەئایا کاریگەری ئەخلاقی ئیسلامی لەسەر دۆخی سەرمایەداری و ڕۆحی

سەرمایەداری لە خۆرهەلات و جیهانی ئیسلامیدا چیبووە؟ ئەمەش پرسیارێکە کە تیایدا دەبێت بەقوڵی ڕێزی (ڤیبەر) بگرین، چونکە هەوڵەکەی رودنسۆنیش ئەگەرچی لە مەنهەجیەتدا جیاواز بکەوێتەوە، بەلام بەهەمان پرسیار دەستپێدەکات ئەویش ئەوەیە: ئایا ئیسلام یاریدەدەری سەرمایەدارێتییە؟ یاخود ڕێگریەتی؟ یان سەبارەت بەڕێکخستنی چالاکی ئابووری بێلایەنە؟

رۆدنسۆن پێیوایە (ئیسلام) شتێکی تیانیە دژی سەرمایەدارێتی بوەستێتەوە، چونکە ئیسلام لەگەڵ مولکیەت و میرات و کاری کرێگرتەدا بووە، هەروەکو چۆن دەوڵەمەندی بایەخێکی نییە لەهەڵسەنگاندنی ئاییندا بۆ مرۆڤ وە تەقوا بنچینەی ئەو هەڵسەنگاندنەیە.ئەو پرسیارەی لێرەشدا دەکرێت ئەوەیە ئەی بۆ ئەخلاقی ئیسلام نابێتە هەوێنی سەرهەڵدانی سەرمایەدارێتی؟ (ڤیبەر) لایوایە باوەڕهێنان بە (قەزاوقەدەر) و (جادوو) کە دوو بنچینەی دیدی ئیسلامن، ڕێگری گەورەن لەبەردەم گەشەی سەرمایەدارێتیدا، بەلام لەم خاڵەدا (حسن حنفی) وادەبینێت ئیسلام لەئاستی تیۆریدا یاریدەدەری سەرمایەدارێتی نییەو پێیوایە سەرمایەدارێتی لەجیهانی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی کردووە و (قەزاو قەدەر) و (جادوو) دوورن لەجیهانبینی ئیسلامەوە.

لەئاستەکەی دیکەشدا رۆدنسۆن لای وایە (سەرمایەدارێتی) لەدەرەوەی جیهانی ئیسلامیەوە هاتووەو گوازراوەتەوە بۆ ناوەوە، بەلام ئیسلام ناکۆکیەکی لەگەڵ شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارێتیدا نەبووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر سیستمی ئابوورییەوە نەبووە، لەڕاستیدا ئەگەر دواتر سەیری ئەزمونی ئێران و سودان بکەین (هەڵبەت لەپاڵ ئەزمونی عەرەبی سعودییەوە، بەئاسانی دەتوانین ئەو هاوپەیمانێتیە ستراتیژییە ببینین لە نێوان (ئاین) و (سەرمایەدارێتی)دا بۆ تەواوکردنی کۆڵەکە ئابورییەکانی دەولەت بە ئایدۆلۆژیایەکی ئابووری هەڵقولاو لە ئیسلامەوە.

(بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بیروبۆچوونەکانی حەنەفی و رودنسۆن بگەڕێرەوە بۆ هەمان سەرچاوەی ناوبراو ووتاری - الایدولوجیه و الدین - مناقشه لکتاب مکسیم رودنسون - الاسلام و الراسمالیه - ١١٢ - ١٥٤).

(٣٧) بڕوانە: دراسات ایدولوجیه فی الحاله العربیه. ترکی الحمد، دار الطلیعه. بیروت.

# سۆسیۆلۆژیای سیاسی
# سیاسەت و دەوڵەت

نووسینی: جولیان فرۆند
وەرگێرانی: هەڵکەوت عەبدوڵلا

ئەوەی لێرەدا دەربارەی دەدوێین، سۆسیۆلۆژیای سیاسیی ماکس ڤیبەرە نەک هەڵوێستە پراکتیکی و کەسێتییەکانی بەرامبەر سیاسەتی ئەڵمانی و جیهانی بەشێوەیەکی بەربڵاو. ئەوانەی دەخوازن بیرێک سەبارەت بە تێڕامانە سیاسییەکانی ڤیبەر پێکبهێنن، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ دانراوەکەی ئەو «Gesammelte politische schriften» یاخود دانراوی مۆمسن (W. Mommsen) «ماکس ڤیبەر و سیاسەتی ئەڵمانی Max Weber und die deutsch politik»(١). ئەمەش لەبەر ئەوەی شیکردنەوەکەمان تەنیا سۆسیۆلۆژیای سیاسی دەگرێتەوە، بەتایبەتی بەو جۆرەی لە «ئابووری و کۆمەڵگا»دا خراوەتەڕوو و دەشێ بە نیشانەیەک وەسفی بکەین: مەبەست سۆسیۆلۆژیای بالادەستییە (Herrschaftssoziologie).

سیاسەت چالاکییەکی گشتیی مرۆڤایەتییە، واتە مێژووەکەی پڕدەکاتەوە. سیاسەت بەدرێژایی سەردەمەکان ڕووی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە و لەسەر پرنسیپی هەمەجۆر دامەزراوە و دامەزراوی هەمەچەشنی هێناوەتە دنیاوە. لەم ڕووەوە شوێن گرنگیپێدانی کۆمەڵناس بووە. ئاشکرایە ناشێ سیاسەت بەم واتایە لەگەڵ دەوڵەتدا تێکەڵ بکەین کە جگە لە ڕواڵەتێکی مێژوویی سیاسەت، بەشێوەیەکی دیارتر ئەو ڕووخسارەی پابەندی بزووتنەوەی عەقڵانیکردنی ژیواری نوێیە، شتێکی دیکە نییە. یەکەی سیاسیی دیکە جگە لە یەکە دەوڵەتییە ڕووتەکان لە کاتی سەرهەڵدانی شارەوە هەتا ئیمپراتۆرییەکان هەبووە. کەواتە سیاسەت پێش دەوڵەت هەبووە، ئەگەرچی چالاکی سیاسی لە ڕۆژگاری ئێمەدا ڕوو لەوە دەکات تەنیا چالاکی دەوڵەتی یان پێڕەویکردنی لایەنە تایبەتییەکانی بگرێتەوە. ڤیبەر دەوڵەت بەو بنەما یاخود کۆمەڵە سیاسییە پێناسەدەکات کە بانگداشە بۆ سەرکەوتنی مۆنۆپۆڵکردنی زۆربۆهێنانی ماددیی ڕەوا دەکات. ئەمەش جیاکارە چۆنایەتییەکەیەتی کە خەسڵەتی دیکەشی دەچێتە سەر: لەلایەکەوە دەوڵەت بریتیە لە عەقڵانیکردنی یاسا و ئەو سەرەنجامانەی بەدوایدا دێت، وەک پسپۆڕیی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و داوەریکردن، لەگەڵ دامەزراندنی پۆلیس کە ئەرکی ئاسایشی تاکەکان و پاراستنی سیستەمی گشتی لە ئەستۆدایە. لەلایکی دیکەوە، پشت بە بەڕێوەبەرایەتیەکی عەقڵانی دەبەستێ کە لەسەر دەستووری ڕوون و ئاشکرای وا دامەزراوە ڕێگەی پێدەدات دەستبخاتە هەموو کایەکانەوە، لە پەروەردەوە بگرە تا دەگاتە تەندروستی و ئابووری و تەنانەت ڕۆشنبیری. لە کۆتاییشدا، دەوڵەت خاوەنی هێزێکی سەربازیی تارادەیەک هەمیشەییە. ڤیبەر پێی وایە دەوڵەتی سۆشیالیستی خوازیاری نەخشەکێشانی میتۆدەیی ناشێ بنەمایەکی نوێ پێکبهێنێ، بەهۆی سرووشتی کاریزمیانەی شۆڕشەوە نەبێ. چونکە بێجگە لەوە، زۆری پێ ناچێ پەرە بە عەقڵانیکردنی کۆمەڵگای سیاسی دەدات. پوختەی قسە، سۆشیالیزم جگە لە یەکێک لە نموونەکانی دەوڵەتی نوێ زیاتر شتێکی دیکە نییە.

شان بەشانی بنەمای دەوڵەتی، ڤیبەر گەشەکردنێکی هاوشێوە لە بنەمای کڵێسەدا بەدیدەکات، بەو پێیەی کڵێسە دەسەڵاتێکی ئایینسالاری پێکدێنێ کە وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکە پەنا بۆ زۆربۆهێنانی دەروونی دەبات و بانگداشە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی دەکات، ئەمەش لەسەر شێوەی دامەزراوێک کە بەروبوومەکانی ڕزگاربوونی ڕۆحی دەبەخشێتە هەندێک و هەندێکی لێ بێبەش دەکات. ئایینسالاری بە بالادەستیی ڕۆحی جیاکارەدەکرێ، ئەمەش مانای ئەوەیە کڵێسەکان شێوازی دامەزراوێک وەردەگرن کە ئەویش پشت بە سیستەمە عەقڵانیەکان و دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن دەبەستێ.

بەڵام کۆششی ڤیبەر زیاتر بۆ تێگەیشتنی دیاردەی سیاسییە بە شێوەیەکی گشتی نەک شیکردنەوەی بنەمای مێژوویی دەوڵەت. چونکە بەکارهێنانی ڕەوایانەی زەبروزەنگ مافی کۆمەڵەکانی تر بوو نەک یەکەی سیاسی؛ مافی خێزان و دەستە پیشەییەکان یان دەرەبەگەکان بوو. بۆیە ڕێکخراوی سیاسی لە هەموو سەردەمەکاندا هەمان وردەکاریی دامەزراویی دەوڵەتی نوێی نەبووە. لە کۆندا تەنیا بنەمایەکی بێ ڕواڵەت بوو، بەڵکو تەنیا بەکۆمەڵایەتیکردنێکی (Socialisation) کاتی و کورتخایان بوو. هەروەها ڤیبەر بەشێوەیەکی دیکە ئەو بیرە بەم شێوەیە دەردەبڕێ: لە هەموو سەردەمەکاندا، یەکەی سیاسی گرتبوونەوەیەکی (تجمع -Ver band) پێکهێناوە و لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا نەبێ شێوەی دامەزراوێکی وەرنەگرتووە . بەو پێیە، بۆ تێگەیشتن لە خودی دیاردەی سیاسی، دەبێ سروشتی تایبەتی کۆمەڵەی سیاسی ڕوونکرێتەوە.

چالاکی سیاسی بەوە پێناسەدەکرێ کە یەکەم لە نێو زەوییەکی دیاریکراودا ڕوودەدات. گرنگ نییە سنوورەکە وردکارانە دیاریکرابێ و دەشێ لە گۆڕاندا بێت. بەڵام ناشێ بێ هەبوونی زەوییەک، کە گرتبوونەوەکە جیاکارەدەکات، قسە لە چالاکی سیاسی بکرێ. سەرەنجامی ئەمەش بریتییە لە جیاکردنەوەی جیاکارەی ناوەوە و دەرەوە، جا شێوەی سیستەمی ناوەکی یان شێوەی پەیوەندییە دەرەکییەکان هەرچۆنێک بێت. چونکە ئەو جیاکردنەوەیە پابەندی چەمکی زەوییە. دووەم، ئەوانەی لە نێو سنووری گرتبوونەوەکەدا نیشتەجێن پێڕەوی ڕەفتارێک دەکەن دەربڕی ئەو زەوی و کۆمەڵگایەیە کە پێوەی بەستراون، واتە چالاکیان ملکەچی دەسەڵاتێک دەبێ کە بەدەستوور چەکدارە و لە کاتی پێویستیشدا ملکەچە بۆ زۆرەملێ و بۆ گرنگیی داکۆکیکردن لە تایبەتێتیان. لەهەمان کاتدا، چەندین دەرفەتی تایبەتی بۆ ئەندامەکانی گرتبوونەوەی سیاسی دەرەخسێ، کە بەشێوەیەکی گشتی توانای نوێ بۆ چالاکیان دەداتەدەستەوە.. سێیەم، ئامرازی سیاسەت هێزە، زەبروزەنگیش لە کاتی پێویستدا . بێگومان سیاسەت ئامرازەکانی دیکەش بەکاردێنێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانی، بەڵام لە کاتی سەرنەکەوتنی تەقەلاکانی دیکەدا هێز «دوا بیانو» دەبێ؛ چونکە ئەوە ئامرازی تایبەتیەتی، لەو ڕاڤەکردنانە ئەوە دەردەکەوێ کە بالادەستی لە ناخی مەسەلەی سیاسیدایە و گرتبوونەوەی سیاسی بەر لەهەر شتێک گرتبوونەوەی بالادەستییە.

کەواتە، دەتوانین سیاسەت وا دیاریبکەین کە بریتییە لەو چالاکییەی بانگداشە بۆ مافی بالادەستی دەکات، سەبارەت بەو دەسەڵاتەی لەسەر زەوییەکی دیاریکراو دامەزراوە، لەگەڵ شیاویی بەکارهێنانی هێز یان زەبروزەنگ لەکاتی پێویستدا، بۆ پاراستنی دەستووری ناوەکی و ئەو دەرفەتانەی سەری لێوە هەڵدەدەن یاخود بۆ داکۆکیکردن لە کۆمەڵگا دژ بە مەترسییە دەرەکییەکان. بەکورتی، چالاکی سیاسی لەو گەمەیە پێکدێت کە بەردەوام هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی بالادەستی دامەزرێنێ و پەرەیان پێ بدات و کۆسپ بخاتە بەردەمیان و بیانگوێزێتەوە یان ژێراوژووریان بکات.

بالادەستی دەربڕینێکی هەستپێکراو و ئەزموونگەرانەی پایەدارییە. ڤیبەر پایەداری وا پێناسەدەکات کە بەختی تاکێکی دیاریکراوە بۆ زاڵکردنی ویستی تایبەتی خۆی دژ بە بەرگرییەکان لە نێو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، کەچی بالادەستی وا پێناسەدەکات کە شیمانەی

لووتبـوون بەلووتی کـەسـانێکەوەیە، لە نێـو ئەو پەیوەندییـەدا، کـە ئامـادەن ملکەچبن بۆ ئەو دەستوورەی بۆیان دادەنرێ.(٢) نە ئەمیان و نە ئەویان بەتەنیا تایبەتە بە مەسەلەی سیاسی، لەبەر ئەوەی هەلومـەرج یا پێـداویسـتی دیکەش (ئابووری و پەروەردەکـردن) هەیە مـرۆڤ ناچاردەکەن ویستی خۆی زاڵکات. ئەوەش کـاتێک دەبێـتە سیـاسی کە ویست بە شـێوەیەکی دەربڕاو، بەپێی گـرتبـوونەوەیەکی هـەرێمی، ئاراسـتـەبێت بۆ هێنانەدی ئامـانجێک کـە لە ڕێگەی هەبوونی ئەو گـرتبـوونەوەیەوە نەبێ مـانایەکی نیـیـە. دانانی پایەداری لە خـزمـەتی مـانگرتنێک و لەپێناو بەدەستـهێنانی سوودێکی مـاددیدا (کرێیەکی چاکتر و هەلومـەرجی کاری تر) هیچ سروشـتێکی سیاسی نابێت، مادام ئەو خۆپێشاندانە مەبەستی باڵادەستی نییە بەسـەر سەرتاپای گرتبوونەوەی هەرێمـیـدا، واتە مـادام ڕێز لە دەسـەڵاتی دامـەزراو و دەسـتوورەکان دەگرێ. لە بنچـینەی هـەموو باڵادەستییـەکی سیاسیدا پەیوەندی فرمـانداری و گوێڕایەڵیی بنەڕەتی هەیە. لێرەشـدا بەڕادەی جێبەجێکردنی فرمانەکە کەسی باڵادەست دەسـەڵاتی بەدەستـەوەدەبێ، جا ئەو هۆیانە هەرچییەک بن کـە وا لە ئەندامـەکان دەکـەن گوێڕایەڵبن (ترس، ڕێزگرتن، بەرژەوەندی، ئۆتۆرتۆنیـزم، داب و نەریتـەکـان... هتـد). گـوێڕایەڵیش مـانای ئەوەیە ئەندامـەکـانی یەکـەیەکی سـیـاسی بە جـۆرێک ڕەفتاربکەن وەک ئەوەی ناوەڕۆکی فرماندەرکردن بکەنە پرنسیپی بنچینەیی ڕەفتاری خۆیان، تەنیا لەبەر ئـەوەی ڕواڵەتکارانە دان بە گـرنگیـدا دەنێن، ئەمـە دوور لە بیـروڕای تایبـەتیـان بەرامـبـەر بەسوودی یان بێ سوودی فرماندەرکردنەکە وەک هەیە. فرمانداری بەپێی سروشتی خۆی هۆکاری ڕێکخەری گرتبوونەوەیە و ئیمڕۆ بەگشتی لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی هێزەکانی بنیاتنان کاری پێدەکرێ، لەبەر بوونی بەڕێوەبردن و دامودەزگای زۆرەملی بەردەوام و سیستـەمە عەقڵانیەکان... هتـد. فـرمـانداری وەک توخـمی زامنکەری بەردەوامیی چالاکی سـیاسی وایە. بەڵام ئەمـە تەنیـا دەوڵەتی نوێ جیاکارەدەکات نەک سیاسـەت بەشێوەیەکی گشتی، چونکە گرتبوونەوەی سیاسی هەبووە کە هیچ بەڕێوەبەرایەتیەکی دامەزراوی نەبووە، هەروەها گرتبوونەوەکانی دیکە هـەبوون کە کۆیلە یان کەسانی گرێدراو بە پاشا خۆیەوە فرمانی سیاسیان تێدا زامنکردووە.

پەیوەندیی فرمانداری و گوێڕایەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو باڵادەستییەک لەلایەن ژمارەیەکی کەمەوە، کەمایەتیەک کە بەم یان بەو شێوەیە بیروڕاکانی خۆی دەسەپێنێ، کارپێبکرێ. حوکمی هەموو بۆ هـەموو، تەنانەت حوکمی ژمارەی زۆر بۆ ژمـارەی کەم ،لە ئارادانییە. ڕاستە سیستەمی دیموکراتی دەشێ بەهۆی هەڵبژاردن یان شێوازەکانی دیکەی ڕاوێژپێکردنی زۆرایەتیەوە دەرفەتی لابەلا برەخسێنێ، بەڵام ئەمە ئەوە ڕەتناکاتەوە کە ئەوە کەمایەتیەکی دیاریکراوە بەکردەوە چالاکی سیاسی گشتیی گرتبوونەوە بە پێی بیروڕای خۆی دەسەلێنێ و ئاراستەیدەکات. لێرەوە دەگەینە سەرەنجامی دووەم: هـەتا دامودەزگای باڵادەستی سەرکەوتووبێ لە دابینکردنی بەردەوامی خۆیدا، هەتا ئەو ڕادەیە بێگومان هەوڵدەدات نیـەتەکان و ژمـارەیەک لە ڕەفتـار و بڕیارەکانی بە نـهێنێتی تەواو داپۆشێ. ئەمـە مـەرجێکی پێـویستـە بۆ هـەموو چالاکییـەکی سیاسیی توندتۆڵ و چوست. لەوانەیە جۆر و ژمارەی ئەو کارانەی حکومـەتەکان دەیانشـارنەوە لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و تەنانەت لە حکومەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازبێ، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک باڵادەستییەک نییە هەندێ مەسەلەی بنچینەیی نەشارێتەوە.

## شکۆداری و چەمکەکانی دیکە

بەگشتی ئەو پایەدارییـەی گـرتبـوونەوەیەکی سیـاسی، تەنانەت لای ئەندامـەکـانی خـۆیشی، کارپێدەکات هاوشان دەبێ لەگەڵ هەستکردن بە شانازی و فیز ، ئەمەش زۆرجار و بەپێی بارەکان سروشتێکی فریودەرانە وەردەگرێ. هەندێ لە یەکە سیاسییەکان، نەتەوە بچووکەکانیش بەگشتی،

وەک سویسرا و نەرویج، تەنیا بایەخێکی سەربەخۆیانەی ڕووت دەدەنە ئەو هەستکردن بە شانازییە، ئەگەرچی بە توندیش دەریان بڕیبێ، چونکە تەنیا بەپەرۆشن بۆ سەربەخۆیی خۆی و نموونەیی دامەزراوەکانیان، یان سادەتر بڵێین بەپەرۆشن بۆ مێژووی خۆی. هەروەها دەشێ لووتبەرزی سیاسی لە گەمەی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا دووپاتبێتەوە و هەڵوێستی مەزنی سەربڵند و ئەو عیزەت و پایەدارییە وەرگرێ کە وڵاتێکی دیاریکراوی دنیا کارپێدەکات: ئەو کاتە دەبێتە ویست بۆ شکۆداری. ئەم چەمکەی دوایی بەلای ڤیبەرەوە بنچینەییە ، چونکە ژمارەیەکی دیاریکراوی بنەما سیاسییەکان ڕووندەکاتەوە، وەک بنەمای «زلهێز» یان نەتەوە یاخود ئیمپریالیزم. بێگومان ئەوە خواستی ناماقووڵ لەخۆدەگرێ، بەڵام بێ ئەوە سەخت دەبێ لە هەندێ پەیوەندی نێونەتەوەیی یان کۆلۆنیالیزم تێبگەین. کەواتە وا دەردەکەوێ شکۆداری توخمێکی دینامیکییە بۆ سیاسەت. هەر هێزێکی سیاسی لە ڕووی پرنسیپییەوە خوازیاری «شیمانەیی» شکۆدارییە، جا لەبەر بوونی پێشبڕکێ و دوژمنایەتی نێوان یەکە سیاسییەکان (لەبەر هەر هۆیەک بێ: بازرگانی و بیری و ئەوانی دیکە)، شتێکی سروشتی دەبێت هەریەکێک لەوانە کۆشش بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی مێژوویی وا ببینێ کە شانازی پێوە بکات، یان داکۆکی لە چارەسەرێک بکات کە بەلایەوە لەو چارەسەرانە باشترە کە وڵاتەکانی دیکە پێشکەشیاندەکەن. خواستی کارکردنە سەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، جا بە نیازی پێوەلکاندن بێ یان دەستدرێژیکردن یاخود بڵاوکردنەوەی ئاشتی، هەبوونی خواستی شکۆداری دووپاتدەکاتەوە. شتێکی ڕوونیشە کە لەم بارودۆخەدا «زلهێزەکان»ی لە ڕۆژگاری ئیمرۆدا ئاشتی و شەڕیان لەسەر دەست دەگەڕێ؛ زیاتر لە هێزەکانی دیکە بەو هەستە دەبزوێن. بێگومان دەبێ پێ لەسەر توانستە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتانە داگرین، بەڵام بەبێ «جاڕدانی» تایبەتی بۆ شکۆداری، واتە کاتێک بایەخ بەو ڕۆڵە نادەین کە دەیەوێ بیگێڕێ، ئەوا هاندەری زۆربەی دەستپێشکەرییەکانی بەلامانەوە نادیاردەبێ. لێرەشدا گۆڕانکاریی سیستەمەکان ناتوانن ئەم هەڵوێستە بنچینەییە بگۆڕن. هەروەها ڕاستە دەبێ ئابووری بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئیمپریالیزم بزانین، بەڵام ڤیبەر بەپێچەوانەی بیروا باوەکانەوە، بەتایبەتی لەنێو ناوەندە مارکسیستەکاندا، لایەنداریی ئابووری ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئیمپریالیزم تارادەیەکی زۆر دەربڕی خواستیشە بۆ شکۆداری. لەوانەیە ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی سروشتێکی دەرەبەگایەتین کەمتر مەیلی ئەم فۆرمەی دەربڕینی سیاسیان هەبێت. لەبەرامبەر ئەمە، هەتا وڵاتە سۆشیالیستیەکان تەنیا شێوازێکی تایبەتی دەوڵەتی نوێ بن، ئەوا زیاتر ئەوانیش ڕەوتی ئیمپریالیستانە دەگرنەبەر. لە واقیعدا نازانین ئەو هۆیە چییە وا لەم دەوڵەتانە دەکات هەڵوێستیان بەرامبەر دەوڵەتە لاوازەکان جیاوازبێت لەگەڵ هەڵوێستی ئەو زلهێزانەدا کە دەیانناسین. سەرەڕای ئەوە، سۆشیالیزم، لەبەر ڕەوتی ئینتەرناسیۆنالیستانەی، وەک بیرێکی دەستدرێژکەر خۆی دەنوێنێ کە خوازیاری بڵاوبوونەوەیە لەنێو گەورەترین بازنەی سیاسیدا.

لە زمانی ئاساییدا، ئیمرۆ دەوڵەتی نەتەوەیی هەمان ئەو واتەیەی هەیە کە دەوڵەت خۆی هەیەتی. بەڵام ئەی نەتەوە چییە؟ ئایا نەتەوە واقیعێکی ئیتنیکییە لەسەر پەیوەندیی ڕەگەزی دامەزراوە؟ ئەم پێناسەیە بەدەگمەن لەگەڵ واقیعدا تەبایە، چونکە نموونەی زۆر هەیە، لەوانە بۆ نموونە ئەلزاس (ئەو کاتەدا لکێندرا بە ئەڵمانیاوە کە ڤیبەر «ئابووری و کۆمەڵگا»ی دەنووسی)، ئەو چەمکە ڕەتدەکاتەوە. بەکردەوە ئەوە بەدیدەکرێ کە ئیلزاسییەکان، بەو پێیەی بەشداریانکردووە لە چارەنووسی مێژوویی شۆڕشی فەرەنسیدا و دەستیان هەبووە لە هەڵوەشانەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، زیاتر لە فەرەنسییەکانەوە نزیکن تاوەکو ئینتمابوونیان بۆ ڕەگەزی جێرمانی. هەروەها پێوانەی پێوەندی زمانەوانی یان تایەفەگەری بڕیاردەرنییە. چونکە نەتەوە بەر لە هەموو شتێک دەربڕی هێزێکە کە لەسەر «جاڕدان» بۆ شکۆداری ڕاوەستاوە. نەتەوە چەمکێکی پیلانگێڕانە نییە، نە لە ڕووی سیاسییەوە و نە لە ڕووی تێڕامانەوە (چونکە هەستی نەتەوایەتی

بەهەمان شێوە لای ئینگلیزەکان، رووسەکان، ئەڵمانەکان یان فەرەنسییەکان خۆی دووپات ناکاتەوە)، لەم رووەوە دەتوانین لە بیری تایبەت بە هەر نەتەوەیەک وردبینەوە. جا لەبەر ئەوەی شکۆداری بنچینەی نەتەوەیە، کەواتە نەتەوە واقیعێکی سۆزکارانەیە و ئینتیمای هەیە بۆ بازنەی قەبڵاندنەکان و باوەر. لەم بارەدا، شیمانەی بەهێز لەئارادان بۆ ئەوەی ئەم رەوتە نەتەوەییە وەک توخمێکی سیاسی بریاردەر بمێنێتەوە، بەتایبەتی کە شکۆداری هێز و شکۆداری رۆشنبیری هەمیشە هاوشانی یەکن، ئەگەرچی ناتوانین ئەوە دووپاتکەینەوە کە ئەم تەباییە بەسوودە بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری.

وێرای بەرنامەی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازی هەندێ لە حیزبەکان، حیزبەکانیش رێکخراوی پایەدارخوازن. ڤیبەر وا پێناسەیان دەکات کە ئەو بەکۆمەڵایەتیکردنانەن کە بنچینەیان ملکەچکردنی ئازادانەی (رواڵەتکارانە) ژمارەیەک تاکە لەپێناو بەخشینی پایەداری بە سەرکردەکانی نێو گرتبوونەوەیەکی سیاسیی دیاریکراو و بەخشینی دەرفەتی خەیاڵپلاوانە یان هەستکارانە بە حیزبیەکان بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو یان بەدەستهێنانی دەستکەوتی کەسێتی. بە پێچەوانەی چینە کۆمەڵایەتیەکان، حیزبەکان هەمیشە بەکۆمەڵایەتیکردنەکانن، چونکە ئامانجێکی روونیان هەیە، وەک هێنانەدی بەرنامەیەکی دیاریکراو یان کۆششکردن بۆ دەستکەوتەکان. کەواتە حیزبەکان دامودەزگا یان دامەزراوێک پێکدێنن کە لەسەر پایەداری دامەزراون و تەرخانکراون بۆ بەدەستهێنانی بەهۆی ئەو باڵادەستییەوە کە دەیەوێ کاری پێبکات. بەگشتی، بنەمای ناوەکی حیزبەکانیش پشت بە پرنسیپەکانی باڵادەستی دەبەستێ. لەم شیکردنەوەیەوە دەتوانین حیزبەکان وردکارانە جیابکەینەوە (ڤیبەر تەنیا بە هێڵکارییەکیەکی گشتییەوە وەستا)، بەو پێیەی حیزبی بەردەوام یان کاتی پێکدەهێنن، بەو پێیەی پێکهاتەی چاوەدێرکردن یا چینایەتی یان ئایدیۆلۆژی پێکدەهێنن، یاخود بەو پێیەی بنەمای یاسایی، تەقلیدی و کاریزمیان هەیە. ئەو لێرەدا بەتایبەتی گرنگی ئەو لایەنگیرانەی ئەدەب و زانست و هونەرەکان دووپاتدەکاتەوە کە مەیلی پشتگوێخستنیانمان هەیە. بەپێچەوانەی ئەو گومانەی لە گۆڕێیە، حیزبە چینایەتیە ئایدیۆلۆژییە رووتەکان، وەک حیزبی سۆشیالیستی ئەڵمانی کە لەلایەن پۆل سینجرەوە بارەی پێدەدرێ یان حیزبە رووسییە شۆرشگێرەکان، چاوەدێریکردنی ئەدەب و زانست و هونەرەکان رەتناکەنەوە. وێرای ئەم رووە دارایيە، پێویستە سۆسیۆلۆژیا بایەخی خۆی لەوەدا گرتکاتەوە کە حیزبەکان رێکخراوی خەباتکارین و چالاکیان بۆ پێشبرکێکردن لەسەر دەسەڵات هەتا رادەیەکی زۆر لەسەر پایەی ئەو سەرکردەیە راوەستاوە کە رابەرایەتیان دەکات. تەنانەت دەشێ ناکۆکی هەبێت لەنێوان رواڵەتەکانی دیموکراتیەتی ناوەکی حیزبێکی دیاریکراو و دڵسۆزی حیزبیەکاندا بۆ ئەو کەسەی لە دەستگرتنە سەر حیزبدا سەرکەوتن بەدەستدێنێ. بەگشتی ئەو رێکخراوانەی تەنیا رێکخراون بۆ چاوەدێریکردنی بەرژەوەندییە مادییەکان لە حیزبە ئایدیۆلۆژییەکان زیاتر دوژمنایەتی بەرامبەر کاریزمای سەرکردە دەردەبرن.

لەکاتێکدا ڤیبەر «ئابووری و کۆمەڵگا»ی دەنووسی، ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەستانە لە رێگەی زانستی بەناو ئەنترۆپۆلۆژیاوە (مرۆڤناسی) دەستیکرد بە بڵاوبوونەوە. ڤیبەر لە ساڵی ١٩١٠وە، لە کاتی ئەو کۆنگرەیەوە کە «کۆمەڵەی کۆمەڵناسیی ئەڵمان» ریکیخست، هەڵوێستێکی روونی دژی ئەو بزووتنەوەیە وەرگرتووە و ئەوەی دەرخستووە کە چەمکی رەگەز ئاڵۆزە و تا ئێستا جیاکارە نەکراوە، بۆیە مەحاڵە بەزانستیانە بەکاریهێنین و تەنیا بەشێوەی قەبڵاندن بەکاردەبرێ. بەو جۆرە، دەستەواژەی وەک «هێزی کۆمەڵگا گرێدراوە بە هێزی رەگەزەوە»، «رەگەز بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدەنگەوەهاتنی دەبێ» یان تەنانەت «یەکگرتنی رەگەز» چەند دەستەواژەیەکن کە لە رووی سۆسیۆلۆژی رووتەوە هیچ مانایەکیان نییە.

لە «ئابووری و کۆمەڵگا»دا تەواو لە روویەکی دیکەوە مەسەلەکە دەردەبردرێ، چونکە ماکس

ڤیبەر زیاتر بایەخ بەلایەنی ئیتنیکی مەسەلەکە دەدات تاوەکو لایەنی ئەنترۆپۆلۆژی. لەبەر ئەوەی کاری سۆسیۆلۆژیای سیاسی، ئەگەر خوازیاری لایەنگیری زانست بوو، ئەوە نییە حوکمە قەبڵینراوەکان دەربڕێ یان بیروڕایەکی سیاسی تاوانباربکات، بەڵکو ئەوەیە لە دەرفەتە سیاسییەکان و ئەو حوکمە قەبڵێنراوانە بکات کە سیاسەتمەداران و گرتبوونەوە سیاسییەکان بەدەستیەوە دەگرن. کەواتە مەسەلەکە دانهێنانێکە بەوەدا کە ئایدیۆلۆژییەتی ڕەگەزپەرستانە لە توانایدایە ڕۆڵی دیاردەیەکی پایەداری بگێڕێ. بێگومان نابێ بایۆلۆژیا (زیندەوەرزانی)، هەروەها ئابووری و دەروونناسی و ئایین، بە بنچینەی سۆسیۆلۆژیای سیاسی دابنرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ حیزب و پێکهاتەی سیاسی ڕەگەز بە بنچینەی ئایدیۆلۆژی کاری خۆیان دادەنێن، ئەوا دەبێ سۆسیۆلۆژیای سیاسی ڕەچاوی ئەوە بکات. ئەگەر لە نزیکەوە لە مەسەلەکان وردبووینەوە، ڕەچاوی ئەوە دەکەین چەمکی ڕەگەزپەرستانە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، خودی و نێگەتیڤانەیە، لەبەر ئەوەی بێ هۆیەکی قبوولکراو، زاڵبوونی ڕەگەز دووپاتدەکاتەوە و دەبێتە هۆی جیاکارەکردنێک کە لەسەر سوکایەتی پێکردن و خەیاڵپلاوی دامەزراوە. لەسەروو ئەمەوە، هەموو سەرەنجامە لاوازەکانی زانستی ڕەگەزەکان بەدەستیهێناون شیاوی مشتومڕ لەسەر کردنن. سەرباری هەموو شتێک، ڕەگەزپەرستی وەک هۆکارێکی دەستنیشانکەری پایەداری و ئینجا شکۆداری دەمێنێتەوە، بەتایبەتی کە چەمکی نەتەوە بیرە ئیتنیکیەکانیش لەخۆ دەگرێ. تەنانەت ئەگەر پێوانەیەکیش بۆ پێناسەکردنیان پێک نەهێنێ. لەم ڕوانگەیەوە چەمکی ڕەگەز، بەو ڕادەیەی بتوانێ سەرکەوتووبێت لە باوەڕهێنان بەوەی ژیانی هاوبەش لە نێو سنوورێکی دیاریکراودا لەسەر بنچینەی پەیوەندی ڕەگەزی دادەمەزرێ، ڕۆڵێکی سیاسی بڕیاردەر دەبینێ یان دەشێ ببینێ.

بەدرێژایی لاپەڕەکان ڤیبەر چەندین چەمکی سیاسی دیکەی لە ژمارەنەهاتوو باسدەکات، بێ ئەوی تیایاندا قووڵبێتەوە و هەندێ جاریش بێ ئەوەی تەنانەت بەشیکردنەوەیەکی خێرا بەسەریان بکاتەوە. ئەو بەتۆزێک فراوانتر پێ لەسەر چەمکی هاوبەشێتی دەسەڵات (المجمعیە -Collegial-ite) دادەگرێ بێ ئەوەی بیروڕای نوێی وا بداتە دەستەوە کە جیاوازبێ لەوەی لە دانراوەکانی تایبەت بەتیۆری دەوڵەتدا هاتووە. بەهەمان شێوە دەربارەی چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یان چەمکی نوێنەرایەتی، بێجگە لەوەی ئەو هەوڵدەدات وردکارییەکی زیاتر بداتە نموونەییبوون، کۆششی سەرەکی سۆسیۆلۆژیای سیاسی ئاراستەی ڕوویەکی تایبەتی باڵادەستی کراوە، ئەویش ڕەوایەتیە، بەتایبەتی جۆرەکانی ڕەوایەتی، واتە شێوە جۆربەجۆرە شیاوەکان بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان فەرمانداری و گوێڕایەڵی.

## سێ جۆرەکەی ڕەوایەتی

باڵادەستی تەنیا بە گوێڕایەڵییەوە ناوەستێ، کە جگە لە ملکەچی دەرەکی بە مەبەستی ژێربێژی یان هەلپەرستی یاخود ڕێزگرتن شتێکی دیکە نییە، بەڵکو کۆشش بۆ ئەوەش دەکات باوەڕ بە ڕەوابوونی خۆی لای ئەندامەکان بوروژێنێ، واتە گۆڕینی دیسپلین بە ڕازیبوون لەسەر ئەو حەقیقەتەی نوێنەریەتی. بەلای ڤیبەرەوە سێ جۆر باڵادەستیی ڕەوا لە ئارادایە: یەکەم/ باڵادەستیی یاسایی کە سروشتێکی عەقڵانی هەیە و بنچینەکەی بڕوابوونە بە ڕاستیی یاسایی ئەو دەستوورانەی بە عەقڵانیانە دانراون و بە ڕەوایەتی سەرکردە پەیوەندیدارەکان بەپێی یاسا. دووەم/ ئەوەی پێی دەوترێ باڵادەستیی تەقلیدی و دامەزراوە لەسەر بڕوابوون بە پیرۆزیی ئەو نەریتانەی جێبەجێکردنیان چاودێریدەکرێ و بڕوابوون بە ڕەوایەتی ئەوانەی بەپێی نەریت بانگکراون بۆ دەسەڵات. سێیەم/ ئەوەی بە باڵادەستیی کاریزمی ناویدەبات و لەسەر پشتبەستنی ئەندامان بە گرنگیی کەسێتی کەسێک دادەمەزرێ کە بە پیرۆزی و پاڵەوانی و نموونەیی

جیاکارەدەکرێ. باڵادەستیی یاسایی ناکەسێتیترینیانە، لەکاتێکدا ئەوەی دووەم لەسەر خۆپاراستن لە خراپە دادەمەزرێ و سێیەمیش سروشتێکی ڕیزپەڕانەی هەیە. لەسەرەتاوە قیبەر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە مەسەلەکە تایبەتە بە مۆدێلی نموونەیی، کەواتە تایبەتە بەو شێوانەی هیچ کاتێک لە واقیعی مێژوویدا بە بارە پاکەکەی تووشیان نابین - یان بەدەگمەن تووشیان دەبین، چونکە باڵادەستیی کاریزمی تەواو داماڵراو نییە لە باڵادەستیی یاسایی و لەبەر ئەوەی تەقلید هەندێ ڕواڵەتی کاریزمی و تەنانەت بیرۆکراتیش لەخۆ دەگرێ.

باڵادەستیی یاسایی بەم خەسڵەتانە جیاکارەدەکرێ: هەموو یاسایەک، جا بە ڕێکەوتن دانرێ یاخود بەخشراو بێت، بەپێی تەقەلای عەقڵانی مەبەستدار یان بەهادار یاخود هەردووکیان پێکەوە لەباردەبێ. سەرجەمی دەستوورە یاساییەکانیش یەکەیەکی ڕوونکراوەیە لە دەستووری تەکنیکی یان دیسپلینەکان. دادوەریش لەسەر جێبەجێکردنی دەستوورە گشتییەکان بەسەر بارە تایبەتیەکاندا دادەمەزرێ، لەکاتێکدا ئامانجی بەڕێوەبردن پاراستنی بەرژەوەندییەکانە لەسنووری دەستوورە یاساییەکاندا و بەهۆی ئەو دامودەزگایانەوە کە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون. سەرکردەی یاسایی یان دەسەڵاتە باڵاکان، لەوانە سەرۆکی کۆماری هەڵبژێردراو، پێویستە ڕێزی مەسەلەی یاسای ناکەسێتی بگرێ و چالاکیەکانی خۆی بەپێی ئەو ئاراستەبکات. ئەندامەکانی گرتبوونەوەکە گوێڕایەڵی هیچ نین جگە لە یاسا: چونکە ئەوان هاونیشتمانین. ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان ناچاری سەردانەواندن نین، بەو مەرجانە نەبێ کە یاسا دایناون. لەکۆتاییدا، باڵادەستیی یاسایی پشت بە کاری بەردەوامی ئەو کارە حکومیانە دەبەستێ کە بەهۆی یاساوە هێنراونەتە ئاراوە و دابەشکراون بەسەر دەسەڵاتی جیاکارەدا. جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە لەژمارە نەهاتووانە پێویستی بە جەستەیەکی فەرمانبەری لێهاتوو هەیە کە خاوەنی پایەکانی خۆیان و ئامرازەکانی بەڕێوەبردن نین. لەبەرامبەر ئەوەش یاسایاک هەیە کە لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیاندا دەیانپارێزێ. لێپرسینەوە بەڕێوەبەرییەکان لەسەر پرنسیپی ئەو بەڵگەنامە و فایلانە دادەمەزرێن کە دەبێ بپارێزرێن: چونکە هەموو بڕیار و یاسا و فرمانە ڕەسمییەکان نووسراونەوە. بیرۆکراتیەتیش نمونەییترین شێوەی باڵادەستیی یاساییە.

لەباری باڵادەستیی تەقلیدیدا دەسەڵات مافی سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی دانیشتوانی وڵاتێک نییە، بەڵکو مافی کەسێکە بەپێی نەریتی باو بانگکراوە بۆ دەسەڵات ( نۆیەرەبوون، بەتەمەنترین ئەندامی خێزانەکە... هتد). کەواتە ئەو بەشێوەیەکی کەسێتی حوکم دەکات و بەو جۆرەی گوێڕایەڵی ئاراستەی کەسی ئەو دەگرێ و دەبێتە کارێکی خۆپارێزانە. حوکمکراوەکان هاونیشتمانی نین، بەڵکو هاوتان (لەو بارەدا کە شێخەکان حوکمدەکەن) یان دەست و پێوەندن و ملکەچی یاسایەکی ناکەسێتی نین، بەڵکو ملکەچی بریارێکن کە بەپێی مافی تایبەتی خاوەنشکۆ ڕەوایەتی پێدراوە. بەپێی زەوقی ئەمەی دوایی دەشێ مرۆڤ پشتگیری بکرێ یان ڕقی لێ هەڵگیرێ. بەگشتی سەرکردەی تەقلیدی بەپێی دەستوورەکانی داوەریی ئاکاری و خێرخوازی باو یان هەلپەرستیی کەسێتی دەجووڵێتەوە نەک بەپێی پرنسیپی نەگۆڕ و ڕوون. وێڕای ئەوە، تەقلید هاوشێوەی زۆرلێکردنی ڕووت نییە، چونکە ئەگەر خاوەنشکۆ سەپێچیکرد ئەوا مەترسی وروژاندنی بەرگرییەک دەخاتەوە کە بێگومان دژی ڕژێم نییە، بەڵکو دژی کەسی خاوەنشکۆ و دەست و پێوەندەکانیەتی. بێگومان لەم بارەدا دەرفەتی دامەزراندنی یاسایەکی نوێ لەگۆڕێ نییە: لەکاتی سەرهەڵدانی گیروگرفتی دیاریکراودا، پشت بە ژیربێژی و لێکدانەوەی پێشینە و دەستوورە پێشینەکان دەبەسترێ.

ئەو کەسانەی یاریدەدەری سەرۆکی تەقلیدین فەرمانبەرنین، بەڵکو خزمەتکاری لەشکرکێشیکراون بەپێی بارودۆخەکان: کۆیلەکان، ئازادکراوەکان، لایەنگیرەکان، ئەندامەکانی خێزانەکە و ڕاڕاکان یان ئەو بەرژەوەندخوازانەن کە بەهۆی سامانەکەیانەوە لوتفی خاوەنشکۆ و

کەسە نزیکەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. مێژوو فۆڕمی هەمەجۆر دەداتە دەستەوە. ئەوەی لەمجۆرە بەڕێوەبردنەدا پیوارە، دەسەلاتی چاودێریکردنە بەپێی پێوانەی دیاریکراو، ئامادەکردنی پسپۆڕانەیە، زنجیرەیی عەقلانی پشت بەستووە بە پلە بەرزکردنەوەی ڕێکوپێک و زۆرجاریش پاداشتی دارایی، چونکە یاریدەدەرانی خاوەنشکۆ لە دەوری سفرەکەی دادەنیشن و بەپێی بارودۆخەکانیش هەمەجۆر قەرەبوودەکرێنەوە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە پلەوپایەی کارەکان شیاوی کڕین و فرۆشتن. کەواتە چەندین جۆری بالادەستیی تەقلیدی لە گۆڕێیە، سەرەتاییترینیان حوکمی شێخەکانە کە دەسەلات بەپێی نەریت دەدرێتە بەسالاچووترین کەس و ڕژێمی باوکسالاری کە دەسەلات بە بۆماوە لەنێو خێزانێکی دیاریکراودا دەبێ. ئەوەی ئەم دوو جۆرە جیاکارەدەکات، پیواری هەموو بەڕێوەبردنێکی ڕێکوپێک و تەنانەت کەسێتیە. وێڕای ئەوە حوکمکراوەکان هاوتان نەک دەست و پێوەند. بەلام باری دوو جۆرەکەی دیکە: «ڕژێمی میراتی» و «ڕژێمی سەلتەنەتی»، کە زۆر باون، جیاوازە. با باری ئەمەی دوایی وەرگرین کە حوکمکراوەکان تیایدا دەست و پێوەندن و خاوەنشکۆ پاسەوانی تایبەتی هەیە و بەهۆی داروودەستەکەیەوە حوکمدەکات. لە شوێنێکی دیکەدا دەگەڕێینەوە سەر ڕژێمی میراتی، کە ڤیبەر بە جیاکارەترین نموونەی بالادەستیی تەقلیدی دادەنێ، وەک مەسەلەی بیرۆکراتیەت لە بالادەستیی یاساییدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی میراتی ئەو فۆڕمەیە کە لە فۆڕمەکانی دیکە زیاتر ناسراوە و زۆربەی پاشایەتیە کۆنەکانی ئەوروپا لەم جۆرەن.

بالادەستیی کاریزمی نموونەی ڕێزبەڕی پایەداری سیاسییە، نەک لەبەر ئەوەی بەدەگمەن هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەریتەکانی ژیانی سیاسیی باو دەگۆڕێ. ڤیبەر بەمجۆرە پێناسەی کاریزما(ووتەیەکە لە ڕودۆلف سوهم وەرگیراوە) دەکات: ( سیفەتی ناوێزەی کەسێکە کە توانستێکی سەروسروشتی و سەروەرۆڤی یان بەلای کەمەوە نائاسایی نیشاندەدات، بەو جۆرەی وەک بوونەوەرێکی ئاسمانی، ئایدیالیستانە یان ڕیزپەڕ دەرکەوێت و لەبەر ئەم هۆیەش دەستوپێوەند یان لایەنگیر لە دەوری کۆدەبنەوە. ڕەفتاری کاریزمی تەنیا لە چالاکیی سیاسیدا نییە، چونکە دەشێ لە کایەکانی دیکەشدا بەدیبکرێ، وەک ئایین و هونەر و ئاکار و تەنانەت ئابووریش، بەلام یەکێک لە نیشانەکانی کاریزما، بەلای ڤیبەرەوە، ئەوەیە ئەگەر دوژمنایەتی گەمەی ئابووریی ئاساییش نەکات ئەوا دەبێ لە دەرەوەی بێت. لە سیاسەتدا ئەم بالادەستییە چەندین ڕووی هەیە: ڕووی دیماگۆگی، دیکتاتۆری کۆمەلایەتی، پالەوانی کۆمەلایەتی یان شۆڕشگێڕانە.

هەموو بالادەستییەکی کاریزمی پشت بەستنی خەلک بەو سەرکردەیە لەخۆدەگرێ کە پێی وایە بانگکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی فرمانێک. کەواتە ئەو سۆزناکارە نەک عەقلانی، چونکە هێزی ئەمجۆرە چالاکییە بەگشتی لەسەر باوەڕ کە زۆرجار کوێرانە و دەمارگیرانەیە وە ئیمان، بەنەبوونی هیچ چاودێریکردن و ڕەخنەیەک لە زۆربەی کاتەکاندا، ڕادەوەستێ. کاریزما ڕاوەستاندنی بەردەوامییە، جا یاسایی بێت یاخود تەقلیدی، دامەزراوەکان دادەڕمێنێ و چاو بە سیستەمی چەسپیوی دامەزراوەکان و زۆربۆهێنانی ئاساییدا دەخشێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێڕەوێکی دیکەی تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان خەلک دەربڕێ. کەواتە لە هەمان کاتدا داڕمان و بنیاتنانە . سنوور و پرنسیپەکان ئەوانەن کە سەرکردە بێ ڕاوێژکردن بەکەس و بەپێی ئەو خواستانەی پێی وایە خۆی بانگەوازەکەیەتی دیاریاندەکات.

بەو جۆرە، ئەو سەرکردەیە ڕەوایەتی خۆی لە ناخی خۆیەوە، دوور لە هەموو پێوانەیەکی دەرەکی، بەدەستدێنێ، ئەمە لەگەڵ بوونی شیمانەی تڕۆکردن و لابردنی ئەو لایەنگیرانەی ڕازی نین ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر کە ئەو بەتەنیا ئاڕاستەکەی دیاریکردووە. کاریگەریی سەرکردەی کاریزمی مەزنە، تا ئەو ڕادەیەی خۆی دەخاتە دەرەوەی گرتبوونەوەی سیاسی و ڕقی لە دەسەلاتی دامەزراو دەبێتەوە و بەهۆی هەڵنانی ڕواڵەتەکانی ژیانی ناعەقلانیەوە خەلک لە ڕۆتین و بێزاری ژیانی ڕۆژانە دادەماڵێت. کەواتە هەموو سیاسەتێکی کاریزمی سەرچڵییە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی جەربەزەیی بە

ژێرکەوتن دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەمیشە ناچارە جوامێریی نوێ بەدەستبهێنێتەوە و هاندەری دیکە بداتە دەستەوە بۆ دووپاتکردنەوەی هێزی خۆی. بەو جۆرە بەئاسانی تێدەگەین ئەمجۆرە دەسەڵاتە تەواو ناکۆکە لەگەڵ باڵادەستیی یاسایی و تەقلیدیدا کە هەردووکیان، لەبەر پێویستیی ڕێزگرتنی یاسا یان نەریت و پێویستیی چاودێریکردنی دامودەزگا دامەزراوەکانی سانسۆرکردن یان مافی تایبەتی پایە و چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، جۆرێک لە کۆنترۆڵ لەخۆدەگرن. لە ڕووی مەبدەئیەوە، سەرکردەی کاریزمی سنوورێک بۆ خۆی نابینێتەوە، بەلای کەمەوە مادام لایەنگیری دڵسۆزی هەیە و ژمارەیان بەردەوام لە زۆربووندایە، چونکە ئەگەر لەخەون بینین بکەوێ، ئەوا گومان دەکەوێتە دەروونی ئەوانەوە کە دوایکەوتوون.

کەواتە، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم باڵادەستییەدا، سەختە قسە لەسەر یاسا بکەین، لەبەر ئەوەی دان بە دامەزراوەکان و دەستوورەکان و نەریتەکان و پێشینەکاندا نانێ. چونکە سروشتی ڕیزپەڕیی ڕێگەی پێ نادات. ئەو خۆی کۆنترۆڵکەری خودی خۆیەتی، قسەی سەرکردەش وەک ئەو ئەرک و فرمانە وایە کە دەبێ ڕاپەڕێنرێ و وەک هاندەری چاودێریکردنە. هەروەها ئەو خزمەتکار و فەرمانبەر ناناسێ، بەڵکو تەنیا پەیامبەر و لایەنگیر یان دەستوپێوەند. ڕواڵەتی زۆرجار پەشۆکاو و شڵەژاو و هەروەهاسەرنجڕاکێش و هەندێ جار کاریگەریش، کە دەستپێشکەرییە بەڕێوەبەرییەکانی سەرکردەی کاریزمی گەیشتووە کورسی دەسەڵات بەخۆوەی دەگرن، لێرەوە سەرچاوەهەڵدەگرێ.لەم بارەدا ئارامی گرنگ نییە، بەڵکو جوڵان و تەنانەت پشێوی، هاوڕێنەی ئەو سەرکردەیەی بەرجەستەکراوی ئایدیایەکە نەک یاسا یان سیستەمێک. چەمکی کاریزمی هەموو نوێنەرایەتیەک (بەواتا سیاسیەکەی) ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو لەهەموو چرکەساتێکدا هەموو شتێکە کە هەیە، یان ڤیبەر وتەنی «جەژنی دەرکەوتنی» خودی خۆیەتی.

## بیرۆکراتیەت، سیستەمی میراتی و گیروگرفتەکانی کاریزما

وەک بینیمان، بیرۆکراتیەت نموونەییترین چەشنی باڵادەستیی یاساییە و لەسەر ئەم پرنسیپانەی لای خوارەوە دادەمەزرێ: ١) هەبوونی فەرمانگەی دیاریکراو و ئینجا بواری پسپۆڕی وردکارانە دیاریکراو لەلایەن یاسا و دەستوورەکانەوە بەجۆرێ کارەکان بە ڕوونی دابەشکراو و بڵاوکراوەبێتنەوە، هەروەها دەسەڵاتی بڕیاردەرانەش لە ئارادابێ بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارانە؛ ٢) پاراستنی فەرمانبەرەکان لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا بەپێی یاسایەکی تایبەتی (بۆ نموونە نەتوانرێ جێگۆڕکێ بە داوەرەکان بکرێ)؛ بەشێوەیەکی گشتی وەک ڕێکدەکەوێ مرۆڤ هەتا کاتی مردن فەرمانبەربێت، بەو پێیە خزمەتکردنی دەوڵەت پیشەیەکی سەرەکییە نەک کارێکی لاوەکی شان بەشانی پیشەیەکی دیکە؛ ٣) هەرەمیەتی پلە و پایەکان، واتە دامودەزگای بەڕێوەبردن بنیاتێکی بەهێزی هەیە و پێکهاتووە لە فەرمانگە لاوەکیەکان و ناوەندە سەرکردایەتیەکان، لەگەڵ شیاوی نارەزایی دەربڕینی دەسەڵاتە نزمەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتی باڵا، ئەم بنیاتە بەگشتی بنیاتێکی سەڵتە زەلامییە نەک بەکۆمەڵ، کە ئارەزووی ئەوەیە گەورەترین بڕی ناوەندێتی بەدەستبهێنێ؛ ٤) فەرمانبەرەکان بەپێی پێشبرکێ و تاقیکردنەوە و خوێندننامە هەڵدەبژێردرێن، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنێکی پسپۆڕانەی هەڵبژێردراوەکان هەیە. بەگشتی فەرمانبەرەکان بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانە و بەڵێنێکی بڕیارلەسەردراو دادەمەزرێنرێن (بەدەگمەن هەڵدەبژێردرێن)؛ ٥) پاداشتی ڕێکوپێکی فەرمانبەر بەشێوەی موچەی دیارکراو و تەقاوتی مانگانە لەکاتی جێهێشتنی خزمەتی دەوڵەتدا. مانگانە بەپێی پلە ناوەکیەکانی بەڕێوەبردن و گرنگیی بەرپرسیارییەکان دەبێت؛ ٦) مافی هەر یەکێ لەو دەسەڵاتانەیە لەکاتی پێویستدا، بەهۆی سزادانی دەستەیەکی چاوەدێریکردنەوە، سەرپەرشتی کاری فەرمانبەرەکانی بکات؛ ٧) شیانی

بەرزکردنەوەی پایەی فەرمانبەرەکان لەسەر بنچینەی پێوانەی بابەتی نەک بەگوێرەی قەبڵاندنی دەسەڵات لەئارادایە؛ ٨) جیاکردنەوەی تەواوەتی کارمەکە و ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێ، چونکە هیچ فەرمانبەرێک ناتوانێ خاوەنداری پلەوپایەکەی یان ئامرازەکانی بەڕێوەبردن بێت.

بێگومان ئەم باسکردنە تەنیا بۆ نموونەی دەوڵەتی نوێ شیاوە، چونکە دیاردەی بیرۆکراتیەت کۆنترە لەو جۆرە دەوڵەتە و دەشێ لە میسری کۆن، سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی - بەتایبەتی لە ڕۆژگاری دیۆکلیسەوە، کڵێسەی ڕۆمانی - بەتایبەتی لە سەدەی پانزەیەمەوە، لە چین لە ڕۆژگاری شی هوانگ تی یەوە بیدۆزینەوە. بیرۆکراتیەتی نوێ لەژێر باڵی ئیستیبدایەتی پاشایەتیدا و لە بەرەبەیانی سەردەمی نوێوە سەریهەڵداوە. بیرۆکراتیە کۆنەکان لە بنچینەدا سروشتێکی میراتیان هەبوو، واتە فەرمانبەرەکان تیایاندا هەمان ئەو مسۆگەرکارییە یاساییانەی ئێستایان نەبوو و پاداشتی داراییان بەدەست نەدەهێنا. بەڵام ئەو بیرۆکراتیەتەی دەیناسین لەگەڵ ئابووریی دارایی نوێدا سەریهەڵداوە، بێگومان لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە پەیوەندییەکی هۆکارانەی یەک لایەنی بسەلمێنین، چونکە دەبێ ڕەچاوی هۆکاری دیکەش بکرێ، وەک: عەقڵانیکردنی یاسا، گرنگی دیاردەی جەماوەریانە، ناوەندێتی پەرەسەندوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی پەیوەندی و گرتبوونەوەی دامەزراوەکان، درێژبوونەوەی دەست تێوەردانی دەوڵەت بۆ گشت کایەکانی چالاکی مرۆڤانە، بەتایبەتی گەشەکردنی عەقڵانیەتی تەکنیکی.

ئەوەی بەلای سۆسیۆلۆژیاوە گرنگە، ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بیرۆکراتیەت هێناویەتە نێو کۆمەڵگا نوێکانەوە. شتێکی سەلماوە کە بڵاوبوونەوەی دیموکراتیەت و چەسپینی بیرۆکراتیەت هاوشانی یەکن. بۆ نموونە، لە فەرەنسا و ئینگلستان بەکردەوە گەشەکردنی ژیانی دیموکراتی هاوشانی فراوانبوونی بیرۆکراتیەت بووە - بەپێچەوانەی ئەم بارەوە لە ئەڵمانیا. بەڵام لێرەدا ناتوانین بڵێین میللەت لەو دوو بارەی یەکەمدا سەرکەوتوویووە لە حوکمکردنی خۆیدا و تەنانەت توانیویەتی مافە تایبەتیەکانی دەسەڵات کەمکاتەوە، بە پێچەوانەوە هێشتا وەک جاران حوکمکراوە. لێرەدا پێویستە بڵاوبوونەوەی دیموکراتیەت بە ڕەتکردنەوەی وردەوردەی پایەی پیاوماقووڵە ناوچەییەکان لە بەرژەوەندیی هێزی ناکەسێتی دیوانەکان تێبگەین. کەواتە مەبەست لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا، هەبوونی ئەو ئاقارەیە کە لەڕێگەی دامەزراندنی بەرفراوانی فەرمانبەرەکانی سەر بەهەموو چینە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەئاراوە، ئەمەش بەو مەرجەی پێوانەکانی هەڵبژاردنی عەقڵانی لە هەڵبژێردراوەکاندا هەبن. سەرەڕای ئەوە، زیادبوونی بایەخی دیوانەکان بەپێویست مانای ئەوە نییە توانیویانە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی نێو دەوڵەت بەدەستەوە بگرن. بێگومان ئەوانە ئەو ئامرازە تەکنیکیانەیان بەدەستەوەیە کە پێویستن بۆ بەڕێوەچوونی کاری دەوڵەتی نوێ، بەڵام بەڕێوەبردن هەر لە خزمەتی دەوڵەتدادەبێ، واتە لە خزمەتی بەرنامەی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا دەبێ. دەشێ ئەوانە کار لەو حیزبانە بکەن، بەو پێیەی فەرمانبەرێکی گەورە هەمیشە لە وەزیرێک زیاتر کێشە ڕەسمیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەک دەزانێ، بەڵام بەگشتی بڕیار هەر بۆ وەزیرەکە یان حکومەت دەگەڕێتەوە. ملیۆنەها کارمەندی بەڕێوەبردن، وەک ملیۆنەها پرۆلیتاریای دەوڵەتێکی دیاریکراو، بڕیاری سیاسەتی گشتی نادەن. بەگشتی سیستەمێکی بیرۆکراتی ڕووت لەئارادانییە، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردن نزیکەی بەهەمان ڕادە لە وڵاتەکانی خاوەن ڕژێمی دەستووری و ئیستیبدادی پەرەیسەندووە. لەبەرامبەر ئەوە، دەبێ جەغت لەسەر ئەوە بکرێ کە هەموو بیرۆکراتیەتێک مەیلی ئەوەی هەیە بە نهێنی و دوور لە هەموو پروپاگەندەیەک، بەتایبەتی دوور لە چاوەدێریی ڕای گشتی، کاربکات. ئەمەش بەوە لێکدەدرێتەوە کە فەرمانبەر، وەک پسپۆڕێک، لە نەفامێک چاکتر دەتوانێ کێشە سیاسیەکان چارەسەربکات.

بێگومان پێویستە زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی کارمەندانی دەوڵەت و پێویستیی ئامادەکردنی پسپۆڕانە بگێڕینەوە بۆ پەرەسەندنی سیستەمی خوێندن لە ئەوروپا، بە تایبەتی خوێندنی ئامادەیی

و بالاّ (پەیمانگەکان، ئامادەییەکان، زانکۆکان، قوتابخانە مەزنەکان، پەیمانگا بالاّکان... هتد)، هەروەها گومانی تێدانییە کە بیرۆکراتیەت بەم شێوازە کاریگەریی بڕیاردەری هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی رۆشنبیری. هەروەها دەتوانین هەمان شت بڵێین سەبارەت بەو کاریگەرییەی پرنسیپەکانی بیرۆکراتیەت خۆی خستویانەتەوە، لەبەر ئەو زامنکردنە دارایەی رەخساندویانە یان ئەو لێهاتووییانەی لە فەرمانبەر دەخوازرێ، وەک وردکاری و دیراسەکردنی فایلەکان بەر لە جێبەجێکردنی هەر مەسەلەیەک و پێشبینیکردنی عەقلانی و هتد. سەرەڕای ئەمە، لەگەڵ پەرەسەندنی دامودەزگای بیرۆکراتی، کێشە سیاسی و ئابوورییەکان و ئەوانی دیکە زیاتر بوونەتە کێشەی تەکنیکی و عەقلانی تەواو، ئەمە جگە لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیەکان بەشێوەیەکی پسپۆڕی ئەرکی چارەسەرکردن و چاوەدێریکردن یان وردبوونەوە لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکانیان کەوتۆتە ئەستۆ. بۆیە ڤیبەر پێی وایە بەڕێوەبردنی بیرۆکراتیانە یەکێکە لە بناغەکانی دەوڵەتی رۆژئاوایی نوێ.

« نابێ بۆ چرکەیەکیش بەگشت دامودەزگا دژ بەیەکەکان هەڵخەڵەتێین، جا مەسەلەکە سەبارەت بە دەزگا بەکۆمەڵەکان بێت کە نوێنەری بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانە یان لیژنە پەرلەمانیەکان و «ئەنجومەنەکانی خاوەن سروشتی دیکتاتۆری»، لە دواییشدا بەو جۆرانەی ئاراستەی قدیس بیرۆکراتیۆس دەکرێ. لە واقیعدا هەموو کارێکی بەردەوام بەرهەمی کارمەندانی دیوانەکانە و هەموو ژیانی رۆژانەمان گیرۆدەی ئەم کۆت و زنجیرەیە. چونکە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی بیرۆکراتیانە لە هەموو جێگایەک لەڕووی تەکنیکی - عەقلانیەوە عەقلانیترین بێت، ئەوا زۆر بە سادەیی ئێمرۆ بەناچاری گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی جەماوەرییانە. هیچ رێگەیەکمان لەبەردەمدا نەماوە جگە لەوەی لە نێوان «بەدیوانکردن»ی بەڕێوەبەرایەتی و بەهیوایەتکردنیدا یەکێکیان هەڵبژێرین. چونکە ئامێری سەرەکی بۆ زاڵبوونی بەڕێوەبەرایەتی بیرۆکراتیانە شارەزابوونە، کە ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزی ئابووری نوێ و تەکنیکیبوونی بەرهەمهێنانەوە ناکرێ بەهیچ جۆرێک چاوی لێ بپۆشرێ. گرنگ نییە بەڕێوەبردنی بیرۆکراسیانە لەسەر شێوازی سەرمایەداری یان سۆشیالیستی بچێتەڕێوە، چونکە ئەگەر سۆشیالیزم بخوازێ هەمان ئەو بەرنامانە جێبەجێبکات، ئەوا مانای ئەوەیە ناچاردەبێ بەشێوەیەکی نائاسایی گرنگیبدات بەقەبەکردنی قەبارەی بیرۆکراسیەتی پسپۆڕانە»(٣).

وێڕای مەیلی رووەو سازش و چەسپاندنی حوکمی دەوڵەمەندەکان، کە وا دەکەن بیرۆکراتیەت تایبەت بێت بە دیموکراتیە جەماوەرییەکان، ڤیبەر باسی هەندێ نیشانەی دیکەش دەکات: ناکەسێتیبوونی ئەمجۆرە سیستەمە، لەبەر ئەوەی فەرمانبەر بێ عیشق و حەزێ بەکاری خۆی هەڵدەستێ؛ رۆحی رواڵەتکارانەی ئەمجۆرە رێکخستنە، لەبەر نەبوونی جیاکارەیی لە رەفتاری هەموو بایەخداران بە رژێمەکە، دەبێ بەپێی ئەو دەستوورانە جێبەجێکرێت کە رێکخستنەکە لەسەری دامەزراوە نەک بەپێی داخوازییە خودییەکانی تاکەکان؛ لە کۆتاییشدا مەیلی فەرمانبەرەکان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکان بە رۆحێکی مادیانە و سوودخوازانە.

سیستەمی میراتی بڵاوترین شێوەکانی بالادەستیی تەقلیدییە. وەک بیرۆکراتیەت وایە، چونکە ئەویش ڕیزبەریی رەتدەکاتەوە و دامەزراوێکی بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو پێوانە بەرومخت لە گۆڕێیەی بۆی دەگەڕێتەوە لە عەقلانیەت و تەکنیک دامالراوە، بەلام ناوەرۆکێکی هەستیارانەی هەیە، ئەویش کارایی نەریتە برواپێکراوەکانە کە ناشێ دەستکاریان بکرێ، لەبەر پیرۆزی ئەوەی هەمیشە لە گۆڕێبووە. یەکگرتوویی سیستەمی میراتی دەستکردی رەوایەتی دەستووری یان دژەکەی نییە، بەڵکو دەستکردی کەسی خاوەنشکۆیە کە درێژە بە «دوێنێی هەتاهەتایی» دەدات. بەو پێیە، چاودێریکردنی فرمانەکانی ملکەچی پرنسیپێکی گشتی نییە بەمەبەستی دیسپلین و ئەرک، بەڵکو پاشکۆیەتی و ملکەچییە، واتە دڵسۆزییە بۆ سەرکردە بەمەبەستی خۆپاراستن.

دەسەڵات لەمجۆرە ڕژێمەدا تەواو کەسخوازانەیە، بێ گوێدانە هەر مەبەستێکی عەقڵانی لە ڕووی بابەتیەوە. خاوەنشکۆ ئاغایە نەک حاکم: چونکە دەسەڵات بەپێی سیفەتە کەسێتیەکان مافی ئەوە و بەپێی پێـوانەی دەرەکی و ڕواڵەتکارانەی دیاریکراوی ئەو پلەوپایەیە پێی نەبەخـشـراوە کـە بەدەستیەوەیە.

ئەم باڵادەستییە بەڕێوەبەرایەتی، بەواتای نوێی وشەکە، نەناسیوە. وەک بینیمان، خاوەنشکۆ یاریدەدەرەکانی خۆی لەنێو خزمەتکارەکانی خۆی و نێو دەرەبەگ و پیاوماقوڵە ناوچەییەکاندا هەڵدەبژارد، یاخود ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد کە گرێدراوبوون بە خۆیەوە، چونکە ئەو دەوڵەمەندی دەکردن، ئەوەش لە کاتێکدا کە پشتی بە خزمەتەکانی کەسانێک دەبەست لە دەرەوەی بازنەی میراتی. بێگومان بەردەوامبوونی سیستەم لەسەر ئاستی درێژخایان ڕێگەی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی بنیاتنراوتر دا کە تۆزێک بە بیرۆکراتیەتی نوێ دەچێ. بەڵام زۆربەی کات بەرپرسیارەکانی بازنەکان خاوەنداری پلەوپایەکانی خۆیان بوون، یان بەلای کەمەوە خاوەنداری ئامرازەکانی بەڕێوەبردن بوون، بە تایبەتی کاتێک بەناوی پاشاوە لە هەرێمەکان پراکتیزەی دەسەڵاتیان دەکرد. ئەوەی لەم سیستەمەدا نەبوو، جیاکردنەوەی فەرمانگەی تایبەتی و فەرمانگەی ڕەسمی بوو، واتە جیاکارەکردنی بەرژەوەندییە کەسێتیەکانی بەڕێوەبەر و بەرژەوەندییە گشتیەکان بوو کە گرێدرابوون بەو پلەوپایەیەی بەدەستیەوەبوو. ئینجا چەمکی کارامەیی بەڕێوەبردن ڕۆڵێکی گەورەی نەبوو لە هەڵبژاردنی فەرمانبەرەکاندا. لەواقیعدا، جگە لەو بڕوایەی خاوەنشکۆ بە دەست و پێـوەندەکـانی خـۆی هەبوو، هیچ پێـوانەیەکی هەڵبـژاردنی دیکە نەبوو. بەواتایەکی دیکە، بەڕێوەبەرایەتی میراتی چەمکی شیاوی و پسپۆڕی نەدەزانی و جگە لە شەرەفی «کەسایەتیەکان» شتێکی دیکەی ڕەچاونەدەکرد. کەواتە لەبری قسەکردن دەربارەی فەرمانبەران، پێویستە زیاتر قسە دەربارەی «خاوەن پایەکان» بکەین، وەک دەستەواژەی سەرکردەی گشتی، مارشاڵ و قارەمان و ئەوانی دیکە. بەکەسێتیکردنی بەڕێوەبردن بۆ هەموو کایەکان تەشەنەیکرد، لەوانەش سوپا، ئەمەی دوایی وەفاداربوو بۆ پاشا یان ئاغا بەتەنیا، چونکە ئەو خۆی چەکداری دەکردن و لە خەزێنەی تایبەتی خۆی پارەی تێدا سەرفدەکردن، بەوجۆرە ژمارەیان بەپێی دەرامەتی ڕێپێدراو زۆر یان کەم دەبوو.

هەروەها یاساش بەهۆی نەریتەوە دیاریدەکرا، بەگشتی «خـواستی پاشـا» جێی یاسای دەگرتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەست و پێوەندەکان هیچ مافێکیان نەبوو بەواتا تەسکەکەی؛ لە کـاتی نـاڕەزایی دەربڕیندا هیچ ڕێگەیەکیـان نەبوو جگە لە پەنابردنە بەر دەسـەڵاتی خزمـایەتی نوێنەری دەسەڵاتی میـراتی و لەکاتی پێویستـدا هانابردن بۆ دڵسافی خاوەنشکۆ. بەکورتی، نیشانەی بنچینەیی باڵادەستیی میراتی پێکدێت لە سیستەمێک کە دەرفەتەکەی بەگشتی، لە بەرزترین ئاستـەوە بۆ نزمـترین ئاست، خۆی لە خـاوەنداریێتی تایبـەتی زۆربـەی پلەوپایەکـاندا دەبینێتەوە. بەڵام لێرەدا نـاتوانین ئەم خـاوەنداریێتیە بە باڵادەستیی زۆردارانە بچوێنین، تەنیا لە هـەندێ بـاری تایبـەتیـدا نـەبێ، وەک دەســەڵاتی ســوڵتـانی تورکی، چونکە ئەو دەســەڵاتە سنووردارکـراوبوو یان پابەندی دامـەزراوەکانی وەک پەرلەمـان و دادگـا داوەرییـەکـان و مـافـە تایبەتیەکانی شـارەکان یاخود هەبوونی ویلایەتەکان بوو. لە ڕاستیدا لە ڕووی مێژووییەوە هیچ دەوڵەتێکی میراتی ڕووت، بەواتەی نموونەیی ئایدیالی، لە ئارادانەبووە.

هەندێ جار تیۆری باڵادەستیی کاریزمی دەرفەتی بۆ هـەندێ بەهەڵەداچوون ڕەخساندووە، چونکە هەبوو دەیویست، پاش دەرفەت لەدەست دەرچوون، وەک بەرجەستەیەکی پێشینەی ڕژێمی نازییەت ببینێ. تەنانەت هەندێ هەوڵیاندا ڤیبەر بە پەیامگەیەنی هیتلەر دابنێن، لەکاتێکدا ئەو تەنیا ڕوویکردبووە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی و نموونەیی ئایدیالیستانەی یەکێک لە شێوازەکانی باڵادەستیی کە لەسەردەمە جۆراوجۆرەکاندا لە گۆڕێدابووە. بەر لە هیتلەر و پاش ئەویش ڕژێمی

کاریزمی هەبوون ، وەک ڕژێمی فیدل کاسترۆ. ئەگەر گریمان شیکردنەوەی ڤیبەرییانە پاریدەی نازییەکانی دابێ بەشێوەیەکی ڕوون دەرک بەباری خۆیان بکەن، ئەوا ئەمە پڕوپووچی ئەو دەربڕینەی پێشوو ڕەت ناکاتەوە، چونکە مانای ئەوەیە ئۆباڵی ئەو ئەخۆشیە بخەینە ئەستۆی ئەو ئەخۆشەی ئەخۆشیەکەی دەستنیشاندەکرێ. بەو پێیە دەبێ سۆسیۆلۆژیای سیاسی بگۆڕێ بۆ هەستی دڵسافانە و دەست لە ئۆڕینی بابەتیانەی هەندێ دیاردە هەڵگرێ و لە کۆتاییشدا وەک زانستێک ئینکاری خۆی بکات، بۆ ئەوەی هەندێ داوەری دەربڕێ کە هەموو ئەوانە ڕازیدەکات کە بیر دەگۆڕن بۆ کۆمەڵێک قەبڵاندنی ئایدیۆلۆژی. ئەم هەڵوێستە تەواو لەگەڵ ئەو جیاکارییەی هەمیشە ڤیبەر لە نێوان سەلماندنی تەجروبەگەرانە و حوکمی ڕاستکردنەوەدا دەیکرد ناکۆکە، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ئەو پرنسیپەیدا کە باس لە بێلایەنی ئەریتی دەکات لە سۆسیۆلۆژیاداو ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانی زانا بۆ هەڵنەهاتن لە دیراسەکردنی ئەو ڕووداوانەی بۆ کەسێتی خۆی شوێنی هەراسانبوونن. سەرەڕای ئەوە، ڕەخنەگرانی ڤیبەر بنچینەی چەمکی مۆدێلی کاریزمی ئەویان پشتگوێخستووە. چاکتربوو لەبری ئەوەی لەو چەمکەدا بۆ تیۆری بزووتنەوەیەکی مێژوویی تایبەتی بگەڕێن کە ڤیبەر ئەیناسیوە، ئەو لاپەڕانە بخوێننەوە کە بۆ ئەمجۆرە باڵادەستییە تەرخانکراوە. لەبەر ئەوەی ئەو لاپەڕانە بە ڕوونی ئەو بیرەی تیایە کە تایبەتە بە دیاردەی شۆڕشگێڕانە، چونکە ئەو لەکاتی نووسینیاندا بە شێوەیەکی تایبەتی بیری لە لینین یان کورت ئیزنر دەکردەوە (چونکە ئەمەی دوایی بەناو باسیکراوە).

بێگومان هەموو شۆڕشەکان کاریزمیانە نین، هەروەها هەموو باڵادەستییە کاریزمیەکان شۆڕشگێڕانە نین (وەک هەندێ لە نموونە مێژووییەکان دەریدەخەن: لیون لە ئەتینا یان دالی لامە). بەڵام زۆربەی شۆڕشە نوێکان، لە شۆڕشی کرۆمۆیلەوە، بەگشتی هەمان سیفەتیان هەبووە، بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئیمرۆ بە «پەرستنی کەسێتی» ناودەبرێ دەکەوێتە نێو توێژی دیاردە کاریزمیەکانەوە. هەروەها ڤیبەر هێما بۆ ئەوە دەکات کە حیزبە سیاسیەکانی ئێستا مەیلی ئەوەیان هەیە هەمان ڕێگە لە بواری بنەمای ناخۆدا بگرنەبەر، بێجگە لە پێکهاتەکانی پیاوماقوڵان کە بەرژەوەندی هەڵبژاردن یان سوودی ڕووت دەیانبزوێنێ. لەم بارەدا ئاسانە لە گرنگیی پرنسیپی دەنگدانی گشتی بگەین، کە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا برەویسەندووە.

باڵادەستیی کاریزمی بەتایبەتی بەربڵاوترین ئامرازە بۆ ڕووخاندن یان لەنێوبردنی سیستەمی تەقلیدی و یاسایی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو باڵادەستییە هێزێکی شۆڕشگێڕانە (لەکاتی پێویستدا) یان شۆڕشگێڕانەی درۆزنانە یاخود یاخیبووانەیە و بەس. دەشێ ئەو خواستی گۆڕانکارییەی دەیبزوێنێ گرێدراوبێت بە باری دەرەکییەوە (سیاسی یان ئابووری) یان بە گۆڕانکاریی عەقڵەکانەوە (لەنێو توێژی ئایینی یان فیکریدا). بەو جۆرە عەقڵ هێزێکی شۆڕشگێڕانە بووە و لەو کاتەدا کە لە چەندین وڵات گوازانەوە لە باڵادەستیی میراتییەوە بۆ باڵادەستیی یاسایی ڕوویداوە چەندین ڕژێمی کاریزمی هێناوەتە بەرهەم. بەڵام لەبەر ئەوەی کاریزما بارێکی ڕیزپەڕ دەخولقێنێ، ئەوا پرنسیپەکانی باڵادەستیی خۆی سەرچاوەی گیروگرفت دەبن، بەو ڕادەیەی ئەوەی مەبەستە شتێکی تربێت نەک یاخیبوونێکی لابەلا. لەواقیعدا، چۆن دەشێ مانەوەی دەسەڵاتێکی وا زامنکرێ پاش ئەوەی سەرکردەی کاریزمی نامێنێ؟ کام ڕێگەیە بگیرێتەبەر بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕۆژانە و باری سروشتی و ئارام؟ لەڕاستیدا ئەمە چارەنووسی هەموو باڵادەستییەکی لەم جۆرەیە: ئەو باڵادەستییە زوو یان درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی تەقلیدی یان یاسایی. ئەم پرسیارانە زیاتر ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ڤیبەرە نەک شیکردنەوەی وێناکراوی چەمکی کاریزما.

کەواتە، گەورەترین مەسەلەی باڵادەستیی کاریزمی، مەسەلەی جێنشینە (خەلیفە). بەکردەوە، چۆن دەشێ پاش مردنی سەرکردە بەردەوامی بدرێتە ڕژێمەکە؟ چونکە کاریزما فێری کەس ناکرێ

و له زەیندا ناچەسپێنرێ، بەڵکو له دەروونـدا چاوەڵدێنێ و هەستی پێدەکرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی داروودەستەکانی سەرکردە و دەستەی پشت پێ بەستراوی، بەرژەوەندیی مادیی و فیکرییان له بەردامبوونی ئەم باڵادەستیەدایە. سەختی لەوەدایە کە ملکەچی لایەنگیران دڵسۆزییەکی رووتە بۆ کەسی سەرکردە و ئەو بەردەوامییەی نیە کە هێزی تەقلیدی و یاسایی دروستدەکات. ڤیبەر بە درێژی چارەسەرە شیاوە جۆربەجۆرەکان دەپشکنێ. جا یان دەبێ خاوەنی کاریزمایەکی دیکە بدۆزرێتەوە کە هەمان ئەو سیفاتانەی هەبێت کە سەرکردەی کۆچکردوو هەیبووە (وەک دالی لامە)، له ئەنجامی ئەم تەقەللایەش نەریتێکی دیاریکراو دادەمەزرێ. یان پشت بە خەون و پەیامی پێغەمبەرانە و قەدەر و حوکمی خوا و پێوانە ناعەقڵانیەکانی دیکە دەبەسرێ. لەم بارەشدا بەرێگەیەکی تارادەیەک دوور و درێژدا رووەو رەوایەتییەکی خاوەن رەوتی یاسایی دەچین. یان سەرکردەی حاکم خۆی جێنشینی خۆی و بە رەزامەندی یا بێ رەزامەندیی داروودەستەکەی دادەنێ. یاخود لەلایەن دەستەی پشت پێ بەستراوی کاریزمییەوە دادەنرێ. ئەم تەقەللایەش هەڵبژاردن، کە لەسەر پرنسیپی زۆرایەتی دامەزراوە، بەدووردەگرێ، چونکە کێشەکە دۆزینەوەی پیاوی شیاوە، ئەگەر مەبەست بەردەوامی وەفابێت بۆ فۆرمی کاریزمی. له کۆتاییشدا، دەشێ کاریزما میراتی بێت، کاتێک بریار لەسەر یاسای دەمارگیری بدرێ.

رووەدات هەڵبژاردنی کاریزما پشت بە تاقیکردنەوە ببەستێ، لێرەدا لیژنەی داوەریکردن یان گەل خۆی هەوڵدەدات نیشانەکانی ئەم یان ئەو هەڵبژێردراو دەرخات. بەڵام جێنشین بەگشتی دەرفەت بۆ ململانییەکی تارادەیەک ئاشکراکراو دەرەخسێنێ، بەو جۆرەی سەرکەوتن سیفەتەکانی کاریزمای سەرکەوتوو دەردەخات. ئەگەر ئەوانەی تەماعیانکردۆتە پلەوپایەکە هەستیان بە یەکسانیی هێزی خۆیان کرد، ئەوا دەگمەن نیبە باڵادەستیی کاریزمی له زۆردارانەوە، کە له بنەڕەتدا وایە، بگۆرێ بۆ بنەمایەکی نازاڵمانە و رووەو سیستەمێکی عەقڵانی گەشەبکات. لێرەدا شتێکی دڵنیا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کاریزما، بەپێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی باڵادەستییەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیری یۆتۆپییەوە.

### پەراوێزەکان

(1) M. Weber, gesammelte politiche Schriften, 2 e'd, tübingen, 1958.

(2) Wirtschaft und gesellschaft, t.1, ch1.,parag. XVI, p 28.

(3) Wirtschaft und gesellschaft, t.1, p. 128.

لەم دەقەدا کە پێدەچێ ساڵی ١٩١٩ یان ١٩٢٠ نووسرابێ، ئەگەر پشت بەو هێما بۆکردنانە ببەستین کە زۆرجار ڤیبەر سەبارەت بە داهاتووی سۆشیالیزمی سۆڤێتی بۆیان دەگەڕێتەوە، بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی دیاردەی بیرۆکراتیەت لە کۆمەڵگای پیشەسازیی نوێ و بێ خۆ خزانە بەرگی پێغەمبەرانە ڤیبەر پێشبینی ئەو رۆڵەی کردووە کە بیرۆکراتیەت بێگومان لەوسیستەمانەدا دەیگێرێ کە سۆشیالیزمیان هەڵبژاردووە. ئەو پێی وایە ئەو سیستەمانە رووەدەکەنە بیرۆکراتیەتێکی رواڵەتکارانەی توندوتۆڵتر له رێکخستنی سەرمایەداری. لێرەدا ڤیبەر پشتی بە پێشینەیەک نەبەستووە.

سەرچاوە

ئەم بابەتە له کتێبی «سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤیبەر» (چاپی یەکەم) نووسینی ژۆلیان فروند وەرگیراوە کە جۆرج ئەبی ساڵح کردویەتیە عەرەبی و لەلایەن (مرکز الانماء القومی)یەوە له بێروت بڵاوکراوەتەوە.

# نمونەی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ:
# هەوڵدانێ بۆ ئاشنایی لەگەڵ پیر بۆردیۆ دا

ڕێبوار سیوەیلی

<u>سەرەتایەکی گشتی:</u>

یەکێک لە جەنجاڵترین گفتوگۆکانی فەلسەفەو بیری ئەورووپی و خۆرئاوا بەگشتی و، یەکێ لە کۆنترین ئەو کێشانەی هەمان فەلسەفەی بەخۆیەوە خەریککردووە؛ کێشەی نێوان خود(subjekt)و بابەت (objekt)ە. ئایا تاک ژیانی خۆی لە کۆمەڵگادا دروست ئەکا، یاخود ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیەی تاکەکانی تیا لە دایک دەبن چارەنووسیشیان دیاری دەکات؟ ئەم پرسیارە هەموو دوالیزمی بیری خۆرئاوایی، بیرێ کە دوو هێزی سەرەکی دەکاتە هۆکاری دروستبوونی دنیا، لە خۆیدا چڕدەکاتەوەو بە درێژایی چەندین ساڵ فەیلەسووف و کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکانی بەخۆیەوە خەریککردووە. لە بواری سۆسیۆلۆژیشدا چەندین (نەریت و مەحەک)ی جیاواز هەن کە لە پێناوی ڕوونکردنەوەی هەمان مەبەستدا بەکاردەهێنرێن. ئەو مەحەکانە بریتین لەو نەخشەو مەرجانەی دەیسەلمێنن «کاری زانستی» چییەو چۆن کارێک «زانستی» بوونی خۆی دەسەلمێنێ. لەناو ئەمانەدا دوو ئاڕاستەی سەرەکی هەن کە لە زۆر ڕووەوە لە مەسەلەی تاک و کۆمەڵدا بە پێچەوانەی یەکترەوە ئیشدەکەن: ئەو دوو ئاڕاستەیەش بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر ناونیشانی (سۆبژەکتیڤیزم) و (ئۆبژەکتیڤیزم)دا پۆلێن دەکرێن.

پیر بۆردیۆ، سۆسیۆلۆژی بەناوبانگی فەرەنسی یەکێکە لەو کەسانەی لە ساڵانی شەستەوە تا ئێستا لە چەندین بواری جیاوازی کۆمەڵگاکانی کۆڵیوەتەوەو بەهۆی کارە تیۆرییەکانیەوە گۆڕانی گەورەی بەسەر نەخشەی سۆسیۆلۆژیادا هێناوەو بەیەکێ لە دەقیقترین سۆسیۆلۆژە هاوچەرخەکان دادەنرێت. یەکێک لەو سەرنجانەی کە خوێنەر لەکاتی خۆئامادەکردنیا بۆ خوێندنەوەی بۆردیۆ لەلای دروستئەبێ، بریتییە لە سەرنجڕاکێشانی بۆ حوکمی ئەو کەسانەی پێشتر لەسەر بۆردیۆیان نووسیوەو لەخانەی ئۆبژەکتیڤیزم دا سەقامگیریان کردووە. بەڵام بۆردیۆ بۆخۆی جەخت لە سەر شتێکی تر دەکات و ڕێگەنادات هەروا بەئاسانی لەیەکێک لەو دوو ئاڕاستەیەدا خانەنشین بکرێ. کەواتە هێڵی سەرەکی ئەم باسەی لێرەدا وەکو سەرەتایەک بۆ ناساندنی بۆردیۆ بە خوێنەری کورد دەیخەمەڕوو؛ بریتیە لەوەی تائەندازەیەک ڕوونی بکەمەوە، ئایە بۆردیۆ لەکوێی مشت و مڕی نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییدا وەستاوە. ئەمەش بەناچاری دەمانخاتە بەردەم پێناسەو ڕوونکردنەوەی هەردوو ئاڕاستەکە، ئەویش تا ئەو شوێنەی لێرەدا پێویستمان پێیەتی. باجارێ لەبۆردیۆ خۆی بپرسین بزانین ئەو کارەکانی خۆی لەکوێدا جیادەکاتەوە: «ئەگەر بمەوێت کارەکانم لەچەند وشەیەکی کورتدا پێناسەبکەم، واتە بەوشێوەیەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا باوە، نازناوێکیان لێبنێم؛ ئەوە دەڵێم کارەکانی من بەرهەمهێنانەوەیەکی بونیادگەریانەن یان بونیادگەریەکی بەرهەمهێنەرەوەن» <١>.

لەم دەربڕینەی بۆردیۆدا، کە لەسەمینارێکدا هاتووە؛ بەئاشکرا هەموو ئەو نازناوانە ڕەتکراونەتەوە کە پێشتر دراونەتە پاڵ ئیشەکانی. لەوە ناچێت بۆردیۆ دژی دەستەبەندیکردن و لەمەحەکدانی کاری زانستی بێت، بەڵام بەتووندی دژی ناو دۆزینەوەیە بۆ ئەو کارانە لەبابەتی وەک بونیادگەرایی، نیسبیگەری و هتد... بۆیە لەم باسەشدا هەوڵدەدەم خۆم بەدووربگرم لەهەموو جۆرە حوکمدانێک و ناو دۆزینەوەیەک بۆ پرۆژەی بۆردیۆ. بەڵام بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونترمان

بێتـەدەست ناچارین تووێشـووی سـەفـەرێک هەڵگرین و گرنگترینی ئەو ئاراسـتـە فـیکریانە بەسـەربکەینەوە کـە بەلانکی پرۆژەی بۆردیۆ دەژمـێردرێن. سـەرچاوەی سـەرەکیـشم بۆ ئەم کـارە وتارێکی سەمینارییە کە بۆردیۆ لەزانستگای ساندیاگۆ ساڵی ١٩٨٦ بەناوی (مـەیدانی کۆمـەڵایەتی و دەسـەڵاتی ڕەمـزی)یەوە پێشکەشـیکردووە‹٢›. ئەم وتارە دوو تایبـەتمەندی گرنگی تێدایە کـە بەپێویستی دەزانم ئاماژەیان بۆ بکەم. خاڵی یەکەم ئەوەیە کـە ئەم وتارە زۆربەی ئەو دەربڕینە تیۆری و میتۆدیانە دەگرێتە خۆی، کە بۆردیۆ لە کتێبی (جیاوازی/Distinction)‹٣› بەکاری بردوون. ئەمـە جگە لەوەی وەڵامی بەشێکی زۆری ئەو ڕەخنانەشی داوەتەوە کە کتێبی ناوبراو ڕوو بەڕوویان بۆتەوە. خاڵی دووەمیش بریتیە لەزمانی بۆردیۆ کە زمانێکی قورس و پڕە لە دەربڕینی تازەو یاریکردن بەوشە. بەڵام خۆشبەختانە بۆردیۆ لە وتاری ناوبراودا بەزمانێکی سادەتر لەزمانی کتێبی (جیاوازی) دەدوێت. هەروەها وتاری (مەیدانی کۆمـەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزی) بەیەکێ لەو بەڵگانە دائەنرێن کە بۆردیۆ تیایدا شوێنی کارەکانی خۆی لە مشت و مڕی نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییـدا، دەسـتنیـشـانـدەکـات. وێڕای هـەمـوو ئەمـانەش دەمـەوێ ئەوەش بڵـێم کـە هەر خوێندنەوەیەکی بۆردیۆ، بەبێ خوێندنەوەی کتێبی (جیاوازی) یان بەلای کەمەوە بەشە تیۆریەکانی ئەو بەرهەمە، خوێندنەوەیەکی ناکام دەبێت.. بەڵام کارێکی سەختیشە ئەگەر بمانەوێت تەنیا لەو کتێبەوە بچینە ناو دنیای سیسیۆلۆژیای بۆردیۆوە.

بۆئەوەی تۆزێ لەو کـەلێنەش پڕبکەمـەوە، من هـاتووم وتـارە سـەمـینارییـەکـەم کـردۆتە بنەمـاو وەرگێڕانە ئەروپجیەکەی کتێبی جیاوازیشم کردۆتە پشتیوانی سەرەکی باسـەکەم‹٤› هەروەها سودێکی باشیشم لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە بۆردیۆ ناسەکان (بەتایبەت ئەسکەندەناڤیەکان) نووسـیویانن و لەشـوێنی خـۆیاندا ناویان دێت. سـەبارەت بەو بەشـەی باسـەکـەش کە تایبـەتە بۆ بەسـەرکردنەوەی هـەردوو ئاڕاسـتـەی سـۆبژەکتیـڤیزم و ئۆبژەکتیـڤیزم، جگە لەئاماژەکردن بۆ ئەو بونیادە فیکریانەی بۆردیۆ ڕەتیاندەکاتەوە یاخود (یەکیاندەخات)؛ هیچ نیازێکی ترم نەبووەو خۆمم بەرپرسـیار نەکـردووە بەرامبـەر هـەموو لایەنێکی ئەو ڕەوتە فیکریانە، کەپێـموایە ئەمە شتێکە دەچێتە خانەی مێژووی فەلسەفەوە.

کەواتە ئەم باسە بەمجۆرەی خوارەوە دابەشبووە:

بەشی یەکەم: ساتە گرنگەکانی دوالیزم:

١- خودگەرایی (سۆبژەکتیڤیزم) لە ڤینۆمینۆلۆژیادا.

٢- بابەتگەرایی (ئۆبژەکتیڤیزم) لە بونیادگەریدا.

بەشی دووەم: پرۆژەی بۆردیۆ.

# # #

بەشی یەکەم:

* ساتە گرنگەکانی دوالیزم:

لە (ئەفلاتوون)ـەوە جەستـەی مرۆڤ بەئەفرەتکراوێکەو ڕۆح یان (نەفس) ئەو دیلە پیاهەڵگوتراوەیە کە بەناچاری خراوەتە ناو چواردیواری جـەستـەوە. پێچواندنی جـەستە بە(بەندیخانە) لەهەمان کاتیشدا دەستنیشانکردنی تەمەن و شکۆی ئەو بەندیخانەیەیە؛ بەو مانایەی بەندیخانەکان تاسەر بەشکۆداری نامێننەوەو ڕۆژگاری ڕوخاندنیان دێت. بەتایبـەتیش ئەگەر بەندیی یەکەی ناوی ڕۆح بێت. ڕۆحـیش لای ئەفـلاتوون هـەرگیـز لەناوچوونی بۆ نیـە، چونکە بەر لەدایکبـوون شـوێنی ڕۆح قـەڵەمڕەوی بەرزی ئایدیاڵ دا بوو. کاتێکیش مرۆڤ دێتە دنیـاوە، بەناچاری ڕۆح دادەبەزێتە سـەر زەوی و دەبێتە بەندییەکی ناو بەندیخانەی جەستە.

بەڵام چ بازوویەک دیوارەکانی ئەو بەندیخانەیە دەڕوخێنێ و ڕۆح ڕزگار دەکات؟ ئەفلاتوون (مەرگ) دەکاتە ئەو ڕزگارکەرە، چونکە تەنـها مردن دەتوانێ جارێکی تر ڕۆح بەرەو دنیـای کـەمالات بەرز بکاتەوە. ئەم بیرە ئەفلاتوونیە خاڵی سـەرەکی یەکێک لەبەناوبانگترین گفتوگۆکانی ئەفلاتوونە کە بەFaidon‹٥› ناسراوەو تیایدا باس لەمردنی (سوکرات) دەکات.

فەیلەسووفی ڕاستەقینە، وەک ئەفلاتوون لەزمانی سوکراتەوە دەڵێ؛ ئەو فـەیلەسووفەیە کە بەدوای مـەرگ دا عەودالە. چونکە تەنیا لەو بارەدا کە مرۆڤ خۆی لەبەندیخانەی جەستـە ڕزگارکردووە، دەشتوانێ لە حەقیقەتی ئایدیا ئەبەدییەکان بگات.

بەدرێژایی سـەدەکـانی ناوەڕاست ئەم بیرە بووە ناوەندی گـفـتـوگۆ: ئەگەر جـەسـتـە کـەمـتـربێت لە

نەفس و بەندیخانەی ڕۆح بێت، ئەوە پێویستە بەپێی توانا خۆمانی لێڕزگار بکەین. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی بێبەزەییانەی جەستەو ڕەتکردنەوەی حەزو پێویستیەکانی و هێنانە خوارەوەی ئاستی چێژبینینی بۆ پلەیەکی زۆر نزم.
لە دیکارتەوە (1596-1650) کێشەی دوالیزم ئاستێکی تری بەخۆیەوە گرت. بەلای دیکارتەوە مرۆڤ لە دوو ڕاستی درووستبووە: هوشیاری (ڕۆح)و جەستە، کە ئەم دوانەش نەک هەردوو ڕاستی جیاوازن بەڵکو لەهەندێ ڕووەو دژی یەکتریشن‹٦›. مرۆڤ بەهۆی هەستکردنەوە دەتوانێت چاودێری جەستەی خۆی بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە توانای نییە بەهۆی هەمان ئەو هەستانەوە چاودێری (نەفس)ی خۆی بکات. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین هەروا هەست بەخۆشی، دڵتەنگی و بریندارببوونی یەکتری بکەین، بەڵام توانای ئەوەمان هەیە کە نیشانەکانی خۆشی، دڵتەنگی و برینداری لەسەر جەستە ببینینەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە (ڕۆح)و جەستە سەربەدوو جیهانی جیاوازی دەرککردنن و خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندی جیاوازو دژ بەیەکیشن. بۆیە لای دیکارت گرنگترین بەشی حەقیقەتی مرۆڤ عەقڵ و هوشیارییەتی کە لەجەوهەری ڕاستی نزیک دەخاتەوە، نەک هەستەکان کە ڕێگەی بەڕاستیگەیشتنی لێهەڵە دەکەن.
ئەم سەرەتاگە فەلسەفییە بواری ئەوەی هێناوەتە پێش باس لەدوو جۆر دوالیزم بکرێ کە بەتوندی بەستراون بەیەکترەوە. دوالیزمی خود (subjekt)/ بابەت (objekt) وەک دوو جیهانی جیاوازو لێکدابڕکراو. یان دوالیزمی فینۆمینۆلۆژیا کەنەک هەر قایل نییە خودو بابەت جیابکاتەوە، بەڵکو بەهەردوو دیووی یەک جیهانیشیان دەزانێت کەناکرێ دابڕبکرێن. بۆیە دوالیزم هەر تەنیا وەک کێشەیەکی فەلسەفی نەمایەوە، بەڵکو بووە کێشەیەکی سەرەکی لەبوارە زانستەکانیشدا . چۆن بەرهەمی زانستی چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات و پێناسەی دنیای خودو بابەت دەکات؟ . ئەمە بووە پرسیاری هەموو توێژەرەوەیەکی جیدی و خەسڵەتی هەر پڕۆژەیەکی زانستانە. بێگوومان کارەکە هێندە سادە نییە کە مارکسیزمی تەقلیدی پێشنیاری دەکرد؛ بەوەی کەتوێژەرەوە (بابەتی)بێت و بابەتیانە بۆ مەسەلەکان بچێ،. وە لەم ڕێگەیەشەوە خودو ئاگایی خود ڕیزپەڕکات. چونکە ئەمە لەمامەڵەکردنێکی ئایدۆلۆژیانە زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت کە لەدوانەنجامدا جیهانی دەرەوە (کۆمەڵگا) ئەکاتە بنەماو بڕیاردەری ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ. لەلایەکی ترەوە کارەکە هێندەش سادە نییە، وەک خودگەراکان بانگەشەی دەکەن و دەڵێن: بوونیادە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە بۆ تێگەیشتن لەمرۆڤ و هەڵس و کەوتەکانی. بەڵکو کاری زانستی لەسەر بڕوا بوون بەمرۆڤ وەک بکەرێکی هووشیار، دروستئەبێت و لێکۆڵینەوە لە(هوشیاری) ئەرکی یەکەمی هەر پڕۆژەیەکی زانستانەیە.
لەکەرتی زانستە کۆمەڵایەتیەکانیشدا کێشەی دوالیزم مشت ومڕێکی تیۆری زۆری لەسەر هاتۆتە ئاراوەو تاڕادەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژو شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی کردۆتە دوو بەشەوە. بەڵام زۆربەی بۆردیۆ ناسەکان و خودی بۆردیۆش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم دوالیزمە دەبێ تێکبشکێنرێ و پرنسیپە تیۆرییەکانی ڕەتبکرێنەوە. چیدی نابێت سۆسیۆلۆژیا ببێتە مەیدانێک بۆ شەڕکردنی خودگەرایی لەدژی بابەتگەرایی، بەڵکو دەبێ ببێتە مەیدانێک بۆ یەکخستنی ئەم دوالیزمە کۆنەساڵەو خۆڕزگارکردن لە سنوورەکانی. ئەوەی بۆردیۆ پێشنیاری دەکات بریتییە لەزانستێ کە بتوانێ بیر لەپەیوەندییەکانی ئەم دوالیزمە بکاتەوەو ئەو زانستەش ناودەنێ پراکسیۆلۆژی، واتە زانستێ کە لەپراکتیک و هەڵس و کەوتی تاکەکانی ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە نوێیەش پێشینەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بۆردیۆ لە سەمیناری (مەیدانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕەمزیدا) هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدات و پاشانیش لەو پێشەکیە تایبەتیەدا کەبۆ تەرجەمە نەرویجییەکەی کتێبی [جیاوازی] نووسیوە درێژە بەهەمان باس دەدات.
لەو ئاوڕدانەوەیدا، بۆردیۆ ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی فینۆمینۆلۆژیای هوسرل (1859-1938)و بونیادگەرایی بەتایبەتی لەشێوازە شتراوسییەکەیدا، ئەکات. چونکە بەلای بۆردیۆوە یەکەمیان نوێنەرایەتی دیدێکی خودگەرایی یەو دووەمیشیان ئاڕاستەیەکی بابەتگەرا. ئەمجا با بەنۆرە بزانین بۆردیۆ دەڵێ چی و چ سۆبژەکتیڤیزم و ئۆبژەکتیڤیزمێ لە فینۆمینۆلۆژیاو بونیادگەریدا ڕەتدەکاتەوە؟.

**١- خودگەرایی (سوبژەکتیڤیزم) لە فینۆمینۆلۆژیادا:**

کێشەی دوالیزم لە دوای دیکارتەوە، لە سەردەستی فینۆمینۆلۆژەکان بەتایبەتیش (ئیدمۆند هوسرل) شێوازێکی دیکەی بەخۆیەوە گرت. زاراوەی فینۆمین کە لەووشەی (phainomai)ی گریکی یەوە هاتووە؛ بەمانای دیاردە، ئەوەی بەدیاردەکەوێ، ئەوەی دێتە بەرچاو یان خۆ لەبەردەم هووشیاریدا بەدیار دەخات، دێت<٧>. بەپێچەوانەی دیکارتەوە، دیاردە ناسەکان پێیانوایە ناکرێ بابەت و خود لێکدی جودا بکرێنەوە. هوشیاری و ئەو شتانەی لەدەرەوەی هوشیاریدان لێکدی دابڕناکرێن، چونکە هەموو هووشیارییەک هووشیارییەکی ئاڕاستە کراوە بەرەوشتێ لەدەرەوەی خۆی: "مرۆڤ ناتوانێ ببینێ بەبێ ئەوەی شتێ ببینێ، ناتوانێ عاشق بێ بەبێ عاشق نەبوونی کەسێ، وە ناشتوانێ بیربکاتەوە بێئەوەی بیر لە شتێ نەکاتەوە"<٨>.

فینۆمینۆلۆژەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کەدنیای دەرەوە یان بونیادە دەرەکیەکان لەپێش هووشیاری تاکەوە هەن؛ چونکە هووشیاری هووشیارییە بەرامبەر بەشتێ کەپێشتر لەدەرەوەو لەشێوەی دیاردەیەکدا خۆی بەدیار خستووە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، بەرلەوەی تاک وێنەیەکی سەربەخۆی ڕوون و ئاشکرا لەسەر جیهانی دەرەوە دروستبکا، ئەوە جیهانی دەرەوە بوونی نیە. تەنیا دوای بەدەروونیکردن و ئاگابوونی تاک لەدنیای دەرەوە، ئەو دنیایە دەبێتە دنیایەکی سۆبژەکتیڤ. دەبێتە دنیای خودی تاکەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ. ئەگەر خودێکی هووشیار نەبێت کەدنیاو دیاردەکانی ببینێ، ئەوە دنیای لەدەرەوەی تاکەکان دەمێنێتەوەو بەنیسبەت تاکەکانەوە مانایەکی نابێت.. تەنیا ئەو کاتەی جیهان خۆی بۆ هووشیاری دەنوێنێ، تێگەیشتنی تاک بۆ دنیا سەرهەڵدەدات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە دنیا ئەو دنیایەیە کە ئەوەتا لە هووشیاری تاکەکاندایەو لێرەیشەوە فینۆمینۆلۆژەکان ئەوپەڕی گرنگی دەدەن بەهووشیاری تاکەکان بۆ خستنەڕوویەکی سۆبژەکتیڤانەی دنیاو دەورووبەرو واقیع.

ئەو ئاڕاستە سۆسیۆلۆژیەش کە بە(سۆسیۆلۆژیای دیاردەناسی) بەناوبانگەو کۆمەڵناسی ئەمسایی (ئەلفرید شوتز) زۆرترین کاری تێدا هێناوەتە بەرهەم؛ زۆربەی بۆچوونەکانی خۆی لە فەلسەفەی دیاردەناسییەوە وەرگرتووە. خاڵی هەرە دیاری نێوان بۆچوونە فەلسەفیەکەو بۆچوونە سۆسیۆلۆژیەکەش بریتیە لەبڕوای تەواو بەهووشیاری تاک. یاخود وەک بۆریدۆ دەڵێ: (بڕوا کردن بە ئەزموونە سەرەتاییەکان و بارودۆخە نائیرادییەکان)و لەپڕەکانی مرۆڤ<٩>. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کەلای فینۆمینۆلۆژەکان دەروازەی تێگەیشتن لە واقیع بریتییە لە گرنگیدان و لە بەرچاوگرتنی ئەو سەرنجە سەرەتایی و لەپڕانەی تاکەکان لەسەر واقیع لایان دروستئەبێ. لێرەوە تێگەیشتنی تاک لەواقیع دەبێتە پێشزەمینەی کۆمەڵناس، یاخود دەبێتە مەرجی یەکەم بۆ بەرهەمهێنانەوەی تیۆریانەی ئەو واقیعە. بۆریدۆ پێیوایە ئەم بڕوابوونە ڕەهایە بە هووشیاری تاک، خۆبەخۆ سۆسیۆلۆژیای دیاردە ناسانەی کردۆتە ئاڕاستەیەکی خودگەراو ئەم ئاڕاستەیەش بەڕوونترین شێوە لای (شوتز) دەردەکەوێ. لای (شوتز) هوشیاری و ئاگایی بەرامبەر بەدیاردەکان بەدوو قۆناغدا تێپەڕدەبێ: قۆناغی یەکەم ئەو قۆناغەیە کە خەڵکی لەبواری ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەو لەگەڵ یەکتردا، کارو بارە ئینسانیەکانی خۆیان وێنا دەکەن و پاشانیش بەهۆی پرۆسێسی (Inter Subjectivity)یەوە تێڕوانینێکی هاوبەش دروستئەکەن. لە قۆناغی دووەمیشدا سۆسیۆلۆژ دێت تا ئەوەی کەخەڵکی وێنایان کردووە ناسبکات و لێیبکۆڵێتەوە<١٠>. بۆریدۆ ئەم پەراوێزە لە شوتز وەردەگرێ: [... ئەو بیرە بابەتیانە کە لەلایەن شارەزایانی کۆمەڵناسییەوە بەرهەمهێنراون، ئامانجیان ئەوەیە کە دەربڕی واقیعی کۆمەڵایەتی بن و لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی عەقڵیەت و تێڕوانینی تەندروستانەی ئەو خەڵکەوە بیناکرابن کە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا بەسەر دەبەن]<١١> بەمانایەکی تر، بیرە بابەتیەکان ئەو بیروڕاو تێڕوانینە هاوبەشانەی خەڵکین بۆ ژیانی خۆیان کە کۆمەڵناس دووبارەیان دەکاتەوە. عەقڵیەتی تەندروستیش بریتیە لەو مانا هاوبەشانەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانە هەیانە. واتە لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان لە پرۆسەی گوزەراندنی ژیانی ڕۆژانەماندا، کەم تازۆر کەوتوینەتە ژێر کاریگەری هەندێ حوکم و بۆچوونی گشتیەوەو، وەک بەشێ لە واقعیەت و حەتمیەتی ڕەتنەکراوەی ژیانی کۆمەڵگا تەماشایاندەکەین. کاتێ سۆسیۆلۆژ دێت و تەفسیری تێگەیشتنی ئێمە دەکات، لای بۆردیۆ ئەمە دەبێتە دووەمین پلەی بەرهەمهێنانەوە. واتە ئەوەی کەسی شارەزا دەیکات دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتیە بەوجۆرەی کە تاکەکان

تێیگەیشتوون. یاخود بەرهەمهێنانەوەیەکە لەزمان تاکەکانەوە.

ئەمجۆرە ئیشکردنە لای بۆردیۆ زیان بەپرنسیب و بنەماکانی کاری زانستی دەگەیەنێت و چیتریش نیە بێجگە لە (بەرهەمهێنانەوەی بەرهەمهاتوویەک): [زانستی فینۆمینۆلۆژیانە... ئەزموونە سەرەتاییەکانی تاک بەرجەستە ئەکا، بەلام تێگەیشتن لەدنیای کۆمەلایەتی وەک بارودۆخێکی سروشتی سەلمێنراو؛ تێگەیشتنێک نییە خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە بەربەستێکە لە بەردەم هەموو پرسیارکردنێک لە بارەی هەل ومەرجی سەرهەلدانی خۆیەوە]<١٢>.

مەبەست چییە لەوەی کە بۆردیۆ دەلێ [تێگەیشتن لە دنیای کۆمەلایەتی... تێگەیشتنێک نییە خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە]؟. بەمانای ئەوەیە کە تاک لەکاتی وێناسازی و بەرهەمهێنانەوەی دنیای کۆمەلایەتیدا، بیر لەروانگەی خۆی ناکاتەوە. ئەزموونی سەرەتاییەکانیش ئەو ئەزموونە خاوو لەپرانەن کە لە رووبەڕووبوونەوەیدا لەگەل دنیای دەرەوە بەدەستیاندەهێنێ. بەلام ئەم ئەزموونانە بەرەو بیرکردنەوەی قوولی نابەن؛ بەلکو وەک حەتمیەتێکی سەلماوی سروشتی وەریاندەگرێ و بەسەریا تێپەڕدەبن. بەزمانێکی تر دەتوانین بلێین: ئەزموونە سەرەتاییەکان رێگە بە تاکەکان نادەن پرسیار لە هەلومەرجەکان بکەن و تێبگەن لەوەی؛ چ هەلومەرجێکی تایبەت دەبێتە هۆی سەرهەلدانی ئەم ئەزموون یا ئەویتریان. یاخود بپرسن بۆچی من ئەم رووداوە بەمجۆرە ئەزمووندەکەم، بۆچی هەلس وکەوتەکانی من ئەم یان ئەو شێواز بەخۆیانەوە دەگرن؟

لەڕاستیا ئەمڕوونکردنەوەیەی بۆردیۆ بۆ ئەو مەبەستە نییە کە تێگەیشتنی دیاردەناسانە لە کۆمەلگا ڕەتبکاتەوە، چونکە پێیوایە ئەم تێگەیشتنە یارمەتیدەرە بۆ لێدوان لە دنیای کۆمەلایەتی. بەلام جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە کە تێڕوانینی ئێویبراو بەتەنیا بەس نییە بۆ ڕاڤەکردنێکی زانستیای ئەو جیهانە. کەواتە تائێرە دەتوانین بلێین: بۆردیۆ هەم بە فینۆمینۆلۆژیا بیردەکاتەوەو هەم لە دژیشی دەفکرێ. ئەمەش خالێکە دەتوانین بەهۆیەوە لە ڕەوتی خودگەرایی [سۆبژەکتیفیزم]ـەوە بەرەو لایەنی دووەمی کێشەی دوالیزم هەنگاوبنێین؛ یاخود بپەڕینەوە بۆ ئەو بابەتگەراییە [ئۆبژەکتیڤیزم]ـەی کە بۆردیۆ لە ستراکچرالیزم دا، دەستنیشانیدەکات..

# # #

<u>٢- بابەتگەرایی لە بونیادگەری دا:</u>

بونیادگەری زاراوەیەکە لە زمانی کوردیدا لە جیاتی (البنیویە)ی عەرەبی و ستراکچرالیزمی نێو زمانە ئەوروپاییەکان بەکارهوتووە. جگە لەکوردی نەبوونی ئەم زاراوایە، کێشەیەکی تریش هەیە کە پەیوەندی بەپاشگری «گەری» یەوەیە، کە دیسانەوە لە فارسییەوە پێمانەوە لکاندووە. بەو جۆرەش زاراوەی «بونیادگەری» لە زمانی ئێمەدا بۆتە ناوی ئەو ڕەوتی توێژینەوە زانستیەی زمان؛ کە فردینان دی سوسێر (1857-1913) دایمەزراندووە. بەسادەترین دەربڕین دەشێت بگوترێ، بونیادگەری ئەو ئاڕاستەیەی ڕاڤەکردنی زانستانەی زمانە کە خودی زمان وەک بونیادێکی یان ستراکچەرێک تەماشا دەکات... لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە ئاڕاستەی ناوبراو کاریگەرییەکی زۆری کردە بەشێکی بەرچاوی بوارە زانستییەکانی دیکە، بەتایبەتیش لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا «مرۆڤناسی» لەلایەن (کلود لیڤی شتراوس)ـەوە بەجۆرێکی تایبەت دەخرێتە کارو لە ئاستێکی بەرفراواندا گەشەی پێدەدرێ. لێرەیشەوە، بونیادگەری دەبێتە بەشێکی گرنگ لەزانستە کۆمەلایەتی و ئینسانیەکان<١٣>.

بونیادگەری پێیوایە بیرۆکەی خود [سۆبژێکت] بیرۆکەیەکی نوێیەو بەپێی هەلومەرجی مێژوویی تایبەت هاتۆتە ئاراوە. ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی مەزندەو بیرکردنەوەی رووتەو هەر لەبەر ئەمەیشە کە ناشێت وەک نوێنەرو دەربڕی واقیع تەماشای بکەین. (میشل فۆکۆ) لە کۆتایی کتێبی (وشەکان و شتەکان)دا، مرۆڤ «خود» بەدیاردەیەک و بەرهەمی مۆدێرنتیە لە قەلەمدەدات؛ کە ماوەیەکی کەم بەسەر لە دایکبونیا تێپەڕیوەو پێدەچێ بەزوویش لەناوبچێ<١٤>. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی ئەو گرنگیپێدانەیە کە دیاردەناسەکان دەیاندایە خودو هووشیاری تاک. بەمانایەکی تر، خالی بنەڕەتی لە بونیادگەریدا گومانکردنە لە تاک، لە (سۆبژێکت)و کارو ڕاڤەکردنی زانستی ئەو کارەیە لە بونیادە دەرەکییەکانەوە دەستپێدەکات.. بەو جۆرەش بونیادە بابەتیەکان دەکرێنە مەرجی تێگەیشتن لە کۆمەلگاو دیاردەو مرۆڤەکان، چونکە ئەو بونیادانە لە هەمانکاتیشدا ڕەفتارو هەلس و کەوتی تاکەکان جلەو دەکەن.<١٥>

وەک بۆردیۆ دەڵێ، بونیادگەری هەڵەیەکی مەزن دەکا، بەوەی یەکسەر لە (دەرەوە) دەڕوانێتە مرۆڤ و پراکتیکەکانی. نمونەیشی بۆ ئەم هەڵەیە لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیادا، بریتییە لە ڕێسا بەناوبانگەکەی (دورکهایم)؛ کە دەڵێ:« ئێمە پێمانوایە، ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ، ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ نەک هەر لەڕوانگەی تاکەکانەوە ڕاڤە بکرێ، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارە قووڵانەدا کە لەدەرەوەی هووشیاری مرۆڤن؛ تاکە بیرۆکەیەکی بە بەرهەمە»<١٦>. یاخود وەک سۆسیۆلۆژی بەریتانی (ئەنتۆنی گیدنیز) لە شیکردنەوەی هەمان ئەو ڕێسا دۆرکهایمیەدا، دەنووسێ: ڕاستیە کۆمەلایەتیەکان دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوە<١٧>.

بۆردیۆ لەو بڕوایەدایە کە ئەم دەربڕینە دۆرکهایمیە یەکێکە لە سەختگیرترین گوتارەکانی بابەتگەرایی و ستراکچرالیستەکان: ئەمەش لەبەر ئەوەی بەئاسانی ڕێگە بەکۆمەڵناسەکان دەدات تاوەکو چاو بپۆشن لە ئەزموونی سەرەتایی تاکەکان و تێگەیشتنیان بۆ ژیانی خۆیان. ئەمە جگە لەوەی هەمان ئەو دەربڕینە جیهانی واقیعی کۆمەڵایەتی بچووک ئەکاتەوە بۆ ڕەهەندێ کە تیایدا شارەزای زانستی ئەو جیهانە «بابەتیانە» دەبینێ. بۆردیۆ دەنووسێ: «کاری زانستانەی بابەتگەرا «موضوعی» تەنیا توانای دیتنی بونیادە بابەتیەکانی دنیای کۆمەڵایەتی هەیەو، حەقیقەتی ئەزموونە سەرەتایی و سادەکانی «ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەو جیهانەدا» فەرامۆشدەکا»<١٨>

کەواتە خاڵی بنەڕاتی بەلای بابەتگەراکانەوە، ئەزموونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا نییە؛ بەڵکو پەیوەندی ئەو تاکانەیە بەبونیادە بابەتیەکانەوە. ئەمەش بەومانایەی کە پراکتیکی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان، هەمیشە لەبەر ڕووناکایی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ـ بەتایبەتیش ئابووریەکاندا (وەک ئەوەی لای مارکسیزم دەبینرێ) لێیان دەکۆڵرێتەوەو، ئەو هەلومەرجانە بەشێوەیەکی میکانیکی دەکرێنە سەرچاوەیەکی ڕێسایی و بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی پراکتیکەکان. بۆردیۆ دەڵێ، مەرج نیە ئەکتەرەکان (تاکەکان) لەسەر ئەو بونیادە دەرەکیانە هوشیاریان هەبێ؛ کە بەلای بونیادگەراکانەوە دەستنیشانی پراکتیک و هەڵس و کەوتیان دەکەن. بەڵام کاتێ سۆسیۆلۆژە بونیادگەراکان بە ڕەوشی ئۆبژەکتیڤانەوە پەلاماری کۆمەڵگا دەدەن، لەڕاستیا چاو دەپۆشن لەو تێگەیشتنە «سەرەتایی و خاوەی» کە هەر ئەکتەرێ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی هەیەتی. چونکە ئەوان یەکسەر بەدوای ئەو هۆکارە حازربەدەستانەدا عەوداڵ دەبن کە دەیانباتەوە سەر جۆرێ لە هەڵسوکەوتی تایبەت.

لەو پێشەکیە گرنگەدا کە بۆردیۆ بۆ چاپە نەرویجیەکەی کتێبی (جیاوازی) نووسیوەو، من چەندجارێکی تریش بۆی دەگەڕێمەوە؛ ڕاڤەکردنی بابەتگەرایانە بەڕاڤەکردنێکی بونیادمەند (substansial) ناوزەد ئەکات و دەڵێ؛ ئەمجۆرە ڕاڤەکردنە هۆکارەکانی وەکو هۆکاری ئەبەدی و نەگۆڕ دەبینێ. بۆ ڕزگاربوون لەمجۆرە بیرکردنەوەیەش، بۆردیۆ میتۆدێکی تری بیرکردنەوە پێشنیار دەکات کە ناویدەنێ میتۆدی بیرکردنەوەی پەیوەندیدارانە (Relationelle).

\# \# \#

دژایەتی نێوان بونیادمەندی و پەیوەنداری دژایەتیەکە بەتوندی لای بۆردیۆ ئامادەیە. بونیادمەندی بیرێکە پێوایە ئێمە دەتوانین بەبێ هیچ جۆرە ڕامانێکی عەقڵی و بەبێ هیچ ئەزموونێکی زانستی؛ واقیع بەوشێوەیە بناسین کەخۆی پیشاندەدات. ئەمەش کەسی شارەزا (سۆسیۆلۆژ) دەکاتە کۆیلەی تێگەیشتنێکی چاوبەستانە لەواقیع، واتە لەم جۆرە تێگەیشتنەدا ڕەهەندی زانستی لەبیردەکرێت چونکە هەموو ئەنجامەکانی لە پێشەوە پابەندی بنەماکان دەکرێن. وەک بۆردیۆ دەڵێ، کەسی شارەزا ڕاڤە دەکات بەڵام ئەنجامی ئامادەکراویشی هەیەو دەزانێت کەچ بەرهەمێکی دەستئەکەوێ: «پەیوەندی نێوان ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان (....) ئەو ستراکچەرانە دەشارنەوە کە لەناویاندا جێبەجێدەکرێن. ئەمەش یەکێکە لەو بارودۆخانەی کە دیاردەکان، واتە ئەوانەی بەچاودەبینرێن؛ ئەو نادیارانە دەشارنەوە کە (لەهەمان ئەو پەیوەندیانەدا) بڕیاردەدەن. هەر بۆیەشە ئەوە لەیاد ئەکرێ کە حەقیقەتی پەیوەندییەکان هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو لەخودی پەیوەندیەکەدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لەکاتی خستنە رووی زانستانەو چاودێرکردندا زیاتر قابیلی دۆزینەوەیە<١٩>.

ئەو ڕەووشی بیرکردنەوەیەی کە چاودەپۆشێ لەو بونیادە نادیارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر پەیوەندی ئەکتەرەکان لەگەڵ یەکتردا، ڕەوشێکە گرنگی پەیوەندییەکان لەمەیدانی کۆمەڵایەتیدا لەبیردەکات، چونکە ئەگەر هات و لەخستنەڕووی کێشەکاندا سادەکاربووین، ئەوە هەرگیز

حەقیقەتی پەیوەندی تاکەکانیش بەیەکترەوە دەرک ناکەین. بەلای بۆردیۆوە مەسەلەکە لەوەدا کۆتایی نایەت، بۆ نموونە؛ هەژاری وەک خەسڵەتێکی بونیادی و بڕیاردەر لای چینێکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی شیبکەینەوە. بەڵکو گرنگی لەوەدایە کەبتوانین ئەو پەیوەندییە ڕاڤەبکەین کە ئاماژە دەکات بۆ شوێن و پلەی هەژارێک و دەوڵەمەندێک. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە بیرکردنەوەی پەیوەندارانە، واقیعی کۆمەلایەتی وەکو تۆڕێکی پەیوەندی دەبینێ کەهەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێدەدات؛ نەک وەکو سیستەمێکی خاوەن یەکەی سەربەخۆو دابڕاو لەیەکتر. بەمانایەکی تر، واقیع سیستەمێکە لە خەسڵەتی پڕ گرێ و گۆڵ دروستبووە کە لەڕوانگەی پەیوەندییان بەیەکتروە، ڕاڤەدەکرێن.

میتۆدی بیرکردنەوەی پەیوەندارانە تارادەیەک بۆردیۆ لەگەڵ دیاردەناسەکاندا ئاشتدەکاتەوە، چونکە وەک لەپێشاندا باسمکرد؛ بەلای دیاردە ناسەکانەوە خودو بابەت، هووشیاری و دیاردەکان دوو جەمسەری پێکەوە گرێدراون و لێکدی دابڕناکرێن. بەڵام بۆردیۆ لەسەر ئەوەش جەختدەکاتەوە، ئەگەر بمانەوێ تێگەیشتنێکی دەقاو دەقی ڕێژمیمان لەسەر جیهانی کۆمەلایەتی هەبێ؛ پێویستە دەستبەردەین لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هەڵسوکەوتی تاکەکان «تەنیا لەڕوانگەیەکی خودگەرایانەوە» یان «تەنیا لە بۆچوونێکی بابەتگەرایانەوە»؛ لە جیاتی ئەو تاکرەهەندییە باشترە تەماشای ئەو پەیوەندییە دیالێکتییەی نێوان خودو بابەت بکەین‹٢٠›.

<u>بەشی دووەم: پرۆژەی بۆردیۆ</u>.

(١)

بینیمان بۆردیۆ بونیادگەرەکان بە بابەتگەرا (ئۆبژەکتیڤیست) ناوزەد ئەکا، چونکە هەموو هەوڵدانێکیان بۆ ئەوەیە هەڵسوکەوتی تاکەکان لەبەر ڕۆشنایی بونیادە دەرەکیەکاندا ڕاڤە بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو بونیادانە بەهێزی بڕیاردەر دەزانن لە پراکتیکی تاکەکاندا. هەروەها بینیمان کەچۆن بۆردیۆ فینۆمینۆلۆژەکان بەوە تاوانبار دەکات هەردەم وادەزانن هەڵسوکەوتی تاکەکان ئەنجامێکی سروشتی هووشیاری و ئیرادەی خۆیانە؛ ئەمەش بۆردیۆ دەگەیەنێتە ئەم دەرەنجامەی خوارێ کە دەڵێت: «ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بدوێین، ئەوە دەڵێین؛ زانستی کۆمەلایەتی لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، هەروەکو لە سۆسیۆلۆژی و بواری مێژوودا؛ لەنێوان دوو ڕوانگەی ئاتەبادا ئەخوولێتەوە، دوو گۆشە نیگای دژ بەیەکی جیاواز کە ئەوانەش خودگەرایی و بابەتگەرایین»‹٢١› بەڵام بۆچی بۆردیۆ دژی ئەم دوو جەمسەرەیە دەوەستێتەوە؟ بێگومان لەبەرئەوەی ئەم دوو جەمسەرییە کێشەیەکی زانست خۆیەتی و گەر کەسێ شێلگیرانە نیش بکا، پێویستە بەجیدیش ئاوڕ لەم کێشەیە بداتەوە. کێشەکە لەوەدایە کە هەردوو ئاراستەی خودگەرایی و بابەتگەرایی بەجیاو هەردووکیشیان بەناوی «پراکتیکردنی زانست»ەوە ئەنجامدرێن. کە ئەمەش ئەنجامدانێکی ناڕەوایە چونکە دنیای کۆمەلایەتی لە دوو پانتایی «خود» و «بابەت» دروستبووەو، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ لەچرو ئاڵۆزکاوی کۆمەڵگای مۆدێرن بگات؛ ئەوە ناشێت بە پەنابردن بۆتەنیا یەکێک لەو دوو پانتاییە، تێگەیشتنێکی زانستیانەی دەروەست بخاتەڕوو. کەواتە ئەرکی بنەڕەتی کەسی شارەزاو پیاوی زانستی بریتیە لە ڕەتکردنی ئەو دوو جەمسەرە کە ئەمەش خوازیاری ڕەووشی نوێیە. یەکێک لەو ڕەوشانە ڕەووشی [پراکسیۆلۆژی]یە:

«لەگەڵ ئەو مەترسییەشدا کە مەسەلەکە زۆر ئاڵۆز نەبێ، دەمەوێ هەموو ئەو ڕاڤەکارییەی ئەمڕۆ کاری تیائەکەم لە دەربڕینێکدا کۆیکەمەوە: لەلایەکەوە ئەو بونیادە دەرەکیانەی کە سۆسیۆلۆژ بەرهەمیان دەهێنێ/ ئەویش بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی نوێنەرایەتی سۆبژەکتیڤانەی ئەکتەرەکان لەساتە بابەتیەکاندا؛/ بناخەن بۆ نوێنەرایەتیکردنی سۆبژەکتیڤانەو لەهەمان کاتیشدا زەبری ئەو بونیادە دەرەکیانەش بەدیار دەخەن کەکار دەکەنە سەر پەیوەندی تاکەکان. بەڵام لەولای ترەوە: دەبێ هەمان ئەو نوێنەرایەتیکردنانەش لە یادنەکرێن، بەتایبەتیش کاتێ مرۆڤ دەیەوێ زیاتر لەهەرشتێکی دیکە گرنگی بدات بەو ناکۆکییە تاکی و بەکۆمەڵیانەی ڕۆژانە کە دەوریان هەیە لە گۆڕین و هێشتنەوەی بونیادەکاندا»‹٢٢›

ئەمە یەکێک لەقورسترین دەربڕینەکانی بۆردیۆیە کە بەرەو ڕووی خوێنەر دەبێتەوە!! با بەهێمنی بزانین لەپشت ئەم دەربڕینەوە چی هەیەو چۆن دەکرێ پەیوەندی خۆمانی لەگەڵدا دەستنیشانبکەین.

بەشێوەیەکی سادەتر دەڵێت، کاتێ سۆسیۆلۆژ مەبەستی بێ وێنەیەکی وردی ئەو کۆمەڵگایە بەرهەم بهێنێتەوە کە کاری تیا ئەکا؛ دەبێت دوو شتی لەبیربێت: لەلایەکەوە پێویستە بونیادە دەرەکیەکان بەپێ ی هەلومەرجی بابەتی بەرهەم بهێنرێنەوەو لەلایەکی تریشەوەو (لەهەمان کاتیشدا) کە هەڵدەستێ بەبەرهەم هێنانەوەی یەکەم، نابێت بیرکردنەوەو دەوری تاکەکانیشی لەسەر هەمان ئەو بونیادە دەرەکیانە لەبیربچێت. چونکە نەبونیادە دەرەکیەکان لە (دەرەوە)ی تاکەکانن و نە تاکەکانیش بێکاریگەرن لەسەر ئەو بونیادانە. بەم پێیەش پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نەپساو لەنێوان خودو بابەت دا دەستنیشاندەکات.

بەزمانێکی تر، بۆردیۆ دەیەوێ ڕەوشێ بهێنێتە بەرهەم کە ڕوانگەی هەردوو لایەنی خودو بابەت ڕەنگپێبداتەوە. لایەنێکی تری میتۆدی بۆردیۆ ئەوەیە کە هەوڵدەدات هەردوو لایەنی خودگەرایی و بابەتگەرایی لەگەڵ ڕەهەندێکی تردا یەکخات کە پێیدەڵێ: ڕەهەندی پراکتیکی. ئەمەش ئاسۆیەکە هیچکام لە لایەنگرانی دوولایەنی نێوبراو نەیانبینیوەو بەداهێنانێکی بۆردیۆیی لە قەڵەمدەدرێت.

بۆردیۆ بەم جۆرە بەرگری لە تێزی (ڕەهەندی پراکتیکی) دەکات و ڕوونیدەکاتەوە، خاڵی بنەڕەتی لەڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیە کە دەڵێ: ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان «تاکەکان» هەندێ ستراتیژی ئەوتۆ بەکاردەهێنن کە ئەو ستراتیژانە تەنها لەو کاتەدا سەرهەڵدەدەن کە ئەکتەرەکان خۆیان لەناو جەرگەی مامەڵەو هەڵسوکەوتێکی نوێدا دەبیننەوە. ئەمە جگە لەوەی هەموو بارودۆخێکی تازەش پراکتیکی نوێ بەرهەمدەهێنێ کە لەلایەن (هەستی پراکتیکی praktisk sans)یەوە جڵەو دەکرێت. واتە کاتێ ئەکتەری کۆمەڵایەتی خۆی لەبارودۆخێکی نوێدا دەبینێتەوە، بارودۆخەکە (کە دەشێت بارودۆخێکی نیمچە چاوەڕوانکراو بێت)؛ لای خۆی هەڵدەسەنگێنێ و هەڵسوکەوتی لە تەکدا ئەکات. ئەمەش پراکتیکێکی تازەی بێ پێشینە بەرهەمدەهێنێ. هەستی پراکتیکی خاوەنی چەند فاکتەرێکی پێش هووشیارییە، کە ئاشکرانین و نیشانەی دیاریان نییە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەشمانکرد کە تاکەکان تێگەیشتنێکی سادەیان (یاخود ڕووکەشیان) لەبارەی هەڵسوکەوتی خۆیانەوە هەیە؛ ئەمجا ڕەهەندی پراکتیکی دێت بۆئەوەی هەوڵبدات بچێتە ئەودیو ئەزموونی لەپڕو ڕووکەشی بێنیرادەی ئەکتەرەکانەوەو فاکتەرە سادەو نادیارەکان بدۆزێتەوە. ئەمەش دەقاودەق دابڕانێکە لە ڕەووشی خودگەرایی، چونکە لێرەدا کەسی شارەزا دێت و ئەو مافە لەتاک دەستێنێتەوە، کە خۆی بەتاقە کەسێ بزانێ بۆ تێگەیشتن و چوونە ناو دنیای واقیعی خۆیەوە.

بەزمانێکی سادەترو بۆ زیاتر تەواوکردنی ئەو مەبەستانەی پێشوو دەتوانین بڵێین؛ هەندێ فاکتەر «عامل»ی چەپاو هەن کە پراکتیک و وێناکردنی فاکتەرەکان بۆ دنیاو (لەدنیادا) جڵەودەکەن. ئەمە ئەو فاکتەرانەن کە بوردیۆ ناویان دەنێ: هەستی پراکتیکی. ئەم هەستە پراکتیکیانە بەهەل و مەرجی کۆمەلایەتیەکانەوە بەستراون و هەروا بەساناهیش لەبەردەم کەسی شارەزادا بەدیارناکەون؛ چونکە شتێ نین بەشێوەیەکی بەرجەستەو کۆنکرێتی دەستنیشانبکرێن. بەڵکو هەر لەبەرەبەیانی منداڵی ی تاکەکانەوە بناخەیان داڕێژراوەو بەردەوامیش لەگەڵ پرۆسەی (بەکۆمەلایەتیبوون)ی ئەو تاکانەدا گەشە دەکەن و گۆڕانیان بەسەرا دێ. ئەمەش دروست ئەو لایەنەیە کە دیاردەناسە خودگەراکان گوێی پێنادەن و تەنیا دڵی خۆیان بەئەزموون و تێگەیشتنە سەرەتاییە سادەکانی تاک لەسەر واقیعی خۆی، خۆشدەکەن.

بۆئەوەی کەسی شارەزا بتوانێ چاودێری ئەو فاکتەرە چەپاوانە بکات، پێویستە ساتە بابەتیەکان بخاتە خزمەتی شیکردنەوەکانیەوە.. پێشتر هێمام بۆ ئەوەکرد، کە تیۆرەکانی بابەتگەرایی هەر لەسەرەتاوە بەدوای ئەو هۆکارانەدا وێڵن کە هەڵسوکەوتی چاوەڕوانکراو بەرهەمدەهێنن. ئەو هۆکارانەش هۆکاری دەرەکین و بەپێویستیش (ضرورە) بۆ فاکتەرە کۆمەلایەتیەکان ڕۆشن نین، هەر لەبەر ئەمەیشە کە دەبێت لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکانیدا ئاوڕیان لێبدرێتەوەو گرنگیان پێبدرێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاشکراکردن و ڕاڤەی ئەو هۆکارو هەلومەرجە کۆمەلایەتیە دەرەکیانەی ئەکتەرەکان لە ئاستیاندا ناهووشیارن، بەس نین بۆ تێگەیشتنێکی ورد. بۆردیۆ لێرەدا ئەو مەرجە دەخاتە بەردەم کەسی شارەزا، کەدەبێت ئەو پەیوەندییەش لەبەرچاو بگرێ؛ کە ئەو خۆیشی وەک ئەو کەسانەی لێیان دەکۆڵرێتەوە؛ بوویەکە بەپرۆسەی (بەکۆمەلایەتبوون)دا ڕابردووە. واتە پێویستە ئاگاداری ئەو خاڵە بێت، ئەو بۆ خۆیشی وەکو ئەکتەرە کۆمەلایەتیەکانی دی، چاوەڕێی لێدەکرێ بەرژەوەندی و وێناکردنەکانی خۆی سەبارەت بەجیهانی کۆمەلایەتی تێکەڵ بەشیکردنەوەو ڕاڤەکردنەکانی بکات. مادام ئەم مەترسییە لە ئارادایە پێویستە کەسی شارەزا

ڕوانگەی بابەتگەرایانەش ڕەتبكاو لە كەرەكەیدا ڕوانگە تایبەتی و تیۆریەكانی خۆیشی پەرچكاتەوە (عكس)، چونكە دواجار ناتوانێت لەو ڕاستیە دەربازبێت كە: هەموو ڕوویەڕوبوونەوەیەكی دنیا لە ڕوانگەیەكی تایبەتەوەیە: «سۆسیۆلۆژی دەبێ سۆسیۆلۆژی یەك بێ لەبارەی تێگەیشتنی دنیای كۆمەلایەتیەوە. واتە سۆسیۆلۆژیەك بێ لەسەر ئەو جیهانبینیەی كە خۆی بەشداری دەكات لە بەرهەمهێنانەوەی جیهانبینی یەكدا. [جیهانبینی یەكەم هی كەسی شارەزایە كە جیهانبینی تاكەكان بەرهەمدەهێنێتەوە - ڕ.س.-] ئەو ڕاستیەشمان لە بیرنەچێ، وەختێ ئێمە هەلدەستین بە بەرهەمهێنانەوەی پانتاییەكی كۆمەلایەتی؛ ئەوەش دەزانین، كە ڕوانگەمان؛ هەروەكو لەزاراوەكەدا دیارە: ڕوانینێكە لە خالێكی تایبەتیەوە ئاراستە دەبێ، واتە لە شوێنگەو پلەیەكی تایبەتی پانتایی كۆمەلایەتیەوە. هەروەها دەشزانین كە دەشێت ڕوانگەكان جیاوازو تەنانەت دژ بەیەكتریش بن، چونكە ڕوانگەو جیهانبینیەكانیش پابەندی ئەو پێتەن كە لێوەی دەڕوانن». <٢٣>.
ڕەهەندی پراكتیكی جەخت لەسەر ئەوە دەكات، كە یەكەم: كەسی شارەزا نابێت هەلسوكەوت و مامەلەی تاكەكان بەئەنجامی جەبری یاسا دەرەكیەكان بزانێت و، دووەمیش هەمان ئەو هەلسوكەوتانەی تاكەكان پێیان هەلدەستن بەكردەیەكی خۆكار (ئۆتۆماتیكی) لەقەلەم بدات. تاكەكان لەساتی مامەلەو هەلسوكەوتدا بەتەواوی ئاگانین بەرامبەر ناوەڕۆكی ئەوەی دەیكەن، بەلكو لەو ساتەدا لەلایەن ئەو هۆكارە پیش - ئاگایی یانەوە جلەودەكرێن كە لە پێدەشتی یان ڕێڕەوی (بە كۆمەلایەتیبوون)دا بەدەستیانهێناون. واتە لەو ساتانەدا تاك پرسیار لەخۆی ناكات: بۆچی هەلدەستێ بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەلسوكەوتە؟ بۆچی من ئەوە دەكەم كە دەیكەم؟. كەواتە كەسی شارەزا نەك هەردەبێ تێگەیشتن و وێناكردنی خوودگەراییانەی تاكەكان بخاتە ژێر پرسیارەوە؛ بەلكە دەبێ جۆری تێگەیشتن و شێوەی بەرهەمهێنانەوەی خۆیشی بۆ ئەو وێناكردنەی تاكەكان لەسەر دنیا؛ بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەشێوەیەكی ڕاشكاوتر دەتوانین بلێین: ئەركی سەرشانی پیاوی زانستی ئەوەیە لە هەموو هەنگاوێكیا بۆ كەشفكردنی دنیای تاكەكان؛ هەنگاوێكیش بەرەو جۆری تێگەیشتنی خۆی لەسەر دنیای خۆیی و تاكەكان هەلهێنێتەوە.

# # #

كارێكی گرانە بڕیاری ئەوە بدەین، ئاخۆ بۆردیۆ بە خستنەڕووی «تیۆری» پراكسیۆلۆژی؛ لەدوا ئەنجامدا دەكەوێتە چ خانەیەكی دوالیزمی (خود/ بابەت)ەوە. گرنگترین شت ئەوەیە لەبیرمان بێ: پرۆژەی بۆردیۆ بەتیازی تێكشكاندنی ئەو دوالیزمە هاتۆتە ئاراوە كە زانست خۆی بەرهەمی هێناوە. لێرەوە، پراكسیۆلۆژی بریتیە لەبڕینی مەودای خودو بابەت. ئەمە جگە لەوەی كە پراكسیۆلۆژی تیۆرەیەكی ڕەخنەیی یە سەبارەت بەڕاڤەو توێژینەوە زانستیەكان، ئاواش هەولدانێكی تیۆریە بۆ ڕوونكردنەوەی هەلسوكەوتی ڕۆژانەی ئەكتەرە كۆمەلایەتیەكان. خالی سەرەكیش لەو ڕوونكردنەوەیەدا ئەوەیە، كە نەبەو شێوەیە تەماشای هەلسوكەوتی تاكەكان بكات وەك ئەوەی ملكەچی بونیادە دەرەكیەكان بن، نە بەو چاوەش كە هەلسوكەوتی سەربەخۆن. بەلكو پێویستە وەك پرۆسیسێكی دوو جەمسەر بیانبینێ كە تیایدا (هەم بونیادە دەرەكیەكان دەبنە بەشێ لە ناوەوەو هەم ناوەوەش لە ناو بونیادەكانی دەرەوەدا ڕەنگدەداتەوە)<٢٤>. بەكورتی، ئەكتەرەكان لە ژێر كاریگەری بونیادە دەرەكیەكاندا پرۆسەی (بەكۆمەلایەتیبوون)یان تەی كردووەو هەر هەمان ئەو ئەكتەرانەش بەهۆی هەلسوكەوتی خۆیانەوە گۆڕانیان لە بونیادەكانی دەرەوەدا كردووە. ئەمەش ئەو پەیوەندییە دوو لایەیە، كە بۆردیۆ ناوی ناوە: دیالیكتیەتی نێوان سۆبژەكتیڤیزم و ئۆبژەكتیڤیزم.

(٢)
هەموو ئەوەی لەمەوبەر باسیكرا هەولدانێ بوو بۆ ئاشكراكردنی ئەو خالەی بۆردیۆ چۆن بیر لە كۆمەلناسی زانستیانە دەكاتەوەو، چ ئەركێك دەخاتە سەر شانی كەسی شارەزاو كام ڕەووش دەتوانێ ڕزگارمانبكات لە دوالیزمی خود/ بابەت. بەلام ئەوەی پێویستە لێرە بەدواوە سەرنجی بدەین، ئەو كۆمەلە زاراوەیەن كە لەڕەووشی پراكسیۆلۆژی بۆردیۆدا؛ كلیلی تێگەیشتنێكی وردو زانستیانەمان لە بارەی واقیعی كۆمەلایەتی و هەلسوكەوتی ئەكتەرەكانەوە دەدەنە دەست.

له ڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لەسەر زاراوە تیۆرییەکانی بۆردیۆیان نووسیوە، پێیان وایە شۆڕشی بۆردیۆ لە دنیای کۆمەڵناسی دا، دەگەڕێتەوە بۆ سالانی شەست: کاتێ کە بۆردیۆ لە جەزائیری داگیرکراوی ئەو سەردەمەدا خزمەتی سوپای بەدوماهی گەیاندبوو، و کەوتبووە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی ژیانی هۆزە جەزائیرییەکانەوە [بڕوانە: بڕۆدیBroady، 1989، کالوارت Callewaert ١٩٩٤). وەختێ من ئەم ئاماژەیە دەکەم مەبەستم تەنیا ئەوەندەیە کە بەخوێنەر بڵێم: بۆردیۆ لە تیۆرەیەکی ئامادەوە ڕووبەڕووی واقیعی کۆمەڵگا نابێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی بەخەرجدانی هەستیارییەکی لە ڕاددەبەدەرەوە؛ دەستئەکات بە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی کۆمەڵگاو ئەو تیۆرەیەش دەهێنێتە بەرهەم کە لەتوانایدایە حەقیقەتی ئەو واقیعە ڕاڤە بکات. لە وتاری (سێ شێوە تیۆرەی زانستی)دا بۆردیۆ شتێ دەڵێ کە تەواوی ئەو مەبەستەی پێشوو ڕووندەکاتەوە: «تیۆری بەبێ توێژینەوەی مەیدانی تیۆرییەکی بەتاڵە، ئەمە لە کاتێکدا توێژینەوەی مەیدانی بەبێ تیۆری، توێژینەوەیەکی نابینایە».
هەرچۆنێ ڕاڤەو پێناسەی تیۆرییەک بکەین هێشتا نابێ چاو لەو ڕاستیە بپۆشین کە تیۆری لەدوا ئەنجامدا ڕوانینێکە لە ڕوانینەکان بۆ دنیاو دەوروبەر، نەک دەقێکی ڕەها کە دوا ڕاستیمان لە بارەی دنیاو دیاردەکانەوە پێدەڵێ. زاراوە تیۆرییەکانیش ئەو هۆکارانەی بیرکردنەوەن کە پرۆسەی شیکردنەوەمان لە بوارێک لە بوارەکاندا بۆ ئاسان دەکەن. بەزمانێکی تر، دەبێ زاراوە تیۆرییەکان گەیەنەرو ڕوونکەرەوەو دەربڕی ڕاستیەکانی واقیع بن؛ نەک خودی ئەو ڕاستیەبن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵدەدەم بەهێمنی هەنگاوێ بەرەو ناساندنی گرنگترین ئەو زاراوانە هەڵهێنمەوە، کە لەتیۆرەی پراکسیۆلۆژی بۆردیۆدا گرنگی تایبەتیان هەیە. ئەو زاراوانەش بریتین لە: *کایەی کۆمەڵایەتی، هابیتۆس و سەرمایە* کە هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی سیستەماتیزەکراوی یەکبەدوای یەکدا ڕوونیان بکەمەوە.

*کایەی کۆمەڵایەتی:*
کۆمەڵگای هاوچەرخ بەلای بۆردیۆوە، کۆمەڵگایەکە لەچەندین کایە پێکهاتووە. واتە لەزنجیرەیەک پانتایی سنورداروو نیمچە سەربەخۆ کە هەریەکەیان یاساو شێوازی بابەتیانەی خۆیان هەیە. کایەیەکی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پانتاییەک یان قەڵەمڕەوێک، کە لەناویدا جەنگێکی واقیعی لەسەر کەرەسەو دەسەڵات بەرپادەبێ. کایە، بەپێی ئەو شتەی شەڕەکەی لەسەر دەکرێ، پێناسەش دەکرێ. جا دەشێت ئەو شەڕە لەسەر پارە، دەسەڵاتی سیاسی، شەرەف، شوێنگەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هتد. بێت و ئەمەش بەمانای ئەوەیە، دەتوانین باسی کایەی ئابووری، کایەی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کایەی پەروەردە بکەین.
کاتێ دەستنیشانی کایەیەک دەکەین و سنووری ڕێژەییەکانی دەناسین، ئەوجا دەتوانی بەشێوەیەکی بونیادگەرانە یاساو شێوازەکانی ڕاڤەبکەین. ئەم یاسایانەش هەرتەنیا پێکهێنەری کایەکان نین، بەڵکو هەمان ئەو یاسایانە مەرجیشن بۆ بوونە ئەندام لە کایەیەکی تایبەتداو بەکارهێنانی عەقلیەتی ناو ئەو کایەیە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، کایەکان لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێکی ڕێژەییان هەیە؛ بەڵام بەهۆی سەربەخۆیی بوونەکەیانەوە لە دواجاردا قەڵەمڕەوێکی داخراوی کۆمەڵایەتین. لەلایەکی دیکەوە کارکردن و مانەوە لەهەر کایەیەکدا پێویستی بەزانین و شارەزایی هەیە لەبەکارهێنان و کارکردن بەیاساو زمانی ئەو کایەیەو، کەسێک بۆی نییە بەئارەزووی خۆی لە کایەیەکەوە بازبداتە ناو کایەیەکی ترو ببێتە ئەندام تیایدا. چونکە لەناو هەموو کایەیەکدا یاسای تایبەت ئامادەن کە دەستنیشانی دەکەن، چۆن شەڕ لەسەر دەسەڵات و کەرەستەکان ئەنجامبدرێ. واتە بەزمانێکی تر دەتوانین بڵێین: لەودیوو هەموو هەڵسوکەوتێکی ناو کایەکانەوە عەقلیەتێک هەیە جڵەوی هەڵسوکەوتەکان دەکات.
بەڵام ئەگەر کایەکان ئەو قەڵەمڕەوە سەربەخۆیانەی کۆمەڵگان، کە عەقلیەت و یاسای تایبەت بەخۆیانیان هەیە؛ ئایە دەشێت باس لە یەکسانی هەمان ئەو کایانە لەگەڵ یەکتردا بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەرچۆنێ بدرێتەوە هێشتا مەسەلەی یەکسانی بۆ کایەی (دەسەڵات) دەستنادات. کایەی دەسەڵات هەمیشە کایەی بالادەستە؛ کایەی بالادەستیش ئەو کایەیە کە شوێنپەنجەی خۆی لەسەر هەموو کایەکانی تر بەجێدەهێڵێت و مەرجەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ. لەلایەکی ترەوە، کایەکان بەپێی هەلومەرجی مێژوویی دروست دەبن و لەناو دەچن. یاخود ڕاستر وایە بڵێم:

لەژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی ئەندامەکانیا هەم ڕەهەندە مێژوویی یەکەیان دەگۆڕدرێ و، هەم ئەو ڕەهەندەش کە لە(ئێستا) دا هەیانە. هەر لەبەر ئەوەیشە کە بونیادی هەر کایەیەک تەنیا ئەوکاتە قابیلی لێتێگەیشتنە، کە توانیمان پایە پێکهێنەرەکانی و ئەو دژایەتیانەش پێناسەبکەین؛ کە هەم لەنێوان پلەو مەقامی دەسەڵاتی ناو ئەو کایەو هەم لە نێوان ئەو کایەیەو کایەکانی تردا ئامادەن. ئەمجا مادام کایەکان دروستبووی پرۆسەی مێژوون ئەوە بەپێویست هەڵگری ئەو ڕەگەزانەشن کە لە شەڕەکانی پێشتری ناو ئەو کایەوە بەمیرات ماونەتەوە. بۆیە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی کایەکان لەساتی ئێستایاندا، گەڕانێکی فزولیانەشە بۆ پاشماوەی ئەو جەنگانەی کە لەڕابردووی ئەو کایانەدا بەرپابوون. هەروەها دەبێ ئامـاژەی ئەو دژایەتی و پەیوەندیانەی دەسەڵات بکرێ کە لەئێستای کایەکاندا دەریدەخەن، چ هێزێ لەناو کایەکاندا هێزی کۆنەخوازەو چ هێزێکیش هەوڵی گۆڕان و دەسکاریکردنی بونیادەکانی کایە دەدات.

هەروەکو لە بەشی «هابیتۆس»یشدا دەگەڕێمەوە سەری، لای بۆردیۆ پێناسەیەکی تەواوبووی چەسپاوی چەمکەکان کارێکی زۆر سەختە. ئەو هەستیارییەی بۆردیۆ هەیەتی ڕێگە نادات ئاماژە بۆ پێناسەیەکی کۆنکرێتی چەمکەکان بکەین. سەبارەت بەکایە دەتوانین بڵێین: سەرەتایی ترین مەرجی پێکهاتنی هەرکایەیەک بریتییە لەوەی بەلای کەمەوە دوو ئەندام لەسەر ئەوە تەبابن کە: [ناکۆکن!]. واتە ناکۆکی بزوێنەری دنیای کایەکانەو ئەو هێزەیە مانەوەو گۆڕانی کایەکان فەراهەم دەکا. هەتا ئەکتەرەکان ناکۆک بن ئەوە کایەکان لە جموجووڵ و خۆ تازەکردنەوەدان، بەڵام هەرجۆرە تەبایی یەکی ئەندامان دەبێتە هۆی کوشتنی ووزەی ئەو کایەیە. چونکە لەو بارودۆخەدا هێزی دژو بەرەنگارکەر لە ئارادا نامێنێ و ئەمەش بەمانای ئەوەیە کایەکە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ.

لێرەوە، ڕەنگە بتوانی سەرجەمی پێناسەی چەمکی کایە بەمجۆرەی خوارەوە دابڕێژینەوە: هەموو چالاکییە مرۆڤیەکان لە چوارچێوەی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دێنە ئەنجام، (کایەی زانست، کایەی پەروەردە، کایەی ڕۆشنبیریی و هتد) واتە کایە هەمیشە کایەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بونیادێکی سەربەخۆی هەیەو لەناو ئەو بونیادەشدا چەندین ئاست و پلەی جیاوازی دەسەڵات هەن کە لەلایەن ئەندامەکانەوە بەڕێوەدەچن، بەڵام ئەندامبوونی کۆمەڵێ مرۆڤ لە کایەیەکدا بۆ نمونە (کایەی ڕۆشنبیریی)، بە مانای ئەوە نیە کە هەموو ئەندامان لەگەڵ یەکتردا تەبان و ناکۆکیان لەنێواندانیە. بەپێچەوانەوە ئەوان ناکۆکن و شەڕ لەسەر شتێ دەکەن یان لەپێناوی مەبەستێکدا کە بەلایانەوە گرنگە. بۆچی ئەندامانی ناو کایەیەکی تایبەت پلەو مەقامی جیاوازیان هەیە لەبەرئەوەی هەر ئەندامێ لەسەر ئاستی ڕێژەی ئەو سەرمایەوە کە لەو کایەیەدا کەڵەکەی کردووە؛ پلەو شوێنیش وەردەگرێ. بۆ نمونە بۆردیۆ لە نامیلکەی [توندوتیژی ڕەمزی: توێژینەوەیەک لە بارەی سۆسیۆلۆجیای پەروەردەوە]<٢٥>، کە یەکێکە لە قورسترین و ئاڵۆزترین دەقەکانی؛ کایەی پەروەردە وەک قەڵەمڕەوێک پێناسە دەکا، کە لەناوخۆیدا دوو دژی کۆکردۆتەوە: لە لایەکەوە کەسانێ هەن نەریتی ئەو کایەیە دەپارێزن و ئەمانە پێیانوایە دەزانن (پەروەردە) چییە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەقۆناغێکی دیاریکراوی پەروەردەییدا زۆرترین سەرمایەی ڕۆشنبیرییان لەبارەی (پەروەردە)وە هەیە. ئەم سەرمایە ڕۆشنبیرییە لەناو هەمان ئەو کایەدا گەشەی پێدراوەو ئەنجام و بەرهەمی ئەو شەڕانەیە کە پێشتر بەرپابوون. کەواتە ئەوانەی نەریتی کایەکە دەپارێزن لەهەمان کاتیشدا بەرگری دەکەن لەو دەسەڵاتەی بۆیان ماوەتەوەو نایانەوێ تەختی شایەتی چۆڵ بکەن. لە بەرامبەر ئەم گروپەدا کە دەشێت ژمارەیان زۆر کەم بێت، گروپێکی تر هەن کە دژی ستراتیژی کۆنە خوازەکان و نەریت پەرستەکان دەوەستنەوەو کەرەکیانە ڕووخسارێکی دیکەبدەنە کایەکان. ئەمانەش بەزۆری گەنجترین و تازەترین ئەندامانی کایەکەن و ڕەنگە خاوەنی سەرمایەیەکی ئەوتۆی ڕۆشنبیریش نەبن. بەڵام خودی بەرەنگار بونەوەکەیان دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندی نێوان ئەوانەی لە کایەکەدا بڕیاریان لەدەستدایەو ئەوانەی بڕیارەکان ڕادەبەڕێنن: ئەنجامی ئەو گۆڕانەش لە پەیوەندیەکاندا بەوەدێتەوە، کە سەرمایەی ناو ڕۆشنبیری ناو کایەی (بۆ نمونە ڕۆشنبیری یان پەروەردە) سەرلەنوێ دابەشکرێتەوەو جێگۆڕکێ لەنێوان پلەو ئاستەکاندا ڕوودات. بەواتایەکی دی، دەشێت لەهەمان کایەدا چەندین تیورەی پەروەردەیی و ئاراستەی ڕاڤەکردنی پەروەردە بکەونە شەڕکردن لەگەڵ یەکداو هەریەکەیان هەوڵبدات پلەو مەقامی خۆی لەچاو پلەو مەقامی تیۆرەکانی تردا بباتەسەر. لەئەنجام و بەردەوامبوونی ئەم شەڕانەدایە کە ئەندامەکان

بەسەر دوو لایەنی دژبەیەکدا (تەقلیدی و تازەگەر!) دابەش دەبن و ململانێ ی نێوانیان دەبێتە هۆی نوێ بوونەوەی ووزەی کایەکان؛ واتە هەم نوێبوونەوە لەخودی هەر کایەیەکداو هەم کایەکانیش لەبەرامبەر یەکتردا. پێموایە ئەم خاڵەش دەروازەیەکی لەبارە بۆ چوونە ناو باسی چەمکی [هابیتۆس Habitus]ـەوە.

*هابیتۆس:*

بەلای بۆردیۆوە واقیعی ژیانی کۆمەڵگا دوو ئاستی هەیە یاخوود دوو «بوون» دەژی. یەکەمیان کایە کۆمەڵایەتیەکانن کە وەک گوترا دەکەونە دەرەوەی تاکەکانەوەو بونیادی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەمیش بریتیە لە واقیعی کۆمەڵگا لە ژیانی تاکەکاندا، بەم پێیەش هابیتۆس بوونی واقیعی کۆمەڵگاو کایەکانە لە جەستەی تاک دا. ئەمەش تەنیا پێناسەیەکی هەزارانەی چەمکی هابیتۆسە، چونکە بۆردیۆ نەک هەر تەنیا پێناسەیەکی کۆنکرێتی بۆ هابیتۆس نەکردووە، بەڵکو بەدەگمەن لەدوو بەرهەمیشیدا بەهەمان مانا بەکاری هێناوە (کالۆارت1994). لەباشترین شێوەدا، بۆردیۆ (هابیتۆس) بە سیستەمێک پێناسە دەکا، کە تاکەکان لەرێگەیەوە لە دنیای دەرەوە تێدەگەن و بەهۆیەوە هەڵیدەسەنگێنن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا، هابیتۆس سیستەمێکیشە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەو پراکتیکانە<٢٦>. بەمجۆرە دەتوانین لەسەر هەوڵدان بۆ ناساندنی چەمکی هابیتۆس بەردەوام بین بەبێ ئەوەی دوا پێناسەمان کردبێ. دەمەوێ بڵێم: پێناسەکان بۆ چەمکی ناوبراو لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین، بەڵام هیچکامێکیشیان بەتەنیا ناتوانن پێمانبڵێن لەدوا ئەنجامدا هابیتۆس چییە؟

ئەگەر لەو پێناسەیەی بۆردیۆ، کە دەڵێ: هابیتۆس سیستەمێکە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی زیاتر قوڵ ببینەوە؛ بۆمان ڕووندەبێتەوە کە، ئەو سیستەمەی بۆردیۆ باسیدەکات، سیستەمێکی (بەجەستە بووە). واتە لەناو یەک بەیەکی ئێمەدا ئامادەیەو دەوری دەزگایەک دەبینێ کە بەرنامەو پلانی تاکەکان لەناو کایەکاندا جڵەو دەکا. هابیتۆس لە یەک کاتا دەستنیشانی دەکات، کە ئێمە چۆن لەدنیاو دیاردەکان تێبگەین و هەڵیانسەنگێنین؛ لەهەمان کاتیشدا ئەو پرنسیپانەمان بۆ دەستنیشاندەکا، کە پێویستە لە هەڵسوکەوت و پراکتیکماندا ڕەچاویان بکەین. بەڵام خۆ ئێمە لەهەموو کاتێک و بارودۆخێکی پراکتیککردندا، بەرامبەر بەبڕیارو چۆنێتی جیاکردنەوەی دیاردەکان و دەستەبەندیکردنیان هووشیارنین. بەڵکو زۆرجار ئەو هۆکارە شاراوانەش دەور لە بڕیارەکانماندا دەبینن کە پشتاوپشت بۆمان ماونەتەوەو لە ساتێک لە ساتەکانی پراکتیککردنماندا سەرلەنوێ بەگەڕ دەکەونەوە، کاریگەری نادیاری خۆیان جێدەهێڵن. ئەمەش بەبێ ئەوەی پرسیار لەخۆمان بکەین بۆچی ئەو کارەمکرد؟ بۆچی ئەو بڕیارەمدا؟ بۆچی ئەو شتەم هەڵبژارد؟ بۆچی چێژم لەو خواردنەوە، لەو ڕەنگە بینی و هتد..

ئابەم پێناسەیە لێکچوونێک هەیە لەنێوان چەمکی(هابیتۆس) لای بۆردیۆ و (نەستی کۆ) لای یۆنگ. بەڵام من نامەوێ زیاتر لەسەر ئەمە برۆم و بەوەندە دەبیرێنمەوە کە تێگەیشتن لە چەمکی (نەستی کۆ) تێگەیشتن لە چەمکی هابیتۆسیش ئاسان دەکات، یاخود بەلای کەمەوە بەراوردی ئەو دوو چەمکە باسێکی سەرنجراکێشەو هیوادارم لە دوارۆژدا کەسانێ بەو کارە راپەڕموون.

پێشتر ئاماژەم بۆ عەقڵیەتی ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان کردو گوتم، کارکردن بەو عەقڵیەتە پێشمەرجە بۆ ئەندامبوون لە کایەیەکدا. ئێستا دەتوانین بڵێین یاخود بهێنینە پێشچاوی خۆمان، کە کایەی کۆمەڵایەتی مەیدانێکی یاریکردنەو مەرجی بەشداربوونیش لەو یاریەدا بریتیە لە شارەزایی یاساکانی ئەو یارییە. بەم پێیەش تاکەکان دەبنە ئەو یاریکەرە شارەزایانەی ناو کایەکان، کە یاساو نەریتی ئەو کایانە چۆتە جەستەیانەوەو «تێکەڵ بەلەشیان» بووە. واتە هابیتۆس وەک ئامادەکەرێکی یاخود پاڵنەرێکی تاکەکان ئیش دەکات کە هانیان دەدات بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا، کە لەناو کایەکاندا لەسەر دەسەڵات دەکرێ. واتە هابیتۆس لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژو شێوەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنەی بارودۆخەکان دا خۆی دەردەبرێ کە ئەندامانی هەر کایەیەک لەکاتی شەڕکردنیاندا لەناو هەمان ئەو کایەدا بەکاریان دەهێنن.

بەمانایەکی تر، هابیتۆس سیستەمێکە بۆ بەرهەمهێنانی هەڵسوکەوت و وێناکردن کە لەژێر کاریگەری هەلومەرجە مادییەکانی ژیاندا دروست دەبێت و لە سەرەتای ژیانی تاکەکانەوە؛ واتە لە قۆناغی بە کۆمەڵایەتیبوونیاندا، هەندێ بناغە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دادەڕێژێ. واتە هەندێ

کارەکتەر دروست ئەکا کە ئەم کارەکتەرانە لە هەمان کاتیشدا تایبەتن بەشێوە ژیانی خێزان و چینێکی تایبەتیەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە تاک وەک نوێنەری چین و خێزانێک بەشێ لە سیستەمی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەو خێزان و چینەش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دووبارەیان دەکاتەوە. رەخنەگرەکانی بۆردیۆ ئەم پرۆسەی دووبارەکردنەوەیە بە(جەبرییەتی هابیتۆس) ناو دەبەن. بەڵام بۆردیۆ ناوی دەنێ [ئامادەیی بونیادە دەرەکیەکان لە ناوەوەو ((ناوەوەی تاک))و ئامادەیی ناوەوەش لەناو بونیادە دەرەکیەکاندا.] ئەم دوو جۆرە ئامادەبوونەش بەهیچ جۆرێ لەسەر ئاستێکی میکانیکی یەوە روونادات. چونکە هەبوونی بونیادە دەرەکیەکان لە هەبیتۆسی تاکەکاندا، بەمانای ئەوە نی یە کە تاکەکان وەک رۆبۆت لە ژێر فەرمانی ئەو بونیادانەدا کاردەکەن. چونکە هابیتۆس لەهەمان کاتیشدا بوارێکی کراوەیە لەبەردەم تاکەکاندا، تا بتوانن بەشێوەیەکی هووشیارانە وێناکردن و تێگەیشتنی نوێ بەرهەم بهێنن و بەتەنیا پابەندو گرێدراوەنەبن بە پێشنووسەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە.

لەبەرئەوە، ئەو هەڵسوکەوت و بڕیارە هووشیارانەی تاکەکان پێیان هەڵدەستن دواجار لەسەر بونیادەکانی دەرەوە رەنگدەداتەوەو گۆرانیشیان بەسەردا دێت. لێرەدا هەبیتۆس وەک ناوبژیکەرێک لەنێوان بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا خۆی پیشاندەدات کە، لەیەک کاتا «هەم بیناسازەو هەم بیناش دەکرێ»‹٢٧›. هەم تاک لە لیستەی بونیادە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگونجێنێ و هەم ئازادیشی دەداتێ خۆی بونیادی نوێ سازکات. بەم پێیەش هەم جەبری بونیادگەرایی لەدەسەڵات ئەکەوێ و هەم بەسەنتەرکردنی تاک لای دیاردەناسەکان. بەمانایەکی تر، هابیتۆس ئەو خەزێنەیەیە کە پڕە لە ستراتیژی جۆراوجۆر؛ تاک لەهەر باروودۆخێکی تایبەتدا یەکێک یان زنجیرەیەک لەو ستراتیژیانە هەڵدەبژێرێ و کاریان پێدەکات. (دۆنالد برۆدی) کە یەکێک لە بۆردیۆناسەکانی سوێدەو چەندین کاری بەسوودی لەمەڕ تیۆرەی پراکسیۆلۆژی یەوە بڵاوکردۆتەوە؛ چەمکی هابیتۆس بەچەمەدانێک دەچوێنێ پڕبێت لە پلانی جۆربەجۆر کە دەستنیشانیدەکەن چۆن تاک بەپێی پێویستی باروودۆخێکی کۆمەڵایەتی؛ هەڵسوکەوت بکا، بیربکاتەوە، تێبگات و شتەکان بنرخێنێ‹٢٨›.

ئەوەی کەئێمە شتێ، هەڵسوکەوتێ یاخود بڕیارێک بە(باش) یان (خراپ) دەقەبڵێنین؛ پەیوەندییەکی ئەپساوی هەیە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی چ هەبیتۆسێکین. دەتوانین سوود لە زمانی میتافۆر وەربگرین و بڵێین: هابیتۆس ئەو «دووربین»ەیە کەئێمە لەپێشینەکانمانەوە بەمیرات بۆمان ماوەتەوەو ناچارین لێوەی بڕوانینە دنیاو شتەکان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بەهۆی ئەو ئازادییە رێژەیی یەی هەمانە؛ دووربینە میراتیەکەمان بەپێی کات و هەلومەرج و شوێنەکانمان سەرلەنوێ میزان بکەینەوەو هەم لێوەی بڕوانین و هەم پێی بڕوانین. وەلێ فیکرەی تووڕدانی یەکجارەکی شتێکی مەحاڵە، چونکە: «بەشێوەیەکی هێندە سروشتی بۆتە بەشێ لەئێمەو تێکەڵمان بووە؛ کە هەرگیز گومانی لێنەکەین و بەردەوام وەک حەتمیەتێک تەماشای بکەین»‹٢٩›.

*سەرمایە:*

بۆردیۆ لەنێوان چوار جۆر سەرمایەدا جیاوازی دەکات:

<u>جۆری یەکەم:</u> بریتیە لە سەرمایەی ئابووری و پێویست ناکات لەسەری برۆین.

<u>جۆری دووەم:</u> بریتیە لە سەرمایەی رۆشنبیریی کە بۆردیۆ سێ ئاستی ئەم جۆرە سەرمایەیە دەستنیشاندەکات، «أ»: سەرمایەی فەردی کە بریتیە لە توانا و لێزانی تایبەتی تاک لەڕووی فێربوون و جەستەو رەفتارەوە. ئەمانە ئەو شتە تایبەتیانەن کە تاک خاوەنیانەو لە دوای مردنی خۆی نادرێ بەکەسی تر. «ب»: سەرمایەی بەرجەستەی وەک شتی بەمیرات بۆ ماوە، شتی عەنتیکەو گرانبەها. «ج»: بڕوانامەی خوێندن و پسپۆڕی، کە ئاست و پلەی تاک لە کایەی پەروەردەدا نیشاندەکات.

<u>جۆری سێهەمی سەرمایە،</u> بریتیە لەسەرمایەی کۆمەڵایەتی. مەبەست لەسەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە (نفوز)و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاک و ئەو دەسەڵاتەی بەهۆی ناسیاوی و خزمایەتیەوە بەدەستی دەهێنێ.

<u>سەرمایەی رەمزیش،</u> چوارەمین جۆری سەرمایەیە لای بۆردیۆ. ئەم جۆرە سەرمایەیە بریتیە لەناوو ناوبانگ و قسەڕۆیشتوویی و هتد.

هەموو ئەم جۆرانەی سەرمایە شێوازی جیاجیای دەسەڵات و باڵادەستین و پەیوەندییەکی تەواویشیان بەیەکتروە هەیە. واتە بۆی هەیە سەرمایەی ڕەمزی ببێتە هۆی زیادبوونی سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی ئابووریش سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بهێنێتە دەست.‹٣٠›.

بۆئەوەی بەشێوەیەکی شارەزایانە بەشداری لە شەڕی نێو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین، بۆردیۆ دوو مەرج دەستنیشاندەکات: دەبێ ئەندامی هەر کایەیەک کەسێکی زیرەک، چووست و زانابێت بە یاساکانی ناو ئەو کایەیەی خۆی تیادەبینێتەوەو، دەبێ خاوەنی هەندێ سەرمایەش بێت کە بتوانێ لە خەزنەی کایەیەکدا دایبنێ.

ئەو شەڕەی لەناو کایەکاندا لەسەر دەسەڵات بەرپادەبێ، شەڕێکی یەکسان نییە، بەومانایەی ئەندامەکان هەموویان شەڕکەرن؛ وەلێ بەئاستی جیاوازو ڕادەی بەشداربوونی جیاواز. هۆی ئەم نایەکسانیە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەندێ لە شەڕکەران لێزانترن و توانایەکی باشتریان هەیە بۆ بردنەوە. واتە لە بەکارهێنانی یاسای ناو کایەکاندا شارەزاترن و ئەمەش فرسەتیان بۆ دەڕەخسێنێ ڕێژەیەکی زیاتر لەو شتە بکەنە هی خۆیان کە لەناو کایەکەدا شەڕی لەسەر دەکرێ. بەڵام ئەو تواناو لێزانیە لە هەمان کاتیشدا ئازادیەکی پتریان دەداتێ لەچاو ئەو ئازادیەی یاساو سیستەمی ناو کایەکەیان ڕێگەی پێدەدات. وەلێ واتێ شارەزاو لێزانیش بوویت، کە سەرمایەت نەبوو لە خەزێنەدا کەڵەکەی بکەیت بەچیدەچێ؟! کەواتە هەبوونی سەرمایەش هێندەی لێزانی و زیرەکی بۆ بەشداربوون لەو [شەڕ/ یاری]یەدا گرنگە.

ئەو (سەرمایە پێویستە)، دەشێت کەلوپەلی ماتریاڵ بێت، پارەبێت، سەیارەبێت؛ هەروەکو چۆن دەکرێ سەرمایەی ڕۆشنبیریش بێت. واتە ئەو شارەزایی و هەڵسوکەوتە دانپیانرا وانەبێت کە پلەو ئاستێکی تایبەتی خوێندەواری و هونەروەری کەسێکمان پێدەناسێنن‹٣١›.

لە هەموو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا جۆرێکی تایبەت لە جۆرەکانی سەرمایە، لە مەترسیدایە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە؛ مەرج نیە ئەو سەرمایەیەی لە کایەیەکدا دەیبەینەوە ببێتە هۆی ئەندامبوونمان لە کایەیەکی تردا. وێڕای ئەمەش هەموو پلەو پایەیەکی ناو کایەیەک لە کایەکان، پێویستی بەجۆرێ لەسەرمایەی تایبەت هەیە کە نرخی ئەم سەرمایەیە بەپێی بەرزبوونەوەی پلەوپایەش زیاد ئەکات. هەتا پلەو پایەی بەرزتر بەدەست بهێنین زیاتر دان بەسەرمایەکانماندا دەنرێ و زیاتر مەشروعیەت وەردەگرین. بەڵام هەروەکو چۆن سەرمایەی ناو کایەیەک بە پێویست نابێتە سەرمایەی دانپیانراوی ناو کایەکانی تر؛ ئاواش سەرمایەیەک ناگۆڕدرێتەوە بەجۆرێکی تری سەرمایە: کەس ناتوانێ بەپارە (ڕۆشنبیریی) بکڕێ و هیچ ڕۆشنبیرێکیش بەپێویست لەبەر ڕۆشنبیریەکەی پارەدار نیە. مەرج نیە پارە خەرجکردن بۆ کەسێ، ئەو کەسە بکاتە هاوڕێ و برادەرمان و لەمێژە گوتراویشە سەربەرزی بەپارە نایەتە دەست؟ ئەمانە هەموویان پێویستیان بەجۆرێکی تایبەت لە سەرمایە دانان هەیە، کە بۆردیۆ ناوی دەنێ سەرمایەی ڕەمزی.

سەرمایەی ڕەمزی بریتیە لەو نرخ و بەهاو دانپیانانەی (اعتراف) کە سەرمایەیەکی تایبەت لەناو کایەیەکی تایبەتدا بەدەستیهێناوە. واتە ئەوەی شوێن گرنگی و شایانی دانپیانانە بریتیە لە (نرخ)ی ڕەمزیانەی سەرمایەکەو هەر ئەم نرخە ڕەمزییەشە کە لەشەڕی ناو کایەکاندا دەبرێتەوە یان دەدۆڕێنرێ لێرەوە پێویستە بزانین ئەو شەڕەی لە کایەکاندا لەسەر دەسەڵات دەکرێ؛ هەر تەنیا بۆ ئەوە نیە سەرمایەی ڕەمزی پتر بێتە دەست؛ بەڵکو بۆ ئەوەیشە هەندێ «سامان و توانا»ی تریش وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی دانیان پیابنرێ.

هەروەکوو لە پێشاندا باسی لێوەکرا، لە ناو کایەکاندا پلەوپایەی جیاواز لەئارادان و پێویستە ئەو «جیاوازی»یە دەستنیشان بکرێ. واتە دەبێ هەندێ نیشانە هەبن تا لەڕێگەیانەوە جیاوازییەکان ئاشکرابن و پلەوپایەکان لێکدی جودا بکرێنەوە. دەشێت ئەو نیشانانە زۆر شت بن؛ وەک خانوو، کێڵگەو ماڵات، ئوتومبیل، کارگەو هتد.. هەروەها ڕێی تێدەچێ جۆرێ لە چالاکی تایبەتیش بن (ئەسپسواری، ڕاوە تاژی...). گرنگ خودی نیشانەکان نین، گرنگ توانای نیشانەکانە بۆ جیاکردنەوەی خەڵکانێک لە کەسانێکی تر. ئەو کەسەی ئەسپسواری بەچالاکیەکی باشتر لە (بۆ نمونە: شەرە کەڵەشێر) دەزانێ، خۆشی لە هەموو ئەوانە جیادەکاتەوە کە پێیان وایە شەڕەکەڵەشێر خۆشترین سەرگەرمیە. لێرەدا وشەی «باشتر»، «خۆشتر»و وشەگەلی لەم بابەتە دەربڕی وێناکردنێکی تایبەتیشن بۆ دنیا. دەلالەت لە دوو وێنا (تصور) کردنی جیاواز، لە دوو تێگەیشتن و چێژبینینی جیاواز لە دنیاش دەکەن‹٣٢› کەواتە شەڕی ناو کایەکان هەر بەتەنها

شەڕنیە لەسەر ماتریاڵ و سامان و پلەوپایەکان، بەڵکو شەڕیشە لەسەر تێگەیشتن و دنیابینی و وێناکردنەکانیش؛ شەڕێکە بۆ خۆجیاکردنەوە‹٣٣›.
جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ هابیتۆس. پێشتر ئەوە گوترا کەلای بۆردیۆ هابیتۆس سیستەمی هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی تاکەکانە لەسەر دنیا. بەڵام لەهەمان کاتیشدا سیستەمێکە بۆ خۆجیاکردنەوەو دەستەبەندیکردن: (ئامادەبوونی ئەکتەرەکانە بە باشترین تواناکانیانەوە)‹٣٤›. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە دوو گۆشەی تێڕوانین دەستنیشانی دنیابینی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکات: یەکەم، ئەو پلەو پایەیەی لە کایەکاندا هەیانەو، دووەم هابیتۆسەکەیان. ئەمە چۆن لێک بدەینەوە؟ پێشتر بە دووروودرێژی لەوە دوام کە (ناکۆکی) داینەمۆی تازەبوونەوەی کایەکانەو مەرجی دروستبوونی کایەشە. ئێمە کاتێک ناکۆکین بەمانای ئەوەیە هەریەکەمان دنیا بەجۆرێک و لە گۆشەیەکەوە دەبینین، ئەندامبوونمان لە کایەیەکدا چارەسەری ئەوە ناکات، چونکە ئێمە بە(یەکسانی) لە کایەکاندا نین و پلەو شوێنی جیاوازمان هەیە، کەواتە بە پێویست وێناکردنی جیاوازیشمان بۆ دنیا هەیە.
لەو پێشەکیە تایبەتیەی چاپە ئەرویجیەکەی کتێبی [جیاوازی]دا بۆردیۆ چەمکی (چین) بە تێگەیشتنە مارکسیەکەی؛ واتە وەک ئۆرگانیزەبوونی گورووپێک لە پێناوی ئامانج و خواستی هاوبەش و لەدژی چینێکی تر؛ دەخاتە ژێر پرسیارەوە: (چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نیە... ئەوەی کە هەیە پانتاییەکی کۆمەڵایەتیە، پانتاییەک؛ کە لەجیاوازی پێکهاتووە)‹٣٥›.
ئەوەی کە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەدا هەڵسوکەوت ئەکەین، ئەوەی کە چالاکین و بەرنامەمان بۆ ژیان هەیە، ئەوەی کە حیسابی هەندێ لایەن دەکەین و لە پلانەکانمان ورد ئەبینەوە؛ هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ هەبوونی تێگەیشتنێک و وێناکردنێکی تایبەت لەسەر دنیا. ئێمە ڕێک و ڕاست بۆ دروستکردن و پاراستنی دنیایەک تێدەکۆشین کە یەکسان و هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی دەیکەینە بناخەی هەڵسوکەوتەکانمان. واتە چالاکی و هەڵسوکەوتەکانی ئێمە لەدوا ئەنجامدا تەئکید لەسەر ئەو وێناکردنانە دەکەنەوە کە بۆ دنیامان هەن. چونکە ئێمە لەپێشاندا جیهان وێنادەکەین؛ پاشانیش کاردەکەین و تێدەکۆشین بۆ ئەوەی (وێناکەمان) ببێتە (دنیاکەمان). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، بۆردیۆ نمونەیەکی سەرنجڕاکێش لە مێژووی بیرکردنەوەدا دەهێنێتەوە تا ڕوونیبکاتەوە؛ چۆن وێناکردنێکی جیاوازی دنیا، چۆن تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی تایبەتی دنیا دەشبێت ببێتە دنیایەکی واقیعی؛ چۆن تیۆرەیەک دەتوانێ دنیایەکی ڕاستەقینە بەرهەم بهێنێ:
مارکس لە قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا وێناکردنێکی تایبەتی لەبارەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە هەیە، کە ئەو کۆمەڵگایە لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتووە. بۆردیۆ ئەم دابەشکردنە ناو دەنێ، دابەشکردنی یاخود (چینایەتیکردنی تیۆریانە) کە لەسەر بنەمای جیاوازییە دیارو ئاشکراکانی ناو کۆمەڵگاوە دروستبووە. بەڵام وەک بۆردیۆ دەڵێ، چینایەتیکردنی تیۆریانەی دنیا «شتێکە تەنیا لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە» ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیرادەی تیۆریزان وادەخوازێ، نەک لەبەر ئەوەی واقیعی کۆمەڵگاو دنیا بەوجۆرەیە کە تیۆرییەکە دەڵێ! خاڵی سەرەکی بۆردیۆ لێرەدا ئەوەیە، کاتێ کۆمەڵگایەکمان خستە سەر کاغەزو ئەخشەیەکی تیۆریانەمان بۆ کێشا مەترسی ئەوە دێتە پێشەوە کە ئەو خستنە سەر کاغەزەی کۆمەڵگاو چینەکان لەدوا ئەنجامدا (وەک چینی ڕاستەقینەو واقیعی حیسابیان بۆ بکرێ)‹٣٦› دابەشکردن ڕاڤەی مارکس بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری هێندە بەقووڵی ڕەگ و ڕیشەی داکوتاو هێندە کاریگەری کردە سەر وێناکردنی مرۆڤەکان بۆ دنیای کۆمەڵایەتیان، کە خەڵک لەوەدوا پراکتیکی خۆیان بەجۆرێ ئاراستە کرد کە ئەو چینە کۆمەڵایەتیانە لەواقیعیشدا دروست بن...
ئەو شەڕەی لەپێناوی وێناکردن و تێگەیشتنێکی تایبەت لەدنیا بەرپادەبێ، شەڕێکە بۆ ڕێکخستنی ئەو هەلومەرج و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەش بەرپادەبێ کە بەلای چینێکی کۆمەڵگاوە «باشترین» هەلومەرجن. بەڵام خۆ ئەوکاتەی چینێک یان گروپێک باشترین هەلومەرجەکان دەخاتە خزمەت مەبەستەکانی خۆیەوەو پێناسەیان دەکا، شەڕەکە کۆتایی پێنەهاتووە. بەردەوامبوونی شەڕ لەوەدا خۆی دەبینێ کە ئەوە هەلومەرج و پەیوەندیانە لای سەرجەمی خەڵکانی تر بکرێتە هەلومەرج و پەیوەندی (ئاسایی)و سروشتی (طبیعی)، ئەمەش بەوەی بکرێنە بەشێ لە(هابیتۆس)ـەکەیان. کاتێ پێناسەی هەلومەرجەکان بەدەست چینێکی تایبەتەوەیە، سیاسەتی ئەو چینە ئەوەیە کە بەردەوام لەڕێگەی بەسروشتیکردنی نایەکسانی و جیاوازیەکانەوە؛ خەڵکی لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن

که بارودۆخی خۆیان وەک بارودۆخێکی سروشتی و ڕەوا ببینن و تەسلیمی بین. لێرەوە قوتابخانەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە دێن، تا ئەو ڕەوایەتیە بۆ پەیوەندی و پێناسەو ئەخلاقی چینی بالادەست دەستەبەر بکەن. ئەم دەزگایانە پرۆسەی بەسرووشتیکردن لە ئاستێکی ئایدۆلۆژی ڕووتەوە دەگوێزنەوە بۆ جەستەی مرۆڤەکان و لەناو جەستەی سەرجەمی کۆمەڵدا دەیانتوێننەوە. بۆردیۆ ئەم پرۆسیسی بەجەستەکردنە ناودەنێ (توندوتیژی ڕەمزی)و سیستەمی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی دەکاتە لانکی ئەو پرۆسێسە: «بەسرووشتیکردن لە قوتابخانەی سەرەتاییدا «.....» وەک سەرەتایەکی پێویستە بۆ هەموو بەسروشتیکردن (تطبیع)ـەکانی لەوە دوا»‹٣٧›.

ئا بەم جۆرە بۆردیۆ کایەی پەروەردە بەیەکێ لەکایە سەرەکیەکانی بەسرووشتیکردنی دەسەلات و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی چینی بالادەست لە قەڵەم دەدات. چونکە کایەی ناوبراو بەهۆی دەزگاکانیەوە لە توانایدایە بە باشترین شێوە بەرژەوەندی و نیەتی چینی بالادەست بکاتە شتی بەدیهی ناو هابیتۆسی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێمەی کورد لەسەر قوتابخانەو پەروەردە هەمانە.

<u>دواسەرنج</u>: لەسەرەتای کتێبی [جیاوازی]دا بۆردیۆ خاڵێکی زۆر گرنگ ڕووندەکاتەوە: ئەم کتێبە باسی وڵاتێک دەکات کە من زۆرباش دەیناسم، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی تیایدا لەدایکبووم یاخود بەزمانەکەی دەدوێم؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژە لێیدەکۆڵمەوە، فەرەنسا ئەو وڵاتەیە. ئایە ئەمە بەمانای ئەوەیە باسەکەم تەنیا بە وڵاتێکی تایبەتەوە سنووردار ئەکەم؟ بڕوا ناکەم، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ویستومانە مۆدێلێکی پانتایی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی بخەینەڕوو، مۆدێلێ کە من لەسەر کۆمەڵگی فەرەنساییەوە بەرهەممهێناوە، ئەوە هەمیشەش کۆمەڵگاکانی ترم لەبەرچاو بووەو باسیان دەکەم (....) بەلام لە ئاستە کۆنکرێتیەکەیدا دەتوانم بڵێم کارەکەی ئێمە توێژینەوەیەکە لەسەر پانتایی یە کۆمەلایەتیەکانی فەرەنسای سالانی هەفتا‹٣٨›.

ئەم ڕوونکردنەوەیەی بۆردیۆ زۆر گرنگە، چونکە پێماندەڵێ چۆن ئیش بە بونیادە تیۆری و میتۆدیەکانی بۆردیۆ بکەین. بە بڕوای من دەشێت بەمجۆرە لەو ڕوونکردنەوە تێبگەین: پرۆژەی بۆردیۆ تیۆرەیەکی (<u>چەسپاو</u>) یان (<u>تەواو بوو</u>)نیە لەبارەی (<u>کۆمەڵگاکانەوە</u>)؛ بەڵکو بەر لەهەر شتێ هەوڵدانێکی تیۆری یە بۆ توێژینەوەی قۆناغێکی تایبەت لە ژیانی کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، کە لەهەڵبژاردنی بۆردیۆدا ئەو کۆمەڵگایە فەرەنسای سالانی «٧٠»یە. بۆیە وەک بۆردیۆ دەڵێ، هەموو هەوڵدانێ بۆ سەپاندنی چەمکەکانی ئەم تیۆرەیە بەسەر کۆمەڵگای تردا؛ بەبێ لەبەرچاوگرتن و ناسینی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە کارێکی دوور لە بەرپرسیاری زانستیە. ئەو چەمکانە چوارچێوە نین بۆ هیچ کۆمەڵگایەک بەڵکو هۆکارێکن تا هەم بیریان پێبکەینەوەو هەم لەگەڵیاندا بیر بکەینەوە.. ئیتر سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە یەکێ لە بونیادەکانی کۆمەڵگا وەک «ژێرخان»و هۆی بنەڕەتی ئۆرگانیزەبوونی لایەن و بونیادەکانی تر لێک بدەینەوە. چونکە کاتێ تاقە بونیادێکمان کردە بونیادی سەرەکی و بالادەست، بۆ نمونە «ئابووری»، ئەوە سەربەخۆیی نیسبیانەی بونیادەکانی ترو لۆژیکی ناو کایەکان پشتگوێ دەخەین و بونیادە شاراوەو کاریگەرەکانی ناو کایەکان نابینین. کایەکان لەیەکدی دابڕکراونین بەڵکو لە پەیوەندی و ئالوگۆڕدان. . بۆردیۆ بەشێوەیەکی تیۆری بواری ئەوەی ڕەخساندووە هەم سەربەخۆی کایەکان و هەم ئالوگۆڕی نێوانیان لە بەرچاو بگیرێت.

×کۆتایی سالی ٩٥-١٩٩٦/٧

دانمارک

پەراوێزەکان:

1-Bourdieu, pierre: centrale tekster inden for sociologi og kulturteori (1994) sid 52.

2- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لەل: ٥٢-٦٩

3-Bourdieu, piere: (Distinctiion, asocial critigue of the judgement of tast) aeang-land: Routlege 1984.

پەراوێزەکان:


1- Bourdieu, pierre: centrale tekster inden for sociologi og kulturteori (1994) sid 52.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٥٢-٦٩

3-Bourdieu, pierre: (Distinction, a social critique of the judgemrnt of tast) England: Routledge 1984.

4-Bourdieu, pierre: (Distinksjonen- en sociologisk kritikk av dommekraften) Oslo: pax 1995.

5- Platon: (Faidon). Kobenhavn: Hans Reizels Forlag, 1963 og 1993.

٦- دیکارت، رینییە: تأملات ص ١٤ .

7- Kemp, Peter: (Sprogets dimensioner). KOB: Berlingske forlag 1972 sid 17.

8- Fink, Hans, (+12): Menneske samfund Natur, indforing i filosofi). KOB: Gyldendatske boghandel 1993 sid 43-73.

9-Bourdieu, pierre: (1994, sid 59)

١٠-ابراهیمی پریچهر: پدیدار شناسی. ایران: نشر دبیر ١٣٦٨ ص ١٢٦- ١٢٧

11- Bourdieu, pierre: (1994, s. 54)

12- Bourdieu, pierre: (1994, s.72)

١٣- سەرچاوەیەکی باش لەم بارەیەوە ئەو کتێبەی (ئیدموند لیچ)ە. بڕوانە:

A- Leach, Edmund: (Claude Levi - Strauss) Kob: Haslev 1970.

B- ادمون لیچ: (لوی استروس) ایران - تهران چ دوم: ١٣٥٨ . ت: حمید عنایت. جێگەی سەرنجە کەە (لیچ)یەکێکە لە سۆسیۆلۆژە پێشڕەوەکانی بەریتانیاو لە بارەی کوردیشەوە لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە.

١٤- بابک احمدی: حقیقت و زیبایی (درس های فلسفەی هنرم، تهران: مرکز ١٣٧٤ ص ٢١٧-٢١٨

Stromninger det 20 arh bd. 1. Kob: Amanda. sid. 145-175.

15- Gregersen, Frans ogkoppe: Ide - historie, ideer og

16- Bordieu , p: (1994, s. 53)

١٧- انتونی گیدنز (Antony Giddens) (دورکم) تهران، خوارزمی ، ص٣١ ت: یوسف ابازری.

18- Bordieu , p: (sid 72)

19- Bordieu , p: (sid 56)

20- Bordieu , p: (sid72)

21-Bordieu , p: (sid53)

22- Bordieu , p:(54-55)

23-Bordieu , p:(59)

24-Bordieu , p:(72)

٢٥- بیربوردیو: العنف الرمزی (بحث فی اصول علم الاجتماع التربوی) ت: نظیر جاهل ط: ١٩٩٤ الرکز الثقافی العربی.

26-Bordieu , p:(1994 sid 60)

27-Bordieu , p:(A) Distinction 1984 p.170. (B)Distinction 1995 sid 37.

28- Broady, Donald. kapital, Habitus och Fält sid 21.

٢٩- بیربوردیو: الرمز السلطه - ت: عبدالسلام بنعبد العالی ١٩٩٥ ص٧٧

30-(A) Fischer, Jean: (Er framtiden stadig mulig) Kob. 1987, sid 31-35.

(B)محمود روح الامینی: زمینه فرهنگ شناسی - تهران ١٣٦٢ ص١١٨-١١٦

31-Bordieu , p: (Distinction) 1984 p 112-113.

32-Bordieu , p: (Distinction) sid 232.

33- Ibid. s. 238.

34- Ibid. s 232.

35- Ibid. s. 42.

36- Ibid. s.39.
37- Bordiu, p: Distinksjonen sid 30.


هەندێ سەرچاوەی تر کە سودیان لێوەرگیراوە:

# Lubcke, poul: (vor tids filosofi) 1 og 2. Kob: politikens forlag. 1988.
# Andrsen, Heine: (sociologi - en grundbog til et fag) Kob: Hans R. forlag; 1992.
# Callewaert, staf; (kultur, pedagogisk og videnskab - om pirre Bordieus habitusbegreb og praktikeori. (vi borg: Akademiske forlag 1992.
# Osterud, Svein: (Handlingsteori: fra livsverden tid habitus) - politica arg 26, nr: 4. 1994. s 404-419.
# Sestoft, Carsten: (kultur og klasse - igen). kultur og klasse. 75/21 arg. nr: 1, s 117-136.
# مەریوان وریا قانع: شەڕی ناوخۆ: خێڵ، حیزب، سیاسەت./ گۆڤاری ڕەهەند ژ ١/١٩٩٦ ل: ١٧-٥٥
# الكرمل: اين حدودك يا اوروبا؟ العدد ٤٤- ١٩٩٢ ص٦٤-٨٠
# Dahl, Henrik: (Nogle erfaringer med at oprrationalisere Bourdieu) Media kultur 24/ 1996. s. 5-19.
هاشم صالح: في محمد اركون (الفكر الاسلامي: نقد و اجتهاد) ص ٣٠ هامش رقم (٢).


---


**بڵاوکراوەی نوێ**
**ڕۆمانی: ئاوێنە سەرابییەکان**
**نووسینی: هیوا قادر**

**دەتوانرێت بە ناونیشانی ڕەهەند داوا بکرێت**
**نرخی : ٦٠ کرۆنی سوێدییە**

ڕۆمان
هیوا قادر
**ئاوێنە**



**سەرابیەکان**

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (نەصر حامد ئەبوزێد) دا

کارەساتی نەصر حامد ئەبوزێد، کارەساتی فیکرێکە کە ئەوێرێ پرسیاربکات. فیکرێک کە ڕازینیە لەناو دۆگماکاندا نووقمبێت، فیکرێک کە دنیای دەرەوەی گەمارۆینەدات. ئەم پیاوە ئەوێرێ بپرسێ، ئەوێرێ گوومانبکات، ئەوێرێ دنیاو دەقەکان بە جۆرێکی دی بخوێنێتەوە. دیارە ئەم وێرانەش بەناو دنیایەکی پڕ مەترسیدا گوزەرئەکات. دنیایەک کە بونیادو پێکهاتەکەی لەسەر کوشتنی پرسیارو گەمارۆدانی عەقڵ ڕاوەستاوە. ئەبوزێد، سومبولی ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە پرسیاری قووڵ لە بوون و شوناسە جێگرەکانی خۆیئەکات. سوومبولی بومەلەرزەیەکی چکۆلە لەناو سەدیمێکی جێگیری نەگۆڕدا.

لێرەوە، موغامەرە فیکرییەکەی، ئەبێتە موغامەرەیەکی حەیاتیش. هەڕەشە لە فیکری، ڕاستەوخۆ ئەبێتە هەڕەشە لە ژیانی. بۆیە سەرهەڵگرتن و کۆچی بەزۆر ئەبێتە تاقە وەڵامێکی دروست، هەم بە فیکرو هەم بەژیان. بەمجۆرە مەنفای ڕۆشنبیرانی هاوچەرخ، لە یەککاتدا، هەم بەرگریە لە فیکرو هەم لە ژیان. بۆیە مەنفایەکە قووڵتر لە هەموو مەنفاکانی دی. مەنفایەکە بە ئازارو عەزابەکانی فیکرەوە.

(ئەبوزێد)م لە زانکۆی ئەمستردام بینی، موحازەرەیەکی دوو سەعاتی ئەم پیاوە بەسبوو بۆئەوەی وێنەی ئەو ڕۆشنبیرانەم لاجێبێلێت کە شەڕێکی سەختانە ئەکەن، بۆ بەرگریی لە فیکریی خۆیان، بۆ بەرگریی لە پرسیار. ئەم چاوپێکەوتنە بەری ئەو یەکدیناسینەیە. هیوادارم جێی ڕەزامەندی خوێنەران بێت.

دیارە پێویستناکات باسی ئەوە بکەم، ئەبو زێد لە دەست دۆگماو هەڕەشەی ئوسولییە ئیسلامیەکانی میسر هەڵاتووە، دوای ئەوەی حوکمی کافربوونی دەرئەکەن و بەزۆر ئەیانەوێ لە خێزانەکەی جیایبکەنەوە.

**مەریوان وریا**

*مەریوان: با لەقورئانەوە وەک دەقێک دەستپێبکەین، تۆ لەو موحازەرەیەدا کە لەبەشی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی ئەمستردام پێشکەشتکرد ووتت: «قورئان دەقێکی مێژووییە»، بەڵام لە هەمانکاتدا قسەشت لە موقەدەسیی قورئان کرد. پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر قورئان دەقێکی مێژووییە، وەک چۆن هەموو دەقەکانی دیکەش هەر مێژووین، ئیدی چۆن ئەکرێت قسە لە موقەدەسیی بکەین، ئایا مەرجی یەکەمی قەداسەت، کوشتنی مێژوو نییە؟*

ئەبوزێد: ئەوەی تۆ ئەیڵێیت پەیوەندی بەمانای ووشەی «موقەدەس»ەوە هەیە. بەلای منەوە موقەدەس، بریتیە لە هەموو ئەو شتانەی خواوەند دروستیکردوون. هەموو ئەو شتانە لە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوە هاتوون. خواوەند، کە سەرچاوەی شتەکانە، سەرچاوەیەکی پیرۆزە. لێرەوە ناکۆکی لە نێوان پیرۆزی سەرچاوەو بوونی مێژووکردا نییە. پێغەمبەرەکان پیرۆزن، بەڵام

بوونەوەری مێژوویین، ئادەمی باوکی بەشەر دیاردەیەکی مێژووییە. هەموو شتێ کە لە دەرەوەی زاتی ئیلاهیدایە، هەموو شتێ جگە لە خواوەند خۆی مێژووکردە.
خوداوەند بوونێکی ئەزەلیە، هەموو ئەوانی دی لە ڕێی پرۆسەی (خەلق)ەوە هاتونەتە دنیاوە. خەلق خۆی ساتەوەختێکی مێژووییە. لێرەوە ئاستەکانی قەداسەت بەپێی ی دوورو نزیکیانەوە لە سەرچاوەی قەدیسەوە دروستئەبن.
قورئان موقەدەسە چونکە، قسەی خودایە؛ بەڵام مێژووکردیشە، چونکە لە «زمان»دا نیشتەجێیە. زمان دیاردەیەکی مێژووییە. دەبێ ئەوەمان لەیادنەچێت کە شتەکان هەمیشە دوو سروشتیان هەیە «طیعە مزدوجە». ئەمەش بە مانای ئەوەی ناکۆکیەک نییە لە نێوان موقەدەس و مێژووکردا. ناکۆکی لە نێو زەینی ئێمەدا هەیە.

مەریوان: *باشە قورئان وەک دەق، با وای دابنێین دەقێکی تێکەڵ لە قەداسەت و مێژووکردییە، چ جۆرە گرفتێک بۆ خوێنەرەکان و لێکۆڵەرەوەکانی دروستئەکات؟*

ئەبوزێد: گرفتەکانی خوێندنەوەی قورئان زیاد لە لایەنێکیان هەیە. ئەڵبەتە مەبەستم لە خوێندنەوە مانا هاوچەرخەکانی خوێندنەوەیە. لایەنی یەکەم ئەوەیە کە هەموو لێکدانەوە کۆنەکان لەسەر ئەساسی مەنهەجییەتی فیلۆلۆگی مامەڵەیان لەگەڵ قورئاندا کردەوە. واتە لێکدانەوەی قورئان، ئایەت بە ئایەت و سورەت بە سورەت بەپێی ئەو تەرتیبەی لە «قورئان»ی نووسراودا هاتووە. ئەم مەنهەجە زۆرجار تووشی هەڵەو بێ دیقەتی ئەبێ، چونکە قورئان لە ماوەی بیست ساڵدا هاتۆتە خوارێ و لەو بیست ساڵەدا گۆڕانی زۆر بەسەر دەلالەتی هەندێ لە ووشەکان و بینای ڕستەکاندا هاتوون. ئەم گۆڕانانە زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە «مانا»کانی ئەو دەقەو دواجار بۆ دۆزینەوەی «مەغزاکان»ی ئەو دەقانە. بەڵام مەنهەجی فیلۆلۆگی ناتوانێ ئەو گۆڕان و جیاوازییانە دەرکپێبکات.
ڕاستیەکی گرنگ ئەوەیە کە تەرتیبی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان، هەمان ئەو تەرتیبە نییە کە لە قورئاندا ڕیزکراوە؛ بۆ نمونە ئەو ئایەتانەی لە سەرەتای قورئاندا نووسراون، ئەو ئایەتانەن کە لە ڕۆژگارێکی درەنگترا هاتونەتە خوارەوە. ئەو ئایەتانەش کە دوا لاپەڕەکانی قورئاندا نووسراون، ئەو ئایەتانەن کە لە سەرەتای ئەزموونی پێغەمبەرایەتیدا هاتونەتە خوارێ، جگە لەمە لە هەندێ سورەتدا ئەو ئایەتانەی لە (مەکە) هاتونەتە خوار، تێکەڵ بەو ئایەتانە کراون کە لە (مەدینە) دابەزیون. واتا لە ناو یەک سوورەتدا. دوو بەشی جیاواز بەیەکەوە کۆکراونەتەوە، بریتیە لە ئەرکە شنەوتنییەکانی قورئان (الوظائف السمعیە). کاریگەرییە ئیقاعییەکانی پرۆسەی خوێندنەوەو (تیلاوە)ی قورئان، ئەمانە هەمووی گرفتی گرنگن پێویستیان بە قوڵکردنەوەی مەنهەجەکانی هەیە بۆ تێپەڕندنی مەنهە فیلۆلۆگییەکان و پەڕینەوە بۆ مەنهەجە ئسلوبییەکان، مەنهەجی سیمۆلۆگی، مەنهەجی ئیستاتیکی. چونکە ئەم دەقە، بەو شێوەیەی ئێستای لە پاڵ وەزیفەکانی دیکەیدا، کاریگەریەکی سیحری و ئێستاتیکی لەسەر گوێگرەکانی هەیە، بەجۆرێک کە دنیای ڕۆحی و عەقڵی گوێگرەکانی داگیرئەکات و ئەیانخاتە ژێر زەبری ئیقاع و دەنگدانەوەی ووشەکانیەوە. بەپێی ئاگاداریی من تا ئێستا لەم کاریگەرییە سیحرییانە نەکۆڵیوەتەوە.

مەریوان: *تۆ ووتت سورەتەکان تێکەڵ بەیەکدی کراون، تەرتیبیان لە لاپەڕەکانی قورئاندا هەمان ئەو تەرتیبە مێژووییەی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان نییە... باشە ئەمە بۆ؟ بۆچی قورئان بەو شێوەیە نووسراوەتەوە؟*

ئەبوزێد: وەڵامی ئەم پرسیارەم لانییە. بەڵام فوقەها کۆنەکان وەڵامێکی ئاسانی ئەم پرسیارە زەحمەتەیان داوەتەوە. ئەوان پێیان وابووە، ئەمە حیکمەتی خودایەو خودا وایوویستوە، بەڵام وەک دەبینی ئەم وەڵامە هیچ شتێک ناڵێت و وەڵامێکی زۆر لاوازو هەژارە.
ئەگەر ئەمە حیکمەتی ئیلاهیش بێت، ئەبێ ئێمە بگەڕێین بەدوای ماناو مەغزاکانی ئەو حیکمەتەدا. لە هەمووی گرنگتر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە دەپرسێ هۆکارە مێژووییەکانی ئەم مەسەلەیە چین؟ ئایا پێغەمبەر ئەم تەرتیبەی پێشنیارکردووە. یان ئەمە لە لایەن

ئەسحابەکانەوە کراوە، یاخود تەرتیبێکە «وەحی» وایریزکردوە. وەک دەبینی ئەم پرسیارانە پێویستیان بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوە هەیە.

هەریوان: *لە پرۆسەی لێکدانەوەی قورئاندا لە کوێوە دەستپێبکەین؟ لە شوێن و جێ و هەڵوێستی مێژوویی ئەو کەسەی کە قورئان وەک دەقێک تەفسیرئەکات، یان لە خودی قورئان خۆیەوە، وەک هەقیقەتێکی مێژوویی و زمانییانە؟ ئەگەر لە کەسی موفەسیرەوە دەستمانپێکرد، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بنەما سەرەکی و رەگەزە گرنگەکانی قورئان پشتگوێئەخەین، لە پێناوی تەماشاکردنی هەڵوێستی مێژوویی لێکۆڵەرەوەکەدا. یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر بە (قورئان) دەستمانپێکرد، ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە رەگەزە گرنگ و پرسیارە ترسناکەکانی ئەو ساتەوەختە مێژووییەی موفەسیرەکەی تیائەژی پشتگوێ ئەخەین؟*

ئەبوزێد: راستییەکەی دەکرێ هەموو چاوپێکەوتنەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەرخانکەین. بەهەرحاڵ من لە هیرمۆنیتیکا- التأویلیە-ی هاوچەرخەوە دەستپێدەکەم. لای هەندێ لە موفەکیرە هاوچەرخەکانی هیرمۆنیتیکا زیاد لە پێویست موبالەغە لە رۆڵی موفەسیردا ئەکرێت. ئەم موبالەغەیەش ئەوەندە گەورەکرا، تا گەیشت بە تیۆرەی «مەرگی نووسەر». لەم تێزەدا رۆڵی سەرەکی و باڵادەستی بە موفەسیر درا، بۆ دەستنیشانکردنی دەلالەتەکانی دەق. بە بۆچوونی من، ئەم موبالەغەیە کاردانەوەبوو بەرووی مەنهەجی فیلۆلۆگیدا. ئەوانەی دەقیان وەک رووداوێکی جێگیرو نەگۆڕ کە مانایەکی نەگۆڕی هەیە، دەبینی. لە بەرامبەر ئەم دوو رێبازەدا، کە هەردووکیان پەرگرن. خاڵێکی ناوەند هەیە کە دەشێ بە پەیوەندی دیالەکتیکی ناونووسی بکەین. پەیوەندی دیالەکتیکی لە نێوان دەق و موفەسیردا. دەق رووداوێکی مێژوویی زمانەوانییە کە هەڵگری مانایە. ئەم مانایە دەکرێ لە رێگای بونیادو سیاقەوە بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم مانایە بەناچاری مانایەکی مێژووییە. وە هەموو دەقێ سنوورێکی هەیە کە دەکرێ بڵێین سنووری ئیمکاناتی خوێندنەوەیە. واتا توانایەکی دیاریکراوی خوێندنەوەی. توانایەک کە بەرتلەقی کراو نییە. لە لایەکی دیشەوە ئێمە موفەسیرمان هەیە بە چوارچێوە مەرجەعیەکەیەوە، لە کات و شوێنی دیاریکراوی خۆیدا، بەو پاشخانە فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیەوە کە هەڵگریەتی. ئەگەر موفەسیر سنوورەکانی دەق ئیمکانیەتەکانی دەقی لەناو سیاق و بینای دەقدا بەزاندو گوێی بۆ ئەو سنوورانە رانەگرت، ئەوکات بێگومان ئایدۆلۆژیای خۆی بەسەر دەقدا ئەسەپێنێ. لێرەدا دەق ئەبێ بە بووقی ئایدۆلۆژیای موفەسیرەکەی و لە دەقیەتی خۆی ئەکەوێ. بۆیە موفەسیر ئەبێ بە دۆزینەوەی ماناکانی دەق دەستپێبکات کە لە چوارچێوەو سنوورەکانی ئیمکاناتی دەق خۆیەوە هەڵدەقوڵێن. واتە بە دۆزینەوەی ئەو مانایانە لە ناو ئەو سیاق و چوارچێوە مێژووییەدا کە تێیدا هاتۆتە کایەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە. هەنگاوی دووهەم دۆزینەوەی «مەغزا»ی دەقەکەیە. «مەغزا» کە بریتیە لە زەمەنی موفەسیرەکەو ئەو ساتەوەختە مێژووییەی تێیدا ئەژی، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەبێت پەیوەندیەکی توندو بونیادی و دەلالی لە نێوان (مانا) و (مەغزا)کانی دەقدا هەبێت.

با من لێرەدا نموونەیەکت بۆ بێنمەوە. بۆ نموونە مەسەلەی مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، بە تایبەتی مافی ویراسەت. وەک دەزانی لە ئیسلامدا پیاو بۆی هەیە دوو ئەوەندەی ئافرەت ویرس وەرگرێت. بەڵام ئاخۆ «مانا»ی ئەم دوو بۆ یەکە چییە. ئەگەر لە سیاقی مێژوویی ئەم حوکمە بروانین، دەبینین هێجگار پێشکەوتوخوازە لە ساتەوەختی خۆیدا. لەو رۆژگارەدا «ئافرەت» لە تەقلیدی عەرەبیدا نەک ویراسەتی پێ نەئەدرا، بەڵکو خۆی بە ویرس بۆ یەکێکی دی بەجێدەما، زۆربەی موسڵمانەکانی ئەو رۆژگارە ئەم حوکمەیان قبووڵنەبوو. کە ئافرەت نیوەی پیاو ویرس وەرگرێت. بە عومەری کوڕی خەتابیان ووت: ئەمیری موئمنین، ئێمە چۆن ویرس بدەین بە یەکێ کە ئەشمشێری پێ هەڵدەگیرێت، نە دەتوانێت سواری ئەسپ ببێت، نە بچێت بۆ شەڕ. وەک دەبینی تەنها لەم سیاقە مێژووییەدایە دەکرێت ئێمە لە «مانا»ی ئەم حوکمە تێبگەین. بەڵام «مەغزا»ی ئەم حوکمە لە کوێدایە.. «مەغزا» مانای ئاسۆکانی مانایە، ئیمکانەتەکانی مانا.. مەغزا مانای ئیحتماله ئایندەییەکانی «مانا»یە.. ئەگەر حوکمی یەک بۆ دووی ویرس بۆ ئافرەتان لە ساتەوەختی پێغەمبەردا بازدانێکی گەورەبێت بەرەو پشەوە، ئەوا «مەغزا»ی ئەو حوکمە مانای بەردەوامبوونی ئەو بازدانە رووەوپێشەوە. ئەگەر بازدانی یەکەم بەخشینی نیوەی ویرس بێت بە ئافرەت، کە

ئەمەش «مانا »ی ئەو حوکمەیە لەو ساتە مێژووییە دیاریکراوەدا، ئەوا بازدانی دیکە ڕوومەیتیشەوە، لە ساتەوەختی مێژوویی دیکەدا، «مەغزا »ی ئەو حوکمەیە. لێرەوەیە دوای هەزارو چوارسەد ساڵ بازدانی دووهەم بریتیە لە یەکسانی بەشی ژن و پیاو لە مەسەلەی (ویرس)دا. جا ئەگەر ئێمە لە ئێستادا ووتمان ژن و پیاو دەبێ هەمان بەشیان لە ویرس هەبێت، ئەمە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ «مەغزا »ی حوکمەکانی قورئاندا ناکۆک نییە، گەرچی دەشێ لەگەڵ «مانا » سیاقیەکانی ئەو حوکمەدا ناکۆک بێت. بە بۆچوونی من کاری سەرەکی دۆزینەوەی ماناکانی ئێستایە، چونکە ئێمە لە ئێستاداو لە هەنووکەیی بوونی ئێستادا ئەژین، دۆزینەوەی ماناکانی ئێستا لە سەرێکەوە پەیوەستی ناسینی بونیادو سیاقی ساتەوەختی ئێستایەو لە سەرێکی دیکەوە بە دۆزینەوەو تێگەیشتن لە «مەغزا »کانی دەقی پیرۆز.

بەکورتی دەبێ لە نێوان «مانا » و «مەغزا »دا پەیوەندییەکی بونیادی و دەلالی هەبێت. ئەگەر قورئان لە پاڵ «مانا »دا، یەک بۆ دووی بەشی ویرسی بە ئافرەت دابێ، ئەوا ئێمە بۆمان نییە ئەو بەشە کەمتربکەینەوە. چونکە ئاراستەکانی «مانا » لە بێبەشییەوەیە بەرەو بەشی واتە «مەغزا »ی ئایەتەکان گەشەیەکە ڕوو لە ئایندە. کەوابوو بەپێی ئەو مەغزایە کە ساتەوەختی ئێستاماندا بەبێ دوو دڵی دەبێ یەکسانی نێوان پیاووژن لە مەسەلەی ویراسەتدا ڕاگەیەنین، بەبێ ئەوەی واهەستبکەین کە دژ بە دەقە دینییەکان کارئەکەین.

مەریوان: *بەڕاستی پێم بڵێ تاکەی ئێمە خۆمان بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکانەوە خەریکبکەین؟ بۆ ڕاستەوخۆ گوێ لە ترپەی دڵی لێدانەکانی واقیع خۆی نەگرین؟ بۆچی ئەم گواستنەوەیە، لە گوێگرتنەوە لە دەق بۆ گوێگرتن لە واقیع خۆی، گواستنەوەیەکی ئەمەندە سەختە لە دنیای ئێمەدا. بۆچی دەقی پیرۆز ئەوەندە ئامادەیە؟*

ئەبوزێد: من ئەو دابەشکردن و لێکدیجودابیە لە نێوان دەق و واقیعدا نابینم. واقیع مەرجەعە وەک چۆن دەقیش مەرجەعە. واقیع خۆی چیە جگە لە کۆمەڵێ دەق لە ژمارەیەک دەقی جۆراو جۆر لە پەیوەندییەکی (تناص)یدا لەگەڵیەکدا. جگە لەوەش شتێ نییە ناوی دەرککردنی هاویەش بێت بۆ واقیع، بەڵکو هەموو دەرککردنێ بەو شتەی تۆ ناوی دەنێیت "واقیع" لە ڕێگای دەق و بەهۆی دەقاندنەوە دروستئەبێت. ڕەنگە دەقی یەکەمیش کە ئەو واقیعە لە ناویدا بەرجەستەئەبێ و دەرئەکەوێت خودی زمان خۆی بێت. ئێمە دەرک بە شتەکان ناکەین، بەڵکو کۆمەڵێ ڕەمز دائەڕێژین. ئێمە لە ڕێگای ئەم ڕەمزانەوە مامەڵە لەگەڵ دنیاو دیاردەکاندا ئەکەین. جا جۆری ئەم ڕەمزانە هەرچیەک بێت، ڕەمزی دیتراو، تقوسی، زمانەوانی،.. ئەدا بریتین لە دەق. لێرەوە دەقی دینی لە ئەساسدا بەشێکە لە خودی واقیع خۆی. لەو واقیعەی تۆ باسی ئەکەیت. واتە واقیع وەک دەقێک یان کۆمەڵێ دەق بێبەش نییە لەو دەقە ئاینییەی تۆ ئەتەوێ لێیڕزگاربێت. ئەو دەقە خۆی لە وێیە، لەو جومگەی دەقەکانی دیکەدا – لە ناو واقیعدا – هەر لە سەرەتاوە ئامادەیە. خودی واقیعیش خۆی لە ناو ئەو دەقەدا ئامادەیەو لە وێداو بەهۆی ئەو دەقەوە جارێکی دیکە خۆی دائەڕێژێتەوەو خۆی پێناسەئەکاتەوە.

ناتوانین دەقە دینییەکان فەرامۆشکەین و بەئاسانی وازیانلێبێنین. چونکە ڕاڤەکردنی دەقی دینیی خۆی بەشێکە لە ڕاڤەکردنی واقیع و مامەڵە کردن لەگەڵ پێکهاتە جۆربەجۆرەکەیدا. بەڵام چی وا لە دەق ئەکات بەم شێوەیە کاربکات و وا بەسەختی ئامادەبێت؟ دەق خۆی پراکتیزەی دەسەڵات ناکات بەڵکو پرۆسەکانی ڕاڤەکردنە کە دەق دەگۆڕێت بە دەسەڵات. بە دەسەڵاتێ کە دەشێ بە قازانجی ئەو کەسانە کاربکات کە بەو شێوە تایبەتە دەقە پیرۆزەکان ڕاڤەئەکەن. لێرەوە شەڕی ڕاستەقینە لەگەڵ دەقەکاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ دەسەڵاتی دەقەکاندایە، موستەحیلە دەقیش لە دەسەڵاتەکانی ڕامالێت و بێدەسەڵات بکرێت بەبێ ڕاڤەکردن – تەئویل – کەوابوو شەڕ لێرەدا شەڕێکە لە ڕەهەندی ڕاڤەکردندا، لە ناو گۆڕەپانی ڕاڤەکردندا نەک لەگەڵ «دەق» خۆیدا.

مەریوان: باشە دین خۆی چییە؟ ئایە ئەشێ دینێ هەبێ شۆڕشگێڕو دینێکی دی کۆنەپەرست؟

ئەبوزێد: لە دیندا ئەبێ چەند ئاستێ لە یەکدی جیابکەینەوە. یەکەم: ئاستی گوتاریی ئیلاهی،

بەمانای دەقە بنەڕەتیەکان خۆیان. دووهەم: ئاستی گوتاریی ئاینی، کە بریتیە لە گوتاریی مرۆڤ یان خەڵک سەبارەت بە دین. ئەمەش لە میتۆلۆجیاو فەلسەفەو تەسەوف و زانستی ئوسوڵی فیقە یان وەعزدا دەرئەکەوێ. سێهەمیش: بریتیە لە ئاستی ئەزموونی مێژوویی ئەوانەی سەربەو دینەن لە هەموو مەوداو ڕەهەندە جیاجیاکاندا.

بێگومان ئەگەر لە ئاستی دووهەم و سێهەمدا قسەمان لە دین کرد ئەتوانین بڵێین، دینی هەیە پێشکەوتوخوازو دینی هەیە کۆنەپەرست. ئەمەش بەمانای ئەوەی کە کۆمەڵێ ڕاڤەکردن هەیە هەڵگری بارگەیەکی پێشکەوتوخوازو هەندێکی دی هەڵگری کۆمەڵێ بارگەی کۆنەپەرستن. هەروەها لە ئاستی سێهەمدا، دەکرێ بڵێین بۆ نموونە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی خۆیدا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بووەو لە قۆناغێکی دیکەدا پاشکەوتەو گیرخواردووە.

بەڵام لە ئاستی یەکەمدا، واتا ئاستی گوتاری ئیلاهی دا من پێم وایە ئایین هەمیشە شۆڕشگێڕ بووە. چونکە کاتێ خواوەند بە پێویستی ئەزانێ بەشداربێت لە مێژووی ئینساندا و دەستبخاتە ناو ناڕاستەکانی ئەو مێژووەوە، لە ڕێگای کتێبەکان و پێغەمبەرەکانیەوە. ئەوە مانای ئەوەی قەیرانێکی کوشندە لە واقیعی مێژوویدا لە ئارادایەو ئەرکی ئەو گوتارە ئیلاهیە تەجاوزکردن و چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە دیاریکراوەیە. لێرەوە گوتاریی ئیلاهی لە سیاقی مێژوویی خۆیدا هەمیشە گوتارێکی شۆڕشگێڕبووە، ئەمە ڕێسایەکی گشتیە. بەڵام ئایا ئینسان دێژەو پەرە بەم شۆڕشە ئەدات یاخود دەلالەتی دەقەکان ئەگۆڕێت بە کۆمەڵێ دۆگما، ئەمەیان مەسەلەیەکی مێژوویی و کۆمەلایەتیە. وەک ئەبینی ئەم جیاکاریەی ئاستەکانی دین جیاکاریەکی پێویستە، چونکە ووشەی دین ووشەیەکی فرەماناو ئاڵۆزە.

ئاین لە جەوهەردا شۆڕشگێڕە، یەهودیەت شۆڕشێک بوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی (بەنی ئیسماعیل). مەسیحیەت لە سەرەتاکانیدا، هەوڵدانێ بوو بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی یەهودیەت کەوتە ناویەوە. مەبەستم گۆڕانی یەهودیەتە بوو بۆ کۆمەڵێ سیریمۆنی و تقوسی مادیی بەرگیرو پێویستی ئەم حاڵەتە بەو پاڵنەرە ڕۆحیە گەورەیەی مەسیحیەت لەگەڵ خۆیدا هێنای. ئیسلامیش لە هەمان ڕەوتدا هات بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانەی مەسیحیەت و یەهودیەت پێوەی گیرۆدەبوون، سەرەڕای قەیرانی واقیعی عەرەبی لە دوورگەی عەرەبیدا. ئەو قەیرانەی کە هەڕەشەی فەنابوونی بەشەڕی نێوان قەبیلە عەرەبیەکان دەکرد. هەڕەشەی شەڕی نێوان سنوورەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فارسی و ڕۆمانیدا. ئیسلام هات بۆئەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە.

*مەریوان: ئەوەی باستکرد پەیوەندی بە ڕابووردووی مرۆڤایەتیەوە هەیە دەشێ هەموومان لەسەری یەکبین و یەک ڕامان هەبێ، پرسیار ئەوەیە ئایا دین هیچی پێماوە لەبەردەم دەرگاکانی ساڵی دوو هەزاردا بیڵێت؟*

ئەبوزێد: نازانم مەبەستت لە کام ئاستە لە ئاستەکانی دین. من پێم وایە گوتاری ئیلاهی، واتە ئاستی یەکەم، هەمیشە شتێکی پێیە کە بیڵێت. هەمیشە هەڵگری ڕەهەندێکی ڕۆحیی قووڵە کە مرۆڤ بەردەوام پێویستی پێیەتی، نەک لە بەردەرگای ئەم سەدەیەدا بەڵکو لە بەردەم دەرگاکانی سەدەکانی دیکەشدا. بەڵام دەبێ ئەوەمان لائاشکرابێت کە گوتاری ئیلاهی لە ڕێگای مرۆڤەوە قسان ئەکات. لە ڕێگای ڕاڤەکردنەوە دائەبەزێتە ناو مێژوو. بۆیە ئەبێ پرسیارەکەی تۆ ڕاستبکەینەوەو بڵێین، ئایا موسڵمان، نەک ئیسلام، شتێکیان هەیە لەبەردەم دەرگاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا بیڵێن. مەسەلە مەسەلەی موسڵمانە نەک ئیسلام.

*مەریوان: کەوابوو تۆ پێت وانییە کۆمەڵگا هەبێ بەبێ دین، دین هەمیشە بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگا، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە، ئایا داخۆ بشێ مرۆڤ بەبێ ڕەهەندی دینیی بوونی هەبێ؟*

ئەبوزێد: پێم وایە زۆر زەحمەتە ئەگەر موستەحیلیش نەبێت. دیارە ئایین تەنها یەک شێوەی نییە واتە گرنگ نییە ئاخۆ ئەو ئایینە لە ئاسمانەوە هاتۆتەخوار یاخود مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دروستی کردوە. تۆ بڵێی ماسی بەبێ ئاو بژی. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا جا پلەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەرچەندێ بێت. سیستەمێ لە عەقیدەو باوەڕ هەیە. کە ڕەگی جووڵەی ئەو کۆمەڵگایانە دیاری ئەکات. گرنگ نییە ئاخۆ ئەو عەقیدەیەو باوەڕانە لە کتێبێکی دینیدا نووسراونەتەوە یان نەء ... ئەو سیستەمە لە عەقیدەو باوەڕ کاریان لە یەکدی جیاکردنەوەی شتە قبوڵکراو شتە ڕەفزکراوەکانە، شتە باشەکان و شتە خراپەکان، شتە جوانەکان و شتە بەدەکان، هتد... ئەمانەش چوارچێوەیەک بۆ ڕەوشی تاکەکەسەکان ئەکێشن و کۆمەڵێ دیسیپلین دێننەکایەوە.
تەنانەت لە ئاستی تاکەکەسدا، من پێم وایە تەنانەت تاکەکەسی بێباوەڕ، ئەوەی باوەڕی بە بوونی خوداوەند نییە، هەندێ شتی دیکەی هەیە کە باوەڕی پێیەتی. پێم وانییە ژیان هیچ بەهایەکی هەبێ بەبێ بوونی باوەڕ بەشتێک کە مانا بە ژیان ببەخشێت.

ئینسان تاقە بوونەوەرێکە کە لە دنیای ماناکاندا ئەژی. ئەگەر بمانەوێ وێنای ئینسانێکی بێ باوەڕ بکەین، ئەوا بێگومان لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی زیاتر شتێکی دیکەمان نایەتە بەرچاو. هەرخۆت تەماشاکە لەکەیەوە ووشەی عەقڵ یان لۆگۆس لە هووشیاریی ئینساندا ئامادەیە من پێم وایە پێکهێنەرێکی جەوهەریە لە ژیانی تاکەکەس و لە ژیانی گروپەکاندا. هەندێ جار لۆگۆس بەمانای زمان دێت. واتە خودی زمان و خودی لۆگۆس یەک شتن. وەک ئاشکراشە لە هەموو زمانەکانی دنیادا ووشەی خودا یان خوداوەند ئامادەیە. کەوابوو چەمکی خوداوەند لە ناو بونیادی زمان خۆیدایە، بونیادی زمان کە بناغەی هووشیاری ئینسانە. لێرەوە خوداوەند وەک چەمک، وەک زمان، لەناو بونیادی (لۆگۆس) خۆیدایە.

جگە لەمەش بیرۆکەی (نادیار)ـ المفارق ـ یان بوونی نادیار یان لێرە نەبوو ـ الوجود المفارق ـ بیرۆکەیەکی زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا. بەبێ ئەم بیرۆکەیە هەموو هەوڵێکی ئینسانی هەوڵێکی بێ سەمەرو پووچە، نەبەهای هەیە نە مانا. لێرەوە تاقە چارەسەر خۆکوشتنە. بەڵام تەنانەت خۆکوشتن خۆشی ڕەوشتێکە مانای ئەوەیە کە شتێک لە ژیاندا وون یان نووقسانە، جۆرێکە لە ئامادەیی لە ڕێگای غائیب بوونەوە.

*مەریوان: ئێستا با بێینە سەر تەوەرەیەکی دیکەی باسەکان، «بورهان غلیون» لە زۆر نووسینیدا دەربارەی کێشەی (عەلمانیەت) لە دنیای ئێمەدا ڕایەکی تایبەتی هەیە، ئەو پێی وایە کە عەلمانیەت هەوڵدانی دەوڵەتی ـ قوتربیە بۆ ڕزگاربوون لە هەموو کۆنترۆڵ و چاودێریەکی کۆمەڵایەتی. بە باوەڕی «غلیون» ، ئایین ڕەهەندێک یان ڕەگەزێکی زۆر گرنگی ناو (کۆمەڵگای مەدەنیە) و هەمیشە ئامرازێ بووە بە دەستی خەڵکەوە بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشت و کارەکانی دەوڵەت. لەم سیاقەدا، عەلمانیەت مانای ڕزگارکردنی دەوڵەتە لە هەموو ئەو ئیمکانەتە مەدەنیانەی کە دەشێ تۆڕێکی چاودێری بەسەر دەوڵەتدا هەڵدەن و لە پێش هەمووشیانەوە ئایین، بەڵام تۆ (عەلمانیەت) بە چارەسەری کێشەکانی دنیای ئێمە ئەزانی، بەرامبەر ئەم بۆچوونەی «غلیون» ئەڵێیت چی؟*

ئەبوزێد: من لەوە ئەترسم تیۆرەی عەلمانیەت لە ڕەوتی قەیرانە هاوچەرخەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لێکبدرێتەوەو لەوێوە ئەنجامگیری بکرێت کە ئایین، ڕەنگە ئەو مەبەستی لە فیکری دینی بێت، کاری ئەم چاودێریە کۆمەڵایەتیە جێبەجێکات. نازانم ئەو چی ئەڵێت بەرامبەر ئەوەی کە فیکری دینی خۆشی بۆتە دەسەڵاتێکی دیکەو ئەویش ستەم و چەوسانەوەی خۆی بەسەر خەڵکدا ئەسەپێنێ. لەکاتی ئەم سەپاندن و پراکتیزمەی دەسەڵاتدایە کە فیکری دینی رووی ئەتەقێتەوە بەڕووی دەسەڵاتی سیاسی، یان دەسەڵاتی دەوڵەتدا. ململانێی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی فیکریی دینی ململانێی چاودێری دژی دەسەڵات نییە. ململانێی نێوان (کۆمەڵگای مەدەنی) و دەوڵەت نییە، بەڵکو ململانێی نێوان دوو دەسەڵاتە کە هەردووکیان ستەمگەرن.

خۆ ئەگەر بمانەوێت لەسەر عیلمانیەت بدوێین، نابێ ئەوەمان لەیادچێت کە علمانیەت سەرچاوەی بنیادنانی (کۆمەڵگەی مەدەنیە). لە (کۆمەڵگای مەدەنی)شدا، پیاوانی ئایین، ئەبن بە بەشێک لە دەستگاکانی چاودێریکردنی دەوڵەت نەک هەموو چاودێریەک. چاودێری دەسەڵات لە پاڵ پیاوانی ئاییندا لە لایەن دەزگاکانی ڕۆژنامەگەریی، میدیا، ڕای گشتی، شووراکانی نوێنەرایەتیەوە

جێبەجێ ناکرێت. لە ناو ئەم گشتەدایە کە دەشێ فیکری دینی ڕۆڵی خۆی لە چاودێریدا ئەبینێ. لە کۆمەڵگا عەلمانیەکاندا شتەکان بەم جۆرە ڕێکخراون. ئێمە نابێ بەشێوەیەکی پراگماتی و ساتەوەختگەرا بیربکەینەوە کە تێیدا دەوڵەت دەسەڵاتی قەبیلە پراکتیزە ئەکات و تێیدا سەرۆک یان پادشا یان ئەمیر دەسەڵاتی باوک ئەسەپێنن و هاوڵاتیانیش ڕۆڵی (ڕەعیەت) ئەبینن. دەبێ بەگژ بارودۆخی ئێستادا بچینەوە، بارودۆخێ کە دەرەنجامی مێژوویەکی درێژی باڵادەستی هێزێکە کە ناونراوە دەوڵەت، ئیدی ئەو هێزە هێزی لەشکربێت، یان هێزی قەبیلە یان هێزی سەرمایە، زۆر زەحمەتە بڵێین ئایین، واتا پیاوانی ئایین، ڕۆڵی دەسەڵاتی چاودێریکردن ئەگێڕن. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەوڵەتە قوتریەی «غلیۆن» ئاماژەی بۆ ئەکات هەرخۆی دەسەڵاتی ئاین لە خزمەتی خۆیدا بەکارئەهێنێ و ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئایینی خستۆتە کار بۆ ئەوەی بیانکات بە ئامرازێ لە دەزگای داپڵۆسین و سەرکوتکردندا. دیارە لە ڕێگای بەخشینی ڕەوایەتیەوە بەو دەوڵەتە.

مەریوان: *ئایا دەوڵەتی دینی چییە؟ ئایا ڕاستە ئیسلام دین و دەوڵەت بەیەکەوە گرێدەدات؟ ئەگەر وانییە ئەم فیکرەیە لە کوێوە هاتووە؟*

ئەبوزێد: بە بۆچوونی من ئیسلام نە چەمکی (دەوڵەتی دینی) و نە چەمکی (دەوڵەت) هیچیان ناناسێت. ئەم دوو چەمکە نامۆن بە ئیسلام و فیکریی ئیسلامی. بەڵام هەموو دەسەڵاتە سیاسیەکان، هەر لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامەوە، ئاینیان بەکارهێناوە بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی خۆیان، سەرەتا قورەیش ئایینی بەکارهێنا بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی خۆی وەک قەبیلەیەک، دواتر (بەنی ئومەییە) بە شێوەیەکی تایبەتتر، دوای ئەوان دەسەڵاتی (بەنی هاشم) لای شیعەکان، ئینجا دەسەڵاتی عەباسیەکان، دوای وێرانکردنی (بەغداد)یش، پادشا، خەلافەتی وەک دەزگایەک بەکارهێنا بۆ بەخشینی ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی. دوای ئەوانیش تورکە عوسمانییەکان دەزگای خەلافەتیان بۆ هەمان ڕۆڵ و بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنا، ئەم ڕۆڵەش تا ڕۆژی ئەمڕۆمان هەر بەردەوامە. «ئەمیری موئمنین» لە مەغریب، «خادمی حەرەمەین» لە سعودیە، «ئەوەی بەنی هاشم» لە ئەردەن. هەموو ڕژێمە سیاسی و عەسکەرییەکانی دیکەش، ئایین وەک چوارچێوەیەک بۆ خوڵقاندنی ڕەوایەتی بەکاردێنن، سەدامی "لای ئێوەش" بەخەتی خۆی (الله أکبر)ێکی لەسەر ئاڵای عێراق نووسی.

هەرچی چەمکی (ئیسلام ـ دین و دەوڵەتە)، چەمکێکی نوێیەو مێژووی ئەم سەدەیە هێنایەکایەوە. ئەم چەمکە لەگەڵ دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەدایکبوو. لەگەڵ کۆتایی خەلافەتی تورکیادا لە ساڵی ١٩٢٤دا، لەو کاتەدا هەر حاکمێکی عەرەبی تەماحی ئەوەی هەبوو ببێت بە خەلیفەی موسڵمانان. دوای ئەمەش، لە ساڵی ١٩٢٨دا، (اخوان المسلمین) لە میسر دروستبوون، کە یەکێ لە گرنگترین دروشمەکانیان گەڕانەوەی خەلافەت بوو وەک ڕەمزێ بۆ یەکێتی موسڵمانان.

لەگەڵ هەر زەبرو ژێرکەوتنێکیشا کە عەرەبەکان لە لایەن دوژمنەکانیانەوە تێیانئەسرەوێنرا، فیکرەی (دەوڵەتی دینی) زیاتر بەرجەستەئەبوو، ئەم فیکرەیە زیاتر گەشەیسەند کاتێ «ئیسرائیل» وەک «دەوڵەتێکی دینی» یەهود لە ناوچەکەدا چێنرا. ژێرکەوتن لە شەڕی ساڵی (١٩٦٧)داو دواتریش شۆڕشی ئێرانی ئەم فیکرەیەیان زیاتر خرۆشان و زیاتر ڕۆحیان بە بەرداکرد. ئەم داواکارییە بوو بە «یۆتۆپیا»یەک کە تەنها ئەوە ئەتوانێ چارەسەری کێشەکانی دنیای ئیسلام بکات. هەر ئەم بە «یۆتۆپیا» بوونەشە، نهێنی ئەو جەماوەریبوونە ئاشکرائەکات کە ئەم دروشمە هەیەتی. ئەم جەماوەریبوونە، بە بۆچوونی من، تەعبیرە لە قەیرانێک، نەک چارەسەری ئەو قەیرانە، ئەمە پەرچەکردارە نەک کردار.

مەریوان: *گەر هەر لە سنووری سیاسەتدا بمێنینەوە، من پرسیارێکم هەیە دەربارەی فۆرم یان شێوەی ئەو پەیوەندیەی لە نێوان (خەلیفە)، (سوڵتان)، (فەقیە) یان پیاوانی ئاییندا وەک ڕۆشنبیرانی زەمانی خۆیان لە ئارادابووە، ئەم پەیوەندییە چۆن بووە؟*

ئەبوزێد: ئەم پەیوەندیە لە ئەوەمیەکەوە بۆ ئەوەمیەکی دیکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەوەی یەکەمی فوقەهاکان ئەوەیان ڕەفزکرد وەک فەرمانبەر لای دەسەڵاتی سیاسی کاربەدەستبن. (مالیکی کوڕی ئینس)، (ئیمامی حەنبەل)، (ابو حنیفە)، ئەمانە هەموویان ڕەفزیانکرد ببن بە فەرمانبەری دەسەڵاتە سیاسیەکانی سەردەمی خۆیان. بەڵام قوتابیەکانی (ابو حنیفە)، بوون بە قازی لەناو شاهانشاهیەتی عەباسیەکاندا. بەپێی ئەو زانیاریە مێژووییانەی تا ئێستا بەدەستمانەوەیە دەشێ بڵێین (فوقەها)کان. تا ڕادەیەک زۆر نوێنەری کۆمەڵێ دەزگای سەربەخۆبوون. ئەگەرچی ئەمە ڕێگرنەبووە لەوەی هەندێ جار سوود لە دەسەڵاتی سیاسی ئەمانە وەربگیرێت، هەر لێرەدا دەکرێت ڕەخنەی توندی موتەسەوفیەکان لە فوقەهاکان ببینین، وەک لە کتێبەکانی (ئەبو حامیدی غەزالی)دا بە ئاشکرادیارە. ئەو ڕەخنەیەی کە فوقەهاکان بە قوتابی دونیا ناونووسی ئەکات و ئەو تۆمەتەیان ئەداتە پاڵ کە بۆ ڕازیکردنی سوڵتانەکان کارئەکەن. بە کورتی ئەو پەیوەندیە لە نێوان ئەم دوو تەوەرمیەدا سوڕاوەتەوە بە پێی سروشتی ئەو ساتە مێژووییە.

مەریوان: *فەندەمێنتالیزم یان ئوسوڵیەت ... ئایا ئەمە بونیادێکی عەقڵیە، مەبەستم ئەوەیە ئایا فەندەمینتالیزم میکانیزمێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، بۆ نموونە میکانیزمی پێوانە؟ یاخود پەرچەکرداری چینی ناوەند دژ بەو هەموو مەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتیە نالەبارەی دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالیزم خۆی تیادۆزیەوە؟ یاخود هێرش یان تۆڵەی «لادێ»یە لە «شار» دوای ئەوەی شارەکان تادەهات بچووک دەبوونەوەو لادێکانیش گەورە، بەجۆرێک بەشێکی گەورەی شارەکان خۆشیان بوون بە لادێ؟ یاخود پەرچەکردارێکی «شارستانیە» بەدووی ئامادەگیی سەخت و کشتگیری غەرب لەناو هەناوی کۆمەڵگاکانی ئێمەدا.*

ئەبوزێد: من هیچ ناکۆکیەک لە نێوان ئەو بۆچوونانەدا نابینم. بەڵێ فەندەمێنتالیزم هەم زیهنیەتە، واتە ڕێبازێکە لە بیرکردنەوەو بونیادێکی عەقڵیە، کە کۆمەڵێ کێشەو هەلومەرجی مێژوویی تایبەت ئەیکاتە زەیهنیەتی باڵادەست. لە هامان کاتدا تەعبیرێکی تاکانەو کۆییانەی هەستکردنە بەمەترسی لەبەرامبەر ئەویدیدا، ترس لە زات لە بەرامبەر ئەویدیدا، لێرەدا کەلەپوردێ و سەردەکەوێت لەوەدا خۆی وەک وەهمی ئەسڵێکی هاوبەش نیشاندات.
ئەسڵێ کە خۆی پێداهەڵئەواسرێ وەک پارێزەرێک لە وون بوون و فەوتان. ئالەم حاڵەدا دەکرێ فەندەمێنتالیزم وەک پەرچەکردار بەدووی باڵادەستی کۆلۆنیالانەی ڕۆژئاوادا لێکبدەینەوە. وەک ووتیشم ئەمە پەرچەکردارە نەک کردار، هەر لەم ساتە کشتیەشدایە دەشێ فەندەمێنتالیزم وەک پەرچەکرداری لادێ لە دژی شار ببینین. جا چ دنیای ئیسلامان بەسەریەکەوە وەک «لادێ»یەک تەماشاکرد. دژ بەڕۆژئاوا وەک «شار»، شارێکی گەورە. یاخود بەمانا حەرفیەکەی «لادێ»کانی ناو دنیای ئیسلام دژی «شارەکان». لە دنیای ئیسلامدا پرۆسەکانی مۆدێرنیزەکردن و تەنمیە بەشێوە نوێکەی، نەیتوانی یاخود نەگەیشتە ناو لادێکانی ئەم کۆمەڵگایانە. بەڵکو لە سنووری پایتەختەکان و شارەکاندا مایەوە. دەکرێ لەم ڕووەوە بڵێین، فەندەمێنتالیزم تۆڵەی ئەو لادێیانەیە لە شارەکان. دەکرێ زیاتر لە تەعبیرێکی دیکە بۆ لێکدانەوەی فەندەمێنتالیزم بدۆزینەوە. بەڵام من خۆم هەرگیز ووشەی «فەندەمێنتالیزم» بەکار نایەنم. چونکە ئەم ووشەیە کۆمەڵێ دەلالەتی پۆزەتیڤی تێدایە، بە تایبەتی گەر بەمانا نوێکانی بەکارهات، نەک بەو مانایەیکە بابەتی پرسیارەکەی تۆیە.

مەریوان: *باشە فەندەمێنتالیزم هیچ شتێکی پۆزەتیڤی نیە... تەنها تاقە شتێکیش، ئایا ئەم دیاردەیە سەرتاپا نێگەتیڤ و خراپە؟*

ئەبوزێد: پێم وایە خاڵێکی پۆزەتیڤ کە بکرێ لەسەری بدوێین، بریتیە لەوەی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە بەبێ ئەوەی مەبەستیشی بوبێت، مەجالی ئەوەی ڕەخساند کە سەر لەنوێ کۆمەڵێ گرفت و کێشە بهێنینەوە مەیدان، کە پێمان وابوو لە مێژە چارەسەرمان کردوون و لێیان ڕزگاربووین.
بەوپێیەی ئەم دیاردەیە تەعبیرو پەرچەکردارە، بۆیە وەک ئەو نیشانانە وایە کە لە پشتیەوە نەخۆشیەک ئەدۆزینەوە. وەک ئاشکراشە تەنها دوای دۆزینەوەی نەخۆشیەکە دەتوانین چارەسەری

بۆ بدۆزینەوە. وەک ئاشکراشە تەنها دوای دۆزینەوەی ئەخۆشیەکە دەتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، لێرەوە من پێم وایە فەندەمێنتالیزم دیاردەیەکی گرنگە چونکە زۆر نەخۆشی دۆزیەوەو بەردەوام ئەشی دۆزیتەوە. رەنگە ئەمە سەرەتای ڕزگاربوون بێ لەو قەیرانە، چ لە ئاستی فیکری، یا کۆمەلایەتی یان سیاسی یان ئابووریدا.. هتد. مەبەستم لەو گرفت و کێشانەش کە فەندەمێنتالیزم سەرلەنوێ کردنیەوە بە بابەتی کێبەرکێ و لێدوان، هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا عەرەبیەکانە. بۆ نموونە کێشەی دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی، کێشەی ئازادی، ئازادی ئافرەت و کێشەی دیموکراسیەت، ئێمە پێمان وابوو هەموو ئەم کێشانەمان بۆ یەکجاری و تاهەتاهەتایە چارەسەرکردبوو. بەڵام نە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان ئازادی خۆیان ئەژیان و نە دیموکراسییەت تێیدا بەرقەراربوو. بزاوتە فەندەمێنتالیستەکان ئەم کێشانەیان خستە بەردەم لێدوانی کۆمەلایەتی، ئەمەش خاڵێکی گرنگە.

تەنانەت کێشەی دین و دەقە دینیەکان خۆشیان، پەیوەندی دەقی دینی و مێژوو، شەریعەت هەموو ئەم چەمکانە بوونەوە مایەی لێدوان و سەرلەنوێ پێداچوونەوەو گفتوگۆ. پێم وایە ئەم شتانە گرنگبوون.

مەریوان: *ئایا لە مێژووی ئیسلامدا ساتەوەختی دیکەمان هەیە لە ساتەوەختی ئێستا بچێت، مەبەستم لێکچوونە لە ئاستی تیرۆرو توندوتیژیی خوێناوی ئاین و غیابی لێبوردن؟*

ئەبوزێد: بەڵێ و نەء.. بەڵێ ساتەوەختی لێکچوومان هەیە بەڵام ئامرازەکانی توندوتیژی بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەوتوونەبوو. هەموو کۆمەڵگاکانی بەشەریش بەساتەوەختی توندووتیژی ئایندا تێپەڕیوون و تێدەپەڕن. بەڵام توندوتیژی لەم سەردەمە نوێیەدا بەشێوەیەکی گشتی و، توندوتیژی ئاینی وەک شێوەیەک لە شێوەکان، هەموو ئامرازەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەکاردێنن. هەر لەو ئامرازانەوە کە نازیەکان بەکاریانهێنا تا بە ئامرازەکانی میدیاو پەیوەندی نوێ ئەگات، ئەگەر تەکنەلۆژیا نەبایە توندوتیژی ئاین ئەوەندە خوێناوی نەئەبوو. دیارە توندوتیژی هەمیشە هەبووە جا چ توندوتیژی دینی یان هی دیکەبێت بەڵام گەشەی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیایە، وا خوێناویکردوە.

مەریوان: *پێتوایە بشێت مۆدێرنیزمان هەبێ لە هەمان کاتدا ئاین هەمان شوێن و جێی کۆمەلایەتی بەر لە هاتنی مۆدێرنیزم بپارێزێت؟ ئایا ئاین ئەتوانێ بچێتە ناو مەملەکەتی مۆدێرنیزمەوە بەبێ ئەوەی زەرەرێکی زۆری لێ نەکەوێت؟*

ئەبوزێد: ئەم پرسیارەت لە یەکێ لە پرسیارەکانی دیکەت ئەچێت: مەبەستم ئەو پرسیارەت بوو سەبارەت بەوەی ئایا دین هیچی پێماوە لەبەردەم ساڵەکانی دووهەزاردا بیڵێت.. یا ئیسلام وەک نموونە وەرگرین، ئەوەی دەچێتە ناو پرۆسەی مۆدێرنیزمەوە ئیسلام نیە، بەڵکو موسڵمانەکانن. ئاین ئەکرێ لەو پەڕی شۆڕشگێڕێتیدا بێ و ڕارەوێکی باشبێت بۆ چوونە ناو مۆدێرنیزمەوە، وەک چۆن ئەشێت ڕێگرێکی سەختیش بێت. پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە ئایا موسڵمانەکان ئامادەن بچنە ناو مەملەکەتی مۆدێرنیزمەوە یان نەء.. دیارە ئەم مەملەکەتە یاسای خۆی و جوگرافیای خۆی هەیە. بێگومان گۆڕانی گەورە ڕووئەدات.

مەریوان: *دوای ژێرکەوتنی زۆربەی ئەزموونە سیاسیەکان لە دنیای ئێمەدا (ئەزموونی لیبرالیەت، ناسیۆنالیزم، سوسیالیزم) تەنانەت پیربوون و پەککەوتنی ئەزموونی فەندەمێنتالیزمیش.. ئایا ئەم کۆمەڵگایانە بەرەو کوێ ئەڕۆن؟ بڕوات وایە چارەسەر یان ڕارەوێکی مێژوویی دیکە مابێت؟*

ئەبوزێد: من پێم وایە پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە؛ ئایا ڕاستە کۆمەڵگا عەرەبیەکان لیبرالیزمیان ئەزموونکرد، یاخود شتێکی تێکچوو وە موشەوەهیان ئەزموونکرد. ئایا ڕاستە بە قۆناغی ناسیۆنالیزمدا تێپەڕین، یاخود ئەوان ناسیۆنالیزمێک ژیان کە ئەتنی بوو وە لە سنووری قەبیلەدا گیریخواردبوو. ئایا ڕاستە سۆسیالیزم ژیان، یاخود سەرمایەداریی دەوڵەتی و

دیکتاتۆریەتی ئەو دەوڵەتە. بە بۆچوونی من کێشەی سەرەکی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا کێشەی دیکتاتۆریەتە، لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، تاقە ڕێگایەکیش بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بنیادنانی ئازادیە لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا.

دیارە ئەم مەسەلەیە (مەبەست لە «کۆمەڵگای مەدەنی»یە)، مەسەلەیەکی سیحری نییەو یەکجار بەم شێوەیەش سادەنییە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا مەرجی یەکەمینی دەرچوون لەم قەیرانە ڕێزگرتنە لە ئیرادەی گەلان و ئیرادەی تاکەکەسەکان، بەبێ چاوساغی نوخبەکان، جا چ نوخبەی سەربازی و میللیتاری بێت یان تەکنۆکرات یان پیاوانی فیکر.. هتد. ئەمەش مانای دیموکراسیەت بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی و بەڵام بەمانا سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریەکانی.

# چەند لاپەڕەیەکی ڕەش لە وەهمی دیموکراسیەتدا

## منظمه العفو الدولیه

## «نقض العهود و إهدار حقوق الانسان فی کردستان ـ العراق»

**ئامادەکردنی: بەرزان فرج**

رقم الوثیقه: (MDE 14.01.1995) الترقیم الدولی (0-251-86210-0)، الطبعه الاولی: سبتمبر/ ایلول ١٩٩٥

لە ١٩ی مایۆ/ ئایاری ١٩٩٢ لەو بەشەی کوردستانی عێراق کە لەژێر دەسەلاتی بەرەی کوردستانیدا بوو، هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری بۆ دیاری.کردنی (١٠٥) نوێنەر بۆ «ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان» و دامەزراندنی حوکمەتی هەرێمی کوردستان سازدرا. سەرباری هەندێ دیاردەی شێواندن و تەزویر هێشتا بە دەسکەوتێکی هەرە گرنگ و مێژوویی دادەنرێت بۆ گەلی کورد کەبەپێی هەڵسەنگاندنی «کۆمەڵەی یاسای نێو دەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ»، کە یەکێک بوو لەو دەسگایانەی چاودێری هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، ئەوە یەکەم جاربوو لە مێژوودا گەلی کورد بتوانێت بەو شێوەیە تەعبیر لە ئیرادەی خۆی بکات. بەلام لە یولیۆ/ تەمووزی ١٩٩٢ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەلاتی سیاسی و کارگێڕی کەوتە ژێر دەستی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە ئەنجامی ئەوەی هەردوولا بەیەکسانی کورسیەکانی پەرلەمانیان بەشکرد. لەو دابەشکردنە سەمەرەیەی دەسەلاتەوەو لەگەڵ یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە ٤یونیۆ/ حوزەیرانی ١٩٩٢ سەرەتای کارەسات و تراژیدیایەک دەستی پێکرد، خەونی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی کردە سەراب و هەموو ئەو لایەن و دەزگایانەشی نیگەرانکرد کە بەگرنگیەوە چاودێری ئەو ئەزموونە دیموکراتیەیان دەکرد کە زۆرجار سەرکردایەتی سیاسی حیزبەکان بەیەکەمین ئەزموونی دیموکراتیان دادەنا لە ناوچەکەداو پێیان وابوو تیشکی ئەو دیموکراسیەتە ناوچەکانی تریش ڕۆشندەکاتەوە. بەلام بە پێچەوانەی هەموو ئەو گفت و بەڵێنانەی کە بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەوان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە بەکردەوە هەموو شێوە دەسەلاتەکانیان لە کوردستاندا گرتۆتەدەست، یەکێک لەنموونە هەرە ناشیرین و سەرنەکەوتووکانی دیموکراسیەتی وەهمیان خستە بەرچاوی دنیا چ لەرووی نوچدانی شێوەی دەسەلاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت لە ناوخۆداو چ لەسەر ئاستی پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هێزە دژ بەیەکەکان لە کوردستاندا، بەتایبەتی پاش تەقینەوەی شەڕی ناوخۆو تەنینەوەی لە هەموو کوردستانداو ئیفلیجبوونی تەواوی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و هەموو دەستگا مەدەنیەکان ئیتر بەتەواوی پەردەی لەسەر ئەو دیموکراسیەتە رووکەشە داماڵی کە هەردوو حیزبە سەرەکیەکە بەردەوام نوشووستی خۆیان لە ئاستی بەڕێوەبردنی کوردستانداو کێشەو بەربەرەکانێ ناوخۆییە ترسناکەکانی خۆیانیان پێدادەپۆشی. بۆیە ئێستا کە ئەو ئەزموونە دیموکراسییە لە کوردستاندا سەرنەکەوت و گەلی کوردیش لەبەردەم هەڵدێری هەرەسێکی مێژوویی تردایە، ئیتر دەنگی ڕەخنەو ناڕەزایش چیتر خۆی لە قەوارەی بێدەنگیدا کپناکات بەو بیانووە بێزراوەی کە حکومەتی هەرێم و ئەزموونەکەی ساوان.

«ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی» لە سێپتەمبەر/ ئەیلولی ١٩٩٥دا دەکومێنتێکی تایبەتی (١٧٨) لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئازادا چاپیکردووە، پاش سازدانی پێنج سەردانی تایبەتی بۆ کوردستان کە لەنێوان مایو/ ئایار ١٩٩٢ تا یۆلیۆ/ تموز ١٩٩٤ی خایاندووەو پاش چەندین لێکۆڵینەوەی وردو تایبەت و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراوان و کەسوکاری کوژراوان و گوێگرتن لە وتەیان و جگە لە کۆبوونەوەو گەڕان بەدوای ڕاستیدا لە لای حیزبە سیاسی و سەرکردەکانیان و فەرمانبەرو کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگاکانی دادوەری. پاشان بە نیگەرانیەوە وە ترسناکترین شێوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لە ناوچەکەدا دەکۆمێنت کردووە کە چ لەلایەن کارگێڕی کوردی و چ لەلایەن حیزبەکانەوە پیادەکراوە، بەتایبەتی پاش تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ، هەرچەندە دەسەڵاتدارێتی کوردی چ لە ڕێگەی دووانی ڕەسمی سەرکردە سیاسیەکان و چ لە ڕێگەی یاسای تایبەت کە پەرلەمان بڕیاری لەسەرداوە چەندین جار پابەندی خۆیان بۆ ڕێزگرتن لە بنچینەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو پەیمان و دەکۆمێنتە نێودەوڵەتییانە دەربڕیوە، بە تایبەتی «جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ»، کە ئەم بنچینانە هەموو دەستدرێژییەک بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ قەدەغەدەکەن بەتایبەتی ئەشکەنجەدان هەتا ئەگەر لە حاڵەتی ناکاویشدا بێت.

جێگەی داخە کە ڕووی ناشیرینی ئەزموونەکەمان بووە ژمارەو دەکومێنتێکی تایبەت لەنێو دەفتەرە ڕەشەکانی (ڕ.ل.ن)، بەڵام ئێمەش بەشاردنەوەی ڕاستییەکان لە خوێنەری کوردو تۆمارنەکردنی ئەو سلوکە جەنگەڵییانەی کە رابەرە کاریزمییەکانمان پیادەیانکردووە، لە مێژوویەکی ڕەشی خۆماندا، ئەوا زیاتر خۆمان بەوەهم و بیانووەکان دادەپۆشین. باڵێ گەڕێن ببێتە وانەیەکی شەرمەزاری بۆ ئەو نەوانەی تر کەئەگەر ئەزموونی باوکەکانیان دووبارەنەکەنەوە ئەوا بە نەفرەتەوە ئەم لاپەڕە ڕەشانە دەخوێننەوە.

(ڕ.ل.ن) بزوتنەوەیەکی خۆبەخشی جیهانییەو پەیوەندی بەهیچ حکومەتێکەوە نییەو لایەنگرو دژی هیچ بیروباوەڕێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و دینیی نییە، وە لایەنگر یاخود دژی هیچ حکومەتێک یان سیستەمێکی سیاسی نییەو، هەروەها لایەنگرو دژی بیروڕای ئەو قوربانیانەش نییە کە بەرگری لە مافیان دەکات، بەڵکە ڕێکخراوێکە تەنها مەبەستی بەرگریکردنە لە مافی مرۆڤ و بەو ئاراستەیە هەوڵئەدات بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە حکومەتەکان یان گروپەکان پیادەیدەکەن. وە تەوەرەی سەرەکی خەباتی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە ڕزگارکردنی زیندانیانی کە بەهۆی بیروباوەڕیانەوە گیراون، یاخود بەهۆی ڕەگەزو ڕەنگی پێست و زمانیانەوە بەنددەکرێن. هەروەها تێدەکۆشێت بۆ لابردنی سزای لە سێدارەدان و بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان و مامەڵەی ناشیرین دژی بەندکراوان، دادگاییکردنی عادیلانەی بەندکراوی سیاسی و دانانی سنوورێک بۆ لە سێدارەدان لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەرییەوە یان فڕاندن و شوێن بزرکردنی کەسان.

(ڕ.ل.ن) لەم دەکۆمێنتەدا بڕێکی زۆری ئەو حاڵەتانەی کە تیایاندا مافی مرۆڤ پێشێلکراوە چ لەسەر دەستی حکومەتی هەرێم و چ لەسەر دەستی حیزبەکان تۆمارکردووە، پاش کۆکردنەوەی بەڵگەو لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی شکاتنامەکە لەلایەن کەسانەوە پێیگەیشتووە، لەو نێوەشدا هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکان و چۆنیەتی و هۆی ڕودانیانەوە نییە، بەڵکو پێ لەسەر ئەم حاڵەتانە دادەگرێت کە دەبێت تیایاندا مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت چ لەئاشتی، چ لە شەڕدا.

دەکۆمێنتەکە گێڕانەوەیەکی مێژوویی ڕووداوەکانی پاش شەڕی دووەمی کەنداوی نووسیوە تا سەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شێوەی دەسەڵاتی کارگێڕی تیایداو چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساو سیستەمی دادوەری دادگاو بەندیخانەکان. پاشان لە دوو بەشدا شێوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارێتی کوردی یاخود لە لایەن حیزبەکانەوە بە تایبەتی پاش تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ دیاریکردووە پاش هێنانەوەی بەڵگەو وێنەو وەرگرتنی دانپیانان چ لە قوربانیەکان و چ لەو لایەنانەی مافەکانیان پێشێلکردووە.

## سیستەمێکی هەڵەو مافی مرۆڤ

دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەردوو حیزبەکەدا بەیەکسانی، ئیفلیجبوونی کارگێڕی بەدوای

خۆیدا ڕاکێشا کە ترسناکترین شێوەی لە سیستەمی دادوەریدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ئەو شێوە دابەشکردنە هەر لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانەوە کە دەبێت جێگرەکەی لە حیزبەکەی تربێت، وە بەهەمان شێوە سەرۆک وەزیران و وەزیرو هەموو لێپرسراوە کارگێڕیەکانی تر لە هەموو شوێنێکی دەسەڵاتدا بووە هۆی ئەوەی هەردوو حیزبەکە هەریەکە بەپێی ویستی خۆی بڕیاری حیزبەکەی تر پووچبکاتەوە، بە تایبەتی پاش سوربوونی هەردوو حیزبەکە لەسەر ئەوەی کە دەبێت لە هەموو دەزگایەکدا لێپرسراوو جێگرەکەی هەمان دەسەڵاتیان هەبێت. بەو شێوەیە دەزگای کارگێڕی بووە هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی ئارەزووەکانی ئەو دوو حیزبە. هەرچەندە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەسەرەتاوە بەڵێنی پیادەکردنی سیستەمی فرە حیزبیانداو هەندێ لە حیزبە بچوکەکانیش بەردووامبوون لە چالاکی و بەشداربوونیان لە حکومەتدا، بەڵام بەشێوەیەکی بەرجەستە ئەو بەڵێنە لە کردەی ڕۆژانەیاندا ڕەنگینەدایەوە، بەڵکو مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات لەلایەن ئەو دوو هێزەوە زیاتر کەشەی حیزبەکانی تری وەستان و لە قەوارەو سەنگی سیاسیانی کەمکردەوە جگە لەوەی بەردەوام گیرۆدەی چەوساندنەوەو تۆقاندن و هەڕەشەبوون لە ڕێی گرتن یاخود کوشتنی ئەندامانیانەوە لەسەر دەستی ئەندامانی دوو حیزبەکەی تر. لەلایەکی ترەوە نەبوونی ڕژێمی لێپرسینەوە زیاتر ئەو دوو حیزبەی بەرەو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیان ڕادەکێشاو ڕێگای بۆ ئەندامەکانیان خۆشدەکرد کە بەئاسانی مافی مرۆڤ پێشێلبکەن، چونکە دووربوون لە لێپرسینەوەو سزاوە، بەڵکو خەڵاتیش دەکران. هەردوو حیزبەکەش کارەکانی خۆیان بەناوی کارگێڕایەتی کوردیەوە ڕووپۆشدەکرد، لێرەوەش هیچ ڕێزێکیان بۆ سەربەستی دادوەری دانەدەناو بەردەوام دەستیان خستۆتە کاروباری دادوەرییەوەو بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دەستگیرکردنی هەندێ لە گومانلێکراواندا کە سەر بەخۆیان بوون. وە لەلایەن دادگاکانی لێکۆڵینەوەوە بڕیاری دەستگیرکردنیان دەردەکرا، یان زۆرجار ئەو گومانلێکراوانەیان لەناو بەندیخانەکاندا دەرهێناوە لەڕێی بەکارهێنانی هێز یاخود بە ڕێکەوتن و پیلان لەگەڵ لێپرسراواندا. ئەم کارانە تەواو کاری دادوەری و کارمەندانی دادگاکانی شاردۆتەوەو نەیهێشتووە بەڕێکی لێکۆڵینەوەکان ئەنجامبدەن؛ بەتایبەتی سەبارەت بە تاوانی کوشتن کە زۆر لە دادوەرەکان بەهۆیەوە تووشی هەڕەشەی کوشتن دەبوون. بۆیە دیاردەی دەربازبوون لە سزا سەرەکیترین کێشەی مافی مرۆڤە لە کوردستاندا. هەرچەندە چەندین بەڵگە لێپرسراوێتی هێزی حیزبەکان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا دەسەلمێنێ، بەڵام تائێستا کەسێک تەسلیمی دادوەری نەکراوە. لە یولیو/ تەموزی ١٩٩٤دا جەلال تالەبانی لە دوانێکدا بە (ڕ.ل.ن) ڕاگەیاند کە هێزەکانی (ی.ن.ک) هەندێک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی پیادەکردووە، بەڵام تائێستا هیچ کارێک بۆ بەدەستەوەدانی گومانلێکراوان بۆ بەردەستی دادوەری نەکراوە. هەروەها مسعود بارزانی چەند جارێک (ڕ.ل.ن)ی ئاگادار کردۆتەوە کە ئامادەیە هەر ئەندامێکی (پ.د.ک) بداتە دەست دادوەری ئەگەر بەڵگەیەک هەبێت سەبارەت بە پێشێلکردنی بۆ مافی مرۆڤ، سەرکردایەتی (ب.ئ.ک)یش دەڵێت کە هیچ تاوانێکیان دژی مافی مرۆڤ نەکردووە......! بەڵام ئەم دەکۆمێنتە بە بەڵگەوە دەریدەخات کە ئەو سێ لایەنە بەشێوەی زۆر ترسناک مافی مرۆڤیان پێشێلکردووە.

**پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەسەر دەستی دەسەڵاتدارێتی کوردی**

(ڕ.ل.ن) نیگەرانی خۆی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کارگێڕایەتی کوردیەوە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەردەبڕێت.
یەکەم: بەوەی ئەشکەنجەدانی زیندانی و خراپی هەڵسوکەوت بەرامبەریان بۆتە شێوازێکی ڕۆتینی و دەسەڵاتدارێتی کوردیش بەردەوام خۆی لە لێکۆڵینەوەی پاک و خێراو بەدەستەوەدانی تاوانباران و قەرەبوی قوربانیەکان دزیوەتەوە.
دووەم: سەپاندنی سزای لە سێدارەدان لە هەندێ دادگایکردندا کە زۆربەیان ناڕەوایەو زۆربەی قوربانیەکانیش لەسەر تاوانی ئاسایی گیراون و لە بندەستی پۆلیسدان، یان زیندانی سیاسی تاوانبارکراون بە تاوانی ئەمنی و زیاتر لە بندەستی «ئاسایش»دان. جگە لەوەی تێبینی دەکرێت کە زۆر لەوانەی بەهۆی چالاکی سیاسی یەوە گیراون کەمتر لەلای دەزگای پۆلیس و ئاسایش گلدەدرێنەوە، بەڵکو زیاتر حیزبە سیاسییەکان کاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنیان دەگرنە

ئەستۆ.

## ئەشکەنجەدانی زیندانی

(ر.ل.ن) لە ساڵی ١٩٩٢وە چەندین گازندەی پێ گەیشتووە سەبارەت ئەشکەنجەدانی گومانلێکراوان بەتاوانی ئاسایی یان ئەمنی لەسەر دەستی پیاوانی پۆلیس و ئاسایشدا، لەنێو ئەشکەنجەدراوەکاندا کەسانێک هەن بە تاوانی دزی و تاڵانی و کوشتن و تەزویر، یان تاوانی سێکس گیراون، جگە لەگەڵێک قوربانی بەتاوانی ئەمنی. شێوازەکانی ئەشکەنجەدانیش کە پیاوانی پۆلیس و ئاسایش بەکاریانهێناوە بریتییە لە لێدان بەمست و لەقەو قۆناغە تفەنگ و کێبڵ و سۆندەو بۆری ئاو لە هەموو جێگایەکی لەش، یاخود فەلاقەکردن و هەڵواسینی بەندکراو بە بنمیچ و دیوارەوە، داخکردنی پێست بەجگەرەو ئاسنی سورەوەکراو و کارەبالێدان، جگە لە ئەشکەنجەی دەروونی و تۆقاندن بە ئەشکەنجەی سێکس و یاخود لە سێدارەدان، لەنێو ئەو قوربانیانەشدا هەندێ جار ئافرەت و پیرو هەرزەکاریشی تێدابووە.

شایانی بیرخستنەوەیە کە ئەشکەنجەدان بەشێوەیەکی بنبڕ قەدەغەکراوە بە پێیی بەندەکانی یاسای نێو دەوڵەتی، وەکو مادەی (٧) لە «پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان) کە بەسەر هەموو ئەو لایەنانەدا دەسەپێت کە پیادەی دەسەلاتدارێتی حکومەت دەکەن. وە مادەی (٢) لە «رێکەوتنی دژ بە ئەشکەنجە» بە ڕاشکاوی دەڵێت (نابێت هیچ بیانوویەک بەهۆی بارودۆخی ناکاوەوە بۆ ئەشکەنجەدان بهێنرێتەوە، ئیتر ئەو بارودۆخە لە ساتەوەختی شەڕ یاخود بوونی هەڕەشەی شەڕ یان ناسەقامگیری باری سیاسی ناوخۆیی یان هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ناکاوی گشتیدا بێت). بەلام دەسەلاتدارێتی کوردی هەردەم خۆی بەدوو بیانوو بەراندۆتەوە؛ یەکەمیان لە ڕووی ئەو بارودۆخە تایبەتەی لە کوردستاندا باڵا دەستە بەتایبەتی لەڕووی کەمی یاخود نەبوونی توانای پێویست لەلای ئەو کارمەندانەی کە یاسا جێبەجێدەکەن لەوانەش نەبوونی دەزگای پێویست بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوان وەکو دەزگای شیکردنەوەی یەکە «عینات»ی خوێن و دەرخستنی جێپەنجەو نەبوونی بەڵگەی پشتگیرکراو لە لایەن پزیشکایەتی دادوەرییەوە، کە ئەمانە کارمەندی یاسا ناچاردەکات هەندێ جار پەنابەرێتە بەر توندوتیژی لەگەڵ گومانلێکراواندا بەتایبەتی لە تاوانی ئەنفەست و خۆ بۆئامادەکراودا. بیانووی دووەم بۆ پاکانەی ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیرین ئەوەیە کە ئەم شێوازە جۆرێکە لە میراتییەکانی ڕژێمی بەعسی حکومڕان، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی کاری جێبەجێکردنی یاسایان لە ئەستۆدایە هەر ئەوانن کە لەسەردەمی دەسەلاتی ڕژێمدا هەمان کاریان هەبووەو بۆیە لای ئەوان ئەشکەنجەدان و مامەڵەی ناشیرین بۆتە شێوازێکی ئاسایی و ڕەوا.

## بەندکراوان بەپێی یاسای گشتی

زۆربەی ئەو حاڵەتانەی ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپیان تیادا بەکارهێنراوە دژی کەسانێکە کە بەپێی یاسای گشتی گیراون (واتە بە تاوانی ئاسایی)، لە یەکەم ساتی دەستگیرکردنیشیاندا لە بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش خراونەتە ژێر ئەشکەنجەوەو ڕەوانەی لای پزیشکیش نەکراون بۆ چارەسەرکردنی ئەو برینانەی کە بەهۆی ئەشکەنجەوە تووشیانهاتووە. قوربانییەکانیش دوای بەرەلاکردنیان شکاتی ڕەسمیان نەکردووە ئەویش یاخود لەبەر ئاگادار نەبوونیان، کە ئەوە مافی خۆیانە، یاخود بەهۆی ترسیان لەوەی کە دووبارە تووشی ئەشکەنجەدان ببنەوە.

نموونەیەک:

لە ٢٩ ئۆگۆستۆس/ ئاب ی١٩٩٣ دوو بەندکراو کە بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە تووشی پێکانی سەخت بووبوون لە بنکەی پۆلیسی ئازادی/ هەولێرەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی ناکاوی هەولێر کران، ئەوانیش «محسن محمد ئیبراهیم ـ لەدایک بووی ١٩٦٨ـ کۆیە» ، «لوقمان عبدالحکیم ـ ١٩٧٣، کۆیە» کە بە تۆمەتی کوشتن گیرابوون، محسن پاش ٤ڕۆژ گیانی سپارد، وە لەراپۆرتی پزیشکی دادوەری دا هاتبوو کە هۆی مردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لە کارکەوتنی گورچیلەو پیسبوونی خوێن و هەوکردنی بۆری میز لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆ دەرەکیانەی لە ڕێگەی لێدانی توندەوە

تووشي بووه.

بەڵام بەندکراوی دووەم کە پاش ١٠ ڕۆژ مانەوەی لە ئەشکەنجەخانە بەرەڵڵا کرا، وا شێوازی ئەشکەنجەدانی دەگێڕێتەوە: (هەردوو دەستیان لە پشتەوە بەستم و هەڵیان واسیم، پاشان هەموو جلەکانیان لەبەرداکەندم تەنانەت ئەوەی ژێرەوەش، یەکێک لەوانە ئەندامی نێرینەمی بەلاستیکێک توند گرێدا کە هەستم بە ئازارێکی سەخت کرد، پاشان ناچاریکردم سێ دۆلکە ئاوی گەرم بخۆمەوە، داوای لە یەکێک لە پۆلیسەکان کرد کە بۆریەکی ئاوی بۆ بێنێ، پێی ووتم کە دان بە تاوانەکەدا بنێم، بەڵام من ووتم کە لەکاتی ڕوودانی تاوانەکەدا لە هەولێر بووم و شایەتیشم هەیە، بە توندی کەوتە لێدانی سکم، هەستمدەکرد پێویستە میز بکەم بەڵام نەمدەتوانی، پاشان فەرمانی بە پۆلیسێک کرد کە بە بۆریەکە لێمبدات، هەموو چارەکە سەعاتێک بەسەختی لێیانئەدام، تا دەوامی ئاسایی تەواو بوو، من گوێم لە دەنگ و هاواری محسن بوو کە لەژوورێکی تر ئەشکەنجەیانئەدا، پاشان لە هۆش خۆم چووم، ئیتر نەمزانی چۆن ئێمەیان هێناوەتە ئەخۆشخانە).

(ر.ل.ن) کە لەڕووداوەکەی پرسییەوە، هەرچەندە لێپرسراوان ڕایان گەیان کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە لە وەزیری داد و جێگری وەزارەتی ناوخۆ ڕاوێژکارێکی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆ، وە چوار پۆلیس (لە ئەسڵی شەش) لەوانەی ئەشکەنجەی دوو قوربانیەکەیان داوە دەستگیرکراون، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو چوار کەسە نەدراونەتە دادگایکردن و دووانەکەی تریش نەگیراون، چونکە لە ژێر باڵی یەکێ لە حیزبەکاندا بوون. بەوشێوەیەش دووسێکە پێچرایەوە.

**زیندانی سیاسی**

لە نێوان ئەوانەدا کە لەبنداستی ئاسایشدا بوون، کەسانێکن کە پەیوەندییان بە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە هەبووە، لەوانەش هەندێ ئەندامی «ڕەوتی کۆمۆنیست»، «پارتی کرێکارانی کوردستان»، «ڕێکخراوی تێکۆشین» یاخود هەندێ ڕێکخراوی تر وەکو «یەکێتی بێکارانی کوردستان» لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی کەم دەستگیرکراون و پاشان بەرەڵاکراون بێ ئەوەی تۆمەتێکی دیاریکراویان ئاراستەبکرێت یاخود بدرێنە دادگا، یان هەندێ جار تاوانی ئاساییان خستونەتەپاڵ، زۆربەی گیراوەکانیش دەڵێن کە لەکاتی زیندانبوونیاندا ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیرینیان لەگەڵدا بەکارهێنراوە، نموونەیەکی ئەو حاڵەتەش خۆپیشاندانەکەی هەولێر لە ٢٦ئۆگۆستۆس/ ئاب (١٩٩٢)ە.

لە ٢٦ی ئۆگۆستۆسدا پیاوانی ئاسایش لە شاری هەولێر ١٣ سیاسی دەگرن لە نێوان زیاتر لە ٢٠٠ پیاوو ژن و منداڵدا کە خۆپیشاندانێکی نارەزاییان سازدابوو دژی بۆردومانکردنی ناوچەی «شیرناخ» لە کوردستانی تورکیا لە لایەن حکومەتی تورکیاوە، لەو خۆپیشاندانەدا نوێنەری «تێکۆشین» «پارتی ئازادی کوردستان»، «ڕەوتی کۆمۆنیست» بەشداربوون، یەکێک لە گیراوەکان وا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: (ئێمە ڕێکەوتبووین کە خۆپیشاندانەکەمان هێمنانەبێت، وە دروشمەکانمان بەناوی گەلەوە بوو نەک وەک حیزبی سیاسی. لە بازاڕی «شێخ الله»وە ڕۆیشتین، بەڵام هێزەکانی ئاسایش کە جۆرەها چەکی قورسیان پێبوو ئەو ناوەیان ئابڵۆقەدا، پاشان گوێمان لەچەند تەقەیەک بوو دوو کەسیان دەستگیرکرد بەو بیانووەی کە چەکدارن و سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن، هەندێکمان هەوڵماندا بۆ بەرەڵاکردنیان، بەڵام داواکەیان ڕەتکردینەوەو لە بەرچاوی ئێمە کەوتنە لێدانیان تا خوێن بەسەرو چاویاندا هاتەخوارێ، خۆپیشاندەران بەرەو بەڕێوبەرێتی ئاسایش کەوتنەڕێ و وەفدێک لە ئێمە چووە ناو بارەگای ئاسایشەوە بەمەبەستی داوای بەرەڵڵا کردنی دوو کەسەکە، بەڵام داواکەیان ڕەتکردینەوە)، پاشان «ڕەئوف کامیل عەقراوی» کە یەکێک بوو لە ئەندامانی وەفدەکەو لێپرسراوی ڕێکخراوی «تێکۆشین» بوو، تەواوی ڕووداوەکانی بەو شێوەیە بۆ (ر.ل.ن) گێڕایەوە: (پێیان ووتین ئەگەر بڵاوەیلێنەکەین، ئەوا دەستدەکەن بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، ئێمەش چووینە دەرێ و داوامان لە خەڵکەکە کرد کە دۆخەکە ترسناکەو دەبێ بڵاوەیلێبکەن. لەوکاتەدا خەریک بوو بڕۆم، یەکێک لە ئاسایشەوە ملی گرتم لە هەمان کاتدا گەمارۆی خۆپیشاندەرانیانداو کەوتنە دەستڕێژکردن لەو خەڵکەی کە هەموویان بێچەک بوون).

یەکێکی تر لە بەشداران ووتی: ( ئێمە تەنها دروشممان دژی حکومەتی تورکیاو عێراق بەرزکردبووەوە نەوەک دژی حکومەتی کوردی، وە لەڕاستیدا هەمووومان خەریک بوو بڵاوەی لێبکەین، بەڵام پیاوانی ئاسایش کەوتنە گرتنی هەندێک، پاسەوانەکان لە سەریانەوە دەستڕێژیان لە ئافرەتێک کرد کە ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی ئازادی کوردستان بوو، یەکسەر کوشتیان، کچێکی بچکۆلەش پێکراو کەوت، جگە لە پێکرانی چەند کەسێکی تر). لە نێو ئەوانەدا دوو ئەندامی ئاسایش کوژران کە دواتر دەسەڵاتداران وایان ڕاگەیاند کە ئەو دوو کەسە بەچەکی ئەو ئافرەتە کوژران کە لە خۆپیشاندانەکەدا کوژرا. گیراوەکان (٩) پیاو و (٤) ئافرەت بوون هەمووشیان تاوانی کوشتن بەمەبەستیان خرایەپاڵ.

لە دیسەمبەر/ کانونی یەکەمی ١٩٩٢ (ڕ.ل.ن) چاوی بە پێنج لەو گیراوانە کەوت، «ڕەئوف کامیل» ووتی: (بەرەو ناو بینایەی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشیان پەلکێشکردین، یەکسەر کەوتنە لێدانمان بە قۆناغە تفەنگ و کێبڵ و دەست و پێ، پێش ئەوەی فرێمبدەنە زیندانەوە قۆناغە تفەنگێک بەسەختی چاوی پێکام و چاویلکەکەم شکا، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام لەکاتی لێپرسینەوەدا ئەشکەنجەئەدراین). ئافرەتێکیش کە لەگەڵ مێردەکەیدا دەستگیرکرابوو دەڵێت: (دەستیان لە پشتەوە بەستم و بە دیوارێکدا هەڵیانواسیم، بۆ ماوەی سەعات و نیوێک بە سۆندە کەوتنە لێدانم. سێ جار لە هۆش خۆم چووم و هەموو جارێک ئاویان پێدادەکردم تا ووریاببمەوە، پاشان بە جگەر قاچیان سووتاندم «لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا هێشتا شوێنەواری سووتانی جگەرە بە قاچییەوە بوو»، هەموو ئەو کاتانەش چاوەکانم بەسترابوونەوە، پاشان هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسیان لێکردم لە بەرچاوی مێردەکەم).

هەموو بەندکراوەکانیش لە ساتی گرتنیانەوە ڕێگەی پەیوەندیکردنیان بە کەسوکاریانەوە لێقەدەغەکراو ڕەوانەی دادگاش نەکران و نەشیان هێشت پەنا بەرنە بەر پارێزەر، تا لە٢٩ی نۆڤەمبەری/ تشرینی دووەمی ١٩٩٢ مانیان لە خواردن گرت و داوایەکیان نارد بۆ وەزارەتی ناوخۆ تا ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە بکرێن. بەڵام پاش سێ مانگ لە گرتنیان «ڕەئوف کامیل» ووتی: (دادوەری لێکۆڵینەوە پێ ی ڕاگەیاندین کە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بڕیارێکی سیاسیان داوە بۆ بەرەڵا کردنتان).

بەڕای دەسەڵاتدارانی سیاسی هێشتا یاسا تایبەتەکان بە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لە قۆناغەکانی سەرەتاییدایە، بەڵام ئەو دوو حیزبە لە کۆبوونەوەی خۆیاندا بڕیاریان داوە هەندێ پەیرەوی تایبەت دابنێن بۆ پارێزگاریکردن لە مافی بەندکراوو قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیرین و سزادانی ئەو کارمەندەی بەو کارە هەڵدەستێ، وە ووتیان کە هەندێ لەوانە، یان بەنددەکرێن، یاخود لەسەر کار لادەبرێن، یان پلەیان دادەبەزێنرێ، بەڵام هێشتا ناتوانن ئەو کارانە جێبەجێبکەن ئەگەر شکاتی ڕەسمی نەبێت لە دژیان لە لایەن بەندکراوێکەوە کە تووشی ئەشکەنجە هاتووە لە کاتی لێپرسینەوەدا، بەڵام ئەمەش کێشەیەکی ترە کە زۆرجار ئەشکەنجە دراو لە ترسی تۆڵە لێسەندنەوە واز لە مافی خۆی دەهێنێت، چونکە بەرپرسیارانی ئەو کارە لە بنەڕەتدا سەر بەیەکێک لە حیزبەکانن کە لەدەرەوەی حکومەتدا بەندیخانەی تایبەتی خۆیان هەیە.

## پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەسەر دەستی حیزبە سیاسییەکان

(ڕ.ل.ن) ژمارەیەکی زۆر لە پێشێلکردنی سەختی مافی مرۆڤی لە کوردستاندا تۆمارکردووە کە لەساڵی ١٩٩١وە هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان پیادەیانکردووە، لەوانەش دەستگیرکردنی کەسان بە تۆمەتی بیروباوەڕی دژ بەوان یان ئەشکەنجەدان و تاوانی ئەنقەست کە زۆرجار دیلی شەڕو خۆپیشاندەران و نەیارانی سیاسیشی گرتۆتەوە. بەڵام ئەم کارانە زیاتر پاش تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ لە کۆتایی یەکانی ١٩٩٣ لە نێوان (پ.د.ک) و (ح.س.د.ک) و (ی.ن.ک) و (ب.ئ.ک). پاشان فراوانبوونی قەوارەی شەڕەکە لە سەرەتای مایو/ ئایار ١٩٩٤وە لە نێوان هەردوو حیزبە سەرەکییەکەدا بە شێوەیەکی بەربڵاوو نائینسانیانە تەشەنەی سەند. لەپاڵ (پ.ئ.ک)دا هەردوو حیزبە سەرەکییەکە کە بەشێوەیەکی بەرجەستە دەسەڵاتیان بەسەر دوو ناوچەی کوردستاندا (سۆران + بادینان) بڵاوکردۆتەوە بەرپرسیارن لە هەموو ئەو تاوان و پێشێلکردنانەی کە دژ بەیەک و بە کەسانی بێتاوان دەکرێن، ئەویش لە ڕێگەی سێ دەزگای سەرەکیانەوە.

١-هێزی پێشمەرگەی هەردوولا، کە بەرووکەشی لەناو وەزارەتی پێشمەرگایەتیدا ڕێکخرابوون، بەڵام لە ڕاستیدا هێزی ئەو دوو حیزبە لەیەک جیاوازن و هەریەکەیان پێکهاتەو فەرماندەی تایبەتی خۆی هەیە. سەرباری پێشمەرگە کۆنەکان ژمارەیەکی زۆریان لەو چەکدارە کۆنانە لە خۆگرتووە کە پێشتر لە پاڵ هێزەکانی ڕژێمی عێراقدا بوون و بە «جاش» دەناسران (لە دۆکۆمێنتەکەدا وا نووسراوە).

٢-لیوای تایبەت: لە ١٩٩٢ لیوایەکی تایبەت بۆ هەریەکە لەو دوو حیزبە دامەزرێنرا بە مەبەستی پاراستنی دوو سەرکردەکە (مەسعود بارزانی، جلال طالەبانی) وە بەرووکەشی لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگایەتیدا بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی هەردوو سەرکردەکەدا بوون و لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆش ژمارەی ئەم لیوا تایبەتیانە زۆرکرا، ئەم هێزانەش بە ئاشکرا گەلێک تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان لە کاتی شەڕەکانی ناوخۆ یاخود لە کاتی ئاسایشدا پیادەکردووە.

٣-دەزگاکانی ئاسایشی هەردوو حیزبەکە، کە لەلای (پ.د.ک) بە (دەزگای پاراستن) یان (ڕێکخستنی تایبەت) ناسراوەو ساڵی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٦٨، بەڵام لای (ی.ن.ک) بە (دەزگای زانیاری) ناسراوە، ووە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دووبارە دروستکرایەوە. ئەم دوو دەزگایەش ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی لێپرسراوی باڵای هەردوو حیزبەکەدان «لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی»، ئیشیان کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بەکرێگیراوو جاسوسانی سەر بە ڕژێم جگە لە چاودێریکردنی چالاکی و جوڵانەوەی حیزبەکانی ترو دواکەوتن و چاودێری ئەندامانیان و ڕاپەڕاندنی تیرۆرکردنی کەسان و شوێنبزرکردنیان. هەروەها ئەم دوو دەزگایە سەرپەرشتی زیندانیە نهێنییەکانی حیزبەکانیان دەکەن.

**بەندیخانەو ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیرین**

لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هەندێ لە بەندیخانەکان لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بەڕێوەدەبران، لەوانەش بەندیخانەکانی خەلیفان، هەولێر، شەقڵاوە، هەرچەندە دوای کەوتنەکاری حکومەتی هەرێم حیزبە سیاسی و سەرکردەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هیچ بەندیخانەو بنکەیەکی نهێنی یان لە ژێر دەستدانییەو هەموو گیراوەکانیشیان تەسلیم حکومەتی هەرێم کردووە. بەڵام بەڵگەکان پێچەوانەی ئەوە ڕادەگەیەنن کە هەریەکە لەو حیزبانە هێشتا دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەندێ بنکەو بەندیخانەی تایبەتدا هێشتۆتەوە لەوانەش (پ.د.ک) سەرپەرشتی هەندێ بەندیخانە لە دهۆک، ناحیەی قدیش، زاوێتە، صلاحەدین، شەقڵاوە دەکات، وە (ی.ن.ک)بەندکراوەکان لە قەڵاچوالان، بەکرەجۆ، تانجەرۆ توند دەکاو تائێستاش ئەو دوو حیزبە ئەم شوێنانە بەکاردێنن. هەروەها (پ.ن.ک) چەند بەندیخانەیەکی شەقڵاوە، هەولێر چوارقوڕنە، دیاناو پێنجوێن لە ژێر دەستدابووە. بەڵام حیزبە بچوکەکان کە توانای بەڕێوەبردنی بەندیخانەی تایبەتیان نییە، زیاتر بارەگاکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، وەکو بارەگای (ح.س.د.ک) بەسەرکردایەتی «محمد حاجی محمود» لە ئاڵپاریزو پێنجوێن، بارەگای حیزبی شیوعی لە شەقڵاوە، بارەگای حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕەواندز کە پاشان گوازرایەوە بۆ بارەگای هەولێر، وە بارەگای بزوتنەوەی (دیموکراسی ئاشوری) لە مێرگەسور.

(ڕ.ل.ن) پاش لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەندکراواندا کە هەندێکیان پاشان بەرەڵڵا کراون بۆی ڕوونبۆتەوە کە زۆربەی ئەو کەسانە بەبێ لێپرسینەوەو دادگایکردن لەو شوێنانەدا توندکراون و جۆرەها شێوەی ناشایستەی ئەشکەنجەیان لەگەڵدا بەکارهێنراوە، جگە لە خراپی باری تەندروستی ئەو شوێنانەو قەدەغەکردنی خواردن لێیان بۆ چەندین ڕۆژ. جێگەی داخە کە هەرچەندە سەرکردە سیاسیەکان بەڵێنی داخستنی ئەم زیندانە نهێنیانەیان داوە، بەڵام تائێستا بۆ ئەشکەنجەدان و گرتن و شوێنبزرکردنی نەیارانی خۆیان بەکاریدەهێنن. (ڕ.ل.ن) چەندین حاڵەتی تۆمارکردووەو بەڵگەی خستۆتە بەردەم سەرکردایەتی حیزبەکان، بەڵام ئەوان وەڵامی ڕوون و باوەڕهێنیان نەداونەتەوە.

بۆ نموونە، لە تازەترین ڕووداودا، یەکێک لە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە٥ مایو/ئایاری ١٩٩٤ لە لایەن هێزەکانی (پ.د.ک) لە صلاحەدین دەستگیر دەکرێ، لە چەند شوێنێکی جیاوازدا

بەندەکرێ کە شوێنیان بزرە، پاشان لەگەڵ چەند گیراوێکی تردا فرێدەدرێتە یەکێک لە زیندانەکانی نزیک بارەگای مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)، (ڕ.ل.ن) توانی لە ٢٥ی یولیو/تەموز ١٩٩٤ چاوی پێبکەوێت، دەرکەوت کە لەلایەن دەزگای (پاراستن)ەوە دەسگیرکراوەو ووتی (لەیەکەم ڕۆژی گیرانمدا بە قۆناغە تفەنگ و سۆندەو نیتاق ئەشکەنجە دراوم پاشان بلۆکێکی گەورەیان کێشا بە گەردنمدا، وە ڕایگەیاند کە لەشوێنێکی نهێنیدا شاردرابوەوە جگە لە بەندیەوان و ئەوانەی لێیان دەپرسیەوە کەسی تری نەدەبینی). لێپرسراوێکی پاراستنی (پ.د.ک) بە (ڕ.ل.ن) ووت کە ئەو بەندکراوە سەر بەگروپێکی تیرۆرکردنە کە لێپرسراوێکی گەورەی (ی.ن.ک) سەرپەرشتیدەکات و دەستی هەیە لە تیرۆرکردنی چەند ئەندامێکی (پ.د.ک)دا. بەڵام بەندکراوەکە ئەو تۆمەتانەی بە توندی ڕەتکردەوە. هەروەها تازەترین ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە (ی.ن.ک) زیندانی قەلاچوالان و بەکرمجۆی بەکارهێناوە بۆ گلدانەوەی پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) و (ب.ئ.ک) کە لەشەڕەکانی ناوخۆدا دیلدەکران، لەوانەش دیلێکی بزوتنەوەی ئیسلامی ووتی: (کە بۆ ماوەی دوو مانگ لە قەلاچوالان بەندکراوە، مانگێکی ڕەبەق ڕووناکی نەبینیوە، وە لەهەمان شوێندا ٣٠ گیراوی تر هەبوو کە زۆرجار پاسەوانەکان دەهاتن و چەند کەسێکیان دەبردە دەرێ، بەڵام هەندێکیان نەدەگەڕانەوە، بەردەوامیش بە لێدان بە کێبڵ و قۆناغە تفەنگ و هەڕەشەکردن بەمەرگ ئەشکەنجەیان داون). (ب.ئ.ک) ڕایگەیاندووە کە لەدوای دیسەمبەر/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤وە ئیتر هیچ کەسێکی بەندنەکردووەو هیچ زیندانێکیشی نییە، بەڵام (ڕ.ل.ن) گوماندەکاو چەند حاڵەتیی تۆمارکردووە کە (ب.ئ.ک) چەندین کەسی دەستگیرکردووەو هەندێکیان تا ئێستا هەر شوێنبزرن، کە پێشتر هەندێکیان ئەندامی بزوتنەوە بوون، بەڵام دەستیان کێشاوەتەوە، جگە لەوەی (ب.ئ.ک) بارەگاکانی خۆی وەکو زیندانی بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە هاووڵاتیەکی کاسبکار لە٢٠ی مارسی ١٩٩٣ لە هەولێر دەستگیرکراوەو بێ دادگایی بۆ ماوەی ٩مانگ فرێدەدرێتە ژێرزەمینێکەوەو جۆرەها شێوەی ئەشکەنجە وەکو شەللاقەو هەڵواسین و سووتاندنی لەش دەچێژێت، تا لە دیسەمبەر/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٣دا پاش گرتنی بارەگای (ب.ئ.ک) بەرەڵلادەکرێت.

## تیرۆرکردن لە خۆپیشاندانی هاووڵاتیاندا

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، (ڕ.ل.ن) سێ ڕووداوی گرنگی تۆمارکردووە کە دەیسەلمێنن چەندین هاووڵاتی بێلایەن لەکاتی خۆپیشاندانەدا لە لایەن ئەو حیزبانەوە کوژراون یان بریندارکراون یان دەستگیرکراون.

* پێکدادانی هێزەکانی (پ.د.ک) و (ح.س.د.ک) لە دیسەمبەر/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ دۆخێکی ترس و نائارامی لە کوردستاندا خوڵقاند کە بووە هۆی کوژران و بریندابوونی چەندەها هاووڵاتی بێتاوان، لە ١٣ دیسەمبەردا چەند کەسێک لە دانیشتوانی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆ نارەزاییدەربڕین دژی ئەو شەڕەو تێکدانی ئاسایشی شارەکە، بەڵام هێزەکانی (پ.د.ک) چەکیان بەکارهێنا بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و چەند دەستڕێژێکیانکرد کە بووە هۆی کوژرانی ٤کەس و بریندابوونی ٦٠کەسی تر. (ڕ.ل.ن) لە٢٢ی دیسەمبەردا نامەیەکی ئاراستەی مسعود بەرزانی کرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوە، کە لەڕۆژی دواتردا بە نامەیەک وەڵامی ڕێکخراوەکەی دایەوە ڕایگەیاند کە سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر ڕووداوەکە شێوێنراوەو دوورە لە ڕاستییەوە، تیایدا لەلایەکەوە هێزەکانی (ح.س.د.ک) تاوانبارەدەکات بەوەی کە بەچەکی هاوەن شارەکەیان بۆردوومانکردووە، لەلایەکی ترەوە (ی.ن.ک) بەمەبەستی هەندێ دەسکەوتی حیزبی خۆی خەڵکی هانداوە بۆ خۆپیشاندان لە دژی (پ.د.ک) وە ئەوانە وویستبویان دەستدرێژبکەنە سەر موڵک وماڵی بارەگای لقی٤ی (پ.د.ک) و پاشان کۆمەڵێ گەنجی هەڵەشە هێرشیانکردبووە سەر دوو لێپرسراوی (پ.د.ک) کە ئەوان نوێنەری حکومەتی هەرێم بوون و بۆ هێمنکردنەوەی وەزعەکە ڕۆیشتبوون، بۆیە پاسەوانە تایبەتیەکانیان چەند تەقەیەکیان بە ئاسماندا کردووەو لەو بارە ناڵۆزەدا سێ کەس بریندار بوون.. بەڵام کە (ڕ.ل.ن) لە چەند لایەکی ترەوە لە ڕووداوەکەی کۆڵییەوە بۆی دەرکەوت کە نادروستییەک هەیە لە گێڕانەوەکەدا، بەڵام هەرچۆنێ بێت ڕوون بووەوە کە خۆپیشاندەران چەکدارنەبوون.

* لە١٣ی مایو/ جۆزەردانی ١٩٩٤دا چەند هەزارکەسێک لە خەڵکی سلێمانی بەشداری بەڕێکردنی تەرمی (عوسمان قادر منەوەر) یان کرد کە سەرکردەیەکی (پ.د.ک)ـەو لە پێکدادانی ناوخۆدا کوژرا. بەڵام پێش تەواوبوونی مەراسیمی بەڕێکردنەکە دەستڕێژ دەستی پێکردو بووە هۆی کوشتن و برینداربوونی دەیان کەس، کە (ی.ن.ک) ١٤کوژراوو ٤٦بریندارى رەگەیاند، بەڵام (پ.د.ک) ڕایگەیاند کە ٥١کەس کوژراون. (ڕ.ل.ن) لە یولیۆ/ تموزی ١٩٩٤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٢٩ پیاوو ژندا سازکرد کە لەو مەراسیمەدا بەشداربووبوون و هەندێکیان بریندار کرابوون، یاخود لە گواستنەوەی کوژراوو بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە بەشداربووبوون. ئەوان ڕایانگەیاند کە تەقەکردن لە ڕێ پێوانەکە لە فولکەی «کاوە»ی نزیک بارەگای پێشووی لقی چواری (پ.د.ک) دەستیپێکردو سەرچاوەی تەقەکان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) وە بوو کە لەسەر سەربانی بارەگاکە خۆیان سازدابوو، پاشان پێشمەرگەکانی لیوای تایبەت کە بەناو شاردا بڵاوبووبوونەوە کەوتنە تەقەکردن لە خەڵک کە بووە هۆی پێکانی هەندێک لەوانەی بریندارەکانیان هەڵگرتبوو. هەروەها (ڕ.ل.ن) هەندێ هەواڵی پێگەیشت کە گوایە هەندێک لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی ناکاوی سلێمانی کە لایەنگری (ی.ن.ک) بوون نەهاتن بەدەنگ چارەسەری بریندارەکانەوە بۆیە ئەوەش بووە هۆی مردنی هەندێکیان، بەڵام هێشتا تەواو لەو تۆمەتانەی نەکۆڵیوەتەوە.

لێپرسراوانی (ی.ن.ک) ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە کە هێزەکانی (ی.ن.ک) بە ئەنقەست لە خەڵک کردبێت، وە وتیان کە ڕێپێوانەکە هێمنانە نەبوو بەڵکو بەشداران دروشمی دوژمنانەیان دژی (ی.ن.ک) دەووتەوە، وە هەندێ لەوان نارنجۆک و تفەنگیان لە ژێر جلەکانیاندا شاردبۆوە مەبەستیان ئەوەبوو کە دەسەڵات بگرنەوە بەسەر بارەگای لقی چواردا، بۆیە هێزەکانی (ی.ن.ک) لە حاڵەتی بەرگریکردن لە خۆدابوون. لە لایەکی ترەوە (ڕ.ل.ن) بۆی دەرکەوت کە هێزەکانی (ی.ن.ک) پاشان دەکەونە دەستگیرکردنی دەیان کەس و دەرهێنانیان لە ماڵەکانیاندا پاش ئەوەی لە ڕێگەی وێنەی فۆتۆگرافی خۆپیشاندانەکەوە دەناسرێنەوە کە لە ڕۆژنامەکانی (پ.د.ک)دا بڵاو کرابوونەوە. ئەو کەسانەش بۆ ماوەیەکی کەم گیراون و پاشان بەرەڵاکراون، جگە لەوەی دەیان کەسی تر (ڕ.ل.ن) یان ئاگادارکردەوە کە لەترسی ڕاوەدوونان و تۆقاندن ماڵەکانی خۆیان جێهێشتووە.

* لە١ی سپتەمبەر/ ئەیلوولی ١٩٩٤دا (فیدرالیەتی کرێکارانی کوردستان) خۆپیشاندانێکی لە سلێمانی سازدا کە چەند سەد کەسێک بەشداریان تێداکرد دژی بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانی بە لابردنی ئەو داڵدە کاتیانەی بە شێوەیەکی نایاسایی لە شارەکەدا بنیاتنرابوون کە زۆربەی ئاوارە کەرکوکیەکانی تێدا نیشتەجێ بووبوون. خۆپیشاندەران لە بەردەم بینای پارێزگادا کۆبوونەوەو داوای لە کارخستنی ئەو بڕیارەیان دەکرد. دوو کەس لە بەشداربووان گێڕایانەوە کە هێزەکانی (ی.ن.ک) کەوتنە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران کەبووە هۆی کوژرانی (بەکر عەلی) نوێنەری (یەکێتی بێکارانی کوردستان)، وە وتیان کە چەند کەسێکی سەر بە لیوای تایبەت دوای ناوبراو کەوتن لە کاتێکدا بریندارکرابوو چەند تەقەیەکی تریان لێکرد تاکوشتیان، بەڵام نوێنەرێکی (ی.ن.ک) ڕایگەیاند کە ئەو کەسە بەهۆی شەڕێکەوە لە دەرەوەی بینای پارێزگاوە کوژراوەو هێزەکانی (ی.ن.ک) بە ئەنقەست تەقەیان لە کەس نەکردووە.

### ڕووداوی کوشتن

لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتی کوردیەوە تا ئێستا دەیان کەس تیرۆر کراون، ئەوانەش سیاسەت مەدارو پیاوانی یاساو دینی و خەڵکانی ترن کەهەرچەندە زۆربەی حاڵەتەکان خراونەتە پاڵ بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراق و ئێرانی و حیزبەکان ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام گەلێک بەڵگە وادەگەیەنن کە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) چەندین کاری کوشتنی کەسانیان ئەنجامداوە، جگە لەوەی پێشتر (ڕ.ل.ن) هەندێ زانیاری بەدەست گەیشت سەبارەت بە کوژرانی چەندین ئافرەت بەتۆمەتی ئەوەی کە پێشتر پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ پیاوانی ڕژێمدا هەبووە.. لەو نموونانەش کە بەئاشکرا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەگرێتەوەو حیزبەکان تیایدا بەرپرسیارن:

* مصطفی علی برزنجي: لە پیاوانی ئایینی سوننە مەزهەبەو لەسەرەتای ١٩٩٢ کتێبێکی بە

ناونیشانی (کلمات الله) بلاوکردەوە، تیایدا ڕایگەیاندبوو کە ئەو (مهدی المنتظر)ـەو کتێبەکەی بریتی یە لەو ئایەتانەی کە لەسروشتی خودایییەوە بۆی هاتووە. لە ١٣ی سبتەمبەر/ ئەیلول ١٩٩٢دا لاشەکەی لە نزیک نەخۆشخانەی لە دایکبوون لە هەولێر دۆزرایەوە کە پارچە پارچە کرابوو. دواتر بڕیاری گرتنی سێ گومانلێکراوی سەربە (ب.ئـ.ک)درا کە یەکێکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ب.ئـ.ک) بوو، بەلام هیچ یەکێ لەو سێ کەسە نەگیران.

* ڕەئوف کامیل عەقراوی: لە دایکبووی ١٩٥٢ـ ئاکرێ، لێپرسراوی ڕێکخراوی «تێکۆشین» بوو، لە کۆتایی ١٩٩٢ پاش خۆپیشاندانەکەی هەولێر بۆ ماوەی پێنج مانگ بەنددەکرێت، پاش بەرەڵلاکردنی ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی (ڕێگەی ڕەنجدەران). لە٢٥ی مایو/ئازار ١٩٩٣ لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ مالەوە لە دهۆک، چەند چەکدارێک دایانە بەر دەستڕێژو کوشتیان. شایانی باسە کە لەپێش کوشتنیدا ووتارێکی لە ڕۆژنامەکەیدا بلاوکردبووەوەو تیایدا ڕەخنەی لە سیاسەتی نیوە بە نیوەی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) گرتبوو.

* تحسین علی نایف: لەدایکبووی ١٩٥٦ ـ دهۆک، دادوەری لێکۆڵینەوە بوو لە زاخۆ، بڕیاری بەندکردنی چەند کەسێکی دەرکردبوو کە دەستیان لە بازرگانی هێرۆییندا هەبوو لە ناوچەی بادینان، هەروەها ملی نەدابوو بۆ هەڕەشەو داواکردنی بەرەڵلاکردنیان. لە ڕۆژی ١٧ی یولیۆ/تموز ١٩٩٣ لە مالەکەی خۆیداو بەبەرچاوی ژن و منالەکانیەوە چەند چەکدارێک کوشتیان. پاشان ئەندامێکی (ی.ن.ک) بە گومانی جێبەجێکردنی ئەو تاوانە دەستگیرکرا، بەلام دواتر بەرەڵلاکرا.

* قیس محمد ئەحمد (ڕێناس): لەدایکبووی ١٩٥٩، لە سیاسەتمەدارە ناسراوەکان بوو. ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پاشان نوێنەری حیزبەکەی بوو لە بادینان. لە ٢٩ یولیۆ/حوزەیرانی ١٩٩٣ لە بارەگای حیزبەکەیدا کوژرا کە خێزانەکەشی ئامادەبوو، ئەویش بەدەستی چەند کەسێکی سەر بە (پ.د.ک) کە لەهەمان کاتدا دەیانی تریان گەمارۆی بارەگاکەیان دابوو، هەرچەندە تاوانبارەکان دەناسران، بەلام پاش هەوڵێکی زۆر دووانیان دەستگیرکراو پاشان سێ هەمیان پاش سالێک لە ڕووداوەکە بەدەستەوە نەدراو گوازرانەوە بۆ بەندیخانەی (محطە) لە هەولێر. بەلام پێش ئەوەی دۆسیەی ڕووداوەکە بخرێتەبەردەست دادگا چەند کەسێک بەناوی پۆلیسەوە یەکێ لە تاوانبارەکانیان لە بەندیخانە دەرهێنا بەو بیانووەی کە لەپۆلیسی صلاحەدین داواکراوە. بەلام ئەو کارە بێ ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە ئەنجامدرابوو، پاشان مسعود بەرزانی بە (ڕ.ل.ن)ی ووت کە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نییەو بڕیاری لێکۆڵینەوەی لێدەدات، بەلام تاساتی دەرچوونی دەکۆمێنتەکە هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەو بارەیەوە نەکرا.

* مەلا عبدالرحمن قادر یونس: لەدایکبووی ١٩٣٣ ـ هەولێر، سەرۆکی (یەکێتی زانایانی ئایین) بوو، بەوە ناسرابوو کە لەخوتبەکانی ڕۆژی هەینی دا ڕەخنەی لە هەندێ تەفسیری (ب.ئـ.ک) بۆ ئاینی ئیسلام دەگرت، وە دژی بەکارهێنانی دین بوو بۆ مەبەستی سیاسی. لە پێنجی ئۆگۆستی/ ئاب ١٩٩٣ لەکاتی هاتنەدەرەوەی لە بینای یەکێتی زانایانی ئاین دوو چەکدار کە ئۆتۆمبیلێکی تەکسیان پێدەبێت، بە چەکێک کە ئامێری کپکردنی دەنگی پێوەبوو دەیکوژن.

* نذیر محمد علی (ئارام): لەدایکبووی ١٩٦٤ـ دهۆک، ئەندامێکی سەرکردایەتی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و پاشان (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بوو. بەشداری لەدەرکردنی ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)دا دەکرد، جگە لەوەی نوێنەرێکی یەکێتی بێکارانی کوردستان بوو. لە ٢٨ی ئۆگستۆس/ئاب ١٩٩٣ مالەوەی بەجێهێشتبوو لە «سمێل» تا پەیوەندی بەهەندێ هاورێیەوە بکات، بەلام نەگەڕایەوە، دوای سێ ڕۆژ لاشەکەیان بە سوتێنراوی لە قەراخ شاردا دۆزیەوە فیشەکێک سەری پێکابوو. خێزانەکەی (پ.د.ک)و بەتایبەتی پیاوانی ئاسایشیان تاوانبارکرد بەتایبەتی پێشتر دوو جار بانگیانکردبوو وە هەڕەشەیان لێکردبوو کە واز لە چالاکی سیاسی بێنێ.

* عەلی عبدالله بۆسکانی: لەدایکبووی ١٩٣٣ـ سلێمانی، یەکێک بوو لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی، پێشتر بۆ چەند سالێک ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بوو، بەلام دەستی کێشابۆوە، لە ٢٩ی ئۆگۆستۆس/ئاب ١٩٩٣ چەند چەکدارێک لە یەکێ لە شەقامەکاندا تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن، هیچ کەسێکیش بەدەست تێوەردان لەو تاوانە دەستگیرنەکرا.

لە ڕاستیدا لەسەر ئاستێکی فراوان وا بلاوە کە ئەو تاوانی کوشتنی ئەنقەستی و ناڕەوایانە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی و سەرکردەی هەردوو حیزبەکە نەکراوە، چونکە ئەوان بەرپرسیاری یەکەمی چالاکی دەزگا ئەمنیەکانیانن، (ڕ.ل.ن) لە سەرچاوەی جیاوازەوە ناوی چەند کەسێکی

بەدەستگەیشتووە کە لە گروپی تیرۆرکردنی سەربە هەردوو حیزبەکەدا کاردەکەن، وە هەندێ لەو سەرچاوانە لە هەردوو حیزبەکە خۆیەوە وەرگیراون کە لەکاتی گرتنی بارەگاکانی یەکتریدا لە شەڕی ناوخۆدا گوایە بەردەستیان کەوتووە. ئەو زانیاریانەش دوورنین لەوانەی دی کە (ڕ.ل.ن) لە گەڵێ سەرچاوەی ترەوە بەدەستیگەیشتوون. لە ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ (ڕ.ل.ن) چاوپێکەوتنی لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی دادو وەزارەتی ناوخۆ سازدا بۆ دەستکەوتنی زانیاری سەبارەت بەو کوشتارانەو ئەو کارانەی پێیهەڵساون بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی کوشتن. ئەوان دووپاتیان کردەوە کە دەست کراوە بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی سلێمانی و هەولێر. پاشان (ڕ.ل.ن) چاوی بە کەس و کاری هەندێ لە کوژراوان کەوت کە ڕایانگەیاند ڕاستە بانگکراون بۆ پرسینی دادیان، بەلام نیگەرانبوون لەوەی کە گومانلێکراوەکان بانگ نەکراون بۆ لێپرسینەوە، هەروەها گومانیان هەبوو کە لێکۆڵینەوە کەڵکی هەبێت، چونکە پێیان وایە تاوانبارەکان هەرگیز نادرێنە دادگا، چونکە پاڵپشتی حیزبایەتیان هەیە.

لە ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ (ڕ.ل.ن)هەندێ لە حاڵەتەکانی کوشتنی لەگەڵ مسعود بەرزانی و جلال طالەبانی باسکرد، پاشان لە فیبرایر/شوباتی ١٩٩٤ هەندێکی تری خستە بەردەم شێخ عوسمان عبدالعزیز و سەرکردەکانی (ب.ئـ.ک). مەسعود بەرزانی ڕایگەیاند کە (پ.د.ک) دژی تیرۆری سیاسییەو داوای کردووە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوشتن پێکبهێنرێت، وە لەکاتی دەرکەوتنی پەیوندییەکی لە ئەندامانی (پ.د.ک) بەیەکێ لەو ڕووداوانەوە ئەوا یەکسەر دەدرێتە دادگا، بارزانی دانی بەوەدانا کە هەندێ تیرۆر بەهۆی پاڵنەری سیاسییەوە ڕووی داوە، بەلام زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕق و دوژمنایەتی تایبەتی، وە ووتی کەئەو هەردەم ئامۆژگاری کەسوکاری کوژراوانی کردووە کە داوای یاسایی دژی هەر لێپرسراوێکی (پ.د.ک) تۆماربکەن ئەگەر بەڵگەیان هەبوو بۆ تاوان دانە پاڵی. بەلام (ڕ.ل.ن) گومانی خۆی دەربڕی بەرامبەر توانای ئەو خێزانانە بۆ شکاتکردن، ئەویش لەبەر ناکاریگەری لێکۆڵینەوە ڕەسمییەکان، وە لەلایەکی ترەوە تیرۆر وایکردووە کە کەس و کاری کوژراوان بترسن لەوەی تووشی هەمان چارەنووس ببن لەکاتی شکاتکردندا، جگە لەوەی زۆرجار پیاوانی دادگاش لەترسی پاراستنی گیانی خۆیان ناوێرن هیچ بڕیارێکی کاریگەر بدەن.

هەروەها (ڕ.ل.ن) لە ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ نیگەرانی خۆی سەبارەت بە تیرۆر لای جەلال تاڵەبانی دەربڕی و بۆ نموونەش ڕووداوی کوشتنی (عزیز خۆشناو) و (علی بۆسکانی) لەگەڵدا باسکرد. ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمیداو ڕایگەیاند کە (ی.ن.ک) لێکۆڵینەوەیەکی ناوخۆیی لەو بارەیەوە سازداوە. بەلام پاشتر (ی.ن.ک) تاوانەکەی خستەپاڵ (ب.ئـ.ک) بەوەی دەکۆمێنتێکی بزوتنەوەی بلاوکردەوە کە تیایدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە چەند جارێک هەوڵی کوشتنی علی بۆسکانیان داوە. بزوتنەوەش تۆمەتەکەی ڕەتکردەوە.

شێخ عسمان عبدالعزیزیش (ڕ.ل.ن) ئاگادار کردەوە کە تیرۆر کارێکی دژ بە ئیسلامەو بزوتنەوە پێیهەڵناسێ، وە سەبارەت بە کوشتنی مصطفی بەرزنجی ووتی ئەو پیاوە کابرایەکی شێت بوو، وە کتێبەکەی دەچێتە خانەی (کفر)ەوە لەگەڵ ئەوەشدا دانی ئەنا بەوەدا کە بزوتنەوە بەرپرسیاربێت لەو کارە.

## شەڕی ناوخۆو ترسناکترین شێوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

لەدوای پێکدادانی سەرتاسەری هێزەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ هێزەکانی (پ.د.ک) و (ب.ئـ.ک) کوردستان بەدۆخێکی نائارام و ترسناکدا تێئەپەڕێت، بەتایبەتی لایەنە بەشدارەکانی شەڕ جۆرەها چەکی قورسیان لە شارە پڕ لە دانیشتووەکاندا بەکارهێناوە کە بۆتە هۆی کوشتنی هاوولاتییەکی زۆر جگە لە چەکدارانی لایەنەکان. وە ژمارەی کوژراوان لە نێوان ٦٠٠-٢٠٠٠ کەس مەزەنە دەکرێت، سەرباری ناچاربوونی سەدان هاوولاتی بە بەجێهێشتنی ماڵ و ساوایان و ئاوارەبوونی چەندین کەس و وێرانبوونی دەیان خانوو بینای گشتی. ئەوەی مایەی نیگەرانیە لایەنە شەڕکەرەکان لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەربلاو ناشیرینترین شێوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان پیادەکردووە چ لە ساتی پێکدادان و چ لە ساتەکانی دواتردا، لەو کارانەش کوشتنی دەیان دیل

پاش خۆتەسلیمکردنیان، یان ڕەشبگیری هاوولاتی بەبێ بەشداربوونیان لە شەڕدا یان بەهۆی پەیوەندی سیاسیانەوە، یان ڕاوەدوونانیان و دەرکردنیان لە مالی خۆیان، دەسگیرو زیندانیکردنیان لە چەندین بنکەو بەندیخانەی نەزانراودا جگە لە ئەشکەنجەدانیان بە شێوەیەکی نارەواو دلڕەقانە.

لە یەکی یونیۆ/حوزەیران (ڕ.ل.ن) بانگەشەی هەموو سەرکردە سیاسییەکانی کرد کە دەست لە کوشتنی ئەنقەست و شێواندنی لاشەو ئەشکەنجەدانی گیراوان و شوێن بزرکردن و فڕاندنی هاوولاتی مەدەنی بەهۆی لایەنگری سیاسیانەوە هەلگرن. ئەمە لەکاتێکدا کە (ڕ.ل.ن) ناوی ٥١ ئەندامی (پ.د.ک)ی پێگەیشتبوو کە گوایە لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ـەوە کوژراون و پاش بە دیلگرتنیان لە هەشت ناوچەی جیاوازداو لە ماوەی ٢-٢٣ی مایو/ئایار ١٩٩٤دا هەروەها ناوی ٤٩ ئەندامی (ی.ن.ک)ی پێگەیشتبوو کە بەهەمان شێوە لە لایەن (پ.د.ک)ـەوە کوژراون و (ب.ئ.ک)یش لەو کوشتارانەدا هاوکاربووە.

(ڕ.ل.ن) لە یولیۆ/تەموزی ١٩٩٤دا سەردانێکی سێ هەفتەیی کوردستانی کرد بۆ پشکنینی حالەتەکان، لە ڕاستی دا ژمارەی ئەو پێشێلکردنانە ئەوەندە زۆربوون کە لەتوانادا نەبوو هەمووی بەدرێژی لە دەکۆمێنتەکەدا تۆماربکرێت. بۆیە زیاتر پێی لە سەر ئەو حالەتانە داگرتووە کە مایەی ترس و نیگەرانین وەکو ئەشکەنجەدانی زیندانی و مامەلەکردنی خراپ و کوشتنی جەنگاوەر (محارب) پاش دیلکردنی بە پێچەوانەی یاساوە، لەو حالەتانەشدا (ڕ.ل.ن) پشتی بە بەلگەی پزیشکی دادوەری بەستووە کە قوربانیەکانیان بینیوە، یان دیراسەی وێنەی فۆتۆگرافیان کردووە کە دەستکەوتوون، لەو ڕووداوانەش هەندێ نموونە دێنینەوە.

* گوایە هێزێکی (ی.ن.ک) لە ٢٨ی دیسەمبەر/کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا (١٨) پێشمەرگەی (ب.ئ.ک) لە ناوچەی کفری دەکوژن، پاش بە دیلکردنیان، ئەوانەش لە پاش دەستبەسەراگرتنی بێتواتە، بارەگای سەرکردایەتی بزوتنەوە، هەلاتبوون. وادەلێن کە هێزەکانی (ی.ن.ک) بەدوویان دەکەون تا ناچاریاندەکەن خۆ بەدەستەوەبدەن، بەلام لە ڕۆژی دواتردا دانیشتوانی ناوچەکە لاشەکانیان لە دەرەوە دۆزییەوە، (ی.ن.ک) ڕایگەیاند کە ئەوانە لە شەڕدا کوژراون، بەلام ئەوانەی تەرمەکانیان دیبوو پێیان وابوو کە لەنزیکەوە تەقەیانلێکراوە، وێنەی لاشەکانیش زیاتر ئەوەی دەسەلماند، پاشانیش لە ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەریدا هاتووە کە شێوەی لاشەکان وادەگەیەنن لە مەودایەکی نزیکەوە تەقەیانلێکراوە، بەتایبەتی یەکێک لە حالەتەکان مێشکی کوژراوەکە هەلتەکی بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو چەکەی پێی کوژراوە زۆر لە نزیک سەریەوە بووە بۆیە پالەپەستۆی گازی فیشەکەکە هەموو شانەکانی هەلتەکاندووە.

* لە ڕووداوێکی تردا لە بێتواتە، گوایە (ی.ن.ک) لە ٢٧ دیسەمبەر/کانونی یەکەم ١٩٩٣ (٩) ئەندامی (ب.ئ.ک) بە دیل دەگرێ پاش ئەوەی دەکەونە بۆسەیەکەوە، یەکێ لە دەربازبووەکان وا ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە (بردیانین بۆ «ناوی شوێنەکە لە دەکۆمێنتەکەدا نەنووسراوە»، فەرمانی دا «ناوی کەسەکە ناهێنێت» کە دەست و قاچمان ببەستنەوە، پاشان ووتی ئێمە لە شەڕی چوارقورنەدا بەشداربوون بۆیە دەتان کوژین. پاشان بە پێشمەرگەکانی ووت کە دوورکەونەوەو تەنها بیست کەسیانی هێشتەوە، ئینجا ئێمەیان بردە شوێنێکی دوور لە ڕێگای گشتییەوە، لەپڕ هەموویان کەوتنە دەستڕێژ کردن لێمان. هەموومان کەوتین، ئەوان وایان زانی کە هەموومان مردووین بۆیە بەجێیانهێشتین، من دەمزانی پێکراوم، بەلام نەمردبووم].

* (ب.ئ.ک) بەدەوری خۆی هەلساوە بە ئەنجامدانی چەندین کوشتاری ئەنقەست لەناو کەسانی سەربە (ی.ن.ک)دا . بۆ نموونە ئەندامێکی (ی.ن.ک) کە لە١٩ی دیسەمبەر/کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا لەلایەن (ب.ئ.ک) دەستگیردەکرێ لە ناوچەی کفری، پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە شەقامێکدا دەدۆزرێتەوە کە بەتەواوی شێوێنرابوو لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا، وە لە پەڕۆیەکیانەوە پێچابوو کە لەسەری نووسرابوو [لا إله إلا ألله].

هەروەها هەندێ لەوانەی کە ئاگاداری پێکدادانەکەی نێوان (ی.ن.ک) و (ب.ئ.ک) بوون لە ڕانیە لە ١٩ی دیسەمبەر/کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا ئەو ڕاستییەیان دووپاتکردەوە کە (٥) پێشمەرگەی

(ی.ن.ک) که لەپلەیەکی فەرماندارییدا بوون لە دەرەوەی پێکدادانی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنەوە بە ناڕەوا ئەکوژرێن. هەروەها (٦) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کە لەناحیەی خورماڵ دەکەونە بەردەستی هێزەکانی بزوتنەوەوە و یەکێکیان بریندار دەبێ، لە ڕۆژی ٢٥یان٢٦ی دیسەمبەر /کانونی یەکەم ١٩٩٣دا هەموویان دەکوژرێن و بە شێوەیەک لاشەکانیان دەشێوێنن کە ناسینەوەیان ئاسان نەبووە.

* (ڕ.ل.ن) پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان کەسی چەکدارو هاوولاتی و لایەنگر، لێکۆڵینەوە لە کەڵیانداو ڕایانگەیاند کە تووشی جۆرەها شێوەی ئەشکەنجەو مامەڵەی ناشیرین هاتوون لەکاتی گرتنیاندا لە لایەن (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (ب.ئ.ک)وە. (ڕ.ل.ن) چەندین بەڵگەی بەهێزی بەدەستکەوتووە جگە لە وێنەی فۆتۆگرافی و ڕاپۆرتی پزیشکی شەرعی پشتگیری ئەو قسانەی کردووە.

**بە خستنەڕووی هەندێک لەو نموونانە، ئەم لاپەڕە ڕەشانەش کۆتاییدێت:**

(ئا) لەدایکبووی ١٩٥١ـ ئاکرێ، لە ٢٨ی یونیو/حوزەیران ١٩٩٤ لەلایەن (ی.ن.ک)وە لە هەولێر دەسگیردەکرێ، دەڵێت: (کاتێ پێم ووتن بۆکوێم ئەبەن، وەلامیان نەدامەوەو بە قۆناغە تفەنگ کەوتنە لێدانم، پاشان دەستوچاویان بەستمەوەو سواری لاندکرۆزێکیان کرم، پرسیاری کوژرانی یەکێک لە ئەندامەکانی (ی.ن.ک) یان لێکردم منش پێم ووتن کە ئاگادارنیم و من وازیشم لە (پ.د.ک) هێناوە. بەلام ووتیان باوەڕت پێناکەین تا جنێو بە مسعود بەرزانی نەدەیت. ئینجا بردیانم بۆ شوێنێکی تر کە نەمزانی کوێیە، پاش ئەوەی کە جنێوم بە پارتی نەدا، یەکێکیان داوای سۆندەی کرد وامزانی لێم ئەدا، بەلام بەهۆی سۆندەکەوە قاچمی بە ئۆتۆمبیلەکەوە بەستەوەو کەوتە ڕۆیشتن و بەدوای خۆیدا ڕایکێشام، هاواریانئەکرد جنێوبدە. پاشان یەکێکیان بەتوندی لەقەیەکی کێشا بە پشتی سەرمدا کە خوێن لە گوێچکەو لوتمەوە فیچقەیکرد).

(ب) لەدایکبووی ١٩٦٠، لە ٢٦ی یولیو/تەموزی ١٩٩٤دا لە عەینکاوە دەسگیردەکرێ و پاشان پەلکێشیدەکەن بۆ ناو ماڵێک، دەڵێت: (دەستیکرد بە لێدانم و ئەوانی تریش بە قۆناغە تفەنگ تێمکەوتن. بە دیوارەکەدا وێنەیەکی (شەهید ئارام) و (عەلی عەسکەری) هەڵواسرابوو، ئەو کەسەی پرسیاری لێدەکردم داوای سۆندەیەکی کرد، بەردەوام لەمنی ئەداو عارەقیشی دەخواردەوە، پاش هەموو پێکێک ئەکەوتەوە گیانی من، وابزانم بوتڵ و نیوێکی خواردەوە، تا بەرە بەیان لەمنیدا، من ئەمزانی کە دراوسێکان گوێیان لە هاوارمە، بەلام کەسیان نەهاتنە دەرەوە).

* لە ٢ی مایو/ئایار ١٩٩٤ پاش گرتنی لقی ١١ (پ.د.ک) لەلایەن (ی.ن.ک) لە نێو ئەوانەدا کە دەستگیرکران لێپرسراوی لق و پێشمەرگەیەکی تر کە هەردووکیان بە بەرچاوی خەڵکییەوە کوژران. قوتابیەکی (١٨) ساڵ ئاوا ڕووداوەکەی بۆ (ڕ.ل.ن) گێڕایەوە: (لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا لقیان گرت بێ ئەوەی بەرگریبکەن. پاشان گیراوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە دەرێ هەر لەبەردەم بارەگاکەدا پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) [خەڵکی ڕانیەیە] بە بەرچاوی خەڵکەکەوە یەکێکیانی کوشت کە جلێکی زەردی لەبەردابوو. پاشان لێپرسراوەکەی لقیان برد بۆ ماڵی لێپرسراوی مەڵبەندی (ی.ن.ک) لە دوای پێنج دەقیقە هێنایانە دەرێ و، بردیانە پشت ماڵەکەوەو بە پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەورەدرابوو کە بەقۆناغە تفەنگ لێیان ئەدا ئەوەندەیان لێ داو فڕێیاندایە زەلکاوێکی پیسەوە. ئەویش هاواری دەکرد «مەمکوژن ـ چیتان ئەوێ» پاشان دەستڕێژیان لێکردو کوشتیان، ترس هەموو خەڵکەکەی داگرتبوو، هەندێک دەستیان کرد بە گریان، تەنانەت ئەو کاتە لایەنگرانی (ی.ن.ک)یش دژی ئەو کارە بوون).

(ج) لەدایکبووی ١٩٧١، هونەرمەندی تەشکیلی. لە ڕۆژی ١٣ی یونیو/حوزەیرانی ١٩٩٤ لە هۆڵی میدیا لە هەولێر چەند پێشمەرگەیەکی (پ.د.ک) دەسگیری دەکەن. دەڵێت: (چووم بۆ هۆڵی میدیا بۆ هەندێ کاری تایبەت، بەلام کەسی لێنەبوو، تەنها هێزێکی (پ.د.ک) نەبێت، لە سەرەتادا داوای شوناسەکەمیان کرد منیش دامنێ و ڕێگەیان دا بڕۆم، بەلام بانگیان کردنەوەو لەشیان پشکنیم تا شوناسی ئەندامێتی مەڵبەندی (ی.ن.ک) یان لە گیرفانمدا دۆزیەوە. ئیتر کەوتنە لێدانم

بە هەرشتێک کە لەبەردەستیاندا بوو، وەکو شیش و چەکەکانیان، تەنها لەبەر ئەوەی شوناسێکی (ی.ن.ک)م پێ بوو. پاشان بردیانم بۆ بارەگای لقی ٢ی (پ.د.ک) ئینجا بۆ زیندانێکی نزیک لە زانکۆی صەلاحەدین.

* لە٤ی مایو/ئایار پاش پێکدادانێک کۆمەڵێ پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لەلایەن (پ.د.ک) و (ب.ئ.ک) بەدیل دەگیرێن. هەندێکیان دەست (پ.د.ک)و ئەوانی تریش دەست (ب.ئ.ک) دەکەون.
(س) لەگەڵ ئەو دیلانەدا بوو کە بەردەستی (ب.ئ.ک) کەوتن و پاشان لە گۆڕینەوەی دیلدا بەرەڵڵا کراوە، دەڵێت: (پاش چوار سەعات شەڕ، ئێمە ٢٥کەس بووین خۆماندا بەدەست بزووتنەوەوە، لە سەرەتاوە وتیان هیچتان لێناکەین، بەڵام یەکێ لە هاوڕێکانمان کە خۆی لە ناو رووباری (زەڵێ)دا شاردبۆوەو هاتەدەرێ و هەردوو دەستی بە نیشانەی تەسلیمبوون بەرزکردەوە، کەچی یەکسەر لەوێدا کوشتیان. پاشان ئێمەیان برد بۆ دێی (یەڵان تەپە) لە ڕێگا یەکێک لە هاوڕێکانمان بریندار بوو لەتاو ئازار هاواری ئەکرد، کوشتیان، پاشان لەوێ کە لە ئەشکەوتێکدا بۆ ماوەی ٤٤رۆژ بەندیان کردین. لە دەرۆژی یەکەمدا بەردەوام دەستوچاومان بەسترابوو، وە لەو ماوەیەدا سێ دیلی تریان کوشت). یەکێکی تر لە دیلەکان وتی: (سەعات دووی دووا نیوەشەو بوو کە ناوی سێ دیلەکەیان بانگ کردو بردنیاننە دەرەوەی ئەشکەوتەکە. ئیتر نەگەڕانەوە، بەڵام دواتر لاشەکانیان لە شوێنێکی نزیک (یەڵان تەپە) دۆزرانەوە.
* یەکێ لەو دیلانەی کەوتە بەردەستی (پ.د.ک) دەڵێت: (پاش تەواوبوونی فیشەکەکانمان خۆمان تەسلیمکرد، کە هاتن بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین مامەڵەیان لەگەڵکردین، لەبەر چاوی خۆمان سێ دیلیان لێکوشتین. ئەوانیش برایەکی من (٢٤ساڵ) وە کوڕی خاڵەکەم (٢٥ساڵ)، لەگەڵ خزمێکمدا کە هەرسێکیان بێچەک بوون.

تێبینی: ئێمە هۆشیارین بەوەی کە ئەم ڕاپۆرتە لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە و چیدی بۆ دۆخی هەنووکە نووسینێکی نوێ نیە، بەڵام لەبەر گرنگی ڕاپۆرتەکە، وەکو دۆکومێنتێک کە بۆ یەکەمین جارە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییەوە لەسەر بریندارکردنی مافی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتداریتی کورددا دەنووسرێت و، لەبەر نەبوونی ئەو دەقەش بە زمانی کوردی، بە پێویستمانزانی لەم ژمارەیەدا، ئەم ئامادەکردنە بڵاوبکەینەوە. (دەستەی نووسەران)

### فەرهەنگی ناوە کورتکراوەکان

*(پ.د.ک) پارتی دیموکراتی کوردستان.
*(ی.ن.ک) یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
*(ب.ئ.ک) بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق.
*(ح.س.د.ک) حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان.
*(ڕ.ل.ن) ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.

# The English summary of main articles in this issue

Nationalism/Kurdism
Towards a new paradigm
by Faruq Hamakarim

In this research, Faruq's question is not what is nationalism, but rather, what kind of paradigm nationalism is? In order to get a satisfactory answer, the author looks at the notion of paradigm in Thomas Khun's philosophy of science, and applies it to the area of political philosophy. In addition, this research is an attempt to locate the discourse of nationalism on the map of other political and philosophical discourses. Furthermore, it aims to relate this discourse to the issue of macro-micro politics through such concepts as power, power relation, metanaratives, strategic philosophy and practical philosophy. He thinks that nationalism, by focusing on some universal notions and aims, neglects local power relations, as well as individuals: for instance Kurdish nationalism.

The Problems of Power
Punishment, Discipline, and Charisma
by Marywan Kanie

The substitution of the executioner by the psychologist is a process which expresses a transformation of power from punishment to discipline, or from traditional society to modern society. Michel Foucault, in some of his outstanding works, shows us the archeology of this transformation without engaging himself in any chimera of humanism. And Pierre Bourdieu takes a step further by demonstrating that performance of modern power has been transposed from acting on body to acting on habitus. However, in those societies which are split between traditionalism and modernism, power acts on body and habitus at the same time. In such societies, power acts on the body to a point of agitation, and on habitus to a point of neuroticazation of individuals and groups. In such environment, human being are troubled by two forms of power. For instance, in the Kurdish society the issue of nationalism makes the domination of the avant-garde party and the power of the leaders limitless. And this creates a situation in which power becomes the amalgamation of punishment, control and charisma.

Civil war in Kurdistan: the death of concepts
a reading of a particular political tragedy as a metaphor for other tragedies
by Barzan Faraj

This research is a thoughtful and political reading of the civil war in Kurdistan, and an attempt to analyse thoughtfully the tragedy which is happening in Kurdistan right now. However, at the same time, it is an empirical and comparative research, accomplished by viewing Kurdish civil war as a natural result of any third world or oriental society which originally lacks any

structure for estabilishing civil society, and practising of political notions and norms which are by products of Western societies. From here, this research connects Kurdish failure in laying down the structure of a state and instituting a democratic power system to other oriental experiences. Also the author puts finger on parcticular factors in Kurdish civil war which are specific to the Kurdish failure.

(Meta-figur) and (Black power)
an attempt to draw a scenario for a tableau
by Shamal Omar

Shamal, in this article, tries to draw a scenario that explicates the meaning of a tableau. He deconstructs all aspects of the tableau's body, its figures and its coloures. In this tableau the silence is seen as an object, coloured body or as a subject. He takes the tableau's being and nothingness as a subject matter for his investigation. Additionally, the erotic significance and the power of colour in the tableau's structure are secrets to be interpreted by the author. Shamal, in order to exercise his method of interpretation, chooses Daro's tableau which is called "the dead fisherman"

Max Weber and recovering of (lost paradise)
by Bachtyar A. Mohamed

When Adam is being thrown out of paradise, the only capital he is bringing with himself is knowledge. But, to settle down on earth, knowledge is not enough, labout is also necessary and important. From this point of view, the labour is religiously significant. Obviously, it was on this basis that Calvin and puritans viewed the labour. As well, Max Weber connects the ratonality of capitalism to the religious signifcance of labour. Nevertheless, he thinks that in another stage of its development, capitalism no longer needs such religious vindication. The question of this article, which is about Max Weber, is the same Weberian question: am I one of the elect or the damned? The author thinks that the relation between religion an capital goes through the same channel even today, and it is the same process which one can find beyond religion's philosophy of labour. Interestingly enough, regarding other religious roots of capitalism, Weber is silent. For Bachtyar, this is an attemp by Weber to cover up the irrational norms and concepts of a system which is seen by Weber as an embodiment of rationality.

# RAHAND

Theory Culture Analysis

**Rahand is published by the Center of Rahand for Kurdisk Study**

Administrator: Hiwa Kader

Editing Staff:
Aras Fattah, Bachtyar Ali, Barzan Faraj,
Faruq Hama Karim,Halkawt Abdulah,
Marywan Kanie,Rebwar Siwayli, Reben Hardi.

Rahand is published quarterly.
Price, SK 70, in the case of a special issue a 50% surcharge will be added.

**Address**

RAHAND
C/0 Aras Walli
Idholms vägen 7
127 47 Skärholmen
Stockholm.

Postgiro: 4112322-5

Theory Culture Analysis

1997/2

# Rahand

Theme: The Kurdish Civil War
(Part 11)